پ.د. محسن محمد حسين

هەولێر لەسەردەمی ئەتابەگیاندا

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

عثمان علي قادر
کردویە بە کوردی

التفسير

بسم الله الرحمن الرحيم

هەولێر

لە سەردەمی

ئەتابەگیاندا

هەولێر

لە سەردەمی ئەتابەگیاندا

لێکۆڵینەوەی بارودۆخی سیاسیی و ئابووریی و
لەشکریی و ئیداریی و کلتووریی هەولێری
ئەو سەردەمەیە
٥٢٢ - ٦٣٠هـ/ ١١٢٨ - ١٢٣٣ز

پ. د. موحسین موحەممەد حوسێن

چاپی دووەم
بە کوردی

عثمان علی قادر کردوویە بە کوردی

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

ناوی کتێب:	هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگیاندا
ناوی نووسەر:	پ. د. موحسین موحەممەد حوسێن
ناوی وەرگێڕ	عثمان علی قادر
چاپ و بڵاوکردنەوەی:	نوسینگەی تەفسیر/ هەولێر
تیپ چنین:	عبدالحمید عزیز ـ ظاهر عمر
دیزاین :	نووسینگەی هیوا
خـەت :	نەوزاد کۆیی
نۆرە و ساڵی چاپ:	دووەم ١٤٣٤ك — ٢٠١٣ز
تـــیراژ:	١٥٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٧٧٨) سالی ٢٠١٣ ی دراوەتێ

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
Mob:00964 750 460 51 22
Tel: 0964 750 25 18 138
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com

دەبێ بەیفێکی ڕێز و سوپاسنامە، پێش هەموو شتێك، بۆ ئەو زاتانە تۆمار بکەم کە لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، باری گرانیان لەسەر شانم سووك کردو، یارییان دام، بەر لە هەمووشیان، مامۆستای پایە بەرز (پرۆفیسۆر دکتۆر جعفر حسین خصباك)ە، کە لە ماوەی نووسینی ئەم کتێبە دا تێبینی و ڕێنماییگەلێکی ورد و بەسوودی پێم بەخشی و، فێری وره و سەبر و بەدواداچوونی کردم. سوپاسی (پرۆفیسۆر دکتۆر (صالح أحمد العلی)یش دەکەم کە ئەویش، چ پێش گفتوگۆکان و چ لە دەم و کاتی گفتوگۆکاندا، بەگیانێکی زانستانە و دڵسۆزانە، ڕێنماییگەلێکی ڕاست و ڕەوان وبەنرخی خستە پێشم و دەرگای کتێبخانەکەی خۆی بۆم خستە سەر پشت و، سوودم لێ وەرگرت.

سوپاسی (پرۆفیسۆر دکتۆر فیصل السامر) سەرۆکی پێشووی بەشی مێژووی، جاران، لە کۆلێجی ئاداب زانکۆی بەغدا، دەکەم بۆ ئەو ڕێنماییە بەنرخانەی کە لە سەرەتای بریاردانی دانانی ئەم کتێبەدا پێی دام و، هەر ئەویش بە گەنکردنی (اختیار) ئەم بابەتەی لەلام شیرینتر کرد.

هەروەها، سوپاسی بەڕێز مامۆستا (عثمان عەلی قادر)یش دەکەم کە بە ئەمانەتی زانستییەوە کتێبەکەی کرد بە کوردی.

دانەر

ئاسۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە و نمایشی سەرچاوە بنەڕەتەکانی

ئاسۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە

ئەم لێکۆڵینەوەیە، باسی ماوەی زێتر لە سەد ساڵ دەگرێتەوە کە لە ساڵی (٥٢٢ك/ ١١٢٨ز) تا ساڵی (٦٣٠ك/ ١٢٣٣ز) درێژەی هەیە. پاش ئەوەی بنەماڵەی (بەگتگین) لە موسڵ جیا بوونەوە، ئیدی بە درێژایی ئەو ماوەیە میرایەتیی هەولێریان گرتە دەست و، ئەمارەتێکی سەربەخۆیان تێدا پێکەوە نا، ناونرا ئەمارەتی ئەتابەگیان.

ئەگەر ئەو ماوەیە، چ لەڕووی مێژووی ئەمارەتی هەولێرەوە - کە پێشتر ژیانێکی خەملیوی هاوشێوەی ژیانی ئەو ماوەیەی بەخۆیەوە نەدیبوو - چ لەڕووی مێژووی ناوچەکەوە و، چ لەڕووی گشت مێژووی ئیسلامیشەوە، لە سەرلەبەری قۆناغەکانی مێژووی ئیسلام گرنگتر و پڕ بایەختریش نەبووبێت، بەڵام زێدەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین ئەو ماوەیە بەقۆناغێکی زۆر گرنگی مێژووی ئیسلام لە قەڵەم دەدرێت. ئەم ناوچەیە، لەو ماوەیەدا، بە ڕووداو گەلی گەورە گەورە شەپۆلی دەدا و، لە گۆڕانکارییەکی نائاسایی خێرداری پڕ بایەخی سیاسی و ئابووری و لەشکرسازی و ئیداری و داراییدا دەژیا.

لەو ماوەیەدا، هێز و توانستی خەلافەتیش، کەموزۆر بووژایەوە، خەلیفە (الناصرلدین الله)، کە ماوەیەکی زۆر، لەساڵی (٥٧٥ك/ ١١٧٩ز) تا ساڵی (٦٢٢ك/ ١٢٢٥ز) حوکمی دەکرد، توانیی بە بزاڤ و چالاکیی سەربازیی خۆی، بەرگی سام و مەترسی بە باڵای دەزگای خەلافەتدا ببڕێتەوە. ئەوەبوو خواریزمەکانی بۆ کۆمەکی خۆی هوروژاندو، پاشانیش لە ساڵی (٥٩٠ك/ ١١٩٣ز)دا بەسەر سەلجووقییەکانی عێراقدا

دەستبالای کردن. هەروەها، سەرەتای سیستەمی ئەتابەگایەتی، لەو ماوەیەدا سەری هەڵدا و، ئیمپراتۆرییەتی سەلجووقیانی دابڕ دابڕ کرد و، حوکمی بڕێ لە بنەماڵەکانی تورکی بەسەر وێرانەکانیانەوە دامەزراند کە خۆیشیان هەر بریتی بوون لە گەورە بەرپرسانی تەلاری سەلجووقیان، ڕاستیشت دەوێ، ئەم ئەتابەگانەش لەرووی شێوازی حوکم و پێڕۆی کارەوە، بریتی بوون تەنیا لە درێژە پێدانی حوکمی سەلجووقی و، لەو نەختە گۆڕینە بەولاوە، کە بۆ هەلومەرجی ئەم قۆناغە نوێیەی ژیانیان پێویست بوو، دەنا هیچی دیکەیان لێ نەگۆڕی، سەرباری ئەوەش، ئەم ماوەیە، لەگەڵ چەرخ و زەمانی سەرەتای قۆناغی ڕابوونی ئیسلامیی دژی خاچدروشمان یەکیگرتەوە، ئەو قۆناغە بوو کە ئەتابەگ (عماد الدین زنگی)ی کوڕی (آق سنقر قسیم الدولة) دامەزرێنەری ئەتابەگایەتیی موسڵ (٥٢١ - ٥٤١ك/ ١١٢٧ - ١١٤٦ز) گەلاڵەی کرد و، لە حوکمی (نورالدین محمود کوڕی عماد الدین زنگی) دامەزرێنەری ئەتابەگایەتیی حەڵەبدا (٥٤١ - ٥٦٩ك/ ١١٤٦ - ١١٧٣ز) هاتەدی و پێگەیشت و، لەسەر دەستی (الملك الناصر صلاح الدین الأیوبي) دامەزرێنەری دەوڵەتی شاهانەی ئەییوبیان لە میسر و شام (٥٦٧ - ٥٨٩ك/ ١١٧١ - ١١٩٣ز) گەیشتە ترۆپك و لقە پۆپەی. ئنجا لەسەر دەستی (الملك العادل أبی بکر)ی برای سەلاحەددین (٥٩٦ - ٦١٥ك/ ١١٩٧ - ١٢١٨ز) و کوڕەکانی ئەم دوو مەلیکەدا دەوامی کێشا.

ئەو ماوەیە - وەکو لێمان ڕوونە - لەگەڵ سەرەتای لێشاوی مەگۆلانیشدا یەکی گرتەوە، ئەوەبوو شارەکانی بەری خۆرەلاتی جیهانی ئیسلام، شار لەدوای شار، لەژێر کوتەکی پشتشکێنی مەگۆلاندا، بەچۆکا دەهاتن. ئەو نەهامەتییەش، ڕۆژانێکی دوورودرێژی خایان، هەموو ئەو ڕووداوانە و، ڕووداوی دیکەش، کەشو هەواو زەمینەیەکی مێژووکردی بۆ پێکهانین و دامەزران و پەرەسەندن و، پاشانیش بۆ کۆتایی هاتنی ئەمارەتی ئەتابەگایەتیی هەولێر سازدا، ئەو ئەمارەتەی کە هەلومەرجێکی وەهای بۆ ڕەخسا، ببێتە هێزێکی سەربازی و سیاسیی بە شان و شەوکەت و، ڕۆڵی تایبەتی خۆی، لەو قۆناغەی مێژووی ئیسلامدا بگێڕێت.

لە ناوەرۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، بزاڤ و چالاکیی جۆربەجۆری خەڵکی ئەم ئەمارەتە دەخوێننەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە، پاش ئەوەی خەسڵەتەکانی ئەو دەمە دەخاتە پێش چاو، ئنجا کارەساتی ئەو قۆناغەش کە ئەم ئەمارەتەی بەر لە پەیدابوونی حوکمی بنەماڵەی بگتگین پێدا ڕۆیشتووە، بەکورتی دەگێڕێتەوە، واتا، ئەو قۆناغەی کە هێشتا ئەمارەتەکە، بەشێك بوو لە ئیمپراتۆریەتی سەلجووقیان، یان میرە کوردەکانی هەزەبانیان حوکمیان دەکرد، پاشان، هەولێر، بوو بە بەشێك لە ئەتابەگییەکەی موسڵ، چونکە (عمادالدین زنگی) داگیری کرد و، دەستبەجێ ڕادەستی فەرمانداری لەشکرەکەی خۆی میر (زین الدین علی کچك) کوڕی بگتگین دامەزرێنەری ئەتابەگایەتیی هەولێر کرد. ئەم میرە خۆی، یەکەو ڕاست کاروباری شارەکەی هەڵنەدەسووڕاند، بەڵکو، نوێنەرێکی خۆی، بۆ بەڕێوەبردنی شارەکە دەستنیشان دەکرد، ئەوەبوو، میر (أبا منصور سرفتگین الزینی)ی دامەزراند، ئەمیش حوکمی هەولێری کرد، تا لەساڵی (٥٥٩ك/ ١١٦٢ز)دا مرد. پاش ئەم، ئنجا (مجاهد الدین قایماز)ی دامەزراند، ئەمیش لەسەر حوکمی ئەمارەتەکە مایەوە، بگرە، هەتا پاش مردنی (زین الدین علی کچك)ی سەرداری هەولێریش، هەر حوکمی دەکرد.

لێکۆڵینەوەکە، ئنجا بادەداتەوە سەر مەسەلەی ئەو ململانێیەی لە نێوان موزەففەرەددین گۆگبوریی کوڕە گەورەی (زین الدین علی کچك) و دوا نوێنەردا هەڵایسا، ئەو ململانێیەی کە لەتەختلادان و لە هەولێر دەرکردنی موزەففەرەددین گۆگبوریی، بووە هۆی ئەوەش کە (زین الدین یوسف ینالتگین)ی برای، کە ئەکاتە کوڕە گچکەی (زین الدین علی کچك) جێگاکەی بگرێتەوە.

ئەم میرە نوێیەش، پاشان، جیاکردنەوەی ئەمارەتەکەی لە ئەتابەگایەتیی موسڵ ڕاگەیاند و، چووە ریزی دەستدایانی (تبعیە) سەلاحەددینی ئەیووبییەوە.

بە ڕاگەیاندنی ئەم گۆڕانکارییەش، ئیدی (زین الدین یوسف ینالتگین) جەنگێکی سەختی لە دژی موسڵ دەست پێکرد و، لەدوا دوای تەمەنیشیدا، گەیشتە بەرەی جەنگی دژ بە خاچدروشمان و، لەوێ، کۆتایی ژیانی هات و مرد. ئنجا

موزەففەرەددین گۆكبوری كە تازە گەڕابووەوە بۆ هەولێر، جێگاكەی گرتەوە و حوكمی هەولێری گرتە دەست، تا لە ساڵی (٦٣٠ك/ ١٢٢٣ز)دا، واتا پاش چل و چوار ساڵ حوكمكردنی لە هەولێردا، گیانی سپارد. لەماوەی ئەو چل و چوار ساڵەدا، هەولێر لە هەموو رووییەكەوە گەیشتە ئەوپەڕی پەرەسەندن و پێشكەوتن.

لێكۆڵینەوەكە، هەروەها هەندێ لایەنی ژیانی ئەم ماوەیەی ئەم میرە كە لە دەرەوەی هەولێر بووە روون دەكاتەوە، لەو ماوەیەدا سەرگەورەی (حران) بووە و، دەستدای ئەتابەگی موسڵ بووە، پاشان لە موسڵ جیابوومتەوە و، خۆی گەیاندووەتە خزمەتی سەلاحەددینی ئەیيوبی، ئەویش شاری (الرها) و شارگەلێكی دیكەشی خستە ژێر دەستی، ئەم لێكۆڵینەوەیە باسی ڕۆڵی كارای ئەم میرە دەكات كە لە جەنگەكانی خاچدروشماندا گێڕاویەتی، نەخاسمە لە شەڕە چارەنووسسازەكەی (حطين)دا.

هەروەها باسی پێوەندییەكانی دەرەوەی ئەم ئەمارەتە دەكات و، لە پێوەندیی نێوان ئەمارەتەكە و ئەمارەتی موسڵەوە دەست پێدەكات، چونكە موسڵ ببووە جەمسەری پێوەندییە دەرەكییەكانی نێوان ئەم ئەمارەتە و هێزەكانی دی. ئنجا، دێینە سەر باسوخواسی پێوەندیی نێوان ئەم ئەمارەتە لەگەڵ ئەیيوبیان و، لەگەڵ خەلافەتی عەبباسیان و، پاشانیش لەگەڵ سوڵتانی خواریزم (جلال الدين منكبرتی)و، لەگەڵ هێزەكانی تری ناوچەكەشدا.

بەڵام لە بەشی پێوەندییەكانی دەرەوە، لەبەر پچڕ پچڕی و دابڕانی باسوخواسی چەندین ساڵ، كەمێ لێڵی و ناتەواوییان پێوە دیارە، چونكە ئەو دابڕانە چەندین ساڵ درێژەی دەكێشا. هۆی ئەمەش ئەوەیە كە سەرچاوەیەكی چڕ و ئاودامان، كە مێژووی ئەم ئەمارەتە لەخۆ بگرێ، لەبەر دەستدا نییە و، كتێبەكەی (أبن المستوفى)یش، كە بە ئومێد بووین هەندێ حەقیقەت و ڕووداوی ڕاستەقینەمان بۆ روون بكاتەوە، ئەویش بزرە و، نییە.

بەشی دووەم شرۆڤەی پلانەکانی ئەو ماوەیەی شاری هەولێرە. لەم بەشەدا بایەخێکی تایبەتمان بەباسی قەڵا و منارەکە داوە، کە قەڵاکەی مۆڵگە و مەرکەزی ئەمارەتەکە و، جێگە و بنکەی دایەرەکان و قەڵەمڕەوی سەردار بووە - دیاریشە، شارەکە لەو سەردەمەدا، زۆرتر داویە لە فراوانی و بووژانەوە و، دامودەزگای ئاینی و زانستی و خێرخوازیی زۆر گرنگ و بەرخورداریشی تێدا پەیدا بووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە، وەزیفە جۆربەجۆرەکانی ڕێکخراو و دایەرەکانیش دەگرێتەوە، چ ئەوانەی بەر لە سەردەمی ئەتابەگی هەبووبن پاشان لەم سەردەمەدا باشتر خەملێبن - وەك وەزارەت و باجگری و دادوەری و سەرکاری - چ ئەوانەی لە سەردەمی ئەتابەگایەتیدا پەیدا بووبن.

ڕاستت دەوێ، لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوەکان لە مێژووودا کارێکی ئەستەم و ئالۆزە، نەخاسمە ڕێکخراوەکانی ئەمارەتێکی وەك هەولێر، کە لە زانینی ڕەوشتی کاربەدەستانی ئەو وەزیفانە بەولاوە، هیچ شتێك لە ڕێکخراوە تایبەتییەکانی نازانین و، ناچار بووین لە سروشتی ڕێکخراوە هاوشێوەکانیان کە لە دەرەوەی هەولێردا هەبوون بکۆڵینەوە، ئنجا بێینەوە سەرباسی کاربەدەستانی ڕێکخراوەکانی هەولێر - ئەمەش - بە بۆچوونی خۆم - لەوەدەچێ کە لێکۆڵینەوەکە، کەموزۆر، کەموکورتییەکی پێوە دیاربێت، چونکە بەدووری نازانم هەندێ لە ڕێکخراوەکانی ئەمارەتی هەولێر، لەهەندێ ڕووەوە لەوانەی دەرەوەی هەولێر جیاوازبن. بەهەر حاڵ ناچار بووین لەو ڕێگایە زێتر، هیچ ڕێگایەکی دیکەمان شك نەبرد.

ئەمە لە لایەك، لەلایەکی دیکەشەوە، باسی هەندێ لەو ڕێکخراوانەشمان نەدۆزییەوە کە لە ئەمارەت و دەوڵەتانی دیکەی هاوچەرخی ئەتابەگایەتیی هەولێردا هەبووبن، یان بووبن و پێویستییان پێی نەمابێ، یان بە ناوو نیشانی جیاواز هەبووبن، یان خرابێتنە پاڵ ڕێکخراوگەلی تر، یانیش مێژوونووسان هەر ناویشیان نەهێناوە، کەچی هەندێ ڕێکخراوی وەهای تێدا بووە، لە ئەمارەتە هاوچەرخەکانی دیکەیدا پەیدا نەبووە، بەتایبەتیش ئەمارەتی موسڵ، بە نموونە،

وەك (دیوانی سەرکاری و، دیوانی خار و بار) و دیوانی دیکەی زۆر گرنگ. بەشێکی گرنگمان لە باسی ڕێکخراوەکان بۆ ڕێکخراوەی سەربازی و، هەروەهاش بۆ لێکۆڵینەوەی دراو و، جۆر و، شێوە و، کێشی دراو تەرخان کردووە. پاشانیش دراومان وەك سەرچاوەیەك داناوە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی سیاسی و پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەم ئەمارەتە، چونکە دراو سەرچاوەیەکە، جێگای گومان نییە و، هەروا بەئاسانی پشتگوێ ناخرێت.

دەبێ ئەوەش بڵێین زانیاریی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ناو ئەم ئەمارەتەمان بۆ فەراهەم نەبووە و دەستمان نەکەوت، بەتایبەتیش دەربارەی ئاستی گوزەران و پێگەی ئافرەت و، دابونەریتی باو و بڵاوی ئەو سەردەمە. وەلێ بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە دەستمان کەوتن، باسی ژیانی ئابووریی ئەمارەتەکەمان کردووە و، دام و دەزگا خێر بەخشەکانی موزەففەرەددین گۆگبوریمان نیشان داوە کە ئەم میرە دایمەزراندوون و، شاهێدی ئەوەن کە خەمخۆری ژیانی چینی هەژار و داماو و بێوەژن و هەتیوبار و پەککەوتە و کەسانی دیکەی وەك ئەوانە بووە. هەروەها باسی ئەو ئاهەنگە گەورەیەشمان کردووە کە سەرداری هەولێر کردبووی بە باو، هەموو ساڵێك بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە (د. خ) دەیگێڕا کە دواتر باوی سەند و، لەم شارەدا بووە چاولێکەری و، هەر لەم شارەشەوە بە باقیمەنی وڵاتانی دیکەی ئیسلامدا بڵاو بووەوە.

لەو بەشەشدا کە بۆ باسی ڕۆشنبیریی ناو ئەمارەتەکە تەرخان کراوە، باسی مەڵبەندەکانی فێرکاری، بەنموونە، وەك باسی قوتابخانە و فێرگەی حەدیس و حوجرە و خانەقا و، دامودەزگاکانی دیکەی فێرکردنمان کردووە. هەروەها باسی بنەماڵە ڕووناکبیرە ناودارەکانی بەنموونە، وەك بنەماڵەی (ابن خلکان و، ابن المستوفی و، ابن منعە)مان کردووە و، ڕەوشی ژیانی کەسایەتییە ڕۆشنبیرەکانی هەولێر و، بواری بزاڤی هزرییانمان بەسەر کردووەتەوە. ئنجا هاتووین نەختێ بەکورتی باسی ڕەوشی ئەو گەورە هزرمەندانەشمان کردووە کە سەریان لە هەولێر

داوە و، ماوەیەك تێیدا ماونەتەوە و، لە دەزگا زانستییەکانیدا وانە و دەرسیان گوتووەتەوە، یان هەر بەیەکجارەکی لە هەولێر ماونەتەوە.

نمایشی سەرچاوە بنەڕەتەکانی

لە نمایشی سەرچاوەکاندا پێویستمان بەوە نییە بچینەوە سەر هەموو ئەو کتێبانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان پێیان بەستووە، چونکە ئەو کتێبانە لیستێکی دوور و درێژە، کتێبگەلی زۆری عەرەبی و بیانیی کۆن و تازە و، دەستنووس و چاپکراوی تێدایە، بەڵکو تەنیا سەرچاوە سەرەکییەکانیان دەخەینە پێش چاو. نەخاسمە ناوی هەموو ئەو سەرچاوانەشمان هێناوە کە سوودمان لێیان وەرگرتووە و، لەکۆتایی ئەم کتێبەشدا بە لیستێکی دوور و درێژ بەرچاو خراون. جا بەر لەوەی ناوی سەرچاوەکان بنووسین، دەڵێین، بەپێچەوانەی زۆربەی ئەمارەتەکانی دی، کتێبێك نییە مێژووی ئەو ماوەیەی هەولێری تێدا بێت. تەنها کتێبێکیش کە لەبارەی مێژووی ئەم شارەوە دانرابێت - کە دەکرا، بیکەینە سەرچاوەی بنەڕەتی مێژووی ئەم شارە، ئەویش بزر بووە و نەماوە[1]. لەبەر ئەوە ناچار بووم زانیارییەکان لە ناوەرۆکی کتێبگەلێکەوە کۆبکەمەوە کە هەموو جۆرە بابەتێکیان تێدایە، ئنجا بێنم پشکنین و بەراورد و ساغکردنەوەیان تێدا بکەم و، ئەگەر دەستیشم پەرژا تەتەڵەیان بکەم، کامیان لە ڕاستی و حەقیقەتەوە نزیکتر بوو، ئەویان تۆمار بکەم. ئەو کارەش یەکێك بوو لەو کێشە زەحمەت و گرانانەی کە لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتە پێشم.

---

(١) مەبەست، کتێبی (نباهة البلد الخامل بمن ورده من الأماثل في تأريخ أربل)ی (ابن المستوفي)یە، کاتێ نامەی ماستەرم دەنووسی، تا ساڵی (١٩٨٠ ـ ١٩٨١ز) ئنجا یەك جزمی ئەو کتێبە دۆزرایەوە و چاپ کرا.

پێدەچێ (ابن الاثیر - ت ٦٣٠ك/ ١٢٣٣ز) پێشەنگی ئەو مێژوونووسانە بووبێت کە پشتمان پێی بەستبێت: چ کتێبە ناودامانەکەی (الکامل في التأریخ) کە بریتییە لە مێژووی گشتی و باسی ڕووداوەکانی تا ساڵی (٦٢٨ك/ ١٢٣١ز)ی تێدایە، چ ئەو کتێبەی کە لەسەر مێژووی بنەماڵەی ئەتابەگی زەنگیی موسڵ بەناوی (التأریخ الباهر في الدولة الاتابكية) داینـاوە، دیاریشە (ابـن الأثیر) خـۆی و براکانی و باوکیشی لەژێر سـایەی ئەتابەگـەکانی موسـڵ و (بدرالـدین لؤلـؤ)دا دەژیـان و، بـەناودارترین مێژوونووسـی ئـەو سـەردەمە لەقەڵـەم دەدرا و، زۆریـش بـەوردی باسوخواسـی ناوچەکەی تۆمـار کـردووە، باسـی هەولێریـشی تێدایـە، کـە خـۆی هـەر لـەو ماوەیـەدا ژیـاوە و، لەهـەمان سـاڵی کۆچـی دوایـی موزەففـەرەددین گۆکبـوری و کۆتـایی ئەتابەگایـەتیی هـەولێردا مـردووە. هـەولێریش کـە تـا سـاڵی (٥٧٩ك/ ١١٨٢ز) بەشێك بووە لە ئەتابەگایەتیی موسڵ، بایەخێکی گەورەتر بەم مێژوونووسە ناودارە دەدات.

دەبێ لەوەش ئاگادار بین کە (ابن الاثیر) بە ئاشکرا بـەلای ئەتابەگـەکانی موسـڵدا دایتاشیوە و، زۆربـەی ئـەو باسوخواسـانەش کـە دەربـارەی ڕووداوەکـان دەیگێڕێتـەوە، بـریتین لـە بـیر و بۆچوونی ئەتابەگـەکانی موسـڵ و، لەشـانی ئەوانـەوە دەڕوانێـت و بەخراپەی موزەففەرەددین گۆکبوریی دەگەڕێنەوە. بە نموونە، دەبیـنین باسـی ڕۆڵـی کـارای موزەففـەرەددین گۆکبـوریی نـەکردووە کـە لـە ڕیـزی لەشـکری سـەلاحەددینی ئەییوبیـدا گێڕاویـەتی بەتایبـەتیش لـە شـەڕەکەی (حطـین)دا. هـەروەها هیچیـشی لەبارەی سەردانەکەی بەغـدای ئـەم میـرە کـە لـە بـەرایی سـاڵی (٦٢٨ك/ ١٢٣٠ز)دا، بـۆ بەغدا چووە، نەنووسیوە، هەرچەندیشە ئەم مێژوونووسە لەو دەمەدا، نـەك هـەر تـا کۆتایی ئـەو سـاڵە بـەڵکو تـا بەسەرچوونی مـانگی سـەفەری سـاڵی (٦٢٩ك[1]/ کۆتـایی ساڵی ١٢٣١ز)یش، بەردەوام هەر خەریکی نووسینی مێژوو بووە.

---

(١) الکامل ١٢/ ٥٠٤.

سەرەڕای ئەوەش (ابن الأثیر) - بەبێ چەند و چۆنی - گرنگترین سەرچاوەی پشتپێبەستراوی ئەم لێکۆڵینەوەیە. (ابن الاثیر) لە کتێبەکەی خۆیدا (التأریخ الباهر) باسی سەروسەختی (العلاقات) نێوان (زین الدین علی کچك) دامەزرێنەری ئەتابەگایەتیی هەولێر و (عماد الدین زنگی)ی دامەزرێنەری ئەتابەگایەتیی موسڵی کردووە و، دەڵێت کە (زین الدین) خولامێکی باوکی ئەو ئەتابەگە بووە واتا خولامی (آقسنقر قسیم الدولة) بووە کە لە ساڵی (٤٨٧ك/ ١٠٩٤ز)دا کوژراوە. کاتێکیش ئەو ئەتابەگە لە ساڵی (٥٢١ك/ ١١٢٧ز) دا ئەتابەگییەکەی موسڵی دامەزراند (زین الدین علی کچك) هاوکاریی کرد، ئەتابەگیش لە پاداشتی ئەوەدا هەندێ ناوچەی بۆ دابڕی، هەولێریش ناوچەیەك بوو لەو ناوچانە. سەروسەختی (زین الدین علی کچك) لەگەڵ کوڕانی (عمادالدین زنگی) چ لە ئەتابەگییەکەی موسڵ و چ لە ئەتابەگییەکەی حەڵەب کە بە کوژرانی ئەتابەگی دامەزرێنەر لەساڵی (٥٤١ك/ ١١٤٦ز)دا لە موسڵ جیابووەوە، سەرومڕ بەردەوام بوو. لەسەردەمی (قطب الدین مودود)ی ئەتابەگی موسڵ (٥٤٤ - ٥٦٥ك/ ١١٤٩ - ١١٧٠ز)دا، ئەم پێوەندیی و سەروسەختەی گەیشتە ئەوپەڕی دۆستایەتی و، زیاتر لە جارێکیش، لەشەڕدا فەرماندەیی لەشکری ئەم ئەتابەگییەی گرتووەتە دەست و پاش حەفتا و پێنج ساڵیش خزمەت، ئنجا بنەماڵەی زەنگیی موسڵی بەجێهێشتووە، لە هەولێر جێگیر بووە، تا لەساڵی (٥٦٣ك/ ١١٦٨ز)دا هەر لەم شارەدا کۆچی دوایی کردووە و بەخاك سپێردراوە.

وەڵێ دەربارەی حوکم و چالاکیی هەردوو کوڕەکەی دامەزرێنەی ئەتابەگایەتیی هەولێر، ئەوەی (ابن الاثیر) لە (التأریخ الباهر)دا باسیان لێوە دەکات کەمترە لەوەی کە لە کتێبە ئاودامانەکەی (الکامل في التأریخ)دا باسی کردووە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە کتێبی یەکەمیانی بۆ شاباش و پێداهەڵدانی حوکمی بنەماڵەی زەنگی تەرخان کردووە. بەڵام لەساڵی (٦٠٧ك/ ١٢١٠ز)دا کە (الملك القاهر عزالدین سعود - عزالدین الثاني) لەسەر تەختی موسڵ دانیشت، کە لە ئەسڵا کتێبەکەی بۆ خەڵاتی ئەم

دانابوو، ئیدی نووسینەکەی وەستاند. کەموکورتیی ئەم کتێبەش ئەوەیە کە مێژووی هەندێ لە ڕووداوەکانی، لەگەڵ کتێبەکەی پێشتری (الكامل) دا جیاوازە.

گەلێك لە مێژوونووسانی هاوزەمەنی (ابن الأثير) و، ئەوانەی پاشتریش لە (ابن الأثير)ەوە دەگێڕنەوە، بەتایبەتیش لە (الكامل) وەریانگرتووە، لەوانەش (أبو شامة - ت ٦٦٥ك/ ١٢٦٦ز) لە کتێبی (الروضتين في أخبار الدولتين) و کتێبی (تراجم رجال القرنين السادس والسابع) کە بە (الذيل على الروضتين) ناوداره، هەروەها (ابن واصل - ت ٦٩٧ك/ ١٢٩٧ز) لە کتێبی (مفرج الكروب في اخبار بني أيوب)[١] و، (ابن العبری - ت ٦٨٥ك/ ١٢٨٦ز) لە کتێبی (تأريخ مختصر الدول) و (تأريخ الدول السرياني)دا، دەشبینین، هەندێ باسوخواس هەیە، تەنیا ئەو مێژوو نووسەی دوایین دەیانگێڕێتەوە. پێش ئەمیش کەسانی دیکەی، بە نموونە، وەك (محمد علي الحموي - ت ٦٤٤ك/ ١٢٤٦ز) لە کتێبی (التأريخ المنصوري)دا کە خۆیشی هەر لەو ماوەیەدا ژیاوە هەروەها (سبط ابن الجوزي) (ت ٦٥٤ك/ ١٢٥٦ز) لە کتێبی (مرآة الزمان)دا کە (اليونيني - ت ٧٢٦ك/ ١٣٢٥ز) کتێبی (ذيل مرآة الزمان)ی وەك پاشکۆ بۆ داناوە - بە بۆچوونی ئێمە، لەوانەی پێش خۆی، باشتر مێژووی نووسیوە.

هەندێ مێژوونووسی - کەم و زۆر - پاش ئەوانیش، باسی ئەمارەتەکە و، باسی ئەو ماوەیەشیان کردووە کە مێژوونووسانی ئەو سەردەمە ناویان نەهێناوە، پێدەچێ لە مێژوونووسانێکەوە، کە کتێبەکانیان بزره، وەریانگرتبێ، بە نموونە، وەك (الذهبي

---

(١) ئەم کتێبە، تا ئێستا چوار بەرگی لێ چاپ کراوە، دوا بەرگیشی لە ساڵی ١٩٧٢ چاپکراوە، کە باسوخواسی ساڵانی نێوان (٦١٥ ـ ٦٢٨ك)ی تێدایە. لەم بەرگەدا زێتر لە بەرگەکانی تر دەبینین کە (ابن واصل) زۆربەی باسوخواسەکانی لە (ابن الأثير) وەرگرتووە. ئەمەش ساغکەرەوەی کتێبەکەی ناچار کرد کە (محمد حسنين ربيع)ە، لە باسوخواسی ساڵی (٦٢٨ك)دا بووەستێ، چونکە لەو ساڵەدا (ابن الأثير) لە پێشەکیی بەرگی چوارەم دەبێتەوە - سەیری لاپەڕەی (٦) بکە. ساغکەرەوەی کتێبەکە دەڵێت: کە پشتی بە کتێبی (الكامل) بەستووە، هەر هەمان ئەو کتێبەیە کە (ابن واصل) سوودی لێ وەرگرتووە.

- ت ٧٤٨ك/ ١٣٤٧ز) لە کتێبگەلێکی زۆردا، لەوانەش (تأریخ الاسلام) و کتێبی (العبر)، هەروەها (ابن کثیر - ت ٧٧٤ك/ ١٣٧٢ز) لە کتێبی (البدایة والنهایة)دا کەسانی زۆری دیکەش لەوانیان وەرگرتووە، بەنموونە، وەك (الغسانی - ت ٨٠٣ك/ ١٤٠٠ز) لە کتێبی (العسجد المسبوك)دا، هەروەها (ابن الفرات - ت ٨٠٧ك/ ١٤٠٥ز) لە کتێبی (تأریخ الدول والملوك)دا کە بە (تأریخ ابن الفرات) ناسراوە. هەروەها (المقریزی - ت ٨٤٥ك/ ١٤٤١ز) لە کتێبی (السلوك لمعرفة دول الملوك)، (ابن تغري بردي - ت ٨٧٤ك/ ١٤٦٩ز) لە کتێبی (النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة)دا، (ابن خلدون - ت ٨٠٨ك/ ١٤٠٦ز) هەروەکو ئەوانی کردووە، بەڵام ئەوەی کتێبە گەورەکەی لەکەدار کردووە ئەوەیە کە بەرواری هەندێ لە ڕووداوە گرنگەکانی نەنووسیوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ماندوو کردنی لێکۆڵەر. ئەو لە نووسینی باسوخواسەکاندا سیستەمی یەکپارچەیی بابەتەکەی پێڕۆ کردووە بەبێ ئەوەی بەرواریان لەسەر دابنێ، واتا بە پێچەوانەی مێژوونووسەکانی دی کە سیستەمی ساڵبەساڵیان پێڕۆ کردووە. زیاد لەوەش، ئەم مێژوونووسە، ڕووداوەکان پتر لە جارێك دووبارە دەکاتەوە.

پێویستە ئەوەش بڵێین (أبو الفداء - ت ٧٣٢ك/ ١٣٣١ز) هەموو ئەو شتانەی کورت کردووەتەوە کە (ابن الأثیر) لە (الکامل)دا نووسیونی، پاشان باسی ڕووداوی ساڵانی دوای (٦٢٨ك)یشی بۆ زیاد کردووە، چونکە (ابن الأثیر) ئیدی لەو ساڵەدا لە نووسین وەستا و، کتێبەکەشی ناونا (المختصر في اخبار البشر). (ابن الوردي - ت ٧٤٩ك/ ١٣٤٨ز) کتێبێکی بەناوی (ذیل المختصر) یان (تأریخ ابن الوردي) وەك پاشکۆ لەسەر کتێبەکەی (أبو الفداء) دانا.

هەرچی ئەو مێژوو نووسانەشن کە باسی چالاکییەکانی دامەزرێنەری ئەمارەتی هەولێر (زین الدین علی کچك) یان، لە موسڵدا کردووە، ناوی (ابن القلانسی - ت ٥٥٥ك/ ١١٦٠ز) دێنن کە لە کتێبی (ذیل تأریخ دمشق)دا ئەو باسەی کردووە و (ابن الجوزی - ت ٥٩٧ك/ ١٢٠٠ز) لە کتێبی (المنتظم في اخبار الملوك والامم)دا دیسان، ئەو باسەی کردووە. دەربارەی ڕۆڵگێڕانی (زین الدین یوسف ینالتگین) و موزەففەرەددین

گۆگبوریش لەشەڕی موسڵ و شەڕەکانی خاچدروشماندا، پشتمان بە (العماد الكاتب الاصفهاني - ت ٥٩٧ك/ ١٢٠٠ز) بەستووە کە لە کتێبی (الفتح القسی)دا ئەو باسەی کردووە. هەروەها (ابن شداد - ت ٦٣٢ك/ ١١٣٤ز) لە کتێبی (النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية)دا کە ناونراوە (سيرة صلاح الدين) ئەو باسانەی کردووە. هەربەو جۆرەش (علي البنداري - ت ٦٤٢ك/ ١٢٤٤ز) کورت کردنەوەی کتێبەکانی (العماد الكاتب)ی کردبوو بە پیشە، بەنموونە، کتێبی (البرق الشامي)ی کورتکردەوە و، ناوی نا (سنا البرق الشامی). (ابن العديم)یش (ت ٦٦٠ك/ ١٢٦٢ز)، تەنیا، کەسە، کە هەندێ باسوخواسی چالاکییەکانی موزەففەرەددین گۆگبوریی، لە شامدا، کردبێ.

وەك لە کتێبەکەیدا (زبدة الحلب في تأريخ حلب) دەردەکەوێت. هەرچی کتێبی (الحوات الجامعة)یە کە بە هەڵە دراوەتە پاڵ (ابن الفوطي)، ئەوە، تەنیا کتێبە بەدوور و درێژی باسی بۆ بەغدا سەردانە بەناوبانگەکەی ساڵی (٦٢٨ك/ ١٢٣١ز)ی موزەففەرەددین گۆگبوری کردبێ و، هەر بەو جۆرەش باسی داگیرکردنی هەولێر و گرێدانی هەولێری بە مەملەکەتی خەلیفەوە (لەساڵی ٦٣٠ك/ ١٢٣٣ز)دا کردبێ.

کاتێکیش باسی ناودارانی خودی هەولێر، یان باسی ئەو زاتانە دەکەین کە سەردانی هەولێریان کردووە و، ماوەیەك بۆ خوێندن یان بۆ وانە گوتنەوە لەم شارەدا ماونەتەوە، ئەوە، پێویستە ناوی کتێبگەلی ڕەوشتنامە و کتێبگەلی چینەکانیش بکەین کە بۆ ئەم بابەتە گرنگ و پڕ بایەخن. لەم ڕووەوە، ڕەنگە، (ابن خلكان - ت ٦٨١ك/ ١٢٨٢ز) پێشەنگی ئەو مێژوونووسانە بێت، نەك لەبەر ئەوەی کە بەناوبانگترین نووسەر و مێژوونووسی ڕەوشتنامەکان بووە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە خۆی خەڵکی هەولێر بووە و، ماوەیەکی تاقی لاوێتیشی لەم شارەدا بەسەر بردووە. (ابن خلكان) لە هەولێر، لە ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی دەزانی و تێیاندەگەیشت و، هەمووی لەبیر مابوون و لە کتێبەکەی خۆی (وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان)دا تۆماری کردن، لەم کتێبەدا باسی پێوەندیی بنەماڵەکەی خۆی لەگەڵ سەرداری هەولێر موزەففەرەددین گۆگبوریدا کردووە و، باسێکی دوور و درێژ و زۆر

گرنگیشی لەسەر ڕەوشتی سەرداری هەولێر و لەسەر ڕەوشتی ناودارانی زانستیی پەیوەست بە مێژووی سیاسیی و ئیداری و ڕۆشنبیریی شارەکەوە کردووە. نووسەرگەلێکی زۆری ڕەوشتنامە و چینەکان لە (ابن خلكان)ەوە باس و خواسیان گێڕاوەتەوە. بە نموونە (الذهبي)، ئنجا (الامام الفارسي المكي - ت ٨٣٢ك/ ١٤٢٨ز) لە کتێبی (العقد الثمين في تأريخ البلد الأمين)دا زۆری وەرگرتووە. هەروەها (ابن أبي عذيبة - ت ٨٥٦ك/ ١٤٥٣ز) لە کتێبە دەستنووسەکەی خۆیدا (انسان العيون في مشاهير سادس القرون) زۆری لە (ابن خلكان) وەرگرتووە و، بگرە، مێژوونووس نییە لەوی وەرنەگرتبێ - نەخاسمە نووسەرانی ڕەوشتنامە و چینەکان.

(الصفدي)یش (ت ٧٦٤ك/ ١٣٦٢ز) خاوەنی کتێبی (الوافي بالوفيات) یەکێکە لە ڕەوشتنامەنووسەکان، ئنجا، (الكتبي - ت ٧٦٤ك/ ١٣٦٢ز)، ئنجا (اليونيني - ت ٧٢٦ك/ ١٣٢٦ز) نیمچە درێژییەکی بەباسی ڕەوشتنامەی کەسانێکی زۆری هەولێری داوە. هەروەها (ابن الفوطي - ت ٧٢٣ك/ ١٣٢٣ز) خاوەنی کتێبی (تلخيص مجمع الآداب في معجم الألقاب)، ئنجا (السبكى - ت ٧٧١ك/ ١٣٧٠ز) خاوەنی کتێبی (طبقات الشافعية)، ئنجا (الأسنوي - ت ٧٧٢ك/ ١٣٧١ز)، (ابن قاضي شهبة - ٨٥١ك/ ١٤٤٧ز) کە هەریەکە و، کتێبێکیان بەو ناوەوە داناوە. لەو نووسەرانەش کە بەر لە (ابن خلكان) ڕەوشتنامەیان نووسیوە و، سوودمان لە کتێبەکانیان وەرگرتووە، ئەمانەن (ابن عساكر - ت ٥٦٣ك/ ١١٦٨ز) خاوەنی کتێبی (تهذيب تأريخ ابن عساكر)ە، (ياقوت الحموي - ت ٦٢٦ك/ ١٢٢٩ز) دانەری کتێبی (معجم الأدباء)ە و، (أرشاد الأريب الى معرفة الأديب)یشی پێدەڵێن. هەروەها (ابن الدبيثى - ت ٦٣٧ك/ ١٢٤٠ز) خاوەنی کتێبی دەستنووسی (التأريخ المذيل به على تأريخ ابن السمعاني)، ئنجا (المنذري - ت ٦٥٦ك/ ١٢٥٨ز) خاوەنی کتێبی (التكملة لوفيات النقلة)، ئنجا (الصابوني - ت ٦٨٠ك/ ١٢٨١ز) دانەری کتێبی (تكملة إكمال الاكمال) و نووسەرانی چینەکان و ڕەوشتنامەگەلی دیکەش.

کتێبە دەستنووسەکەی (ابن الشعار - ت ٦٥٤ك/ ١٢٥٦ز) بەناوی (عقود الجمان في شعراء هذا الزمان) بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە ئەم نووسەرە قوتابییەکی (ابن المستوفي) بووە و، لەهەولێردا ماوەیەکی دوور و درێژ ژیاوە و، سەروسەختی لەگەڵ گەلێ لە ناودارانی شارەکەدا هەبووە و، باسوخواسیانی نووسیوە و، کتێبەکەی خۆی و کتێبەکەی (ابن المستوفي)یش گرنگترین سەرچاوەی (ابن خلكان) بوون و، زیاد لەوەش، ئەم کتێبەی، بۆ ناسینی ئەوانەی کە وەزیفەی گەورەیان لە دەوڵەتی موزەففەرەددین گۆکبوریدا وەدەست هێنابوو، بەتەنیا سەرچاوەی گرنگ دادەنرێت. بێجگە لە (ابن الشعار و، ابن خلكان) کەسانی دیکەش هەن، وەك ئەوان، زۆریان لە (ابن مستوفي) وەرگرتووە.

لەوانەش کە بۆ بابەتی رێکخراوەکان، سوودمان لە کتێبەکانیان بینیوە، ئاماژە بەمانە دەکەین: (قدامة بن جعفر - ت ٣٢٠ك/ ٩٣٢ز) دانەری (کتاب الخراج وصنعة الكتابة)، هەروەها (الماوردي - ت ٤٥٠ك/ ١٠٥٨ز) دانەری کتێبی (الاحكام السلطانية)، (ابن مماتي - ت ٦٠٦ك/ ١٢٠٩ز) خاوەنی کتێبی (قوانين الدواوين)، (النويري - ت ٧٣٣ك/ ١٣٣٢ز) خاوەنی کتێبی (نهاية الأرب في فنون الأدب)، (القلقشندي - ت٨٢١ك/ ١٤١٨ز) خاوەنی کتێبی (صبح الأعشى في صناعة الأنشا).. لەنووسەرانی وێژە و ئەدەبیش (أبا الفتح نصرالله محمد بن أبي الكرم الشيباني) ناسراو بە (ابن الأثير المنشئ - ت ٦٣٧ك/ ١٢٣٩ز) خاوەنی کتێبی (رسائل ابن الأثير). هەروەها (ابن سعيد الأندلسي - ت ٦٨٥ك/ ١٢٨٦ز) خاوەنی کتێبی (الغصون اليانعة في محاسن شعراء المائة السابعة).

هەروەهاش دیوانەکەی (الحاجري). زیاد لەمانەش، کتێبەکەی (ياقوت الحموي) و کتێبەکەی (ابن الشعار)یش. کە باسمان کردن.

لەوڵاتناسانیش (البلدانيين) کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، سوودمان لە کتێبەکانیان بینیوە، ئەمانەن: (ياقوت الحموي) کە لە کتێبی (معجم البلدان) دا باسی شاری

هەولێری کردووە و، دوو جار سەری لەم شارە داوە. لەم کتێبەیدا، باسی بازاڕ و قەیسەرییە بەناوبانگەکە و ئاوی سازگاری بیرەکانی دەکات و، باسی دانیشتوانی کوردی ئەم شارە دەکات، کە بە قسەی ئەو گوایا بوونەتە عەرەب. هەروەها (زکریا بن محمد بن محمود القزويني - ت ٦٨٢ك/ ١٢٨٣ز) دانەری کتێبی (آثار البلاد واخبار العباد) کە تێیدا باسی مزگەوتی (الكف) دەکات. (أبو الفداء - ت ٧٣٢ك/ ١٣٣١ز) دانەری کتێبی (تقويم البلدان)، (صفي الدين عبدالمؤمن بن عبدالحق - ت ٧٣٩ك/ ١٣٣٨ز) دانەری کتێبی (مراصد الاطلاع).

سوودم لە هەندێ کتێبی فارسیش بینیوە، بەتایبەتیش بۆ نووسینی بابەتی پێوەندییەکانی نێوان موزەففەرەددین گۆکبوری و دوا سوڵتانی خواریزمیان (جلال الدين منكبرتی) و هێرشەکەی مەگۆل، بە نموونە، وەك کتێبی (جيهانگشای) کە (الجوينی - ت ٦٨٣ك/ ١٢٨٦ز) داینا‌وە، هەروەها کتێبی (جامع التواريخ)ی (رشيد الدين فضل الله الهمداني - ت ٧١٨ك/ ١٣١٨ز). لەکتێبە فارسییەکانی دیکەش، کتێبی (نزهة القلوب)ی (حمدالله المستوفي القزوينی - ت ٧٥٠ك/ ١٣٤٩ز) و، کتێبەکەی تریشی بەناوی (تأريخ گزيدة)و، هەندێ کتێبی دیکەی فارسی و تورکی و ئینگلیزی. پشتم بە کتێبی (سيرة السلطان جلال الدين منكبرتی) لە نووسینی (علی محمد احمد النسوی)یش (ت ٦٣٩ك/ ١٢٤١ز) بەستووە.

لەکۆتاییدا پێویستە ئەوەش بڵێین، لە منارەکە و، هەندێ گۆڕ و نزرگە بەولاوە، لەو ماوەیەدا، هیچ ئاسەوارێکی مێژوویی هەولێرمان بەدی نەکرد، ئەمەش بێگومان ئەستەنگی لە سازدانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دروست کرد و، گەلێکیشی ماندوو کردین، بەتایبەتیش بابەتی پلانەکانی شارەکە و، نەبوونی بەڵگەنامە، کە ئەگەر فەراهەم بوونایە زۆربەی مەسەلە مێژووییەکانی بەتەواوەتی ساغ دەکردەوە.

دەروازەی یەکەم
(مێژووی سیاسی)

بەشی یەکەم
ئەمارەتی (میرنشینی) هەولێری سەردەمی ئەتابەگی –
لە دامەزراندنییەوە
تا کۆچی دوایی – زین الدین یوسف (ینالتکین)
لە ساڵی (٥٨٦ك/ ١١٩٠ز)

فەسلی یەکەم

یەک : لاوازبوونی دەوڵەتی سەلجووقی و پەیدابوونی ئەمارەتە ئەتابەگییەکان. مانای ئەتابەگ. ئەسڵ و رەسەنی ئەتابەگەکان.

دوو : پیرەشاری هەولێر و، سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی، لەسەدەی پێنجەمی کۆچی (سەدەی یازدەمینی زایین)دا.

سێ : لە سەردەمی ئەتابەگیدا داگیرکردنی هەولێر و بەستنی بە ئەمارەتی موسڵەوە.

چوار : ئەتابەگ - زین الدین علی کچك - دامەزرێنەری ئەمارەتی ئەتابەگایەتیی هەولێر.

فەسڵی یەکەم

یەك: أ- لاوازبوونی دەوڵەتی سەلجووقی و، پەیدابوونی ئەمارەتە ئەتابەگییەکان:

خەلافەتی عەبباسیان، بەچەند سەدەیەك بەر لەوەی بە دەستی مەگۆلەکان بڕووخێت، هەر لە سەدەی دووەمیەوە، بەرە بەرە لاوازی سەری تێ کردبوو، بەهەموو جومگەکانیدا تەشەنەی دەکرد. سەردارانی ناوچەکانیش بەسەر ئەم هەلەوە نەچوون و، دەستیان بەسەر ناوچەگەلێکی بەرفراوانی خاکی خەلافەتدا گرت، ئەنجام، هەلۆمشانی یەکێتیی جیهانی ئیسلامی لێ کەوتەوە و، حوکمی بنەماڵەکان سەری هەڵدا، ئەوەبوو، هەر هەرێمە و، بگرە هەندێ لە شارەکانیش، هەریەکە و کەوتە ژێر حوکمی بنەماڵەیەك و، نیمچە پێوەندییەکی شڕۆڵیان لەگەڵ مەرکەز (بەغدا)دا مایەوە.

لەسەدەی شەشەمینی کۆچیدا (واتا لە سەدەی دوازدەمینی زاییندا) ـ کە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیگرێتەوە ـ دەسەڵاتی ڕاستەقینە کەوتە دەست سەلجووقیان و، ئەوانیش لەماوەی هەرەتی هێزیاندا دیاردەی ئەو هەلۆمشاوەیی و پچڕپچڕەیان نەهێشت و، کۆنتڕۆڵیان کرد و، تا ڕادەیەکی زۆریش لە یەکخستنەوەی هەرێمە بەرینەکانی وڵاتانی ئیسلامدا سەرکەوتن[1]. هەرچەندیشە سیستەمی لا مەرکەزییان

(١) البنداري، تأريخ دولة آل سلجوق، ص ٦٥.
ابن الاثير، الكامل في التأريخ، ١٠/ ٢١١.
عبدالنعيم محمد حسنين، سلاجقة ايران والعراق، ص ٦٧ و ٨١.
د. احمد ابراهيم الشريف، العالم الاسلامي في العصر العباسي، ق (٢) ص ٥٧٠.

لەم هەرێمانەدا پێڕۆ کرد، کە بریتی بوو لە ڕەنگدانەوەی سیستەمی دابڕینی زەویوزا[١] کە سەلجووقیان سەرگەرمی سەپاندنی بوون.

دەشتوانین ئەم بەرەولامەرکەزیچوونە، لە هەرەتی بەهێزیی سەلجووقیاندا، بەنیشانەی بەهێزبوونی حوکمیان لە قەڵەم بدەین[٢]، نەخاسمە ئەم سیستەمە مۆرکی سەربازی و ئیداریی پێوە دیاربوو[٣]. وەلێ هەر هەندەی چەند سوڵتانێکی بێدەسەڵات هاتنە سەر تەخت کە نەیانتوانی ڕەوشی دەوڵەت بەرەوپێش ببەن (ئەم سیستەمەشیان) لێ بوو بە تەوق و چووە ملیانەوە. هەندێ کەسیش، گەندەڵی و لاوازی و هەرەسهێنانی حوکمی سەلجووقی دەخەنە ئۆباڵی ئەو سیستەمە[٤].

---

(١) پێویستە زاراوەی (دابڕینی زەوی) کە لە مێژووی ئیسلامدا، سیستەمی دەرەبەگایەتیی پێدەڵێن، (نەخاسمە ئەم سیستەمە سەلجووقییەش) نەختێ بە وردی و بەدووربینییەوە لێکبدەینەوە، چونکە پاساوی پەیدابوونی ئەم سیستەمە لە جیهانی ئیسلامدا جیاوازە لەوەی کە لە سەدەکانی ناوین، لە ئەوروپادا پەیدابووە، هەروەها پێوەندییە ئاڵۆزەکانی ئەو دەرەبەگایەتییەی لە ئەوروپادا، بەتایبەتیش لە (ئەوروپای ڕۆژئاوا)دا پەیدابووە و، هاوشێوەی لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامنشیندا نییە. مەبەست لە دەرەبەگایەتیی سەلجووقی ئەو سیستەمەیە کە سوڵتان (ملکشاه) لەسەر خواستی (نظام الملك)ی وەزیری دایناو (بەپێی ئەو سیستەمە زەویی بەسەر میرەکاندا دابەش کرد بەو حسابەی کە ئەمە دەسهات و داهاتە. سوبرنهیم. (دائرة المعارف الاسلامية، ط ١٩٣٣ الترجمة، مادة (اقطاع)، ٢/ ٤٧٨. والدكتور ابراهيم علي طرخان في (النظم الاقطاعية في الشرق الاوسط في العصور الوسطى) ص ٢١ - ٣٢. سەیری ئەمەش بکە کە (کلود کاهین) لەم کتێبەیدا نووسیویەتی:-

The Encyel. Of Islam (New Edition ١٩٧١) V. ١١١, p. ١٠٨٨ (art Ikta).

(٢) عبدالنعيم محمد حسنين، سلاجقة ايران والعراق: ١٥٧. علي بيومي، قيام الدولة الايوبية في مصر، ص ٢٨.

(٣) د. حسن الباشا، الفنون الاسلامية والوظائف، ٣/ ١١٣٨.

(٤) حسن خليفة، الدولة العباسية، قيامها و سقوطها، ص ٢٣٠.

Lane – poole, Saladin, p. ٢١.

علي بيومي، قيام الدولة الايوبية، ٢٩.

عبدالنعيم محمد حسنين، سلاجقة ايران والعراق: ١٥٧.

سەرەنجامیش، بووە هۆی پەیدابوونی حکومەتگەلی ناوچەکان و، بە ئەتابەگییەکان دەناسران[١]، کە زۆربەی زەویەکانیان لە موڵکی دەوڵەت دامالی، تەنیا بەشەکەی ڕۆمی نەبێت لە ئاسیای بچووك کە تا درەنگانێك بەدەست سەلجووقیەکانەوە مایەوە و ناویان لێنرا (سەلجووقییە ڕۆمەکان)[٢].

لێکدانەوەی هۆی ئەم لاوازبوونەش ئەوەیە، ئەم جۆرە سیستەمە سەردەکەوت ئەگەر هاتبا و پیاوێکی بەهێزی وەك سوڵتان (ملکشاه/ ت ٤٨٥ك/ ١٠٩٢ز) سەرۆکایەتیی دەوڵەتەکەی کردبا، کە ترسی لە دڵی خەڵکەکەدا چاندبوو و، جڵەوی کاروباری دەوڵەتەکەشی توند لە دەستی خۆ گرتبوو، هەر خۆیشی سەرپەرشتیی سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی دەوڵەتەکەی دەکرد و، وەزیرێکی زیت و زیرەکی وەك (نظام الملك)[٣]یش یارمەتیی دەدا.

ئەم وەزیرە. هەر خۆی، سیستەمی دەرەبەگایەتیی لە دەوڵەتی سەلجووقیدا داهێنا. ئەوەتا، (عماد الکاتب) دەڵێت بەر لەوە دەرەبەگایەتی لە ئارادا نەبووە. کاتێکیش (نظام الملك) بۆی دەرکەوت کە زۆر زەحمەتە پارەی پێویست و دەغلودان بۆ دەوڵەت خڕبکاتەوە. هەستا زەویی بەسەر دۆست و دەستداکانیدا (الاجناد) دابڕ دابڕ (اقطاعات ـ دەرەبەگی) کرد بۆ ئەوەی ئاوەدانی بکەنەوە و تۆوی بکەن و بیچێنن و لەجیاتی مووچەی میری بەروبووم و داهاتی بۆ خۆیان بێت[٤].

---

(١) پاش کەمێکی دی، مانای زاراوەی (ئەتابەگ)یش شرۆڤە دەکەین.

(٢) احمد مختار العبادي، قيام دولة المماليك الاولى في مصر والشام، ص: ٧٧.

(٣) (نظام الملك) (حسن کوڕی علی کوڕی إسحق کوڕی العباس الطوسي)یەو، وەزیری بەناوبانگی سەلجووقییە و، سەرداری (مدرسە نیزامییەکانی) بەغدا و جێگایانی تریشە. بەدەستی فیدایییەکانی تایەفەی ئیسماعیلییە کوژرا (٤٨٥ك/ ١٠٩٢ز) الراوندي، راحة الصدور، ص ٢٠٩.

الکامل ١٠/ ٢٠٤.

البنداري، تأريخ دولة آل سلجوق، ص: ٥٩.

ابن خلکان ١/ ٣٩٥ ـ ٣٩٨. ط/ القاهرة.

(٤) البنداري: تأريخ دولة آل سلجوق، ص: ٥٥.

دەشتوانین پەیدابوونی ئەم ئەمارەتە ناوچەییانە[١] "ئەتابەگییانە" بە درێژەی ئەو دۆخە پچڕ پچڕە سیاسییە لە قەڵەم بدەین کە بەسەر ڕۆژهەڵاتی ئیسلامنشیندا تێپەڕی و، سەلجووقییەکان توانییان تا ماوەیەك کۆنترۆڵی بکەن ـ بەڵام هەندەی نەبرد، هەر زوو پچڕ پچڕییەکە بەهۆی سیستەمە (ئابووری و سەربازی و ئیداری)یەکەیانەوە کە نەیتوانی یەکێتییە زیندووکراوەکەیان بپارێزێت، سەری هەڵدایەوە.

ب- مانای ئەتابەگ:

ئەتابەگ لەبزێکی (وشەیەکی) تورکییە، لەدوو وشە پێکهاتووە: "ئەتا"، یان "ئەطا" بەمانای باوك دێت و، "بەگ" مانای (میر)ە[٢]یان خانەدانە یان گەورەیە یان شێخە (سەرۆکە). پێدەچێت وشەی "بەگ" لە "بیوگ"ی تورکییەوە سووابێت کە ئەکا (گەورە) یان (باپیرە).

گوتراویشە، وشەی "ئەتابەگ" مانای (بابە میرە)یە، مەبەستیش (باوکی میرەکانە)[٣]. بەڵام وشەکە، بەمانا و مەبەستی ئەوان (پەروەرشتکاری میر)[٤]ی

---

(١) ئەم ئەتابەگییانەش ئەمانەن:

١. ئەتابەگایەتیی موسڵ.
٢. ئەتابەگایەتیی حەڵەب.
٣. ئەتابەگایەتیی هەولێر.
٤. ئەتابەگایەتیی سنجار.
٥. ئەتابەگایەتیی دیمەشق.
٦. ئەتابەگایەتیی جزیرە.
٧. ئەتابەگایەتیی دیاربەکر
٨. ئەتابەگایەتیی ئازەربێجان.
٩. ئەتابەگایەتیی لۆرستان.
١٠. ئەتابەگایەتیی کرمان.
١١. ئەتابەگایەتیی ئەرمینیا.
١٢. ئەتابەگایەتیی فارس.

(٢) المقريزي، السلوك لمعرفة دول الملوك، ج١، ق١، ص ١٤٦، الهامش.

(٣) القلقشندي، صبح الاعشى في صناعة الانشاء، ص: ٤/ ١٨. ابن الأثير، الكامل ١٠/ ٨٠.

(٤) د. حسن الباشا، الالقاب الاسلامية: ١٢٣. احمد عطية الله، القاموس الاسلامي ١/ ١٨.

سەلجووقییە، یان (لەلەیە - لالایە) کە منداڵەکانی مەلیك دەلاوێنێ[1]. کەسانێکیش، دەڵێن "ئەتابەگ" نازناوێکە لەلای فارسەکان هەبووە نەك لەلای تورکان، فارسەکان ئەم نازناوەیان بە سەردارە فارسەکانی خۆیان لە ئاسیای بچووك، دەبەخشی، کە پاشان لەلای تورکان واتای (الصدر الاعظم) [2]ی دەگەیاند.

سوڵتان گەلی سەلجووقی ئەم نازناوەیان بەو میرانە دەبەخشی کە پەروەرشتی کوڕگەلی نابالغی سوڵتانەکانیان پێ دەسپێردرا، جا، لەپاداشتی ئەم ئەرکە و، ئەو ئەرکەی کاتی جەنگیش، کە دەگەیشتنە بەرەکانی شەڕ و ڕیزی لەشکر[3]، دەرەبەگایەتیشیان پێدەدان.

دیارە، مانای (ئەتابەگ) هەندێ گۆڕینی بەسەردا هاتووە، تا، بوو بە نازناوێك لە کەسێك دەنرا خزمەتی گەورەی خۆی کردبێ. کاتێکیش (نظام الملك) توانیی بەسەر هەڵپەی میری سەلجووقی قاورت (قاورد)دا کە تەماعی لە مەملەکەتی (ملکشاە)ی برازای کردبوو سەربکەوێ و بیگرێ و بیکوژێ (ساڵی ٤٦٥ك/ ١٠٧٢ز)، (ملکشاە) نازناوی (ئەتابەگ)ی پێبەخشی کە، بۆ ئەو دەمە بەرزترین نازناو بوو[4].

زیاتریش، پێدەچێ کە ئەو نازناوە لە نەریتە کۆنەکانی تورکەوە مابێتەوە، بەڵام بەکارهێنان و دەساو دەسکردنی وەك نازناوێکی شانازی، ئەوە، وەك ـ حسن الباشا دەڵێت ـ دواتر هاتە گۆڕێ، دوای ئەوەی کە تورکەکان لەجیهانی ئیسلامدا، بوون

---

(١)ابن خلكان، وفيات الاعيان، طبعة بيروت ١/ ٣٦٥.

(٢)رشيد عطية، معجم عطية، ص: ١٩٣.

(٣). حسن الباشا، الفنون الاسلامية والوظائف على الآثار العربية، ج١، ص: ٤٠.

Lane – Poole, the Muhamad, p. ١٥٩.

احمد مختار العبادي، قيام دولة المماليك، ص: ٧٧.

(٤) الكامل ١٠/ ٨٠.

القلقشندي، صبح الاعشى، ٤/ ١٨.

بەهێزێکی سیاسی[١]. لەبەر ئەوە، دەبینین ئەم نازناوە، پێش سەردەمی سەلجووقی دەماودەم نەگوازراوەتەوە و بەکارنەهاتووە[٢].

ج- ئەسڵ و ڕەسەنی ئەتابەگەکان:

ئەمانە میرانی تەلاری سەلجووقییەکانن، لەژێر سایەی سوڵتانەکاندا ژیاون و پێگەیشتوون، بەڕەسەنیش لەو تورکانەن کە لە ناوەندی ئاسیا و وڵاتی قەبجاقەوە هێنرابوون[٣]. هەرزوو، بەخێرایی بەناوچەیەکی بەرینی خاکی موسوڵمانانندا تەشەنەیان کرد و بڵاو بوونەوە بەتایبەتیش لەماوەی هەردوو سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچیدا. ئەو میرانە لە تەلاری سوڵتانەکانی[٤]سەلجووقیدا پلە و پایەی بەرز بەرزیان کەوتە دەست و، خزمەتی چاکی گەورە و سەروەری خۆیان کرد و، خۆیان لە پێناویاندا بەخت دەکرد، لەبەر ئەوەش کە جێگای باوەڕ و متمانەی

---

(١) د. حسن الباشا، الالقاب الاسلامية، ص ١٢٢.

د. حسن الباشا، الفنون الاسلامية، ١/ ٥.

(٢) كلود كاهين، مادة أتابك، دائرة المعارف الاسلامية، (المترجمة)، ط ١٩٦٩ مجلد ٢، ص ٤٥.

Lane -- Poole, Saladin, p. ١٥.

Lane – Poole, the Muham Dyna, p. ١٥٩

(٣) قەبجاق ڕەگەزێکە لە تورك، لە بیابانەکانی (دەشتەکانی) باکووردا دەژین، ئەمانە بە جەشنی بەدوی سارانشین کۆچەر و کۆڵ بەکۆڵ بوون، القلقشندی، صبح الاعشی، ٤/ ٤٥٦.. (شمس الدین سامی) دەڵێ: قەبجاق تیرەیەکە لە تورك، لەناوچەی چیاکانی ئۆراڵ، لەدەوروبەری ڕووباری فوڵگا دەژیان، (قاموس الاعلام)، ج٥، ص ٣٥٩٩، وەڵێ (فازیلی بارتولد) دەڵێت: قەبجاق نەتەوەیەکی سارانشینن (البدو)، ئاگاییان لە ئیسلام نییە و نەیانزانیوە ئیسلام ئایینە، وێڕای ئەوەش دوژمنی شارستانێتی ئیسلام نەبوون.. بنۆڕە، کتێبەکەی (تاریخ الترك في آسيا الصغرى)، ص ١١٢. لە لاپەڕەی (١١٥)یشدا دەڵێت: قەبجاق یەکێتی سیاسییان نەبوود و. دەوڵەتیان بۆ خۆیان دانەمەزراند و، لەوەش نەبوونە کە بە هەموویان یەك سەردار[illegible] هەبێت، پاشان (بارتولد) دێتە سەر باسی جموجووڵی سەربازیی ماوەی سەدەی شەشەمی کۆچی (سەدەی دوازدەمی زایین). کە ئەم تیرەیە نواند[illegible]

Lane - Poole, Saladin, p. ١٥

(٤) حسن ابراهيم حسن، تاريخ الاسلام السياسي، ٤/ ٦٠.

سـوڵتانەکان بـوون، ئـەرکی لەلـەیی و پـەروەردە کردنـی کـوڕانی سـوڵتانەکانیان پێسپێردرا، هەر لەبەر ئەوەشە کە نازناوی ئەتابەگ (باوە گەورە)یان پێبەخشراوە.

ئەسپاردنی ئـەو جۆرە ئەرکە بـەم کۆیلـە (ممالیـك) ئەتابەگانـە، بـوو بـە دابـو دەستووری تەلاری سەلجووقی، پاشان وەهای لێهات ئەتابەگ لـە مـیر (کوڕی سوڵتان) جیا نەدەبووەوە و لە هەڵسوکەوت و هاتوچوونیدا هەمیشە لەگەڵیدا بوو. ئەگەریش سـوڵتان کـوڕێکی خـۆی بکردایـە بـە سـەرداری شـارێ لـە شـارەکان، ئـەوا ئەتابـەگ لەخزمەتیدا دەچوو بەسیفەتی ئەوەی کە هەم پەروەرشتکارە، هەم باوکە و هەم ڕابەرێتی - بۆ ئەوەی لە هەڵسووڕاندنی حوکمدا یاریدەی بدات، بـەو سیفەتەی کە خـاوەن ئـاوەز و ئەزموونـە و، بـۆ ئـەوەش کـە ئامۆژگـاریی بکـات، بەتایبـەتیش ئامۆژگاریکردنی نابالغەکانیان[1].

بـەڵام، بـارودۆخ، بـەوەوە نەوەسـتاو بـەو شێوەیە نەچووە سـەر، ئەتابـەگ هـەر هەنـدەی زانیبـا کـە سـوڵتانەکان توانـستی حوکمکردنیـان نـەماوە، ئیـدی خـۆی دەسەپاند و ڕۆڵی سەرەکیی حوکمی دەوڵەتەکەی دەگرتە دەست و بە ئارەزووی خۆی گەمـەی بـە چارەنووسیان دەکرد. نـەك هـەر ئـەوە، بگـرە ئەتابـەگی وەهایـان تێدا دەرکـەوت، تاکـە تاکـەی نـاو بنەماڵـە سـەلجووقییەکانی لـە یـەکتر گـاڵ دەدا و دووبەرەکیی دەخستە ناویان و دڵیانی لێك پیس دەکرد[2]و، - کاریش وەها بـڕوات - ئەنجام، ئەتابەگەکان جێگای سەروەرەکانی خۆیان گرتەوە[3].

---

(١) كلود كاهين، مادة أتابك، دائرة المعارف الاسلامية، ط ١٩٦٩، ٢/ ٤٦.

د. حسن الباشا، الفنون الاسلامية والوظائف، ١/ ٤ ـ ٥.

Lane-Poole, Saladin, P. ١٥.

حسن ابراهيم حسن، تأريخ الاسلام السياسي ٤/ ٦١.

(٢) د. حسن الباشا، م، ن، ١٠/ ٦.

عبدالنعيم حسنين، سلاجقة ايران والعراق، ١٣٦.

(٣) كلود كاهين: م. ن، ص: ٤٧.

علي بيومي: قيام الدولة الايوبية، ص: ٣٠.

احمد مختار العبادي، قيام دولة المماليك، ص: ٧٧.

سەرهەڵدانی ئەو ئەتابەگانە، لەسەر شانۆی ڕووداوەکان، لەسەرەتاوە ڕوون و ئاشکرا نەبوو، بەڵام بە مردنی سوڵتان (مسعود) لە ساڵی (٥٤٧ك/ ١١٥٢ز)دا کە ئیدی ئەستێرەی سەلجووقییەکان بەرەو ئاوابوون دەچوو، ئەوجا ئەتابەگەکان دەستیانکرد بەگێڕانی ڕۆڵی گەورە و ترسناك و، بەمردنی سوڵتان (مسعود)یش بەختیاری لە بنەماڵەی سەلجووقییاندا نەما، ئیدی ببڕاو بڕ ئالآیەکی ئەوتۆیان نەشەکایەوە[1]. ئەوجا، خۆیان ئاشکرا کرد و، بوون بەخاوەنی فەرمان و سوڵتان، بەڵکو پلەو پایەکانی خۆشیان بەمیرات بۆ کوڕەکانیان بە جێدەهێشت[2]. بەوەشەوە نەوەستان، بگرە، وەك ڕێوڕەسمی سەردارانی سەلجووقی و سەردارانی دیکەش نازناو گەلیشیان[3]بۆخۆیان دائەتاشی.

ئنجا، دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین، ئەو میرانەی حوکمی ئەتابەگییەکانیان دەکرد، مەرج نییە هەموویان ئەتابەگ (واتا پەروەرشتکاری کوڕانی) سوڵتانەکانی سەلجووقی بووبن، بەڵکو ئەم جۆرە ئەتابەگانەش لە هەمان ئەو ماوەیەدا سەریان هەڵدا کە ئەتابەگە ڕاستەقینەکان حوکمی ئەمارەت و دەرەبەگایەتییەکانی سەلجووقییان دەکرد، لەبەر ئەوە، ئەوانیش ئەم نازناوەیان بەرکەوت، واتا

Lane - Poole, The Muham, Dynasty, P. ١٥٩.

(١) ابن الأثير، الكامل، ١١/ ١٦٠.

ابو الفداء، المختصر في اخبار البشر، ٤/ ٢٩.

ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ٥/ ٣٠٣.

(٢) لمقريزي، الخطط، طبع مطبعة بولاق بمصر ١٢٩٤، ٢/ ٢١٦.

م. سوبر نهيم M. Ssubernheim "مقال الاقطاع" في دائرة المعارف الاسلامية، ط ١٩٣٣، ٢/ ٤٧٨.

علي بيومي، قيام الدولة الايوبية، ص ٣٠ - ٣١.

حسن ابراهيم حسن، تأريخ الاسلام السياسي، ٤/ ٦١.

نظير حسن سعداوي، التأريخ الحربي المصري في عهد صلاح الدين، ص ٤.

كلود كاهين، مادة "اتابك" دائرة المعارف الاسلامية، ط ١٩٦٩، مجلد ٢/ ٤٧.

(٣) ابو يعلى حمزة ابن القلانسي، ذيل تأريخ دمشق، ص ٢٨٤.

ناولێنانیـان بـە ئەتابـەگ و، ناونـانی ئەمارەتەکانیـشیان بـە ئەتابەگایـەتی، تـەنیا و تەنیا، بۆ ڕاییکردن بوو و، هیچی تر.

دوو: پێرەشاری هەولێر و، سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی، لە سەدەی پێنجەمی کۆچی / (سەدەی یازدەمی زاییندا).

هەولێر[1]، وەك گرنگترین شارێك لە ناوچەی نێوان زێی گەورە و زێی بچووك، لە هەرێمی باکووری بەغدا و، لەنێوان هـەرێمی شـینایی (السواد) و هـەرێمی چیاکاندا، لەدوا چاخی حوکمی عەبباسییەکاندا، واتا لە سـەدەی شەشـەم و حەوتـەمی کۆچیدا سەری هەڵدایەوە و، شاری موسڵ نەبێ، وڵاتی جزیرە کەوتـە ژێـر ئاڵایـەوە و، وەهـای لێهات، بوو بە مەرکەزی وڵاتی شارەزوور[2]- ئەم شـارە، کـە ڕابوردوویـەکی زۆر کـۆنی هەیـە، لـەماوەی تەشـەنە کـردن و هـاتنی ئیـسلامدا، تـا چـەند سـەدەیەکیش، ببـووە شارۆچـکەیەکی بـچووك و بـێ نـاو و کـەم بایـەخ، بـەڵکو بـشبوو بـە (طـسوجێـك لـە طسوجـەکان)[3] واتـا ناحیەیـەك لـە ناحیـەکان، کـە بـە درێـژایی چـەندین سـەدەیش، زەمیـنی شـارانگەڕان و مێژوونووسـە ئیـسلامەکانی بـەلای خۆیـدا ڕانەکێـشابوو و، بەتـەواویش پشـتگوێ خـرابوو، بـەڵام نـاوە کـۆنەکـەی ئەربیـل، هـەر

---

(١) بەڵام شارانگەڕانی ئیسلام ناویان نابوو: (أربل).

(٢) أبو الفداء، تقويم البلدان، ص: ٤١٣.

القلقشندي، صبح الاعشى، ٤/ ٣٦٦.

شمس الدين سامي، قاموس الاعلام، ٢/ ٨٢١.

(٣) طسوج = ناحية، انظر ابن خرداذبة، المسالك والممالك، ص: ٦.

وابن رستة، الاعلاق النفيسة، ص: ١٠٧.

مایەوە(١) هەرچەندیشە بە کاریگەریی زۆرینەی نەتەوەکانی کە لەناو شارەکە و لەدەوروبەری شارەکەشدا دەژین، ناوە کۆنەکەی کەمێ گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە.

---

(١) وشەی ئەربیل، هەر هەمان ئەو (اربائیلۆ)، یان (اربیلۆ)یەیە کە لە نەخش و نیگارە دێرینەکانی بابلی و ئاشووریدا بەخەتی مسماری نووسراوە.

کەسانێکی پێوەندیداریش دەڵێن: مانای شاری (اربعة آلهة)یە چونکە لەو سەردەمەدا جێگای پەرستشی (اربعة آلهة) واتا (چوار خواوەندەکە) بووە. نەخش و نیگارە فارسییە دێرینەکانیش، کە، ئەویش، هەر بە خەتی مسماری نووسراوە، بە (ئەربیرا) ناوی دەبات... بنۆڕە (M. Streck)/ دائرة المعارف الاسلامية ط/ ١٩٣٣، مادة أربيل ١/ ٥٧٠.. عبدالرزاق الحسني في مجلة (لغة العرب) في مقال "لواء اربيل"، جـ ٨، ص ٦٠٩، ونفس المؤلف في (العراق قديماً وحديثا) ص ٢٣٦.. عبدالرزاق الهلالي، معجم العراق ١/ ٦٧.

بەڵام دانیشتوانی شارەکە (هۆلێر ـ هەولێر)ی پێدەڵێن، نەك (هاولێر)ی وەك ئەوەی (عبدالرزاق الهلالي) کە لە (معجم العراق)دا نووسیویەتی. ئەوەش گوتراوە: کە ئەم ناوە لە (اربائیلو) داتاشراوە دوای ئەوەی بەم قۆناغانەی خوارەوەدا تێپەڕ بووە: (اربائیلو ـ اربیلا ـ اربیل ـ ارویل ـ هۆرویل ـ هەولێر).

بنۆڕە: (عبدالرزاق الحسنی)، العراق قديماً وحديثا، ٢٣٦.

جێمس بکنگهام، رحلتي الى العراق، ١/ ١١٩.

بشیر فرنسیس و گۆرگیس عواد في مقال (اصول اسماء الامکنة العراقية)، مجلة سومر، مجلد ٨ لسنة ١٩٥٢، ص: ٢٥٠.

طه باقر و فؤاد سفر، المرشد الى موطن الآثار، الرحلة الخامسة، ص ٦.

وەڵێ (فؤاد جمیل) دەڵێ: کەسانێك وەهای بۆ دەچن کە (هولیر) دەچێتەوە سەر وشەی (خۆر)، چونکە (هیلیو ـ Helio) ئەکا (ڕەنگی ئاری)، ئەمەش لەسەر زمانی ئاسایی خەڵکەکەی، بەرە بەرە گۆڕاوە و بووە بە (هولێر) و (خورلێر) و، ئنجا بووەتە (هەولێر) بەو پێودانگەش، ئەم ناوە، ئەکا (شاری خۆر و پەرستشی خۆر)..

بنۆڕە گوتارەکەی (حدیاب.. اربیلا.. عشتار.. اربیلا) گۆڤاری (سومر) بەرگی ٢٥، ساڵی ١٩٦٩، پەراوێزی لاپەڕەی ٢٢٠. ئەوە، ڕای پرۆفیسۆری ئەڵمانی (خدنك)ە، حسين حزنی موکریانی پشتی پێ بەستووە. بنۆڕە کتێبی (اربیل في اربعة اعوام)، تألیف جماعة من شباب اربیل، طبع المؤسسة العامة للصحافة والطباعة، دار الجمهورية، بغداد، ص: ٨.←

گرنگی (أربيل) لە چاخە دێرینەکاندا ئەو کاتە ئاشکرابوو، کە، بوو بە بارەگای (ألهة)ی (عەشتار)ی ئاشووری. (أربيلو) لەم پێگەیەوە وەك "دلفس Delphes" شارە پیرۆزەکەی یۆنان[1] وایە، بگرە، لەبەر چاکی و نایابیی جێگەکەی، لە دلفسیش بەناوبانگتر بووە، چونکە کەوتبووە سەر جەمسەرە رێگاکانی کاروانەکان، لەبەر ئەوە ـ بەپێچەوانەی شارە ناودارەکانی دیکەی ئاشوور ـ چ شارەکە و چ ناوەکەی، بەدرێژایی سەدەکان بە نەمری مایەوە. ناوی شارەکانی ئاشوور، بەرە بەرە، نەمان[2] و لەبیر چوونەوە، بەڵام ناوی (أربيل) کەوتە سەر زمانی بازرگانان و کاروانچییان و بڵاو بووەوە. ئەم شارە، بەدرێژایی زیاتر لە (٣) سێ هەزار ساڵ[3] خۆی ڕاگرت و، ئەوەش، کە ناوی ئەربیلی لەو چاخە کۆنانەدا زەق و زۆپ هێشتەوە، شەڕە گەورە و

←سەیرەکەش لەوەدایە، کەسانێك هەوڵیان داوە و ویستوویانە ناوی شارەکە بکەن بە (ناوێکی کۆنی تورکی)، لەم بارەیەوە (شاکر عمر) نووسیویەتی کە ئەم ناوە لەدوو وشەی تورکی پێکهاتووە: (أر) واتا: (سەرباز، پیاو، گەورە، مێرد، ئەفەندی).... (بيل) واتا: (بزانە)... ئەم نووسینەی (شاکر عمر) تەنانەت کوێرە بەڵگەیەکی لاوازیشی لەپشتەوە نییە: بنۆڕە ڕۆژنامەی (الأهالي)، ژمارە/ ٧٧، ساڵی ١٩٥٩... بەڵام "دکتۆر کمال مظهر احمد" لەهەمان ڕۆژنامەدا، لە ژمارەکانی (٧٩، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٨٥، ٨٨)دا بەرپەرچی ئەو گوتارەی داوەتەوە، هەر بەو چەشنەش (جميل بندى رۆژبەيانى) لە ژمارەی (٨٦)ی هەمان ڕۆژنامەدا ڕەددی داوەتەوە. ئەوەش کە لە هەولێردا بەتورکمانی قسان دەکات، دەڵێن (ئێربل) یان (ئێرول). هیچ کەسێکیش لە خەڵکی شاری هەولێر، لەقسە و نووسینی عەرەبیدا نەبێ، لەبزی (اربيل)یان لێ نابیەیت.

(١) دلفی (دلفس): جێگەیەکە لە وڵاتی یۆنان، لەوەوە ناوبانگی پەیدا کردووە کە (کاهینەکانی) لەوێدا ڕێ و ڕەسمی خۆیان سازدەدا و، پەرستشگایەکی گەورەیان لێ دروست کردبوو. بنۆڕە: (الموسوعة العربية الميسرة)، ص ٨٠٠.

(٢) كي لسترانج، بلدان الخلافة الشرقية، ص ١٢٠. هەروەها: عبدالرزاق الحسنى، العراق قديماً وحديثاً، ص ٢٣٦، وانظر له ايضاً في مجلة (لغة العرب)، جـ٨، ص ٦٠٩ مقالة تحت عنوان لواء اربيل، (٦٠٢ ـ ٦٠٩).

(٣) (دوروثي مكي) لەکتێبی (مدن العراق القديمة)ی خۆیدا دەڵێت: ئەربیل تەنیا شاری ئاشوورییە کە هەتا ئێستا بە ئاوەدانی ماوەتەوە و، هەر بەو ناوە کۆنەشەوە ناسراوە: بنۆڕە: مجلة "لغة العرب" مجلد ٩ لسنة ١٩٣١، ص ٦٦٤... هەروەها: مجلة سومر، مجلد ٢٥ لسنة ١٩٦٩ بعنوان "حدياب... أربيلا ـ وعشتار أربيلا" لفؤاد جميل، ص ٢٢٠.

یەکلاکەرەوەکەی نێوان (ئەسکەندەری گەورە و دارای شای فارس) بوو کە ساڵی (٣٣١ پ. ز) لەنزیك ئەو شارەوە قەوما، ئەو شەڕە لە مێژووی دێریندا، بە (شەڕی ئەربیلا)[1] بەناوبانگە و، ئەو شەڕە بوو کە (ئەسکەندەر) شاری بابل پایتەختی یەکەم ئیمپراتۆرییەتی ناوچەکەی تێدا داگیر کرد[2]، کە ئەربیل لەو ڕۆژانەشدا هێشتا شارێکی بەناوبانگی ناوچەکە بوو. هەرچی هەرێمی دەوروبەری شارەکەیە، ئەوە، جار جارە پێی دەگوترا "ئەربیلیتس ـ Arbelitis" و، جاروباریش پێی دەگوترا "الزابین" واتا نێوان هەردوو زێ، چونکە دەکەوێتە بەینی هەردوو زێ[3]، هەروەها ناوی "ادیابین ـ Adiabene"[4] یش لێ نرابوو، واتا (حدیاب) چونکە خەڵکی پێشتری وڵاتی شام پێیان دەگوت (حدیاب) لەبەر ئەوەی (ئەربیل) مەرکەزی (پایتەختی) مەملەکەتی (حدیاب)ی ئارامییەکان بووە و، تا، ماوەیەکیش دەسەڵاتی

---

(١) د. طلیمات) بەهەڵەداچووە کە دەڵێت ئەم شارە، لەو ڕۆژەوە ئەم ناوەی لێنراوە کە شەڕەکەی (أربیلای ساڵی ٣٣١ پ. ز) قەوما، بنۆڕە کتێبەکەی (مظفر الدين كوكبوری امیر أربل) ص ١٨٩، کە بە تێنەگەیشتنەوە پشتی بە (دائرة المعارف الاسلامية)، مادە أربيل، ط ١٩٣٣ و، بەم ئینسۆکلۆپیدایەش بەستووە:

Encycl. Of Britannica (Irbil), v. ١٢, p. ٥٣٨.

(٢) بۆ زانینی چەند و چۆنیی ئەم شەڕە، بنۆڕە:

- الجنرال برسي سايكس، تأريخ ايران، ج١، ص ٢٤٢- ٢٥٣.

- مقال فؤاد جميل، (اريان – Arrian) يدون ايام الاسكندر الكبير في العراق في مجلة سومر، مجلد ٢١ لسنة ١٩٦٥، ص ٢٦٩ وما بعدها حيث يتكلم عن هذه المعركة، بنۆڕە: گوتاری هەمان نووسەر: حدياب.. أربيلا.. وعشتار – أربيلا، سومر، مجلد ٢٥ لسنة ١٩٦٩.

Encycl. Brit. ١٢, ٥٣٨.

بنۆڕە: حنا خبار، المعارك الفاصلة في التأريخ، ص ٢٩ – ٣٦.

(٣) كي لسترانج، بلدان الخلافة الشرقية، ص ١٢٠.

(٤) بنۆڕە: (م. سترك، دائرة المعارف الاسلامية، مادة أربيل، ط ١٩٣٣. ١/ ٥٧١.

لەرۆژاواوە گەیشتبووە فورات و، بەرەو باکووریش، گەیشتبووە (نصیبین) [(١)].

لەدوا نیوەی سەدەی دووەمی پێش لەدایکبوونی مەسیح، لە هەرێمەکەدا مەمنەکەتێکی بچووك دامەزرا توانیی تا ماوەیەکی درێژ، سەربەخۆیی خۆی بەرامبەر بە هەڵپە و تەماعی لایەنەکان، نەخاسمە دژ بە مرخی (تەماعی) دەوڵەتی فارسی ساسانی بپارێزێت. یەکێك لە مەلیکەکانی بەناوی "قردح" ناوبانگی پەیدا کرد و، قەلایەکی قایمکاری لەنزیك ئەربیل کرد بە بارەگای خۆی و، لەو قەلایەدا، خۆی لەشای ساسان (سابووری دووەم/ ل ٣٧٩ز) کە مەسیحییەکانی دەکوشت، یاخی کرد، چونکە (قردغ) مەسیحی بوو.. پاشان مەلیکی ساسانی توانیی مەملەکەتی ئەربیل سەروبن بکات[(٢)] و، ئەربیلیش بکات بە بەشێك لە ئیمپراتۆرییەتی ساسانی.

بەلام لە مێژووی ئیسلامدا، لەهەرسێ سەدەکەی بەرەوەیدا، هیچ بایەخێکی ئەم شارە بەرچاو نەکەوت و، مێژوو نووسانی ئیسلامیش لەباسی داگیرکردنی شارەکانی ولاتی جزیرە و شارەکانی ناو چیاکاندا، ناویان نەهێناوە - (البلاذري) کە زۆربەی قسەکانی (الواقدی) دەجاوێتەوە و، باسی داگیرکردنی شاری شارەزوور و شارەکانی نزیك بەشارەزوور دەکات و، دەڵێت فەرماندار (عتبة بن فرقد السلمي) ئەو شارانەی

---

(١) حدیاب، یان (حدیب) ناوێکی ئارامییە، بەلام لە سەرچاوە کلاسیکییەکاندا بە "ادیابین" هاتووە، ڕەنگە "زابین" کۆکردنەوەی ئەم ناوە بێت، چونکە ئارامییەکان (زاب) بەشێوەی (ذب) ئەدرکێنن، جا بەو پێودانگە، مەبەست لە (حدیاب) یان (ادیابین) هەرێمی دوو زێیەکەیە (الزابین). هەرێمی (حدیاب) لە رووی جوغرافیاوە، کەمێکی ماوە کە بەشێکی زۆر گەورەی ولاتی ئاشووری کۆن بگرێتەوە، تا، وای لێهات، جاروبار، لەجیاتی (ئاشوور) دەگوترا (ئاشوریا) واتا ولاتی ئاشوور- (طه باقر وفؤاد سفر)، المرشد الى مواطن الآثار والحضارة، الرحلة الخامسة، ط/ بغداد ١٩٦٦، ص ٤.

دەشبینین کاتێك (المقدسی البشاری) باسی هەرێمی جزیرە دەکات، بە هەرێمی (ئاقور) ناوی دەبات- بنوارە کتێبەکەی بەناوی "احسن التقاسیم في معرفة الاقالیم"، ص ١٣٦.

(٢) م. سترك: دائرة المعارف الاسلامية، مادة اربيل ١/ ٥٧٧.

داگیر کردووە، چونکە فەرمانـدار (عـزره بـن قـیس)[١] نـەیتوانی ئـەو ئەرکە بـەجێ بهێنێـت، کەچـی لـەو هـەموو باسوخواسـەدا، نـاوی ئـەربیلی نـەهێناوە.. - ئـەم مێژوونووسـە - هـەروەها دەڵێـت: موسـڵیش هەرهـەمان فەرمانـدار داگـیری کـرد. پێدەچێ ناونەهێنانی داگیرکردنی ئەربیل لەبەر ئەوە بـووبێ کە ببـو و بـە شـارێکی کەسنەناس و کەم بایەخ.

بەڵام ناوی شاری ئەربیل، لەدوا دوای سەدەی سێیەمی کۆچـی و بـەرایی سـەدەی چـوارەمدا (نۆیـەم و دەیـەمی لـەدایکبوون) کەوتـەوە سـەر زمانـان. (ابـن خرداذبـة) لەباسـی دابەشـکردنی (بەشـەکانی) عێراقـدا بـە (طـسوجیك = ناحیەیـەك) لـە طـسوجـەکانی هـەرێمی (الـسواد = شـینایی) (دل ایرانـشهر = واتـا دڵـی عـیراق)، نـاوی دەبـات. (قدامـة ابـن جعفـر)یـش[٢] هـەر بـە (طـسوج)ی دادەنێـت. ئەمـەش، ئـەوە دەگەیـەنێ کـە ئـەربیل، لـەو دەمـەدا شـارێکی بـچووك بـووە. دەشـبینین، هەنـدێ لـە جوغراڤ زانان وێڕای ئەوەش کە هاوزەمەنی (ابـن خرداذبـة) و (قدامـة ابـن جعفـر) بـوون و، ئەوانـەش کـە پـاش ئـەوان هاتنـە ئـاراوە، نـاوی ئـەربیلیان نـەهێناوە... (الاصطخري[٣]) و، (ابـن حوقـل النـصیبي[٤]) و، (البکـري[٥]) و، (المقدسـي[٦]) هـەموویان

---

(١) ابو القاسم بن عبدالله الخراساني في المسالك والممالك، ص ٦.

(٢) ابو الفرج قدامة بن جعفر الکاتب البغدادي في الخراج وصنعة الکتابة، ص ٢٣٥.

(٣)ابو اسحاق ابراهیم محمد الفارسي الکرخي الاصطخري في (مسالك الممالك).

(٤) ابو القاسم محمد بن حوقل النصیبي، ابن حوقل (ت ٣٦٧هـ) في (صورة الارض).

(ئەم شارانگەڕە باسـی (أرض حـزة) دەکـات و بـە (رسـتاق)ێـك لـە (ڕسـتاقەکانی) موسـڵی دادەنێـت.

هەروەها باسی (کفرعزي)یشی کردووە کە سەر بە ئەربیل بـووە، بـەڵام نـاوی خـودی ئـەربیلی نـەهێناوە . لاپـەڕەی ١٩٦ . (رسـاتق = کـۆی ڕسـتاق)، یـان (رزداق) مەبەسـت لـە شـینایی و گوندەکانە، بنۆڕە:

(ادي شیر)، معجم الالفاظ الفارسیة المعربة، ص: ٧١.

(٥) في کتابه (معجم ما استعجم من اسماء البلاد والمواضع).

(٦) المقدسي في (احسن التقاسیم في معرفة الأقالیم)، ص ١٣٦.

پشتگوێیان خستووە، لە کاتێکدا (المقدسي) کە دەکەوێتە باسی (آقور)، ناوی شارە نزیکەکانی ئەربیل دێنێت، هەروەهاش (ابن رستة) ناوی شارەکانی هەرێمی (ایرانشهر)ی هێناوە، تەنیا ئەربیل نەبێت[١]. هەرچەندیشە ئەم شارە کەوتووەتە ناوەندی ئەم هەرێمە. هەروەها (الیعقوبي)یش ناوی نەهێناوە[٢]. ئەم پشتگوێخستنە، تووشی ناودارترین مێژوونووسانی سەدەی سێیەم و بەرایی سەدەی چوارەمی کۆچی بووە، بەنموونە، وەك (الیعقوبي[٣]) و (الطبري[٤]و (المسعودي[٥]) کە بابەتی مێژوویی گشتیان نووسیوە.

پاشان ئەربیل، بەرە بەرە کەوتە بەرچاو، تا، بوو بە مەرکەزی ئەمارەتی (الهذبانیة = هەزەبانییەکان)، حوکمی ئەم ئەمارەتەش، هەتا، دوای ساڵی (٥٢٠ك/ ١١٢٦ز) درێژەی کێشا و، دوا میری ئەم ئەمارەتە (أبو الهیجاء) لە ململانێی نێوان خەلیفە (المسترشد بالله) و سوڵتانی سەلجووقی (محمود بن محمد بن ملکشاه) دا، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا، ئەوە بوو لە ساڵی (٥٢٠ ـ ٥٢١ك/ ١١٢٦ز)دا[٦]، بەخۆی و سەربازەکانیەوە چووە ڕیزی هێزەکانی ئەم سوڵتانە، هەروەها هەڵکەوتنی چەند زانایەکی خەڵکی هەولێر، وەك (أبو أحمد القاسم محمد بن المظفر علي الشهرزوري الشیباني الاربلي)[٧] کە لەساڵی (٤٨٩ك/ ١٠٩٦ز)[٨]دا لە موسڵ کۆچی دوایی کردووە و، باپیرەی شارەزوورییەکانی پێشتر بووە کە لە موسڵ و جزیرە و شام قەزاوەتیان کردووە و لە بابەتی فەرموودەکان و فیقهدا کۆششیان کردووە، ئەمانە هەمووی لەو

---

(١) الاعلاق النفیسه، ص ١٠٥ ـ ١٠٦.

(٢) في (کتاب البلدان).

(٣) في (تأریخ الیعقوبي).

(٤) في کتابه: (تأریخ الامم والملوك).

(٥) المسعودي في کتابیه (مروج الذهب) و (التنبیه والاشراف).

(٦) الکامل، ١٠/ ٦٣٨.

(٧) السمعاني، الانساب، ١/ ١٥٢.

(٨) ابن خلکان، وفیات الاعیان، ط القاهرة ٣/ ٢٣٢.

ماوەیەدا ناوی هەولێریان وەبەرچاو خستووە. کوڕەزای ئەو (القاسم)ەش؛ (کمال الدین محمد) و، کوڕی کمال الدینیش (محي الدین بن کمال الدین)[1] کە هەر لەو بنەماڵەیەن، ئەوانیش هەڵکەوتن و ناوبانگیان بۆ هەولێر پەیدا کرد. (أبو أحمد) ماوەیەك قەزاوەتی لە هەولێر گرتە دەست، پاشان چوو بۆ سنجار[2]. لەو ماوەیەدا کە لە هەولێر بوو، لە ساڵی (٤٥٣ك/ ١٠٦٠ز)[3]، (أبو بکر)ی کوڕی لەدایك بوو. (أبو بکر محمد) ناسراو بە (قاضي الخافقین)[4] لە ساڵی (٥٣٨ك/ ١١٤٣ز) لە بەغدا کۆچی دوایی کرد[5].

هەروەها، کوڕەکەی تریشی (أبو منصور المظفر) هەر لەم شارە، لەساڵی (٤٥٧ك/ ١٠٦٥ز)[6]دا لە دایك بووە و، لەساڵی (٥٣٦ك/ ١١٤١ز)[7]دا مردووە. بێجگە لەوانە کەسانی دیکەش هەبوون کە بە خەڵکی ئەربیل دانراون، لە ماوەی پێش دامەزراندنی ئەتابەگایەتی سەربەخۆی هەولێردا هەڵکەوتبوون و ناویان دەرکردبوو. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو شارە داویە لە فراوانی و بەر لە سەردەمی ئەتابەگایەتیش پێگە و جێگەی خۆی لەڕیزی شارەکانی ناوچەکەدا کردووەتەوە.

---

(١) م. ن. ص.

(٢) م. ن. ص.

(٣) ن. م. ٣/ ٢٣٣.

(٤) بەنازناوی (قاضي الخافقین) ناسراوە، چونکە لە وڵاتگەلێکی زۆردا قەزاوەتی کردووە... (ابن خلکان): ن. ص.

الأسنوي، طبقات الشافعية، ٢/ ٩٩.

(٥) ابن الجوزي، المنتظم، ١٠/ ١١٢.

ابن الصلاح الشهرزوري، مخطوط (طبقات الشافعية) في مكتبة الدراسات العليا - كلية الآداب - جامعة بغداد، تحت رقم (١٢٨٩) ورقة (٣١أ)، الصفدي، الوافي بالوفيات، ط٢ لسنة ١٣٨١هـ/ ١٩٦١م باعتناء هلمون ريتر ٤/ ٣٣٩.

السبكي، طبقات الشافعية الكبرى، طبعة الحسينية، ٤/ ٩٥ - ٩٦.

(٦) وفيات الأعيان ٣/ ٢٣٣.

(٧) السبكي، طبقات الشافعية، ط (الطناحي والحلو) ٧/ ٣٠١.

سێ: لە سەردەمی ئەتابەگیدا داگیرکردنی هەولێر و بەستنی بە ئەمارەتی موسڵەوە (٥٢٢ك - ١١٢٨ز) یان (٥٢٦ك - ١١٣١ز)

لە ماوەیەکدا، بەر لەوەی هەولێر بخرێتە سەر ئەمارەتە ئەتابەگیەکەی موسڵ، ئێلی هەزەبانی[١] حوکمی هەولێریان دەکرد. سەرۆکەکانی ئەم ئێلە کوردەش - نەخاسمە هەردوو کوڕەکەی (موسی الهذباني): عیسی و سالار[٢] - لە نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا (سەدەی یازدەمینی زاییندا) لەسەر سەروەرایەتیی ئەم شارە، لە ململانێدا بوون، بەڵام باسوخواسی حوکمڕانیی ئەم بنەماڵەیە بە ئاڵۆزی و پچڕ پچڕ گەیشتووەتە دەستمان[٣]. باسوخواسی میر (أبو الهیجاء بن موسك)ی کوردی هەزەبانی سەرداری هەولێر[٤]، لەساڵی (٥٠٠ك/ ١١٠٦ز)ەوە دەست پێدەکات، کە

---

(١) الهذبانیة: ئێلێکی گەورەی کوردە: ابن خلکان، وفیات الاعیان، ط القاهرة، ٦/ ١٣٩. ئەم ئێلە سەردەمێك حوکمی هەولێریان کردووە، ئەییوبییەکان لەم ئێلەن و، هۆزی (بني ایوب الروادیة)ش، بەرەبابێك بووە لەم ئێلە.

بنواڕە: ابن واصل، مفرج الکروب ١/ ٣.

المقریزي: السلوك، جـ ١ ق١، ص ٤٢.

(الخطط)، ٢/ ٢٣٣.

(٢) بنۆڕە: الکامل ٩/ ٥٣٩ (حوادث سنة ٤٣٧هـ)، دەبینین ئەم مێژوونووسە، ناوی ئەو دوو میرە (هذباني)یەی وەها: (أبا الحسن، وابا علي، ابنا موسك) نووسیوە واتا: کوڕانی (موسك) نەك (موسی).. بنۆڕە: الکامل ٩/ ٥٤٩، (حوادث سنة ٤٤٠هـ)... کوڕی دووەم، واتا: (أبو علي) تا، دوای ساڵی (٤٥٠)ی کۆچییش حوکمی هەولێری کردووە. بەڵام (ابن خلدون) دەڵێت: (ابنا موشك) واتا هەردوو کوڕەکەی (موشك).. ابن خلدون، کتاب العبر، ق١، مجلد ٤/ ٥٦٣.

(٣) بنۆڕە: الکامل: کە (ابن الأثیر) لەم کتێبەدا ڕووداوەکانی ساڵانی ٤٣٧، ٤٤٠، ٥٠٠، ٥٠٢، ٥١٢... تا، ساڵی (٥٢٠ك) کە پێوەندییان بە ڕووداوە سەربازییەکانی ئەم ئەمارەتەوە هەیە، هەمووی باس کردووە.

(٤) م. ن: ١٠/ ٤٢٣.

پێدەچێ دوا فەرمانڕانی هەزەبانی هەولێر بووبێت، بەر لەوەی (عماد الدین زنگی) داگیری بكات و بیخاتە سەر ئەتابەگییەكەی موسڵ.

وادیارە ئەم ئەمارەتە نەكاراوە (نەیتوانیوە) پشت بە تەنیا هێزی خۆی ببەستێ لەماوەی ململانێی سەختی ناوچەكە، نەخاسمە ململانێی نێوان خەلیفەكانی عەبباسی و سوڵتانەكانی سەلجووقی. میری (الهذباني)ی هەولێر ناچار بوو، دەبوو بچێتە پاڵ یەك لەو دوو هێزە و سەری سەلامەت بێت. لەبەر ئەوە دەبینین، لەشەڕە گەورەكەی نێوان خەلیفە (المسترشد بالله) (٥١٢ - ٥٢٩ك/ ١١١٨ - ١١٣٤ز) ونێوان سوڵتان مەحمودی سەلجووقی (٥١١ _ ٥٢٥ك/ ١١١٧ _ ١١٣٠ز) كە لە ساڵی (٥٢٠ك/ ١١٢٦ز)دا لە بەغدا ڕووی دا، سەرداری هەولێر (أبو الهیجاء الكوردي) كەوتەڕێ و، خۆی وەها پێشان دا كە گوایا شان بە شانی خەلیفە شەڕ دەكات. بەڵام خۆی و سەربازەكانی چوونە پاڵ سوڵتانی سەلجووقی و دژ بە خەلیفە وەستان[1]. بەوەش ئەمارەتی هەولێری هەزەبانی بوو بە دەسدا (تابع)ی سەلجووقیەكان. (ابن خلكان)یش ئەوە پشتڕاست دەكاتەوە، بە وەرگرتن لە (ابن المستوفي مێژوونووسی هەولێر كە گوتوویەتی: الطغرائي السید فخر الكتاب ابا اسماعیل الحسین بن علي بن محمد ابن عبدالصمد الملقب بمؤیدالدین الاصفهاني المنشئ السلجوقي الشهیر) بۆ ماوەیەك لە هەولێر وەزارەتی وەرگرتووە[2]. بەڵام ئەمە، مانای وایە، كە هەولێر بەر لە بەرواری ناوبراوی (٥٢٠ك/ ١١٢٦ز) چووەتە ژێر ئاڵای سەلجووقییەكانەوە، چونكە (الطغرائي)ی ناوبراو لە دەوروبەری ساڵی (٥١٥ك/ ١١٢١ز) دا كوژرا[3]. ئەمە لە لایەك،

---

(١) ابن الأثیر، الكامل، ١٠/ ٦٣٨. الباهر، ص ٣٠.

(٢) ابن خلكان، ١/ ٤٤١، ط ١٩٤٨، وكراس (ترجمان المتقدمین من الشعراء)، ص ٤٤.

E. A. Strandman, ١٨٦٦ ئەم نامیلكەیە دراوەتە پاڵ (ابن خلكان) بنۆڕە لاپەڕەی (١٠) لەو نامیلكەیە. كەچی دەبینین باسی كەسانێكی تێدایە كە دوای (ابن خلكان) مردوون. بنۆڕە: لاپەڕەی (٤١، ٤٢)ی نامیلكەكە.

(٣) باسی ساڵی كوژرانەكەی لە جێگایەكی تر دەكەین.

لـە لایـەکی تـرەوە، (ابـن واصـل) [1]دەگێڕێتـەوە، دەڵـێ: لـە سـاڵی (٥٢٦ك/ ١١٣١ز)دا، ئەتابەگ (عماد الدین زەنگی) هەولێری داگیر کـرد، بـەڵام ئێمـە نـازانین لـەو کاتـەدا، کێ، لە بریکاری سوڵتانی سـەلجووقی (مـسعود) حـوکمی هـەولێری دەکـرد؟ پێدەچێ مەبەست لەو بریکـارە (أبـو الهیجاء) بووبێـت، یـان ئـەم میرە، بـەر لـەو داگیرکردنـە، مردووە، کە ئێمە بەرواری مردنەکەی نازانین، سـا، بـە هـەرحاڵ، هـەولێر، کـاتی ئـەو داگیرکردنەی بە دەستی سەلجووقییەکانەوە بووە.

وا دیـارە، ئێلێکـی دیکـەی کـورد، بـۆ وەرگرتنـی حـوکمی هـەولێر[2]، لەگـەڵ (الهذبانیة)کاندا کەوتبنە کێبڕکێ، ئەوەش ئێلی (الحکمیة)یە، دووریـش نییـە هۆزێـك بێت لە هۆزەکانی هەزەبانی[3].

ئەوەش کە مێژوو نووسان دەربارەی کات و ساتی داگیرکردنی ئـەم شـارە دەیڵێن، کە (عیماد الـدین زەنگـی) داگیری کردبێ و خـستبێتیە سـەر ئەتابەگایـەتیی موسـڵ، دیسان وەکو یەك باسی مێژووی ئەو داگیرکردنە ناکەن؛ (أبـو شـامة) دەڵـێ: لـە سـاڵی ٥٢٢ك/ ١١٢٨ز داگـیری کـردووە[4]، (الـدواداری) [5]یـش دەڵـێ: بـەڵێ لـەو سـاڵدا داگـیری کردووە کە ڕەنگە لە (أبو شامة)وە وەری گرتبێ. (ابن قاضـي شـهبة) [6]یـش هـەروەها

---

(١) مفرج الکروب ١/ ٩٧.

(٢) (م. سـترك) لـە (دائـرة المعـارف الاسـلامیة) ط ١٩٣٣، مـادة أربیـل (١/ ٥٧٤)دا دەڵێـت: زۆرجـاران سەرۆکانی ئەم دوو ئێڵە – هەزەبانی و حکمیة – لەسەر ئەم شارە لە دوژمنایەتی و ململانێدا بوون)

(٣) سەرۆکانی ئەم دوو ئێڵەی سەردارانی ئەربیل، بە (ابو الهیجاء) ناوەبران.

(٤) کتاب الروضتین ١/ ٣٠

(٥) کنز الدرر، ص ٥٠٢.

(٦) الکواکب الدریة، ص ٩٣.

دەڵێت، كەچی (ابن العبري) دەڵێت هەولێر لەساڵی (١١٢٦ز)[1] ڕێكەوتی (٥٢٠ك) داگیر كراوە.

وا دیارە لەم كتێبەیدا بە هەڵە داچووە، چونكە، وەها زانراوە كە (عماد الدين زەنگی) لە ساڵی (٥٢١ك/ ١١٢٧ز)دا ئەمارەتەكەی خۆی لە موسڵ دامەزراند هەروەك خودی (ابن العبري) لە كتێبەكەی تریدا، دەیڵێت[2]. زەنگی، تا، ئەتابەگایەتی موسڵی دانەمەزراند، هەولێری نەگرت، هەموو سەرچاوەكانیش لەسەر ئەمە، كۆكن: بەخودی كتێبە ناوبراوەكەی (ابن العبري)یشەوە.

ئەمەش مانای ئەوەیە كە هەولێر یەكەم شار بووە، زەنگی داگیری كردبێ و خستبیە سەر ئەمارەتە تازەكەی خۆی، دەشبینین كە (أبو شامة) و (ابن العبري) و (الدواداري) و (ابن قاضي شهبة) ئەمانە، بەرواری گرتنی ئەم شارە دەخەنە پێش ئەو بەروارەی كە (أبو شامة) و هاوڕاكانی دیاریان كردووە. ڕەنگە، (سبط ابن الجوزي) لەوانە هەڵاوێرین، هەرچەندیشە بەرواری گرتنی شارەكە دیار ناكات، وەلێ دەیخاتە پێش ساڵی ٥٢٤ك/ ١١٢٩ز، ئەوەش لە قسەكانییەوە دیارەكە دەڵێت (عماد الدين زەنگی) لە ساڵی (٥٤١ك/ ١١٤٦ز)دا كوژراوە و، دەڵێت: "بەر لەساڵی ٥٢٤ك وڵاتێكی زۆری لە هەولێر و (جزيرة ابن عمر) و (سنجار) و (الرحبة) و جێگایانی تردا گرتووە[3]. هەرچی (ابن واصل)ە كە بە دوور و درێژی باسی گرتنی هەولێر دەكات، ئەو، دەڵێت: هەولێر لەساڵی (٥٢٦ك/ ١١٢١ز)دا داگیر كراوە[4].

---

(١)تأريخ الدول السرياني، ترجمة الأب اسحق السرياني الى العربية، ونشره في مجلة (المشرق الكاثوليكية، طبعة المطبعة الكاثوليكية، بيروت، مجلد (٤٦) لسنة ١٩٥٢، ص ٢٠٩.
Bar Hebraeus, The Chronography of Gregory, v. 1. p. ٢٥٣.

(٢) تأريخ مختصر الدول، ط ١٩٥٨.

(٣)مرآة الزمان، ٨/ ١٨٩.

(٤)مفرج الكروب، ١/ ٩٧.

پێدەچێ ئەم سەرلێشێوانە دەربارەی دیاریکردنی ساڵی گرتنی ئەم شارە لەوەوە پەیدا بووبێ کە ئەو مێژوو نووسانە هاودەمی ڕووداوەکە نەبوونە، هەرچەندیشە (أبو شامة) نەك هەر ساڵی داگیرکردنەکە، بگرە مانگەکەشی دیار کردووە، ئەوەتا، دەڵێت: (زەنگی لە ڕەمەزانی ساڵی پێنج سەد و بیست و دوودا هەولێری داگیر کرد)[1]. ئەو مێژوو نووسە هاودەمی ئەو گرتنەی ئەربیل نەبووە و، ناشزانین ئەو قسانەی لەکێ وەرگرتووە. پێدەچێ، ئەو مێژوو نوسانەش کە سەردەمی داگیرکردنی هەولێریان دیتووە، بەڵام ژیانی ماوەی بە ئەمارەتبوونی هەولێریان بە قسمەت نەبووە، باسی ساڵی داگیرکردنەکەیان پشتگوێ خستبێ و، بەهەواڵێکی گرنگیان دانەنابێ و، پێشبینی ئەوەشیان نەکردبێ کە ئەم شارە، بۆ ئایندەی، دەبێتە مەرکەز (پایتەختی) ئەمارەت، بەڵام باسی چالاکییەکانی سەرداری شارەکە (زین الدین علی کچکیان کردووە). وادیارە، ئەم پشتگوێ خستنە، زۆرتر، دەکەوێتە ئەستۆی (ابن القلانسی/ ت ٥٥٥ك/ ١١٦٠ز) و (ابن الجوزی/ ت ٥٩٧ك/ ١٢٠١ز)، ئەوەتا، یەکەمیان واتا (ابن القلانسی) باسی چالاکییەکانی موسڵی (زین الدین علی کچك)[2] دەکات و، دووەمیان بە دوورودرێژی باسی بەشداربوونی (زین الدین علی کچك) لە ڕووداوەکانی بەغدای نێوان خەلیفە و (سوڵتان محمدی سەلجووقی) دەکات کە لە ساڵی (٥٥١ - ٥٥٥ك/ ١١٥٦ - ١١٦٠ز)[3]دا قەوما، کەچی نەیانویستووە باسی چالاکییەکانی (زین الدین علی کچك لەگەڵ عیماد الدین زەنگی) دەربارەی گرتنی ئەربیل بکەن.

ئەوەی جێگای ڕامانە، ئەوەیە (ابن الأثیر) کە لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو ڕووداوانە بووە و، هاودەمی حوکمی هەردوو میر، کوڕانی (زین الدین علی کچك) بووە و، زۆر بە دوور و درێژی ڕووداو و کارەساتی ئەو زەمەنەی تۆمار کردووە، کەچی ئەویش

---

(١)کتاب الروضتین، ١/ ٣٠.

(٢)ذیل تأریخ دمشق، ص ٢٨١، ٣٠٧، ٣٣٧، ٣٥٨.

(٣)المنتظم، ج١٠، ص ١٦٤ ـ ١٦٥، ١٦٨ ـ ١٧١، ١٧٣ ـ ١٧٦.

کەمتەرخەمیی لە ڕووداوی گرتنی هەولێردا کردووە، هەرچەندیشە باسی هەموو شەڕەکانی (عماد الدين زەنگی)ی کردووە کە شارەکانی ناوچەکەی داگیر کردووە و، ساڵی گرتنی یەکبەیەکیشیانی نووسیوە، بە نموونە، باسی گرتنی قەڵاگەلی کوردانی (الحميديە)، وەك عەقرە (العقر) و، شوش[1] دەکات (ساڵی ٥٢٨ك/ ١١٣٣ز)، هەروەها گرتنی داقوق (کە ناوی ـ داقوقا ـ بووە) لەساڵی (٥٣١ك/ ١١٣٦ز)، گرتنی شارەزوور[2] و قەڵاکانی ساڵی (٥٣٤ك/ ١١٣٩ز)[3]. ئەم مێژوو نووسە، چجای ئەوەش کە باسی گرتنی هەولێری نەکردووە، بەڵام باسی داگیرکردنی قەڵاو قایمکارو شارگەلی ناوچەکەی کردووە و، بۆ بابەتی ئەم نووسینەمان بێ سوود نییە، چونکە لەو باسانەوە دەگەینە ئەوەی کە ئەم شارە لە ماوەیەکی بەر لە ساڵی (٥٣١ك/ ١١٣٦ز) دا گیراوە و، ناکرێ و ئەستەنگە بۆ (زەنگی) داقوقی بەر لە هەولێر داگیر کردبێ، چونکە هەولێر گرنگییەکی نائاسایی بۆ سەردارانی موسڵ هەیە و دەکەوێتە سەر ڕێگای نێوان موسڵ و داقوق.

هەرچی (ابن خلكان)ە - کە باسی سەرداران و گەورە پیاوانی هەولێر دەکات-، ئەویش بە چەشنی (ابن الأثير) هیچی لەبارەی داگیرکردنی ئەم شارەوە نەنووسیوە، کە، خۆی لەم شارەدا لەدایك بووە.

وێڕای ڕاڕایی و ناکۆکی لەنێوان مێژوونووساندا لەسەر مەسەلەی ساڵی داگیرکردنی شارەکە، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن (عماد الدين زەنگی) داگیری کرد، چونکە مەسەلەی (داگیر کردنی) ئەم شارە، ببوو بە مەسەلەیەکی ژیاری و پڕ بایەخ بۆ ئەمارەتەکەی خۆی. ئاساییشە هەموو سەردارێك پێویستە سەلامەتیی سنوورەکانی وڵاتەکەی خۆی لە هەموو مەترسییەکی ناگەهانی دەرەکی زامن بکات.

---

(١)بۆ زانینی ئەم قەڵایانە: بنۆڕە لاپەڕەکانی دوای لاپەڕەی (٥٥)، پەراوێزی (١)، تا دەیدۆزیتەوە.

(٢)شەرزور، شاری گەورە و بەرفراوانە، لە شاخەکانی نێوان هەولێر و هەمەدانـدا، خەڵکەکەی هەموویان کوردن،.. ياقوت، معجم البلدان، ٣/ ٣٧٥.

(٣)ئەو ڕووداوانە لە (الكامل، ج١١، الباهر)دا باس کراون.

دامەزرێنەری ئەتابەگایەتیی موسڵیش ئەم ئەرکەی بەجێ هێنا، چونکە بەڕاستی نەزانی واز لە هەولێر بهێنێ و گرنگیی ئەم شارە وەلاوە بنێ، هەولێر ببووە دەروازەیەك ئەمارەتی موسڵی لەناوچەی چیاکانی ڕۆژهەڵات جیا دەکردەوە و، وڵاتی جزیرەشی لە وڵاتی فارس دابڕ دەکرد. لەبەر ئەوە (عماد الدين زەنگی) فووی لەدۆ نەکرد و کوشتارێکی گەرمی دژ بە بریکاری سوڵتانی سەلجووقی[1](مسعود بن محمد بن ملكشاه)ی سوڵتانی ئازەربێجان بەرپا کرد، کە ئەوکات حوکمی شارەکەی دەکرد. (عماد الدين زەنگی) لەم شەڕەیدا هەندێ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام بریکاری سوڵتان توانیی بیداتە دواوە و خۆی و هێزەکانیشی لە قەڵای[2] شارەکەدا خۆیان قایم کرد. پاشان، بریکارەکە هەواڵی ئەم هەرایەی ناوشاری گەیاندە سوڵتان، سوڵتانیش هەرکە ئەمەی بیست، دەستبەجێ بۆ داکۆکی لە حوکمی سەلجووقی کەوتە خۆ و، دەیزانی ئەم ڕەفتارەی ئەتابەگ زەنگی کارێکی ترسناکە و، بەدووریشی نەزانی ئەنجامێکی خراپی لێ بکەوێتەوە. لەبەر ئەوە بەخۆی و لەشکرێکەوە، بۆ فریاکەوتنی بریکارەکەی گەیشتە هەولێر. ئەوجا، ئەتابەگ ناچار گەمارۆکەی لابرد و بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ موسڵ، بەڵام لە ڕێگا، لەسەر زێی ژووروو دابەزی و، کەوتە چاوەڕوانی تا بزانێ کار دەگات بە چی، ئنجا دەستی کرد بە ناردنی تەتەر و نامە و نامەکاری لەگەڵ سوڵتان تا گەیشتە ئەوەی ڕێکەوتننامەیەك لەنێوان هەردووکیاندا مۆر بکەن، کە بەپێی دەقی ئەو ڕێکەوتننامەیە، ئەتابەگ زەنگی بکەوێتە خزمەتی سوڵتان و، وەك ناوبژیوان و دەمڕاستێك بکەوێتە نێوان ئەو و

---

(١) (ابن واصل) و، مێژوو نووسەکانی دیکەش ناوی ئەم بریکارەیان نەنووسیوە، وەلێ، وەك پێشتر باسمان کرد، پێدەچێ (ابو الهيجاء الهذباني) بووبێت.

(٢) ابن واصل، مفرج الكروب ١/ ٩٧.

خەلیفە (المسترشد)، ئەمە خوایە، خەلیفە دانی پێدا بنێ و بە فەرمی بیکات بە سوڵتان و، لە مینبەرەکانی بەغدایشدا بەناوی سوڵتانەوە خوتبە بدرێت[١].

ئیدی، سوڵتان بەپێی ئەو رێکەوتننامەیە، هەولێری رادەستی ئەتابەگی موسڵ (عماد الدین زەنگی) کرد و، ئەویش بەناوی میر (زین الدین علی کچك)ەوە دایبڕی[٢]. ئیدی لەو رووداوە بەملاوە، بووە بەشێك لە ئەتابەگایەتیی موسڵ.

چوار: ئەتابەگ (زین الدین علی کچك کوڕی بکتگین کوڕی محمد) دامەزرێنەری ئەمارەتی ئەتابەگایەتیی هەولێر:

وەها زانراوە کە میر (زین الدین علی کچك) [٣]پۆستی فەرماندەی لەشکری موسڵی بە دەستەوە بووە، جا، لەبەر ئەوەش کە بریکاری ئەتابەگی ئەم شارە بووە، سیاسەتەی ئەتابەگایەتییەکەیشی هەڵدەسووڕاند و بریکار (نوێنەر)ی خۆیشی دەنارد بۆ هەولێر کە حوکمی شارەکە بەڕێوەببەن. لەبەر ئەوە ناتوانین ژیانی ئەم میرە بە بەشێك لە مێژووی هەولێر دابنێین. بەڵام لەبەر ئەوەی کە خۆی ئەمارەتی هەولێری دامەزراندووە و، ئەو کەسانەش کە دوای گرتنی شارەکە، تا خۆی لە موسڵ بووبێ - حوکمی هەولێریان کردووە، بریکاری خۆی بوونە و، لەبەر ئەوەش باوکی

---

(١) ابن الأثیر)، لە (الکامل) دا باسی ئەم رووداوە لەگەڵ رووداوەکانی ساڵی (٥٢٦ك)دا، دەکات بەبێ ئەوەی ئاماژە بە گرتنی هەولێر بدات.. الکامل ١٠/ ٦٧٥ - ٦٧٦.

(٢)مفرج الکروب ١/ ٩٧.

(٣) وشەی (کچك) یان (کوچك) لەبزێکی تورکییە، ئەکا (بچووك)، واتا: (کورتە باڵا)... ابن خلکان، وفیات الاعیان: ٣/ ٢٧٠.

سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٨/ ٢٧٣.

ئەسڵی وشەکەش تورکییە، وەلێ لە فارسی و کوردیشدا هەیە. بنۆڕە: شمس الدین سامی، قاموس ترکی، ص ١١٩٢.

ئەو دوو میرە بووە کە دوو بەش لە سێ بەشی سەدەیەك حوکمی هەولێریان کردووە، نەخاسمە کە ئەمارەتەکەش بەشێك بوو لە موسڵ، جا، لەبەر ئەوانە، نابێ لەبیری بکەین و، پێویستە، کەموزۆر، ڕەوشی ژیان و چالاکییەکانی بخەینە بەرچاو.

ا – لەدایکبوونی (زین الدین علی کچك):

ساڵی لەدایکبوونی ئەم میرە، بەتەواویی، نازانین، وەلێ بەپێی گێڕانەوەی هەندێ لەمێژونووسان، کەموزۆر، دەتوانین بیزانین. (ابن خلکان) دەڵێت - کەسانی دیکەش هەر لەو دەگێڕنەوە - کە (زین الدین علی کچك) تەمەنی درێژی بەسەر بردووە و، دەڵێن سەد ساڵی تێپەڕ کردووە[1]، جا، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، ئەوا، دەبێ لەساڵی (٤٦٣ك/ ١٠٧٠ز)دا لەدایك بووبێت، چونکە، لەساڵی (٥٦٣ك/ ١١٦٨ز)دا مردووە.

بەهەرحاڵ، ئەوەی کە دێتە ڕێگامان دەقی قسەکەی (ابن الأثیر)ە، کە باسی ژیانی (عماد الدین زەنگی) دەکات و دەڵێت: "کە - قسیم الدولة آقسنقر - کوژرا، (عماد زەنگی)ی کوڕی، جێگای گرتەوە، بەڵام (عمادالدین زەنگی) ئەو کات منداڵێکی - دە ساڵان - بوو، کۆیلە و برادەرانی باوکی لە دەوری خڕ بوونەوە، (زین الدین علی کچك)یشیان لەگەڵدابوو، ئەمیش هەر منداڵ بوو[2]."

خۆ ئەگەر بزانین کە (آقسنقر) لە ساڵی (٤٨٧ك/ ١٠٩٤ز) کوژراوە و، تەمەنی کوڕەکەی ئەو کات، دە ساڵ بووبێت، ئەوە مانای وەهایە کە ئەو کوڕە لە دەوروبەری ساڵی (٤٧٧ك/ ١٠٨٤ز)دا لەدایك بووە، لەدایکبوونی (زین الدین علی کچك)یش هەر بەو پێودانگەیە. بەهەر حاڵ ئەگەر پشت بە قسەکانی (ابن الأثیر)یش ببەستین،

---

(١) ابن خلکان، وفیات الاعیان، ٣/ ٢٧٠.

الذهبي، العبر في خبر من عبر، ٤/ ١٨٢.

ابن العماد، شذرات الذهب، ٤/ ٢٠٩.

(٢) ابن الأثیر، الباهر، ص ١٥.. ابوشامة، کتاب الروضتین ١/ ٢٧. (دواداری)یش دەڵێت: زەنگی، کاتێ باوکی مرد، هێشتا باڵغ نەبوو بوو، سەیری کتێبەکەی بکە: (کنز الدرر وجامع الغرر) ص ٤٩٩.

ئەوا، (زین الدین علی کچك) رێك، لە دەوروبەری تەمەنی نەوەد ساڵیدا بووە کاتێ کە مردووە.

ب – بەشداریکردنی (زین الدین علی کچك) لە دامەزراندنی ئەتابەگایەتیی موسڵدا (٥٢١ك/ ١١٢٧ن):

ئەم میرە، بەشدارییەکی چالاك و کارای لە دامەزراندنی ئەتابەگایەتیی موسڵدا کردووە و[1]، پشتی (عماد الدین زەنگیی) گرتووە و، دنەی داوە کە ئاواتی خۆی بێنێتە دی و، واز لە دوودڵی و ڕاڕایی بێنێت. ئەوە بوو، کاتێ کە (زەنگی) لە (بصره) بوو، (آقسنقر البرسقی[2]- کە میرێك بوو لە میرەکانی سوڵتانی سەلجووقی محمودی کوری سوڵتان مسعود) ناردی بەشوێنیا کە بێت بۆ لای بۆ موسڵ - ئەو دەمە (البرسقی) لە بریکاریی ئەم سوڵتانەدا حوکمی موسڵی دەکرد - بەڵام زەنگی حەزی نەدەکرد لەگەڵ (البرسقي)دا کاربکات، لەبەر ئەوە، هاوڕێ و هەڤاڵانی خۆی خڕکردەوە و، لەگەڵیاندا کەوتە ڕاوێژکاری و گوتی: "لەم ژیانە بێزار بووین، هەر ڕۆژە و میرێك حوکمی ئەو وڵاتە دەکات، فەرمانیشمان پێ دەدرێت کە بە قسەی بکەین و، بەئارەزووی ئەو هەڵسوروڕێین، ئیدی بەهەوەسی خۆی.. جارێك لە عیراق داماندەنێ و، جارێك لەموسڵ و، جارێك لە وڵاتی جزیرە و، جارێکیش لە شام، جا، ئێوە ڕاتان چییە و چی بکەم باشە[3]؟

لە وەڵامدا (زین الدین علی کچك) کە - وەك (ابن الأثیر) دەڵێ دۆستێکی دڵسۆزی (عماد الدین زەنگی بووە - هەڵیدایە و گوتی: "تورکمان، مەسەلێکیان هەیە، دەڵێت،

---

(١)لەبارەی ئەم ئەتابەگایەتی و، حوکمی (عماد الدین زەنگی) یەوە، بنۆڕە: (الدکتور عماد الدین خلیل، عماد الدین زنکي، رسالة ماجستیر، طبعة الدار العلمیة، بیروت ١٩٧١.

(٢)لە ساڵانی (٥١٥ك) حوکمی موسڵی لەدەست بوو، تا کوژرانی بەدەست یەك لە فیدائییەکانی ئیسماعیلییەکان.

(٣) الباهر، ٢٧.

ئەگەر بەردێك دەخەیتە سەر سەرت، بەردی چیایەکی گەورە بێت باشترە"، جا ئێمەش ئەگەر بمانەوێت خزمەتی خەڵك بکەین، ئەوا سوڵتانی سەلجووقی گەورەترە و چاکترە. (عماد الدین زەنگی) قەناعەتی بە قسەکەی هێنا و، هەستا، لە (بصرە)وە بەرەو (أصفهان) کەوتەڕێ و خۆی گەیاندە لای سوڵتان مەحمود - ئەمە لەساڵی (٥١٧ك/ ١١٢٣ز)[١] دا رووی دا. ئیدی لەو کاتەوە (زین الدین علی کچك) بووە ناودارترین میر لە میرەکانی (عماد الدین زەنگی)، ئەمیش هەرکاتێ تووشی گێچەڵێك ببوایە، بەو میرەی دەگوت: "ها... علي (واتا زین الدین علي).. ئەوا، بەقسەی تۆمان کرد و[٢]بەردە گەورەکەمان خستە سەر سەری خۆمان."

لە ساڵی (٥٢١ك/ ١١٢٧ز) (عماد الدین زەنگی) توانیی ئەتابەگایەتیی موسڵ دابمەزرێنێت، بۆ ساڵی دواتر ٥٢٢ك (یان ٥٢٦ك) زەنگی ئەربیلی داگیر کرد و رادەستی (زین الدین علی کچك)ی کرد، ئەمیش بووە جێگای متمانەی ئەو و، بەردەوام لەژێر ئاڵاو ئیتاعەتیدا مایەوە و... لەساڵی (٥٣٩ك/ ١١٤٤ز)دا (نصیر الدین جقر)ی بریکاری (جێگری) ئەتابەگ لە موسڵ بە دەستی (الب أرسلان) ناسراو بە (الخفاجی بن السلطان محمود) کوژرا، هەواڵی کوژرانی گەیشتە ئەتابەگ (عماد الدین زەنگی) لە کاتێکدا کە بە گەمارۆدانی قەڵای (البیرة)[٣] وە سەرگەرم بوو، هەندەی نەمابوو داگیری بکات، بەڵام کە ئەم هەواڵەی پێ گەیشت، لەوە ترسا کە وڵاتەکەی لێ یاخی ببێت و بقەومێت، لەبەر ئەوە وازی لە گەمارۆکە هێنا و، (زین الدین علی کچك)ی نارد بۆ قەڵای موسڵ تا جێگەی جێگرە کوژراوەکەی بگرێتەوە[٤].

---

(١) ن. م. ص.

(٢) ن. م. ص.

(٣) (البیرة): شارۆچکەیەکە، نزیك بە (سمیساط) دەکەوێتە نێوان حەلەب و بەندەرە رۆمییەکانەوە، قەڵایەکی قایمە، یاقوت ١/ ٥٢٦.

(٤) البنداري، تأريخ دولة آل سلجوق، ص ١٨٨. الکامل ١١/ ١٠٢. ابن العدیم، زبدة الحلب، ٢/ ٢٨١.

(زین الدین علی) لە موسڵ کەوتە پێڕۆکردنی سیاسەتێکی بەئاوەز و هەڤیانەت، بە پێچەوانەی سیاسەتە چەوتەکەی (نصیرالدین جقر)، لەبەر ئەوە خەڵکەکەی دڵنیاییان لێ پەیدا کرد و، وڵاتەکە زێتر کەوتە ئاوەدانی[1] و خۆشگوزەرانی و، هەندێ سەرچاوەش دەڵێن کە ئەتابەگ زەنگی دوا بەدوای گرتنی شاری (الرها)[2](٥٣٩ك/ ١١٤٤ز)، (زین الدین علی)ی دامەزراندووە بە سەرداری ئەم شارە، (زین الدین علی)یش خۆئاسایی، بە ئاوەز و بە نەرمی[3] بەرێوەی بردووە.

کاتێکیش کە (زەنگی) کوژرا (٥٤١ك/ ١١٤٦ز)[4]، (زین الدین علی کچك) بەیارمەتیی وەزیری ئەتابەگی (جمال الدین الاصفهانی) و، (صلاح الدین الیاغسیانی) لەپاش (زەنگی) تەختی ئەتابەگییەکەیان پاراست و دژ بە هەڵپەی (الب أرسلان)ی کوڕی سوڵتان محمود راوەستان کە دەیویست هەلی ئاژاوەی کوژرانی ئەتابەگ

---

(١) ابن القلانسي، ذيل تأريخ دمشق، ٢٨١.

ابن الأثير، الباهر، ص ٧٣.

ابو شامة، الروضتين، ١/ ٤١، ابن واصل، مفرج الكروب، ١/ ٩٦.

ابن خلكان، وفيات، ١/ ٣١٦، ط ١٩٤٨.

(٢) شارێکی جزیرەیە، دەکەوێتە نێوان موسڵ و شامەوە: یاقوت، معجم البلدان، ٣/ ١٠٦.

لە سەرچاوە رۆژاوایی و مەسیحییەکانیشدا بە (ادیسا = Edessa) ناودەبرێت، ئێستا کەوتووەتە ناو سنوری تورکیاوە و پێیدەڵێن (ئورفە).

Segal, I. b. Edessa The blesses City, p. ٢٤٧.

(٣) ستيفن رنسيمان، تأريخ الحروب الصليبية، ج ٢، ص ٣٨٢.

سەرچاوە عەرەبییەکان هەواڵی ئەم دامەزراندنە نالێن، پێدەچێ ئەم دوو مێژوو نووسە لە سەرچاوە لاتینی یان ئەرمەنییەکانەوە وەریانگرتبێت.

(٤) (زەنگی) بەدەستی نۆکەرەکەی خۆی (برنقش) لە کاتێکدا کوژرا کە گەمارۆی قەڵای (جعبر)ی دابوو. ئەم قەڵایە، لەسەر فورات، لە (صفین)ەوە نزیکە و، پێیان دەگوت قەڵای (دوسر): بنۆڕە - ابن القلانسي، ذيل تأريخ دمشق ٢٨٤ - ٢٨٥. ابن الجوزي، المنتظم، ١٠/ ١١٩. الكامل، ١١/ ١١٠.

سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٨/ ١٩١.

ابن خلكان، ط القاهرة، ٢/ ٨٠.

ابن قاضي شهبة، الكواكب الدرية في السيرة النورية ١١٩.

بقۆزێتەوە، بەڵام، ئەوان نەیانهێشت سوود لەو هەلە ببینێ، ئەوە بوو، (زین الدین علی) دەستبەجێ زەلامی نارد بۆ لای میر (سیف الدین غازی)ی کوڕە گەورەی (عماد الدین زەنگی) کە لەو دەمەدا لەحیاتی باوکی حوکمی شارەزووری دەکرد. ئەویش بەهەڵەداوان، بەر لەوەی پیلانەکەی (ألب أرسلان) [1]سەر بگرێ، گەیشتەجێ و، تەختی ئەتابەگییەکەی گرتە دەست و، کوچکەکانی دەوڵەتەکەی باوکی[2] بەر قەرار ڕاگرت و، حوکمی (زین الدین علی)ی بەسەر قەڵای موسڵدا چەسپاند و، بگرە زەویی زێتریشی بۆ دابڕی و پێگە و جێگەیشی بەرزتر کردەوە[3].

ج- (زین الدین علی کچك) لە سەردەمی (قطب الدین مودود)دا، ٥٤٤ - ٥٦٥ك/ ١١٤٩ - ١١٦٩ز:

لە ساڵی (٥٤٤ك/ ١١٤٩ز)دا، ئەتابەگ (سیف الدین غازی) بە نەخۆشی، مرد و، بڕیاردرا کە (قطب الدین مودود بن زنگی) [4]ی برای حوکم بگرێتە دەست. ئەمیش حوکمی موسڵی وەرگرت و (زین الدین علی)ی کرد بە بریکاری خۆی. ئەستێرەی

---

(١) البنداري، تأريخ دولة آل سلجوق، ص: ١٩٠.
الكامل، ١١/ ١١٣.
الباهر، ٨٥ ـ ٨٦.
سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٨/ ١٩١.
وفيات الاعيان، ط القاهرة، ٣/ ١٧٦.
ابن العبري، تأريخ مختصر الدول، ص ٢٠٧.
K. M. Setton, A History of The Crusades, V. I, P. ٤٦٢.
(٢) الباهر، ٨٦.
ميرخواند، تأريخ روضة الصفا، ٤/ ٥٩٦.
هەرچی (نور الدین محمود)ە، کە کوڕی دووەمی ئەتابەگە، لە ناکاودا، لە هەموویان ڕاپەڕی و پەنجەوانەکەی باوکی لەگەڵ خۆیدا برد و، خۆی گەیاندە حەڵەب و چووە لای مەلیکی حەڵەب، ئیدی، بەوەش؛ ئەتابەگایەتییەکەی زەنگی، بوو بە دوو بەش، بەشی موسڵ، بۆ (سیف الدین غازی) و، بەشی حەڵەبیش کەوتە دەست (نور الدین محمود الشهید).
(٣) الباهر ٩٢ ـ ٩٣.
(٤) ابن القلانسي، ذيل تأريخ دمشق، ص ٣٠٦.
الباهر، ٩٤. الكامل ١١/ ١٣٩. أبو الفداء، المختصر في اخبار البشر، ٣/ ٢١.

بەختی ئەم میرە، لە سەردەمی حوكمی ئەم ئەتابەگەدا، لە ڕۆژانی پێشتر زێتر دەدرەوشایەوە. ئەم میرە، واتا (زین الدین علی) سەرەڕای پۆستی بریكاری ئەتابەگ، كرا بە فەرمانداری لەشكری موسڵ و لەشەڕەكانی ناوچەكەدا بەشداریی كرد، نەخاسمە لە شەڕەكانی نێوان خودی سەلجووقییەكاندا كە لەسەر تەختی بەغدا و، بۆئەوەش كە خوتبە بە ناویانەوە بدرێت، لە كێبڕكێ و ململانێدا بوون.

بە نموونە، لە ساڵی (٥٥١ك/ ١١٥٦ز)دا ناكۆكییەك لەنێوان سوڵتان (محمد بن محمود) و، مامیدا (سلیمان شاه ابن السلطان محمد بن ملكشاه) هەڵایسا و، خەلیفەی بەغدا (المقتفي لأمر الله) لایەنی (سلیمان)ی دەگرت و یاریدەی دەدا، كاتێكیش كوشتار لەنێوانیاندا قەوما، سوڵتان محمد، بە كۆمەكی ئەتابەگی موسڵ (قطب الدین مودود)[١] بەسەر (سلیمان)دا سەركەوت، سلیمان هەڵات و، بەنیازبوو لەڕێگای شارەزوورەوە خۆی بگەیەنێتە بەغدا - بەڵام شارەزوور، ئەو دەمە بەشێك بوو لە موڵكی (زین الدین علی كچك) و، لەجیاتی خۆی، میر (بزان) حوكمی دەكرد[٢]. ئەم دووانە كەوتنە سووسەی هاتنی سوڵتانی بەزیوو، بۆسەیان بۆ نایەوە و گرتیان. ئەوجا (زین الدین علی) بردی بۆ موسڵ و، لەوێ، لە بەندیخانەی توند كرد[٣].

پاش چەندین ساڵ (سلیمان شاه) لەسەر داوای میرە سەلجووقییەكانی هەمەدان (٥٥٥ك/ ١١٦٠ز) لە بەندی ئازاد كرا، چونكە ئەو میرانە، دوای مردنی سوڵتان (محمد بن محمود)[٤] بەنیاز بوون، لەجێگای ئەم سوڵتانە بیخەنە سەر تەخت. ئەوە بوو (سلیمان شاه) لەگەڵ (زین الدین علی) پێكەوە. بەرەو هەمەدان كەوتنە ڕێ و، لەسەر

---

(١) ابن الجوزي، المنتظم، ١٠/ ١٦٥. البنداري، تأريخ دولة آل سلجوق، ٢٢٢.

الكامل ١١/ ٢٠٧. تأريخ ابن الوردي ٢/ ٨٠.

(٢) الباهر، ١٠٨ ـ ١٠٩. الكامل ١١/ ٢٠٧.

(٣) الحسيني، اخبار الدولة السلجوقية، ١٤٢.

البنداري، تأريخ دولة آل سلجوق، ٢٢٢.

(٤) الحسيني، اخبار الدولة السلجوقية، ١٤٣.

البنداري، تأريخ دولة آل سلجوق، ٢٦٤. الراوندي، راحة الصدور، ٣٩٣. الكامل ١١/ ٢٥٤. الصفدي، الوافي، ٥/ ٨.

ابن الوردي، تأريخ ابن الوردي، ٢/ ٨٨.

ئـــەوەش پێکهـــاتن کـــە یەکێتییـــەك لـــە نێـــوان ســـەرکردایەتیی (مەملەکەتـــە سەلجووقییەکەی هەمەدان و ئەتابەگایەتیی موسڵدا) دامەزرێنن. بەڵام ئەم پرۆژەیـە سەری نەگرت، (زین الدین علی) - پـاش ئـەوەی سـوڵتانی نـوێی گەیانـدە هەمـەدان -، خۆی بەدەستی بەتاڵ زڤرییەوە بۆ موسڵ[1].

ململانێ، لەسەر وەرگرتنی تەختی بەغـدا هەڵگیرسایەوە، چـونکە خەلیفـە قایـل نەبوو، بەناوی (سوڵتان محمد ابـن محمـود) [2]ەوە خوتبـە بـدرێت، سـوڵتانیش دیـسان هانای بردەوە بەر ئەتابەگی موسڵ، ئەویش دەستبەجێ لەشکرێکی لەژێر فەرماندەی بریکار و سەرلەشکرەکەی خۆی (زین الـدین علـی کچك)دا پێکـەوە نـاو، کردیـە سـەر بەغدا و[3]، لەوێ شەڕ و کوشتارێکی کەلـەلایی لـەنێوان ئـەمان و خەلیفـەدا قـەوما... وەلێ (زیـن الـدین علـی) ئـەو کەفوکوڵـەی پێـشتری بـەرەو ساردبوونەوە دەچـوو، تـا

---

(١) المنتظم، ١٠/ ١٩٢. الباهر، ١١٤ ـ ١١٥. الكامل، ١١/ ٢٥٤ ـ ٢٥٥.

ابن خلدون، كتاب العبر، ٥/ ١٦١ ـ ١٦٢. ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ٥/ ٣٣.

(١) المنتظم، ج (١٠)، ص ١٦٤ و (١٦٨ ـ ١٧١) و (١٧٣ ـ ١٧٦).

الحسيني، اخبار الدولة السلجوقية، ١٣٤ ـ ١٣٧.

الراوندي، راحة الصدور، ص ٢٨١.

الذهبي، العبر، ٤/ ١٤٥.

احمد بن زيني دحلان، تأريخ الدول الاسلامية، ص ٤٨.

(٢).المنتظم، ج (١٠)، ص ١٦٤ و (١٦٨ ـ ١٧١) و (١٧٣ ـ ١٧٦).

الحسيني، اخبار الدولة السلجوقية، ١٣٤ ـ ١٣٧.

الراوندي، راحة الصدور، ص ٢٨١.

الذهبي، العبر، ٤/ ١٤٥.

(٣) المنتظم، ١٠/ ١٦٥. الحسيني، اخبار الدولة السلجوقية، ١٢٥.

الباهر، ١١٣. حمدالله المستوفي القزويني، تأريخ گزيدة، ص ٣٦٢.

٤٥٩ ـ ٤٦٠. الذهبي، دول الاسلام، ٢/ ٤٩.

وەهای لێ هات دەستی لە شەڕی خەلیفە بەردا[١]. هۆکاری ئەمەش پێدەچێ ئەتابەگی حەلەب (نورالدین محمود) بووبێت. کە دەڵێن، گوایا ئەو فەرمانی داوە بە (زین الدین) شەڕ لە دژی خەلیفەی بەغدا ڕابگرێت[٢]. یان، ڕەنگە پاداشت و قەرەبووی وەرگرتبێت، یان بەڵێنی ماددیی پێ درابێت و دەمی شیرین کرابێت[٣]. سا، بەهەر حاڵ سەرەنجام، خەلیفە لەم ململانێیەدا بەسەر سوڵتانی سەلجووقیدا - کە (زین الدین علی کچك) بە هانایەوە هاتبوو، سەرکەوت.

---

(١) (وتارێکی - عباس العزاوي - لە گۆواری - المجمع العلمي العربي - دا، دمشق، مجلد (٢١) لەژێر سەردێڕی (آل بکتگین)دا، ویستوویەتی (زین الدین علی) وەها نیشان بدات کە گوایا لایەنی خەلیفەی گرتبێ و، دەڵێت: "ئەم فەرمانداره، هەوای دەوڵەتی عەبباسیی لەسەردا بووە و، لەبنەوە لایەنی عەبباسیی گرتووە و نەیویستووە تووشی پەندی بکات"، کەچی هەواڵەی سەرچاوە گەلێکمان دەکات کە ئەو قسانەی خۆی ئاوەژوو دەکەنەوە، (لاپەڕەی: ٤١٥). بەڵام (دکتۆر مصطفی جواد) - زین الدین علی کچك بە پیاوێکی بەدڕەوشت دادەنێت چونکە دوژمنی تەختی عەبباسی بووە و دەڵێت: "زین الدین" پشتیوانی - عماد الدین - و سەلجووقییەکان بووە و دژ بە عەبباسییەکان بووە؛ بەد ڕەوشتیش لەوە زیاتر نابێت"...
بنۆڕە: پەراوێزی لاپەڕەی (٧٢٨) لە کتێبی (مجمع الآداب)ی، ابن الفوطي، ق٤، جـ ٤..

(٢) المنتظم، ١٠/ ١٧١. الکامل ١١/ ٤١٢. ابن خلدون، ٥/ ١٥٦.

(الصفدي)یش دڵێت: (زین الدین علی کچك) داوای لە خەلیفە کردووە کە لێی ببوورێت، بەوەش هاتووەتە سەر ڕێ (واتا ملکەچ بووە). سەیری دەستنووسی (الوافي بالوفیات)، جـ ١٢، ق ١، وەرەقەی ١٣، بکە.

(٣) د. طلیمات دەڵێت: گومانی تێدا نییە کە (زین الدین علی کچك) پشتی - ملك محمد - ی بەرنەدا، بە پاداشتی خەلیفە نەبێت کە پێشەکی لە خەلیفەی وەرگرت. بنۆڕە کتێبەکەی. د. طلیمات (مظفر الدین کوکبري)، لاپەڕە. ٣٢.

(ابن الأثیر)یش دەڵێت: (خەلیفە، هەند نامەی بۆ - زین الدین - نووسی و دڵخۆشیی دەدایەوە، تا، لە شەڕەکە ساردی کردەوە). بنۆڕە: لاپەڕەی ١١٤ لە (الباهر).

د- پێوەندیی (زین الدین علی کچك) لەگەڵ (نورالدین محمود)ی ئەتابەگی حەڵەب (٥٤١ - ٥٦٩ك/ ١١٤٦ - ١١٧٣ن):

هەرچەندیشە بە مردنی ئەتابەگ (عماد الدین زەنگی) ساڵی ٥٤١ك/ ١١٤٦ز، حەڵەب لە ئەتابەگایەتیی موسڵ دابڕا، وەلێ (زین الدین علی کچك) پێوەندی و دۆستایەتیی لەگەڵ سەرداری حەڵەب (نورالدین محمود)ی کوڕی ئەتابەگ زەنگی هێشتەوە. ئەم پێوەندییە بەرەو چاکتریش گۆڕا و، شاری (حران)یشی پێ بەخشی[1]. ئەمەش لەساڵی (٥٥٤ك/ ١١٥٩ز)دا رووی دا چونکە لەو ساڵەدا پێوەندیی سەرداری حەڵەب لەگەڵ (نصرة الدین - أمیر أمیران)ی برایدا تێکچوو لەبەر ئەوەی (نصرة الدین) مرخی لە تەختی براکەی خۆش کردبوو، لە شاری (حران) ئاڵای یاخیبوونی هەڵکردبوو. (نورالدین)یش - کە لە نەخۆشییەکەی هەڵسایەوە - بەرەو (حران) کەوتە ڕێ و، (نصرة الدین) هەڵات و منداڵەکانی لە قەڵای شارەکەدا بەجێ هێشت، ئیدی (نورالدین) شاری (حران)ی وەرگرتەوە و ڕادەستی (زین الدین علی کچك)ی کرد[2]. بەو جۆرە، ئەم شارە کەوتە سەر موڵکی ئەم ئەمیرە.

لە ساڵی (٥٥٩ك/ ١١٦٤ز)دا (نورالدین محمود) بانگێشتی میرگەلی موسوڵمانانی کرد، بێنە شەڕی خاچدروشمان و، (قطب الدین مودود)ی برایشی کە ئەتابەگی موسڵ بوو، بۆ ئەو شەڕە بانگهێشت کرد، (قطب الدین) کەوتە خۆ و لەشکری موسڵی خڕکردەوە و، (زین الدین علی کچك)ی کرد بە پێشەنگی لەشکرەکە و ئەمیش بە پەرۆشەوە بەرەو شەڕی خاچدروشمان کەوتەڕێ و[3] هەندەی نەبرد لەگەڵ خاچدروشماندا جەنگیان لێك

(١) (حران): شارێکی بەناوبانگە، شاری ولاتی (مضر)ە، ڕۆژە ڕێیەك لە (رها)و، دوو ڕۆژەڕێ لە (الرقە)وە دوورە. معجم البلدان، ٢/ ٢٣٥.

(٢) ابن القلانسي، ذیل تأریخ دمشق، ٣٥٨. الكامل، ١١/ ٢٥٢.

مفرج الكروب، ١/ ١٣١. زبدة الحلب، ٢/ ٣١٠ ـ ٣١١. الروضتین، ١/ ١٢٣.

ابن شداد، مخطوط (الاعلاق الخطیرة)، قسم الجزیرة، ورقة ١٨أ.

(٣) الكامل، ١١/ ٣٠٢. الباهر، ١٢٣.

سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٨/ ٢٤٦.

ابن العدیم، زبدة الحلب، ٢/ ٣١٨. ابن الفرات... مجلد٤، جـ ١، ص ١٣.

گیر کرد و پێکدا هەڵپرژان، هەرچیش کە خاچدروشمانە ئامادەگییەکی زەبەنیان هەبوو[1]، بەڵام موسوڵمانان، غەڵەبەیان سەند و قەڵای (حارم)یان داگیر کرد[2]و، (نور الدین محمود) دەستبەجێ خستیە سەر خاکی ژێر دەستی خۆی. (زین الدین علی کچك) لەو شەڕەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا[3]وێڕای ئەوەش کە تەمەنی، خۆی دابوو لە نەوەد.

هـ- شەخسیەتی (زین الدین علی کچك):

مێژوونووسان گەلێك باسی خەسڵەت و ئاکاری ئەم میرەیان کردووە و، بە شانوباڵیدا هەڵیانداوە. جا، لەبەر ئەوەش کە ئازا و چاوتێر و بەحورمەت و خاکەڕایی (متواضع) بووە، بە سوارچاکێکی زەمەنی خۆی لە قەڵەمیان داوە. وەك دەشڵێن، گوایا، لەشکرێك (زین الدین علی کچك)ی تێدا بووبێت، هەرگیز نەبەزیوە[4]، چونکە زەلامێکی تا بڵێی بەهێز و جوامێر و[5]تەواوێ بەجەرگ و

(١) ابن الأثير، الكامل ١١/ ٣٠٢. الباهر، ١٢٤.

ابوشامة، الروضتين، ١/ ١٣٣ ـ ١٣٤.

(٢) (حارم): قەڵایەکە و شارێکی بەخێر و بەرەکەتە و، سەر بە حەڵەبە و، دەکەوێتە بەرامبەر (انطاكية).. معجم البلدان، ٢/ ١٥٥.

(٣) ابن العديم، زبدة الحلب، ٢/ ٣٢٠.

ابن قاضي شهبة، الكواكب الدرية في السيرة النورية، ص ١٦٧.

(٤) ابن الأثير، الكامل، ١١/ ٣٣١. الباهر، ١٣٦.

سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٨/ ٢٧٢.

ابوشامة، الروضتين، ١/ ١٥٢. مفرج الكروب، ١/ ١٥٤.

ابن الفرات، مجلد ٤، جـ١، ص ١٣.

(٥) ابن القلانسي، ذيل تأريخ دمشق، ص ٢٨١.

ابن خلكان، ٣/ ٢٧٥. الذهبي، العبر، ٤/ ١٨٢.

ابن أبي عذيبة، مخطوط (انسان العيون، ص ٢٩٢).

شۆڕەسوار بووە و[١]، کەسانێکیش بە سوارچاکی بەناوبانگ و قارەمان ناویان بردووە[٢]، کە پاڵەوانێك بووە لە پاڵەوانەکانی ئیسلام و کەڵە پیاوی مەیدان و[٣]، زەلامی بەهیممەتی وەك ئەو، کەم هەڵکەوتووە[٤]. (ابن دحیة) [٥]یش بە نازناوی (شۆڕەسواری ئیسلام و سەرداری هەولێر) ناوی دەبات. (حمدالله المستوفي القزویني)یش باسی هەڵوێستی ئەم پیاوە دەکات بەرامبەر بە ململانێی نێوان سوڵتانە سەلجووقییەکان کە لەسەر زەوتکردنی تەختی بەغدا لەنێوانیاندا قەوما دەڵێت: (زین الدین علی کچك) پیاوەتی و ئازایەتی نواند[٦].

(اسامة ابن منقذ) (ت ٥٨٤ك/ ١١٨٨ز) کە یەکێك بووە لە هاوزەمەنی (زین الدین علی کچك) و، ئەو کات سەری لە موسڵ و هەولێر داوە[٧]، دەربارەی ئازایەتیی ئەو پیاوە، دەگێڕێتەوە، دەڵێت: (ئەتابەگ عماد الدین زەنگی، جار جارە، قسەی بۆم دەکرد، دەیگوت: سێ نۆکەر هەن، یەکیان لە خوا دەترسێ، لەمن ناترسێ، ئەوە (زین الدین علی کچك)ە. دووەمیان لە من دەترسێ و لەخوا ناترسێ، ئەوەیان (نصیرالدین

(١) ابن خلكان، ٤/ ٢٨٧.

(٢) الذهبي، العبر، ٤/ ١٨٢.

ابن العماد، شذرات الذهب، ٤/ ٢٠٩.

(٣) ابن الفرات، م. ن. ص.

الصفدي، مخطوط (الوافي بالوفيات) جـ ٢، ق١، ورقة: ١٣.

(٤) الذهبي، دول الاسلام، ط ١٣٦٥ ك، ٢/ ٥٥.

(٥) ابن دحية، النبراس في تأريخ خلفاء بني العباس، ص ١٥٥.

(٦) حمدالله المستوفي القزويني، تأريخ گزيدة، ص ٤٦٠.

(٧) دەربارەی هاتنی (اسامة بن منقذ) بۆ هەولێر، بنۆڕە کتێبەکەی خۆی (المنازل والديار) لاپەڕەی ٣٠٧ ـ ٣٠٨. هەروەها:

ابن خلكان، وفيات الاعيان، ط بيروت ١/ ١٩٦، لە (ابن المستوفي)یەوە وەریگرتووە، هەروەهاش ١/ ٤٦٣.

سنقر)ی وەزیرە، سێیەمیان، نە لە خوا دەترسێ و، نە لە خۆم، ئەمیان (صلاح الدین محمد الیاغیسیانی)یە[١].

جوامێرییەکی دیکەی (زین الدین علی کچك) ئەوەیە، کاتێ خەلیفەی لێکەوتوو[٢](الراشد) هەڵات و گەیشتە موسڵ و هانای بردە بەر ئەتابەگ و لە ساڵی (٥٣٠ك/ ١١٣٥ز)دا پای غوربەتی لەلای ئەتابەگ کرایەوە، سوڵتان مەحموود نامەیەکی کردە سەر ئەتابەگ و داوای لێ کرد کە (الراشد)ی ڕادەست بداتەوە، وەلێ (زین الدین علی کچك) نەیهێشت[٣]. ئەوەش ئەتابەگی ناچار کرد کە داوای لێبووردن لە سوڵتان بکات و بڵێت: (من لە وڵاتی خۆم بە دەری دەنێم، تۆش سەرباز بنێرە سەری تا بیگرن، بەڵام نەك لە نزیك ئێمە). پاشان (زین الدین علی) تاقمێ کوردی بۆ ئامادە کرد و ڕایسپاردن بیگەیێننە ناوچەکانی ئازەربێجان تا، سەربازەکانی سوڵتان نەیگەنێ و نەیگرن[٤].

(زین الدین علی کچك) پیاوێکی چاوتێر و سنگفراوان و دەستبڵاو بوو. دەگێڕنەوە، دەڵێن، کاتێ هۆزانڤان "الحیص بیص"[٥] هۆزانێکی (شیعرێکی) بەسەردا هەڵدا،

(زین الدین علی) بە خەڵکەکەی گوت: من نازانم ئەم هۆزانڤانە چ دەبێژێ، بەڵام دەزانم داوای شتێك دەکات، فەرمانی دا پێنج سەد دینار و ئەسپێك و خەڵاتێك و

---

(١) اسامة بن منقذ، الاعتبار، ص ١٥٦.

(٢) لە ساڵی (٥٣٠ك/ ١١٣٥ز) لە تەختی خەلافەت لادرا. بنۆڕە: الکامل ١١/ ٤٢. لەساڵی (٥٣٢ك/ ١١٣٧ز)دا بەدەستی ئیسماعیلییەکان کوژرا.. بنۆڕە: الکامل ١١/ ٦٢. هەروەهاش: الحسیني، اخبار الدولة السلجوقیة ص ١٠٩.

(٣) ابن دحیة، النبراس في تأریخ خلفاء بني العباس، ١٥٤.

(٤) م. ن. ص: ١٥٥.

(٥) الحیص بیص: شاعیر (ابو الفوارس سعد بن محمد صیفي، ت ٥٧٤هـ) ژیاننامەکەی لە: وفیات الأعیان ٢/ ١٠٦. الاسنوي، طبقات الشافعیة ١/ ٤٤٣.

الصفدي، دەستنووس (الوافي بالوفیات) جـ ٨، ص: ٢٢ ـ ١٢٤.

جل و بەرگی بدەنێ سەرجەم بایی هەزار دینار[١] بێت. - پیاوێك بوو، زۆری دەبەخشی خەڵاتی گەورەی لەدەست دەهات، وڵاتی زۆر فراوان و پڕ بەرەكەتی بەدەستەوە بوو، كەچی هیچیشی لەپاش بەجێ نەما، ئەوەی هەیبوو بەخشی و، كردی بە چاكە و، دای بە خەڵك[٢]. كەچی، دەبینین (ابن الجوزی) - كە هاوزەمەنی - (زین الدین علی)بوو، بە گیر و دەستتەنگ (رمزیل)ی ناودەبات و، دەڵێت: (زین الدین علی كچك) لە ساڵی (٥٥٥ك/ ١١٦٠ز)دا لەتەك میر شێركۆ سەرداری (الرحبة)[٣]پێكەوە، چوون بۆ حەج، میر شێركۆ لە مەككە و مەدینە خێرێكی زۆری بەخشی بەڵام (زین الدین علی) هەرچی پارەیەكی زۆریشی لەلا بوو، بەڵام هیچی ئەوتۆی نەكرد بە خێر[٤]. وەلێ (ابوشامة) بە پێچەوانەی ئەو مێژوونووسە قسان دەكات و، لەباسی ڕووداوەكانی هەمان ئەو ساڵەدا، دەڵێت: (زین الدین علی كچك) كە چوو بۆ حەج، لەڕێگای مەككە خێرێكی زۆری بە هەزاران كرد و، پارەیەكی زۆری بەخشی، ئەو وەرزەش وەرزێكی پڕ بەرەكەت بوو[٥]. (ابن الأثیریش) دەڵێت: (زین الدین علی

---

(١) ابن الأثير، الكامل، ١١/ ٣٣١. الباهر، ١٣٦.

ابوشامة، كتاب الروضتين ١/ ١٥٢. العبري، مختصر تأريخ الدول: ٢١٢.

The Chronography of Gregory, V. i. p. ٢٩٣.

ابن الفرات، مجلد ٤ جـ ١ ص: ١٥.

(٢) الباهر: ١٣٥. ابن واصل، مفرج الكروب، ١/ ١٥٤.

دەربارەی خواردەیی و دەستبڵاویی (زين الدين على كچك)، سەیری ئەمانەش بكە:

اسامة بن منقذ، الاعتبار، ص ١٧٨.

ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ٥، ٣٧٨.

(٣) الرحبة: شارێكی جزیرەیە لەسەر ڕووباری فورات، كەوتووەتە خوارووی (قرقیسیا).. معجم البلدان، ٣/ ٢٧١.

(٤) المنتظم: ١٠/ ١٩٦.

(٥) ابوشامة، كتاب الروضتين، ١/ ١٢٤.

کچك) لە ڕێگا چاکەی زۆر و خێرێکی زۆری بە خەڵکەکە کرد[١]. وەلێ (سبط ابن الجوزي) دەڵێ: (زین الدین علی) دەستی تەنگ بوو و پیاوێکی گیر (ڕەزیل) بوو، بەڵام لە دوادوای تەمەنیدا کەوتە چاکەکردن و.. هیچی لەپاش بەجێ نەما، چونکە هەر پارەیەکی هەیبوو کردی بەخێر و دای بەخەڵك[٢].

و – (زین الدین علی کچك) لە موسڵ دەردەچێ و بەرەو هەولێر دەچێت (٥٦٣ك/ ١١٦٨ز):

ئەم میرە، لە موسڵ بە بریکاری ئەتابەگی موسڵ و فەرمانداری لەشکری موسڵ مایەوە و، بە ئاکار و خەسڵەتی چاکی خۆی، بووە جێگای دڵنیایی و باوەڕی ئەتابەگەکان، باشترین بەڕێوەبەر و چاکترین ئامۆژگار و ڕاوێژکار بوو[٣]، بەڵکو بوشبوو بە حوکمبەدەستی دەوڵەتی ئەتابەگی[٤]. ناوچەگەلێکی زۆریشی لە وڵاتی جزیرە، هەر لە (حران و سنجار)ەوە بیگرە تا دەگاتە هەولێر و شارەزوور، بە قەڵاو قایمکارەکانییەوە هەروەها، لە تکریتەوە، تا وڵاتی (الحمیدیة)[٥] و قەڵای هەکاری[٦] بە (العمادیة)شەوە، بە قەڵای موسڵیشەوە، ئەمانەی هەموو بەدەستەوە بوو، لەماڤ خۆی دەستی هەڵگرت و هەمووی خستە بەر دەستی ئەتابەگ (قطب

---

(١) الباهر، ١١٥.

(٢) سبط، مرآة الزمان، ٨/ ٢٧٣.

(٣) وفیات الاعیان، ٤/ ٢٨٧، ط ١٩٤٨.

(٤) الکامل، ١١/ ٣٣١.

(٥) بەناوبانگترین شاری وڵاتی (الحمیدیة) قەڵای (عقر - عقرة)یە، قەڵایەکی قایمە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی موسڵ.. معجم البلدان، ٤/ ١٣٦. هەروەها: (شوش) قەڵایەکی دیکەی سەر بە موسڵە، تا بڵێی بەرزە، دەکەوێتە نزیك - عقر - ی (الحمیدیة)وە... معجم البلدان، ٣/ ٣٧٢.

(٦) (الهکاریة): شار و ناحیە و چەندین گوندە لە ژووروی موسڵ لە (جزیرەی ابن عمر)، نشینەی کوردانە، پێیان دەڵێن کوردی هەکاری.. معجم البلدان ٥/ ٤٠٨.

(آشب)یش شارێکە لە شارە گەورەکانی هەکاری، کاتی خۆی مەزنترین قەڵای هەکاریی سەربە موسڵ بووە، ئەتابەگ (عماد الدین زەنگی) وێرانی کرد و، لەجیاتی (العمادیة)ی لەنزیکیەوە بنیات نا و، بەناوی خۆیشیەوە ناونرا.. بنۆڕە: معجم البلدان، ١/ ٥٤ و، ٤/ ١٤٩.

الدين مودود)[١] و تەنیا هەولێری بۆ خۆی هێشتەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەبوو کە ئەتابەگ (عماد الدين زەنگی)[٢] پێشتر هەولێری بۆ دابڕیبوو، ئەمیش شانازیی پێوە دەکرد و، ماڵ و منداڵ و گەنجینە و نەختینەی لەم شارە دانابوو[٣].

(زين الدين علي كچك) بە تەمەندا چووبوو، کاتێکیش کوێر و کەڕیش بوو، ئیدی لەکار کەوت و پەکی کەوت، ئنجا داوای لە (قطب الدين مودود) کرد، ڕێگای بدات لە موسڵ باربکا و بگوازێتەوە بۆ ئەربیل و پێیگوت: من لەمەودوا بەکەڵکی تۆ نایەم، من پیربووم و برستم لێ بڕاوە و شەکەتم، کەڕ و کوێریش بوومە[٤]. ئیدی ماڵاوایی لە ئەتابەگ کرد و، لە موسڵ بە دەرکەوت و، هەواڵیشی نارد بۆ بریکارەکانی کە لەسەر شارگەل و قەڵاکانی خۆی بە حاکمی کردبوون، هەمووی ڕادەستی سەرداری موسڵ بدەن، ئەوانیش داواکەیان بەجێ هێنا، تەنیا (تبر = طبر) بریکارەکەی تکریتی نەبێت، ئەو بە سەرداری تکریت[٥] مایەوە و، (بوزان)ی بریکاریشی لە شارەزوور[٦] مایەوە.

(زين الدين علي كچك) گەیشتە هەولێر، تەواو پیر بوو بوو، ماوەیەکی کەم مایەوە و، لە دوادوای ساڵی (٥٦٣ك/ ١١٦٨ز)دا مرد و بە گۆڕێکیان سپارد، بەناوی

---

(١) الكامل، ١١/ ٣٣١. الباهر، ١٣٥.
مرآة الزمان، ٨/ ٢٧٢. الروضتين، ١/ ١٥٢.
(٢) ابن العبري
The Chronography, V, I, p. ٢٩٢.
(٣) الكامل، ١١/ ٣٣١. ابن العبري، تأريخ مختصر الدول، ٢١٢.
ابن الفرات، مجلد ٤، ج ١، ص ١٤.
The Encycl of islam, (art, begteginds) V. I, p. ١١٦٠.
(٤) مرآة الزمان، ٢٧٢/٨، النجوم الزاهرة، ٥، ٣٧٨.
(٥) الباهر، ١٣٥، الروضتين، ١/ ١٥٢. وفيات الاعيان، ٣/ ١٦٧.
(٦) الباهر والروضتين: ن. ص..

خۆیەوە دەناسرا، کەوتبووە تەنیشت مزگەوتە کۆنەکەی ناو شوورەی دەوری شاری هەولێر[(١)].

(زین الدین علي کچك) ئاسەوار و ئەوقافێکی زۆری لەشاری موسڵ لەپاش بەجێ ما، لەو ماوە دوور و درێژەی کە لەو شارەدا بەسەری بردبوو فەرمانی دابوو بنیاد بنرێن.

(زین الدین علي کچك) هەر لە موسڵ گەورە بووە، پاشان نزیکەی چارەکە سەدەیەکیش بریکاری ئەتابەگی ئەم شارە بووە (٥٣٩ - ٥٦٣ك/ ١١٤٤ - ١١٦٨ز). ئاسەواری گەلێ خوێندنگە و تەویلە و پردی[(٢)] لەم شارەدا دیارە و بەناوی خۆیەوە ناسرابوون، بەنموونە، وەك قوتابخانەی (الزینیة) کە بە قوتابخانەی (یونس النحوي الاربیلي)یش ناو دەبرا[(٣)].

---

(١) وفیات الاعیان، ٣/ ٢٧٠. ابن عذیبة، مخطوط (انسان العیون)، ٢٩٢.

دەربارەی مردن و ناشتنیشی لە هەولێر، بنۆڕە: ابن الأثیر، الکامل، ١١/ ٣٣١. الباهر، ١٣٥. مرآة الزمان، ٨/ ٢٧٢. کتاب الروضتین، ١/ ١٥٢.

ابن العبري، تأریخ الدول السریاني، مجلة المشرق، مجلد ٤٧، جـ ١ لسنة ١٩٥٣، ص ١٩.
The Chronography, V. I, p. ٢٩٢.

ابن الفرات، تأریخ ابن الفرات، مجلد٤، جـ ١، ص ١٤.

"مێژوونووس، ابو الفضائل محمد بن علي الحموي، لە کتێبەکەی خۆیدا، - التأریخ المنصوري - ط موسکو ١٩٦٠، ص ١٧٧، تەنیا مێژوونووسێکە دەڵێت: "زین الدین علي کچك بە تووڕەیی لە موسڵ بەدەرکەوت، کە گەیشتە ئەربیل نەخۆش کەوت و دوای یەك مانگ مرد". تەنیا (الفارقي)یش گوتوویەتی: (زین الدین علي کچك) ساڵی ٥٦٤ك مردووە. سەیری پەراوێزی لاپەڕەی ٢٨١ی کتێبەکەی (ابن القلانسي) (ذیل تأریخ دمشق) بکە.

(٢) مرآة الزمان، ٨/ ٢٧٣. ابن الأثیر، الباهر، ١٣٦. ابن خلکان، ٣/ ٢٧٠.

(٣) د. داود الجلبي، مقال تحت عنوان (الملك بدرالدین لؤلؤ والآثار القدیمة في الموصل)، مجلة سومر، جـ ١، لسنة ١٩٦٤، ص ٢١.

فەسلی دووەم

یەک: بریکارەکانی زین الدین علی کچك لە حوکمکردنی هەولێردا.

١- سرفتکین کوڕی عبدالله الزینی.

٢- مجاهدالدین قایماز کوڕی عبدالله الزینی.

٣- عزالدین الیاس کوڕی عبدالله الزینی.

٤- دەرچوونی موزەففەرەددین گۆکبوری لە هەولێر

دوو: میرزین الدین یوسف ینالتگین - کوڕی زین الدین علی کچك - سەرداری هەولێر.

فەسڵی دووەم

یەک: بریکارەکانی (زین الدین علی کچك) بۆ هەڵسووڕاندنی حوکم لە هەولێر:

گوتمان، هەرکە ئەتابەگ (عماد الدین زەنگی) ئەربیلی داگیر کرد، شارەکەی بۆ سەرلەشکرەکەی خۆی (زین الدین علی کچك) دابڕ کرد. ئەمیش لەساڵی ٥٣٩ تا ٥٦٣ك (١١٤٤ - ١١٦٨ز) بریکاری ئەتابەگ بوو لە موسڵ، ئیدی موسڵی بەجێ هێشت و گەیشتە هەولێر، ئەو، چەند ڕۆژێکی کەمی لەژیاندا مابوو، حەزی دەکرد لەم شارەدای بەسەر بەرێ.

بەڵام (زین الدین علی کچك) کە هێشتا لە موسڵ بوو، بەر لەوەی بچێتە هەولێر، بریکاری لە جیاتی خۆی بۆ حوکمی هەولێر دادەنا، تا کاروباری شارەکە بەڕێوە ببەن. بریکارەکانیش ئەمانەن:

١- (سرفتگین ابو منصور) کوڕی (عبدالله الزینی) (... - ٥٥٩ك/ ... - ١١٦٣ز):

دەربارەی سەرەتای دامەزراندنی ئەم بریکارە هیچ سۆراخێکمان بە دەستەوە نییە. پێدەچێ یەکەم کەس بووبێ سەرداری هەولێر، دوای گرتنی شارەکە بۆ بەڕێوە بردنی دایئابێت. (سرفتگین)[1] ئەرمەنی بوو، پاشان بوو بە ئیسلام و، (زین الدین علی کچك)ی خاوەنی سەرفرازی کرد. وا دیارە لە هەڵسووڕاندنی هەولێردا توانستی نواندووە و خاوەنی (گەورەی) خۆی ڕازی کردووە، هەر لەبەر ئەوەشە کە بۆ حوکمی هەولێر بەچاکی زانیوە و نەیگۆڕیوە.

(سرفتگین) هەندێ دامودەزگای لەناو شاری هەولێر و دەرەوەی شارەکەدا

---

(١) سرفتگین في الصفدي/ مخطوط الوافي بالوفيات، ٨/ ١٨.

دامەزراند. لە سەردەمی ئەتابەگیدا، ساڵی (٥٣٣ك/ ١١٣٨ز) لەناو شارەکەدا، یەکەم قوتابخانەی دامەزراند، ناونرا (مدرسة القلعة) [1] واتا قوتابخانەی قەڵا، مامۆستایانیشی لەسەر دامەزراند و (الشیخ الخضر بن نصر بن عقیل الاربیلي الشافعي - (ت ٥٦٧ك/ ١١٧١ز) کرد بە سەرۆکی مامۆستاکان.

ئەم بریکارە، مزگەوتگەلێکی لە هەولێر و گوندەکانیدا بنیاد نا، هەروەها هەندێ پرۆژەی خێرخوازییشی لە دەرەوەی ئەمارەتەکە دامەزراند، ئەوەبوو، شوورەی بۆ شاری (فید) [2] دروست کرد.. بە قسەی (ابن خلكان) [3] هەموو ئەو شتانەی لە کیسەی خۆی دروست کردووە. ئەگەر خۆیشی لە هەولێر ئامادە نەبووایە، میر (الحسین بن گرجی بن هارون الاربیلی) کە یەکێك بووە لە میرەکانی هەولێر [4]، لەجیاتی خۆی حوکمی دەگرتە دەست و بەڕێوەی دەبرد. سەرفتگین حوکمی ئەمارەتەکەی هەڵسووڕاند تا لە ساڵی (٥٥٩ك/ ١١٦٤ز) دا کۆچی دوایی کرد. بەمردنی ئەویش، میر (زین الدین علی کچك) حوکمی هەولێری بە (مجاهد الدین قایماز) سپارد [5].

٢- (ابو منصور مجاهد الدین قایماز) کوڕی (عبدالله الزینی):

بریکاری (نوێنەری) (زین الدین علی کچك) بووە لە هەولێر (٥٥٩ - ٥٧١ك/ ١١٦٤ - ١١٧٥ز). ئەم (مجاهد الدین قایماز)ە خەڵکی سجتان [6] بووە و بەمنداڵی لەوێوە هێنراوە و، بووەتە کۆیلەیەك لە کۆیلەکانی (زین الدین علی کچك) و لە سێبەری

---

(١)باسی ئەم قوتابخانەیە لە جێگەیەکی تردا دەکەین.

(٢)فید: شارۆچکەیەکە لە نیوەڕێی نێوان مەککە و کوفە. حاجییەکان بار و بارخانەیان لەوێ دەخەن و بەوێی دەسپێرن.. یاقوت الحموي، معجم البلدان، ٤/ ٢٨٢.

(٣)ابن خلكان، ٢/ ١٣.

(٤)ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ٩، ترجمة (هارون) بن الامیر المذكور: (الحسین بن كرجي الاربیلي).

(٥)ابن خلكان، ٤٦٣. الكامل، ١٢/ ١٥٣.

(٦)سجستان: ناحیەیەکی گەورە و، ویلایەتێکی بەرینە، لەشاری هەراتەوە دە ڕۆژە ڕێ (هەشتا قۆناغ) دوورە.. یاقوت الحموي، معجم البلدان، ٣/ ١٩٠.

ئەم هەرێمە کەوتۆتە باشووری خوراسان.. كي لسترانج، بلدان الخلافة الشرقیة، ص ٣٧٢.

ئەودا پەروەردە کراوە. کاتێکیش گەورەبوو، سیمای بە وێڵی و زیرەکیی پێوە دیار بوو، لەبەر ئەوە خاوەنەکەی (ئاغاکەی) سەرفرازی کرد و، کردی بە ئەتابەگ (لەلە = پەروەرشتکار)ی کوڕەکانی خۆی لە هەولێر چونکە (زین الدین علي) گەنجینە و نەختینە و منداڵەکانیشی لەم شارە دانابوو[1]. پاشان، کاتێك (سرفتگین)ی بریکاری پێشتری هەولێر لە ساڵی (٥٥٩ك/ ١١٦٣ز)دا سەری نایەوە، ئنجا حوکمی ئەمارەتەکەی پێ سپارد و، کردی بە بریکاری خۆی کە هەولێر بەڕێوە ببات.

ئیدی لەو بەروارەوە (مجاهد الدین قایماز) کاروباری هەولێری بەجۆرێ هەڵدەسووڕاند، خاوەنەکەی خۆی ڕازی دەکرد. بە هەقیانەت سەیری مسکێنی (الرعیە) دەکرد و، باشترین سەردار بوو، بەکاری خێر و چاکە دەناسراو[2]. کاریگەرییەکی زۆریشی لە هەولێر کرد. ئەوەبوو شارەکەی ئاوەدان کردەوە و، دامودەزگای هەمووەکی (گشتی)ی لەشارەکەدا دامەزراند، گرنگترینیان ئەو خوێندنگەیەیە کە بەناوی خۆیەوە[3] ناودارە. هەروەها خانەقایەکیشی[4] تێدا دروست کرد.

---

(١)الكامل، ١١/ ٣٣١. ابن العبري، تأريخ مختصر الدول، ٢١٢.

ابن الفرات، مجلد ٤، جـ ١، ص ١٤.

(٢)الكامل، ١١/ ١٥٣. ابن خلكان، ٣/ ٢٤٦.

ابن الفوطي، تلخيص معجم الآداب، ط/ لاهور، جـ ٥، ص ٨٣ ـ ٨٤.

الغساني، العسجد المسبوك، بالرونيو، ص ٩٢.

ابن الفرات، مجلد ٤، ص ١٦٨.

(٣) باسی ئەم قوتابخانەیەش لە جێگەیەکی دیکەدا دەکەین.

(٤) ابن خلكان ٣/ ٢٤٦. ابن ابي عذيبة، مخطوط (انسان العيون)، ٨٨.

و(الخانقاه - خانكاه): ئەو خانوومیە کە سۆفییان و دەروێشان پەرستشی تێدا دەکەن و وەختی خۆیانی تێدا بەسەر دەبەن، یان وەك (المعتكف)، واتا وەك خەڵوەتخانە وەهایە... بنۆڕە: ابن خلف التبريزي: برهان قاطع، ص ٤١٦.

٣- (مجاهد الدین قایماز) دوای مردنی (زین الدین علی کچك):

دەربارەی حوکمی ئەم بریکارە لە هەولێر، زانیاری زۆرمان نییە، هەندەی دەیزانین ئەوەیە کە (زین الدین علی کچك) متمانەی پێ کردووە و لەسەر حوکمی هەولێر هێشتوویەتییەوە و، کاروباری شارەکەش تا پاش مردنیشی لەساڵی (٥٦٣ك/ ١١٦٨ز)دا بەدەست خۆیەوە بووە و هەردوو کوڕەکەشی[1]: (موزەففەرەدین گۆکبوری و زین الدین یوسف)ی لەژێر چاودێریی ئەودا دانا، حوکمکردنیش - بەڕەفتار - هەر بەدەست ئەوەوە بووە، هەرچەندیشە کوڕە گەورەکەیان واتا (موزەففەرەددین گۆگبوری) پاش مردنی باوکی، لەسەر تەختی هەولێر دانیشت.

(ابن الأثیر) لەم بارەیەوە دەڵێت: حوکمکردنی هەولێر - هەر بەناو - بەدەست موزەففەرەددین گۆگبوریەوە بوو، هیچ مانایەکی تێدا نەبوو، وەلێ حوکمی ڕاستەقینە چ بەشێوە و چ بەمانا[2] بەدەست (مجاهد الدین قایماز)ەوە بوو، پێدەچێ

---

(١) سەرچاوەکان دەڵێن: (زین الدین علی کچك) بێجگە لەو دوو کوڕە، کوڕێکی دیکەشی هەبووە، ناوی (آق بوری) بەتورکی واتا (گورگی چەرمگ) بووە. ئێمە هیچ شتێك لەم (آق بوری)یە نازانین، تەنیا هەندە نەبێ ـ کە دوو کوڕی هەبووە، یەکێکیان، ئەوە، میری شاعیر (عیسی کوڕی آق بوری)یە، کە لە سێبەری مامیدا: (موزەففەرەددین گۆگبوری) لە هەولێردا ژیاوە.. عقود الجمان، ٥/ ٢٢٨.

دووەمیان میر (ابو الحسن قطب الدین موسی کوڕی آق بوری)بووە، کە (ابن الفوطي) باسی دەکاو دەڵێت: کابرایەکی چاوتێر بووە، بە بەخشش بووە و، بەدەستخەتی هەندێ لە هەولێرییان، شیعری ئەو پیاوەم دیوە.. بنۆڕە: "مجمع الآداب، ق٤، جـ٤، ص ٢٢٥". وا دیارە (آق بوری) بەر لەساڵی (٥٨٦ك) مردووە، واتا بەر لەوەی (موزەففەرەددین گۆگبوری) حوکمی هەولێر بگرێتە دەست. (ابن الأثیر) لە کتێبەکەی (العماد الکاتب الاصفهاني): (البرق الشامي)یەوە وەری گرتووە، کاتێ کە باسی مردنی زین الدین یوسف ابن زین الدین علی کچك) دەکات، دەڵێت: (موزەففەرەددین گۆگبوری) لەم مردووە زێتر، واتا لە (زین الدین یوسف) زێتر هیچ برای دیکەی نەبوو.. الکامل، ١٢/ ٥٦.

(٢) ابن الأثیر، الباهر، ١٧٧.

Setton, A History of the Crusades V. l, P. ٥٢٦.

ئەو حاڵەتەش لەبەر ئەوە بووبێ کە (مجاهد الدین) پێی باش نەبووبێ کاروباری ئەمارەتەکە ڕادەستی سەردارێك بکرێت باڵغ نەبووبێت و منداڵ بێت، چونکە (موزەففەرەددین گۆکبوری) تەمەنی لە چواردە ساڵان زیاتر نەبوو کە باوکی مرد[1]. کەچی لەسەر تەختی ئەمارەتەکەش دانیشت، بەڵام بە ڕێنمایی (مجاهد الدین قایماز) ئیش و کاری بەڕێوە دەبرد.

بارودۆخەکە، هەر بەو شێوەیە بە ئارامی بەردەوام بوو، تا، ناکۆکی کەوتە نێوان هەردوولا، واتا لایەنی (موزەففەرەددین گۆکبوری) کە مافی خۆیەتی و، حوکمی بەمیران لە باوکەوە بۆ ماوەتەوە چونکە کوڕە گەورەی دامەزرێنەری ئەمارەتە ئەتابەگییەکەی هەولێرە، بەڵام هەندە هەیە لەبەر منداڵیی نەیدەتوانی شارەکە بەڕێوە ببات و، ئەو ئەزموونەشی نەبوو بتوانێ شان بداتە بەر باری گرانی حوکم و حوکمڕانی. هەرچی لایەنی دووەمە، ئەوە، پشت بە باوەڕ و متمانەی دامەزرێنەری ئەمارەتەکە دەبەستێ کە پێی دابوو، وێڕای ئەو هەموو ئەزموونەش کە لە ساڵانی حوکمڕانیدا فێری ببوو.

لەو سەرچاوانەوەی کە دەستمان کەوتووە، وادیارە ئەم ناکۆکییە زیاتر تینی سەندووە و، مەسەلەکە گەیشتووەتە ئەوەی کە ئیدی خۆگرتن و بێدەنگی هەڵناگرێت و، هیچ دەرفەتێکی تەبایی و ڕێککەوتنەوەش نەدەڕەخسا- جا، کەوابێ - چارنییە، پێویستە مەسەلەکە بەلایەکدا بکەوێت و یەکجارەکی ساغ بکرێتەوە، ئیدی ئەوە بوو (مجاهد الدین قایماز) غەڵەبەی کرد و گرەوی بردەوە بەوەی کە بەرە بەرە بەخۆشی و بەبێ توندوتیژی، کابرای نەیاری لە تەختی حوکم دوورخستەوە، سەرباری ئەوەش بیانووی شەرعییەتیشی بۆ ئەم ڕەفتارەی هێنایەوە و بەڕاشکاوی بۆ هەموو لایەنەکانی ڕوون کردەوە، کە ململانێ تەنیا لەنێوان خۆی و (موزەففەرەددین گۆکبوری) دا نییە، بەڵکو ململانێکە لەنێوان (موزەففەرەددین

---

(١) وفيات الاعيان، ٣/ ٢٧١. انسان العيون: ٢٩٢.
The Encycl of islam, V, II, P. ١٠٥٧.

گۆگبـوری) و هـەموو بەرپرسـانی حوکمیـشدا هەیـە، ئیـدی بـەو بیـانووە، کەوتـە بانگهێـشتی گـەورە پیـاوانی هـەولێر و ڕاوێـژ و ڕاوێـژکاری لەگەڵیانـدا. کـە دژ بـە (موزەففەرەددین گۆگبوری) چ بکرێت باشە؟ ئنجا. هەموویان بڕیاریان دا کە دووری بخەنەوە (واتا دەری بکەن). ئیدی (مجاهد الدین قایماز) ڕەشنووسـی کۆبوونەوەکـەی نووسی و، تێیدا ڕوونـی کـردەوە کـە ئـەم مـیرە بـۆ حـوکمکردن ناشـێ. پاشـان لەگـەڵ دیوانی خەلافەتدا پێوەندیی گرت و (موزەففـەرەددین گۆگبـوری)ی باڵبەسـت کـرد و حەپـسی کـرد. (زیـن الـدین یوسـف ینـالتگین)ی بـرای لەجێگـەی دانـا، هەرچـەندە ئەمیش هێشتا هەر منداڵ بوو، پاشان (موزەففەرەددین گۆگبوری) لە وڵات دەرکرا[1].

ئەو هەموو ڕووداوە، ڕوویان داوە، کەچی مێژوونووسان باسی هۆکارەکانی ناکـەن و، تـەنیا هـەر هەنـدە دەڵـێن کـە خـەتای کەللەشـەقی (تعـصب)ی (قایمـاز علـی موزەففەرەددین گۆگبوری) بووە[2]. ئەمە لە حاڵەتێکدایە، کە کەس تانە و تەشەر لە کەسایەتیی ئـەم سـەردارە نـادات لـەم ڕووەوە نـەبێت، بـەڵکو، مێـژوو نووسـان، هـەر هەموویان شاگەشکەن بە ڕەوش و ڕەفتـاری ئـەم پیـاوە و، دەڵـێن کـە: بـە لێبـوردەیی خزمەتی گەورەکانی خۆی کردووە چ لە هەولێر و چ لە موسڵ[3].

پێدەچێ، گرنگترین هـۆی نـاکۆکیی ئـەم دوو لایەنـە، لەسـەر هەڵوێـستی هـەولێر

---

(١) ابن خلكان، ٣/ ٢٧١.

ابن أبی عذيبة، انسان العيون، ٢٩٢.

الامام المكي الفاسي، العقد الثمين، ٧/ ١٠١.

(٢) ابن خلكان، ٣/ ٢٧١.

الذهبي، مخطوط تأريخ الاسلام، ورقة ١٨٠. العبر، ٥/ ١٢١.

الامام المكي الفاسي، العقد الثمين، ٧/ ١٠١.

ابن ابي عذيبة، انسان العيون، ٢١٢.

ابن العماد، شذرات الذهب، ٥/ ١٣٨.

(٣) الباهر، ١٨٥، و ١٩٢ ـ ١٩٣. الكامل، ١١/ ١٥٣ ـ ١٥٤، و ١١/ ٤٣٤، و ١٢/ ١٠٠. مرآة الزمان، ٨/ ٤٥٨. وفيات الاعيان، ٣/ ٢٤٦.

بەرامبەر بە موسڵ بووبێت، وەك بڵێین (موزەففەرەددین گۆكبوری) ویستبێتی هەولێر سەربەخۆ بێت و لە موسڵ جیا بێتەوە و، (مجاهد الدین قایماز) ئەوەی بەچاك نەزانیبێت و، زۆربەی پارە و داهاتی هەولێری بۆ موسڵ دەنارد[1].

ئێمە، وەهای بۆ دەچین كە ئەم جۆرە ململانێیە لە هەموو حاڵەتێكدا لەوانەبوو ڕوو بدات، چونكە بە چاوێكی جیاواز سەیری بارودۆخەكەیان دەكرد و هەڵوێستیشیان جیاواز بوو. هەرچی (مجاهد الدین قایماز)ە، ئەوە پیاوێكی لەسەرخۆیەو خاوەن بیر و بۆچوونێكی دروستە. ئەم خەسڵەتەشی لەوەوە بەدیار دەكەوێت كاتێ لەسەر داوای ئەتابەگ (عزالدین مسعود) گەیشتە موسڵ، لەوێ ڕاوێژ و ئامۆژگاریی بەسوودی پێشكەش بە ئەتابەگەكانی موسڵ كرد.

بەڵام (موزەففەرەددین گۆكبوری) هەرزەكارانە دەخوڕی و منداڵانە تاوی دەدا، ئەمەش لەگەڵ سیاسەتی (مجاهد الدین قایماز)دا - كە دەیویست حوكمی دوولایەنە لەسەر ئەم ئەمارەتە یەكلا بكاتەوە - یەكیان نەدەگرتەوە، ئەوەبوو، دەستی لە حوكمی (موزەففەرەددین) وەشاند و، كێشەكەی بەخێر، بۆ خۆی گەڕاندەوە و كۆتایی بە ڕاڕایی و دوودڵی و دوو بەرەكی هێنا.

لێرەدا، بەباشی دەزانین ئەوەش بڵێین كە مێژوونووسی ئەربیل ناسراو بە (ابن المستوفي)[2]- وەك بزانین - تەنها هەر ئەو، پەردەی لەسەر ناوی بریكاری سێیەمی (زین الدین علی) لابردووە و دەڵێت: ناوی (عزالدین الیاس كوڕی عبدالله)یە و، وەك (سرفتگین و قایماز) حوكمی هەولێری كردووە. بەڵام (ابن المستوفي) باسی ئەوەی نەكردووە، ئایا (الیاس) لە چ ساڵێكدا بووەتە بریكار و؟ كەینێ مردووە[3]؟ هیچ

---

(١) ابن خلكان، ٣/ ٢٤٦.

(٢) (شرف الدین المبارك بن احمد الأربلي "ت ٦٣٧هـ/ ١٢٣٩م")

(٣) ساغكەرەوەی كتێبی (تأريخ اربل) دكتۆر سامی السید خمیس الصفار دەڵێت: لە ساغكردنەوەی زانیارییەكانی ناو ئەو كتێبەدا ـ كە دانەرەكەی ناوی ناوە "نباهة البلد الخامل ومن ورد الیه من الأماثل في تأريخ اربل" نەمتوانی: (كەسایەتی و بەرواری حوكموەرگرتنی ـ الیاس بن عبدالله ـ لە اربل ساغ بكەمەوە).

بنۆڕە: تأريخ أربل، جـ٢، ق٢، ص٧٦/ الهامش.

ناونیشانێکیشی نەگوتووە تا بزانین - بەر لەوەی ببێتە بریکار - پێگە و جێگەی کۆمەڵایەتی و ئیداریی چۆن بووە و چی بووە، کەچی بە پێچەوانەوە، دەربارەی (سەرفتگین)، دەڵێت (دەرگاوانی میر بووە) [1]و، دەربارەی (قایماز)، دەڵێت (خزمەتکار)[2]بووە و، (ألیاس)یش تەنیا بە (ئەمینداری[3]هەولێر) ناودەبات. وا دیارە، ئەم پیاوە - وەکو پێشتریش باسمان کرد - دوای ئەوە حوکمی شارەکەی کردووە کە (مجاهد الدین قایماز) لە موسڵەوە داواکرا. ئەوەتا (جبریل کوڕی محمد کوڕی منعة)ش کە شاعیرێکی هەولێری بووە (ت/ ٥٨٩ك/ ١١٩٣ز) شیعرێکی بۆ پێدا هەڵدانی (قایماز) داناوە و، پاشان گۆڕیویەتی و ناوی (ألیاس)ی لەجیاتی ئەو داناوە چونکە (قایماز) لەوێ نەمابوو، چووبوو بۆ موسڵ، واتا کابرای شاعیر، ئیدی ئیشی بە ئەمینداری کۆن (قایماز) نەماوە و، ناوی ئەمینداری نوێ (ألیاس)ی لە شیعرەکەدا لەجێگەی ئەو داناوە. (ابن المستوفي) دەڵێت: لە شیعرەکەیدا وشەی (کف قایماز) هەبوو، دوایی گۆڕیی کردی بە (کف ألیاس) لەم بەیتەی خوارەوەدا:

"وندیٰ الا ندیٰ تسکبه   کف ألیاس علی مرّ الزمان"[4]

واتا: لەپی (ألیاس) بە درێژایی زەمەن بە بارشتە و لە خێر و بەرەکەت ناکەوێت.

---

(١) تأريخ اربل، ص ٢٦٤.

(٢) م. ن، ص ٦٢، ٢٣٩.

(٣) ص ١٧٣.

(٤) تأريخ اربل، ص ٧٨... دوای چەندین ساڵ لەوەی کە پلەی ماجستێرم وەرگرت، کتێبەکەی (ابن المستوفي) ساغ کرایەوە و بڵاو کرایەوە. لە (دار الرشید) لە بەغدا، ساڵی ١٩٨٠ چاپ کرا. ئەم زانیارییە کەمە، بووە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەیەك، لەساڵی ١٩٨٤دا، گۆڤاری دەستەی کوردیی کۆڕی زانیاریی عێراقی بەرگی (١١) لاپەڕەی ٣٣٤ ـ ٣٤٩ بە ناونیشانی (أضواء جدیدة علی نواب زین الدین علي کوجك في اربیل) بڵاومان کردەوە.

٤- دەرچوونی (موزەففەرەددین گۆکبوری) لە هەولێر:

(موزەففەرەددین گۆکبوری) بێدەنگ نەبوو، چەکیشی دانەنا، ئەو بیری لەوە دەکردەوە کە دەبوو شتێك بکات، بیری لە لایەنێك دەکردەوە بتوانێ لەو نەهامەتییەیدا کۆمەکی پێ بکات و فریای کەوێ، یەکەم جار بیری لە بەغدا کردەوە، وای دەزانی خەلیفە[1] دەتوانێت یارمەتیی بدات، یان هەر هیچ نەبێ، خەلیفە بیقۆزێتەوە و بیکات بە بیانووی ئەوەی دەست لە کاروباری هەولێر وەربدات و بیخاتەوە سەر مەملەکەتەکەی خۆی. بەڵام ئەم ئاواتەی هەروەکو بزرکانی خەو وەهابوو، هیچی لێ دەرنەچوو[2]، ئەوەبوو، خەلیفە دەستخەڕۆی کرد، ڕاستیشت دەوێ خەلیفە نەیدەتوانی هیچی بۆ بکات، چونکە خودی خەلیفە دەمێك بوو، ببوو بە حاکمێکی بێ ئیرادە و بێدەسەڵات و، لە دەوڵەتەکەشی تەنیا مەملەکەتێکی بچووکی بەدەستەوە مابوو، هیچ دەسەڵاتێکی یەکە و ڕاستی تەنانەت بەسەر

---

(١) مێژوو نووسان ناوی ئەو خەلیفەیەیان نەگوتووە کە ئەودەمە حوکمی بەغدای کردووە و (موزەففەرەددین گۆکبوری) پەنای بۆ بردووە. بەڵام ئەگەر ئەو ماوەیەی (٥٦٥ ـ ٥٧٦ك/ ١١٦٩ ـ ١١٨٠ز) کە ئەتابەگ (سیف الدین غازی) تێیدا حوکمی موسڵی کردووە و هەر لەو ماوەیەدا، دوای نائومێد بوونی لە بەغدا ناچار پەنای بۆ موسڵ بردووە "وفیات ٣/ ٢٧١" لەگەڵ ئەو ماوەیەدا کە خەلیفەکانی بەغدا حوکمیان کردووە بەراورد بکەین، ئەوجا، بۆمان دەردەکەوێ، ئەو خەلیفەیە، یان (المستنجد بالله) بووە کە لە ساڵی (٥٦٦ك/ ١١٧٠ز)دا بەهۆی نەخۆشییەکی سەختەوە مردووە... "المنتظم، ١٠/ ٢٣٢. الکامل، ١١/٣٦٠"، یانیش (المستضئ بالله) بووە. کە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبووە چونکە کاربەدەستانی تەلاری خەلافەت لە وەزیر و سەرکار و میری لەشکر لێی یاخی ببوون "المنتظم، ١٠/ ٣٣٢ ـ ٣٣٣. الکامل ١١/ ٣٦١". پێدەچێ نەیتوانیبێ لەبەر ئەو دۆخە و لەبەر ئەوەش کە تازە هاتبووە سەر تەخت، یارمەتیی (مظفر الدین) بدات.

(٢) وفیات الاعیان ٣/ ٢٧١. العقد الثمین، ٧/ ١٠٢. انسان العیون، ٢٩٣.

ناوچەكانی باكووری بەغداشدا نەبوو[١]، نەخاسمە هەرێمی چیاكان و ناوچەی جزیرە، (بەگشتی) تەنانەت لە ڕۆژانی زەبر و زەنگ و شكۆی خەلافەتی عەبباسیشدا كە خەلیفە حوكمی ئەو دوو ناوچەیەی دەكرد، كێشە و سەرێشەیەكی زۆریان بۆ حوكمی خەلیفە دەنایەوە. لەبەر ئەوە خەلیفەی بەغدا خۆی لێ گێل كردبوو نەیدەویست دەستی تێوەربدا، چونكە - بەڕای ئەو - مەسەلەكە ئەوەی نەدەهێنا، نەخاسمە ئەو كەسەی لە هەولێر جێگای (موزەففەرەددین گۆكبوری)ی گرتبووەوە، براكەی خۆی بوو، ئەمە لە لایەك، لە لایەكی دیكەوە، دووریش نییە، خەلیفە بڕوای بە (مجاهد الدین قایماز) كردبێ كە گوتبووی (موزەففەرەددین گۆكبوری) كەڵكی ئەوەی پێوە نییە حوكم بگرێتە دەست. سەرباری ئەوەش، خەلافەت لەو ماوەیەدا كەوتبووە دۆخێكی ئاڵۆز و نالەبارەوە[٢].

(موزەففەرەددین گۆكبوری) بەغدای جێهێشت و بەرەو موسڵ كەوتەڕێ، موسڵ ئەوكات، ئەتابەگ (سیف الدین غازی كوڕی مودود) (٥٦٥ - ٥٧٦ك/ ١١٦٩ - ١١٨٠ز) حوكمی دەكرد، (موزەففەرەددین) خۆی گەیاندێ و ئامادەگیی خۆی بۆ خزمەت نیشان دا[٣]. بەڵام ئێمە بەرواری ئەم پەنابردنەی بۆ موسڵ نازانین، كە ئەگەر بمانزانیبا، بەرواری دەركردنی لە هەولێر و، سەرەتای حوكمی (زین الدین یوسف ینالتگین)ی برایشمان بۆ ڕوون دەبووەوە، پێدەچێ لە سەرەتای دانیشتنی ئەتابەگ (سیف الدین غازی) لەسەر تەختی موسڵدا بووبێت و هەركە (موزەففەرەددین گۆكبوری) ئەمەی بیستووە، بەغدای بەجێ هێشتووە و، چووە بۆ لای بۆ موسڵ، بۆ

---

(١) (دكتۆر محمد صالح داود القزاز) لە كتێبەكەیدا (الحیاة السیاسیة في العراق في العصر العباسي الاخیر) دەڵێت: خەلافەت، لەم ماوەیەدا، هیچ دەسەڵاتێكی ڕاستەوخۆی بەسەر وڵاتی كوردانـدا نەبوو.

(٢) سەیری یەكەم پەراوێزی لاپەڕەی پێشتر بكە.

(٣) وفیات الاعیان ٣/ ٢٧١. الذهبي، مخطوط، تأریخ الاسلام، ورقة ١٨١. الفاسي المكي، العقد الثمین ١٠٢/٧

ئەوەی سكاڵای دڵی خۆی بۆ بكا، ئەمە خوایە، تەختی لێ زەوتكراوی بۆ بسەنێتەوە، وەلێ ئەتابەگ ئاواتی میری دەركراو و لێقەوماوی نەهێنایە دی، بەلام شاری (حران)ی بۆ دابڕی كە بچێتە ئەوێ[1].

دەشبینین، دكتۆر (طلیمات) دەڵێت: (موزەففەرەددین گۆگبوری) بەر لە ساڵی (٥٦٩ك/ ١١٧٣ز) پەنای بۆ موسڵ نەبردووە، واتا بەر لە مردنی ئەتابەگ (نورەددین محمود)ی سەرداری حەڵەب پەنای بۆ موسڵ نەبردووە، چونكە موسڵ، بەدرێژایی ماوەی نێوان (٥٦٦ - ٥٦٩ك/ ١١٧٠ - ١١٧٣ز) سەر بەو ئەتابەگە بووە و، (سیف الدین غازی)یش هەر سەر بەو بووە و دەسەڵاتی ئەوەیشی نەبووە زەوی بۆ كەس دابڕێت. كەواتا هانا بردنی (موزەففەرەددین گۆگبوری) بۆ موسڵ - بەقسەی طلیمات - دوای مردنی نورەددین (٥٦٩ك/ ١١٧٣ز) بووە، كاتێ كە (سیف الدین غازی) موسڵی سەندەوە[2]و، دەسەڵاتی ئەوەی كەوتەوە دەست كە زەوی بۆ هەر كەسێ دابڕێ، ئیدی، بەو جۆرە، شاری (حران)ی بۆ (موزەففەرەددین گۆگبوری) دابڕی.

ئێمەش لەم ڕووەوە دەڵێین: بەڵێ، (سیف الدین غازی) - بەڕاستی - لەماوەی نێوان (٥١٦ - ٥٦٩ك)دا بوو بە دەسدای (نورەددین محمود)ی مامی. وەلێ، ئەمە مانای ئەوە نییە كە ئیدی نەیدەتوانی دەستكاری كاروباری وڵاتەكە بكات، نەخاسمە (سەر بە حەڵەب بوونی) موسڵ حوكمی (سیف الدین غازی)ی لا نەبرد[3]، بەڵكو نورەدین محمود، دوای ئەوەی موسڵی خستە سەر مەملەكەتەكەی خۆی، تەنیا بیست و چوار

---

(١) هەمان ئەو سەرچاوە و لاپەڕانەی لە پەراوێزی پێشتردا ئاماژەیان پێدراوە.

(٢) د. طلیمات: مظفرالدین كوكبری امیر اربل، ص ٧٠ ـ ٧١.

دكتۆر (محمد باقر الحسیني) دەڵێت: (مظفر الدین گۆگبوری) لە ساڵی (٥٦٣ك)دا دەركراوە، واتا ساڵی مردنی (زین الدین علي كجك)ی باوكی، سەیری كتێبەكەی خۆی (العملة الاسلامیة في العهد الاتابكي) بكە، لاپەڕەی ١٣٨. ئەمەش بێگومان وەها نییە و هەڵەیە.

(٣) الكامل، ١١/ ٣٦٤. ابن قاضي شهبة، الكواكب الدریة في السیرة النوریة، ص ١٩١.

ڕۆژ لە موسڵدا مایەوە و[١]، گەڕایەوە بۆ حەڵەب و، کاروباری موسڵی بۆ (سیف الدین غازی) بەجێ هێشت، ئیدی مێژوو نووسان هیچیان بۆ نەمایەوە لەوە زیاتر کە بڵێن: سەرداری موسڵ لەو ڕۆژەدا کە (موزەففەرەددین گۆگبوری) پەنای بۆ بردووە، (سیف الدین غازی) بووە[٢].

دوو: میر (زین الدین یوسف ینالتگین) کوڕی (علی کچك) سەرداری هەولێر:

(زین الدین یوسف ینالتگین)[٣] بەسەرپەرشتی ئەتابەگ حاکمی ڕاستەقینەی ئەم ئەمارەتە (مجاهد الدین قایماز)[٤]، لە هەولێردا دەستی بە حوکم کرد.

وێڕای ئەمەش کە ئەم میرە بزاڤ و چالاکی سەربازیی هەبووە، چ لەبواری پاراستنی هەولێر لە هەڵپە و تەماعی موسڵ، چ لەو بوارەشدا کە لە شەڕی خاچدروشماندا بەشدار بووە و چووەتە ژێر ئاڵای سەلاحەددینی ئەییوبی و، یەکەم میریش بووە لەو میرانەی کە لە ڕیزەکانی لەشکری سەلاحەددیندا جەنگاوە، کەچی مێژوو نووسان و ڕەوشتنووسان باسی ژیان و ئیشەکانی ئەم میرەیان نەکردووە.

ئەمە، سەرباری ئەوەش کە ئەم میرە بە خەسڵەتی باڵاو چاکەی بەردەوامی خۆی، لەو ماوەیەدا، ئەو پلە و پایە پرشنگدارەی بەدەست هێناوە.

(العماد الکاتب الاصفهانی) کە بەرچاوترین مێژوو نووسی ئەو دەورانە بووە، میر

---

(١) الکامل، ١١/ ٣٦٥.

(٢) وفیات الاعیان، ٣/ ٢٧١.

الذهبي، مخطوط، تأريخ الاسلام، ورقة ١٨١.

الفاسي المكي، العقد الثمين، ٧/ ١٠٢.

(٣) (عماد الدین الکاتب الاصفهاني) وشەی (ینالتگین)ی خستووەتە سەر ناوی ئەم میرە ـ (الفتح القسي، ٢٩٨، ط لیند).

(٤) ابن الأثیر، الباهر، ١٧٧. الکامل، ١٢/ ١٥٣.

(زین الدین یوسف) بە چاکەکار و چاوتێر و خێرخواز ناو دەبات و گەلێکیشی بە شان و باڵدا هەڵداوە[١]. (ابن تغری بردی)یش دەڵێت: (زین الدین یوسف) میرێکی مەزن و ئازا و بوێر و قاڵ بووە[٢]. وەلێ ئەم دوو مێژوو نووسە و - هی دیکەش - لەبیریان چووە هەندێکیش لە ڕەوش و ئیشی باس بکەن، دووریش نییە، ئەم لەبیرچوون و کەمتەرخەمییە، میرانی دیکەشی بێبەخت کردبێت.

هەندێکان ئەم کەمتەرخەمییە بەوە لێك دەدەنەوە کە ڕەوشتی (زین الدین علی کچك)ی باوکی و ڕەوشتی (موزەففەرەددین گۆکبوری)ی مامی غەڵەبەی لەسەر ڕەوشتی ئەمیشدا کردووە[٣]. هەرچەندە ئەم قسەیە ڕاستە، وەلێ ناوبانگی (زین الدین یوسف ینالتگین) نەگەیشتبووە ناوبانگی باوکی و برایەکەی. بەلام ئەم بۆچوونە پاساوی ئەو کەمتەرخەمییەی تێدا نییە کە بزانین بۆچی مێژوونووسان باسی ڕەوشتی ئەم میرەیان پشتگوێ خستووە؟ بە پێچەوانەوە، هەق وابوو، لەبەر ناوبانگی باوکی و براکەی، باسی ڕەوشتی ئەمیشیان کردبا، نەخاسمە، ئەم میرە (واتا زین الدین یوسف) نزیکەی بیست ساڵ (٥٦٦ك/ ١١٧٠ز) - (٥٨٦ك/ ١١٩٠ز) لە هەولێردا حوکمی کردووە.

خۆ ئەگەر ئەو ماوەیەشی لێ لابدەین کە لەبەر منداڵی، دەسەڵاتی حوکمڕانی نەبووە و، (مجاهد الدین قایماز) لەجیاتی ئەو ئەمارەتەکەی بەڕێوە بردووە، ئەوا، ئەو ماوەیەی کە بە ڕاستەقانی حوکمی ئەمارەتەکەی تێدا کردووە. لە (٥٧١ك/ ١١٧٦ز)ەوە دەست پێ دەکات تاوەکو (٥٨٦ك/ ١١٩٠ز)، واتا لەو ساڵەوەی کە (مجاهد الدین قایماز) هەولێری بەجێ هێشت تا قەڵای موسڵ بگرێتە دەست و، ببێتە بریکاری ئەتابەگ لە موسڵ (٥٧١ك)، لەو کاتەوە، (زین الدین یوسف) - بەدەستی

---

(١) الفتح القسي في الفتح القدسي، ط لندن، ١٨٨٧، ص ٢٩٨.

ئەوەی (ابو شامة)یش کە لە (الروضتين) ٢/ ١٦٤دا باسی دەکات، هەر لەوی وەرگرتووە.

(٢) النجوم الزاهرة، ٦/ ١١٢.

(٣) د. طليمات، مظفر الدين گۆكبوری امير أربل، ص ٤٨.

خۆی - حوكمی ئەو ئەمارەتەی كرد تا لە ساڵی (٥٨٦ك)دا گیانی سپارد.

(عباس العزاوي) لەم ڕووەوە دەربارەی كەمتەرخەمیی مێژوو نووسان كە باسی ڕەوشتی ئەم میرەیان نەكردووە، دەڵێت: عاجباتییە، مێژوو نووسان باسی كارەكانی ئەم میرەیان نەكردووە، تەنیا وەك چاو ترووكاندنێك یان وەك تیژیی بروسكەیەك بەسەریدا تێپەڕیون[1]. لەبەر ئەوە لە چالاكییە سەربازییەكانی زێتر هیچی تر لەسەر ئیشەكانی نازانین. لە دوا دوای ساڵی (٥٧١ك/ ١١٦٧ز)دا ئەتابەگی موسڵ (سیف الدین غازی)، (مجاهد الدین قایماز)ی لە هەولێرەوە بانگ كرد بۆ موسڵ بۆ ئەوەی بیكات بە بریكاری خۆی[2]و سوود لە ئەزموونە سەربازییەكانی كە لە كۆمەكی سەلاحەددینی ئەییوبیدا فێری ببوو ببینێ و گوێ لە ئامۆژگارییەكانی بگرێت. جا، ئەم بانگكردنە و، ئەم دووركەوتنەوەیەی (مجاهد الدین قایماز)ە لە هەولێر، بوو بە هەلێك و، بۆ (زین الدین یوسف) ڕەخسا، كە بەبێ كێبڕكێ، بەتەنیا، دەست بەسەر حوكمدا بگرێت، ئەوەبوو كاتێكیش هێز و توانستی بەخۆیەوە دی، ئیدی ئاڵای یاخیبوونی لێ هەڵكرد و، ئەمارەتی ئەربیلی لە موسڵ جیا كردەوە، پاشانیش خۆی گەیاندە ڕیزەكانی سەلاحەددینی ئەییوبی و، ملی ئیتاعەتی بۆ كەچ كرد و[3]، ئەتابەگییەكی لە موسڵ دابڕاوی دامەزراند.

سەرچاوەكانیش تەكەز دەكەن كە (زین الدین یوسف) دوای ئەو بەرواره، دەسدایی ئەمارەتەكەی بە موسڵەوە نەهێشتووە. مێژوو نووسی پێوەندخۆش بە تەلاری موسڵەوە (ابن الأثیر) دەڵێت: كاتێ ئەتابەگ (عزالدین مسعود)، بریكارەكەی خۆی (مجاهد الدین قایماز)ی باڵبەست كرد، میری هەولێر ئەم هەلەی قۆستەوە و،

---

(١) عباس العزاوي، مقال (آل بكتكين امارة اربل في عهدهم)، في مجلة المجمع العلمي العربي - دمشق، مجلد ٢١، ص ٥٢٤.

(٢) ابن الأثير، الكامل، ١١/ ٤٣٤. ابن خلكان، وفيات الاعيان ٣/ ٢٤٦، ط ١٩٤٨.

(٣) الروضتين، ٢/ ٦١.

دابڕینی وڵاتەکەی لە ئیتاعەتی موسڵ ڕاگەیاند و، لە موسڵ جیا بووەوە(١). ئیدی هەولێر لەو بەروارەوە، بوو بە گرێیەك لە سەر دڵی سەرداری موسڵ(٢). پاشان (زین الدین یوسف) ئەم باسوخواس و کارانەی خۆی نارد بۆ سەلاحەددینی ئەیوبی و بۆی ڕاگەیاند کە ئەمارەتەکەی خۆی دەخاتە ژێر ئیتاعەتی ئەوەوە(٣).

هەرکە میری هەولێر، جیاکردنەوەی ئەمارەتەکەی خۆی لە موسڵ لە ساڵی (٥٧٩ك/ ١١٨٣ز)دا ڕاگەیاند و، چووە پاڵ مەملەکەتەکەی سەلاحەددینی ئەیوبی، ئنجا (عزالدین مسعود) بۆی دەرکەوت، ئەو ئیشەی ئەم میرە کردی، مەترسییەکی گەورەی بۆ ئایندەی ئەتابەگییەکەی دەبێت، کە لەوە دەچوو کەوتبێتە نێوان دوو ئاگرەوە، دوژمنێکی بوێر و جوامێر و کەڵە پیاو گەمارۆی داوە و بەتەمایەتی کە ناوی سەلاحەددینی ئەیوبییە.

ئیدی، ئەتابەگی موسڵ، لەوە زێتر کە هانا بەرێتە بەر خەلیفەی عەبباسی (الناصر لدين الله)، (٥٧٥ - ٦٢٢ك/ ١١٣٥ - ١١٨٠ز) ئەمە خوایە، ململانێی نێوان خۆی و سەلاحەددینی ئەیوبی ببڕێنێتەوە، هیچ دەسەڵاتێکی دیکەی نەمابوو. ئەوەبوو خەلیفەش کەوتە نێوانیان و، کاربەدەستێکی دیوانی خۆی (شێخ الشيوخ صدرالدين عبدالرحيم بن اسماعيل)ی نارد بۆ موسڵ و، لەوێش نوێنەرێکی ئەتابەگی (قاضي القضاة أبو حامد محي الدين محمد بن كمال الدين محمد بن عبدالله بن القاسم الشهرزوري)ی لەگەڵ کەوت و، بوون بە شاندێك. شاندەکە گەیشتە دیمەشق و سەلاحەددینیش لە دیمەشق بوو(٤). دانوستان لەنێوان هەردوولادا دەستی پێ کرد،

---

(١) الكامل، ١١/ ٥٠٠.

(٢) م. ن. ص

(٣) ن. ص.

ابو شامة، الروضتين، ٢/ ٥٤. ابن واصل، مفرج الكروب، ٢/ ١٥٢... تەنێش، هەر (ابن العبرى) دەڵێت: هەولێر لە ساڵی (٥٨١ك)دا کەوتە ناو دەوڵەتی سەلاحەددینەوە، بنۆڕە کتێبەکەی:

The Chronography V. I, P. ٣١٧.

(٤).سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٨/ ٣٧٨.

كتاب الروضتين، ٢/ ٥٣ ـ ٥٤.

مفرج الكروب، ٢/ ١٥٦.

بەڵام گیر و گرفتی تێ کەوت، نوێنەری موسڵ سوور بوو لەسەر ناوبردنی هەولێر لە ڕێکەوتننامەکەدا[1]، واتا دانوستانەکە لەسەر چارەنووسی هەولێر بکرێت و سەرداری هەولێر ئەو مافەی نەبێت بەهەوەسی خۆی هەولێر بخاتە سەر دەوڵەتێك خۆی بیەوێت، چونکە نوێنەری سەرداری موسڵ دەیزانی سەرداری هەولێر لە لایەنی سەلاحەددینی ئەیوبی بەولاوە هیچ لایەنێکی دیکە بەگەن ناکات. بەڵام سوڵتان سەلاحەددین داخواستی ئەوەی موسڵی ڕەت کردەوە و، گوتی: سەرداری موسڵ ماق ئەوەی نییە باسی بابەتی هەولێر بێنێتە پێشەوە[2]، چونکە سەرداری هەولێر ئازادە چارەنووسی هەولێر دیاری بکات و بەپاڵ کام لایەن دەکەوێ، با بکەوێت، واتا، سوڵتان سەلاحەددین، ئامادە نییە هەولێر هەڕاج بکات (مساومة). (محي الدين) ڕازی نەبوو، گوتی: هەولێر هی ئێمەیە[3].

(محي الدين) کەوتە هەڕەشە کردن و گوتی: ئەگەر سەلاحەددین پرۆژەکەی بداتە دواوە، ئەوا، ئەتابەگی موسڵ داوای کۆمەك لە شایەکانی عەجەم دەکات (واتا وڵاتی جیاکان و ئازەربێجان). سەلاحەددینی ئەیوبی گوێی بەو هەڕەشەیە نەدا و، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هەولێر لەگەڵ خۆیەتی و[4]، بەرپەرچی هەڕەشەکەی نوێنەری موسڵیشی بە هەڕەشەیەکی توندتر دایەوە و[5]، وێڕای ناوبژیوانییەکەی بەغدایش، دانوستانەکە سەری نەگرت. ئیدی بەو جۆرە، ڕەوشتی نوێنەرەکەی موسڵ، مەسەلەی چارەسەر و یەکلاکردنەوەکەی - وەك سێر هاملتۆن دەڵێت - خستە

(١) ابن شداد، النوادر، ص ٦٥.

(٢) الكامل، ١١/ ٥٠٠.

(٣) م. ن. ص: ٥٠١.

(٤) م. ن. ص.

Setton, A History of The Crusades V. 1, P. ٥٧٩.

(٥) العماد الكاتب الاصفهاني، البرق الشامي، على الصفحة ١١٦ من كتاب السير هاملتون جب، (صلاح الدين).

مرآة الزمان، ٨/ ٣٧٨.

خانەی گرێ کوێرەوە[1].

(ابن الأثیر) دەڵێت: سەلاحەددینی ئەیوبی دەیزانی کە دۆخی موسڵ لاوازە و کەوتووەتە لێژی و، ئاگاشی لە ململانێی ناو تەلاری حوکمی موسڵ هەبوو، کە بە فیتی دوو میری گەورەی موسڵ (عزالدین زلفندار و، شرف الدین أحمد بن أبو الخیر)، ئەتابەگی ئەم شارە، بریکارە تواناکەی خۆی (مجاهد الدین قایماز)ی دەستبەسەر کرد و، ئەو دوو میرە گەورەیە جێگای بریکارە بەندکراوەکەیان گرتەوە[2]. لەبەر ئەوە، سەلاحەددین بەسەر ئەم لاوازییەوە نەچوو، لەسەر مەسەلەی هەولێر زێتر پێی داگرت و مکوڕ بوو.

هەرچی (زین الدین یوسف)ە، ئەوە، ئەو، لە بەلای ئەتابەگی موسڵ بەسڵ بوو، لەوە دەترسا ئەمارەتەکەی لەناو ببات هەرچەندیشە سەر بە سەلاحەددینی ئەیوبی بوو، لەبەر ئەوە دەیویست ڕاگەیاندنێکی فەرمیی لە سوڵتانەوە دەستکەوێ، تێیدا، سوڵتان سەلاحەددین پشتگیری لە هەولێر بکات و، لە هەر دەستدرێژییەکی چاوەڕوانکراو بیپارێزێت و، سنووری ناوچەکانی ئەمارەتی هەولێریشی بۆ دیاربکات کە خۆی دایمەزراندبوو. سوڵتان سەلاحەددینیش دەستبەجێ لە بڵاو کراوەیەکدا[3] لایەنگیری و پشتگیریی لە هەموو ئەو هێزانە ڕاگەیاند کە دەستی یارمەتی بۆ ئیسلامەکانی شەڕی خاچدروشمی دوژمن درێژ دەکەن و، هەر کۆمەڵ و هێزێکیش بە هەوەسی خۆی ڕەفتار بکا و ئایین و هەق و هەقیانەت وەلاوە بنێ و ناهەقی بکا و یارمەتی موسوڵمانان نەدات (لێرەدا مەبەستی یەکەمی لە موسڵ بوو)، ئەوا جەنگی لە دژ بەرپا دەکات.

سەلاحەددینی ئەیوبی، مەبەستی لە دەرهێنانی ئەو بڵاوکراوەیە ئەوە بوو کە هەڵوێست بەرامبەر بە هەڵوێستی ناڕەوای موسڵ پێشان بدات، چونکە ئەو کات

---

(١) جب، صلاح الدین، ص ١٩٧.

(٢) الکامل، ١١/ ٤٩٩ ـ ٥٠٠.

(٣) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

هەڵوێستی موسڵ بەرامبەربە شەڕی خاچدروشمان کە سەلاحەددین فەرمانداریی دەکرد، خراپ بوو. زیاد لەوەش، سەلاحەددین کۆمەکی بە سەرداری هەولێر دژ بەموسڵ، کرد. ئەم بلاوکراوەیە، سنووری ئەو ناوچانەشی دەستنیشان کرد کە کەوتنە ناو ئەمارەتی هەولێرەوە. واتا، سەرباری هەولێر هەموو ئەو ناوچانەشی گرتەوە کە زێی بچووکی پێدا دەڕوات، بە شارەزوور و مەڵبەندەکانی هەوارگەی (بنی قفجاق) [1]و هەوارگەی (القرابلی) [2]و (الدست) [3]و (الزرزارية) [4]ی سەر بە شارەزووریشەوە.

بەم بلاو کراوەیە سنووری ئەتابەگایەتی هەولێر دیاری کراو سیماکەی ڕوون بووەوە، کە هەموو ناوچەکانی نێوان دیجلە - لە ڕۆژاواوە - تا، هەردوو زێ - لە باکوور و باشوورەوە - ی دەگرتەوە و، لە ڕۆژهەلاتیشەوە گەیشتە ئەوپەڕی شارەزوور و

---

(١) پێدەچێ، مەبەستی لە ئەمارەتی هۆزی (قفجاق) - الأمارة القفجاقية - بێت، کە لە ناوچەیەکی نزیك هەولێر دامەزرابوو، شارەزوور و قەلاکانی شارەزووریشی دەگرتەوە: (الكامل، ١١/ ٧٥. الباهر، ٥٧). هەروەها (الكرخاني - الكرخيني) واتا کەرکووکی ئێستایشی، کە لە هەولێرەوە نزیکە، دەگرتەوە، بنۆڕە: (ابن شداد، النوادر، ١٩٨. أبو شامة، الروضتين، ٢/ ١٩٣. وفيات الاعيان، ٣/ ٤٥٨، ط بيروت). سەیری بابەتی: (پێوەندی لەگەڵ ئەمارەتی "القفجاقيه"دا بکە).

(٢) لە (معجم ياقوت البلدانی)دا پێناسە نەکراوە، هەروەها لە کتێبەکانی دیکەی (البلدانيين)یشدا ناوی نەهاتووە. ڕەنگە مەبەستی لە (دربند قرابلي) بێت کە (ابن الأثير، لە - الكامل، ١٢/ ٥٦ ناوی هێناوە). (د. احسان عباس)یش لە پەراوێز (٢)ی (وفيات الاعيان)دا، ط بيروت، ٧/ ١٧٢، دەڵێت: دەربەند لە ئەیالەتی (کرکور)ە، دەکەوێتە سەر کەناری ڕۆژاوای دیجلە، ڕەنگە دەربەندی بازیانی ئێستای مەبەست بووبێت.

(٣) (الدست): لەوەدەچێ (الدست) نەبێ، (دەشت) بێت، (ياقوت) باسی دەکات و دەڵێت کەوتووەتە نێوان چیاکانی هەولێر و تەوریزەوە، شارۆچکەیەکی ئاوەدانە و خێروبێرێکی زۆری هەیە و، خەڵکەکەی هەموویان کوردن، (معجم البلدان، ٢/ ٤٥٦)

(٤) (الزرزارية)، کتێبگەلی (البلدانيين) پێناسەی ناکەن، بەلام لە ناوەکەیرا دیارە مەبەستی شوێنی زراریەکانە.

قـەڵا و مەڵبنـەدەکانی شـارەزوور. سـەلاحەددینی ئـەیوبی دەیویـست ئـەمارەتێکی مەزن و بەهێز لە ناوجەرگەی ناوچـەیەکی نـەیاری خۆیـدا دامـەزرێنێت کـە لـە لای ڕۆژهەڵاتییەوە بە (وڵاتی چیا) بە سەرۆکایەتی (شمس الدين البهلوان محمد ابن ايلدكز (ت ٥٨٢ك/ ١١٨٦ز) [1]و بە وڵاتی ئازەربێجان بە سەرۆکایەتی (قـزل أرسـلان عثمـان بـن ايلـدكز) - لەسـاڵی (٥٨٧ك/ ١١٩١ز) [2]دا کـوژرا - کـە هـەردووکیان نـەیار و دوژمـنی بـوون[3]، دەورە بـوو.. لـە لای ڕۆژاوایـشەوە ئەتابەگایـەتیی موسـڵ دەورەی دابـوو کـە هـەتا سـاڵی (٥٨١ك/ ١١٨٥ز)یـش دوژمنایـەتیی سـەلاحەددینی دەکـرد، کـە ئیـدی لـەو سـاڵەدا پەیماننامــەی تــەبایی لــە نێــوان هــەردوو لادا مــۆرکرا و بــەپێی ئــەو پەیماننامەیەش، موسڵ کەوتە ژێر ڕکێفی سەلاحەددینی ئەیوبییەوە[4].

(زين الدين يوسف ينالتگين) بەسەر تالانكاراندا سەرکەوت:

ئەتابەگ (عزالدين مسعود) بۆی دەرکەوت کە بەنـد کردنـی بریکارێکی توانـا و زیرەکی وەك (مجاهدالـدين قايمـاز) لـە ئـازاری ئـەو و، دامـاوی و دەسەپاچـەیی خـۆی بەرامبەر بـە سـەلاحەددین هیـچی تـری تێـدا نییـە و هەسـتی کـرد کەسێکی وەهـای نەماوە، لەم دۆخە ناهەموارە و پێگە شلۆقەیدا پـرس و ڕایـەکی پـێ بکـات. هـەروەها بۆیشی ساغ بووەوە، ئەو دوو میرەی، جێگای ئەم بریکارەیـان لـە ئەتابەگایەتییەکەدا گرتووەتەوە، نەیانتوانیوە جێگای پڕ بکەنەوە. لەبەر ئەوە، ئـازادی کـرد، بـەڵام پـاش ئەوەی نزیکەی دە مـانگی لـە زینـدانـدا کێشا[5]. لەسـەر تکـای (شمـس الـدين البهلـوان

(١) الكامل، ١١/ ٥٢٦.
(٢) م. ن. ١١/ ٧٥ ـ ٧٦.
(٣) م. ن. ١١/ ٥٠٤. مرآة الزمان، ٨/ ٣٧٨.
(٤) الكامل، ١١/ ٥١٧. الروضتين، ٢/ ٦٤.
(٥) الباهر، ص ١٨٤.

محمد بن ایلدکز) سەرداری وڵاتی چیا[١]، لە زیندان دەری کرد.

هەر، کە (مجاهد الدین قایماز) بەردرا، (عزالدین مسعود) ناردی بۆ لای سەرداری وڵاتی چیا و (قزل أرسلان عثمان بن ایلدکز) برای کە سەرداری وڵاتی ئازەربێجان بوو بۆ هانابردن و داوای کۆمەککردن دژ بە سەلاحەددینی ئەیوبی و سەندنەوەی هەولێر کە کەوتبووە ژێر ئاڵای سەلاحەددینەوە[٢]. پێش ئەمەش، باسی (قاضي القضاة ابا حامد محي الدين) مان، کرد کە بە نوێنەرایەتیی ئەتابەگی موسڵ، چوو بۆ دیمەشق و لەگەڵ سەلاحەددین کەوتبووە دانوستان و هەڕەشەی لێ کردبوو کە ئەتابەگی موسڵ ناچار دەبێ هانا بەرێ بۆ هەردوو سەردارەکەی وڵاتی عەجەم، "مەبەستی لە هەردوو کوڕەکەی - ایلدکزە - کە باسمان کردن"، هەردووکیان دەکات بە گژیا، ئەگەر سوور بێت لە سەر موڵکایەتیی هەولێر[٣]، برایان (بهلوان و، قزل أرسلان) کە نەیاری سوڵتان بوون، دەیانزانی ئەگەر هەولێر بچێتە ژێر ئاڵای سوڵتان سەلاحەددینەوە، کێشە و مەترسییەکی گەورەیان بۆ پەیدا دەبێت، نەخاسمە بەپێی بڵاو کراوەکەش سنووری هەولێر دەبوو بگاتە سنووری وڵاتەکانی ئەوان واتا، بگاتە سنووری وڵاتی چیاکان و سنووری ئازەربێجان.

(مجاهد الدین قایماز) لەبەرایی ساڵی (٥٨٠ك/ ١١٨٤ز)دا، لە موسڵ دەرچوو، بەرەو وڵاتی عەجەم کەوتە ڕێ، تا گەیشتە ئازەربایجان و، لەوێ خۆی گەیاندە لای سەردار (قزل أرسلان)، ئەویش بەگەرمی پێشوازیی کرد و، دەستبەجێ ئامادەگی خۆی نیشان دا بۆ بەدەنگەوە چوونی ئەتابەگ (عزالدین مسعود) و پێیشی گوت کە پێویست ناکات بچێت بۆ لای (البهلوان ابن ایلدکز)ی برای، ئنجا هەڵگەڕایەوە و پێیگوت:

---

(١) الکامل، ١١/ ٥٠٤.

(٢) م. ن. ص.

(٣) العماد الکاتب، البرق الشامي، علی صفحة (١١٦) من کتاب السیر هاملتون جب.

صلاح الدین، مرآة الزمان ٨/ ٣٧٨.

"ئەوەی دەتەوێ، مـن دەیکەم"[١]، پاشـان لەشـکرێکی سـێ هـەزار سـواری خـستە ژێـر دەستی، (مجاهد الدین قایماز) و بەرە و هەولێر بەرێی خـستن بـەنیازی گـەمارۆدان و داگیر کردنی شارەکە، بەڵام سەربازەکان بـەر لـەوەی بگەنـە نـاو جەرگـەی ئـەمارەتی هـەولێر، هـەر بـەدەم رێـوە، لـە شارۆچـکە و گوندەکانـدا کەوتنـە دەسـتدرێژی و کاولکاری، گوندەکانیان وێران و تاڵان دەکرد، دەسـتیان بـۆ ئافرەتـان دەبـرد و، بـەزۆر ڕاپێچیان دەکردن[٢].

هەواڵ و باسوخواس گەیشتە میر (زین الدین یوسف ینـالتگین)، وەلـێ، ئـەم دۆش دانـەما، ناچـار هەسـتا لەشـکرێکی تـەیار و ئامـادە کـرد و بـەرەو ڕووی چـەتە و هێرشهێنان کەوتە ڕێ و ئازایانە و ژیرانە بـۆ بـەرەنگار بوونـەوەیان کەوتـە پـیلان و تـەگبیر، ئـەو دەیزانـی کـە ناتوانێـت بـە یـەك تـەکان لەگـەڵ سـێ هـەزار جەنگاوەردا دەسـەو یەخـە بکەوێتـە پـەلامار، لـە لایـەکی تریـشەوە، نـەدەبوو گوریـسیان بـۆ شـل بکات و بە هەوەسی خۆیان بکوژن و ببڕن و تاڵان بکەن و ئاگری شەڕ و بەڵایان لـەوە زیاتر بتەنێتەوە. بەڵام خواو ڕاسان و خۆشبەختانە دیتی، وا دوژمنان بە گوندەکاندا بڵاو بوونـەتـەوە و، هـەر گرووپـەو بـە لایەکدا سـەرگەرمی تـاڵان و بـرۆن - ئـەمیش نەیهێشت بە سەریانەوە بچێت، زۆر بەخێرایی پشتی لێیان گـرت و، هـەر گرووپێکـی دیتبا یەکەم جار، بەخۆی و بە قورسایی لەشـکرەوە دەیـدا بەسـەریاندا. کوشـتارێکی زۆر لـە نێوانیانـدا ڕووی دا، تـا، بەتـەواوی بەسـەریاندا سـەرکەوت و دوژمـنی بـەزیو هەڵات و کەلوپەلی زۆر و چەك و تفاق و وڵاغێکـی زۆری بـەجێ هێـشت. بـەو جـۆرە ئەو عەجەمانە بە دەستی بەتاڵ بەرەو پاش لەکوێوە هاتبوون بۆ ئەوێ گەڕانەوە[٣].

وا دیارە (مجاهد الدین قایماز) نەیدەویست مەسـەلەکە بگاتـە ئـەو ئاسـتە و تۆڵـە لە خەڵکەکە بکرێتەوە. ئەو گەلێکی لە شان گران بوو ئەو هێرشبەرانە بکەونە تاڵان

---

(١) الکامل، ١١/ ٥٠٤.

(٢) م. ن. ص.

(٣) م. ن. ص.

و سووتاندن و ڕاپێچانی ئافرەتان، چونکە ئەو ڕەفتارانە بە دڵی ئەو نەبوون و بە پیاوێکی ئاییندۆست ناسرابوو[١]، وەلێ هیچی پێ نەدەکرا و، نەیدەتوانی بەر لەو سەربازانە بگرێت. (ابن الأثير) دەڵێت: (مجاهد الدين قايماز) دوای شکان و هەڵاتنی هێزەکانی، گەڕایەوە بۆ موسڵ و، دەیگوت: من هەتا ئێستاش چاوەڕوانم خوا تۆڵەی ئەو خراپەکارییەم لێ بکاتەوە کە عەجەم کردی، ئەوەی من لەوانم دی، قەت بە خەیاڵمدا نەدەهات ئیسلام بە ئیسلامی بکات، من دەمگوت: مەکەن، بەڵام ئەوان گوێی خۆیان لێ کەڕ کردبوو، تا، ئەو بەزینە، بەزین[٢].

بەڵام ئەگەر لەشان هەولێرەوە سەیری ئەو هەڵاتنە بکەین، دەبینین ئەو سەرکەوتنەی سەربازانی هەولێر بەسەر ئەو جەردە و چەتانەدا بەدەستیان هێنا، هێز و توانستی ئەم ئەمارەتەی پێشان دا و، دەری خست کە دەتوانێ دژ بە داگیرکەرانی دەرەکی بووەستێ و، بوون و سەربەخۆیی خۆیشی لە ئەتابەگایەتیی موسڵ بپارێزێت.

میر (زين الدين يوسف) بەپێویستی زانی باسی ئەم ڕووداوانە بگەیێنێتە سەڵاحەددینی ئەیوبی، ئەوەبوو نوێنەری خۆی نارد بۆ دیمەشق، سووڵتان بەم کارەساتە زۆر تووڕە بوو، کەوتە ئامادەسازی بۆ تۆڵە سەندنەوە لە ئەتابەگ، ئنجا، لەپایزی ساڵی (٥٨١ك/ ١١٨٥ز)دا بەرەو موسڵ کەوتە ڕێ[٣] و گەیشتە (کفر زمار)[٤]،

---

(١) م. ن. ص. هەروەها: ابن شداد، النوادر: ٦٧.

ابن العديم، زبدة حلب، ٣/ ٨٠.

ابو شامة، الروضتين، ٢/ ٦٠. ابن واصل، مفرج الكروب، ٢/ ١٦٣.

ابن خلدون، كتاب العبر، ٥/ ٥٨١. Setton, V. I. P. ٥٨٠.

(٢) الكامل، ١٢/ ١٥٣ ـ ١٥٤. الباهر، ١٩٣.

وفيات الاعيان، ٣/ ٢٤٦. ابو الفداء، المختصر في اخبار البشر، ٣/ ٩٧.

(٣) كتاب الروضتين، ٢/ ٦٠.

(٤) (کفر زمار): گوندێکە لە گوندەکانی موسڵ، معجم البلدان، ٤/ ٤٦٩.

وەلێ نەیتوانی درێژە بە رێگا بدات، دیارە زانیبووی بۆی ناکرێ موسڵ داگیر بکات[١].

ئەم تەکانەش، تەکانی سێیەم و (دوا تەکان)ی بوو دژ بەم ئەتابەگایەتییە[٢].

سەلاحەددینی ئەیوبی، دوو مانگ لە (کفر زمار) مایەوە، لەو ماوەیەدا تەتەر لەنێوان خۆی و ئەتابەگی موسڵدا دەهاتن و دەچوون، تا، لەئەنجامدا ئاشت بوونەوە - (ابن شداد) دەڵێت: موسڵ ناچار بوو ئەم سوڵحە مۆر بکات چونکە ئەتابەگی موسڵ (عزالدین مسعود) نەیتوانی هیچ کۆمەکێ، نە لە بەغدا و نە لە هەردوو مەلیکەکەی عەجەم (البهلوان و، قزل أرسلان) وەربگرێت و تەنانەت کەف و کولێکی درۆیشیان دژ بە سەلاحەددین دەست نەکەوت[٣]. لەبەر ئەوە، ئەتابەگ نەخۆشکەوتنی سەلاحەددینی بە هەل زانی و، دەشیزانی کە سەلاحەددین لەم بارەدا قسەی ناشکێنێ و دڵیشی نەرمە[٤]. ئیدی بەم تەبایینامەیە پێکدادانی نێوانیان کۆتایی هات کە لە دە ساڵ پتر درێژەی کێشا. (مجاهد الدین قایماز) رۆڵێکی بەرچاوی لە مۆرکردنی ئەو تەبایی نامەیەدا گێڕا[٥].

بەپێی ئەم تەبایینامەیەش، ئەمارەتی موسڵ کەوتە ژێر ئاڵای سەلاحەددینی ئەییووبییەوە، ئیدی ناوی سوڵتان سەلاحەددین کەوتە سەر خوتبە و دراویش[٦] و

---

(١) الکامل، ١١/ ٥١٧.

(٢) تەکانی یەکەم لە ساڵی (٥٧٨ك) و، تەکانی دووەم و سێیەم لەساڵی (٥٨١ك)دا رووی دا.

(٣) ابن شداد، النوادر السلطانیة، ص: ٧٠.

(٤) ن. م. ص.

ئەم مێژوو نووسە، بە قسەکانیدا دەردەکەوێ کە موسڵاوییەکان ناردبوویان، ئەوەتا دەڵێت: "ناردمیان بۆ ئەم ئیشە - واتا بۆ سوڵحاندن - (لە ساڵی (٥٧٩ك)یشدا ئەتابەگ - عزالدین مسعود - ئەوەبوو، ناردی بۆ لای خەلیفە (الناصر لدین الله) بۆ ئەوەی لەگەڵ سوڵتان سەلاحەددین ئاشتی بکاتەوە. بنۆڕە: النوادر السلطانیة، ص: ٦٤، ٧٠.

(٥) الکامل، ١١/ ٥١٧.

(٦) ن. م. ص. مرآة الزمان ٨/ ٣٨٤.

الروضتین، ٢/ ٦٤.

مفرج الکروب، ٢/ ١٧٢.

المقریزي، السلوك، ١/ ٨٩ - ٩٠.

ناوی سوڵتانی سەلجووقییان لەسەر نەما و، ئەمارەتی هەولێریش ئیتر ترس و گێچەڵی موسڵی لەسەر ڕەوییەوە.

بەشداربوونی (زین الدین یوسف ینالتگین) لە شەڕەکانی خاچدروشمان و، مردنی لە ساڵی (٥٨٦ك/ ١١٩٠ز)دا:

سەرداری هەولێر، هەرچەندە، لەبەلای موسڵ دڵنیا ببوو، وەلێ هەولێری بەجێ نەهێشت و، بۆ ئەو شەڕەش نەچوو کە سەلاحەددینی ئەییوبی دژ بە خاچدروشمانی دەکرد، پێدەچێ ترسی لەوە بووبێت غەدرێك لە هەولێر بکرێت، نەخاسمە لە لایەن (قزل أرسلان عثمان کوڕی ایلدکز)ەوە کە سەرداری ئازەربێجان بوو، ئەوەبوو کە لە ساڵی (٥٨٢ك/ ١١٨٦ز)[1]دا (شمس الدین بهلوان محمد کوڕی ایلدکز)ی برای مرد، ولاتەکەی ئەویش کەوتە سەر ئازەربێجان و، مەملەکەتەکەی - قزل ارسلان - هەندەی دی زیادی کردبوو، وەکو باسیشمان کرد (زین الدین یوسف) کوتەکی جەرگبڕی لەو لەشکرە گەورەیە وەشاندبوو کە سەرداری ئازەربێجان لەگەڵ (مجاهد الدین قایماز) لە سەرەتای ساڵی (٥٨٠ك/ ١١٨٤ز)[2]دا بەرەو هەولێری ناردبوو، واتا، لەو کۆنە قینەش ترسی هەبوو.

وا دیارە، سەرداری هەولێر (زین الدین یوسف) لە ساڵی (٥٨٥ك/ ١١٨٩ز)دا بەشداریی لە شەڕی خاچدروشماندا کردبێ، واتا ئەوکات کە سەلاحەددینی ئەییوبی، لەگەڵ میرەکانی تردا، بۆ شەڕی خاچدروشمان داوای کردبوون[3]. ئەوە بوو، (زین الدین یوسف)یش چوو بە دەنگییەوە و بە (لەشکرێکی چاك و ورەیەکی چاکترەوە) لە لای سەلاحەددین ئامادە بوو[4]، سەلاحەددین جێگای تایبەتی لە ڕیزەکانی

(١) الکامل، ١١/ ٥٢٥.

(٢) م. ن. ١١/ ٥٠٤.

(٣) الروضتین، ٢/ ١٥٠. مفرج الکروب، ٢/ ٣٠٦.

(٤) ابن شداد، النوادر السلطانیة، ص ١٢٣.

لەشکردا بۆ میرەکان دانابوو، کاتێکیش سەرداری هەولێر گەیشتە لای، ڕێزی لێنا و، لە قۆڵی چەپی لەشکرەوە، لەگەڵ (موزەففەرەددین گۆگبوری)ی برای جێگای بۆ کردەوە، کە (موزەففەرەددین)ی برای، ئەوکات سەرداری (حران) و (الرها) بوو، ئەویش لەگەڵ لەشکری سەلاحەددیندا ڕیزی گرتبوو.

(عماد الاصفهانی) بە وشەگەلی هاوئاهەنگ (سجع)، بەسەر شادیی ئامادەبوونەکەی سەرداری هەولێر و لەشکرەکەیدا هەڵدەڵێت و، دەڵێت: "زین الدین یوسف کوڕی زین الدین علی کچك، سەرداری هەولێر گەیشتە جێ، ئەو میرە، خێرکەردەیە و لێبووردەیە، ئومێدچێن و خانەدانە، خاوەن دیوەخان و نانە، پیاوێکی ئەسڵ و ڕەسەنە، خاوەن ڕەوشتی پەسەنە، لەشکرەکەی دەگرمێنێ، هەر دەڵێی تاوی بەهارە، هەوران لە زێڵاوە دێنێ، باران دێنێ، هەرد و وەردان دەنەخشێنێ، خەلە دێنێ، خەرمان دێنێ، بەچەشنی گوانی حوشتران کاسە و جامی پڕ لە شیرە، بۆ سەربازە، بۆ ئەمیرە، بۆ وەزیرە، بۆ گزیرە. ئەو ئەمیرە، چەندی حەزکەی بە تەگبیرە، خەڵکێکی زۆری لەگەڵە، بەکاوە خۆ و نە شڵەژاوە، ترسی لەدڵ دەرهێناوە، نوخشەی ئارامیی لێداوە، موژدەی غەڵەبەی هێناوە... ئەمە یەکەم جاری بوو چاوی بە سوڵتان ڕوون بێتەوە و، سوڵتانیش ڕێزی لێنا و بەرەکەتی بەسەردا داباراند... حەشاماتێکی زۆری لەگەڵدا بوون، سەربازانە ڕیز کرابوون، وەستایانە ساز درابوون، میری هەولێر بە فەرمانی سوڵتان، لەنزیك (موزەففەرەددین)ی برایەوە کەوتە قۆڵی چەپی لەشکر و، ترسێکی زۆری خستە دڵی دوژمنانەوە".

(مردنی- زین الدین یوسف ینالتگین):

سەرچاوەکان، باسی بزاڤ و چالاکیی سەربازیی (زین الدین یوسف) ناکەن، ئەویش، تا سەر، لەسەر شەڕ، بەردەوام نەبوو، چونکە لە یەکەم شەڕیدا، لەمەیدانی شەڕی خاچدروشماندا، بەرێکەوت، گیانی سپارد، ئەوەبوو، لە ڕەمەزانی (٥٨٦ك/ ١١٩٠ز)دا نەخۆشکەوت، پێدەچێ لەرز و تای بوو بێ، ناوە ناوە تای لێ دەهات،

دەیخست، لەبەر ئەوە نەیتوانی لەڕیزی لەشکر بمێنێتەوە.

ئەوەبوو، داوای کرد کە سوڵتان ئیزنی بدات بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، وەلێ سوڵتان ئیزنی نەدا، ئنجا داوای لێ کرد ڕێگای بدات بچێت بۆ شاری (الناصرة) لە فەلەستین، سوڵتان بەم داوایەی قایل بوو.

(زين الدين يوسف) قەڵاکاری (الخروبة)[1]ی بەجێ هێشت کە کەوتبووە نزیک (عكا)وە، گەیشتە (الناصرة)، لەوێ بە دەرمان و چارەسەرەوە، ماوەیەك خەریکی خۆی بوو، بەڵام بێ هوودە بوو، تایەکەی هەتا دەهات گەرمتر دەبوو، ئەنجام، کۆڵی پێ دا و خستی، شەوی (٢٨)ی ڕەمەزانی[2]هەمان ئەو ساڵە تەواو بوو (مرد). (موزەففەرەددین گۆکبوری) برای بە دیاریەوە بوو، خەڵکی بەمردنی خەمناك بوون، چونکە (زين الدين يوسف) هێشتا لە بەرایی تەمەنیدا[3]بوو، دیارە و ئاخریش بوو[4].

(١) (الخروبة): قەڵاکارێکە لە کەنارەکانی دەریای شام و، بەسەر (عكا)دا دەڕوانێت. معجم البلدان، ٢/ ٣٦٢.

(٢) وەك لە: (الروضتين ٢/ ١٦٤) و لە (مفرج الكروب ٢/ ٢٣٩) و لە (وفيات الاعيان ٣/ ٢٧٢)دا هاتووە. وەلێ (ابن شداد) دەڵێت: لە ١٨ی ڕەمەزاندا گیانی سپارد. بنۆڕە: النوادر: ١٤٤، هەروەهاش ئەوەی (عماد الكاتب). بنۆڕە: (الفتح القسي، ليدن، ص ٢٩٨.. لەکاتێکدا، ئەم دوو مێژوو نووسە، بەر لەم ڕووداوەش دەنگوباسی "ڕۆژی ١٩ی ڕەمەزانی هەمان ئەو ساڵەیان باس کردووە: (النوادر، ن. ص)، و (الفتح القسي ٢٩٦)، هەروەها (ابن الأثير)یش کە لە (العماد)ەوە وەری گرتووە: (الكامل ١٢/ ٥٦). هەروەهاش (الغساني، العسجد المسبوك، ص: ٤٣. بەڵام (ابو الفداء)، نەك، وەك ئەوان، ئەم دەڵێت لە (٨ی شوال)دا مردووە. بنۆڕە: المختصر، ٣/ ٧٩، هەروەها. (ابن الوردى) لە پاشکۆی (المختصر ٣/ ١٤٧)دا.

(٣) لە (مظفر الدين گۆکبوری)ی برای بچووکتر بوو، ئەو، لەساڵی (٥٤٩ك/ ١١٥٤ز)دا لە دایك ببوو. ئەمەش مانای وایە کە (يوسف) لە دەوروبەری نیوەی دەیەی چوارەمی تەمەنیدا بووە.

(٤) ابن شداد، النوادر السلطانية، ص: ١٤٤. سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٨/ ٤٠٧. ابوشامة، كتاب الروضتين: ٢/ ١٦٤. ابن واصل، مفرج الكروب، ٢/ ٣٣٩. تأريخ ابن الفراق، مجلد ٤، ج١، ص ٢٣٥.

(ابن شداد) کە ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە، بەچاوی خۆی دیویەتی، چونکە ئەو، لە بەرایی (جمادی الاولی/ ساڵی ٥٨٤ك/ ١١٨٨ز)ەوە[١]، چووبووە ڕیزەکانی لەشکری سەلاحەددینەوە و، هەر لەو بەروارەشەوە لەهەموو شەڕەکانی سەلاحەددینی ئەییوبیدا ئامادە دەبوو. (ابن شداد) دەستی کرد بە نووسینی ئەو ڕووداوانەی کە لەو ماوەیەدا بەچاوی خۆی دەیدین، یان کەسێکی کە بڕوای پێی هەبوو، بۆی دەگێڕایەوە[٢]. بەڵام سەیر لەوەدایە ئەوەی (ابن شداد) دەیگێڕێتەوە و، ئەوەی (العماد الكاتب الاصفهاني) دەیگێڕێتەوە ئاسمان و ڕێسمانە. خۆ، (العماد)یش لەو ڕۆژەوەی کە لە (جمادی الاولی/ ساڵی ٥٧٠ك/ کانوونی دووەمی ١١٧٤ز) [٣]دا چووەتە ڕیزەکانی لەشکری سەلاحەددینەوە، ئەویش شەڕەکانی سەلاحەددینی جێ نەهێشتووە. (العماد) ببوو بە نووسەری نهێنییەکانی[٤]سوڵتان تا ئەو ڕۆژەش کە سوڵتان لە ساڵی (٥٨٩ك)دا کۆچی دوایی کرد.

دەبینین، ئەم مێژوو نووسە بەجۆرێکی ئەوتۆ (موزەففەرەددین گۆکبوری) دەخاتە بەرچاو کە خۆزگەی بە مردنی براکەی خواستبێ، چونکە چاوی لە تەختی هەولێر بڕیبوو، بەئاواتیشەوە بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان بگەڕێتەوە و حوکمی هەولێر بگرێتەوە دەست. (العماد الكاتب) وەها باس دەکات کە (زين الدين يوسف ينالتگين) دەرمانیان بۆ پەیدا کردووە بەڵام لە کەسی وەرنەدەگرت تەنیا لە دۆستێکی خۆی نەبێ کە دەرمانی بۆ دەهێنا، چونکە لەوە دەترسا براکەی پزیشکێکی بنێرێتە سەر و بەیەکجاری لەکۆڵی بکاتەوە[٥]. بەڵام (ابن شداد) هەندە دەڵێت کە (زين الدين يوسف

---

(١) ابن شداد، النوادر، ص: ٨٧. ابن خلكان، ٦/ ٨٥، ط ١٩٤٨.

(٢) النوادر: ص. ن.

(٣) ابن خلكان ٤/ ٢٣٥.

الباز العريني. مؤرخو الحروب الصليبية، ص: ٢٢٩.

(٤) ابن خلكان: ص. ن.

(٥) الفتح القسي، ص: ٢٩٨، ط ليدن.

چەندین ڕۆژ بە دەستی خۆی چارەسەری نەخۆشییەکەی دەکرد، تا، مرد[١].

هەردوو مێژوو نووس (ابن شداد و، العماد) لەسەر ئەوە ڕێکن کە پزیشك نەچووەتە سەری، یەکەمیشیان بە قەتعی، باسی بزیشکی، هەر نەکردووە، وەلێ دووەمیان دەڵێ: (زين الدين يوسف) لە دەرمانی دۆستێکی خۆی زێتر[٢]، بە دەرمانی هیچ بزیشکێك قایل نەبوو. جگە لەوەش (ابن شداد) گومانی لە نیازی (موزەففەرەددین گۆگبوری) نەکرد، وەك (العماد) کردی، دووریش نییە (ابن شداد) لەبەر ئەوە بێدەنگ بووبێ کە سەروسەختێکی چاکی لەگەڵ (موزەففەرەددین گۆگبوری) دا هەبووە[٣].

(العماد)، کەخۆی لەو ڕووداوەدا ئامادە بووە و، بەقسەکانیشیدا دەردەکەوێت کە لەگەڵ (زين الدين يوسف) دا بووە، دەڵێت: کە پزیشکی تایبەتی سەلاحەددینی بۆ بانگ کردووە، بەلام میری نەخۆش دەرمانەکەی لێ وەرنەگرتووە چونکە لێی دڵنیا نەبووە و، لەوە ترساوە موزەففەرەددین گۆگبوریی برای ناردبێتی کە چاوی لە تەختی ئەم بڕیوە، (زين الدين يوسف) بە بڕوای خۆی، دەرمانی برادەرەکەی بەس بوو، وەلێ ئەو برادەرەی نەیدەزانی نەخۆشییەکەی چییە و چی نییە. لەبەر ئەوە نەیتوانی چارەسەری بکات، بگرە، ئارەزووی هەر خۆراکێکیشی کردبا، بۆی دەبرد، پێیشی نەکەوتایە، ئیدی بەو جۆرە، نەخۆشییەکە لێی پیس کردو.. مرد[٤].

لەوەش زیاتر، ئەم مێژوو نووسە دەڵێت: موزەففەرەددین گۆگبوری بەدیار براکەیەوە دانیشتبوو، بەجێی نەهێشت تا مرد، وەلێ هیچ سۆز و خەمێکی پێوە دیار نەبوو، لەبەر ئەوە، دەڵێن: "مردنی براکەی لە بەرژەوەندی ئەو بووە، بۆیە پێی

---

(١) النوادر السلطانية، ١٤٤.

(٢) الفتح القسي: ص. ن.

(٣) وفيات الاعيان، ٦/ ٨٧، ط ١٩٤٨.

(٤) الفتح القسي، ص ٢٩٨.

خۆش بووە"[(١)] کاتێکیش خەڵکەکە، بۆ پرسە و سەرەخۆشی چوونە لای، پێیان سەیربوو کابرا باکی نەبوو، هەروەکو هیچ ڕووی نەدابێت، وەها بوو، هەر دەتگوت (لەڕۆژی شادیدایە)، لە دەوارەکەیدا (چادرەکەیدا) دانیشتبوو، چاوی لە کەلوپەل و میراتی براکەی بڕیبوو. پاشان سەردارانی قەڵاگەلی هەولێری بانگ کرد و داوای لێ کردن، هەرچییەکیان لە لایە، ڕادەستی بکەن[(٢)]. پێدەچێ لەوەش ترسابێ کە بگەڕێنەوە بۆ قەڵاکانیان، لێی یاخی ببن.. ئەوەش کە مەسەلەکەی قووڵتر کردووە، ئەو تۆمەتە گەورەیەیە کە (سبط ابن الجوزي) دەیخاتە پاڵ (موزەففەرەددین گۆکبوری) کە گوایا میر (زین الدین یوسف) بەدەستی خۆی چارەسەری خۆی دەکرد و (موزەففەرەددین گۆکبوری)ی برای یاریی دەدا، کە "گوایا زەهرخواردی کردووە و، مردووە"[(٣)]. جا، ئەوەش کە ئەم تۆمەتەی زێتر لە ڕاستییەوە نزیک کردووەتەوە، ئەوەیە، کە ئەم برایە - بەقسەی ئەو مێژوو نووسە[(٤)]- بەو مردنە دڵتەنگ نەبووە و، هەر گوێشی پێ نەداوە، وەلێ، ئەوەندە هەیە، ئەم گێڕانەوەیەی (ابن الجوزی) وەك بەچاو دیتەکانی (ابن شداد) و (عماد الاصفهانی) نییە.

ئێمە، لێرەدا نە داکۆکی لە (موزەففەرەددین گۆکبوری) دەکەین و، نە تۆمەتەکەشی بەسەردا ساغ دەکەینەوە، وەلێ پێویستە دەمامك لەسەر ئەم لچ و لێوەش هەڵماڵدرێت و، ئەم ڕووداوە ئاشکرا بکرێت و، قسەی مێژوو نووسەکانی هاوزەمەنیشیان بخەینە بەرچاو کە دەڵێن: لەو کاتەوەی (موزەففەرەددین گۆکبوری) لەسەر تەخت لادراو لە دەوروبەری ساڵی (٥٦٦ك)دا لە هەولێر دەرکرا، پێوەندیی بە گومانی، یان هەر هیچ نەبێ پێوەندیی ناتەبای نێوان ئەم دوو برایە - هەرچەندیشە (زین الدین یوسف) لە بەسەرهاتی براکەی بەر پرس نەبووە، چونکە ئەوکات منداڵ

---

(١) م. ن. ص

(٢) م. ن. ص. کتاب الروضتين، ٢/ ١٦٤.

(٣) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٨/ ٤٠٧.

(٤) م. ن. ص.

بـــووە[١]- کـــارێکی وەهـــای کـــرد، خەڵکەکـــە بکەونـــە ســـەر ئـــەو خەیاڵـــەی کـــە (موزەففـــەرەددین گۆکبـــوری) براکـــەی کوشـــتبێ، وەك ئـــەوەی کـــە (ابـــن الجـــوزی) دەیگێڕێتـــەوە، یـــان بـــە مردنـــی براکـــەی شاگەشـــکە بووبێـــت، وەك ئـــەوەی (العمـــاد الاصفهانی) دەیگێڕێتەوە. گێڕانەوەی یەکەمیان بەڵگەی لەگەڵدا نییە و لاوازە، لەبەر ئەوە ناگاتە پلەی ڕیوایەتی باوەڕپێکراو، خۆ، کابرای مێژوونووس سوورنییە لەسەر ئەوەی کە (موزەففەرەددین گۆکبوری) براکەی خۆی کوشتووە، نەخێر، ئەو دەڵێت: "دەڵێن گوایا زەهرخواردی کردووە و مـردووە"[٢]. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە تۆمەتەکە بەشێوەیەکی بنبڕ ڕەت ناکەینـەوە، چونکە، لـەو سـەردەمەدا، کوشـتنی خـزم و بـراو، بگرە، کوشتنی بـاوك و فرزەنـدیش، لـە تـەلاری شـا و سـوڵتانەکاندا، وەك فـوو لـە دۆ بکەی ئاسایی بووە.

وا دیارە، ئەو دوو برایە کە لـە ژێـر یـەك دەواردا، پێکەوە بـوون و (زیـن الـدین) دەرمانی پزیشکی ڕەت کردووەتەوە، تۆمەتەکە لێرەوە سەری هەڵداوە، وێڕای ئەوەش کە (موزەففەرەددین گۆکبوری) هەند بە تەنگەوە نەبووە، بەڵکو بـە خـڕ کردنـەوەی میراتـی براکەیـەوە سـەرگەرم بـوو[٣]. بـەڵێ، هەنـدێ لـە میرەکـانی بـرا مردووەکـەی دەسگیر کرد، پێدەچێ لەبەر ئەوە بووبێ کە نەوەکا لێی یاخی ببن، یان هەولێری لـێ

---

(١) (ابن الأثیر)، دەڵێت: (زین الدین یوسف، مێرد منداڵێکی بچووك بوو، حوکم و فەرمانی بەدەست نەبوو، لەشکر و فەرمانیش بەدەست ـ مجاهد الـدین قایمـاز ـ وەوە بـوو).. الکامـل، ١١/ ٥٠٠، ئـەم مێـژوو نووسـە حیکایەتەکـەی بەبۆنـەی دەرکردنـی (موزەففـەرەددین گۆکبـوری)یـەوە (لـە دەوروبەری ساڵی ٥٦٦ك) نەگێڕاوەتەوە، بەڵکو بەو بۆنەیەوە گێڕاویەتەوە کە ئەتابەگی موسـڵ لە سـاڵی (٥٧٩ك)دا، (مجاهـد الـدین قایمـاز)ی حـەپس کـرد. هەرچەنـدیـشە قسەی ئـەم مێـژوو نووسە موبالەغەی تێدایە، چونکە (زین الـدین یوسـف) ئـەو منداڵـە بـچووکە نـەبووە کـە ئـەو دەڵێت، ئەگەر بزانین (زین الدین علي کچك)ی باوکی زۆر پیر بووە و لەساڵی (٥٦٣ك)دا مرد.

(٢) مرآة الزمان، ٨/ ٤٠٧.

(٣) الفتح القسي، ط لیدن ٢٩٨ ـ الکامل، ١١/ ٥٦. کتاب الروضتین، ٢/ ١٦٤.

مفرج الکروب، ٢/ ٣٣٩.

داگیر بکەن - بەقسەی (العماد الاصفهانی) [١]- لەبەر ئەوە (موزەففەرەددین گۆکبوری) دەیویست بە هەر نرخێك بێت، واوەست و ملکەچیان بکات، بۆ ئەوەی ئیزن لە سەلاحەددینی ئەییوبی وەربگرێت و، تەختی هەولێر بسەنێتەوە.

(موزەففەرەددین گۆکبوری) کەم و زۆر، هەقی بوو ئەم ڕێکارانە بگرێتە بەر، چونکە هەر کەمتەرخەمییەکی تێدا کردبا، بەزیانی خۆی دەشکایەوە و، ئەنجام تەختی حوکمیشی لەدەست دەچوو، کە هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردبوو، لەو ڕۆژەوەش کە (مجاهد الدین قایماز) تەختی لەژێر پێی دەرهێنابوو، هەر بە ئاواتی وەرگرتنەوەی دەژیا، با، ئەمە لەو لاوە بووەستێت، بەلام ئەوەی کە شایانی گومانە ئەوەیە کە مێژوو نووسان (موزەففەرەددین گۆکبوری) تۆمەتبار دەکەن، گوایا - بەقسەی (العماد) - (زین الدین یوسف) دەرمانەکەی لە پزیشکە تایبەتەکەی سەلاحەددینی ئەییوبی وەرگرتووە، نەك لە پزیشکی (موزەففەرەددین گۆکبوری) - ئەگەر ئەمیش پزیشکی خۆی هەبووبێت -، باشە، لەم بارەدا، تۆ بڵێی (زین الدین یوسف) لە نیازی پزیشکەکەی سوڵتان سەلاحەددین بەگومان نەبووبێت[٢]؟

ئەگەر (موزەففەرەددین گۆکبوری) - وەك (سبط ابن الجوزي) دەڵێت گوایا براکەی - زەهرخوارد کردبێ - خۆ، دەبوو (العماد الکاتب)یش، کە خۆی لەوێ بووە، باسی کردبا، نەخاسمە لە سەرەتاوە گومانیشی لەوە دەکرد کە (موزەففەرەددین گۆکبوری) بەو جۆرە لەگەڵ براکەیدا ماوەتەوە و لێی جیا نەبووەتەوە - ئەوەش بە قسەکانیدا دەردەکەوێت واتا قسەکانی (العماد الکاتب)، نەك هەر هەندە، بگرە (العماد الکاتب)، (موزەففەرەددین گۆکبوری) بەوەش تۆمەتبار دەکات کە بە مردنی براکەی شاگەشکە بووە[٣].

---

(١) الفتح القسي، ص. ن.

(٢) ن. م. ص ٢٩٩. النوادر: ١٤٤. الكامل ١٣/ ٥٦ ـ ٥٧. كتاب الروضتين ٢/ ١٦٤. مفرج الكروب ٢/ ٣٣٩. الغساني، العسجد المسبوك ٤٣ ـ ٤٤.

(٣) الفتح القسي، ط ليدن، ص ٢٩٨.

وەلێ، لەگەڵ ئەم گومانەشدا، کە (موزەففەرەددین گۆگبوری) وەك سێبەری براکەی لێی دانەبڕاوە، بەڵام تۆمەتباری نەکرد بە کوشتنی براکەی. لەوەوە دەردەکەوێت کە (سبط ابن الجوزي) تۆمەتێکی نارەوای داوەتە پاڵ (موزەففەرەددین گۆگبوری). تەنیا مێژوو نووسێکیش کە ئەم تۆمەتەی داتاشیبێ (سبط ابن الجوزی)یە، کە لەو ڕووداوەدا هەر لەوێش نەبووە و، بگرە، هاوزەمەنی ئەو ڕووداوەش نەبووە[١]، جگە لەوانە ڕەخنەیەکی زۆریش لەم حەکایەتەی گیراوە[٢].

بەهەموو ئەوانەشەوە، ئەگەر لە قسەکانی (عماد الکاتب) ورد بینەوە، دەبینین دەڵێت، (زین الدین یوسف) دۆستێکی خۆی سەرپەرشتی چارەسەری نەخۆشییەکەی دەکرد، ئەو دۆستەش لەو کارەدا "کۆڵ و ناشی و ناشارەزا بوو"[٣]، سەرباری ئەوەش "هەرچی حەزی لێ کردبا، بۆی دەهێنا، دەیخوارد"[٤] تا، بۆخۆی گیانی لەدەست دا و مرد. کەچی (سبط ابن الجوزي) دەڵێت، برا (بکوژەکەی) چارەسەری دەکرد.

(موزەففەرەددین گۆگبوری) دوای مردنی براکەی، یەکسەر لەسەر تەختی براکەی دانیشت، ئەم جێگرتنەوە دەستوبردەش، مێژوو نووسانی خستە سەر گومانی ئەوەی، هەریەکە و بە بۆچوونی خۆی، بەدووی بەڵگە و نیشانەدا بگەڕێت و (موزەففەرەددین گۆگبوری)ی پێ پیاو خراپ بکات. خۆ ئەگەر هاتبا و، بەو پەلەیە و، لەو هەل و مەرجە دراماتیکییەدا تەختی براکەی وەرنەگرتبا، لەوانەبوو، بەم شێوە ناشیرینە تۆمەتبار نەکرابا.

بەهەر حاڵ، باسوخواسی مردنی (زین الدین یوسف ینالتگین) گەیشتە هەولێر، خەڵکەکەی شڵەژا، هەندێکیان، ناردیان لە دووی (مجاهد الدین قایماز) بریکاری

---

(١) سبط ابن الجوزي، لەساڵی (٥٨١ك)دا لەدایك بووە.

(٢) عباس العزاوي، التعریف بالمؤرخین، ص ٧٣.

(٣) الفتح القسي، ن. ص.

(٤) م. ن. ص.

ئەتابەگی موسڵ، کە بگەڕێتەوە بۆ لایان و، دووبارە حوکمی ئەمارەتەکە بگرێتەوە دەست، چونکە، ئەو، ڕەفتاری لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا باش بوو[1]. پێدەچێ ئەوەشیان لەبەر ئەوە کردبێ کە ئایندەی ولاتەکەیان لەژێر مەترسیدا نەمێنێ و، ئەمارەتە کۆرپەکەشیان نەکەوێتە ژێر حەز و ئارەزووی سەردارێکی نەفام کە نەزانێ بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوا حوکمی ئەمارەتەکە هەڵسووڕێنێ، دووریش نییە لەوە ترسابن، دووبارە بکەونەوە ژێر حوکمی هۆزەکانی (هەزمبانی و، الحكمية) - کە بەر لەوەی ئەتابەگ (عماد الدين زنگی) هەولێر داگیر بکا و بیخاتە سەر ئەتابەگایەتییەکەی خۆی، ئەو هۆزانە حوکمیان دەکرد.

ئەوەکا، یەکێکیان هەلی مردنی (زين الدين يوسف) بقۆزێتەوە و تەختی هەولێر بسەنێتەوە و، ببێتەوە مایەی پاشا گەردانی و نا ئارامی و دووبەرەکی و ململانێی هۆزایەتی و، ئەو ئارامی و سەقامگیرییەش کە دەمێك بوو لەسەری ڕاهاتبوون، ئەوەشیان نەمێنێ.

خەڵکی هەولێر، کەسیان لە (مجاهد الدين قايماز) بە چاکتر نەزانی، ئەوەی کە دامەزرێنەری ئەتابەگییەکەی هەولێر (زين الدين علی كچك) بە بریکاری خۆی لەسەر هەولێر دایناbوو، کە دوازدە ساڵ (٥٥٩ - ٥٧١ك/ ١١٦٣ - ١١٧٦ز) بەردەوام حوکمی هەولێری بەدەستەوە بوو، خەڵکەکە، ئەویان باشتر دەناسی کە پیاوێکی لەخواترس و خێرخواز بووە و، حەزی لە ئاوەدانکاری بووە[2]و، بە هاتنەوەشی، هەولێر، دووبارە وەك جارانی. بە موسڵەوە دەبەسترێتەوە، وێڕای ئەوەش لەژێر ئاڵای سەلاحەددینی ئەییوبیدا دەمێنێتەوە وەك جارانی موسڵ و پێشتریش هەولێر کە ئەوەبوو لە ساڵی (٥٨١ك/ ١١٨٥ز)

(١) ابن الأثير، الكامل ١٢/ ٥٦.

الغساني، العسجد، ٤٤.

(٢) الكامل، ١٢/ ١٥٣ ـ ١٥٤. الباهر ١٩٧.

مرآة الزمان ٨/ ٤٥٨. وفيات الاعيان ٣/ ٢٤٨.

کەوتبووە ژێر ڕکێفی سەلاحەددینەوە[1].

پێدەچێ خەڵکی هەولێر لەبەر ئەوە (موزەففەرەددین گۆگبوری)یان، داوا نەکردبێ چونکە ئەو حوکمی (حران) و (الرها)ی هەڵدەسووڕاند و، ئەمانیش وایان دەزانی کە خۆی دەستی لە هەولێر هەلگرتووە، یان وەهای بۆ چووبن کە بە کەڵکی هەولێر نایەت و، کاتی خۆی (مجاهدالدین قایماز)یش هەر لەبەر ئەوە لە هەولێر دەری کرد، دووریش نییە لەوە ترسابن ئەگەر بگەڕێتەوە هەولێر، دووبارە لەگەڵ (مجاهدالدین قایماز)دا دەیکاتەوە بە ململانێ و، دیسان لەگەڵ موسڵیش، - کە هەروەکو ڕووی دا -. لە لایەکی ترەوە (موزەففەرەددین گۆگبوری) بە شەڕی خاچدورشمانەوە خەریك بوو، هەمیشە لە مەیدانی شەڕدا بوو، لە هەولێریشەوە دوور بوو، ڕەنگە ئەوەش پێوەندیی بە مەسەلەی بۆ هەولێر بانگنەکردنەوەی بووبێت.

بەڵام (موزەففەرەددین گۆگبوری) لە هەموویان خێراتر بوو، نەیهێشت وەختی بە فیڕۆ بچێت و، پێویستی بە کەسیش نەبوو فەرمووی لێ بکات و، دەرفەتی بە کەسیش نەدا بیر لە موڵکی هەولێر بکاتەوە.

ڕاستیشت دەوێ، ئەتابەگی موسڵ (عزالدین مسعود)، ئەو پیاوە ئازا و بەجەرگە نەبوو، دەنا، ئەگەر هاتباو بەقسەی خەڵکی ئەربیلی کردبا و، (مجاهدالدین قایماز)ی بۆ هەولێر ناردبا، ئەوا ئەتابەگەکانی موسڵ، لەپاش خۆی، ئەو هەموو کێشە و ماندووبوونەیان بە دەست (موزەففەرەددین گۆگبوری)یەوە تووش نەدەبوو، چونکە (موزەففەرەددین گۆگبوری) هەر دوای گەڕانەوەی بۆ هەولێر، هەندەی نەبرد وەك (ابن الأثیر) دەڵێت - بوو بە گرێیەکی ڕەق و لە قورگی بنەماڵەی ئەتابەگیی موسڵ گیرا، هەرچەندیان دەکرد بۆیان قووت نەدەچوو[2]. بەڵام ئەتابەگی موسڵ (عزالدین مسعود) نەیدەتوانی بە قسەی خەڵکی هەولێر بکات، چونکە، خۆی - وەکو گوتمان - کەوتبووە

---

(١) الکامل، ١١/ ٥١٧. ابن شداد، النوادر، ٧٠. مضمار الحقائق وسر الخلائق، ص ٢١٣.

(٢) الکامل ١٢/ ٥٧.

بنۆڕە: ابن الفوطي، تلخیص مجمع الآداب، ط لاهور، جـ ٥، ص ٥٩٠.

ژێر دەسەڵاتی سەلاحەددین و، لەوە دەترسا، سوڵتان بەو کارە قایل نەبێت.

(مجاهد الدین قایماز)یش قایل نەبوو، بە دەنگ داواکردنی خەڵکی هەولێرەوە نەچوو، چونکە نەیدەویست حوکمی موسڵ بۆ ڕکابەرەکانی بەجێ بهێڵێت، هەرچەندیشە لەو ساوەی کە ساڵی (٥٧٩ك/ ١١٨٣ز)دا ئەتابەگ (عزالدین مسعود) حەپسی کردبوو، ئەو ڕێز و ڕووەی جارانی لە تەلاری حوکمی موسڵدا نەمابوو. هەرچەندیشە ئەو ئەتابەگە لە حەپسی ئازادی کردبوو، بە بریکاری خۆیشی وەك جاران دایمەزراندبووەوە، بەڵام دەسەڵاتەکانی جارانی پێ نەدایەوە و، دۆستێکی خۆیشی بۆ موراقەبەکردنی بەسەریەوە دانا. بەمەش (مجاهدالدین قایماز) تووڕە بوو، لەبەر ئەوە لەگەڵ بنەماڵە و دۆستانی ئەتابەگیشدا کەوتە ململانێ و، بەپێویستی زانی پێی خۆی لە تەلاردا داکوتێ و وەزیفەیەکی چاکتر لەپێشتر، وەدەست بێنێت. لەبەر ئەوە قایل نەبوو لە موسڵ دەرچێ، نەوەکا ڕکابەرەکانی حوکم بگرنە دەست، یان وەکو خۆی، ڕۆژێکیان لای خزم و دۆست و باوەڕپێکراوەکانی خۆی گوتبووی - بەقسەی (ابن الأثیر)-: "شتی وەها ناکەم، نەوەکا فلانەکەس حوکم بگرێتە دەست و، دەستم لەکار بکێشێتەوە"[1].

لەوانەشە (مجاهدالدین قایماز) ئاگادار بووبێت کە (موزەففەرەددین گۆکبوری) داوای تەختی ئەمارەتی هەولێر دەکات و، مافی شەرعیی خۆیەتی و، بۆ خۆی ماوەتەوە، لەبەر ئەوە، نەیدەویست ململانێیەکی نوێی لەگەڵ بەرپا بکات، نەخاسمە سەر و سەختی (موزەففەرەددین گۆکبوری) لەگەڵ سەلاحەددینی ئەیوبیدا تەواوێ بەهێز بوو، ئازایەتی و سەرکەوتنەکانیشی لەڕیزی لەشکری ئەیوبیاندا، بۆی ببوون بە بەڵگەی دڵسۆزی، بەتایبەتیش لە شەڕە چارەنووسسازەکەی (حطین)دا، سەرباری ئەوەش لەگەڵ بنەماڵەی سوڵتان سەلاحەددیندا خزمایەتی ژنخوازیی هەبوو[2].

(١) الکامل: ص. ن. الغساني، العسجد: ٤٤.

(٢) سەلاحەددین (ربیعة خاتوون)ی خوشکی خۆی لە (موزەففەرەددین گۆکبوری) مارە کرد. پێشتریش (ربیعە خاتوون) ژنی (الامیر الکبیر سعدالدین مسعود کوڕی معین الدین انر) بوو،

(موزەففەرەددین گۆكبوری) چوو بۆ لای سەلاحەددین و داوای لێ كرد ڕێگای بدات بگەڕێتەوە بۆ هەولێر، بەو پێودانگەی كە ئەمارەتی هەولێر بەشەرعی لە باوك و براكەیەوە بۆ ئەم ماوەتەوە. سەلاحەددینیش دەستبەجێ قایل بوو. (موزەففەرەددین گۆكبوری) بەرامبەر بەو چاكەیە، پەنجا هەزار دیناری ڕادەستی سەلاحەددین كرد و، دەستیشی لە ئەمارەتەكەی خۆی، بۆ سوڵتان هەڵگرت كە شارگەلی (حران، الرها،

كە یەكێك بوو لە میرەكانی نورالدین محمودی سەرداری حەڵەب ـ سبط، مرآة الزمان ٨/ ٣٥٨. عبدالقادر النعیمي، الدارس في تأريخ المدارس، ١/ ٥١٠. پێشتر، سەلاحەددین ئەم خوشكەی خۆی لەو مارە كردبوو، خۆیشی (عصمت خاتوون)ی خوشكی (سعدالدین)ی هێنابوو (ساڵی ٥٧٢ك/ ١١٧٦ز):- =الدارس في تأريخ المدارس ١/ ٥٠٧. الصفدي، مخطوط الوافي بالوفیات، ٨/ ٦٧. بەڵام (سعدالدین) لەساڵی (٥٨١ك/ ١١٨٥ز)دا كۆچی دوایی كرد: (مضمار الحقائق، ٢٢٧. مرآة الزمان ٨/ ٣٨٥. كتاب الروضتین ٢/ ٦٦)، پاش مەرگی ئەم، ئنجا سەلاحەددین لە ساڵی (٥٨١ك/ ١١٨٥ز)دا خوشكەكەی (واتا بێوەژنەكەی ئەم میرە)ی لە (موزەففەرەددین گۆكبوری) مارە كرد: (كتاب الروضتین ٢/ ٦٧. الصفدي، مخطوط الوافي بالوفیات ٨/ ٦٧. ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ٦/ ٣٥٣.

(ربیعة خاتوون)، لەگەڵ (موزەففەرەددین گۆكبوری)ی مێردیدا نزیكەی پەنجا ساڵ، پێكەوە ژیانیان بردە سەر و، لەساڵی (٦٣٠ك/ ١٢٣٣ز)دا (موزەففەرەددین گۆكبوری) كۆچی دوایی كرد: (البدایة والنهایة ١٣/ ١٧٠). پاش ئەو؛ ئنجا (ربیعة خاتوون) چوو بۆ دیمەشق و، لەوێ، لە ساڵی (٦٤٣ك/ ١٢٤٥ز)دا ئەویش، كۆچی دوایی كرد ـ هەموو سەرچاوەكانیش تەكەزی لەسەر دەكەن ـ.

ئێمە نازانین (موزەففەرەددین گۆكبوری) بەر لە (ربیعة خاتوون) ژنی دیكەی هێناوە یان نەهێناوە، وەلێ لە (ربیعة خاتوون) دوو كچی هەبوون، لە دوو كوڕی ئەتابەگی موسڵ (نورالدین أرسلان شاه) (ل ٦٠٧ك/ ١٢١٠ز) مارەی كردن، ئەو دوو كوڕەش، یەكێكیان: (الملك القاهر عزالدین مسعود) ئەتابەگی موسڵ (٦٠٧ ـ ٦١٥ك/ ١٢١٠ ـ ١٢١٨ز) بوو، دووەمیان (عماد الدین زەنگی سێیەم بوو كە سەرداری (العقر) و (شوش) و پاشانیش سەرداری شارەزوور بوو (٦٠٧ ـ ٦٣٠ك/ ١٢١٠ ـ ١٢٣٢ز).

سمیساط[١] و الموزر[٢]) و شاری دیکەشی دەگرتەوە و، ڕادەستی سەلاحەددینی ئەیوبیی کردن. بەلام داوای لێ کرد کە ولاتی شارەزووری بۆ بخاتە سەر ئەمارەتی هەولێر، سوڵتان قایل بوو[٣].

وەلێ سەلاحەددینی ئەیوبی، داوای لێ کرد، چاوەڕوان بێت و، مۆڵەتی بداتێ، تا، (الملك المظفر تقي الدين عمر)ی برازای دەگاتە جێ، بۆ ئەوەی جێگاکەی بگرێتەوە[٤] و، بەچۆڵی نەمێنێتەوە، هەروەها جێگای (زین الدین یوسف)یش بگرێتەوە کە بەهۆی مردنییەوە چۆڵ ببوو.

جا، بۆ ئەوەی هەولێر، کەس خۆی بە خاوەنی نەکا و، بەبێ کێشە و خوێن ڕشتن ڕادەستی (موزەففەرەددین گۆکبوری) بکرێت، سەلاحەددین فەرمانی دا بلاو کراوەیەك بەو مەبەستە ئامادە بکرێت و، لەو بلاو کراوەیەدا خەم و پەژارەی خۆی بەبۆنەی کۆچی دوایی میر (زین الدین یوسف)ەوە ڕاگەیاند و، ئەوەشی تێدا ڕاگەیاند کە موڵك و ماڵی، بەر (موزەففەرەددین گۆکبوری)ی برای دەکەوێ، لەسەر وەسیەتی (زین الدین علی کچك)ی باوکیان[٥].

---

(١) سمیساط: شارێکە لەسەر کەناری ڕۆژاوای فورات (معجم البلدان ٣/ ٢٥٨) ئێستا کەوتووەتە ناو سنووری تورکیاوە.

(٢) الموزر: شارێکە لە دەوروبەری فوراتی جزیرە، نزیکی (نصیبین): (معجم البلدان ٥/ ٢٢١).

(٣) الفتح القسي، ٢٩٩. الكامل ١٢/ ٥٦. النوادر السلطانية، ١٤٤. مخطوط الاعلاق الخطيرة، ورقة ١٨ب. ابن الفوطي، تلخيص مجمع الآداب ط/ لاهور ٥/ ٥٩٠.

(٤) الفتح القسي، ٢٩٩. النوادر السلطانية، ١٤٤. أبو الفداء، المختصر في اخبار البشر، ط ١٣٢٥ك، ٣/ ٧٩.

(٥) دەقی ئەو بلاوکراوەیە لە پاشکۆی ژمارە (٢)دا دەبینیت.

بەشی دووەم

حوکمڕانیی موزەففەرەددین گۆگبوری لە هەولێر

٥٨٦ - ٦٣٠ك

١١٩٠ - ١٢٣٣ز

فەسلی سێیەم

ئەمارەتی هەولێری سەردەمی موزەففەرەددین گۆگبوری

پێوەندییەکانی گۆگبوری لەگەڵ دەرەوەی ئەمارەتی هەولێر.

یەک : لەگەڵ موسڵ.

دوو : لەگەڵ ئەییوبیان.

- لەگەڵ سەلاحەددین و بەشدار بوونی گۆگبوری لە شەڕی خاچدروشمان.

سێ : پێوەندیی نێوان گۆگبوری و خەلافەتی عەباسیان.

سەردانەکەی بەغدای سالی (٦٢٨ك/ ١٢٣٣ز)ی.

چوار : پێوەندیی بە (جلال الدین منکبرتی)ی دوا سولتانی خوارێزمەوە.

پێنج : پێوەندیی لەگەڵ میرانی دەوروبەردا.

أ- پێوەندیی لەگەڵ علاوالدین قراسنقر سەرداری (ئازەربێجان).

ب - پێوەندیی لەگەڵ ئەمارەتی قەفجاقیان (کرخینی - کرکوك)

ج- پێوەندیی لەگەڵ مەلیکی ئەرتەقیان لە (ماردین).

بەشی دووەم

فەسڵی سێیەم

ئەمارەتی هەولێری سەردەمی (موزەففەرەددین گۆکبوری)

(٥٨٦ - ٦٣٠ك/ ١١٩٠ - ١٢٣٣ز)

(موزەففەرەددین گۆکبوری) هاتەوە سەر حوکمی هەولێر و پاڵی لێدایەوە. وەها چاوەڕوان دەکرا، سیاسەتێکی لەبار بۆ سەرکوتکردنی نەیارانی حوکمی خۆی پێڕۆ بکات، بۆ ئەم مەبەستەش گەڵ شتی گۆڕی. ئەو دەیزانی کەسانێك هەن حەزناکەن بگەڕێتەوە سەر تەختی حوکم، لەبەر ئەوە لێیان سرك و بەسووسە بوو، هەناسەی ئەوانەشی بڕی کە نیاز و نییەتیان بە گومان بوو، وەك ئەوەی کاتی مردنی براکەی یەکسەر لەگەڵ میرەکانیدا کردی[١]، کە هێشتا نەگەڕابۆوە بۆ هەولێر. لە هەولێریش، یەکەم گەورە پیاوێك کە دەستبەسەری کرد (صارم الدین بلداجی) میری قەڵای خفتیان (خفتیدکان)[٢] بوو. (موزەففەرەددین گۆکبوری) کە بەر لەوەی بگاتە هەولێر، نەیارانی خۆی سەرکوت کردبێ، بێگومان کە لە هەولێر جێگای خۆی گەرم

(١)الفتح القسي ٢٩٨ ط ليدن ـ كتاب الروضتين ٢/ ١٦٤.

(٢)خفتیان: دوو قەڵای گەورەی سەر بە هەولێرن، یەکێکیان دەکەوێتە سەر ڕێگای مەراغە (لە ئازەربێجان)، پێشی دەڵێن: (خفتيان الزرزاري)، بەسەر شاخێکەوەیە، لەخوارەوە ڕووبارێکی خوڕ و بازاڕێك و دۆڵێکی گەورەیە ـ بەوی دیکەیان دەگوت (خفتيان سرخاب بن بدر) دەکەوێتە سەر ڕێگای شارەزووری سەر بە هەولێر، ئەمیان لەوی دی مەزنترە. (یاقوت، معجم البلدان ٢/ ٣٨٠ و وفيات الاعيان، ط القاهرة) ٣/ ١٧٢. (محمد امين زكي) لە (خلاصة تأريخ الكورد وكوردستان)، لە پەراوێزی (٣٦٤)دا دەڵێت: (خفتیان، هەمان ئەوهفتیانەی ئێستای نزیك ڕەواندزە).

ـ پێدەچێ مەبەستی لە یەکەمینەکەیان بێت ..

بكات، لەسەر ئەو ڕەفتارەی بەردەوام دەبێت. وا دیارە زانیبووی كە هەندێ لە دۆستانی (مجاهدالدین قایماز)ی نەیارە كۆنەكەی، لە موسڵەوە داوایان لێ كردبوو، بچێتەوە كە دووبارە سەرۆكایەتییان بكات، لەبەر ئەوە، بڕیاری دا دۆستانی ئەو نەیارەی لەناو بەرێت.

سەرچاوەكان باسی ئەو كارانە ناكەن كە ئەم میرە، دوای گەڕانەوەی بۆ هەولێر، لەم شارەدا كردبێتی، بەڵكو باسی ئارەزووی لە گرتن و حەپسكردنی خەڵكیدا دەكەن. ئەم ئارەزوومشی تا كۆتایی حوكم هەر لەگەڵیدا بووە، بەڵام ئەو گۆڕانكارییانەی كە لە هەولێردا كردی، لەوە ناچێ، تەنیا، هەر شتی خراپی كردبێ، واتا تەنیا هەر ناحەز و نەیارانی لە حوكم یان لە بەڕێوەبردنی كاروباری ئەمارەتەكە لادابێت و، دۆستان و لایەنگرانی خۆی لە جێگەیان دانابێ، نەخێر، گۆڕانكارییەكانی هەر ئەوە نەبووە، بەڵكو لەوەش تێپەڕی. ئەو، سروشت و سیستەمی حوكمی گۆڕی و، وەزیفەگەلێكی ئەوتۆی داهێنا لەگەڵ بارودۆخی قۆناغی نوێی مێژووی ناوچەكەدا بەگشتی و ئەمارەتی هەولێردا بەتایبەتی بگونجێت. ئەو نەگەڕابۆوە سەر حوكمی ئەمارەتێكی ئارام و هێور و ڕێكوپێك، دەشیزانی كێشە و سەرئێشەی لەم حوكمە تازەیەوە دەستی پێ كردووە، ئەمارەتەكەی بە هێزگەلێكی نەیار دەورە درابوو، یان هەر هیچ نەبێ، بە خەڵكانێكی نادۆست دەورە درابوو، لەبەر ئەوە، دەبوو كاروباری ئەمارەتەكەی ڕێكبخات، نەخاسمە كاروباری لەشكر و سەربازی، دەبوو هێزێك سازبدات لەوەبێت، لێی دڵنیا بێت و پشتی پێ ببەستێت و، بەبێ هێزێكی دەست وەشێن نەیدەتوانی لەڕووی ئەتابەگایەتیی موسڵدا بوەستێ، چونكە موسڵ بەهێزترین ئەمارەتی ناوچەكە بوو، بۆ هەڵێكیش دەگەڕا جنگ لە هەولێر گیر بكات، چونكە ئەمارەتی هەولێر خەوی لە كاربەدەستانی موسڵ زڕاندبوو. ئەوان بە هەڵەیان دەزانی ڕێگا بدەن هێزێكی دراوسێیان گەورە بێت و تووشی مەترسییان بكات و ئارامی و ئاسایشیان لێ تێك بدات، نەخاسمە كە پێشتریش ژێردەستەی خۆیان بووە. بەڵام سەرداری موسڵ نەیدەوێرا هیچ شتێك لە دژی ئەمارەتی هەولێر

بکات، چونکە هەولێر بەهێز و لەشکری سەلاحەددین پشتی قایم بوو.

کاتێك، ئەتابەگ (عزالدین مسعود) ویستی لە بەرایی ساڵی ٥٨٠ك/ (نیسانی ١١٨٤ز)دا - بە کۆمەکی (قزل ارسلان عثمان کوڕی ایلدکز) سەرداری ئازەربێجان، حوکمی میر (زین الدین یوسف) لەناو بەرێت، ئەم میرە جەردە و تالانچییانی بریکاری ئەتابەگی موسڵ (مجاهد الدین قایماز)ی تەفروتوونا کرد. پێدەچێ دەستدرێژیی ئەتابەگی موسڵ و شەڕفرۆشتنی بە ئەمارەتی هەولێر کە ئەوکات لەژێر ئاڵای سەلاحەددیندا بوو، بووبێتە هۆی ئەوەی کە سوڵتان دووبارە، جەنگ لە دژی موسڵ ڕاگەیێنێ، تا، ئەتابەگی موسڵ ناچاربوو تەبایینامەیەکی لەگەڵدا مۆر بکات، ئیدی بەپێی ئەو تەبایینامەیە، موسڵ، بوو بە بەشێك لە دەوڵەتی ئەییوبیی سەلاحی[1].

یەك: پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمارەتی هەولێری سەردەمی (موزەففەرەددین کۆکبوری).

١- پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەتابەگایەتیی موسڵ:

أ- لە سەردەمی (عزالدین مسعود)دا:

ئەوەمان دی کە چۆن چۆنی هەندێکان لە خەڵکی هەولێر، دوای مردنی میر (زین الدین یوسف (٥٨٦ك/ ١١٩٠ز) میری ئەربیل، ناردبوویان لە دووی (مجاهدالدین قایماز) کە ئەوکات بریکاری ئەتابەگی موسڵ بوو، بچێت بە دەنگیانەوە و حوکمی ئەمارەتی هەولێریان بۆ هەڵسووڕێنێ. ئەوەبوو ئەتابەگی موسڵ (عزالدین مسعود) لەترسی سەلاحەددینی ئەییوبی ئەو داوایەی قەبوڵ نەکرد. چونکە هەولێر پارچەیەك بوو لە دەوڵەتی ئەییوبی. ئەنجامەکەشی ئەوەبوو (موزەففەرەددین

---

(١) الكامل ١١/ ٥١٧.

المقريزي، السلوك، ١/ ٨٩ ـ ٩٠.

گۆگبوری) گەڕایەوە بۆ هەولێر و زۆری نەخایان، "بوو بە نێسکێك و لە قوڕگی بنەماڵەی ئەتابەگ گیرا و، هەرچەندیان دەکرد بۆیان قووت نەدەچوو"[١].

سەلاحەددینی ئەییوبی لە ساڵی (٥٨٩ك/ ١١٩٣ز)دا کۆچی دوایی کرد. ئەتابەگی موسڵ (عزالدين مسعود) بە دەرفەتی زانی و دەرگای بۆ کرایەوە، نەك تەنها بۆ سەندنەوەی هەولێر، بەڵکو مرخی لە ناوچەکانی تری وڵاتی جزیرەش - کە پێشتر لە موسڵ سەندرابوونەوە - خۆش کرد، شاری (جزيرة ابن عمر) و (سنجار و نصيبين)یش لەو موڵکانەن کە لە موسڵ سەندرابوونەوە.. ئەتابەگ (عزالدين مسعود) دەیویست دەست بخاتە ڕێگای (الملك العادل ابابكر الايوبي) و دەرفەتی نەداتێ ئەو وڵاتانە وەژێرچنگ بنێ کە پێشتر ببوون بە پارچەیەك لە دەوڵەتەکەی سەلاحەددینی برای - پاشان، ئەتابەگ دیتی ئەم کارەی کە مرخی لێ خۆش کردووە، کارێکی قورس و ترسناکە، لەبەر ئەوە، پەلەی نەکرد و، دوای خست تا، تەگبیر و ڕا و ڕاوێژ لەگەڵ دەستوپێوەندەکانیدا بکات.

ئەتابەگ، دەمسپی و کارمەندانی تەلاری خڕ کردەوە، کە (مجاهدالدين قايماز)ی بریکاری ئەتابەگ و (أبو السعادات مجدالدين المبارك ابن الأثير)[٢]یش ئامادە بوون. ئنجا ڕووی پرسیاری لێیان کرد و پرسی: بۆ سەندنەوەی ئەو وڵاتانەی لە کیسمان چووە چ بکەین باشە؟ (مجدالدين ابن الأثير) وەڵامی دایەوە، کە باشتر ئەوەیە لەشکرکێشییەکی خێرا و دەستوبرد سازبدا، ئنجا نامە بۆ سەردارانی ناوچەکانی

---

(١)الكامل ١٢/ ٥٧.

(٢)برای مێژوو نووسی ناودار (عزالدين علي ابن الأثير)ە. (ل/ ٦٠٦ك/ ١٢١٠ز). باسی ژیانیشی لە (الكامل ٢/ ٢٨٨) و (وفيات الاعيان، ٣/ ٢٨٩ ـ ٢٩١)دا دەبینیت. ئەم مێژوو نووسە قسەزانێکی نییەتپاك بوو، (دیوانی الانشاء)ی (عزالدين مسعود) و (نورالدين ارسلان شاه)ی کوڕیشی بەدەستەوە بووە.

بنێرێت و داوایان لێ بكات كە هەموویان لە (نصيبين) لە دەوری خڕ ببنەوە[١]، بەو جۆرە لە سەنگی محەكیان دەدات، كامیان حەز بە گەڕانەوە بۆ سەر موسڵ بكات، ئەوەیان قایلە و، ئەتابەگ بە دۆست و لایەنگری خۆی دابنێت. كامیشیان داواكەی ڕەت كردەوە، ئەوەیان بە یاخی دابنێت و، ئەتابەگ وەك دوژمنی خۆی ڕەفتاری لەگەڵدا بكات[٢].

(مجاهدالدين قايماز) كە بە پیاوێكی ئاقڵ و دووربین ناسرابوو، هەڵیدایە و گوتی مەسڵەحەت لەوەدایە، نامە بۆ ئەو میرانە بنووسرێت، بە میری هەولێریشەوە، تا، بزانرێت ڕایان لەسەر لەشكركێشی چییە و، هەوڵ بدرێت قایل بكرێن و، بەلای موسڵدا ڕابكێشرێن. وەلێ (مجدالدين ابن الأثير) بەرپەرچی دایەوە و، پرسیی، ئەی ئەتابەگی موسڵ ئەبێ چۆن چۆنی ڕەفتاریان لەگەڵدا بكات ئەگەر سووربوون لەسەر ڕەتكردنەوەی داواكەی[٣]؟

گفتوگۆ لەنێوان دەستوپێوەندندا، بەردەوام بوو، تا، هەموویان لەسەر ڕای (مجاهدالدين قايماز) گیرسانەوە، ئەوجا، ئەتابەگ كەوتە نامە و نامەكاری لەگەڵ میرەكاندا، بەڵام لە (عمادالدين زەنگی - دووەم -) بەولاوە، كە ئەویش برای ئەتابەگ و سەرداری سنجاریش بوو، هیچ میرێكی دیكەیان ڕازی نەبوو[٤].

(موزەففەرەددین گۆكبوری) یەكێك بوو لەو میرانەی كە داواكەی (ئەتابەگ عزالدين مسعود)یان، ڕەت كردەوە. وا دیارە بە توانستی سەربازیی ئەمارەتەكەی خۆیدای نازیبێت و، ئەو هێزەی بووبێت كە لە ڕووی سەرداری موسڵدا ڕاوەستێت،

---

(١)نصيبين: شارێكی ئاوەدانی وڵاتی جزیرەیە، دەكەوێتە سەر ڕێگاری كاروانی نێوان موسڵ و شام، لە سنجارەوە نۆ قۆناغ دوورە و، لە موسڵەوە شەش قۆناغ... (معجم البلدان).

(٢)لكامل ١٢/ ١٠٠. كتاب الروضتين ٢/ ٢٢٦. مرآة الزمان ٨/ ٤٣٥.

النجوم الزاهرة ٦/ ١٣٣.

(٣)الكامل ١٢/ ١٠٠.

(٤)م. ن. ص: ١٠١. كتاب الروضتين ٢/ ٢٢٧.

ئەو سەردارەی کە نەهەولێر و نەهیچ ئەمارەتێکی دیکەی دەستکەوتەوە، چونکە بەر لەوەی هیچ شتێك بکات، سەری نایەوە و مرد[1].

ب- پێوەندیی نێوان هەولێر و ئەتابەگایەتیی موسڵ لە سەردەمی (نورالدین ارسلان) (٥٨٩ - ٦٠٧ك/ ١١٩٣ - ١٢١١ز) و، (عزالدین مسعود)ی کوڕیدا (٦٠٧ - ٦١٥ك/ ١٢١١ - ١٢٢٨ز):

پێوەندیی نالەبار، لەنێوان ئەمارەتی هەولێر و ئەمارەتی موسڵ، لە سەردەمی (نورالدین أرسلان شاه) دا هەروا مایەوە، وەلێ سەرداری هەولێر، بەچاوی پڕ گومان و، زۆریش بەئاگاییەوە سەیری موسڵی دەکرد، لەوەش دەترسا ئەتابەگی موسڵ کارێکی دوژمنانەیان لە دژ بکات، لەبەر ئەوە (موزەففەرەددین گۆکبوری) بەو پەڕی توانایەوە هەوڵی دەدا موسڵ بێهێز بکات یان تەریك ڕایبگرێت، بگرە کۆمەکی بەو لایەنانەش کرد کە کەوتبوونە بەر شالاو و تالآوی تەماعی ئەتابەگەکانی موسڵ، بۆ ئەوەی موسڵ لەوە زیاتر گەورە نەبێت و پەل نەهاوێت.

لەساڵی (٦٠٠ك/ ١٢٠٤ز)[2]دا: (موزەففەرەددین گۆکبوری) لەشکرێکی تەیار و

---

(١) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە: الباهر، ١٨٥. مرآة الزمان ٨/ ٤٣٥.
مفرج الكروب ٣/ ١٧ - ١٨.

(٢) لەبەر کەمتەرخەمیی مێژوونووسان، دەربارەی مێژووی هەولێر، لەماوەی نێوان ساڵی (٥٨٩ك/ ١١٩٣ز) تا ساڵی (٦٠٠ك/ ١٢٠٤ز) هیچ نازانین، نەخاسمە (ابن الأثير) کە ناودارترین مێژوونووسی ئەو سەردەمەیە. پێدەچێ لەو ماوەیەدا ڕووداوێکی گرنگی ئەوتۆ ڕووی نەدابێ شایانی باس بووبێت، یان ئەوەش کە ڕووی دابێت بەدڵی (ابن الأثير) نەبووە و حەزی نەکردووە باسی بکات، چونکە بە ئاشکرا لایەنگیری ئەتابەگەکانی موسڵ بووە و، خۆی و براکانی و باوکیشیان شۆرباخۆری ئەوان بوون. تەنانەت ئەو کتێبەش کە تایبەتە بە مێژووی ئەو بنەماڵەیە (الاتابكية الزنكية) هەر ئەو دایناو، پێشکەشی کرد بە (الملك القاهر عزالدين مسعود الثاني) (٦٠٧- ٦١٥ك) کوڕی (نورالدين ارسلان شاه الاول).←

ئامادە کرد و هێرشێکی بردە سەر نەینەواو، ئاگری تێ بەرداو خەلەو خەرمانی تالآن کرد.

مەبەستیشی لەم کارە ئەوەبوو (نورالدین أرسلان شاە)ی سەرداری موسڵ کەمهێز بکات، کە لەو دەمەدا (نصیبین)ی سەر بە ئەتابەگایەتیی سنجاری گەمارۆ دابوو، بە سەردارەکەشیانەوە، کە ئەوکات (قطب الدین محمد کوری عمادالدین زەنگی - دووەم -) سەرداری بوو، کە پێشتر رێککەوتننامەیەکی لەگەڵ (الملك العادل ابوبکر الایوبی)ی سەرداری میسر و شامدا مۆر کردبوو بەپێی ئەوەش (قطب الدین محمد) ببوو بە دۆست و لایەنگری ئەو مەلیکە ئەییوبییە. سەرداری موسڵ ئەمەی قبوڵ نەکرد و، بە پیلانێکی ئەو دوو لایەنەی دژ بە موسڵی لە قەڵەم دا کە گوایا دەیانەوێ ناهەقی لە موسڵ بکەن[1]. لەبەر ئەوە شەڕی دژ بە ئامۆزاکەی خۆی (سەرداری سنجار) جاڕدا و، بەخۆی و لەشکرەوە گەیشتە (نصیبین) و داگیری کرد[2]، تەنیا قەڵاکەی نەبێ کە ئەگەر جموجووڵی (موزەففەرەددین گۆکبوری) لە دەوری

← کتێبە گەورەکەشی (الکامل فی التأریخ) لەسەر داوای (بدرالدین لؤلؤ)ی سەرداری موسڵ (ل/ ٦٥٧ك/ ١٢٥٩ز)دانا. لەبەر ئەوە، ڕەنگە باسوخواسی خراپەی ئەتابەگەکانی موسڵی لادابێت. هەروەها، دەشبینین، ئەم مێژوو نووسە باسوخواسی ئەمارەتی هەولێر ناکات، تەنیا لەبەر ئەوەی پێوەندیی بە موسڵەوە هەیە، ئەگەر باسیشی بکات وەهای دەخاتە ڕوو کە سەرداری هەولێر پیاوی خراپ بووە و شەڕفرۆش بووە.

(١)ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، ج (٤ ـ ٥) ص ٤٢٤.

حميدالدين محمد (ميرخوند)، روضة الصفا، ٤/ ٥٩٨.

(٢)پێدەچێ جموجووڵی (موزەففەرەددین گۆکبوری) بە پەنجەی (الملك العادل الأيوبي) بووبێت، چونکە (موزەففەرەددین گۆکبوری) و (قطب الدین محمد)ی سەرداری سنجاریش، هەردووکیان واوەستی خۆی بوون، بگرە، (موزەففەرەددین گۆکبوری) لەگەڵ (الملك الاشرف موسی)ی کوڕی (الملك العادل) و، میرانی دیکەدا وەها ڕێککەوتبوون کە نەیەڵن (نورالدین ارسلان شاە) هیچ دەستکەوتێکی لە هەرێمەکەدا بەربکەوێت. ئەنجام، هێرشیان بردە سەر (کفر زمار)ی سەر بە موسڵ و شاری دیکەشیان تالآن کرد نەخاسمە شاری (بلد). بنۆڕە: الکامل ١٢/ ١٩٣.

موسڵ نەبوایە، قەڵاکەشی داگیر دەکرد. (موزەففەرەددین گۆکبوری) لەو جموجووڵەی لە دەوروبەری موسڵ، مەبەستی ئەوەبوو پیلانەکەی (نورالدین ارسلان شاه) نەچێتە سەر، ئەوەبوو ناچاری کرد گەمارۆکە لابدا و بگەڕێتەوە بۆ موسڵ. وەڵێ لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ موسڵ کە لە دیجلە پەڕییەوە، بە نیازبوو بەرەو هەولێر بابداتەوە و تالانی بکات و هەقی خۆی لە (موزەففەرەددین گۆکبوری) بکاتەوە، بەڵام کە (موزەففەرەددین گۆکبوری) بیستی ئەتابەگی موسڵ گەیشتووەتە (بلد)[1]، دەستبەجێ دەستی لە (نینوی) هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. ئیدی بەو شێوەیە (نورالدین أرسلان شاه) نەیویست نیازی تاڵانکردنی هەولێر بباتە سەر، نەخاسمە زانیبووشی کە تاڵانەکەی (نینوی) هەند گەورە نەبووە و، لە گێڕانەوەی باسی ڕووداوەکەدا گەلێکیان ناوەتە سەر[2]. گرنگیش ئەوەیە پلانی پاراستنی سنجار کە سەرداری هەولێر داڕشتبوو سەری گرت و مەترسیی (نورالدین أرسلان شاه) لە سنجار دوورخرایەوە.

پێوەندیی دوژمنانەی نێوان هەولێر و موسڵ تا ماوەیەکی کەمیش بەر لە مردنی (نورالدین أرسلان شاه) درێژەی کێشا. پاشان پێوەندییەکی دۆستانە لە نێوانیاندا پەیدا بوو، درێژەی کێشا تا کۆتایی حوکمی ئەتابەگ (الملك القاهر عزالدین مسعودی - دووەم - کوڕی نورالدین أرسلان شاه) کە لە ساڵی (٦٠٧ - ٦١٥ك/ ١٢١١ - ١٢١٨ز) حوکمی موسڵی کرد. ئەم پێوەندییە تازەیە ئەوەی سەلماند کە سەرداری هەولێر توانی موسڵ وەها لێ بکات کە بە چاوێکی باشتر لە هەولێر بڕوانێت و ئەتابەگەکانی موسڵیش بۆیان دەرکەوت کە سیاسەتی دژ بە هەولێر هیچ سوودێکی

(١)بلد: شارێکی کۆنی سەر دیجلەیە، زوور موسڵ کەوتووە، حەوت فۆناغ لێوەی دوورە، بەڵام لە (نصیبین)ەوە بیست و سێ فۆناغ دوورە. (معجم البلدان، ٢/ ٤٨١) ئێستا پێی دەڵێن (اسکی موسڵ) (یاسین بن خیرالله الخطیب العمري، منیة الأدباء في تأریخ الموصل الحدباء، ص ١٣٠.

(٢)الکامل ١٢/ ١٩٢. بڕوانە: رشیدالدین فضل الله الهمداني، جامع التواریخ (بالفارسیة)، ص ٣١٦، وتأریخ ابن الفرات، مجلد (٥)، جـ ١، ص ٤.

تیدا نەماوە و، باشتر ئەوەیە (موزەففەرەددین گۆکبوری) بکەن بە دۆستی خۆیان و، لە ڕۆژی تەنگانەدا سوود لە هێز و توانستی ببینن، نەخاسمە بەرژەوەندی هەردوو لایشیان ئەوەی دەخواست کە پێوەندییەکی هاوبەش و هاوکۆمەك لە نێوانیاندا هەبێت.

ئەوەبوو، پاش ڕووداوەکانی ساڵی (٦٠٠ك/ ١٢٠٤ز) لێك نزیکبوونەوەیەك لە نێوان (الملك العادل) و، ئەتابەگ (نورالدین أرسلان شاه)دا هاتە گۆڕێ و، پێوەندییەکی خزمایەتی و ژن و ژنخوازیشی بەسەردا هات و، کوڕی (الملك العادل) کچی ئەتابەگی لەساڵی (٦٠٥ك/ ١٢٠٨ز)دا مارەکرد[1]. پاشان هەردوولایان پێکهاتن لەسەر ئەوەی کە وڵاتی (الجزیرة) لەنێوان خۆیاندا بەش بکەن. ئەتابەگی موسڵ مەبەستی لەم پێکهاتنە، ئەوەبوو، حوکمی (قطب الدین محمد)ی کوڕی مامی بەسەر (سنجار و نصیبین)ەوە نەهێڵێ چونکە دوژمنایەتییەکی ڕیشاژۆیان لەنێواندا هەبوو[2].

(الملك العادل) لەساڵی (٦٠٦ك/ ١٢٠٩ز) دا لە دیمەشقەوە بەرەو وڵاتی جزیرە بەمەبەستی (خابوور و نصیبین) کە سەر بە ئەتابەگایەتیی سنجار بوون کەوتەڕێ و ئەو دوو شارەی داگیر کرد، پاشان بایدایەوە سەر سنجار و گەمارۆی دا[3]. (الملك العادل) هەندەی نەمابوو سنجار بگرێت، وەلێ (قطب الدین محمد) کەوتە هەوڵی وەستاندنی شەڕ و، ئامادەگیی خۆی دەربڕی کە پێکهاتنێکی لەگەڵدا مۆربکات و

---

(١)الكامل ١٢/ ٢٨٤. ابن واصل، مفرج الكروب ٣/ ١٩١. ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، مجلد ٢٨، ص ٤٣١.

The Chronography, V, I, P. ٣٦٥.

عزالدين محمد بن ابراهيم ابـن شـداد، مخطوط (الاعـلاق الخطـيرة في امـراء الـشام والجزيـرة) قسم الجزيرة، ورقة (٥١/ أ). تأريخ ابن الفرات، مجلد/ ٥، جـ ١، ص ٨٨. ميرخوند، روضة الصفا، ٤/ ٥٩٨.

(٢)الكامل، ن. ص. مخطوط (الاعلاق الخطيرة) و. ن.

(٣)لكامل ١١٢/ ٢٨٥. الباهر، ١٩٧. ابن العديم، زبدة الحلب ٣/ ١٦٠.

مخطوط (الاعلاق الخطيرة): و. ن. مفرج الكروب ٣/ ١٩٣.

بەپێی ئەو پێکهاتنە دەست لە ئەمارەتەکەی خۆی هەڵبگرێت بەمەرجێك (الملك العادل) قەرەبووی بۆ بکاتەوە، بەڵام فەرمانداریکی سنجار ورەی بەبەردا کرد و، دنەی دا کە خۆی ڕابگرێت. بەو جۆرە کەوتە بەرگری و، شارەکەی پاراست[١].

ئەتابەگی سنجار، لەو گەمارۆیەدا کە زۆری بۆ هات، هانای بردە بەر خەلیفە (الناصر لدین الله) و مەلیکەکانی دەوروبەری بەتایبەتیش (موزەففەرەددین گۆگبوری)[٢] چونکە ئەمیان سەربە (الملك العادل) و زاوایشی بوو[٣].

جا، لەبەر ئەوەش کە (موزەففەرەددین گۆگبوری) خزمەتی چاکی ئەو مەلیکەی کردبوو، داکۆکیشی لە تەخت و بەختی کردبوو[٤]، خاترێکی زۆری لای (الملك العادل) هەبوو. لەبەر ئەوە (قطب الدین محمد) کوڕەکەی خۆی نارد بۆ هەولێر، بۆ ئەوەی (موزەففەرەددین گۆگبوری) تکای لای (العادل) بۆ بکات کە لە سەر سنجار بیهێڵێتەوە[٥]. (موزەففەرەددین گۆگبوری) قایل بوو، ببێتە تکاکار لای (العادل)، بەڵکو - ئەمە خوایە - واز لە سنجار بهێنێ و، وایشی دەزانی کە ئەگەر تکای نیوەی موڵکەکانیشی بکات، دڵی ناشکێنێ[٦]، کەچی (العادل) نائومێدی کرد و تکاکەی ڕەت کردەوە، چونکە (العادل) لەگەڵ (نورالدین أرسلان شاه) ڕێك کەوتبوو، ئیدی بەتەنگ

---

(١)الكامل: ص ٢٨٥. الاعلاق الخطيرة. و (٥٢ب). ابن العبري تأريخ الدول السرياني، مجلة المشرق: م. ن. ص.
The Chronography, V, I, P. ٣٦٥.

(٢)الكامل، ١٩٧. زبدة الحلب ٣/ ١٦٠.

(٣)وەك باسمان کرد، میر (موزقففەرقددین گۆگبوری) (ربیعە خاتوون)ی خوشکی سەلاحەددینی ئەییوبی و (الملك العادل)ی ئەییوبیی هێنابوو.

(٤)لكامل ١٢/ ٢٨٦. مفرج الكروب ٣/ ١٩٤. الاعلاق الخطيرة، ن. و. ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، مجلة المشرق. ن. ع. ص. ابن الفرات، مجلد/ ٥، جـ ١، ص ٩٠.

(٥)الكامل، ص. ن.

(٦)م. ن. ص.

سەرداری هەولێرەوە نەبوو[١]، ئیشی پێی نەمابوو.

ئەم ڕەتكردنەوە چاوەڕوان نەكراوە (موزەففەرەددین گۆكبوری)ی ناچار كرد، نامە بۆ سەرداری موسڵ بنووسێ كە نەیاری كۆنی خۆی بوو داوای لێ بكات هەڵوێستێكی یەكگرتوو دژ بە تەماعی ئەم مەلیكە شەڕ فرۆشە بگرن. خاوەن ڕاو هزرمەندانی تەلاری موسڵیش كەوتنە مقۆمقۆ و بێزاری و دەیانپرسی، ئاخۆ سەركەوتنی سەربازیی (الملك العادل) چ ئەنجامێكی لێ بكەوێتەوە[٢]؟ دووریش نییە دوای داگیركردنی سنجار، ئنجا مل بنێ لە موسڵیش هەرچەندیشە ئەتابەگی موسڵ پێوەندیی باشیشی لەگەڵیدا هەبووە و ژن و ژنخوازیشیان پێكەوە هەیە و، ئەم ئەتابەگە تانەت لەشكرێكیشی لەژێر فەرمانەدەی (الملك القاهر عزالدین مسعود)ی كوڕیدا ئامادەكرد بۆ ئەوەی بینێرێ بۆ سنجار و كۆمەك بە (الملك العادل)ی هاوپەیمانی بكات[٣].

تەتەری سەرداری هەولێر، شەو، گەیشتە موسڵ. پرۆژەیەكی بۆ هاوكاری نێوان هەردوولا، هێنابوو، یاریدەی (قطب الدین محمد) بدەن، ئەتابەگی موسڵ لەم هەڵوێستە تازەیەی سەرداری هەولێر سەرسام بوو[٤]، وەڵێ پرۆژەكەشی لەلا پەسەند بوو، پێی خۆش بوو. لەبەر ئەوە، (موزەففەرەددین گۆكبوری) بەخۆی و لەشكری هەولێر و شارەزوورەوە گەیشتە موسڵ و لەگەڵ (نورالدین أرسلان شاه) كۆبووەوە. دەشتوانین بڵێین ئەم سەردانە لاپەڕەیەكی نوێی پڕ سۆز و هاوكاری لەنێوانیاندا كردەوە دوای ئەوەی كە ماوەیەكی دوژمنایەتی و پێكدادانیان بەڕێ خست، لەو

---

(١)م. ن. ص. مفرج الكروب، ص. ن. الاغلاق الخطيرة، ص. ن. تأريخ الدول السرياني، ع. ن. ص. ابن الفرات. ن. م. ص.

(٢)الكامل، ١٢/ ٢٨٥.

(٣)الكامل، ١٢/ ٢٨٦. مفرج الكروب ٣/ ١٩٣. تأريخ ابن الفرات، مجلد/٥، جـ ١، ص ٩٠.

(٤)الكامل، ص. ن. مفرج الكروب ص. ن. ابن شداد، مخطوط (الاعلاق الخطيرة) ورقة ٥٢/ أ. ابن الفرات: م. ن. ص.

ڕۆژەوە لەنێوانیانـدا ئـاگری سـەندبوو کـە مـیر (زیـن الـدین یوسـف) چـووە پـاڵ سەلاحەددینی ئەییوبی و کەوتە دژایەتی موسڵ.

لە کۆبوونەوەی هەردوولا (گۆگبوری و، أرسلان شاه)دا، لەسەر ئـەوە پێکهاتن کـە بنـەماکانی نـاکۆکی و دڵپیـسی نـەهێڵن. ئـەوجا هـەردووکیان بـاوەڕ و دڵنیاییـان بـە تونـد و تـۆڵی لـە یـەکتری تـازە کـردەوە. - بەقـسەی مێژوونووسـی تـەخت و تـەلاری ئەتابەگی (ابن الأثیر). - سەرداری موسڵ بەتەواوی لە میوانەکەی دڵنیایی پەیدا کرد، بەڕادەیەکی ئەوتۆ کە بـە شـەو، خـۆی لـە سـەربازگەکەی دەرەوەی موسـڵ خـەوت و، جێگـای خـەوی بـۆ (موزەففـەرەددین گۆگبـوری)ی میـوان لـە قـەڵای شـارەکەدا چـێ کرد[1].

ئنجا هەردوو میر کەوتنە دڵدانەوەی میرەکانی دیکەی ناوچەکە، کە دژ بـە الملك العادل بچنە پاڵیان و، نامەشیان بۆ خەلیفە (الناصرلدین الله) نووسی، داوایان لێ کرد کە بکەوێتە خۆ و، گەورەیی و دەسڕۆیی خۆی بەسـەر (الملك العـادل)دا بخاتـە کـار و، دەسـتی لـە سـنجار پـێ هـەڵبگرێت. ئیـدی، خەلیفـە چـەند کارمەنـدێکی گـەورەی تەلاری[2]خۆی شاند (نارد) بۆ ئـەوەی ناوبـژییان بکـەن. پـاش بێنەوبەرەیـەك، (الملك العادل) ملی دا کە لەگەڵ سەرداری سنجاردا تەبایینامەیەك ببەستێ، بە مەرجێ ئـەو جێگایانـەی کـە داگیری کـردوون بەدەسـتیەوە بمێننـەوە. هەرچـی شـاری سنجاریـشە ئەوە، با، بۆ سەرداری سنجاربێت[3].

گرنگیش لەم پێوەندییە نوێیەی نێوان هەولێر و موسڵە ئەومیە کە ئەنجامەکەی گەیشتە خزمایـەتی و ژن و ژنخوازی لـەنێوان ئـەم دوو بنەماڵـە حاکمـەدا. ئـەوەبوو،

---

(١)الکامل، ص. ن. الباهر، ١٩٧.

(٢)الکامل، ١٢/ ٢٧٦. الباهر: ص. ن. ابوشامة، ذیل الروضتین، ٦٧.

مفرج الکروب ٣/ ١٩٧. مخطوط (الاعلاق الخطیرة) و. ن. تأریخ ابن الفرات، م. ن. ص. ٩٤.

(٣)الکامل، ص. ن. الباهر. زبدة الحلب ٣/ ١٦١. مفرج الکروب، ص. ن.

الاعلاق الخطیرة: ورقة ٥٣/ أ. ابن الفرات: م. ن. ص.

دوو کچی (موزەففەرەددین گۆکبوری) لە دوو کوڕی (نورالدین أرسلان)[١]، (الملك القاهر عزالدين مسعود و، عمادالدين زەنگی) مارە کران.

(نورالدین أرسلان شاە) بەر لە مردنی، وڵاتی موسڵی بەسەر هەردوو کوڕەکەیدا دابەش کرد، (عزالدين مسعود)ی کوڕە گەورەی لەسەر تەختی موسڵ دانا و هەردوو قەڵای (عقر الحميدية) و (قلعة شوش)ی، دا بە (عماد الدين زەنگی) و بشبێتە سەرداری ئەم دوو قەڵایە[٢]، بەمەرجێ (بدرالدين لؤلؤ)ی بریکاری ئەتابەگ کاروباری مەملەکەتی هەردوو برایەکە هەڵسووڕێنێ، چونکە هەردووکیان هێشتا منداڵ بوون و[٣]، بریکارەکەش خاوەن سیاسەتێکی چاك و، بەتەگبیر بوو، سەرباری ئەوەش لە

(١) نفس المصادر والصفحات. هەروەها بنۆڕە: ابن خلكان ٤/ ٢٩٥. ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، ص ٤٣١.
The Chronography, V. I, P. ٣٦٥.

(٢) الكامل ١٢/ ٢٩٣. ابن خلكان ٤/ ٢٩٥. ابو الفداء، المختصر ٣/ ١٢١.
ابن خلدون ٥/ ٥٩٦. ابن الفرات، مجلد/ ٥، جـ ١، ص ٥٦.
- (سبط ابن الجوزي) کە دەڵێت: (نورالدين ارسلان شاە) وڵاتی شارەزووریشی دا بە (عماد الدين زەنگی)ی کوڕی - لەوەدا بەهەڵە چووە. بنۆڕە: (مرآة الزمان ٨/ ٥٤٦. هەروەها: (ابن تغري بردي)یش، لە (النجوم الزاهرة ٦/ ٢٠٠)دا ئەو هەڵەیەی کردووە.

(٣) (عزالدين مسعود) حەڤدە ساڵان بوو کە تەختی موسڵی وەرگرت، ئەو لە ساڵی (٥٩٠ك/ ١١٩٣ز)دا لە دایك بووە، بنۆڕە: (وفيات الاعيان ٤/ ٢٩٥.) کەچی، (ابن الاثير) دەڵێت: (عزالدين مسعود) = ئەوکات دە ساڵان بوو. بنۆڕە: (الكامل ١٢/ ٢٩٣). وا دیارە ئەم مێژوونووسە لەبەر ئەوە ئەم مەلیکەی بە بچووك لە قەڵەم داوە کە ببێتە پاساوی ئەوەی (بدرالدين لؤلؤ) جڵەوی بگرێتە دەست خۆی. بەڵام ئەم مێژوونووسە، خۆی بە درۆ دەخاتەوە کاتێ کە دەڵێت: ئەم مەلیکە لاوە، لەساڵی (٦١٥ك/ ١٢١٨ز)دا مردووە، ئەوەتا، دەڵێت: (کە گیانی دەدا، وەسیەتی کرد (نورالدين ارسلان شاهی - دووەم -)ی کوڕە گەورەی ببێتە مەلیك کە ئەوکات تەمەنی دە ساڵ بوو. بنۆڕە: (الكامل ١٢/ ٣٣٥). ئەمەش مانای وایە، (عزالدين مسعود) هەشت ساڵان بووە کە کوڕەکەی لەدایك بووە. شتی وەهاش ڕوونادات و ناشێت. بەڵام (ابن خلكان ئەو (هەڵەیەی) ڕاست کردووەتەوە کە - ابن الأثير - کردوویەتی) ئەوەتا - ابن خلكان - دەڵێت: (عزالدين مسعود) لەساڵی (٥٩٠ك/ ١١٩٣ز) دا لەدایك بووە، واتا، کاتێ کە مردووە تەمەنی بیست و پێنج ساڵ بووە و، کوڕەکەشی دە ساڵان بوو کە مردووە.

حوکمڕانی و ئیدارەی کاروباری دەوڵەتدا خاوەن خەسڵەتی چاك و[1] بە ئەزموون بوو، ئەزموونێکی ئەوتۆ کە ئەتابەگی نوێ (زاواکەی موزەففەرەددین گۆکبوری) ئەو ئەزموونەی نەبوو. هەرچی پێوەندیی ئەم ئەتابەگە تازەیەیە لەگەڵ هەولێر، کە سەرچاوەکان باسی ناکەن، زۆرتر لەوەدەچێ کە پێوەندیی لەگەڵ خەزووریدا، تەواوێ پتەو بووبێت.

ج- پێوەندیی نێوان (موزەففەرەددین گۆکبوری) و موسڵ، لە سەردەمی (بدرالدين لؤلؤ)دا (٦١٥ - ٦٣٠ك/ ١٢١٨ - ١٢٣٣ز)

ئەتابەگی لاو (الملك القاهر عزالدين مسعود) وەسیەتی کرد، کە پاش خۆی (نورالدين أرسلان شاه - الثاني -)ی کوڕی - هەرچەندە منداڵیش بوو - لەسەر تەختی موسڵ دانیشێ، ئەم کوڕە، دە ساڵانی تێپەڕ نەکردبوو[2]. زۆرتریش، پێدەچێ، دامەزراندنی ئەم منداڵە، دەستی (بدالدين لؤلؤ)ی تێدابووبێت، کە ئەوکات تەختی موسڵ، بە وەسیەت، لە دەستیدا بووە و، بەنیازی ئەوەبووە کە بە دەستییەوە بمێنێتەوە و لە دەستی دەرنەچێت.

بە مردنی (الملك القاهر) کە لە ساڵی (٦١٥ك/ ١٢١٨ز)دا، لە بارودۆخێکی پڕ لە گوماندا گیانی سپارد[3]، (بدرالدين لؤلؤ) تەتەری ناردە لای خەلیفە (الناصرلدين

---

(١)الكامل ١٢/ ٢٩٣.

(٢)الكامل ١٢/ ٣٣٤. وفيات الاعيان، ٤/ ٢٩٦، ط ١٩٤٨.

ابوالفداء، المختصر في اخبار البشر، ٣/ ١١٨. ابن الفوطي، مجمع الآداب في معجم الألقاب، جـ٤، ق٢، ص ٧٢٦. (ابن خلدون)یش بەهەڵەدا چووە کە تەمەنی ئەو منداڵەی بە بیست ساڵ داناوە. بنۆڕە: ابن خلدون، (العبر) ٥/ ٥٩٥.

(٣)(ابو شامة) دەڵێت: (الملك القاهر عزالدين مسعود) زەهرخوارد کرا. بنۆڕە: ذيل الروضتين، ص ١١٤. (الذهبي في العبر) ٥/ ٥٥. بەڵام (ابن خلكان) دەڵێت: لەناکاو مرد: وفيات الاعيان ٤/ ٢٩٥. کەچی (ابن الأثير)ی مێژوونووسی تەخت و تەلار دەڵێت: بە لەرز و تا مرد. بنۆڕە: الكامل ١٢/ ٢٣٣.

الله) و داوای كرد كە (نورالدین أرسلان شاه) لەجێگای دابنێت و، كاروباری موسڵیش بەدەست خۆیەوە واتا بەدەست (بدرالدین لؤلؤ)ەوە بمێنێتەوە، خەلیفەش داواكەی قەبوڵ كرد[١]. (بدرالدین لؤلؤ) توانی مەلیكەكانی دەوروبەریش قایل بكات، یەك لەوانە سەرداری هەولێر بوو كە خۆی لەم ڕەفتارەی (بدرالدین لؤلؤ) بێدەنگ كرد، نەخاسمە ئەوەش كە حوكمی ئەتابەگییەكەی وەرگرت كچەزای خۆی بوو.

بەڵام (موزەففەرەددین گۆكبوری) هەڵوێستی خۆی گۆڕی و، چووە پاڵ (عمادالدین زەنگی)ی زاوای كە داوای تەختی موسڵی دەكرد. (عمادالدین زەنگی) تەختی موسڵی بۆخۆی، بەڕەواتر دەزانی، چونكە، خۆی گەورەترین كوڕی بنەماڵەی ئەتابەگیان بوو، زیاتر لەوەش سەرداری ناوچە شاخاوییەكانی ئەمارەتی موسڵ بوو، ئەو كەسەش كە تەختی موسڵی وەرگرتبوو یارای حوكمكردن نەبوو، منداڵیش بوو، ئەمەش مانای وایە دەسەڵاتی ڕاستەقینە بەر (بدرالدین لؤلؤ) دەكەوێت كە وەسیەتدارێكی بەهێزبوو. ئەوەش سەرداری هەولێر دووبارە تووشی سەرێشە و شپرزەیی دەكات. ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە ئەگەر (عمادالدین زەنگی) لەسەر ئەم تەختە دانیشتبا، ئەوا، (موزەففەرەددین گۆكبوری) دەیتوانی پشتی پێ ببەستێ و موسڵ بە پشتیوانی خۆی دابنێت و، ئەو هێزەش كە سەرداری هەولێر دژ بە موسڵ ئامادەی دەكات، دەیتوانی كەلێنێكی دیكەی پێ پڕ بكاتەوە و، هەندێ دەسكەوتی پێ وەدی بێنێت.

ئەو ئیشەی (بدرالدین لؤلؤ) كردی، هەردوو ئەمارەتەكەی دووبارە بردەوە سەر ناتەبایی و ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازی و، وەك جارانی بەر لە پێكهاتنەكە و ژن و ژنخوازییەكەی ساڵی (٦٠٦ك/ ١٢٠٩ز)ی لێ هاتەوە و، هەولێر دەستی كرد بە شەڕ

---

(١)الكامل ١٢/ ٢٣٤ ـ ٢٣٥. ابن العبري، تأريخ مختصر الدول، ص ٢٣٢.

ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، العدد/ ٤٨. لسنة ١٩٥٤، ص ٤٣٦.

The Chronography, V. I, P.٣٧١.

ابن الفرات، مجلد/ ٥، جـ ١، ص ٢٥٥.

فرۆشتن بە موسڵ دوای ئەوەی بۆ ماڵە خەزوورانی (عمادالدین زەنگی) دەرکەوت کە ئەم زاوایەیان ماف خۆیەتی داوای هەقی خۆی بکات، بۆیە کەوتنە لەشکرکێشی و بەرپاکردنی جەنگ دژ بە زەوتکارانی تەختی موسڵ. (عمادالدین زەنگی) بۆی ساغ بووەوە کە (بدرالدین لۆلۆ) ئەو ئەتابەگە نابالغەی بۆ ئەوە قوت کردۆتەوە، تا، بنەماڵەی (زەنگییەکان) بێ بەها بکات و پاشانیش ڕەگیان لە تەخت و تەلاری موسڵ هەڵکێشێت[1]. لەبەر ئەوە، ناچار بوو، بەکۆمەکی سەرداری هەولێر، داکۆکی لەم بنەماڵە حاکمەی خۆی بکات.

دوای ئەوەی کە (بدالدین لۆلۆ) لە موسڵ دەری کرد[2]، (عماد الدین زەنگی) بەرە بەرە کەوتە پەلاماری ناوچەکانی موسڵ بەتایبەتیش لە ناوچە شاخاوییەکاندا. (بدرالدین لۆلۆ) باسوخواسی ئەم پەلامارانەی بەرگوێ کەوت، ئەوەبوو، قۆڵی لێ هەڵماڵی و خۆی تەیار و ئامادە کرد و دەستبەجێ و گەرماو گەرم هێزێکی نارد بۆ عمادیة (آمیدي) بۆ سەرکوتکردنی جموجووڵی (عمادالدین زەنگی)، وەلێ باری کەشوهەواو سەرماو بەفر و، کۆمەکی (موزەففەرەددین گۆگبوری) بۆ زاواکەی، ڕیسەکەی کردەوە بە خوری و هیچی لێ پەیدا نەبوو.

ئنجا (بدرالدین لۆلۆ) ناچار، کەوتە نامە و نامەکاری لەگەڵ سەرداری هەولێر و، داوای لێ کرد کۆمەك بۆ (عمادالدین زەنگی) رابگرێت و هیچی بۆ نەنێرێت. عەهد و پەیمانی نێوانیانی[3] وەبیر هێنایەوە کە دەڵێت: نابێ لە ناوچەکانی موسڵ

---

(١)ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، المجلد نفسه. ص ٤٣٦.
The Chronography, V. I, P. ٣٧٢.

بنۆڕە: (سعيد الديوەجي، الموصل في العهد الاتابكي، ص ٣٨).

(٢)سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان ٨/ ٦٠١.

(٣)سەرچاوەکان هیچ لەبارەی ئەم پێکهاتنەوە کە بەر لەم پێکدادانە مۆر کراوە باس ناکەن.

دەستدرێژی بکرێت بە قەڵاکانی (هەکاری[١] و زۆزان[٢] یشەوە. بەڵام سەرداری هەولێر گوێی خۆی لێ ناخنی و بایەخی پێ نەدا. بەو جۆرە ئەو قەڵایانە بەدەست (عمادالدین زەنگی)یەوە مانەوە[٣].

(بدرالدین لؤلؤ) ناچار کەوتە داواکردنی کۆمەك و پشتگیری لە دەرەوە، پێوەندی بە خەلیفە (الناصر لدین الله) کرد (٥٧٥ - ٦٢٢ك/ ١١٨٠ - ١٢٢٥ز)، خەلیفەش پشتگیریی لە حوکمی میرە بچکۆلە کرد[٤]، بەڵکو گاڵیشی دا لەدژی (موزەففەرەددین گۆکبوری).

---

(١)الهكارية: هەکاری: شارۆچکە و ناحیە و چەند گوندێکە، کەوتووەتە ژووررووی موسڵ لە وڵاتی جزیرەی (ابن عمر). هەموو خەڵکەکەی کوردن، پێیان دەگوترێ (هەکاریەکان): (معجم البلدان ٥/ ٤٠٨).

(٢)زۆزان: ناحیەیەکی گەورە و فراوانە لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە، لە جزیرەی (ابن عمر)، یەکەم سنووری، دوو ڕۆژەڕێ لە موسڵەوە دوورە، قەڵاگەلێکی زۆری سەخت و قایمکاری لێیە، هەموویان موڵکی کوردەکانی (پشتەوی و بەختییە): (معجم البلدان ٣/ ١٥٨).

(٣)الكامل ١٢/ ٣٣٦. ابن العديم، زبدة الحلب ٣/ ١٨٧. مفرج الكروب ٤/ ٢١. ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، مجلة المشرق، المجلد نفسه، ص ٤٣٦.
The Chronography, V, I, P. ٣٧٢.
ابن خلدون، كتاب العبر ٥/ ٥٩٧. الغساني، العسجد المسبوك: ٢٢٢.
سعيد باشا الدياربكري، مرآة العبر (تركي) مجلد/ ٢، جـ٨، ص ١٧٣.

(٤)(سوادي عبد محمد الرويشدي) لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (امارة الموصل في عهد بدرالدين لؤلؤ) وەهای بۆ دەچێ کە هۆکاری دنەدانی باوەڕی شیعایەتی لە موسڵ لە لایەن (بدرالدين لؤلؤ)ەوە، لەوەوە ئاو دەخواتەوە کە ئەم کابرایە ویستوویەتی لەلای خەلیفە (الناصرلدين الله) خۆی شیرین بکات، بەشکو لە پایەماڵکردنی باقیمەنی ئەتابەگەکانی موسڵدا یاریدەی بدات. (ص ٣٩ - ٤٠). دیارە ئەم خەلیفەیە هەست و سۆزێکی بەرامبەر بە شیعەی ئیمامی هەبووە بە پێچەوانەی باو و باپیری کە حەزیان لە شیعە نەدەکرد. (ابن الواصل) دەڵێ: خەلیفە (الناصرلدين الله) - شیعایەتی دەرکرد و، بەلای مەزهبی ئیمامیدا دایدەتاشی و هەمیشە کۆمەڵێ شیعە دەچوونە لای. (مفرج الكروب ٤/ ١٦٦، ٤/ ١٦٩). (ابن الطقطقي)یش لە (الفخري في الآداب السلطانية ص/ ٣٢٢)دا، هەر وەهای گوتووە. (ابن قنيتو الأربلي)یش، دەڵێت: ئەم خەلیفەیە گۆڕێکی لە تەنیشت مەرقەدی (الامام محمد الجواد - ع -) بۆخۆی ئامادەکرد بەڵام بەنسیبی نەبوو. (خلاصة الذهب المسبوك، ص ٢٨٢ - السيوطي، تأريخ الخلفاء، ص ٤٥١). (الصفدي)یش چەند بەیتە شیعرێکی ئەم خەلیفەیەی لە خۆشویستنی ئیمامی عەلیدا (خ) هێناوەتەوە: (مخطوط). الواقي بالوفيات، جـ ٥، ورقه ١٤٥.

(ضیاء الدین ابن الأثیر المنشئ) لە زمانی (بدرالدین لؤلؤ)ەوە نووسیویە و دەڵێت: (موزەففەرەددین گۆگبوری) لەشكرێكی لە هەولێرەوە بانگ كردووە، لەشكرێكە تا بڵێی قورس و گران، پتەو و ترسناك و بێ حەدد و حساب، لە دامێنی قەڵاكەیدا، كە بە (عقر) بەناوبانگە، هەڵیداوە[١]". هەرچەندیشە (بدرالدین لؤلؤ) لەم بوارەدا سەركەوت، وەلێ دەشیزانی كە كۆمەكەكەی خەلیفە، هەر، بەزارەكییە و، بەكردەوە هیچی بۆ ناكات. ئەمەش ناچاری كرد بۆ لایەنگر و دۆستێكی تر بگەڕێت.

پاشان ئامانجی بزربووی لە لای (الملك الاشرف موسی ابن الملك العادل الایوبي) سەرداری وڵاتی جزیرە، دۆزییەوە[٢] و (ت، ٦٣٥ك/ ١٢٣٨ز)، پێكەوە پەیمانیان بەست كە شەڕ و بەڵای (موزەففەرەددین گۆگبوری) و (عمادالدین زەنگی)ی زاوای لە ناوچەكە دوور بخەنەوە. ئیدی، دەستبەجێ (الملك الأشرف) ئاگاهییەكی ناردە سەر سەرداری هەولێر و هەڕەشەی لێ كرد كە ئەگەر واز لە یاریدەدانی (عمادالدین زەنگی) نەهێنێ، ئەوا وڵاتەكەی داگیر دەكات. لە ئاگاهییەكەشیدا گوتی: ئەگەر ئەم تكایەم لێ قەبوڵ نەكەیت و سوور بیت لەسەر یارمەتیی (زەنگی)، ئەوا بەخۆم دێمە سەرت و شارەكەشت داگیر دەكەم[٣]. داوایشی لێ كرد بە كۆمەكەوە بەرەو میسر ئامادەبێت بۆ دەركردنی فەرەنگەكان.

(موزەففەرەددین گۆگبوری) گوێی نەدایە، ئەمجارە كەوتە بزاڤی دەبلۆماسی و پەیداكردنی پشت و پشتیوان و هاندانی مەلیكەكانی دەوروبەر بۆ پێكهێنانی بەرەیەكی هاوپەیمان كە لە ڕووی (الملك الأشرف)دا بووەستنەوە، ئنجا كەوتە نامە و نامەكاری لەگەڵ (الملك المنصور ناصرالدین آرتق تمرتاش

(١)ضیاء الدین ابن الأثیر، رسائل ابن الأثیر، ص ٦١.

(٢)الكامل ١٢/ ٢٣٧. ابن العبري، مختصر تأریخ الدول، ص ٢٣٢.

ابوالفدا، المختصر في اخبار البشر ٣/ ١٢١. ابن شداد، مخطوط (الاعلاق الخطیرة) ورقة ٥٣/ ب. الدیاربكري، مرآة العبر، مجلد/ ٢، جـ ٨، ص ١٧٣.

(٣)الكامل، ص. ن. مفرج الكروب ٤/ ٢٢.

ایلغــازی کــوڕی آرتــق) [١] ســەرداری مــاردین[٢]و، لەگــەڵ (الملــك ناصــرالدین محمــود کــوڕی محمــد قــرا أرســلان کــوڕی ســقمان کــوڕی آرتــق) [٣] ســەرداری (ئامەد) [٤]و (قەڵای کیفا) [٥]. ئەوانە هەردووکیان بە دەنگییەوە هاتن[٦]، چونکە ئەوان لەگەڵ ئەییوبییەکاندا ناتەبا و ناکۆك بوون، لەو کۆنە قینەوەی کە ئەییوبیان حوکمی (ئەرتەقییەکانیان) [٧] لەناو بردبوو. بەم جۆرە، هەموویان لەسەر شەڕی (الملك الأشرف) و (بدرالدین لؤلؤ)ی هاوپەیمانی، پێك هاتن.

ئنجا (عمادالدین زەنگی) بەرەو (العقر) کە موڵکی خۆی بوو، کەوتە ڕێ و، لەوێ لەشکری مۆڵ دا بۆ ئەوەی دەستی بە ناوچەکانی موسڵ بگات. (موزەففەرەددین گۆگبوری)یش کۆمەڵێ سەربازی بۆ نارد. کاتێ (بدالدین لؤلؤ) بەم جموجووڵەی

---

(١)لەنێوان ساڵانی (٥٩٧ ـ ٦٣٧ك/ ١٢٠٠ ـ ١٢٤٠ز) حوکمی ڕانیوە (کردووە)، بنۆڕە: زامباور، معجم الاسرات، ص ٣٤٤. مرآة الزمان ٨/ ٧٣٠. بەڵام (ابن شداد) دەڵێت: لەساڵی ٦٣٦ك مردووە، بنۆڕە: مخطوط (الاعلاق الخطيرة) ورقه ١٣٤/ب.

(٢)ماردین قەڵایەکی بەناوبانگە، بەسەر شاخێکەوە لە جزیرە، معجم البلدان ٥/ ٢٩.

(٣)لەنێوان ساڵانی (٥٩٧ ـ ٦١٩ك/ ١٢٠٠ ـ ١٢٢٢ز) حوکمی ڕانیوە. بنۆڕە: زامباور، م. ن. ص. ابن تغري بردي، النجوم، ٦/ ٢٥٠.

دەربارەی ساڵی مردنی ئەم میرە، جیاوازییەك هەیە، (ابو شامة) دەڵێت: لەساڵی ٦١٧ك مردووە (ذیل الروضتین ١٢٤. ابن واصل ٦١٨. مفرج الكروب ٤/ ١٠٧). هەرچی (ابن الأثیر)ە کە هاوزەمەنی خۆیەتی، ئەوە، ئەو دەڵێت: لەساڵی (٦١٩ك)دا مردووە (الكامل، ١٢/ ٤١٢).. (ابن شداد: الاعلاق، ٥٣/ ب) هەروەهاش (ابو الفدا، المختصر، ٣/ ١٣٠) و (المقريزي ١/ ٢١٢)یش، هەرسێکیان، هەر قسەکەی ئەو دەکەن.

(٤) آمد (ئامەد): گەورەترین و بەرێزترینی شارەکانی دیاربەکرە. معجم البلدان ١/ ٥٦.

(٥)حصن (قەڵای) کیفا: شارۆچکەیەك و قەڵایەکی مەزنە، بەسەر دیجلەدا دەڕوانێت و، کەوتووەتە نێوان ئامەد و جزیرەی (ابن عمر). معجم البلدان، ٢/ ٢٦٥.

(٦)لكامل ١٢/ ٣٣٨.

(٧)ابن خلكان، وفيات الاعيان، جـ٤، ص ١٧٣، ٤١٣.

زانی، ئەویش کۆمەڵێ سەربازی لە دەوروبەری موسڵ، بۆ پاراستنی شارەکە دامەزراند، کە بۆ لێدانی هەر هێرشێکی ناکاو[١] ئامادەبن. هەر، کە زستانی ساڵی (٦١٦ك/ ١٢١٩ز) بەسەرچوو، ئەم سەربازانە شەبەیخوونێکیان کردە سەر (عمادالدین زەنگی) لە شاری (العقر) و بوو بە شەڕ، لەم شەڕەدا سەربازەکانی (بدرالدین لؤلؤ) سەرکەوتن و، سەرداری (العقر و، شوش) رایانکرد بۆ هەولێر، سەرکەوتووەکانیش گەڕانەوە بۆ موسڵ. پاشان شاندی خەلیفە (الناصرلدین الله) و شاندی (الملك الأشرف) گەیشتنە ناوچەکە و کۆتاییان بە ململانێیەکە هێنا و تەبایینامەیەك لەنێوان هەردوولای شەڕەکەدا مۆر کرا[٢].

بەلام ئەتابەگی نوێ (نورالدین أرسلان شاە)ی (دووەم) کە چەند مانگێك بوو لەسەر تەختی موسڵ دانیشتبوو، مرد. بە مردنی ئەویش تەبایینامەکە دووبارە هەڵوەشایەوە، چونکە (عمادالدین زەنگی) و (موزەففەرەددین گۆکبوری) هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە چارەنووسی بنەماڵەی ئەتابەگی زەنگی کەوتووەتە سەر لەپی دەستی دێو (واتا: کوولەکەی ڕۆحی هەردووکیان بەدەستی دێوێکەوەیە)، جا ئەگەر بێت و گەرماو گەرم نەکەونە خۆ و بەرامبەر بەو خراپەیەی کە (بدرالدین لؤلؤ) دژ بە ئاغا زادەکانی کردی شتێك نەکەن، ئەوا چارەنووسیان بەرەو نەمان دەچێ، نەخاسمە کە ئەمە دووجارەیەتی لە ڕێوڕەسمی میراتی موڵك و حوکم لادەدات و، لە دژی دوژمنی خۆی کە منداڵێکی کەمتر لە سێ ساڵانی[٣] وەك، (ناصرالدین محمود)ی

---

(١)الكامل، ص. ن. مفرج الكروب، ٤/ ٢٤.

(٢)الكامل، ص. ن. مفرج الكروب، ٤/ ٢٥. ابن العبري، تأريخ مختصر الدول، ٢٣٣.
The Chronography, V. I, P. ٣٧٣.

ابن خلدون، تأريخ العبر، ٥/ ٥٩٨.

(٣)الكامل، ١٢/ ٣٣٩. مفرج الكروب، ن. ص. ابن العبري، تأريخ مختصر الدول ٢٣٢.
The Chronography, V. I, P. ٣٧٤.

أبو الفداء، المختصر في اخبار البشر ٣/ ١٣١.

ابن كثير، البداية والنهاية ١٢/ ١٣٦. ابن خلدون، كتاب العبر، ٥/ ٥٩٨.

کوڕی دووەمی (الملك القاهر عزالدين مسعود) لەسەر تەختی حوکم دادەنێت.

(نورالدين أرسلان شاە) بەر لە مردنی، بە سەختی بریندار ببوو، لەبەر ئەم زامانەشی نەیدەتوانی لە جێگا هەستێ، یان خۆی پێشانی خەڵك بدات[1].

(عمادالدين زەنگی)ی مامیشی ڕای گشتی موسڵی[2] لە (بدرالدين لؤلؤ) گاڵ دەداو بەوە تۆمەتباری دەکرد کە ئەتابەگی شاردووەتەوە بۆ ئەوەی بیکوژێت. (عمادالدين زەنگی) نوێنەری خۆی نارد بۆ لای بەرپرسانی شارگەلی موسڵ، بەتایبەتیش بۆ ئامێدی کە بە زمانی ئەوەوە پێیان بڵێن: "برازاکەم مردووە و، (بدرالدين لؤلؤ) بەتەمایە وڵاتەکە بکاتە موڵکی خۆی، کە موڵکی باو و باپیری[3] منە و، هەقی خۆمە". ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەگەر (بدرالدين لؤلؤ) مکوڕبێت لەسەر دامەزراندنی ئەم منداڵە، واتا (ناصرالدين محمود) بەهەمان شێوەی کە پێشتر (نورالدين أرسلان شاە)ی دامەزراند، ئەوە، لەوبارەدا، هەر هیچ نەبێ، پێویستە (عمادالدين زەنگی) سەرپەرشتی ئەم حاکمە منداڵە بکات نەك (بدرالدين لؤلؤ)، ئنجا گوتی: (من لەبەرتر و موستەهەقترم سەرپەرشتیی برازای خۆم بکەم[4]. لەمەدا هەندێکان، لە موسڵ پشتگیرییان لێ کرد و، سەردارانی هەندێ لە قەڵاکانیش، بە قەڵای

---

(١)الكامل ١٢/ ٣٣٥. مفرج الكروب ٤/ ٢١.

(٢)لە نووسینەکانی (ابن الأثير)ەوە، دەردەکەوێت کە هەوڵ و کۆششی (عمادالدين زەنگی) کارێکی زۆری لە خەڵکی موسڵ کردووە، چونکە ئەوانیش کەوتنە گومان کە ڕەفتاری (بدرالدين لؤلؤ)ی (وصي)، هەروەها ئەوەش دەردەخات کە خەڵکی موسڵ بە مەلیکەکانی عێلی زەنگییەوە واوەست بوون. (ابن الأثير) دەڵێت: (بدرالدين لؤلؤ) (ناصرالدين محمود)ی بچکۆلەی کرد بە مەلیك، خەڵکەکە زۆریان پێ خۆش بوو. کاتێکیش دەرکەوت کە سوڵتانەکەیان لە بنەماڵەی زەنگییە، ئەوجا ئارام و دڵنیا بوونەوە و، گێرەشێوێنییەکی زۆریش نەما. (الكامل ١٢/ ٣٣٩).

(٣)الكامل ١٢/ ٣٣٥. مفرج الكروب، ٤/ ٢١. ابن الفرات، مجلد/ ٥، جـ ١، ص ٢٥٦.

(٤)ابن العديم ، زبدة الحلب ٣/ ١٨٧.

نامێدییشەوە[1] تەئییدیان كرد.

ئیتر بەم جۆرە، مردنی یەك لەدوای یەكی میرەكانی موسڵ لە ماوەیەكی زۆركەمدا و، دەستگرتنی ئەتابەكی[2] لێهاتوو (بدرالدین لؤلؤ) بەسەر تەختی[3] حوكمدا، نەیانهێشت دۆستایەتی لەنێوان هەولێر و موسڵدا درێژە بكێشێ. چونكە (موزەففەرەددین گۆكبوری) دەیزانی كە (بدرالدین لؤلؤ) بەنیازە تەختی ئەتابەگی زەنگی[4] مایە پووچ بكات، ئەوەتا، هەر بەو نیازە نا باڵغەكان، بگرە نەخۆشەكانیش دەخاتە سەر تەخت و، میراتگرە باڵغەكان پەڕ دەكات، جا، بە بۆنەی دامەزراندنی ئەم (ناصرالدین محمود)ە منداڵەوە، (عمادالدین زەنگی)، بە پشتیوانیی سەرداری هەولێر، كەوتەوە داواكردنی تەخت و تەلاری موسڵ. دەرفەتیش ڕەخسابوو، چونكە موسڵ بەشێك لە لەشكرەكەی خۆی، لەسەر داوای (الملك الأشرف)

---

(١)الكامل، ن. ص. مفرج الكروب، ن. ص. ابن العبري، ن. ص.
ابن الفرات، ن. ص. ابن خلدون، تأريخ العبر، ٥/ ٥٩٦.

(٢)لەم (ئەتابەگ)ەی ئێرەدا مەبەستمان لە لایەنی زمانەوانییەكەیە، واتا: (لەلە).

(٣)ابن تغری بردی لە (النجوم الزاهرة، ٧/ ٧٠)دا، دەڵێت: "كاتێ ـ الملك القاهر ـ لە ساڵی (٦١٤ك)دا كۆچی دوایی كرد (ڕاستییەكەیشی لە ساڵی ٦١٥ك/ ١٢١٨ز)دا، مردووە، (بدرالدین لؤلؤ) دوو كوڕەزای (الملك القاهر)ی دامەزراند واتا هەردوو كچەزاكەی (موزەففەرەددین گۆكبوری)ی سەرداری هەولێری دامەزراند، پاشان كوڕەكانی پرۆفیسۆرەكەی خۆی سەرون كرد و، یەك لەدوای یەك بە غەدر كوشتنی، پاشان مەملەكەتی موسڵ و شارۆچكەكانیشی خستە ژێر چنگی خۆی. (بنۆڕە: وفیات الاعیان، ٤/ ٢٩٦، ط، القاهرة).

(٤)(الرویشدی) دەڵێت: (بدرالدین لؤلؤ) لە موسڵ، شیعەكانی دنە دەدا و خەڵكی دەكرد بە شیعە، بۆ ئەوەی ئاسەواری ئەتابەگەكان كوێر بكاتەوە و پاشماوەی ماددی و هزرییان بنبڕ بكات چونكە دەیزانی ئەگەر ئەم ئاسەوار و پاشماوانە بمێننەوە زیان لە حوكمە تازە شەقوشڕەكەی دەدەن، لەبەر ئەوە قوتابخانە ئەتابەگییەكانی كرد بەگۆڕستانی كوڕانی ئیمامی عەلی (خ). بنۆڕە: كتێبەكەی خۆی: (امارة الموصل في عهد بدرالدین لؤلؤ، ص ٣٧، ٤٠). دیاریشە كە ئەتابەگەكانی موسڵ هەموویان سوننە مەزهبی شافیعی یان حەنەفینە. بنۆڕە: (الباهر، ص ٩٣، ١٩١) هەروەهاش (الكامل ١٢/ ١٣٩).

ناردبوو بۆ بەرەی جەنگی خاچدروشمان، لەبەر ئەوە (عمادالدین زەنگی) و سەرداری هەولێر، لەشکرێکیان تەیار و ئامادە کرد و، ملیان نا لە موسڵ. پێدەچێ (بدرالدین لؤلؤ) بەتەمای ئەم هێرشەی هەولێر بووبێت، بۆیە، ناردی لەدووی هێزەکانی (نصیبین) کە پێشتر (الملك الأشرف)ی هاوپەیمانی خستبوونیە ژێر دەستی. ئەو هێزانەش بە فەرمانداریی (عزالدین ایبك) کەوتنە رێ و لە پایزی ساڵی (٦١٦ك/١٢١٩ز)دا گەیشتنە جێ و، فەرماندارەکەیان بەنیازبوو لە دیجلە بپەڕێتەوە و یەکسەر بەرەو هەولێر هێرش بەرێت، وەلێ (بدرالدین لؤلؤ) داوای لێ کرد پەلە نەکات و ئارام بگرێت تا سەربازەکانی ماوەیەك پشوو بدەن. پاش چەند ڕۆژێك، لەشکر لە ڕووبارەکە پەڕینەوە و، لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە، یەك قۆناغ[1] دوور لە موسڵەوە[2] لەشکرگایان لێ سازدا. ئنجا (بدرالدین لؤلؤ) کەوتە دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی لەشکر و ڕێکخستنی کاروباری جەنگ و (ایبك)ی کرد بە (الجالیشیة)[3] واتا کردی بە پێشەنگی لەشکر و کوڕگەلی شیاو و ئازا و بە جەرگی لەناو سەربازەکاندا بۆ هەڵبژارد. هەرچی (موزەففەرەددین گۆگبوری)یە، ئەوە، ئەو

---

(١)فرسەخ (قۆناغ) دەکا دووریی سێ، تا، شەش میل ڕێگا. دەشڵێن، گوایا، دەکاتە دە هەزار باڵ، یان دوازدە هەزار: تاج العروس ٢/ ٢٧٢ ـ ٢٧٣.

(ادی شیر)یش دەڵێت: قۆناغ ئەکا ماوەی شەش کیلۆمەتر ڕێگا. ئەسڵی وشەکەش فارسییە، کۆی (فرسەخ) فراسخە، بنۆڕە: (الالفاظ الفارسیة المعربة، ص ١١٨).

(٢) الکامل ١٢/ ٣٣٩. ابن العدیم، زبدة الحلب ٣/ ١٨٧.

مفرج الکروب ٤/ ٢٦. ابن العبري، تأریخ مختصر الدول، ٢٣٢.

تأریخ الدول السریاني، مجلة المشرق، ص ٤٣٩.

The Chronography, V. I, P. ٣٧٤.

ابن خلدون، تأریخ العبر ٥/ ٥٩٩.

(٣)(١) الجالیشیة (پێشەنگ): ئەسڵی (الجالیشیة) واتا ئاڵای گەورە، لەسەرەوەی گورزمیەك مووی پێوە بووە، پاشان ئەم ناوە بەسەر پێشەنگی دڵی لەشکردا بڕدرا، یان بە پێشەنگی لەشکرەکە دەگوترا.

(٢) الکامل ١٢/ ٣٤٠ ـ ٣٤١. ابن العبري، نفس المصدرین والصفحتین. تأریخ ابن الفرات، مجلد/ ٥، جـ ١، ص ٢٥٨.

لە زێی ژووروو، بۆ دەسەو یەخەی لەشکری موسڵ پەڕییەوە. کاتێکیش ڕووبەڕووی وەستان، هەندێ تیر لێك گرتن دەستی پێکرد، هەندەی نەبرد تێك چڕژان و، زۆری پێ نەچوو لەشکری هەولێر هێزەکانی (بدرالدین لؤلؤ) و (عزالدین ایبك)ی راونا - هەرچەندیشە یەکەم جار قۆڵی چەپی لەشکری هەولێر کە (عمادالدین زەنگی) فەرمانداریی دەکرد، بەزیبوو.

بەم سەرکەوتنەی هەولێر، (بدرالدین لؤلؤ) بەرەو موسڵ هەڵات و، لە دیجلە پەڕییەوە و، خۆی کوتایە قەڵاکەی موسڵ، بەڵام لەشکری هەولێر دووی کەوتن و لەبەری لای ڕۆژەڵاتی دیجلە بارەگایان لەپشت قەڵاکەی (نینوی) بەرامبەر بە شاری موسڵ[1] هەڵدا. پاشان. لەوەترسا کە لەشکرەکەی (لؤلؤ)، لەوێ، پەلاماری بدەن، لەبەر ئەوە، تەنیا سێ ڕۆژ لە (نینوی) مایەوە، پاشان، بەبێ هەراو بگری زەنگ[2] و شەیپوور گەڕایەوە بۆ هەولێر. کاتێکیش (موزەففەرەددین گۆگبوری) لە ڕووباری زێ پەڕییەوە و، لەو بەرەوە لەشکرگای هەڵدا، شاندی موسڵ گەیشتنە لای و پرۆژەی تەبایینامەیەکی تازەیان ڕادەستی کرد و، ئەمجارەش ئاشت بوونەوە[3].

بەڵام ئەم تەبایینامە نوێیەش، سەرداری هەولێری لە کۆمەکی (عمادالدین زەنگی) نەخست، (عمادالدین زەنگی) بەردەوام، هەر دەرفەتێکی بۆ ڕەخسابا، شەڕی بە (لؤلؤ) دەفرۆشت و، سەردارگەلی قەڵاکانی لەدژی گاڵ دەدا و، تیایدا سەردەکەوت.

---

(١)الكامل ١٢/ ٣٤٠ ـ ٣٤١. ابن العبري، نفس المصدرين والصفحتين. تأريخ ابن الفرات، مجلد/ ٥، جـ ١، ص ٢٥٨.

(٢)الكوس (زەنگ): وەکو تای تەرازوو وەهایە، لە مس دروست دەکرێت، لە قەڵفانێکی بچووك دەچێت، بە ئاهەنگێکی تایبەت، دەمە قوڵپ لێك دەدرێن: (القلقشندی، صبح الاعشی، ٤/ ٩. ئەگەر لەشکر زەنگ و شەیپووری لێ نەدا، واتا شەڕ لەئارادا نییە.

(٣)الكامل ١٢/ ٣٤١. مفرج الكروب ٤/ ٢٨. ابن العبري، تأريخ الدول ٢٣٢. تأريخ ابن الفرات، مجلد/ ٥، جـ ١، ص ٢٥٩.

ئەوەبوو، خەڵکی قەڵای (کواشی) [١]داوایان کرد لە موسڵ جیا ببنەوە و بچنە سەر هەولێر، (عمادالدين زەنگی)یش خێرا گەیشتە ئەوێ و قەڵاکەی[٢]ڕادەست درا.

(بدرالدين لؤلؤ) نـاڕەزایی بەرامبـەر بـەم ڕەفتـارە دەربـڕی و، بـە سـەرداری هەولێریـشی ڕاگەیانـد کـە نـەدەبوو عەهـد و پـەیمانی نێوانیـان بـشکێنێ کـە زۆری بەسـەردا نەچووبوو. داواشـی لـێ کـرد کـە هـەموو توانـستێکی خـۆی لـەلای زاواکـەی بخاتـە کـار بـۆ ئـەوەی قـەڵای (کواشـی)ی بداتـەوە بـە موسـڵ، بـەڵام ئـەم نـاڕەزایی و گلەییە با بردی و بێ هوودە بوو، ناچار، سەرلەنوێ هانای بـردە بـەر (الملك الأشـرف الأيـوبي). بـەڵام ئـەم مەلیکـە - هەرچەندیـشە حەڵـەبی بـەجێ هێـشت و لـە فـوڕات پەڕییـەوە و گەیـشتە (حـرّان) [٣]- بـەڵام لەبـەر هەنـدێ بـارگۆڕانی ناکـاو و، شـەڕی دەوروبەر، نەیتوانی هیچ کۆمەکێ بەم هاوپەیمانەی بکات.

(موزەففـەرەددین گۆکبـوری) بـۆی دەرکـەوت؛ سیاسـەتی دوورە شـەڕ و، هێرشـی خێرا و، داگیرکردنی قەڵاکان، هیچ سوودێکی نەبوو، چونکە، کـەمێك نـەبێ، (لؤلؤ)ی کەمهێز نەکرد، ئەنجامیش هەر خۆی، ناچار دەبوو لەگـەڵ (بدرالـدين لؤلـؤ)دا ئاشـت بێتەوە و تەبایینامەی لەگەڵدا ببەستێتەوە. لەبەر ئەوە، بڕیـاری دا بگەڕێتـەوە سـەر سیاسەتی پەیمانبەستن و دۆست و لایەنگیر پەیـداکردن و لـەکاتی زەرووردا سـوودیان لێ ببینێ، سا، بـەدەم شـیرینکردن و دڵدانـەوەی ئـەم کۆمـەڵ و ئـەو کۆمـەڵ، یـان بـە دۆسـتکردنی ناحـەزانی (لؤلؤ) لـە موسـڵ، بـە نموونـە، وەکـو مەسـیحی و تایفـەی

---

(١)کواشی: قەڵایەکی قایمە لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ، تەنیا یەك ڕچە ڕێگای بۆ دەچێت، لەیەك زەلامی پیادە زێتر هیچی دیکەی پێدا هەڵناگەڕێ: معجم البلدان ٤/ ٢٨٦... ئـەم قەڵایـە لـە هەموو قەڵاکانی موسڵ سەختترە و دەکەوێتە نزیك زاخۆوە: سليمان الصايغ، تأريخ الموصل ١/ ٢٠٥.

(٢)الكامل، ن. ص. ابن خلدون، تأريخ العبر، ٥/ ٥٩٩. الديار بكري، مرآة العبر، مجلد/٢، جـ ٨، ص ١٧٣.

(٣)الكامل، ن. ص. مفرج الكروب ٤/ ٢٤. ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، مجلة المشرق، نفس العدد، ص ٤٣٩. ابن خلدون، ٥/ ٦٠٠.

(العدوية) و کۆمەڵانی دۆستی (عمادالدین زەنگی) کە لایەنگری بنەماڵەی (زەنگی)یەکانن، یانیش پێوەندی و پەیمانی نوێ لەگەڵ میر و بەرپرسانی دەوروبەردا ببەستێت.

هەرچی مەسیحییەکانە، ئەوە، (موزەففەرەددین گۆکبوری) دەیزانی کە ڕقیان لە سەرداری موسڵە، چونکە ئەم سەردارە، پێشەواو پیاوی ئایین و سەرۆکی کەنیسە و دێرەکانیانی بێزار و تەنگاو کردبوون، داوای پارەی لێ دەکردن، ئەمەش کارێکی وەهای کرد کە بە نهێنی نامە بۆ سەرداری هەولێر بنێرن و لەگەڵیدا دژ بە (بدرالدین لۆلۆ) ڕێك بکەون[1]. نامەیەك لەم نامانە کەوتە دەست (بدرالدین لۆلۆ) کە (المغریان[2]شمعون البرطلي) سەرۆکی گوندی (برطلي)[3] کە یەکێك بوو لە گەورەپیاوانی مەسیحییەکان، بۆ (موزەففەرەددین گۆکبوری)ی ناردبوو. (لۆلۆ)یش فووی لە دۆ نەکرد، گرتی و لەداری دا[4]. ڕەنگیشە، ئەمە یەکەم نامە نەبووبێت کە گەورە پیاوانی مەسیحی بۆ (موزەففەرەددین گۆکبوری) یان ناردبێت. گومانی تێدا نییە کە (موزەففەرەددین گۆکبوری) هەمان جۆرە پێوەندی لەگەڵ تایەفەی (العدویە)ی واوەستی شێخ (عدی) کوڕی مسافر کوڕی اسماعیل کوڕی موسی کوڕی

---

(١)بطرس نصري، ذخيرة الأذهان، جـ٢، ص ٥٤.

(٢)المغریان: ئەسڵی ئەم وشەیە ئارامییە، لە (مفریونو)وە هاتووە، مانای بەرخوردارە، مەبەستی پلەی کەنیسەیە لەنێوان (بطریارك و قەشەدا):
سوادي الرويشدي، امارة الموصل، ص ٤٥، هامشی (٢).

(٣)برطلي: گوندێکی گەورەیە (لە شار دەچێت)، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دیجلە و، شارێکی سەربە موسڵە، خێر و بێری زۆرە، بازاڕ و کڕین و فروختی گەرمە و، زۆربەی خەڵکەکەی مەسیحینە: معجم البلدان ١/ ٣٨٥. ئێستا ناوەکەی بووەتە (الحمدانیة) و، مەرکەزی ناحیەیەکی پارێزگاری موسڵە و، دەکەوێتە سەر ڕێگای نێوان هەولێر و موسڵ.

(٤)سوادي الرويشدي، امارة الموصل، ص ٤٧.

مروان الهكاری (ل ٥٥٧ك/ ١١٦١ز) [١]، ببەستێ، ئەم سەرداری هەولێرە هەمیشە باسی جوامێریی ئەم شێخەی دەكرد و، پێشتریش لە موسڵ [٢]، بەمنداڵی یەكتریان دیتبوو كە لەگەڵ (زین الدین علی كچك)ی باوكیدا بۆ موسڵ چووبوون. ئەم تایەفەیە نەیاری (بدرالدین لؤلؤ) بوون، كە لە كێشە و بەڵایان زۆر دەترسا و نەیدەوێرا بیانوورووژێنێ، گوایا، زۆرجاران داویانە بەسەر موسڵدا [٣]. (لؤلؤ) هەڵێكی بۆ ڕەخسا و، شێخ (تاج العارفین شمس الدین الحسن كوڕی عەلی كوڕی أبو البركات كوڕی صخر كوڕی مسافر)ی كوڕەزای (أبی البركات)ی برای (شێخ عدي)ی دەستگیر كرد، كە شێخی ئەم تایەفەیە بوو، پاشان لە قەڵاكەی موسڵدا ژێ (وتر)ی كەوانێكی لە ملی ئاڵاند و خنكاندی [٤]. بێگومان تایفەیەكیش ئەو خراپەیەی دەرهەق بكرێت، لەخوای دەوێ هەلێكی بۆ هەڵكەوێ، بۆ تۆڵە كردنەوە، لەبەر ئەوە، بەهەر شێوەیەك بۆیان كرابێت پشتگیرییان لە (موزەففەرەددین گۆكبوری) كە دوژمنی (لؤلؤ) بووە، كردووە.

لەڕووی پێوەندییەكانی دەرەوەشی، (موزەففەرەددین گۆكبوری)، دڵی میرەكانی دەوروبەری دایەوە بۆ ئەوەی بەلای خۆیدا ڕایانكێشێت و، (بدرالدین لؤلؤ) و (الملك الاشرف)ی هاوپەیمانی تەریك بخات و كەسیان لەدەور نەمێنێ. بەو جۆرە، توانیی هەریەكە لە (عزالدین كیكاوس كوڕی كیخسرو كوڕی قلج أرسلان)ی سەرداری وڵاتی ڕۆم و (ناصرالدین أرتق أرسلان)ی سەرداری ماردین و، (ناصرالدین محمود كوڕی نورالدین محمد كوڕی قرا أرسلان الارتقی)ی سەرداری وڵاتی ئامەد (دیاربكر) و قەڵای (كیفا) بكات بەدۆست و لایەنگری خۆی و، لەگەڵ هەموویاندا ڕێككەوت و بڕیاریان دا كە هەموویان ئیتاعەتی (عزالدین كیكاوس)ی سەرداری وڵاتی ڕۆم

---

(١)سەیری ژیانحاڵی بكە لە: وفیات الاعیان ٢/ ٤١٧ ـ ٤١٨، ط ١٩٤٨. الذهبي، العبر، ٤/ ١٦٣. ابن الوردي، ٢/ ٩٢ ـ ٩٤. ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب ٤/ ١٧٩ ـ ١٨٠.

(٢)ابن خلكان ٢/ ٤١٨.

(٣)الكتبي، فوات الوفیات ١/ ٢٤٢.

(٤)ن. م. ص. الذهبي، العبر، ٥/ ١٨٣. شذرات الذهب، ٥/ ٢٢٩.

بکەن و، خوتبەش هەر بەناوی ئەوەوە بێت[(١)].

بەڵام ئەم هاوپەیمانێتییە نەهاتە بەر، چونکە (عزالدین کیکاوس) گیانی سپارد. پاش ئەو، (علاء الدین کیقباد)ی برای حوکمی وڵاتی ڕۆمی گرتە دەست، ئەم، بڕیاری هاوپەیمانییەکەی هەڵوەشاندەوە و، نامەی بۆ (الملك الاشرف) نووسی و تاعەتی ئەوی نایە بان سەر. هەروەها (ناصرالدین محمود)یش لە عەهد و پەیمان لایدا و، پشتی لە (موزەففەرەددین گۆگبوری) کرد و، ئەویش خۆی خستە ڕیزەکانی (الملك الاشرف) و لەگەڵیدا ئاشت بووەوە. بەو جۆرە هاوپەیمانییەکە لێکترازا[(٢)] و (بدرالدین لؤلؤ) وەك بەرزەکی بانان بێ ئارەق دەرچوو، هیچ مەترسییەکی لەسەر نەما.

هەرچەندیشە (موزەففەرەددین گۆگبوری) لەهاوپەیمانێتی سەردارانی دەوروبەردا مایە پووچ دەرچوو، بەڵام لە بەلای خۆدا ڕاکێشانی هەندێ لە گەورەمیرانی (الملك الاشرف)، سەرکەوت - گەورەترینی ئەو میرانەش (ابا العباس عمادالدین احمد کوڕی میر سیف الدین أبی الحسن علي کوڕی أبي الهیجاء الكوردي) بوو. (أبوالهیجاء الكوردي) کە بە (ابن المشطوب)ی هەکاری بەناوبانگە میرێکی گەورەی سەلاحەددینی[(٣)] ئەییوبی بووە. هەروەها، میر (عزالدین محمد کوڕی بدر الحمیدي)[(٤)] و میرگەلێکی دیکەشی بەلای خۆیدا کێش کرد و، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بکەونە بەربەرەکانێی (الملك الاشرف) و لەتوانستی بخەن.

---

(١)الكامل ١٢/ ٣٤٢. مفرج الكروب، ٤/ ٢٢. ابن خلدون ٥/ ٦٠١.

الغساني، العسجد المسبوك: ٣٢٧.

(٢)الكامل ١٢/ ٣٤٢. مفرج الكروب ٤/ ٧١.

(٣)المقريزي، السلوك ١/ ٢١٤. ولابن المشطوب ترجمة في: اليونيني، ذيل مرآة الزمان، ٢/ ٢٢٤ ـ ٢٢٩.

ابن الوردي، تأريخ ابن الوردي ٢/ ١٩٩ ـ ٢٠٠.

ابن الفوطي، تلخيص مجمع الآداب، جـ٤، ق٢، ص ٦٧١ ـ ٦٧٢.

المقريزي، السلوك ١/ ١٩٦. بنۆڕە: (الكامل ٢/ ٣٢٥ دەربارەی پێگەی سیاسیی لە میسر.

(٤)الكامل ١٢/ ٣٤٢. مفرج الكروب ٤/ ٧٠.

هەرچی میری یەکەمە (ابن المشطوب)، کاتێ لە (الملك الاشرف) هەڵگەڕایەوە، خۆی و سەردارەکانی بەرەو هەولێر کەوتەڕێ تا لە (نصيبين) دەرباز بوو، پاشان لووت بە لووت کەوتە بەرامبەر سەربازەکانی (الملك الاشرف) و کوشتارێکی گەرم لە نێوانیاندا هەڵایسا و، میری هەڵگەڕاوە بەزی و، هەندێك لە هاوڕێکانی دەستیان لێ بەردا، بەڵام خۆی ڕادەست نەکرد و، بەرەو سنجار کەوتە ڕێ کە ئەوکات (فروخ شاه کوڕی زەنگی کوڕی قطب الدين مودود) حوکمی سنجاری دەگێڕا و سەر بە (الملك الاشرف) بوو، ئەو دەستگیری کرد. بەڵام، دیاربوو (ابن المشطوب) توانی قەناعەتی پێبکا و بیکاتە دۆستی خۆی، بگرە لە خشتەشی برد و، لە (الملك الاشرف)یشی هەڵگێڕایەوە[1].

(ابن المشطوب) لە سنجار بەدەر کەوت و، دەستی کردەوە بە تەنگاوکردنی شارۆچکە نزیکەکانی موسڵ و، چوو بۆ (البقعا)[2] و جێگایانی دیکەش، پاشان گەڕایەوە بۆ سنجار، ئنجا ڕووی لە (تلعفر) کرد کە سەر بە سەرداری سنجار بوو. لەو لاوە (بدرالدين لؤلؤ) کەوتە خۆ بۆ پاراستنی وڵاتی موسڵ و، لەشکری نارد بۆ لێدانی (ابن المشطوب). بەڵام نەیانتوانی بیبەزێنن. (بدرالدين لؤلؤ) ئنجا، خۆی، هاتە مەیدان و، لەشکرێکی چاکی تەیار و ئامادە کرد و، کەوتە شەڕ، وەلێ خۆیشی نەیتوانی کۆڵی پێبدات، ناچار بوو، کەوتە فرۆفێڵ و، ڕایگەیاند کە ئەگەر واز لە تەنگاوکردنی خەڵکەکە بهێنێ، لێی دەبووڕێت، سوێندیشی بۆ خوارد و، (ابن المشطوب)یش بڕوای پێکرد و خۆی ڕادەستی دا و لەگەڵیدا چوو بۆ موسڵ[3]. وەلێ (بدرالدين لؤلؤ)، هەر زوو، لەبڕیاری خۆی پاشگەز بووەوە و بەباڵبەستی ناردی بۆ

---

(١)الكامل ١٢/ ٣٤٣.

(٢)البقعا: شارێکی گەورەی موسڵە، دەکەوێتە نێوان موسڵ و (نصيبين)، دێهاتی زۆرە، معجم البلدان ١/ ٤٧٢.

(٣)مرآة الزمان ٨/ ٦٠٩. وفيات الاعيان ١/ ١٦٣. مفرج الكروب ٤/ ٧٢. ابن الوردي ٢/ ١٩٩.

لای (الملك الاشرف) بۆ ئەوەی زێتر خۆی لە لای شیرین بكات (پـتر بـچێتە دڵـیـەوە) [١].
(الملك الاشرف)یش فرێیدایە زیندانی ناو قەڵاكەی (حـران)ەوە و كەللـەی لـە ئاسـن و هەردوو دەستیشی لەتەختـە گـرت. بـەم شـێوەیە لـە زیندانـەكـەدا بـۆ ماوەیـەكی زۆر مایەوە تا سەر و ریشی ئەسپێ و مۆریان تێی دا و[٢]، لەسـاڵی (٦١٩ك/ ١٢٢٢ز)دا گیـانی سپارد[٣].

لەهەموو ئەوانەی باس كران بۆمان دەردەكـەوێ كـە سیاسـەتی (موزەففـەرەددین گۆكبـوری)یـش لەگـەڵ لایـەن و هێزەكـانی ناوچـەی موسـڵ، بـەهۆی لێكهەڵوەشـانی هاوپەیمانیی نێوان خۆی و میرەكان و، بەهۆی زیرەكی و وریـایی (بـدرالین لۆلـۆ)ەوە، سەری نـەگرت و سوودی نـەبوو، چونكە (لۆلـۆ) هەنـدە وریـا و بـەئاگابوو نەیهێـشت مەسیحییەكان هیچ رۆڵێك لەو ململانێیەی نێوان ئەو و سـەرداری هـەولێردا بگێـڕن، نەخاسمە دوای هەڵماڵینی نهێنییەكەی نێوان (المفریـان شمعـون البرطلي) و سـەرداری هـەولێر. سـەرباری ئەوانـەش (موزەففـەرەددین گۆكبـوری) بـە لەدەسـتدانی (ابـن المشطوب)- كە دیتوانی بەرامبەر بە دوژمنانی هەولێر بوەستێت - زەرەرێكی گـەورەی لەخۆی دا. هەرچی میری دووەم (عزالـدین محمـد الحمیـدي)یـە، ئـەوە، ئـەو گەیـشتە هەولێر و، سەرداری هەولێر كردی بە بەرپرسی (متولی)ی قەڵای (سارۆ) [٤].

سـەرداری هـەولێر - دووبـارە - دەسـتی كـردەوە بـە ڕاڕایـی و گـۆڕینی هەڵوێـستی خۆی بەرامبـەر بـە حـوكمی موسڵ و (الملك الاشـرف)ی دۆسـتی موسـڵ. ئـەوەبوو لـە تاوسانی (هاوینی) ساڵی (٦١٥ك/ ١٢١٨ز)دا ئەم مەلیكە سەردانی موسڵی كرد، سەرداری هـەولێر ئـەم سـەردانەی بـە دەرفـەت زانـی، هەسـتا، شـاندێكی نـاردە لای و پـڕۆژەی

(١)وفیات الاعیان، ن. ص. بنۆڕە: (ضیاءالدین المنشئ، رسائل ابن الأثیر، ص ٦٣ ـ ٦٦.

(٢)وفیات، ص. ن. أبو شامة، ذیل الروضتین، ١٢١.

(٣)هـەمان دوو سەرچاوە و دوو لاپەڕەكـە. بـشنۆڕە: الكامـل ١٢/ ٣٤٣. مـرآة الزمـان، ٦٠٩/٨. مفـرج الكروب ٧٦/٤. الیونینی، ذیل مرآة الزمان ٢٢٦/٢. ابن الوردي ٢٠٠/٢. المقریزی، السلوك ٢١٤/١.

(٤)ابن الأثیر، الكامل، مطبعة الاستقامة، القاهرة، ٩/ ٣٨٢.

تەبایینامەیەكی نوێی وەپێش چاو خست. (الملك الاشرف) بە پرۆژەكە قایل بوو، بەمەرجێ (موزەففەرەددین گۆكبوری) (عمادالدین زەنگی)ی زاوای قایل بكات دەست لەهەموو ئەو قەڵایانە هەڵبگرێت كە داگیری كردوون و، بیانداتەوە بە (بدرالدین لؤلؤ) و تەنیا قەڵای (العمادیة) بەدەست خۆیەوە بمێنێتەوە[1].

ئەم ڕێككەوتنە، هەر لە سەرەتاوە گرێ و گۆڵی تێ كەوت و، گفتوگۆ و چەند و چۆنی لە نێوانیاندا دوو مانگ درێژەی كێشا. ڕاستیشت دەوێ، (الملك الاشرف) مرخی لە خودی هەولێر خۆش كردبوو، دیاربوو، لەشكری بەرەو هەولێر بەڕێ خستبوو، لەشكرەكەی گەیشتە (السلامية)[2]ی نزیكی زێی زووروو. باسوخواسی ئەم جموجووڵەی (الملك الاشرف) گەیشتبووە هەولێر. (موزەففەرەددین گۆكبوری)یش بە لەشكرەوە ڕووی لە موسڵ كرد و گەیشتە سەر زێ بەڵام نەپەڕییەوە. لەوێ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر ڕووداوێكی ناكاو كەوتە ئامادەباشی.

كاتێكیش هەردوو لەشكرەكە بەیەك گەیشتن، هیچ پێكدادانێك ڕووی نەدا، سەرداری هەولێر ئەمجارەش شاندێكی نارد بۆ لای (الملك الاشرف) و، چەند پێشنیازێكی پێدا نارد، بەڵام وەڵامەكەی، لەبەر نالەباری هەڵومەرجەكە و، لەبەر بێزاربوونی لەشكرەكەی كە دەمێك بوو چاوەڕێیان دەكرد و بێزار بوون، كەمێك دواكەوت، پاشان (الملك الاشرف) قایل بوو، نەخاسمە (ناصرالدين محمود كوڕی نورالدين محمد كوڕی قرا أرسلان الارتقي)ی سەرداری وڵاتی (ئامەد)یش، بەرە، بەرە، بایدایەوە بۆ لای سەرداری هەولێر. لەبەر ئەوە تەبایینامەكە مۆركرا و، وادەیەكیان

(١)لكامل ١٢/ ٣٤٤. مفرج الكروب ٤/ ٧٥. أبو الفدا، المختصر في أخبار البشر ٣/ ١٢٥. تأريخ ابن الوردي ٢/ ٢٠٠.

Setton, V. II. P. ٦٩٩

(٢)السلامية: گوندێكی گەورە بوو، سەر بە موسڵ، لەسەر ڕۆژهەڵاتی دیجلە و شەش قۆناغ لێك دوور بوون. چاكترین و دڵگیرترین گوندی ناوچەكە بووە و، دوو قۆناغ لە زێیەكەوە دوور بوو: (معجم البلدان ٣/ ٢٣٤.).

دانا کە (عمادالدین زەنگی) لەو وادەیەدا هەر قەڵایەکی گرتبوو ڕادەستی بداتەوە. (الملك الاشرف) لە نیاز و نییەتی (موزەففەرەددین گۆکبوری) بەگومان بوو، لەبەر ئەوە داوای لێ کرد کە زاواکەی ڕادەستی بدات، بە بارمتە لەلای بمێنێ، تا قەڵاکان ڕادەست دەداتەوە بە (بدرالدین لؤلؤ) [1].

کاتێکیش قەڵایەکان ڕادەستی بریکارەکانی (الملك الاشرف) درانەوە، کە ئەویش بیانداتەوە بە سەرداری موسڵ، سەردارگەلی قەڵاکان، یاخی بوون، تەنیا قەڵای چیای (جورا) [2]ی سەر بە هەکاری[3] نەبێ، هیچیان قایل نەبوون بکەونەوە ژێر دەستی (بدرالدین لؤلؤ). بەڵام (عمادالدین زەنگی) زەلامێکی نارد بۆ لای (شهاب الدین غازي)ی سەرداری (خلاط) بۆ ئەوەی بە دەنگیانەوە بچێت و، ئاوێ بە ئاگرەکەدا بکات و، تکا لە (الملك الاشرف)ی برای (عمادالدین زەنگی) بکات کە بریکارەکانی خۆی لەسەر قەڵای (العقر) و قەڵای (شوش) لا بدات و ئەو دوو قەڵایە بدات بە (عمادالدین زەنگی). بەڵام سەردارانی قەڵاگەلی هەکاری و زۆزان، بە قەڵای (العقر) و (العمادیة)شەوە: تەنیا قەڵای شوش نەبێ، هەموویان - دووبارە - داوایان کردەوە بچنەوە ژێر ڕکێفی موسڵ، چونکە دیتیان کە (عمادالدین زەنگی) بەباشی لەگەڵیان هەڵنەسووڕا و - وەکو چاوەڕوانیش دەکرا دڵیانی نەدایەوە و ڕازیی نەکردن، بەڵکو تەنگاوی کردن و هیچی بە دڵی ئەوان نەکرد. (بدرالدین لؤلؤ)یش، لەخوای دەویست، بە گەرمی بەپیریانەوە چوو، قەڵاکانیانی خستەوە سەر موسڵ[4].

---

(١) الكامل ٢/ ٣٤٥. مفرج الكروب ٤/ ٧٥. ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، مجلة المشرق، نفس العدد، ص ٤٤٢.

ابن خلدون، تأريخ العبر، ٥/ ٦٠٢.

(٢) جبل جورا (چیای جورا): ناوەدانییەکی گەورەی ناوچەی ئەرمەنستانە، بە دیاربەکرەوە جووتەو، گوند و قەڵاگەلی تێدایە: معجم البلدان ٢/ ١٠٢.

(٣)الكامل ١٢/ ٣٤٥. مفرج الكروب ٤/ ٧٥.

(٤)الكامل ١٢/ ٣٤٦. ابن خلدون ٥/ ٦٠٣.

ئیدی لەپاش ئەم ڕووداوانە، بۆ ماوەی شەش ساڵی پاشتر (٦١٥ - ٦٢١ك/ ١٢١٨ - ١٢٢٤ز) ئاشتی و ئارامی باڵی بەسەر سەروسەخت و پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و موسڵدا کێشا. وادیارە، سەرداری هەولێریش، ئیدی، وەك جاران ئەو بایەخە گەورەیەی بە (عمادالدین زەنگی) نەدەدا کە بەهۆی سیاسەتی چەوت و نیگەرانکردنی سەردارەکانی خۆیەوە، قەڵاکانیشی لەدەست چوو، بەڵکو تەنیا قەڵایەکیش، لە قەڵاگەلی چیاکانی موسڵ کە بە دەستییەوە مابوو، ئەویشی لەدەست دا کە قەڵای (شوش) بوو، لەدەستدانی قەڵای شوش لەو ماوەیەدا بوو، کە لە ساڵی (٦١٩ك/ ١٢٢٢ز)دا، قەڵاکەی بەجێ هێشت و چوو بۆ ئازەربێجان، بۆ لای (موزەففەرەددین اوزبك کوڕی البهلوان) و، لەوێ، لەلای ئەو، ماوەیەکی زۆر مایەوە، ئەویش هەندێ ناوچەی بۆ دابڕی[1]. ئەو بەو مەبەستە چووبوو لەگەڵ خۆیدا بیهێنێتەوە و، لەدژی (بدرالدین لؤلؤ) بکەوێتەوە ململانێ، بەڵام بۆ (لؤلؤ) دەرفەتێك بوو، ڕەخسا و، بەسەریەوە نەچوو، پەلاماری قەڵای شووشی دا و، زۆر بە سەختی گەمارۆی داو تەنگاوی کرد، وەلێ بۆی داگیر نەکرا، ناچار گەڕایەوە بۆ موسڵ و، قەڵاکەی بۆ سەربازەکانی بەجێ هێشت، سەربازەکانیشی، دوای مۆرکردنی تەبایینامەیەك لەنێوان هەردوولا قەڵاکەیان وەرگرت[2].

لەم کارەساتەی (بدرالدین لؤلؤ) و سەربازەکانی بەسەر شووشیاندا هێنا (موزەففەرەددین گۆکبوری) بێدەنگ بوو، پێدەچێ ئەم بێدەنگییەشی لە ڕقی زاواکەی بووبێت کە قەڵاکانی خۆی بەجێ هێشت و، چوو بۆ ئازەربێجان و زۆری پێچوو، کە هەندەی نەدەهێنا. بەڵام ئەم داواکردنی کۆمەکە، لە (اوزبك کوڕی البهلوان) مەبەست و نیازێکی تری لەژێر سەری (عمادالدین زەنگی) وەشێردرابوو. مەسەلەیەك بوو پێوەندیی نێوان ئەو و ماڵە خەزوورانی ڕوون دەکردەوە کە بەرەو

---

(١)لکامل ١٢/ ٤١١. مفرج الکروب ٤/ ١١٥. رشیدالدین فضل الله الهمداني، جامع التواریخ، جلد/ ١، ص ٢٩٧. (بەزمانی فارسی).

(٢)الکامل ١٢/ ٤١٢. مفرج الکروب ٤/ ١١٥. جامع التواریخ، ن. ص.

خراپی دەچوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە داوای کۆمەکی لە سەرداری ئازەربێجان دەکرد، چونکە (موزەففەرەددین گۆکبوری)، بەر لەوەش هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەم زاوایەی گۆڕیبوو، کە ئەوەی لەباردا نییە بتوانێ ئاواتی خۆی و ئەمیش لەولاتی موسڵدا بێنێتە دی، بەڵگەی ڕاستی ئەم لێك زیزبوونەش ئەوەیە کاتێ لە ئازەربێجان گەڕایەوە، سەرداری هەولێر گرتی و حەپسی کرد و پاشان ڕادەستی (الملك الاشرف)ی[1]دا، وەلێ، ئەم ئازادی کرد، ئەمیش بە نائومێدی و ملکەچی گەڕایەوە هەولێر. ئەمجارەیان، (موزەففەرەددین گۆکبوری) شارەزوور و شارەکانی شارەزووری، لەجیاتی ئەو قەڵایانەی کە لە (نورالدین أرسلان شاه)ی باوکییەوە بەمیرات بۆی مابووەوە، خستییە ژێر دەستی (عمادالدین زەنگی) کەمێك بەر لە ساڵی (٦٢٢ك/ ١٢٢٥ز) [2] گەیشتە شارەزوور و، لەوێ مایەوە تا لەساڵی (٦٣٠ك)دا سەری نایەوە، (١٢٣٢ - ١٢٣٣) [3].

لەبەر ئەوانەی باسمان کرد (موزەففەرەددین گۆکبوری) سیاسەتێکی هێور و

(١)وفيات الاعيان ٤/ ٢٩٦، ط ١٩٤٨.

(٢) قەشە (سليمان الصائغ) دەڵێت: (موزەففەرەددین گۆکبوری) بەنیاز بوو وڵاتی ئەتابەگەکان بخاتە ژێر چنگی خۆی، بۆیە، زاواکەی خۆی گرت و ناردی بۆ (الملك الاشرف). ئەم قەشەیە هەڵەی گوتووە. بنۆڕە کتێبەکەی خۆی: (تأريخ الموصل) ١/ ٢٠٧.

(١) سەرەتای چوونی (عمادالدين زەنگی) بۆ وڵاتی شارەزوور، نەزانراوە. بەڵام ساغ بووەتەوە کە لە ساڵی (٦٢٢ك/ ١٢٢٥ز)دا حوکمی شارەزووری کردووە. ئەم حەقیقەتەش، بەو دینارەدا دەردەکەوێ کە (عمادالدين زەنگی) لەو ساڵەدا لە سکەی داوە، چونکە لەو دینارەدا، ناوی خۆی و نازناوی (ملك الامراء گۆکبوری) و ناوی خەلیفە (الناصرلدين الله) هەڵکەنراوە. ئەم دینارە لە قاهیرە هەیە: بنۆڕە بابەتی دراوەکان. بشنۆڕە: محمد باقر الحسيني، العملة الاسلامية في العهد الاتابكي، ص ٦٨ - ٦٩. قسەکانی (الحموي)یش، ئەوە دەردەخەن، کە دەڵێت: کاتێ سوڵتانی خەواریزم (جلال الدين منكبرتی) لە ساڵی (٦٢٢ك)دا لە لەوەڕگاکانی شارەزوور لایدا و، دابەزی، (عمادالدين زەنگی) چوو بەپیریەوە... هتد. بنۆڕە: (التأريخ المنصوري) ص ٣٠٧.

(٣)وفيات الاعيان ٤/ ٢٩٤.

هێمنی لەگەڵ موسڵدا پێڕۆ دەکرد، نەخاسمە لێشاوی مەگۆلیش خاکێکی بەرفراوانی موسوڵمانانی داپۆشیبوو، مەترسیشی لەسەر ئەم ناوچەیەش پەیدا کردبوو. لەبەر ئەوە سەرداری هەولێر ئەم سیاسەتەی بە پێویست دەزانی بۆ بەرژەوەندی خۆی و ناوچەکەش و، دەستیشی کرد بە داواکردنی کۆمەك لە موسڵ و بەرەنگاربوونەوەی مەگۆلەکان، چونکە مەگۆل گەیشتبوونە دەروازەکانی ئەمارەتەکەی، ئەوەبوو مەراغەشیان[1] داگیرکرد و، لەسالّی (٦١٧ك/ ١٢٢٠ز)شدا بەرەو هەولێر کشان و مەترسییەکی گەورەیان بەهەموو لایەکدا بلاو کردەوە، ئنجا سەرداری هەولێر هانای بردە بەر (بدرالدین لؤلؤ)، ئەویش هێزێکی لە لەشکری موسڵ بۆ نارد.

د - تازەبوونەوەی ململانێ لەنێوان ئەمارەتی هەولێر و موسڵدا لەسالّی (٦٢١ك/ ١٢٢٤ز)دا:

باری تەبایی و ئاشتی لەنێوان هەولێر و موسڵدا زۆری نەخایان و، ململانێ، دیسانەوە کەوتە نێوانیان، (بدرالدین لؤلؤ) ئاگرەکەی هەلایسان، ئەوەبوو، حوکمی بنەماڵەی ئەتابەگە زەنگییەکانی بەربڕ کرد و، حوکمی دوا ئەتابەگ (ناصرالدین محمود)ی کچەزای (موزەففەرەددین گۆگبوری)یشی لەناو برد و، لەسالّی (٦٢١ك/ ١٢٢٤ز)یشدا دەسەلاتی لە موسڵ خستە ژێر دەستی خۆی. ئەم ڕەفتارە ناپەسند و ترسناکانەی (بدرالدین لؤلؤ)، بوونە هۆی ئەوەی کە هەردوو ئەمارەتەکە جارێکی تریش دەست بەرنەوە بۆ چەك.

جا، بەر لەوەی بچینە ناو باسوخواسی داچروکانی پێوەندیی نێوان هەولێر و موسڵ، باشتر وایە گفتوگۆیەك دەربارەی کوشتنی دوا ئەتابەگی ناوبراو بکەین، چونکە قسەو هەواڵی جۆربەجۆری جیاوازی مێژوونووسان، پیاو سەرسام دەکەن. هەریەکەیان بەجۆرێك باسی دەکەن و، ساڵی لەناوبردنی ئەم ئەتابەگە لە لایەن

(١)(مراغە): شارێکی گەورەی بەناوبانگە، سەربە ئازەربێجانە: معجم البلدان، ٥/ ٩٣.

(بدرالـدين لۆلـۆ)ەوە، وەکـو یـەك دیـار ناکـەن. ئـەم ڕووداوە گرنگییـەکی سیاسـیی ئەوتۆی نییە، خۆ، هەر لە ساڵی (٦٠٧ك/ ١٢١١ز)ەوە، کە دوا ئەتابەگی گەورەی موسڵ (نورالدين أرسلان شاه)مرد، حوکم لەو ساوە هەر بە دەست (بدرالدين لۆلۆ)ەوە بووە، وەلـێ گرنگیـی ئـەم ڕووداوە (واتـا ڕووداوی کوشـتنی ئەتابـەگ ناصـرالدين محمـود) لەوەدایـە کـە هـەم هۆکـار و، هـەم کـات و سـاتی تێکـچوونی پێوەندییـەکانی نێـوان (بدرالدين لۆلۆ) و (موزەففەرەددین گۆکبوری) ڕوون دەکاتەوە.

ئەو دەقانەی لەبەر دەستماندا هەن و فەراهەمن دەڵێن کە (بدرالـدين لۆلـۆ) لـە ساڵی (٦٣١ك/ ١٢٣٤ز)، لەسەر بڕیاری خەلیفە (المستنصر بالله) [١]خۆی کرد بە مـەلیکی موسڵ. دراوەکانی موسڵی ئەو سەردەمەش ناوی (بدرالـدين لۆلـۆ)یـان لەسـەرە. بـەڵام لەبەر قسەی جیاواز و ناچونیەکی سەرچاوەکان، سـاڵی مردنـی (کوشـتنی) ئەتابـەگ (ناصرالدين محمود) ڕوون نییـە. مێـژوونووس (ابـن العـبري) کـە لـە بـەرایی ژیانیـدا هاوزەمەنی ئـەم ڕووداوانـە بـووە و جێگـای بـاوەڕە، دەڵێـت: (ناصـرالدين محمـود) لـە ساڵی (٦٣١ك)دا مـردووە، واتـا هـەر لـەو سـاڵەدا کـە (بدرالـدين لۆلـۆ) تـەختی موسـڵی زەوت کردووە[٢]. ئەوەش کە (الـذهبي) دەیگێڕێتـەوە لـە قسەکانی (ابـن العـبري) زۆر نزیکە، بەڵام باسی مردنی ئەتابەگ - کە لەو ساڵەدا مردبێت - ناکات و، تـەنیا، هـەر هەنـدە دەڵێـت کـە "لـەو سـاڵەدا (بدرالـدين لۆلـۆ) خـۆی کـرد بـە سـوڵتانی موسـڵ و، بنەماڵەی ئەتابەگایەتی، دوای بڕا (انقرض) [٣]"

بەڵام ئەوەی کە (الذهبي) تووشی دوو هەوایی (التناقض) دەکات، ئەوەیـە کـە لـە گێڕانەوەیـەکی پێـشتریدا دەربـارەی ڕووداوەکـانی سـاڵی (٦٢١ك/ ١٢٢٤ز) دەڵێـت: لـەم سـاڵەدا (بدرالـدين لۆلـۆ) موسـڵی داگیرکـرد و، (ناصـرالدين محمـود کـوڕی القـاهر)ی

---

(١) ابن العبري، تأريخ مختصر الدول، ٢٤٩. الحوادث الجامعة ص ٥٢.

(٢)ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، مجلة المشرق للسنة ٤٩ سنة ١٩٥٥ ص ٧٣٩.

(٣)الذهبي، العبر، ٥/ ١٢٣.

خنكاند و، بەدرۆش گوتی: مرد[١]. ئەمەش، مانای وایە كە ئەتابەگ دەساڵ بەر لەوەی (لۆلۆ) موسڵ زەوت بكات، مردووە. بەڵام ئەوەی مەسەلەكەی زێتر ئاڵۆزكاندووە ئەوەیە كە (أبو شامة) دەڵێت: "باسوخواسی مەلیك - ناصرالدین محمود - نقوم بوو، نەما و، پاش مردنی (موزەففەرەددین گۆگبوری)ی باپیری ئەم مەلیكە - لەدایكیەوە - واتا (باوكی دایكی) لە ساڵی (٦٣٠ك/ ١٢٣٣ز) [٢]دا، (بدرالدین لؤلؤ) حوكمی موسڵی گرتە دەست، كەچی لە جێگایەكی تردا و، لە ڕووداوەكانی ساڵی (٦٢١ك/ ١٢٢٤ز)دا گوتوویەتی: (بدرالدین لؤلؤ) موسڵی داگیركرد و، وەهای نیشان دا كە (ناصرالدین محمود) مردووە، خۆی فەرمانی دا بە خنكاندنی[٣].

سەیرەكەش لەوەدایە، مێژوونووسێكی هاوزەمەنی شارەزای وەك (ابن الجوزي) هەردوو ڕووداوی خنكاندنی ئەم مەلیكە و، دوابڕانی ئەتابەگایەتی دەخاتە ساڵی (٦٢١ك/ ١٢٢٤ز) [٤]ەوە. وادیارە مێژوو نووسەكانی تریش هەر، لەمیان وەرگرتبێ، چونكە ڕستە و دەستەواژەكانیان زۆر لەیەك دەچن. لەو مێژوونووسانەش، بەنموونە: (ابوشامة) [٥]، (الذهبي) [٦]، (ابن تغري بردي) [٧]و (ابن العماد) [٨]. كەچی دەبینین (أبا الفداء) [٩]و (ابن الوردي) [١٠]هەردوو ڕووداوی مردنەكە و، دوابڕانی بنەماڵەی ئەتابەگی دەخەنە ساڵی (٦١٩ك/ ١٢٢٢ز) هەرچەندیشە قسەكانی

---

(١)م. ن. ٨١.

(٢) ابوشامة، ذيل الروضتين، ص ١١٤.

(٣)م. ن. ص ١٤٢.

(٤)مرآة الزمان ٨/ ٦٣٣.

(٥)ابوشامة، ص ١٤٢.

(٦)العبر، ٥/ ١٢٣.

(٧) النجوم الزاهرة، ٦/ ٢٥٧.

(٨) شذرات الذهب، ٥/ ٩٤.

(٩) المختصر في اخبار البشر، ٢/ ١٣١.

(١٠)تأريخ ابن الوردي، ٢/ ٢٠٦

هەردووکیان زۆر لە قسەکانی (سبط ابن الجوزي) و لە قسەی مێژوو نووسەکانی دوای ئەویش دەچن. پێدەچێ (ابو الفداء) و (ابن الوردي) قسەکانیان لە (ابن الواصل)ەوە وەرگرتبێ چونکە ئەو، مەسەلەی مردنی (ناصرالدین محمود)ی لەگەڵ ڕووداوەکانی ساڵی (٦١٩ك) دا باس کردووە، هەرچەندیشە تەکەزی لەسەر ساڵەکە نەکردووە[1].

هەرچی (ابن کثیر)ە، ئەوە، ئەو هەمان ڕای (ابو شامة)ی هەیە و ڕووداوەکە دەباتەوە بۆ ساڵی (٦٣٠ك/ ١٢٣٣ز) و دەڵێت: (بدرالدین لؤلؤ)، لەو ساڵەدا، مردنی (موزەففەرەددین گۆکبوری)ی باپیرەی - لە دایکەوە - (ناصرالدین محمود)ی بە دەرفەت زانی و، هەستا نان و ئاوی لێ بڕی بۆ ماوەی سیازدە ڕۆژ، تا، لە برسانا و لەبەر تینوێتی پڕووکا و، مرد، (لؤلؤ) لە ژوورێکدا حەپسی کردبوو، بەجۆرێك نەدراوسێ و نە کەنیزەکی حەرام و حەلاڵیش نەگەنە لای و سۆراخی بزر ببێ و کەس جێگای نەگرێتەوە[2]. ئێمەش کە لە سۆراخی کات و ساتی کوژرانی دوا

---

(١)مفرج الكروب، ٤/ ١١٤.

(٢) البداية والنهاية ١٣/ ١٣٦. (ابو شامة)یش قسەیەکی لەو جۆرە دەگێڕێتەوە و، دەڵێت: (بدرالدین لؤلؤ) مەلیك (ناصرالدين محمود)ی خستە ناو حەمامێکەوە (گەرماوێکەوە) زۆر گەرم بوو، ئنجا دەرگاکەی لەسەر داخست و تالاو و خەفەتێکی زۆری پێدا و، ئاوی لێ بڕی و، کابرا هاواری دەکرد: لێرە دەرمبهێنن، تێر ئاوم بکەن، ئنجا بمکوژن. کاتێك دەریانهێنا، بەتەواوی، شێوابوو، ئاویان کرد بە دەمیەوە، پاشان بە زێ (وتر) خنکاندیان: (ذيل الروضتين ١١٤).

ئەوەی زەمین کێش دەکات، ئەوەیە، مێژوونووسانی نوێ، لەوانەی لە مێژووی ئەتابەگایەتیی موسڵیان کۆڵیوەتەوە، گوێیان بەم مەسەلەیە نەداوە و، ساڵی کوژرانی ئەم مەلیکەیان بە هەمان ئەو ساڵە داناوە کە (بدرالدین لؤلؤ) حوکمی موسڵی تێدا وەرگرتووە، واتا هەمان ئەو ساڵەی کە بە ناوی خۆیەوە و بە ئیزنی خەلیفە، سکەی لێداوە، واتا ساڵی (٦٣١ك). بنۆڕە: سليمان الصائغ، تأريخ الموصل ١/ ٢١٠.

سعيد الديوەجي، الموصل في العهد الاتابكي، ص ٣٨. رشيد الجميلي، دولة الأتابكة في الموصل، ص ٢٢٩. زامباور، معجم الانسان والاسرات، ص ٣٤١. ستانلي لين بول ١٦٢ .Lane-Poole, The Muham, P. (دکتور عبدالقادر طلیمات) بەهەڵە، مردنی (ناصرالدين محمود)ی لەساڵی (٦٢٣ك)دا، داناوە، بنۆڕە کتێبەکەی خۆی: (موزەففەرەددین گۆکبوری، ص ١٣١). هەروەها (یاسین بن خیرالله

ئەتابەگی موسڵدا وێڵین و پەی پێ نابەین، خۆ، دەشبێت بڵێین، ئەم بێ سەروبەرییەی کە مێژوونووسان تێوەی گلاون و، مێژوو خوێنانیشیان بەدووی خۆیاندا چەواشە کردووە، لەوەوە ئاو دەخواتەوە، کە (ابن الأثیر)ی ناودارترین مێژوونووسی ئەو سەردەمە، لەم مەسەلەیە بێدەنگە و، باسی ئەوەی بۆ نەکردووین، ئایا لە ساڵی (٦٢١ك)دا. لە تەخت و تەلاری موسڵدا، چی بەسەر ئەم ئەتابەگە لاوەدا هاتووە و، چارەنووسی چییە؟

دێمەوە سەر ئەوەی، ئەگەر ڕاست بێت - وەك مێژوو نووسان دەڵێن - (ناصرالدین محمود) لە ساڵی (٦٢١ك/ ١٢٢٤ز)دا مردبێت، کەواتە، تێکچوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و موسڵ، بەهۆی ئەم ڕووداوەوە سەری هەڵداوەتەوە. ئەم کارەساتە (موزەففەرەددین گۆکبوری)ی ڕاچڵەکاند و بەئاگای هێناوە، ئیدی بەدووی تۆڵە سەندنەوەدا لەو دوژمنەی کە حوکمی کچە زاکەی لە موسڵ مایە پووچ کرد کەوتە تەگبیر و چالاکی. (موزەففەرەددین گۆکبوری) ئومێد و ئاواتی بە کچە زاکەی هەبوو کە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لەسەر تەختی موسڵ دانیشێ و، ئەمیش لە سایەی ئەوەوە بەنیاز و ئارەزووی خۆی بگات و موسڵ بکات بە پەرژینێك بۆ پاراستنی هەولێر، کە کاتی خۆی (عمادالدین زەنگی)ی زاوای نائومێدی کرد چونکە ئەو توانست و ئاوەزەی نەبوو بتوانێت ئاواتەکانی خەزووری بێنێتە دێ و بێ وێل و بێ پلان و بێ ورە بوو.

بە داگیرکردنی موسڵ لە لایەن (بدرالدین لؤلؤ)ەوە، ئیدی سەرداری هەولێر دەستی لەبنی هەمبانەکە دەرچوو، دەسەڵاتی یەکلایەنی (لؤلؤ) لەموسڵ مەترسیی لەسەر هەولێریش پەیداکرد. نەخاسمە خۆیشی دابووە پاڵ هاوپەیمانێکی بەهێز و جوامێری وەك (الملك الاشرف الایوبي). لەبەر ئەوە (موزەففەرەددین گۆکبوری) لەوە زێتر کە هەوڵ بدات هاوپەیمانێکی بەهێز پەیدا بکات. هیچ چارەیەکی تری نەبوو.

العمري)یش کە دەڵێت لە ساڵی (٦١٣ك)دا مردووە، ئەویش بە هەڵەدا چووە، سەیری کتێبەکەی خۆی بکە: (منیة الأدباء في تأریخ موصل الحدباء، ص ٦٥).

سەرەنجام لەگەڵ هەردوو براكەی (الملك الاشرف)دا: (الملك المعظم[1]عیسی)ی سەرداری دیمەشق و، (الملك المظفر شهاب الدین غازی)ی سەرداری (خلاط)دا هاوپەیمانییەكیان مۆركرد، چونكە ئەم دوو برایە لەگەڵ (الملك الاشرف)دا تەبا نەبوون. پاشانیش پێكدادان و گەلەكۆمەكێ لە نێوان ئەم لایەنانەدا دەستی پێكرد؛ لە جێگایەكی تردا باسیان دەكەین.

دوو - پێوەندیی (موزەففەرەددین گۆكبوری) لەگەڵ ئەییوبیاندا:

١ - پێوەندیی لەگەڵ سەلاحەددینی كوڕی ئەییوب:

پاش ئەوەی (مجاهد الدین قایماز) (موزەففەرەددین گۆكبوری)ی لە هەولێر دەركرد، ئەمیش پەنای بردە بەر موسڵ و، ئەتابەگی موسڵ (سیف الدین غازی) حوكمی شاری (حران)ی پێ بەخشی و، بۆ ماوەی دە ساڵ لەژێر سایە و بەرێنمایی ئەم ئەتابەگە كاروباری (حران)ی هەڵسووڕاند. بەپێی سەرچاوەكانیش، گرنگترین بزاڤ و چالاكی سەربازیی لەو ماوەیەدا، تێیدا سەركەوتنێ ئەوەبوو كە لە شەڕەكەی نێوان موسڵ و لەشكری سەلاحەددیندا، ئەوەی لە ساڵی (٥٧١ك/ ١١٧٦ز)دا قەوما، ئەم فەرمانداریی قۆڵی ڕاستی لەشكری موسڵی دەكرد و، ئەنجام بەسەر قۆڵی چەپی لەشكرەكەی سەلاحەددیندا سەركەوت. بەڵام سەلاحەددین یەكسەر لەشكرەكەی بادایەوە و كەوتە پەلاماری لەشكری موسڵ و لە نەبەردی جەنگ دەریپەڕاندن و تێكی شكاندن.

(موزەففەرەددین)، دوای نزیكەی حەوت ساڵ، هەڵوێستی خۆی گۆڕی، چونكە

---

(١) ئەم مەلیكە و، (موزەففەرەددین گۆكبوری)یش، هەردووكیان نازناوی (الملك المعظم)یان هەیە. لەبەر ئەوە، بەچاكترم زانی، ئەمیان تەنیا بە ناوی خۆیەوە ناوبهێنم، بۆ ئەوەی تێكەڵ و پێكەڵییەك لە نێوانیاندا ڕوونەدات.

هەرچەندی دەکرد، نەیدەتوانی لەسەر پاشکۆیی موسڵ بەردەوام بێت، نەخاسمە (مجاهدالدین قایماز)ی کۆنە نەیاری، پۆستی بریکاری ئەتابەگیی بەدەستەوە بوو، ئەمەش ناچاری کرد لە ڕکێفی موسڵ دەرچێ[1]و، لە هەمان کاتیشدا دەیزانی کە تای هێز و قورسایی بەلای سوڵتانی ئەیپوبیاندا شکاوەتەوە. بە هەرحاڵ، پشتی لە گەورەکانی پێشتری خۆی وەرگێڕا و لە فورات پەڕییەوە و لەساڵی (٥٧٨ك/ ١١٨٢)دا، خۆی گەیاندە ڕیزەکانی لەشکری سەلاحەددینی ئەیپوبی[2].

ئیدی لەو ڕۆژەوە، مێژووی (موزەففەرەددین گۆکبوری) بە هاندانی سەلاحەددینی ئەیپوبی دەست پێدەکات و، دنەی دەدات کە بەرنامە و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە هێز و لایەنە ئیسلامییەکان بگۆڕێت و، زێتر لە هەموو لایەنێك، تەنیا خەمی[3]موسڵ بخوات و ئاگای لە موسڵ بێت. مێژوونووس (محمد بن تقي الدين عمر الأيوبي) کە ئەوکات لە خزمەتی سەلاحەددیندا بووە، باسی دیداری نێوان (موزەففەرەددین گۆکبوری) و ئەو سوڵتانە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ئەم میرە گەیشتە جێ و، بەتەنیا لەگەڵ سوڵتاندا کۆبۆوە و، داوای لێ کرد لە فورات بپەڕێتەوە و ئەو مەملەکەتانە داگیر بکات. ڕاشیگەیاند کە خۆی و لەشکری، بۆ لێدانی موسڵ دەخاتە ژێر فەرمانی سوڵتانەوە، چونکە سەردارانی موسڵ لە ئیمانیش و لە عەهد و پەیمانیش پەشیمان بوونەتەوە و، هیچ قەول و قەرارێکیان لا نەماوە. جا، بۆ زامنکردن و دەسەبەرکردنی دۆستایەتی و دەسدایی با قیمەنی میرانی ناوچەکە، پێویستە ئەمارەتی موسڵ لەناو ببات. سوڵتان سوپاسی قسەکانی کرد و، لە پلان و تەگبیری دڵنیایی پەیدا کرد، پاشان دۆعاخوازیی لێ کرد و داوای لێ کرد بگەڕێتەوە

---

(١) ابن خلكان ٣/ ٢٩٣، ط ١٩٤٨.

(٢) ابن شداد، النوادر السلطانية، ٥٧. مفرج الكروب ٢/ ١١٦.

وفيات الاعيان ٤/ ٢٩٣.

(٣) محمد بن تقي الدين عمر الأيوبي، مضمار الحقائق وسر الخلائق، ص ١٠٥.

ابن العديم، زبدة الحلب ٣/ ٥٧. كتاب الروضتين ٢/ ٣٠.

بۆ (حران) [١]. پاش چەند ڕۆژێکیش شاری (الرها)ی خەڵات کرد[٢].

موسڵ، ببوو بە خولیای سەری (موزەففەرەددین گۆگبوری) و، ئەمجارەش داوای لە سەلاحەددینی ئەیوبی کردەوە، ئەم شارە داگیر بکات. (موزەففەرەددین گۆگبوری) تەتەرێکی نارد بۆ حەلەب بە سوڵتان بڵێت کە ئامادەیە هەموو ئازووقە و تفاق و پێویستییەك بۆ لەشکرەکەی دابین بکات و بە گەیشتنیشی بۆ (حەران) - بەنیازی موسڵ[٣]-، پەنجا هەزار دیناریشی پێشکەش بکات.

سەلاحەددین لەشاری حەڵەبەوە بەرەو (حران) کەوتەڕێ، کاتێکیش گەیشتەجێ، بۆی دەرکەوت کە (موزەففەرەددین گۆگبوری) گۆڕاوە و لەسەر عەهد و پەیمانی خۆی کە بە تەتەرەکەدا بۆ سەلاحەددینی ناردبوو، نەماوە. سوڵتان لەم کارەی سەری سوڕما و لێی بەگومان کەوت و، وایزانی کە کابرا گۆڕاوە یان دووبارە بایداوەتەوە بەلای ئەتابەگە کۆنە ئاغاکانی موسڵیدا، نەخاسمە نەیارەکانیشی بۆیان تێچاندبوو کە گوایا (موزەففەرەددین گۆگبوری) ڕاست ناکات، ئەوجا، سەلاحەددین خەریك بوو تۆڵەی لێ بکاتەوە. کە (موزەففەرەددین گۆگبوری) بەم نیازەی سوڵتانی زانی، دەستبەجێ خۆی گەیاندە سوڵتان و کەوتە سوێند خواردن و پێی گوت کە نەگۆڕاوە و، ئەو قسەیەش کە تەتەرەکەی کردوویەتی، ئەم ئاگای لێی نییە[٤].

(موزەففەرەددین گۆگبوری) بۆ ئەوەی نیازی پاکی دڵی خۆی بۆ سوڵتان بسەلمێنێت،

---

(١) الأيوبي، مضمار الحقائق، ص ١٠٢ ـ ١٠٣.

(٢) ن. م. ص ١٠٥. الكامل ١١/ ٤٨٤. مفرج الكروب ٢/ ١١٧.

وفيات الاعيان ٤/ ٢٩٣، ط ١٩٤٨. ابن شداد، مخطوط (الاعلاق الخطيرة)، ورقة ٢٩/ ب.

محمد كرد علي، خطط الشام ٢/ ٥٦.

(٣) الكامل ١١/ ٥١١. ابن خلدون ٥/ ٣٧٥.

(٤) الأيوبي/ مضمار الحقائق ٢١٢/ ٢١٣. زبدة الحلب ٢/ ٨٠. كتاب الروضتين ٢/ ٦١.

ابن خلدون ٥/ ٣٧٥.

پێی گوت کە ئامادەیە وەك هەر کۆیلەیەك لە کۆیلەکان خزمەتکاریی بکات[١].

لەگەڵ ئەوەشدا، سەلاحەددین دڵی ئاوی نەخواردەوە و لێی دڵنیا نەبوو، لەبەر ئەوە دەستبەسەری کرد تا بەتەواوەتی بۆی ساغ دەبێتەوە، پاشان لەگەڵ سەردارەکانیدا کەوتە ڕا و ڕاوێژ کە چی لێ بکەن. هەندێکیان وایان بەچاك زانی بیکوژێت و، لە بەلای بەدوور بێت، نەخێر، هەندێکی تریان داوایان لێ کرد بەریبدات. ئەنجام، بڕیاری دا بەریبدەن بەلام قەلای (حران) و (الرها)ی بەدەستەوە نەمێنێت و لێی بسەندرێتەوە. پاش ماوەیەك، لە دوادوای ساڵی (٥٨١ك/ ١١٨٦ز)[٢]دا هەردوو قەلاکەی پێدایەوە. (ابن الأثیر) هۆکاری ئازادکردن و بەردانی وەها لێکدەداتەوە کە خەڵکی ئەو ناوچەیە لێی نەڕەنجێن و با نەدەنەوە، چونکە دەیانزانی (موزەففەرەددین گۆکبوری) لە ڕیزی لەشکری سوڵتاندا ڕۆڵی چاکی گێڕاوە بەتایبەتیش لە داگیرکردنی شارەکانی ناوچەکەیاندا[٣].

بەهەرحاڵ، (موزەففەرەددین گۆکبوری) لەدوا گەمارۆدانی موسڵدا بەشداریی کرد، ئەو گەمارۆدانەش ڕێگای بۆ مۆرکردنی تەباییننامەیەك خۆش کرد کە لە ساڵی (٥٨١ك/ ١١٨٦ز)[٤]دا، گۆڕینی ئەتابەگایەتیی موسڵی لێ کەوتەوە و، بوو بە ئەمارەتێکی سەر بە دەوڵەتی سەلاحەددینی ئەیوبی. دوای مردنی (شاه أرمن)ی

---

(١) الأيوبي ٢١٣.

(٢) الأيوبي، مضمار الحقائق ٢١٢ ـ ٢١٣. الكامل ١١/ ٥١١. كتاب الروضتين ٢/ ٦٧.

ابن خلدون ٥/ ٣٧٥. الذهبي، مخطوط تأريخ الاسلام، مجلد/ ١، ورقة ٢.

بەلام (ابن شداد) دەڵێت: سەلاحەددین تەنیا قەلای (حران)ی پێدایەوە.. گفتیشی دا پێی قەلای (الرها)یشی بداتەوە. خەلاتیشی کرد و دڵیشی دایەوە: (النوادر السلطانية، ص ٦٨). وەلێ (ابن العديم) دەڵێت: (کە سوڵتان لە نەخۆشییەکەی هەستایەوە، (الرها)ی بۆ گەڕاندەوە: زبدة الحلب ٣/ ٨٣.

(٣) الكامل ١١/ ٥١١. الغساني، العسجد المسبوك، ص ٢٥.

(٤) الأيوبي، مضمار الحقائق، ٢١٣. الكامل ١١/ ٥١٧. كتاب الروضتين ٢/ ٦٤.

وفيات الاعيان ٤/ ٢٩٥، ط ١٩٤٨.

سەرداری (خلاط) لە هەمان ساڵدا، سەلاحەددین (موزەففەرەددین گۆگبوری)ی کرد بە فەرمانداری لەشکرێك و ناردی بۆ داگیرکردنی (خلاط) بۆ ئەوەی بیخاتە سەر دەوڵەتی ئەییوبی. بەڵام ئەم کارەی بەدەستەوە نەهات و سەرنەکەوت[1].

ب – بەشداربوونی (موزەففەرەددین گۆگبوری) لە شەڕی خاچدروشماندا:

(موزەففەرەددین گۆگبوری) لەو شەڕانەدا بەشداریی کرد. هەموو مێژوونووسانی ئەو سەردەمە دەڵێن چالاکییەکی چاکی لەو شەڕانەدا نواندووە. یەکەم بزاڤی ئەوەبوو کە لە ساڵی (٥٨٠ك/ ١١٨٤ز) دا لە هێرشەکەی سەر شاری (نابلس)[2]دا بەشداریی کرد. لەگەڵ دوو میری دیکەدا فەرمانداریی شەڕی (صفورية)[3]شیان گرتە دەست کە دەڵێن شەڕێکی هەند سەخت بووە و هەند ترسناك بووە، سەری ڕەشی سپی دەکرد[4].

وەڵ بەشداربوونی لە شەڕە هاتونەهاتەکەی (حطين)دا - چ لە ڕووی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لەو شەڕەدا و، چ لەبەر گرنگیی ئەو شەڕە، کە ئەگەر لە هەموو شەڕەکانی خاچدروشمان گەورەتر نەبووبێ، شەڕێك بوو لە شەڕە گرنگەکان - لە هەموو بزاڤ و چالاکییە سەربازییەکانی گەورەتر بوو. (موزەففەرەددین گۆگبوری) لەو شەڕەدا قارەمانێتییەکی چاکی نواند و، فەرمانداریی قۆڵی چەپی لەشکری ئەییوبیانی دەکرد[5].

---

(١) مضمار الحقائق ٢١٨. الكامل ١١/ ٥١٤. مرآة الزمان ٨/ ٣٨٣.

الغساني، العسجد المسبوك: ٢٥.

(٢) سبط ابن الجوزي ٨/ ٣٨٢.

(٣) (صفورية) شار و شارۆچکەیەکی ناوچەکانی ئەردونە لەشام، نزیکە لە (طبرية): معجم البلدان ٧/ ٤١٤.

(٤) الكامل ١١/ ٥٣٠ ـ ٥٣١.

(٥) النوادر السلطانية، ٨٧ الروضتين ٢/ ٨٧. مفرج الكروب ٢/ ٢٥٦.

النجوم الزهرة ٦/ ٣٩.

(ابن خلكان) و مێژوونووسانی تریش باسی ڕۆڵی (موزەففەرەددین گۆگبوری) لە شەڕی (حطین)دا دەکەن و دەڵێن: لە لای سەلاحەددین پێگەی گەورە و گرنگی هەبوو، لەو شەڕەدا، بەجەرگی و ئازایەتی و لەخۆبوردەیی و ورەی بەرزی نیشان دا، ئەگەر هیچی نەکردبێ لە ژیانیدا، ئەو قارەمانێتییەی (حطین)ی بەسە. لەگەڵ (تقی الدین عمر)ی برازای سەلاحەددیندا پێکەوە خۆیان ڕاگرت و نەکشانەوە هەرچەندیشە سوپای ئیسلام بەزی و ڕای کرد، بەلام کە ئاوڕیان دایەوە و دیتیان هەردوو فەرماندارەکانیان بەریان لە دوژمن گرتووە و نابزوون، شەرم دایگرتن و کەوتنەوە پەلامار، ئەنجام لەشکری ئەییوبیان لەم شەڕەی (حطین)دا سەرکەوت و خاچدروشمان شکان[1].

چالاکییەکی زیرەکانەی (موزەففەرەددین گۆگبوری) لەم شەڕەدا، ئەوەبوو، کە ئاگری بەردایە پەرێز و پووش و پەلاشەکان و ئاگر لەژێر سمی ئەسپەکانی دوژمندا تەنییەوە و، ئەسپ بەیەکجار ڕەوییەوە و دوژمن شکا و هەلات[2]. (موزەففەرەددین گۆگبوری) لە تاوسانی (هاوینی) ساڵی (٥٨٤ك/ ١١٨٨ز)یشدا لە شەڕی (البرج)ی شاری (انطرسوس) [3]دا بەشداری کرد و ئازایەتی و زیرەکییەکی بەرچاوی تێدا نیشان دا[4].

(١) ابن خلكان ٣/ ٢٧٢.
الذهبي، العبر ٥/ ١٢٢.
الامام المكي الفارسي، العقد الثمين ٧/ ٦٠٢.
(٢) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان ٨/ ٣٩٣. بۆزانینی زێتر بنۆڕە: د. نظير حسان سعداوي، التأريخ الحربي المصري، ص ١٨٧.
(٣) انطرسوس (انطرطوس): شارێکە لەسەر قەراغی دەریای شام، سەر بە دیمەشقە، دوو تاوەری قایمکاری وەك قەلای هەیە، معجم البلدان، ١/ ٢٧٠.
(٤) الفتح القسي، ص ١٣٤. النوادر السلطانية، ٨٨.
النجوم الزاهرة، ٦/ ٣٩. بۆ زێتر زانینی ئەم شەڕە بنۆڕە: (الكامل ١٢/ ٧). هەرچەندیشە ـ ابن الأثير ـ باسی ڕۆڵی (موزەففەرەددین گۆگبوری) لە شەڕەکانی خاچدروشماندا ناکات و، هەروا بە ئەنقەست پشتگوێی دەخات.

دواینی شەڕەکانی کە ئەم فەرماندارە، بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ هەولێر، بەشداری تێدا کرد، شەڕەکەی ساڵی (٥٨٥ك/ ١١٨٩ز) بوو کە لە نزیك شاری (عکا) قەوما. سەلاحەددینی ئەیوبی میرەکانی بانگ کرد بۆ ئەو شەڕە. میری گەورە و بە شکۆ (موزەففەرەددین کوڕی زین الدین) یەکەم میر بوو، گەیشتە مەیدانی ئەو شەڕە. بەدوای ئەودا (الملك المظفر تقي الدين عمر)ی سەرداری (حماه) بەلەشکری خۆیەوە گەیشتە نەبەردی جەنگ، پاشان لەشکرگەلی ئەیوبیان لەشکر لەدوای لەشکر گەیشتنەجێ[1]. لەم شەڕەدا (زین الدین یوسف ینالتگین)ی برایشی بەشداریی کرد، بەڵام لەبەر نەخۆشی لە شاری (الناصرة) کۆچی دوایی کرد.

ئەمەبوو ڕۆڵی (موزەففەرەددین گۆکبوری) و، بەشداربوونی لە شەڕەکانی خاچدروشماندا. ئەم میرە، فەرمانداڕێکی بەناوبانگ بوو لەوانەی کە سەلاحەددینی ئەیوبی لەکاتی تەنگانەدا پشتی پێ دەبەست. بەڵام، وادیارە، پاش ئەوەی لە هەولێر ئارامی گرت و پاڵی لێدایەوە، ئەو چالاکی و هەوەسەی جارانی بۆ کوشتاری خاچدروشمان بەرە بەرە سارد بووەوە، بگرە هەر وا بەئاسانی گوێی بە فەرمانی سەلاحەددینیش نەدەدا و، ئەو تین و تاوەی جارانی نەما و، لەوە دەچوو بڕیاری دابێت هەولێر بەجێ نەهێڵێت.

پاش ئەوەی لەشکرگەلی ئەیوبیان، خاچدروشمانیان تووشی شکست کرد، ئەوجا، ئەوروپا کەوتە ڕێکخستنی هەڵمەتی سێیەم بە تایبەتیش بۆ سەندنەوەی شاری (القدس) کە ئەیوبیان دوای شەڕەکەی (حطین) داگیریان کردەوە. مەلیکە گەورەکانی ئەوروپا فەرمانداریی ئەم هەڵمەتەیان دەکرد، لەهەمووشیان ناودارتر (ڕیتشارد شێردڵ) بوو. هێزەکانی ئەیوبیان بە فەرمانداریی سەلاحەددینی

---

(١) الفتح القسي ١٨٩.
النوادر السلطانية ١٠٥.
كتاب الروضتين ٢/ ١٤٢.
بشنۆڕە: (الكامل ١٢/ ٣٤.)

ئــەییوبی، بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی ئــەم هەڵمەتــەش كەوتنــە خــۆو كۆبوونــەوە. ســەلاحەددین نامــەی بـۆ هــەموو میرانــی ناوچــەكان و دەوروبــەر نــارد و بــارودۆخی ترسی لەنوێ پەیدابووی بۆ ڕوون كردنەوە كە ترسێكی گەورەی لە ناوچەكەدا بـەرپا كـردووە و، هەنـدێ لـە میرەكـانیش لـە ترسـی جـەنگ خۆیـان وەشـێردووە و ڕایـان كردووە[1].

تەنیا كەسێكیش كە باسی ئەو نامانە دەكات (العماد الكاتب الاصفهانی)یـە، ئـەو لەسـەر فـەرمانی سـەلاحەددین، بەخـەتی خـۆی وشـەكانی بەشـێوەیەكی هاوئاهـەنگ ڕازاندووەتەوە و نامەكانیان بۆ میرانـی دەوروبـەر نـاردووە. یـەك لـەو نامانـە لەسـەر داوای سوڵتان بۆ (موزەففەرەددین گۆكبـوری) نێـردراوە، سـوڵتان ورەی وەبـەردەنێ و داوای لــێ دەكــات كــە بــچێت، بــۆ شــەڕی خاچــدروشمان ئامادەبێــت و، دەڵێــت: خاچـدروشمان چـەندین سـەركەوتنیان بەدەسـت هێنـاوە و، موسـوڵمانان زیـانی گەورەیان بەركـەوتووە و شـەڕەكەش هێـشتا هـەر گەرمـە[2]. وا دیـارە، ئـەم نامەیـە، یەكەم نامـەی سـەلاحەددین نـەبووە كـە بـۆ (موزەففـەرەددین گۆكبـوری)ی نـاردووە، چـونكە لـە داڕشـتنی نامەكـەدا دەردەكـەوێت كـە پـێش ئـەوەش نامـەی بـۆ نـاردووە، ئـەوەتا (العمـاد الكاتـب) لـە دەسـتپێكی نامەكـەدا دەڵێـت: (پێـشتریش نامـەی باسـی بارودۆخەكەمان بۆت ناردووە)...

(موزەففــەرەددین گۆكبــوری) بــەدەنگ ســەلاحەددینەوە نەچــوو، لــە هــەولێر مایەوە، لەوەش ناچێت لە ئەنقەست پشتی لە سەلاحەددین كردبێت، دیارە شتێك لە ئارادا هـەبووە، ئـەم هەڵوێـستە نـا هـەموارەی لـێ پەیـدا بـووە. دووریـش نییـە لـەوە ترسابێت كە ئەگەر بۆ شەڕەكە بچێت كەسانێك لە هەولێر بە دەرفەتی بزانن تەخت و تەلاری لێ داگیر بكەن كە ئەو تازە بە دەستی هێناوەتـەوە، لەبـەر ئـەوە بەچاكتری زانی لە هەولێر بمێنیتەوە و بەجێی نەهێڵێت.

---

(١) النوادر السلطانیة: ١٢٢. الروضتین ٢/ ١٨٧. مفرج الكروب ٢٩٦.

(٢) دەقی ئەم نامەیە، لە پاشكۆی ژمارە (٣)دا دەبینیت.

سەلاحەددین، دیسان نامەیەکی دیکەی کردە سەری و، باسی کارەساتی (عکا)ی بۆ نووسی کە خاچدروشمان داگیریان کردووە. (العماد الاصفهاني) لە نامەکەدا باسی گەورەیی لەشکری دوژمنی بۆ کردووە کە مەلیکی ئینگلستان و مەلیکی فەرەنگ فەرمانداریی دەکەن، ئنجا ورەی بەبەردا دەکات و دەنووسێت؛ لەشکری ئیسلام شەڕێکی ئازایانە دەکات و، دوژمنیان داوەتە دواوە - بەقسەی - (العماد الكاتب) پەنجا هەزار خاچدروشمیان لێیان کوشتووە و، پاشان خاچدروشمان دیسان دووبارە خۆیان خڕ کردووەتەوە و زەبرێکیان بە موسوڵمانان گەیاندووە. نامەکە - ئنجا - باسی خیانەتی هەندێ لە ناودارانی موسوڵمانانی ناو شارەکە (جاشەکان) دەکات کە لەگەڵ هەندێ لە ناودارانی خاچدروشمان کلکیان کردووە بە یەك و بوونەتە چاوساغی دوژمن و، بۆ ناو شارەکەیان هێناون و شەڕەکە کەوتە ناوشار و هەموو شەقام و کۆڵانەکانی گرتەوە، پاشان شارەکە کەوتە دەستی خاچدروشمان. جا، لەبەر ئەو دۆخە ناهەموارە، سەلاحەددینی ئەییوبی داوای لە (موزەففەرەددین گۆکبوری) کرد کە بە پەلە بگاتە مەیدانی شەڕەکە و بچێتە ڕیزی جەنگاوەرەکانەوە[1].

بانگکردنی ئەم میرە، بەو گەرمییە، بۆ مەیدانی شەڕ، بێگومان بەڵگەی پێگەی پتەوی و ئازایەتی ئەو فەرماندارەیە، دەنا سەلاحەددین ئەوەندە لەسەر ئامادەبوونی مکوڕ نەدەبوو، دووەم نامە و سێیەم نامەشی بۆ نەدەنارد. سوڵتان دەیزانی ئەو پیاوە لە کوشتاری خاچدروشماندا چ ڕۆڵێکی دەگێڕا بەتایبەتیش لە شەڕەکەی (حطين)دا کە خۆی ڕاگرت و ورە و بوێرییەکی بەرچاوی نیشان دا. لەبەر ئەوە، سوڵتان ئامادە بوونی ئەوی زۆر بە زەروور دەزانی، تا ئەمجارەش ڕۆڵی پێویستی خۆی لە مەیدانی شەڕەکەدا بگێڕێت بەتایبەتیش لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەدا کە بەهۆی ئەم هەڵمەتە تازەیەی ئەوروپاوە ئاڵۆزتر بووە. بەڵام سەرداری هەولێر، ئەمجارەش بە دەنگییەوە نەچوو، هەولێریشی بەجێ نەهێشت. سەلاحەددینی ئەییوبی، ناچار، بۆ جاری

---

(١) دەقی ئەم نامە دوورو درێژە، لە پاشکۆی ژمارە (٤)دا دەبینیت.

سێیەمیش داوای ئامادەبوونی کرد، نەخاسمە خاچدروشمان، دوای داگیرکردنی (عکا) پێیان لێ ڕاکێشا و کەوتنە پەلاماری زێتر و شەڕ ناوچەیەکی فراوانتری گرتەوە. چونکە بەو سەرکەوتنەی (عکا) دەمیان شیرینتر و کەللەیان گەرمتربوو، بۆ سەندنەوەی هەموو ئەو شارانەی کە پێشتر ئەییوبیان ڕزگاریان کردبوون[١].

وادیارە، ئەم نامە و داوایەی دوایین، کاری زۆری لە ویژدان و دەروونی (موزەففەرەددین گۆگبوری) کردووە و، بۆی دەرکەوتووە کە بارودۆخەکە زۆر لەوە ترسناکترە کە دەیزانی، گەڕانەوەشی بۆ مەیدانی شەڕ، بوو بە زەروورەت و، بەهیچ بیانوویەك نابێ دوابکەوێت. ئیدی لەشکرێکی ساز و ئامادە کرد و ڕووی کردە فەلەستین و ئەمجارەش لەژێر ئالای سەلاحەددینی ئەییوبیدا تێهەڵچووەوە و کەوتەوە شەڕ و پەلامار، تا تەبایینامەیەك لە ساڵی (٥٨٨ك/ ١١٩٢ز)[٢]دا لەنێوان ئەییوبیان و خاچدروشماندا مۆرکرا.

(موزەففەرەددین گۆگبوری) بەو ئاواتە بوو ڕۆژێك زووتر بگەڕێتەوە هەولێر، لەبەر ئەوە، بەتەواوبوونی شەڕ و کوژانەوەی ئاگری جەنگ و گەڕانەوەی ئاشتی و ئارامی، سەلاحەددین ڕێگای دا بە میرەکان بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. سەرداری هەولێر یەکەم کەس بوو ڕێگای گرتەبەرو لە ڕەمەزانی ساڵی (٥٨٨ك/ تشرینی یەکەمی ١١٩٢ز)[٣]دا گەیشتەوە هەولێر - ئیدی ئەوە دوا جاری بوو لە هەولێر دەربچێت بۆ کوشتاری خاچدروشمان، نەخاسمە سەلاحەددینی ئەییوبیش پاش چەند مانگێك لەو شەڕە، لە (مانگی سەفەری ساڵی ٥٨٩ك/ مارتی ١١٩٣ز)دا کۆچی دوایی کرد.

---

(١) دەقی ئەم نامەیەش (نامەی سێیەم) لە پاشکۆی ژمارە (٥)دا دەبینیت.

(٢) الفتح القسي ٤٣٤، ط ليدن. النوادر السلطانية ٢٢٧. الكامل ١٢/ ٨٥ ـ ٨٦.

(٣) النوادر السلطانية ٢٣٦.

ج- پێوەندیی (موزەففەرەددین گۆکبوری) لەگەڵ میراتگرانی سەلاحەددیندا:

سەرچاوەکان باسی هیچ جۆرە پێوەندییەکی نێوان (موزەففەرەددین گۆکبوری)و، (الملك العزيز عماد الدين عثمان) کە حوکمی دەوڵەتی ئەیوبیی لە ماوەی نێوان (٥٨٩ - ٥٩٥ك/ ١١٩٣ - ١١٩٨ز) [1]دا کردووە، ناکەن. (الملك العزيز عمادالدين عثمان) کوڕی (الملك الناصر صلاح الدين الايوبي) بووە، دوای مردنی باوکی لەو ماوەیەدا حوکمی مەملەکەتی ئەیوبیانی کردووە - لە ئەمارەتی هەولێریش هیچ دراوێکمان بەناوی ئەم مەلیکەوە نەدۆزییەوە. دوورنییە، هۆی ئەوەش ئەو تەریکی و گۆشەگیرییە بێت کە (الملك العزيز) دوای تێکشکانە یەکلەدوایەکەکانی شەڕەکانی وڵاتی شام[2]، بۆ خۆی، بە باشتری زانیبێت، نەخاسمە (الملك العادل أبوبكر)ی مامیشی، دوای ئەوە،[3] شاری دیمەشقی داگیر کرد و سەرداری هەولێریش بوو بە دەسدا (تبعية)ی ئەو مەلیکە، بەڵام کات و ساتی ئەو دەستداییە نازانین.

سەرچاوەیەکیش، کە ئەو دەستداییەی بۆ (الملك العادل) ساغ دەکاتەوە قسەکانی (ابن الأثير)ە کە دەڵێت: (الملك العادل) گەمارۆی سنجاری دابوو، (موزەففەرەددین گۆکبوری) داوای لێ کرد کە ئەو گەمارۆیە لابدات بەڵام (الملك العادل) بەقسەی نەکرد و داواکەی ڕەت کردەوە[4]. (ابن الأثير) باسی ئەم ڕەتکردنەوەیە دەکات، دەڵێت: "وێڕای ئەو هەموو خزمەتە چاکەی (موزەففەرەددین گۆکبوری) بە (الملك العادل)ی کردبوو، وێڕای ئەوەش کە زیاتر لە یەك جار- وەك پێشتر باسمان کرد[5]- دەوڵەتەکەی بۆ پاراستبوو، کەچی بەقسەی نەکرد و داواکەی ڕەت کردەوە". بەڵام ئەم مێژوونووسە کە دەڵێت: (وەك پێشتر باسمان کرد) مەبەستی ئەم قسەیە ڕوون

---

(١) زامباور، معجم الاسرات، ص ١٥٠.

(٢) الكامل ١٢/ ١١٠، ١٢/ ١١٨.

(٣) م. ن. ١٢/ ١٢١.

(٤) م. ن. ١٢/ ٢٨٦.

(٥) م. ن. ص.

ناکاتەوە. ڕاستیشت دەوێ (ابن الأثیر) باسی هیچ خزمەتێکی نەکردووە کە بە (الملك العادل)ی کردبێ و، باسی (لەیەك جار زێتر دەوڵەتەکەی بۆ پاراستبێ)یشی نەکردووە، چونکە (لەیەك جار زێتر) واتا (چەند جارێك)... ئەو باسی هیچێك لەو جارانەی نەکردووە.

پێدەچێ مەبەستی لەو خزمەتەی کە (موزەففەرەددین گۆکبوری) بە (الملك العادل)ی کردووە، ئەوە بووبێ کە (موزەففەرەددین گۆکبوری)، پێشتر، لەبەهاری ساڵی (٦٠٠ك/ ١٢٠٤ز) دا هێرشی کردە سەر ئەمارەتی موسڵ و (نینوی)ی تاڵان کرد و خەڵە و خەرمانی سووتاند بۆ ئەوەی فشار لەسەر (قطب الدین محمد کوڕی زەنگی)ی سەرداری سنجار سووك بکات کە ئەوکات سەر بە (الملك العادل) بووە و، شاری (نصیبین)یش کە سەر بە ئەتابەگایەتی سنجار بوو، لە لایەن ئەتابەگی موسڵ (نورالدین شاە)ەوە گەمارۆ درابوو - کە ئەوەبوو پێشتر باسمان کرد.

بەڵام (ابن الأثیر) ناڵێت: سەرداری هەولێر ئەم کارەی بە فەرمانی (الملك العادل) کردووە. بەهەرحاڵ، وەك لە ڕووداوەکانەوە دەردەکەوێت، (موزەففەرەددین گۆکبوری) ئەم کارەی لەبەر خاتری ئەم مەلیکە کردووە و، بۆ ئەوەشی کردووە کە مەملەکەتی موسڵ لاواز بکات و نەیەڵێت ئەتابەگەکەی لە سنجاردا سەرکەوێت.

پێوەندیی دەسدایی کە سەرداری هەولێری بە (الملك العادل)ەوە بەستبوو درێژەی کێشا و، (موزەففەرەددین گۆکبوری) ناوی ئەم مەلیکەی لەسەر دراوی هەولێر دەنەخشاند[1]. بەڵام ئەوەی لەساڵی (٦٠٦ك/ ١٢٠٩ز)دا ڕووی دا، پێوەندییەکەی شێواند، ئەوەبوو (الملك العادل) لەشکری بەرەو ڕۆژهەڵات ڕانی و، (خابور) و (نصیبین)ی داگیر کرد، ئەم دوو شارە موڵکی سەرداری سنجار (ئەتابەگ قطب الدین محمد کوڕی زەنگی) بوون. ئەمیش هانای بردە بەر (موزەففەرەددین گۆکبوری)، ئەوەبوو کوڕەکەی نارد بۆ لای، بۆ تکا، بەڵکو (موزەففەرەددین گۆکبوری) بۆی تێکەوێ و لەلای (الملك العادل) تکای بۆ بکات کە سنجاری بەدەستەوە بمێنێ و لێی

---

(١) سەیری بابەتی باسی (دراو) بکە.

داگیر نەکەن.

هانا بردنیشی بۆلای (موزەففەرەددین گۆگبوری) بەو ئومێدە بووە، کە ئەم سەر بە (الملك العادل) بووە و، خەزووریشی بووە و خزمەتی چاکیشی کردووە و تەخت و بەختی بۆ پاراستووە. بەهەرحاڵ، (موزەففەرەددین گۆگبوری) چوو بە هانایەوە و تکای بۆ کرد و داوای لە (الملك العادل) کرد کە دەست لە سنجار هەڵگرێ زۆریش بڕوای بە (الملك العادل) هەبوو، وەهای دەزانی کە ئەگەر تکای نیوەی موڵکەکانیشی لێ بکات، تکای قبوڵە"[1] - بەڵام ئەوەی کە بەتەمای نەبوو، بوو، (الملك العادل) تکاکەی ڕەت کردەوە و، ڕازی نەبوو.

ڕاستیشت دەوێ، ئەگەر باشتر لە بارودۆخی مێژووی ئەو قۆناغە وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە تکاکەی (موزەففەرەددین گۆگبوری) لەبەر چاوی ڕەشی (قطب الدین محمد)ی سەرداری سنجار نەبوو، لەبەر ئەوەش نەبوو کە تەخت و بەختی هەرەسهێناوی بۆ ڕاگرێ و بیپارێزێت، بەڵکو ئەم خەمی خۆی بوو، ترسی لەوەبوو گەمارۆکە سەرکەوێ، ئنجا (الملك العادل) مرخ لە هەولێر خۆش بکات و ئەم شارەش داگیر بکات. جا، لەبەر ئەوە هەوڵی دەدا، ئەم مەترسییە گەورەیە لە سنجاریش و لە هەموو ناوچەکەش دوور بخاتەوە.

(موزەففەرەددین گۆگبوری)، هەر بەو مەبەست و نیازەوە، کەوتە کۆششی ئەوەی چاو بە پێوەندییەکانی لەگەڵ موسڵدا بخشێنێتەوە و، هەستا (نورالدین أرسلان شاە)ی ئەتابەگی موسڵی خستە سەر دوودڵی و (الملك العادل)ی لەبەر چاو ڕەش کرد، کە ئەم مەلیکە بە هەڵپە و بە تەماعە و، بەرژەوەندی هەردوو ئەمارەتی هەولێر و موسڵ لەوەدایە کە نەیەڵن سنجار بکەوێتە ژێر دەستی[2].

سەرداری موسڵ باوەڕی بە (موزەففەرەددین گۆگبوری) کرد و قەناعەتی هێنا، ئەوجا، بەجووتە، بزافێکی دبلۆماسییان دەست پێکرد و، دڵی میرەکانی دیکەی

(١) الكامل ١٢/ ٢٨٦.

(٢) سەیری بابەتی (پێوەندییەکان لەگەڵ موسڵدا) بکە.

ناوچەکەیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا، (الملك الظاهر غازی کوڕی سەلاحەددینی ئەییوبی)ی سەرداری حەڵەبیان "ت ٦١٣ك/ ١٢١٦ز) قایل کرد. ئنجا (کێخسرو غیاث الدین کوڕی قلج أرسلان"ی سەرداری وڵاتی ڕۆمیان (ت ٦٤٥ك/ ١٢٤٧ز)بەلای خۆیاندا ڕاکێشا و، ئەم دووانە بەوە قایل بوون کە ئەگەر (الملك العادل) واز لە سنجار نەهێنێ و گەمارۆکەی لەسەر لانەدات و پرۆژەی تەبایینامە ڕەت بکاتەوە، ئەوا هێرش دەکەنە سەر وڵاتەکەی. سەرباری ئەوەش نامەیان نارد بۆ خەلیفە (الناصرلدین الله) کە دەست لە مەسەلەکە وەربدات و، دەسەڵاتی خۆی بخاتە کار بە ئومێدی ئەوەی (الملك العادل) واز لە سنجار بهێنێ. ئەوە بوو، خەلیفە شاندێکی ناردەسەری، پێکهاتبوو لە (هبةالله کوڕی المبارك کوڕی الضحاك الاستدار) و (آق باش الناصري) کە هەردووکیان لە گەورە کاربەدەستانی تەلاری خەلیفە بوون[1]. ئیدی، پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر، (الملك العادل) قایل بوو بەوەی تەبایینامەیەك لەگەڵ (قطب الدین محمد)دا ببەستێ، وێڕای ئەو هەموو زەرەر و زیانەی بەر سنجار کەوت و (الملك العادل) بە مفتی خواردی[2].

وێڕای ئەوەش کە لە نێوان (موزەففەرەددین گۆکبوری) و ئەم مەلیکەدا ڕووی دا، بەڵام پێوەندیی لەگەڵیدا نەبڕی و، هەر بە دەسدایی ئەو مایەوە، بگرە پێوەندییەکانیشی لەگەڵ بنەماڵەی ئەییوبیاندا درێژەی کێشا تا دوای ئەوەش کە (الملك العادل) لە ساڵی (٦١٥ك/ ١٢١٨ز) دا کۆچی دوایی کرد و (الملك الكامل محمد)ی کوڕە گەورەکەشی لەسەر تەختی میسر دانیشت، (موزەففەرەددین گۆکبوری) ئەم

---

(١) الكامل ١٢/ ٢٨٧. مفرج الكروب ٣/ ١٩٥. مخطوط (الاعلاق الخطيرة) ورقة ٥٢/ ب.
تأريخ الفرات، مجلد (٥) جـ ١، ص ٩٠.
الكامل ١٢/ ٢٨٧، الباهر ١٩٧. ابوشامة، ذيل الروضتين ٦٧، مفرج الكروب ١٩٧/٣.
(٢) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕەکان. ابن العديم، زبدة الحلب ٣/ ١٦١.

کوڕەی بەچاك زانی[١]، ئیدی لە مزگەوتەکانی هەولێردا بەناوی ئەوەوە خوتبە دەخوێندرایەوە و، ناوی لەسەر دراوی هەولێر چەسپا[٢].

بەڵام (موزەففەرەددین گۆکبوری) سەروسەخت و پێوەندیی وەکو ئەمەی لەگەڵ (الملك الكامل) دا هەیبوو، لەگەڵ برا مەلیکەکانی دیکەیدا نەیبوو، سەرچاوەکانیش باسی ناکەن بوویەتی یان نەیبووە. پێدەچێ لەبەر ئەوە بووبێ کە هەولێر لەوڵاتی ئەو مەلیکانەوە دوورە و، هەند بە تەنگەوەی نەبووبن، نەخاسمە، ئەگەر - بەناویش بووبێت - هەر، سەر بە (الملك الكامل)ی برایان بووە.

بەڵام (ابن الأثير) و (ابن العبري) کە مێژوونووسی ناوچەکەن، خەبەر دەدەن کە جۆرە هاوکارییەك لە نێوان (موزەففەرەددین گۆکبوری) و (الملك الاشرف) و میرەکانی تری ناوچەکەدا لە دوا دوای ساڵی (٦٠٠ك/ ١٢٠٤ز)دا لەدژی (نورالدين أرسلان شاه)ی ئەتابەگی موسڵ کە هێرشی کردبووە سەر سنجار[٣]، سازدرا، ئەوکات (قطب الدين محمد)ی سەر بە (الملك العادل)ی باوکی (الملك الاشرف) حوکمی سنجاری

---

(١) (الملك العادل ابوبكر) بەر لەوەی بمرێ مەملەکەتەکەی بەسەر کوڕەکانیدا، دابەش کرد، (الملك الكامل محمد)ی (ت/ ٦٣٥ك/ ١٢٣٥ز) لەسەر میسر دانا. (الملك المعظم عيسى)ی (ت/ ٦٢٤ك/ ١٢٢٧ز)لەسەر دیمەشق دانا. (الملك الاشرف موسى)ی (ت/ ٦٣٥ك/ ١٢٣٥ز) لەسەر (الجزيرة و خلاط) دانا. (الملك شهاب الدين غازی)ی (ت/ ٦٤٥ك/ ١٢٤٧ز)لەسەر (رها) دانا و، قەڵای (جعبر)یش دا بە (الحافظ ارسلان شاه)ی کوڕی ـ بنۆڕە: الكامل ١٢/ ٣٥٢. (الملك العادل) کوڕی دیکەشی هەبوون، ناودارترینیان (الملك الفائز) بوو، ئەمەیان پیلانێکی سەرنەگرتووی لەگەڵ (ابن المشطوب) بۆ رووخاندنی حوکمی (الملك الكامل) نایەوە.. بنۆڕە: الكامل ١٢/ ٣٢٥. (الفائز)یش لە ساڵی (٦١٧ك/ ١٢٢٠ز)دا مرد.

(٢) lane. Poole, catalogue of oriental coins, v. lx, p. ٣١٠محمد باقر الحسيني، العملة الاسلامية في العهد الاتابكي، ص ٧٠ ـ ٧١.

(٣) ئەم هاوکارییە دوای ئەوە پەیدابوو کە (موزەففەرەددین گۆکبوری) بەزۆر (نورالدين أرسلان شاه)ی ناچار کرد، دەست لە سنجار بەربدات و بیگەڕێنێتەوە بۆ موسڵ، ئەوەبوو لەو زۆرلێکردنەدا (نینوی)یشی تاڵان کرد و خەلە و خەرمانیشی سووتاند: الكامل ١٢/ ١٩٢.

دەكرد. لەم شەڕەدا، ئەتابەگی موسڵیان ڕاو نا و، هێرشیان كردە سەر ناوچە و شارۆچكەكانی دیكەی موسڵ و، شاری كفرزماریان قڕ كرد و سووتاندیان[1]، پاشان هەرچی شتێك بەكەڵكیان نەهاتبێ لەناویان برد، بەتایبەتیش لەشاری (بلد)، ئەوە، هەربەجارێ تاڵانیان كرد و پرزۆڵێكی تێدا دەرنەچوو[2].

بێجگە لەو هاوكارییە، سەرچاوەكان، باسی پەیدابوونی هیچ جۆرە هاوكارییەكی دیكەی نێوان موزەففەرەددین گۆكبوری و (الملك الاشرف) و براكانیدا ناكەن تا ساڵی (٦١٥ك/ ١٢١٨ز) كە ئیدی لەو ساڵەدا (بدرالدين لؤلؤ) بەنیازی لەناوبردنی دەسەڵاتی بنەماڵەی زەنگییەكان باڵی بەسەر تەخت و تەلاری موسڵدا كێشا. بەرامبەر بەمەش (عمادالدين زەنگی)ی كوڕی (نورالدين ارسلان شاە) بە پشتیوانیی هێز و توانستی موزەففەرەددین گۆكبوری خەزووری ڕاپەڕی و كەوتە بەرەنگاربوونەوەی (لؤلؤ). (لؤلؤ)یش. ناچار، لەگەڵ (الملك الاشرف) دا كەوتە نامەونامەكاری و، پێكەوە لە دژی سەرداری هەولێر و زاواكەی پەیمانیان بەست، واتا، ئەمە - یەكەم جار بوو - كە سەرداری هەولێر، بەپێی ئەو پەیمانە - ترشی بێ و تاڵی بێ - دەبوو بە گژ مەلیكێكی ئەیوبیاندا بچێت، كە خۆی هێشتانیش دەسدای (الملك الكامل الايوبی) بوو.

بێگومان ئەم دەستلەناودەستەی (الملك الاشرف) و (بدرالدين لؤلؤ)ە تەنیا بۆ بەرژەوەند و مەسڵەحەتی هاوبەش بوو، چونكە هاوئاتاجی یەكتری بوون. هەرچی (بدرالدين لؤلؤ)ە - كە دەسەڵاتی ئەتابەگە زەنگییەكانی لەناوبرد -، ئەوە، ئەو، ئاتاجی (الملك الاشرف) بوو تا بە پشتی ئەو دژ بە داواكاری تەختی زەنگی و خەزوورەكەی ڕاوەستێ، هەرچی (الملك الاشرف)یشە، ئاتاجیی بەهاوپەیمانێكی بەهێزی وەك (بدرالدين لؤلؤ) هەبوو، تا باربووی لێ وەربگرێ و بۆ شەڕی

---

(١) كفر زمار: گوندێكی موسڵە، ياقوت، معجم البلدان ٤/ ٤٦٩.

(٢) الكامل ١٢/ ١٩٣. ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، مجلة المشرق لسنة/ ١٩٥٤. ص ٤٢٤ ـ ٤٢٥.
The Chronography, V. I, P. ٣٥٩.

خاچدروشمانی بنێرێ و میرەکانی دوژمنی خۆیشی لە ناوچەکەدا پێ سەرکوت بکات، ئەوەبوو لەشکرێکی گەورە و گرانی لە (لؤلؤ)ەوە بۆهات و ناردی بۆ یاریدەدانی (الملك الکامل)ی برای لە میسر چونکە میسر، ئەوکات کەوتبووە بەر پەلامار و هێرشی خاچدروشمان[1]. (الملك الاشرف) بەهۆی ئەو هاوپەیمانییەوەی لەگەڵ (بدرالدین لؤلؤ)دا بەستی، هەندێ دەسکەوتی لە ناوچەکەشدا بەرکەوت. ئەوەبوو لەساڵی (٦١٥ك/ ١٢١٨ز)دا تەل ئەعفەر (تەلەعفەر)یشی داگیر کرد و، لەساڵی (٦١٦ك/ ١٢١٩ز)شدا[2]سنجاری داگیر کرد[3].

ئەم هاوپەیمانییە، ئەو سەرکەوتن و دەستکەوتانەی وەدیهێنا، بەلام (موزەففەرەددین گۆکبوری) بەرامبەر بە (بدرالدین لؤلؤ) هیچی پێ نەکرا و سەرنەکەوت و چەرخی زەمانەش پێی سەلماند ئەو سیاسەتەی، بۆ دنەدان و یاریدەدانی (عمادالدین زەنگی) پێڕۆی دەرکرد هیچ سوودێکی نەبوو، چونکە (عمادالدین زەنگی)خۆی، ئەوەی لێ نەدەوەشایەوە کە بتوانێ ئەتابەگایەتیی زەنگییەکان لە موسڵ بەرقەرار ڕابگرێت، کابرا، ئەو کارەی لەباردا نەبوو، نەشیتوانی دەست بخاتە ڕێگای (بدرالدین لؤلؤ) و نەیەڵێت ولاتەکە بخاتە ژێر چنگی خۆی، (عمادالدین زەنگی) بێ ورە بوو، مکوڕ نەبوو، نەشیدەتوانی دۆست و دڵسۆزان لەخۆی خڕبکاتەوە و دڵیانبداتەوە و سەروسەختی باشیان لەگەڵدا ساز بدات.

دیاریشە، (موزەففەرەددین گۆکبوری) لە ململانێی پاشتریدا دژ بە (لؤلؤ) نەیکردبووە هاوڕێی خۆی، ئەوە بوو، ولاتی شارەزووری پێ دا و[4]، لە گۆڕەپانی ململانێیەکەی دوورخستەوە. ململانێی نوێی نێوان (موزەففەرەددین گۆکبوری) و (بدرالدین لؤلؤ)، دوای شەش ساڵی ڕەبەق لە پێوەندیی هێور و بێ هەرایی نێوانیان،

---

(١) الكامل ١٢/ ٣٣٩.

(٢) ن. ص ١٢/ ٣٤٥. مفرج الكروب ٤/٧٦.

(٣) الكامل ٣٣٩/٢. مفرج الكروب ٧٤/٤.

(٤) وفيات الاعيان ٤/ ٢٩٦، ط ١٩٤٨.

(٦١٥ - ٦٢١ك/ ١٢١٨ - ١٢٢٤ز) ئنجا دەستی پێکردەوە. سەرداری هەولێر دەیزانی کە (بدرالدین لؤلؤ) بە وڵاتی موسڵ داناکەوێت (لایکتفي)، بەڵکو بەنیازە، یەکجارەکی دەسەڵاتی بنەماڵەی زەنگی ڕیشەکێش بکات. بەڵێ، (موزەففەرەددین گۆکبوری)، زاواکەی خۆی لە مەیدانی ململانێیەکە دوورخستەوە، بەڵام، ڕێگەش بە (بدرالدین لؤلؤ) نادات، گەمان، بەچارەنووسی ئەم بنەماڵەیە بکات، چونکە (موزەففەرەددین گۆکبوری) دەبێتە باپیرەی (دوا ئەتابەگ - ناصرالدین محمود -) کە چارەنووسی کەوتووەتە ژێر چنگی ئەو سەردارە بەهێزەوە. وەکو باسیشمان کرد، سەرداری هەولێر بە ئومێدی ئەم ئەتابەگە منداڵە بوو، چاوەڕوان بوو گەورە بێت و، ڕۆژێك دابێت، ببێتە خاوەن تەختی موسڵ، بەڵام (بدرالدین لؤلؤ) لە خەو و خەیاڵی خست و هەموو ئومێد و ئاواتێکی کوێر کردەوە و، لەساڵی (٦٢١ك/ ١٢٢٤ز) [1]دا حوکمی ئەم ئەتابەگەی مایە پووچ کرد.

لام وایە، ژێرچنگخستنی یەکجارەکیی سەرلەبەری موسڵ لە لایەن (بدرالدین لؤلؤ)ەوە، لەو ساڵەدا، بووە هۆی ئەوەی کە سەرداری هەولێر لێی ڕاپەڕێ و دەست بداتە چەك و ئاوری جەنگ سەرلەنوێ لەنێوان هەردوو ئەمارەتە هاوسێکەدا بەرپا ببێت.

بەهەر حاڵ، سەرداری هەولێر دەستی کرد بە پەیداکردنی یاوەرو دۆستان بۆ شەڕی حوکمبەدەستی موسڵ، هەندەشی نەبرد، هەر لەناو براکانی خودی (الملك الاشرف)دا پشتیوانی بۆ ڕەخسا، ئەوە بوو، خواوڕاسان. ناکۆکییەکی گەرم لەنێوان ئەم مەلیکە و (الملك المعظم عیسی) [2]ی سەرداری دیمەشق و (الملك المظفر شهاب

(١) پێشتر گفتوگۆمان لەسەر ئەو کات و ساتە کرد کە (بدرالدین لؤلؤ)، ئەتابەگ ـ ناصرالدین محمود ـ ی تێدا کوشت، سا، لەساڵی ٦٢١ك، یان لەساڵی (٦٣١ك)دا کوشتبێتی، ئاشکرایە کە (بدرالدین لؤلؤ) موسڵی زەوت کرد و لەساڵی (٦٢١ك)یشەوە کەوتە ژێر دەستی.

(٢) پێشتریش گوتمان، ئەم مەلیکە و (موزەففەرەددین گۆکبوری)، هەردووکیان نازناوی (الملك المعظم)یان هەیە، لەبەر ئەوە تەنیا ناوی بەبێ نازناو دەهێنین، تا لێمان تێکەڵ نەبن.

الدين غازی)ی سەرداری (الرها) سەری هەڵدا، کە هەردووکیان برای (الملك الاشرف) بوون. ئەم پشتیوانی و هاوپەیمانییەش بەشێکی دیکەیە لە مەسەلەی پێوەندیی نێوان (موزەففەرەددین گۆگبوری) و مەلیکەکانی ئەیوبیدا.

هۆی ئەو ناکۆکییەش، کە لە نێوان برایانی ئەیوبیدا کەوتەوە، ئەوەبوو کە (الملك عیسی)ی سەرداری دیمەشق لەوە دەترسا (الملك الاشرف)ی برای شەڕی پێ بفرۆشێ و دیمەشقی لێ داگیر بکات. ئەو ترسەشی تا دەهات زیاتر دەبوو، نەخوازەلا کە (الملك الاشرف) بە سەردانێك، چوو بۆ میسر و ماوەیەکی[1] زۆر لە لای (الملك الكامل)ی برای مایەوە. (الملك عیسی) وای دەزانی کە هەردوو براکەی لەسەر بێبەشکردنی ئەو ڕێك کەوتوون و دەیانەوێت وڵاتەکەی لێ زەوت بکەن[2]، نەخاسمە کۆنە قینێکیش لەنێوان (الملك عیسی) و (الملك الاشرف)دا، لەو کاتەوە پەیدابووبوو کە (الملك الاشرف) پشتگیریی لە (الملك المنصور محمد کوڕی تقی الدین عمر - ت ٦١٧ك/ ١٢٢١ز)ی سەرداری (حماة) کردبوو کە نەیەڵێ (الملك عیسی) ئەم شارە داگیر بکات و بیخاتە سەر موڵکەکانی خۆی[3].

سەرباری ئەوەش (الملك الاشرف) و (الملك الكامل) هەردووکیان لەناو خۆیاندا ڕێك کەوتبوون[4]. ئەمەش (الملك عیسی)ی ناچارکرد ڕوو لە سەرداری هەولێر[5] بکات کە ئەمانیش لە دژی دوژمنی هەردوو لایان ببن بە یەك جا، بۆ ئەوەی

---

(١) الكامل ١٢/ ٤٦٣.

(٢) م. ن. ص.

(٣) م. ن. ص. ابن العديم، زبدة الحلب ٣/ ١٩٢. ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، مجلة المشرق، نفس العدد ص ٤٥٢. محمد كورد علي، خطط الشام ٢/ ٨٩.

(٤) الكامل ١٢/ ٤٢٢. مفرج الكروب ٤/ ١٣٧. مرآة الزمان ٨/ ٦٢٣.

(٥) سێر هاملتۆن جب دەڵێت: (زۆرتر، وەهای بۆ دەچم ئەم هاوپەیمانییەی نێوان هەولێر و دیمەشق، دەستی خەلیفە (الناصرلدين الله)ی تێدا بوو بێت، بنۆڕە کتێبەکەی (جب): (صلاح الدين) ص ٢١٤. چونکە پێوەندیی نێوان ئەم خەلیفەیە و مەلیك زۆر خراپ ببوو، بنۆڕە: الكامل ١٢/ ٤٦٤.

(موزەففەرەددین گۆكبوری) بڕوای پێبكات، (الملك عیسی) هەستا، لە ساڵی (١٢٢١ز)دا كوڕەكەی خۆی (الملك الناصر صلاح الدین داود)ی لە دیمەشقەوە نارد بۆ هەولێر كە بە بارمتە لە لای سەرداری هەولێر بمێنێتەوە[١]. دیاریشە پێوەندی و هامشۆی نێوان هەولێر و دیمەشق لە ساڵی (٦٢٠ك/ ١٢٢٣ز)یەوە، دەستی پێكردبوو، ئەوەتا (ابن الشعار) دەڵێت: لە مانگی (ذی الحجة)ی هەمان ئەو ساڵەدا شاعیری ناوداری دیمەشق (ابو یوسف یعقوب بن عبدالله الرومي) لە لایەن (الملك عیسی)وە ناردرا و گەیشتە هەولێر و (موزەففەرەددین گۆكبوری) پێشوازییەكی گەرم و شایستەی لێ كرد[٢]. هەروەها (الصفدي)یش دەڵێت: سەرداری دیمەشق[٣]شاعیرێكی دیكەی ناوداری دیمەشق (ابن عنین محمد بن نصرالله بن مكارم بن الحسین الدمشقي)ی نارد بۆ هەولێر (ئەم شاعیرە لە ساڵی (٦٣٠ك/ ١٢٣٢ز)دا كۆچی دوایی كردووە). پاشان سەرداری دیمەشق لەگەڵ (الملك المظفر شهاب الدین غازي)ی برایدا كەوتە پێوەندیگرتن و، گاڵی دا لە دژی دوو براكەی دیكەیان كە لە میسر كۆببوونەوە ئنجا قەناعەتی پێهێنا كە هەردووكیان ببن بە یەك و سەرداری هەولێریش بۆ لای خۆیان ڕابكێشن. ئیدی هەرسێكیان بە یەك دەنگ بڕیاریان دا شەڕ لە دژی (الملك الاشرف)[٤] و (بدرالدین لؤلؤ)ی هاوڕێی بەرپا بكەن. ئەوەش بڵێین باشە (شهاب الدین غازي) پێشتر ملی بۆ (الملك الاشرف)" ی برای كەچ كردبوو، ئەویش ئەرمینیای بە

---

(١) مرآة الزمان ٨/ ٦٣٣. ابوشامة، ذیل الروضتین: ١٤٢. ابن كثیر، البدایة والنهایة ١٣/ ١٠٤. ابن تغري، النجوم الزاهرة، ٦/ ٢٥٧.

(الحموی)یش لە كتێبی (التأریخ المنصوری) یەكەی خۆیدا دەڵێت: (سەرداری دیمەشق كوڕەكەی خۆی، لەسەر داوای (موزەففەرەددین گۆكبوری) نارد بۆ هەولێر، چونكە سەرداری هەولێر گوتی: (دەمەوێت بیكەم بە جێگری خۆم)، سەرداری دیمەشقیش لەبەر خاتری دڵنیایی و دۆستایەتی كوڕەكەی خۆی ناردە هەولێر. بنۆڕە لاپەرەی/ ٣٠٧.

(٢) ابن الشعار، مخطوط "عقود الجمان في شعراء هذا الزمان" جـ ١٠ ورقة (٨٠).

(٣) الصفدي، الوافي، باعتناء (س. دیدرنغ) ٥/ ١٢٢.

(٤) مرآة الزمان ٨/ ٦٢٥.

محمد كورد علي: خطط الشام ٢/ ٨٩.

(خلاط)[١] و میافارقین[٢] و شاری (حاني)[٣] یشەوە پێدابوو، بەرامبەر بەوەش (الملك الاشرف) شاری (رها)[٤]ی لێ وەرگرتبوو.

(الملك الاشرف) باس و خواسی ئەم ڕێکەوتنەی کەوتە گوێ، نامەی بۆ (شهاب الدین غازي)ی برای نارد و، گلەیی ئەو کارەی لێ کرد و کەوتە دڵدانەوەی کە دەست لەو ئیشە هەڵگرێت، بەلام، ئەم گوێپێنەدا و زێتر پێیلێڕادەکێشا و یاخی بوو[٥]. هەرچی (الملك الاشرف)یشە، لەوە دەترسا یاخیبوونەکە بتەنێتەوە و گەورە ببێت، یان سەربازانی ولاتەکەش تێوەبگلێن، لەبەر ئەوە، کەوتە خڕکردنەوە و ئامادەکردنی لەشکری شام و جەزیرە و موسڵ و، بەرەو (خلاط) کەوتەڕێ، لەوێ هێرشی کردە سەر براکەی و، بەئاسانی سەرکوتی کرد. (شهاب الدین غازي) پێگەی لاواز بوو، ڕەوشتیشی خراپ بوو - وەك (ابن الأثیر) دەڵێ: (الملك الاشرف) ڕەوشتی چاك بوو، خەڵکی ولاتەکەش خۆشیان دەویست[٦]. بڕیار وابوو هاوپەیمانان، لە هەموو لایەکەوە، بەیەکجار هێرش بکەنە سەر پێگە و بارەگاکان و (شهاب الدین غازي)یش دەست بکات بە شۆڕش و هەڵگەڕانەوە و (الملك عیسی)ی برایشی یەکسەر ئامادە ببێت و بە گەرمی بە دەنگیەوە بچێت، (موزەففەرەددین گۆگبوری)یش لەشکری بکێشێتە سەر موسڵ[٧]. بەلام ئەم هەموو تەگبیر و جموجۆڵە سەری نەگرت، چونکە

---

(١) خلاط: شارێکی ناوەدانە لە ولاتی جەزیرە، دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەرمەنستانەوە، معجم البلدان ٢/ ٣٨٠.

(٢) میافارقین: بەناوبانگترین شاری ولاتی دیاربەکرە، معجم البلدان ٥/ ٢٣٥.

(٣) حانی: شارێکە لە دیاربەکر. م. ن. ٢/ ٢٠٨.

(٤) الکامل ١٢/ ٣٩٨، ٤٢١. ابو الفداء، المختصر ٣/ ١٣٤.

تأریخ الوردي ٢/ ٢٠٩. ابن کثیر، البدایة والنهایة ١٣/ ٩٩.

(٥) لکامل ١٢/ ٤٢١، مفرج الکروب ٤/ ١٣٨.

(٦) الکامل ١٢/ ٤٢٢.

(٧) م. ن. ص. ابن العدیم ٣/ ١٩٥.

(الملك عیسی) هیچ یارمەتییەکی براکەی نەدا و، لە هەڕەشەکەی (الملك الکامل)ی برای ترسا کە ئەگەر بێت و یاریدەی (شهاب الدین غازي)ی برای بدات، ئەوا، دیمەشقی لێ دەستێنێتەوە[1]. لەبەر ئەوە (الملك عیسی) گەڕایەوە بۆ دیمەشق و کۆمەکی بە برا یاخیبووەکەی نەکرد. (شهاب الدین غازي)یش بزووتنەوەکەی سەرنەکەوت و هەموو موڵك و ناوچەکانی خۆی لەدەست سەندرایەوە، تەنیا میافارقین نەبێ، کە (الملك الاشرف)ی برای بۆی بەجێ هێشت و لێی نەسەندەوە[2].

هەرچی (موزەففەرەددین گۆکبوری)یە ئەوە، ئەو، دەرفەتێکی چاکی بۆ گرتنی شاری موسڵ بۆ هەڵکەوتبوو، ئەوەبوو بارێکی نالەباری ئابووری موسڵی داگرتبوو، گرانییەك بوو، هەر مەپرسە، وەرزێکی تا بڵێی نەهات بوو، قاتوقڕ بوو، کولە یەکپارچە بەری ئاسمانی گرتبوو، سەوز و وشکی ماشیبووەوە. سەرباری ئەوەش بەشێکی زۆری لەشکری موسڵ لەشارەکە نەمابوون، چووبوون بۆ (خلاط) بۆ یارمەتیی (الملك الاشرف) و سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەی (شهاب الدین غازي)[3]. (موزەففەرەددین گۆکبوری) گەیشتە موسڵ و گەمارۆی دا، وایدەزانی کە موسڵ خۆی پێڕاناگیرێ و، (بدرالدین لؤلؤ)یش، بەبێ کۆمەکی (الملك الاشرف)ی هاوپەیمانی ناتوانێت گەمارۆکە بشکێنێت و، ئەمیش نەیدەتوانی کۆمەکی پێبکات چونکە هێزەکانی خۆی بە سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەی براکەیەوە خەریك بوون.

بەڵام ئەم خەیاڵانەی (موزەففەرەددین گۆکبوری) خەوێکی بەتاڵ بوون و هیچیدی، (بدرالدین لؤلؤ) بێ ئاگا نەبوو، موسڵی قایم کردبوو، سەربازی زۆری

---

(١) الکامل م. ن. المقریزي، السلوك ١/ ٢١٥.

(٢) الکامل، ن. م. الحموي، التأریخ المنصوري، ص ٣٠٢.

زبدة الحلب ٣/ ١٩٦. ابوشامة، ذیل الروضتین، ص ١٤٢.

ابن کثیر، البدایة والنهایة، ١٣/ ١٠٤. ابو الفداء، المختصر ٣/ ١٣٤.

تأریخ ابن الوردي، ٢/ ٢٠٩.

(٣) الکامل ١٢/ ٤٢٣ ـ ٤٢٤. مفرج الکروب ٤/ ١٣٩.

Setton, V. II, P. ٧٠١.

بەسەر شوورەكانەوە دامەزراندبوون و، هەرچی ئامراز و ئامێرێكی دژە گەمارۆی هەبوو، هەمووی تەیار و ئامادە كردبوو، چەك و خۆراك و ئازووقەی تەواوی بۆ جەنگاوەرەكانی پاشەكەوت كردبوو، سەربازەكانی لەهیچیان كەم نەبوو[١]. ئیدی هیچ دەرفەتێكی بۆ ئەو نەیارەی نەهێشتبووەوە، (موزەففەرەددین گۆكبوری)یش ناچار بوو، گەمارۆكەی لابرد و گەڕایەوە بۆ هەولێر. بەم جۆرە لێدانی موسڵ سەری نەگرت و، چارەنووسی ئەم ڕێكەوتنەش لەگەڵ ئەم دوو مەلیكە ئەیبوبییەدا، هیچ لە چارەنووسی ڕێكەوتنەكانی دیكەی پێشتری كە لەگەڵ میرانی ناوچەكەدا بەستبوونی چاكتر نەبوو. وێڕای ئەم شكستەش، كەچی وازی نەهێنا و دانەكەوت و، لەسەر دوژمنایەتی و ململانێی سەرداری موسڵ و هاوپەیمانەكەی مكوڕ و بەردەوام بوو. ئەوەبوو دوای دوو ساڵ، (٦٢٣ك/ ١٢٢٦ز) هاوپەیمانییەكەی پێشتری لەگەڵ (الملك عیسی)ی سەرداری دیمەشقدا بووژاندەوە و گوڕوتینی پێدایەوە. ئەم پەیمانە بەرەبەرە تەنییەوە و، دوا سوڵتانی خواریزم (جلال الدین منكبرتی) و، (الملك الصالح نجم الدین أیوب)ی سەرداری ئامەد و، (ناصرالدین ارتق)ی سەرداری ماردینیشی گرتەوە و، هەرچواریان ڕێك كەوتن پەلاماری وڵات و ناوچەكانی (الملك الاشرف) و (بدرالدین لؤلؤ)ی هاوپەیمانی بدەن. ئەوەبوو، (موزەففەرەددین گۆكبوری) دەستپێشخەری كرد و هێرشی كردە سەر موسڵ[٢].

(بدرالدین لؤلؤ) پەنای بردە بەر هاوپەیمانەكەی كە ئەوكات لە (الرقة) بوو، تكای لێ كرد، كە خۆی بێتە موسڵ و (موزەففەرەددین گۆكبوری) دەرپەڕێنێ (الملك الاشرف)یش هەستا، چوو بۆ (حران)، لەوێشەوە چوو بۆ (دنیسر) [٣]و شاری ماردینی وێران كرد. هەرچی (الملك عیسی)ی سەرداری دیمەشقە، ئەوە، ئەو هێرشی كردە سەر هەردوو شاری (حماه) و (حمص)، ئنجا ناردیە سەر (الملك الاشرف) و داوای لێ

---

(١) هەمان سەرچاوەگەل و هەمان لاپەڕەكان. ابوالفداء، المختصر ٣/ ١٣٤.

(٢) الكامل ١٢/ ٤٥٣. مفرج الكروب ٤/ ١٤٥ ـ ١٤٦، ٤/ ١٧٥.

(٣) (دنیسر) شارێكی گەورەی ناوداری وڵاتی جزیرەیە، لە ماردینەوە نزیكە و، دوو قۆناغ لێوەی دوورە و، (قوچ حصار)یشی پێدەڵێن: معجم البلدان ٢/ ٤٧٨.

کرد دەست لە ماردین و حلب هەڵبگرێت و، ئەمیش دەست لە (حماە) و (حمص) هەڵبگرێت، (موزەففەرەددین گۆگبوری)یش، موسڵ بەجێ بێڵێت و بڕوات[١]. (الملك الاشرف) قایل بوو، هەریەکەشیان گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی. هێزەکانی سەرداری هەولێریش[٢] بەهەر شارێکی ناوچەی موسڵدا تێپەڕین، کاولیان کرد. وێڕای ئەو هەموو دوژمنایەتییەش کە سەرداری هەولێر دژ بە (الملك الاشرف)ی هاوپەیمانی (بدرالدین لؤلؤ) نواندی، کەچی بەدۆستی و دەسدایی بۆ مەلیکە ئەییوبییەکەی تری سەرداری میسر مایەوە، واتا ئەو مەلیکەی ـ وەك باسمان کرد - دۆستایەتییەکی گەرمی لەگەڵ (الملك الاشرف)ی برایدا هەبوو. (الحموي)ی مێژوونووس و هەروەها (المقريزي)یش دەڵێن: (موزەففەرەددین گۆگبوری) تا دوای ساڵی (٦٣٦ك/ ١٢٢٩ز)یش پێوەندیی پتەوی لەگەڵ ئەم مەلیکەدا هەبووە. کاتێکیش (الملك الكامل) لەو ساڵەدا، بەرەو ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە دەڕۆیشت، لە (الرقة) لای دا (دابەزی) و جەژنەکەی لەوێ کرد، مەلیك و میرانی ڕۆژهەڵات، بۆ جەژنە پیرۆزە گەیشتنە لای، نوێنەرانی سەرداری هەولێریشیان لەگەڵدابوون[٣].

بەڵام ئەم دۆستایەتییە تا کۆتایی حوکمی (موزەففەرەددین گۆگبوری) درێژەی نەکێشا، بەڵکو خۆی لەسەری نەڕۆیشت و بایدایەوە بەلای خەلیفەی عەباسیدا و پێوەندیی لەگەڵ ئەو لەجاران بەهێزتر کرد. (الذهبي)ی مێژوونووس، لە زمان (ابن الساعي)یەوە دەقاودەق دەگێڕێتەوە، ئەم بادانەوەیەی هەولێر کە لە دوادوای ساڵەکانی مێژووی ئەتابەگیدا ڕوویداوە، ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: (موزەففەرەددین گۆگبوری) زۆر بە چاودێری و خزمەتی کوڕەکانی (الملك العادل)ەوە، ماندوو بوو، (تەنیا الملك عیسی)ی سەرداری دیمەشق نەبێ، ماوەیەکی دوورو درێژ خزمەتی هەموو کوڕەکانی دیکەی کرد. وەلێ ئەوان لەهیچ نەهامەتییەکیدا فریای نەکەوتن و، چاکەیان نەدایەوە - کە ئەم لەهەموو شەڕ و جەنگێکدا بەدەنگیانەوە

(١) الكامل ١٢/ ٤٥٤. مفرج الكروب ١٨٨ ـ ١٨٩.

(٢) الكامل، ص. ن. مفرج الكروب ٤/ ١٨٩.

(٣) الحموي، التأريخ المنصوري، ٢٧٧. المقريزي، السلوك ١/ ٢٣٦.

دەچوو - لەبەر ئەوە، ڕقی هەستا و، کلیلی شاری هەولێر و کلیلەکانی هەموو قەڵاکانیشی هەڵگرت و ملی ڕێگای بەغدای گرت و لە سەرەتای ساڵی (٦٢٨ك/ ١٢٣٠ز)دا ڕادەستی (المستنصربالله)ی کرد[1]. (سبط ابن الجوزي)یش حیکایەتێکی لەم بابەتە بەجۆرە بزرکاوییەك دەگێڕێتەوە[2]. بەهەر حاڵ، پێوەندیی دۆستایەتیی (موزەففەرەددین گۆکبوری) لەگەڵ (الملك الكامل)ی ئەیوبیدا لەساڵی (٦٢٨ك/ ١٢٣٠ز)دا پچڕا.

٣- پێوەندیی نێوان موزەففەرەددین گۆکبوری و خەلافەتی عەبباسیان:

سەرچاوەکان باسی هیچ جۆرە پێوەندییەکی نێوان ئەمارەتی هەولێر و خەلافەتی عەبباسیان ناکەن، نە لە سەردەمی (زين الدين يوسف ينالتگين) و، نەش لە بیست ساڵ پێشەوەی حوکمی (موزەففەرەددین گۆکبوری)دا. بۆ ئەو باس نەکردنەش هیچ هۆیەك شك نابەین، مەگەر وەها دابنێین کە میری یەکەم دوای جیابوونەوەی ئەمارەتەکەی لە ئەتابەگایەتیی موسڵ و، بوونی بە دەستدای سەلاحەددینی ئەیوبی کە لە (٥٧٩ - ٥٨٦ك/ ١١٨٣ - ١١٩٠ز) خایان، ماوەیەکی کەمی لە حوکمی ئەمارەتەکە بەسەر بردووە. ئەمارەتی هەولێریش لەم ماوە کەمەدا نەگەیشتبووە سەربەخۆییەکی ئەوتۆ کە میرەکەی بتوانێت بیر لە سازدانی پێوەندیی

---

(١) الذهبي، تأريخ الاسلام، الورقة ١٨٣. لە وەرەقەی (١٦٠)دا باسی ئەو سەفەرەی (موزەففەرەددین گۆکبوری) دەکات کە لە ساڵی (٦٢٨ك)دا بۆ بەغدا چووە.

(٢) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٨/ ٦٨٠ ـ ٦٨١.: ئەم مێژوو نووسە دەڵێت: پشتگیری (الملك الاشرف) لە (بدرالدين لؤلؤ) و سووربوونیشی لەسەر داگیرکردنی هەولێر، کارێکی وای کرد کە (موزەففەرەددین گۆکبوری) پەنا بباتە بەر خەلیفە (المستنصربالله) و بچێتە لای بۆ بەغدا. (القزاز)یش لە لاپەڕەی (٧٢)ی کتێبی (الحياة السياسية في العراق في عهد السيطرة المغولية)دا دەڵێت: (موزەففەرەددین گۆکبوری) هەرچەندیشە خەزووری ئەیوبیان بوو، لە شەڕی خاچدروشمانیشدا بەشداریی کرد بەڵام دادی نەدا و لێی نەگەڕان، ناچار خۆی هاوێشتە بەختی خەلیفەی بەغدا و، بوو بە دەسدای ئەو.

لەگەڵ ئەملا و ئەولادا بکاتەوە. پێوەندییە دەرەکییەکانی (موزەففەرەددین گۆکبوری)یش لە سێ ساڵی یەکەمی فەرمانڕانییدا، واتا، تا کۆچی دوایی سەلاحەددینی ئەییوبیش (ساڵی ٥٨٩ك/ ١١٩٣ز) هەر بەو جۆرە بووە. ئیدی، پاش ئەوە، بارودۆخەکە ناچاری کرد پێوەندیی سەربەخۆ لەگەڵ لایەنە جۆربەجۆرەکاندا ببەستێ، کە دواتر دێینە سەر ئەو باسەش.

پێوەندییە بەسوودەکانی ئەم میرە لەگەڵ خەلیفەکانی بەغدا، کەموزۆر، درەنگ دەستی پێکرد. ئەم درەنگ کەوتنەش لەبەر ئەوە بوو کە بەغدا بەچاوێکی کەم سەیری دەکرد چونکە کاتێ (مجاهدالدین قایماز) لەتەختی حوکم دایگرت و حەپسی کرد و لە هەولێریش دەری کرد، ئەو شکاتی بردە بەغدا، بەمەش خۆی سووك کرد.

لە لایەکی دیکەوە، سەرچاوەکان دەڵێن کە (موزەففەرەددین گۆکبوری)، میرێك لە میرەکانی ئەمارەتی قەفجاقی نزیك بە هەولێر[1] بەناوی میر (عزالدین حسن بن یعقوب بن قفجاق) دەستگیر کرد. ئەم میرە یەك لە دەسداکانی خەلیفەی عەبباسیان بوو. خەلیفەش، نارەزایی خۆی لەم ڕەفتارەی (موزەففەرەددین گۆکبوری)، بۆ سەلاحەددینی ئەییوبی دەربڕی و داوای لێ کرد فشار بخاتە سەر ئەم دەسدایەی خۆی کە میری ناوبراو ئازاد بکات و بینێرێتەوە بۆ کەرخینی[2]، وادیارە، دەستگیرکردنی ئەم میرە ڕەزامەندی سەلاحەددینی لەسەر بووە. لەبەر ئەوە، سەلاحەددینی ئەییوبی بۆ خەلیفە دەنووسێ و دەڵێت: (موزەففەرەددین گۆکبوری) ئەم میرەی لەسەر ئەوە گرتووە کە خراپەکاریی، دنیای گرتووەتەوە[3]. زۆریش ڕێی تێدەچێ کە گرتنی ئەم کابرایە بووبێتە مایەی هەرەسهێنانی پێوەندیی نێوان بەغدا و هەولێر. لەم ڕووداوەش زێتر هیچ هۆیەکی دیکەی تێکچوونی پێوەندیی نێوان ئەم دوو لایەنەمان بەدەستەوە نییە. وێڕای ئەوەش (موزەففەرەددین

---

(١) بنۆڕە بابەتی: پێوەندی لەگەڵ ئەمارەتی قەفجاقیدا.

(٢) ابن شداد، النوادر، ١٩٨. أبوشامة، كتاب الروضتين ٢/ ١٩٣. ابن خلكان، ط بيروت ٣/ ٤٥٨.

(٣) ابن شداد، ن. م. ص. ابن واصل، مفرج الكروب ٢/ ٣٧٦.

گۆگبـوری) نـاوی (الخليفـة الناصـرلدين الله)ی خـستبووە سـەر دراوی ئەمارەتەکـەی. دەشتوانین ئەمە بکەینە بەڵگەی ئەوە کە ئـەم مـیرە، خـۆی بـە دەسـدایەکی خەلیفـە دەزانی، بەڵام ئەم دەسدایيە بە گوفتار بـوو نـەك بـە ڕەفتـار. ئـەم پێوەنديیـە لەقـە، هەروا مايەوە تا ئەودەمەی، (موزەففەرەددین گۆگبوری) هاتە سەر ئـەوەی کـە ئیـدی کاتی ئەوە هاتووە سەرلەنوێ بیری لـێ بکاتـەوە و پێوەندییـەکی بـەڕەفتاری گـەرم و پتەو لەگەڵ مەرکەزی خەلافەتی عەبباسیاندا سازبدات.

ئەم لێك نزیکبوونەوەیەش، لەساڵی (٦٠٦ك/ ١٢٠٩ز)دا، لەسـەر دەسـتی (بتوسـط) (الملك العادل)ی ئەییوبیدا هاتەجێ، کە موزەففەرەددین گۆگبوری دەسدایەك بـوو لـە دەسداکانی ئەو - ئەوەبوو ئەو مەلیکە، (الجمال - یونس بن بدران المصری)ی سەرۆکی شافیعییەکانی دیمەشقی، بەناوی خۆیەوە، لەگەڵ یەك لە برازاکانی (موزەففەرەددین گۆگبـوری)دا نـارد بـۆ بەغـدا. ئـەم شـاندە، هەرکـە گەیـشتە مەرکـەزی خەلافـەت، پێـشوازییەکی زۆر گـەرمی لـێ کـرا. نوێنـەری سـەرداری هـەولێر وەپـێش کـەوت و، لەڕێوە عەتەبەی بەر دەرگای (باب النوبي)ی ماچ کرد[1]. کابرا، کفنێکـی لەبـەردابوو، شمـشێرێکی ڕووتیـشی بەدەسـتەوە بـوو[2]. ئنجـا کەوتـە پاسـاوهێنانەوە لـە زمـان مامییەوە، لەو ناوێڵییەی کە بەرامبەر دیوانی خەلیفایەتی پێشتر ڕوویداوە. هەرچی شـاندەکەی (الملـك العـادل)ە، ئـەوە، ئـەو، نامەیـەکی ڕادەسـتی خەلیفـە کـرد، داوای لێبوردن لە (موزەففەرەددین گۆگبوری)ی تێدا بوو. داوای هەردوو شـاندەکە قـەبووڵ کرا[3]. ڕاستیشت دەوێ شاندنی شاندێکی بەم گرنگییە، بۆمـان دەردەخـات کـە پێـشتر پێوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا نالەبار بووە.

---

(١) (باب النوبی): دەرگای عەتەبەشیان پێ دەگوت، چونکە عەتەبەکەی تێدایە و، شاند و مـەلیك و سەرۆکانی حاجییان، بگەیشتنایە بەغدا، دەچوون ئـەو (عەتەبـە)یـەیان مـاچ دەکـرد.. بنۆڕە: مصطفی جواد و، احمد سوسة، دلیل خارطة بغداد، ط ٩٥٨، ص ١٥٨.

(٢) نیشانەی دڵسۆزییە تا مردن، بۆ ئەوەی لێی دڵنیا ببن.

(٣) ابن الساعي، ٩/ ١٨٧ ـ ١٨٨. ابن كثير، البداية والنهاية ـ حوادث تلك السنة.

پاش ئەم دەستپێشخەرییە، لاپەڕەیەکی نوێی پێوەندیی دۆستانە کرایەوە، ئیدی (موزەففەرەددین گۆگبوری) بەپێی فەرمان و ڕێنمایی خەلیفە هەڵدەسووڕا. دوای شەش ساڵ، واتا لەساڵی (٦١٢ك/ ١٢١٥ز)دا، خەلیفە (الناصرلدین الله) لەشکرێکی تەیار و ئامادە کرد بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەی (منكلی)ی کۆیلە (المملوك منكلی)، ئەو (منكلی)یە لە (اوزبك ابن بهلوان)ی ئاغای، سەرداری ئازەربێجان و لە خەلیفەش یاخی ببوو، وڵاتەکەشی داگیرکردبوو، لەساڵی (٦٠٨ك/ ١٢١١ز)یشەوە هەموو ڕێگاو بانەکانی بڕیبوو[1]، لەساڵی (٦١٠ك/ ١٢١٣ز)یشدا (شمس الدین أیدغمش)ی دۆستی خەلیفە سەرداری (هەمەدان و، ئەصفەهان و، ڕەی)ی کوشتبوو[2]. خەلیفە داوای لە (موزەففەرەددین گۆگبوری) کرد ببێتە فەرمانداری ئەو لەشکرە.

خەلیفە، دوای خڕکردنەوە و ئامادەکردنی لەشکرەکەی، نامەی نارد بۆ (جلال الدین بن حسن الصباح)ی[3]سەرکردەی قەڵاگەلی ئیسماعیلییەکان لە وڵاتی فارس و، نامەی بۆ (الملك الظاهر غازي بن صلاح الدین الأیوبي)ی سەرداری حەڵەب و، بۆ (الملك العادل الأیوبي)ی سەرداری میسر و شامیش نارد، داوای کرد، یاریدەی بدەن بۆ ڕاماڵینی هێزەکانی (منكلی). داوای خەلیفە قبوڵ کرا، ئنجا لەبەر سنگی لەشکرەکەوە، (مظفرالدین سنقری)ی کۆیلەی ناودار بە شێوە شێر[4](وجه الأسد)

---

(١) الكامل ١٢/ ٢٩٦. النجوم الزاهرة، ٦/ ٢١٢.

(٢) الكامل ١٢/ ٣٠١. رشیدالدین فضل الله الهمدانی، جامع التواریخ بالفارسیة، جلد (١) ص ٣٤٩. النجوم الزاهره، ٦/ ٢٠٨.

Juvaini, The History of The World Conqueror. V. II, P. ٧٠٢

(٣) ئەم سەرکردە ئیسماعیلییە، بەپێچەوانەی ئیسماعیلییەکانی دی، ببوو بە دۆستی خەلیفە.. بنۆڕە: الكامل ١٢/ ٢٩٨. النجوم الزاهرة، ١٢/ ٢٠٣.

هورات CL. Huart، دائرة المعارف الاسلامیة، ط ١٩٣٣. مادة (الاسماعیلیة) جـ ٢، ص ٧٨٩.

(٤) ئەم (شێوە شێرە) لە ساڵی (٦٣٣ك)دا ڕۆڵێکی گرنگی لە پاراستنی موڵکەکانی خەلیفەدا، دژ بە (جلال الدین منكبری)ی سوڵتانی خواریزم گێڕا. شێوە شێر، خۆی سەرداری خۆزستان بوو،

دانا، ئەوجا فەرمانی نارد بۆ (موزەففەرەددین گۆکبوری) کە بەخۆی و بە لەشکرەوە ئامادە بێت و، ببێتە پێشەنگی هەموو لەشکرەکان[1]. ئەمیش بە لەشکری خۆی و موسڵ و وڵاتی جزیرە و حەڵەبیشەوە گەیشتە مەیدان و، ملی نا لە هەمەدان و لەگەڵ لەشکری (منکلی)دا، لێرە و، لەوێ شەڕێکی چاکی کرد و، ئەنجام، (منکلی) شکا و هەڵات و، پاشانیش کوژرا[2].

لەساڵی (٦١٨ك/ ١٢٢١ز) [3]دا بۆنەیەکی دی هاتەپێش کە (موزەففەرەددین گۆکبوری) بۆ دووەم جار شانبەشان لەشکری خەلیفە بچێتە شەڕەوە، ئەوەبوو، مەگۆل وڵاتی ئازەربێجانیانی داگیر کرد و، چوونە ناو شارۆچکەی مەراغەوە، ئنجا گەیشتنە تەورێز و داگیریان کرد، پاشان لێی کشانەوە و بەرەو باشوور کەوتنە ڕێ بۆ هەولێر، بەڵام دیتیان ڕێگای هەولێر هەمووی هەڵدێر و تاوێر و ڕچە ڕێگای تاکە کەسی پیادەیە و شیو و دۆڵی تەنگەبەرە و لەیەك سوار زیاتر ناکێشێ[4]، لەبەر ئەوە ڕێگای خۆیان گۆڕی. بەڵام خەلیفە لەوە دەترسا کە پیلانەکەیان گۆڕیبێ و بەرەو بەغدا مل بنێن و وازیان لە هەولێر هێنابێ، بۆیە نامەی کردە سەر سەرداری موسڵ و سەرداری هەولێریش کە بە پەلە بگەنە (داقوق) و لەگەڵ لەشکرەکانی خۆیدا یەك بگرنەوە و ڕێگای هێرشهێنان بگرن و بەرەو پاش بیشکێنن. (موزەففەرەددین گۆکبوری) قایل بوو، چونکە خەلیفە قەولی دە هەزار سەربازی پێدابوو کە بۆی

لەساڵی (٦٢٥ك)دا مرد.. بنۆڕە: الصفدي (مخطوط). الوافي بالوفيات ٨/ ١٩٥. ابن الفوطي، تلخيص مجمع الالقاب، ط/ لاهور، ٥/ ٥٢٥.

(١) الكامل ١٢/ ٣٠٦.

(٢) م. ن. ص. ٣٠٧. رشيد الدين فضل الله، جامع التواريخ، جلد (١) ص ٣٤٩. الغساني، المسجد المسبوك، ص ٢٠٧. النجوم الزاهرة، ٦/ ٢١٣.

(٣) (ابن الأثير) لە باسی ڕووداوەکانی ساڵی (٦١٧ك)دا، باسی ئەو ڕووداوەشی کردووە کە لە ساڵی (٦١٨ك)دا ڕوویداوە.. الكامل ١٢/ ٣٧٧.

(٤) الكامل ١٢/ ٣٧٨. مورازا دوهسون "موغول تأريخي" جـ ١، ص ١٥٢.

بنێرێ و بیکات بە فەرمانداری لەشکرەکە[١]. (موزەففەرەددین گۆگبوری) بەرەو (داقوق) کەوتە ڕێ و، هێزەکانی موسڵیش گەیشتنە ئەوێ. خەلیفە تەنیا هەشت سەد سەربازی بە سەرکردایەتی (جمال الدین قشتمر) لە داقوق هەبوو. کاتێ (موزەففەرەددین گۆگبوری) ئەم لەشکرە کەمەی خەلیفەی دیت، دەستبەجێ بڕیاری دا کە ئەم شەڕە نەکات، چونکە بۆی دەرکەوت ئەم شەڕە ناهاوتایە و، کارێکی هەڵە و نابەجێیە خۆی و سەربازەکانیشی بکات بە قوربانی و، لە تێکشکان و هەڵاتن و سەرشۆڕیش بەولاوە هیچی تری بۆ نامێنێتەوە. کاتێکیش خەلیفە بۆ لێپێچینەوە بانگی کرد، لەبەردەمی خەلیفەدا داکۆکی لەخۆی کرد و بە خەلیفەی گوت: دوژمن بەهێزە، منیش سەربازم کەمە و ناتوانم بەو حاڵەوە دەستەویەخەیان ببم. من داوای دە هەزار سەربازم لە خەلیفە کردبوو، خەلیفە ڕازی بوو، منیش چووم بۆ (داقوق) بەڵام دیتم خەلیفە سەربازی کەمی ناردووە[٢]، ئەوەش کە هاتە لای من نەدەگەیشتە هەشت سەد (طواش) واتا هەشت سەد کۆیلەی خزمەتکاری نزیکی خەلیفە[٣]، لەبەر ئەوە منیش دانیشتم و خۆم و موسوڵمانانیشم لە مەرگ ڕزگار کرد[٤]. هەرچی، مەگۆلەکانیشە، کاتێ باسوخواسی ئەو کۆبوونەوەیەی (داقوق)یان

---

(١) الكامل ١٢/ ٣٧٩. ابن الكثير، البداية والنهاية، ١٣/ ٩٠. ابن خلكان ٥/ ٢٤٤. مورازا دوهسون، "موغول تأريخي، ١/ ١٥٢.

(٢) الكامل ١٢/ ٣٧٩. مفرج الكروب ٤/ ٤٩. الغساني، العسجد المسبوك ٢٤٩.

(٣) (طواش): واتا مەمالیك ـ یان خزمەتکارە (نۆکەرە) نزیکەکانی خەلیفە، یان ئەوانەی کە (الاستاذون)یشیان پێدەڵێن.. القلقشندي، صبح الاعشى ٣/ ٤٧٧. یان خزمەتکاری (خەساون) ٥/ ٤٥٦. بنۆڕە: د. حسن الباشا، الالقاب الاسلامية في التأريخ، ص ٣٨٢.

(٤) الكامل ١٢/ ٣٧٩.. (الذهبي) شتێکی تەواو جیاواز لەوەی (ابن الأثير) دەگێڕێتەوە، دەڵێت: سەرداری هەولێر داروبەردی دەربەندەکانی پڕ کرد لە کورد و کردنی بەگژ مەگۆلەکاندا. کوردان کەلوپەلی مەغۆلیان تاڵان دەکرد و لە شیرینی خەودا دەیانکوشتن. کاتێکیش بەیانیان بە خەبەر دەهاتن نەیاندەزانی کەوتوونەتە بەر شەبەیخونی کورد و، سەریان لەو لێقەوماوی و نەهامەتییەی خۆیان سوڕ دەما، نەیاندەزانی ئەم دوژمنە نادیارە چۆن چۆنی هەمووـ←

بەرگوێ کەوت لە هێرش پەشیمان بوونەوە و ترسی بەزین و دۆڕاندنیان کەوتە دڵ، وایاندەزانی هێزەکانی ئیسلام بە دوویانەوەن، بەڵام کە دیتیان هیچ دیار نەبوو، وەستان و دەواریانلێهەڵدا و کەوتنە چاوەڕوانی، تا بزانن چی ڕوودەدات و مەسەلەکە دەگات بە چی، بەڵام هیچ شەڕێك لە نێوانیاندا ڕووی نەدا[1].

لەم دوو ڕووداوەی، سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەی منکلی و کۆبوونەوەکەی داقووقەوە، پێوەندیی دۆستانەی نێوان هەولێر و بەغدامان بۆ دەردەکەوێت، تا ڕادەیەکی ئەوتۆ کە خەلیفە سەرداری هەولێر بکات بە فەرمانداری گشتی هەموو ئەو لەشکرانەی لەو دوو ڕووداوەدا بەشدارییان کرد.

(بدرالدین لؤلؤ) مەترسییەکی گەورەی لەم پێوەندی و ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەی نێوان هەولێر و بەغدا کەوتە دڵ. لەبەر ئەوە، بەهەموو هێز و توانای خۆی کەوتە کۆشش بۆ تێکدانی و بۆ دڵڕەشکردنی خەلیفە (الناصرلدین الله)، بەڵام خەلیفە نەخلیسکا، وەلێ بە ئاگا هاتەوە و کەمێك کەوتە دووربینی، لەگەڵ ئەوەشدا، خەلیفە پشتگیری لەو هاوپەیمانییە دووقۆڵییەی نێوان سەرداری هەولێر و مەلیکی ئەیووبی (عیسی)ی سەرداری دیمەشقدا دەکرد، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە خەلیفە لەگەڵ

←شەوێ هەڵدەکوتێتە سەریان و لەکوێوە دێن. پاشان خەلیفە کۆمەڵ کۆمەڵ هەموو لەشکرەکانی کۆکردەوە و بانگەوازی هەڵدا، لەهەموو لایەکەوە نوێنەران ڕوویان تێ کرد، کاتێك بیستیان شاندی مەگۆل گەیشتووە، ڕوویان لە سەرداری هەولێر کرد کە هەموو لەشکرەکەی دەربخات و خەڵکی ڕەشەکی و وەرزێرانیان تێکەڵ بکات، کاتێکیش گەیشتە ناو (داقوق) چەندین جار هەندەی لەشکرەکەی بۆ دیار کرد، سەرداری داقوقیش لە مەملوکەکانی خەلیفە بوو. فەرمانی دا دەوارێکی زۆر گەورە هەڵبدرێت، هەندەی نیو قۆناغیش ڕایەخیان ڕاخست و، سەکۆیەکی بەرزیشیان بەسەر تەختێکەوە دامەزراند بە پەیژە بۆی سەردەکەوتن، وێنەیەکی گەورە و جوان بوو. بیست هەزار کەسیش دەست بە شمشێری ڕووتەوە ڕیزببوون. بنۆڕە کتێبەکەی: مخطوط (تأريخ الاسلام)، ورقة ١٣٥ ـ ١٣٦.

(١) لكامل ١٢/ ٣٧٩. الذهبي، ن. م. ورقة ١٣٣. العبر ٥/ ٦٥.

ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب، ٥/ ٧٢.

بەرگوێ کەوت لە هێرش پەشیمان بوونەوە و ترسی بەزین و دۆڕاندنیان کەوتە دڵ، وایاندەزانی هێزەکانی ئیسلام بە دوویانەوەن، بەڵام کە دیتیان هیچ دیار نەبوو، وەستان و دەواریانلێهەڵدا و کەوتنە چاوەڕوانی، تا بزانن چی ڕوودەدات و مەسەلەکە دەگات بە چی، بەڵام هیچ شەڕێك لە نێوانیاندا ڕووی نەدا[1].

لەم دوو ڕووداوەی، سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەی منکلی و کۆبوونەوەکەی داقووقەوە، پێوەندیی دۆستانەی نێوان هەولێر و بەغدامان بۆ دەردەکەوێت، تا ڕادەیەکی ئەوتۆ کە خەلیفە سەرداری هەولێر بکات بە فەرمانداری گشتی هەموو ئەو لەشکرانەی لەو دوو ڕووداوەدا بەشدارییان کرد.

(بدرالدین لؤلؤ) مەترسییەکی گەورەی لەم پێوەندی و ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەی نێوان هەولێر و بەغدا کەوتە دڵ. لەبەر ئەوە، بەهەموو هێز و توانای خۆی کەوتە کۆشش بۆ تێکدانی و بۆ دڵڕەشکردنی خەلیفە (الناصرلدین الله)، بەڵام خەلیفە نەخلیسکا، وەلێ بە ئاگا هاتەوە و کەمێك کەوتە دووربینی، لەگەڵ ئەوەشدا، خەلیفە پشتگیری لەو هاوپەیمانییە دووقۆڵییەی نێوان سەرداری هەولێر و مەلیکی ئەییوبی (عیسی)ی سەرداری دیمەشقدا دەکرد، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە خەلیفە لەگەڵ

←شەوێ هەڵدەکوتێتە سەریان و لەکوێوە دێن. پاشان خەلیفە کۆمەڵ کۆمەڵ هەموو لەشکرەکانی کۆکردەوە و بانگەوازی هەڵدا، لەهەموو لایەکەوە نوێنەران ڕوویان تێ کرد، کاتێك بیستیان شاندی مەگۆل گەیشتووە، ڕوویان لە سەرداری هەولێر کرد کە هەموو لەشکرەکەی دەربخات و خەڵکی ڕەشەکی و وەرزێرانیان تێکەڵ بکات، کاتێکیش گەیشتە ناو (داقوق) چەندین جار هەندەی لەشکرەکەی بۆ دیار کرد، سەرداری داقوقیش لە مەملوکەکانی خەلیفە بوو. فەرمانی دا دەوارێکی زۆر گەورە هەڵبدرێت، هەندەی نیو قۆناغیش ڕایەخیان ڕاخست و، سەکۆیەکی بەرزیشیان بەسەر تەختێکەوە دامەزراند بە پەیژە بۆی سەردەکەوتن، وێنەیەکی گەورە و جوان بوو. بیست هەزار کەسیش دەست بە شمشێری ڕووتەوە ڕیزببوون. بنۆڕە کتێبەکەی: مخطوط (تأريخ الاسلام)، ورقة ١٣٥ ـ ١٣٦.

(١) لكامل ١٢/ ٣٧٩. الذهبي، ن. م. ورقة ١٣٣. العبر ٥/ ٦٥.

ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب، ٥/ ٧٢.

(الملك الكامل)ی ئەیوبیی سەرداری میسردا لێك نیگەران بوون بەهۆی ئەو سووکایەتییەی کە کوڕی ئەم مەلیکە - سەرداری یەمەن - بە میری حاجییانی عیراقی کردبوو، لەبەر ئەوە خەلیفە لە (الملك الكامل) و لە هاوپەیمانی ئەم مەلیکە و لە (الملك الاشرف)ی برایشی نیگەران بوو، ئەنجام هاوپەیمانەکەی (بدرالدین لؤلؤ)یشی گرتەوە. خەلیفە نامەی بۆ (موزەففەرەددین گۆگبوری) نارد و ئەم بارە نوێیەی بۆ ڕوون کردەوە، ئنجا هەردووکیان پێوەندییان بە سەرداری دیمەشقەوە کرد[1].

لەگەڵ ئەوەشدا، خەلیفە پشتگیری لەو ڕێکارانە دەربڕی کە (بدرالدین لؤلؤ) لەبارەی دانانی میرە منداڵەکان لەسەر تەختی حوکمی موسڵ پێڕەوی کردبوو[2]، بەوەش (عمادالدین زەنگی)ی زاوای (موزەففەرەددین گۆگبوری)ی لە تەختی موسڵ بێبەش کردبوو، کە ببووە هۆی تێکچوونی پێوەندی و پەیدابوونی دوژمنایەتی لەنێوان سەرداری هەولێر و موسڵدا، وەك پێشتریش باسمان کرد.

ئەم خەلیفەیە لەساڵی (٦٢٢ك/ ١٢٢٥ز)دا مرد، کاتێ کە دوژمنایەتی نێوان هەولێر و موسڵ گەیشتە ئەوپەڕی توندی. (بدرالدین لؤلؤ) لەوە دەترسا خەلیفەی نوێ (المستنصر بالله)[3](٦٢٣ - ٦٤٠ك/ ١٢٢٦ - ١٢٤٢ز) پشتی تێ بکات و دەستی لێ بەربدات. لەبەر ئەوە نامەی بۆ دەنارد و خۆی لێ نزیك دەکردەوە تا لە (موزەففەرەددین گۆگبوری) هەڵیگێڕێتەوە و بیکات بە دوژمنی. دەیویست وا لە خەلیفە بگەیێنێ کە ئەو میرە بە قسەی ناکات و ملی بۆ کەچ ناکات. لەو نامانەدا کە (ضیاءالدین ابن الأثیر) لە تەلاری موسڵ دەینووسی، لە نامەیەکیاندا نووسرابوو کە سەرداری هەولێر ویستوویەتی دەوڵەتی غەیرە عەرەب (الاعاجم) بهێنێتەوە

---

(١) الكامل ١٢/ ٤٦٢.

(٢) هـ. س. ١٢/ ٣٣٤.

(٣) بەر لە (المستنصر بالله) (الظاهر بامرالله)ی باوکی، خەلیفە بوو، بەڵام لە دەمانگ زێتری نەخایان. لە ڕەجەبی ساڵی (٦٢٣ك/ تەمووزی ١٢٢٦ز) مرد، بنۆڕە: الكامل ١٢/ ٤٥٦.

هـەولێر و بەئاشـکراش باسـی کـردووە و ڕێگـای پـێ داوە - هەرچەندیـشە گـیر و، چاوبرسییە - بەڵام لـە گەنجینـە پڕەکانی کۆمەکیـشی پـێ کـردووە[١]. لـەوەش زیـاتر دەڕواو دەڵێـت: (موزەففـەرەددین گۆکبـوری) دوژمنـانی خەلیفـەی لـە ناوچـەکە خـڕ کردووەتـەوە و بـەنیازە هێرشـیان پـێ بکاتـە سـەر بەغـدا و دەڵێـت: سـەرگەورەی خواریزمی گاڵ داوە و، سەرگەورەی خۆراسانیشی لە خەلیفە ڕاست کردووەتەوە[٢].

وادیـارە، (بدرالـدین لؤلـؤ) لـەم درۆ و دووزمانییـەدا سـەرکەوتووە و خەلیفـەی بەلای خۆیدا کێش کـردووە، ئـەوەتا، (الحمـوي) دەڵێـت: خەلیفـە نامەیـەکی نـارد بـۆ سەرداری موسڵ، پشتگیری لێ دەکات دژ بە (موزەففەرەددین گۆکبـوری) و بەڵێنیـشی دەداتێ هەموو یارمەتییەکی بدات[٣].

بـەڵام پاشـان خەلیفـە بایدایـەوە بـەلای سـەرداری هـەولێردا، پێدەچـێ سـەرداری هەولێر دبلۆماسییەتێکی عاقڵانەی گرتبێتە بەر کە خەلیفە چاو بە ڕەفتاری خۆیـدا بەرامبەر بەو بخشێنێتەوە و بۆی دەرکـەوتبێ کـە سـەرداری هـەولێر بێتاوانـە و لـەو تۆمەتەی کە (بدرالدین لؤلؤ) داویەتییە پاڵی بێبەرییە. ئەم بادانەوەیەی خەلیفـەش لەوەوە هاتووە کە خاڵێك لەخاڵەکانی ئەو ڕێککەوتنەی ساڵی (٦٢٦ك/ ١٢٢٩ز)ی نێـوان خەلیفە و سوڵتانی خواریزم (جلال الدین منکبرتی) ئەوەی تێدایە کە خەلیفە داوای لەم سـوڵتانە کـردووە دەسـت بـۆ زەوی و زاری میرەکانی ناوچـەکە درێـژ نـەکات، کـە (موزەففەرەددین گۆکبوری)یش یەکێکە لەو میرانە، چـونکە ئەوانـە سـەر بـە دیـوانی خەلافەت و دەسدای ئەون[٤].

پێوەندیی دۆسـتانەی نێـوان هـەولێر و بەغـدا دەوامـی کێـشا، نـەخوازەلا هـەموو

---

(١) ضياء الدين ابن الأثير، رسائل ابن الأثير، ص ٧١.

(٢) م. ن. ص.

(٣) الحموي، التأريخ المنصوري، ٢٢٤.

(٤) النسوي، سيرة السلطان جلال الدين منكبرتي، ص ٣٠٤.

الجويني، تأريخ جهانشكاي ٢/ ١٥٥. عباس اقبال، تأريخ مفصل ايران، ص ١٣.

ناوچەکەش سەرلەبەری کەوتبووە بەر مەترسیی مەگۆلان و، چەندین ساڵیش بوو پەلاماریان دەدا و هێرشیان دەهانی. ئەمارەتی هەولێریش لەو پەلامار و هێرشانە سەر سەلامەت نەبوو، بەڵکو کاری لە بەرگری و لە توانستی هەولێر کردبوو، لەبەر ئەوە، سەرداری هەولێر وەهای بەچاکتر زانی بەرگرییەکی هاوبەش لەدژی ئەو دەستدرێژکارانە رێك بخرێت. هەولێر هەند لاواز و کەم هێز ببوو، هەندێ گرووپی چەتە و رێگر پەلاماری دەوروبەری شارەکەیان دەدا. (ابن الأثیر) دەڵێت: لەساڵی (٦٢٧ك/ ١٢٢٩ز)دا، میر (شمس الدین سونج) پەیدا بوو. ئەو کابرایە سەرۆکی ئێلی (قشیالوا)ی تورکمانە، دۆست و لایەنگرانی خۆی کۆ کردەوە و گاڵیانی دەدا لەناوچەی نێوان هەولێر و هەمەداندا[1] بکەونە تاڵان و برۆ و رێگا برین و چەتەیی و تێکدانی ئاسایش و ئارامی، تا قەڵای (سارۆ)[2] شیان داگیر کرد، قەڵای (سارۆ) قەڵایەکی سەختی ناوچەی هەولێر بوو (عزالدین محمد الحمیدي) کە بەرپرسی قەڵاکە و یەکێك بوو لە گەورە میرانی (موزەففەرەددین گۆگبوری)[3]، ئەویشیان کوشت. ئنجا، سەرداری هەولێر، خۆی، بەرەنگاریان بووەوە، وەلێ نەیتوانی قەڵاکەیان لێ بسەنێتەوە، داگیرکاران خۆیان لە قەڵاکەدا قایم کردبوو، (موزەففەرەددین گۆگبوری)، ناچار، تەبایینامەیەکی لەگەڵیاندا مۆرکرد و قەڵاکەی بۆ ئەوان بەجێ

---

(١) لکامل ١٢/ ٤٩٣. مفرج الکروب ٤/ ٣٠٦.

(٢) (سارۆ): جێگای ئەم قەڵایەمان لە کتێبگەلی وڵاتگەڕاندا نەدیتەوە، بەڵام کەوتبووە نزیك رویندوز (ڕەواندزی ئێستا) وەك لە قسەکانی (ابن الأثیر)ەوە دەردەکەوێت، ١٢/ ٤٩٣.

(٣) (ابن الأثیر) ناوی ئەم میرە لە نوسخەکەی چاپی (دار صادر - بیروت، ساڵی ١٩٦٦)دا نابات، کە ئێمە پشتمان پێی بەستووە، وەلێ لە نوسخەکەی (مطبعة الاستقامة - القاهرة)دا کە لە (الکامل ٩/ ٣٨٢)ەوە وەریگرتووە ناوی دەبات. ئەم میرە یەکێك بوو لە گەورە میرانی (الملك الاشرف الأیوبي)، بەڵام لێی جیابببووەوە و خۆی گەیاندبووە لای سەرداری هەولێر. بنۆڕە: لاپەڕەی (١١٩).

هێشت. (شمس الدین سونج) قەڵای (روینـدز)[1] یشی داگیر کرد کە قەڵایەکی قایمکاری ناوچەکەیە.

ئەم غەڵەبەو سەرکەوتنانەی ئەم گروپە لە دەوروبەری هەولێردا بەدەستیان هێنا، (موزەففەرەددین گۆگبوری) ناچار کرد پێوەندییەکانی لەگەڵ خەلیفەدا چاکتر بکات، نەخوازەلا کە مەترسیی مەگۆلانیش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو[2]. ئەم هەموو ڕووداوانە کارێکی وەهای کرد پێوەندیی نێوان سەرداری هەولێر و خەلیفەی بەغدا زیاتر توند و تۆڵتر ببێت و، لە ساڵی (٦٢٨ك/ ١٢٣٠ز)دا، (موزەففەرەددین گۆگبوری) سەردانێکی خەلیفەی کرد لە بەغدا، ئەو سەردانە دەنگی دایەوە و بوو بە نیشانەی ئەوپەڕی پێوەندی و دۆستایەتی.

سەردانەکەی بەغدای[3] ساڵی (٦٢٨ك/ ١٢٣٠ز)ی موزەففەرەددین گۆگبوری

دوای پتەوبوونی پێوەندیی دۆستانەی نێوان ئەمارەتی هەولێر و خەلیفەی بەغدا، خەلیفە (المستنصربالله) داوەتی (موزەففەرەددین گۆگبوری)ی کرد، بۆ بەغدا. بەو نیازەش خەلیفە، هەر یەکە لە (محي الدین یوسف ابن الجوزي)[4] و (سعدالدین

(١) ابن الأثیر، وەصفی قەڵای روینذز (رەواندز) دەکات، دەڵێت: چاکترین و سەختترین قەڵایە، کە وێنەی نەبووە. ئەوکات سەر بە ئازەربێجان بووە: (الکامل ١٢/ ٤٩٣. (یاقوت الحموي)یش هەروەها دەڵێت: معجم البلدان ٣/ ١٠٥.

(٢) محمد رضا الشبیبي، مؤرخ العراق ابن الفوطي، جـ٢، ص ١١.

(٣) ئەوە دووەم جار بوو، (موزەففەرەددین گۆگبوری) بە میوانی بۆ بەغدا بچێت. جاری یەکەمیشی ئەوەبوو کە لە تەختیان خست و لە هەولێریش دەریانکرد. کەچی هەندێ لە مێژوو نووسان ئەم سەردانەی (٦٢٨ك) دەکەنە سەردانی یەکەم.. بنۆڕە:

أ. الحوادث الجامعة، ص ١٩. دانەری ئەم کتێبە دەڵێت: " موزەففەرەددین گۆگبوری بەر لەوە، بۆ بەغدا نەچووە".

(٤) ئەم (محی الدین یوسف)ە، کوڕی مێژوو نووسی بەناوبانگ (ابو الفرج عبدالرحمن بن علي (ابن الجوزي) یە (ت ٥٩٧هـ). کە خاوەنی کتێبی (المنتظم في تأریخ الامم) و کتێبی دیکەی زۆریشی هەیە. (محي الدین یوسف) کەسێك بوو لە پیاوە گەورەو ناودارەکانی تەلاری خەلیفە و، پلەی کوێخایەتیی تەلاری لە ساڵی (٦٤٢ك)دا لە سەردەمی خەلیفە (المستعصم)دا هەبوو: مرآة الزمان ٨/ ٧٤٧.

حسن ابن الحاجب علي)ی لە ساڵی (٦٢٧ك/ ١٢٣٠ز) [1]دا نارد بۆ هەولێر کە خەلیفە بەنیازە میواندارییەکی بکات لە بەغدا. سەرداری هەولێریش بەسوپاسەوە ڕەزامەندیی دەربڕی و، فەرمانی دا، گەورە پیاوانی تەلار بکەونە خۆ و ئامادەبن. کاروان، لەمانگی موحەڕەمی (٦٢٨ك/ تشرینی دووەمی ١٢٣٠ز)دا کەوتە ڕێ و (موزەففەرەددین گۆکبوری) کلیلی هەولێر و هەموو قەڵاکانیشی لەگەڵ خۆی برد کە پێشکەشی بکات بە خەلیفە[2]وەك ڕادەستدانێکی پێشەکیی ئەمارەتەکەی و، بەستنیشی - دوای مردنی خۆی - بە مەملەکەتی خەلیفەوە.

دەمێ (کاتێ) میوانەکان لە بەغدا نزیك بوونەوە، هێشتا قۆناغێکیان مابوو بگەنە شوورە[3] و دەرگای شار، ئا لەوێدا پێشوازییەکی گەورە و گەرمیان لێ کرا. (فخرالدین احمد بن مؤید القمي)ی جێگری وەزیری خەلیفە، سەرگەورەی پێشوازیکاران بوو، میر و قازی و مەلا و هەموو کارمەندانی گەورەی تەلاری (المستنصر) وەپێر میوانەکانەوە هاتبوون، پاشان هەموو پێکەوە چوونە ناو شاری بەغدا، کە گەیشتنە عەتەبەی دەرگای پاسەوان (باب النوبي) [4]، (موزەففەرەددین گۆکبوری) دابەزی و عەتەبەکەی ماچ کرد، ئەوجا هەموویان بەرەو خانووی خەلافەت کەوتنەڕێ[5].

خەلیفە فەرمانی دابوو، میوانەکەی ببرێتە تەلاری (التاج) [6]لەسەر ڕووباری

(١) الحوادث الجامعة ص ١٩.

(٢) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان ٨/ ٦٨١. الذهبي، مخطوط تأريخ الاسلام، ورقة ١٨٣.

(٣) شوورەکەی باکووری قەڵاکەیە، دەوری بەغدای دابوو، تا دەگەیشتە سەر دیجلە و لە (الباب الشرقی)دا دەگوزایەوە (کۆتایی دەهات): الحوادث الجامعة، ص ٢٠.

الهامش للمحقق الدكتور مصطفى جواد.

(٤) (باب النوبي)، بنۆڕە لاپەڕەکانی دوای لاپەڕەی ١٥٢، پەراوێزی (٣).

(٥) الحوادث الجامعة ص ٢٠.

(٦) ناودارترین تەلاری (دارالخلافە)یە لە بەغدای لای ڕۆژەڵات. لەسەر کەناری دیجلە، لە سەردەمی (الرشيد)دا، (جعفر بن يحيى ابن خالد ابن برمك) بنیادی ناوە: معجم البلدان، مادە تاج ٢/ ٣ ـ ٥.

دیجلـە. هەرچـی دەسـت و پێوەندەكانیـشە بەسـەر چـەند ماڵێكـدا دابـەش كـران (داكران)". پـاش ئـەوەی میوانـان مانـدوویان حەسـایەوە، خەلیفـە (موزەففـەرەددین گۆگبوری)ی بۆ ئەنجومەن بانگ كرد، ئەمیش خۆی و میرەكانی چوون و خاكەكـەیان ماچ كرد. سەرداری هەولێر، بە پەیژە وەسـەر كورسـییەك كـەوت بـەخۆی و جێگـری وەزارەت و كوێخای تەلارەوە، پەردە لادرا و، میوان سڵاوی لە خەلیفە كـرد و، ئایـەتی "اكملت لكم دینكم واتممت علیكم نعمتي"[١] ی بەگوێی خەلیفەی عەباسـیدا هـەڵ دا. خەلیفە، سـڵاوی سـەندەوە و، ئایـەتی: "انـك الیـوم لـدینا مكـین امـین"[٢]ی بەسـەردا خوێندەوە. (موزەففەرەددین گۆگبوری)یـش چـەندین جـاران خاكەكـەی مـاچ كـرد[٣]. پاشان سوپاسی ئەو زیافەتەی خەلیفەی كرد.

ئیـدی، دوای تـەواو بـوونی ئـەم ڕێوڕەسمـە، خەلیفـە خـەڵات و دیارییـەكی زۆری پێشكەش بـە سـەرداری هـەولێر كـرد. دوو شمـشێر و، ئەسـپێكی زینـزێـڕ و بنـزینێـك (كنبـوش) [٤]و بەرسـنگێكی (مـشدة) [٥]ئاوریـشم و كیفێكـی قایـشی (سـیر)ی بـە دوو ئالآیەر[٦]زێڕ نەخشەوە[٧]تێـدا بـوون. پاشـان (موزەففـەرەددین گۆگبـوری) لـە دەرگـای (القائمي)یەوە كە دەكەوێتـە سـەر ئـاوە پاكەكـە و دەرگـای (التمـر)ر[٨]یـشی پێـدەڵێن،

---

(١) القرآن الكریم، سورة المائدة، الآیة (٣). واتا: (ئەمڕۆ ئایینەكەتانم بۆتان تەواو كرد و، بەرەكەتی خۆشم بەسەرتانا گەیاندە جێ).

(٢) القرآن الكریم، سورة یوسف، الآیة (٥٤). واتا: (تۆ، ئەمڕۆ لەلای ئێمە پشتئەستووری، دڵنیابە).

(٣) الذهبي، مخطوط، تأریخ الاسلام، ورقة: ١٧٦.

(٤) (كنبوش ـ البرذعة) واتا: (بن زین) یان (ئارەقگیر) پارچە لبادێكە لەبن زینـەوە دەخرێتـە سـەر پشتی ئەسپ: أدي شیر، الألفاظ الفارسیة المعربة، ١٣٨.

(٥) مشدة: بەرسنگ ـ بەرسینە، وەك ملوانكە دەكرێتە ملی ئەسـپ، كـەمێك بەرسـنگی دەگرێتـەوە، بۆ جوانییە: الحوادث الجامعة ـ هامش ص ٢١.

(٦) (سنجق) - ئالآ، القلقشندي، صبح الاعشى ٥/ ٤٥٨. أدي شیر، ص ٩٥.

(٧) الحوادث الجامعة، ص ٢١. الذهبي، تأریخ الاسلام، ورقة ١٧٦.

(٨) باب التمر، او باب سوق التمر، دلیل خارطة بغداد، ١٥٨.

لەوێوە چووە دەرەوە.

سەرداری هەولێر، لەو ماوەیەدا کە لەبەغدا بوو، زیارەتی جێگا ئاینییەکانی کرد و، رووی لە هەر جێگەیەك[1] کردبا زیافەت و ئاهەنگی گەورە بۆ خۆی و دەست و پێوەندەکانی دەگێردرا. پاشان میوانییەکی تری بۆ لای خەلیفە بۆ سازدراو کە گەیشتە دیوەخانی خەلیفە، خەلیفە پێیگوت (چیی پێ خۆش بووە و حەزی بە چییە)، (موزەففەرەددین گۆکبوری) ئەمجارەش عەردەکەی لستەوە و کەوتە دۆعا بۆکردنی و ئەم ئایەتەشی بۆ خوێندەوە: "یا لیت قومي یعلمون بما غفر لي ربي وجعلني من المکرمین"[2] پاشان، زیل و بەم (الکوسات)[3]ی بۆ لێدرا، ئنجا شەست هەزار دیناری پێدرا بۆ ئەرکومەسرەفی رێگا و خەرجی دەست و پێوەندەکانی[4].

پاش تەواو بوونی زیارەت ئنجا، چوو بۆ دایەرەی وەزارەت، پاشان بۆ گەرانی ناو بەغدا و، سەری لەو چادرگایەش دا کە بۆ سەربازەکانی لە دەرەوەی شوورەی بازاری سوڵتان سازدرابوو[5].

ئەو سەردانە بیست رۆژی خایان[6]. بە حورمەت و رێزێکی زۆرەوە بە رێخراو گەرایەوە بۆ وڵاتی خۆی[7]و، هەردوو نوێنەرەکەی خەلیفە: (محي الدین یوسف ابن الجوزي) و (سعدالدین حسن بن الحاجب علي) بەگەڵی کەوتن و تا ماوەیەکیش لەلای

---

(١) الحوداث الجامعة، ص ٢٢.

(٢) القرآن الکریم، سورة یس، الآیة (٢٧): واتا خۆزگە قەومەکەم دەیانزانی کە خوا بە چی لێم بووردووە و سەرمی بەرز کردووەتەوە.

(٣) بنۆرە پەراوێزی ژمارە (٣)ی دوای لاپەرەی (١١٥) لێکدانەوەی (الکوسات).

(٤) الحوادث الجامعة، ن. ص. الذهبي، مخطوط "تأریخ الاسلام"، ورقة ١٧٦.

(٥) باب سوق السلطان: (باب المعظم)ی ئێستا. ئەم بازارە لە (ساحة المیدان)ی ئێستاوە دەیگرتەوە تا (المدرسة المستنصریة). (سوق الثلاثاء) یان پێدەگوت: دلیل خارطة بغداد، ص ١٦٠.

(٦) ابن الفوطي، تلخیص مجمع الآداب، ط/ لاهور، جـ ٥، ص ٥٩٠.

(٧) ابن کثیر، البدایة والنهایة، ١٣/ ١٢٩.

مانــەوە. پاشــان گەڕانــەوە بــۆ بەغــدا و بــە خەلیفــەیان گــوت: (موزەففــەرەددین گۆگبوری) سوێندی میران و گەورەپیاوانی خەڵکی وڵاتەکەی دا کە بۆ خەلیفە ملکەچ بن و، کە مردیش هەولێری ڕادەست بدەن[1]. سەرباریش خوتبەی کوڕانی (العـادل)ی ئـەیوبیی وەسـتاند و، دەسـدایی خۆیـشی لەگـەڵ (الملـك الكامـل محمـد)ی سـەرداری میـسریش بـڕی و، خوتبـەی بـەناوی خەلیفـە کـرد و دەسـدایی خۆیشی بـۆ خەلیفـە ڕاگەیاند[2].

(ابـن کـثیر) لـە باسـی ئـەم میوانێتییـەدا دەڵێـت: شـەرەفێك بـوو بـۆ سـەرداری هـەولێر، هـەموو مەلیکـەکان خۆزگـەیان بـۆ دەخواسـت و، ئـەوانیش دەیانویـست زیارەتێکی وەك ئەوەی ئەو بکەن و بەو شەرەفە بگەن، بەڵام بەختیان نەیبڕی[3].

بێگومان ئەو سـەفەرەی بەغـدا، پێوەنـدیی نێـوان هـەولێر و بەغـدای لـە هـەموو وەختێك پتەوتر کرد. ئیـدی سـەرداری هـەولێر، وێـڕای ئـەوەش کـە پـیر ببـوو بـەڵام خەلیفە بەچاوی فەرمانداڕێکی لێوەشاوە و شایان لێی دەڕوانی و لـە هـەموو کەسـێك زێتر پشتی پێی قایم بوو، بەدۆستی ڕۆژی تەنگانەی دادەنـا. سەرچـاوەکانیش دەڵـێن؛ لـەو هێرشەشـدا بەشـداریی کـرد کـە خەلیفـە بردییـە سـەر ئـەو مەگۆلانـەی وڵاتـی ئازەربێجانی نزیك بە ئەمارەتی هەولێر و مەملەکەتی خەلیفەیان وەڕێـر پـێ نـابوو، ســەرباری ئــەوەش وڵاتــی شارەزووریــشیان - کــە (عمــاد الــدین زەنگــی)ی زاوای (موزەففــەرەددین گۆگبــوری) حــوکمی دەکــرد - تــەنگاو کردبــوو، (جــلال الــدین

---

(١) الحوادث الجامعة، ص ٢٣.

(٢) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٨/ ٦٨١.

(٣) ابن کثیر، البدایة والنهایة ١٣/ ١٢٩. ئەوەی جێگـەی ڕامـان و شـایانی پرسـیارە ئەوەیـە، کـە (ابـن الأثـیر) باسـی ئـەم سـەفەرەی سـەرداری هـەولێر ناکـات، سـەیرەکەش لەوەدایـە، ئـەو سـەرومرِ، مێژووەکەی دەنووسی کە تـا کۆتـایی سـاڵی (٦٢٩ك)یـش لەسـەر نووسـینی هـەر بـەردەوام بـوو، بـەڵکو تـا کۆتـایی مـانگی سەفەری ساڵی (٦٢٩ك)یـش (کـانونی یەکـەمی سـاڵی ١٢٣١ز) هـەر بـە نووسینەوە خەریك بوو: ... بنۆڕە: الکامل ١٢/ ٥٠٤.

منکبرتی)ی سوڵتانی خواریزمیش کە لە ساڵی (٦٢٨ك/ ١٢٣٠ز)دا کوژرا ئیدی ئەو بەربەستەش لە ڕێگەی کشانی مەگۆلاندا نەمابوو، چونکە ئەو (جلال الدین)ە وەك دیوارێك ڕێگای لێ گرتبوو[١].

خەلیفە کەوتە خۆ و، سەرباز و لەشکری تەیار کرد، (جمال الدین قشتمر)ی سەرلەشکرەکەی خۆی، کرد بە فەرمانداریان[٢]. ئەوجا کردیە سەر وڵاتان کۆمەکییان پێبکەن. لەو دەمەدا بوو، لەپڕ نوێنەری (موزەففەرەددین گۆگبوری) بە هەڵەداوان گەیشتە بەغدا و هانای بۆ خەلیفە برد کە مەگۆل گەیشتوونەتە وڵاتەکەی و گوندەکانیان تاڵان کردووە و خەڵکێکی زۆریشیان کوشتووە. بگرە لە کۆتایی ساڵی (٦٢٨ك/ ١٢٣١ز)دا چوونە ناو شاری هەولێریشەوە - وەك ابن الأثیر دەڵێ - خراپەکاری و بێئابڕووییەکی ئەوتۆیان لە شارەکەدا کردووە، لەوە پێش نەکراوە و نەبیستراوە[٣]. هەندەشیان لە خەڵکەکەی کوشتووە مەگەر هەر خوا بزانێ چەندن[٤]. ئەوجا، ملیان نا لە (کرخینی)، واتا کەرکوك و، لەوێشەوە گەیشتنە داقوق و خەڵکێکی زۆریشیان لەو دوو شارەدا کوشت[٥].

(جمال الدین قشتمر)ی فەرماندای لەشکرەکانی خەلیفە، بەخۆی و سەرباز و میرەکانیترەوە بەرەوباکوور کەوتەڕێ تا لەگەڵ لەشکرەکەی (موزەففەرەددین گۆگبوری)دا یەك بگرنەوە و گرووپە مەگۆلەکانی ئەم ناوچەیە لەناو ببەن. هەردوو لاش، (لایەنی خەلیفە و لایەنی هەولێر) لەلای قەڵای کەرخینی (کەرکوك)

---

(١) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان ٨/٦٧٠. الذهبي، العبر، ١١٣/٥.

رشيدالدين فضل الله الهمداني، جامع التواريخ، مجلد/٢، جـ ١، ص ٢٩٩.

النجوم الزاهرة، ٢٧٧/٦. الغساني/العسجد المسبوك، ص ٣٢٠.

(٢) ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، مجلة المشرق لسنة ٤٩، ص ٧٣٧.

(٣) لكامل ١٢/ ٥٠١. مفرج الكروب ٤/ ٣٢٨.

(٤) المقريزي، جـ ١، ص ٢٤١.

(٥) الكامل، ص. ن. مفرج الكروب ٤/ ٣٢٨.

کۆبوونەوە و چادرگایان لێ هەڵدا، بەڵام هیچ ئاسەوارێکی مەگۆلیان نەدیت. بەهەر حاڵ، تا ماوەیەکی زۆریش، لەوێ چاوەڕوانیان کرد تا بێزاربوون. ئەم چاوەڕوانی و بێزارییەش بووە هۆی پێکدادانی هەردوو لەشکری خەلیفە و لەشکری سەرداری هەولێر و، هەندێ کوژراو و برینداریشی لێ کەوتەوە، ئەگەر پیاوەتی و ئاقڵی و هێوریی (جمال الدین قشتمر) نەبوایە ئەنجامێکی خراپتری لێ پەیدا دەبوو، ئەو نەیهێشت خوێنی زێتر بڕژێ. ئەوەبوو خۆی کرد بە دەوارەکەی (موزەففەرەددین گۆگبوری)دا، کەچی سەیری کرد، وا، خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکات، ئەوجا، هێوری کردەوە و هێنایەوە سەرخۆی و دەستی کرد بە گلەیی و سەرزەنشت، پاشان دڵی دایەوە و بەزمانی شیرین کەوتە ئامۆژگاری و ئاشتکردنەوەی. بەو جۆرە ئاگری شەڕەکەی کوژاندەوە و نەیهێشت بتەنێتەوە[1].

کاروان لە کەرخینیەوە بەرەو شارەزوور کەوتەڕێ و گەیشتە موغان[2] لە رۆژاوای شارەزوور کە مەترسیی مەگۆلی لەسەر بوو[3] چونکە مەگۆل گەیشتبوونە (سامیان)[4] کە گوندێکە لە گوندەکانی هەمەدان. لەشکری ئیسلام لە تینوێتیدا پەرێشان بوون، ئاویان پێ نەمابوو، هەندێکیش لە سەربازەکان لە بێ ئاویدا خنکان و مردن، سەرداری هەولێریش نەخۆشکەوت و لەپاکەوت و لەگەڵ کاروانـدا بڕی نەدەکرد، پیریش بوو، تەمەنی هەشتا ساڵ بوو. لەبەر ئەوە لە موغان لایان دا و وەستان. سەرداری هەولێر بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ هەولێر، داوای لە (جمال الدین قشتمر) کرد کە (شرف الدین علي) و میر (سعدالدین حسن ابن الحاجب علي)ی لەگەڵدا

---

(١) الحوادث الجامعة، ص ٢٨.

(٢) موغان، یان (موقان) وڵاتێکی ئاوەدان و شینایيە، گوندی زۆرە، لە ئازەربێجانە، تورکمان ئاژاڵی تێدا دەلەوەڕێنن.. معجم البلدان ٥/ ٢٢٥.

(٣) (ابن العبری) دەڵێت: مەگۆل شارەزووریان داگیر کرد. بنۆڕە: تأریخ الدول السرياني، مجلة المشرق، سالی ٤٩، ص ٧٣٧.

(٤) (سامیان)، یان (سامین)، معجم البلدان ٣/ ١٧٨. گوندێکی هەمەدانە.

بنێرێ، تا، قەلای (خفتیان) [1] یان ڕادەست بدات و، دوای مردنیشی، شاری هەولێر بگرنە دەست. (جمال الدین قشتمر) داواكەی بەجێ هێنا و قایل بوو بەو جۆرە (موزەففەرەددین گۆكبوری) لەگەڵ هەردوو نوێنەرەكەی خەلیفەدا گەیشتنە هەولێر.

(جمال الدین قشتمر)یش نەیویست لەوە زیاتر لەو ناوچە شاخاوییەدا چاوەڕوان بێت، لەبەر ئەوە، دووبارە، بەلەشكرەوە گەڕایەوە[2] بۆ كەرخینی. پێدەچێ ویستبێتی لە هەولێرەوە نزیك بێت و چاوەڕوانی مردنی (موزەففەرەددین گۆكبوری) بكات تا یەكسەر ئەمارەتەكەی بگرێتە دەست، بەلام دوو نوێنەرەكەی خەلیفە كە لەگەڵ سەرداری هەولێر بوون، هەندەی نەبرد گەڕانەوە بۆ كەرخینی و، بە (جمال الدین قشتمر)یان گوت، (موزەففەرەددین گۆكبوری) تەندروستە و تا بڵێی باشە و هیچ نەخۆشییەكی نییە و، بەدرۆ خۆی نەخۆش خستبوو[3].

ئەگەر ئەو دوو نوێنەرەی خەلیفە ڕاستیان گوتبێ و درۆیان نەكردبێ، ئەوە، مانای وایە كە (موزەففەرەددین گۆكبوری) جامباز و درۆزن بووە و ویستوویەتی بە هەر بیانوویەك بێت، زوو بگەڕێتەوە بۆ هەولێر و لەمەیدانی شەڕ بەدوور بێت، وەلێ (كتێب وا ناڵێت) واتا ئەو زانیارییەی لەبارەی ئەو میرەوە فەراهەمە وەها ناڵێت. دوور نییە - وەكو باسیشمان كرد - پیری پێی كردبێ و بۆ هەولێر گەڕانەوەی بەچاكتر زانیبێ، یان دوای ئەم هەموو ماندووبوونە، كە گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر لەوێ حەواوەتەوە و، چاك بووەتەوە. ڕاستیشت دەوێ سەرداری هەولێر، بەڕاستی نەخۆش بوو، ئەوەبوو، بۆ ساڵی دووەم واتا لە ساڵی (٦٣٠ك/ ١٢٣٣ز)دا كۆچی دوایی كرد.

لە لایەكی دیكەوە، دەتوانین بڵێین، دوو زەلامەكەی خەلیفە پەلەیان بوو، ئەوان بەنیاز بوون شارەكە بگرنە دەست و زوو وەریبگرن، بەلام ئەو ئاواتەیان نەهاتە جێ، لەبەر ئەوە شارەكەیان بە شپرزەییەكی وەها جێ هێشت هەر دەتگوت دەركراون،

---

(١) خفتیان، بنۆڕە لاپەڕەكانی دوای لاپەڕەی (٩٣)، پەراوێزی (٢).

(٢) الحوادث الجامعة، ٢٩.

(٣) م. ن. ص. ٣٠.

دیارە (موزەففەرەددین گۆگبوری) جوابی دابوون (سرحهما) [١] واتا بەڕێی خستبوون و لەکۆڵ خۆی کردبوونەوە، یانیش لە بەڵێنەکەی خۆی، بۆ خەلیفە لە ڕادەستدانی هەولێر پەشیمان بووەوە. هەرچی مەگۆلیشە، ئەوە، سەرچاوەکان تەکەزی لەسەر دەکەن کە لەم گەردش و لەشکرکێشییەدا هیچ شەڕێك لەنێوان ئەوان و هێزەکانی خەلیفەدا ڕووی نەدا. (جمال الدین قشتمر) خۆی و سەربازەکانی گەڕانەوە بۆ بەغدا[٢] و، مەگۆلیش، لەکوێوە هاتبوون بۆ ئەوێ گەڕانەوە[٣].

٤- پێوەندیی موزەففەرەددین گۆگبوری بە (جلال الدین منکبرتی)ی دوا سوڵتانی خواریزمەوە:

پاش ئەوەی (موزەففەرەددین گۆگبوری)، پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ بەغدا پەیدا کرد و، بوو بە یەکێ لەو فەرمانداراناەی کە خەلیفە پشتی پێدەبەستێ، ئیدی فەرمانداریی لەشکرەکانی خەلیفەی دەکرد بۆ سەرکوتکردنی ناحەز و نەیاران، یان بۆ پاراستنی بەغدا لە مەترسی دەرەکی. (موزەففەرەددین گۆگبوری) - وەك پێشتر باسمان کرد - لەساڵی (٦١٢ك/ ١٢١٥ز)دا یاخیبوونەکەی (منکلي)ی سەرکوت کرد و، لەساڵی (٦١٧ك/ ١٢٢٠ز)یشدا، بۆ دەرکردنی مەگۆل لە ناوچەکە بەخۆی و لەشکرەوە گەیشتە داقوق.

دەوڵەتی خواریزمان[٤]، کە لە هەرێمی خواریزم، لە (ماوراء النهر) [٥] لەماوەی

---

(١) م. ن. ص.

(٢) م. ن. ص. ٣١.

(٣) الذهبي، العبر في خبر من عبر ٥/ ١١٣. دول الاسلام، جـ٢، ص ١٠٢. ابن كثير، البداية والنهاية ١٣/ ١٣٢. الدياربكري، تأريخ الخميس في احوال أنفس نفيس ٢/ ٤١٤. ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب ٥/ ١٢٩.

(٤) بۆ زێدە زانینی مێژووی ئەم دەوڵەتە بنۆڕە: نافع توفيق العبود، الدولة الخوارزمية، رسالة ماجستير مطبوعة بالرونيو لسنة ١٩٧١.

(٥) م. ن. ص، ١١ ـ ١٢.

نێوان (٤٩٠ - ٦٢٨ك/ ١٠٩٧ - ١٢٣٠ز)دا دامەزرا، هێزێك بوو لەو هێزانەی دوژمنایەتیی خەلیفەیان دەکرد چونکە دوای ساڵی (٥٩١ك/ ١١٩٥ز) ئیدی بەهۆی هەڵپە و پێ لێراکێشانی[1] خەلیفە (الناصرلدین الله)، پێوەندیی نێوان خەلافەتی عەبباسی و دەوڵەتی خواریزمان کەوتە لێژی و، سوڵتان (علاء الدین محمد)[2] ببوو بە دوژمنی کاڵە لەپێی ئەم خەلیفەیە و بۆ سەرنگونکردنی تێدەکۆشا[3]. ئەم خەلیفەیە، لەژێرەوە، پێوەندیی لەگەڵ مەگۆلاندا ساز دەدا[4]و، بەسەر ئەم سوڵتانەدا زاڵی دەکردن[5]. ئەم دوژمنایەتییە، لەدوای مردنی سوڵتان (علاء الدین محمد)یش و، تا ساڵی (٦١٧ك/ ١٢١٩ز)یش کە سوڵتان (جلال الدین منکبرتي)[6]ی کوڕی هاتە سەر تەخت هەر درێژەی کێشا. وەلێ سوڵتانی نوێ، هەندە نەحەوایەوە، هەر زوو، مەگۆل ڕاویاننا و بەرەو ڕۆژاوا هەڵات و، لەوێ لەتۆڵەی ئەو دوژمنایەتییەی کە خەلیفە دەرهەق بە باوکی کردبووی، کەوتە جموجووڵ لەدژی موڵکەکانی خەلیفە. هەرچی

---

(١) م. ن. ص، ١٢/ ١١١ و، ١٢/ ١١٧.

(٢) حكم علاء الدين محمد، الدولة الخوارزمية في الفترة بين ٥٩٦ ـ ٦١٧هـ/ ١١٩٩ ـ ١٢١٩ز.

(٣) نافع العبود، ص ٨٨ ـ ٩٠.

(٤) الكامل ١٢/ ٤٤٠. بنۆڕە: نافع العبود، لاپەڕەی (٩٥ ـ ١٠٥) کە گفتوگۆ لەسەر ڕاستی و ناڕاستیی ئەم تۆمەتە دەکات. هەروەها بنۆڕە: بدری محمد فهد، تأريخ العراق في العصر العباسي الاخير، رسالة دكتوراه من آداب الاسكندرية بمصر، ص ٦١ ـ ٦٣.

(٥) (خواند میر) دەڵێ: خەلیفە هەندێ لایەنی ئیسلامیی لەدژی دەوڵەتی خواریزمان گاڵ دەدا کە هێرش بکەنە سەریان، بەنموونە: دەوڵەتی (الغورية)ی بۆ ئەو مەبەستە هان دەدا کە شەڕ لەگەڵ خواریزماندا بکەن. بنۆڕە: کتێبەکەی (حبيب السير في اخبار افراد وبشر، جـ٢، ص ٦٤٥ ـ ٦٤٦. هەروەها (نافع العبود، ص ٩٢).

(٦) منکبرتی: ناوێتەیەکە لە دوو ناو: (منكو) واتا (ابدی) یان (إلهی)، (برتی): واتا (بەخشش)، لە (بیرماك)ی تورکییەوە وەرگیراوە. ناوەکەش، ئەبێتە (عطاءالله) واتا: (خواداد) بە فارسی. بنۆڕە: الجويني، جهانكشای ٢/ ٢٨٩. یان (هبة السماء) بنۆڕە: پەراوێزی ڕەوشی سوڵتان جلال الدين منكبرتی (ص١٦)، دەشبینین (ياقوت الحموی) پیتی (ن) لەجیاتی (ت) دادەنێت و ناوەکە دەکات بە (منكبرنی)، بنۆڕە: معجم البلدان ١/ ١٢٩. ئەمەش بزانە کە (یاقوت) لە سەردەمی ئەو سوڵتانەدا ژیاوە.

خەلیفەیە، ئەوە، ئەویش خۆی بۆ لێدانی ئامادە دەكرد. بێگومان، شتێكی ئاساییە، هێرشێكی بەم جۆرەش بكرێتە سەر وڵاتی خەلیفە، ئەوە، سەرداری هەولێریش دەگرێتەوە چونكە سەرداری هەولێر دۆستایەتییەكی سخ و سفتی لەگەڵ خەلیفەدا هەبوو.

لەساڵی (٦٢٢ك/ ١٢٢٥ز)دا (جلال الدين منكبرتي) گەیشتە (تستر - توستر - شوشتر)[١] و بۆ ماوەی دوو مانگ گەمارۆی دا، بەڵام كۆیلەی خەلیفە، میر (مظفرالدين سنقر) ناسراو بە (شێوە شێر) بەری لە دوژمن گرت و شەڕێكی ئازایانەی لەگەڵدا كرد[٢]. بەڵام نەیتوانی، تا سەر، بەر لە سەربازانی ئەم سوڵتانە بگرێت چونكە ئەو سەربازانە هەر خەریكی تاڵان و چەپاوڵ بوون[٣]. هەروەها (جمال الدين قشتمر الناصري)ی سەرلەشكری خەلیفەش نەیتوانی هیچ بەرامبەر بەو سەربازانە بكات[٤].

وێڕای ئەو هەموو سەركەوتنەی سوڵتانی خواریزمان بەسەر هێز و لایەنگرانی خەلیفەدا، وەلێ ویستی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە خەلیفە بگۆڕێت و لاپەڕەیەكی نوێی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ خەلیفەدا بكاتەوە، بەڵام بۆی نەچووە سەر، چونكە خەلیفە - ئەو دەمە - هێشتا لێی بەرق بوو، دڵی سارد نەدەبووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا (جلال الدين منكبرتي) نەیدەویست پەلاماری بەغدا بدات، بایدایەوە و بەرەو باكوور كەوتە ڕێ[٥].

خەلیفە داوای لە (موزەفەرەددین گۆكبوری) كرد بكەوێتە خۆ و پەلاماری

---

(١) تستر: بە عەرەبی، (شوشتر)ە، گەورەترین شاری خۆزستانە/ معجم البلدان ٢/ ٢٩.

(٢) الكامل ١٢/ ٤٢٦. نصرت الله مشكوتی، "از سلاجقه تا صفويه"، ص ١٥٥.

(٣) الكامل م. ن. مشكوتی، از سلاجقه، ١٥٦. عباس اقبال، تأريخ اقبال، تأريخ مفصل ايران، ١/ ١١٥.

(٤) الجوينی، جهانكشای ٢/ ١٥٥. عبدالحميد آيتي، تحرير تأريخ الوصاف ٣٢٨، الهمداني، جامع التواريخ ١/ ١٩٤.

(٥) الكامل ١٢/ ٤٢٧. مفرج الكروب ٤/ ١٤٤.

(جلال الدين منكبرتي) بدات، کاتێکیش (جلال الدين منكبرتي) بەم پیلانەی زانی، دەستوبرد بەخۆی و هێزەکانییەوە گەیشتە شاری داقوق و ڕێگای لە سەرداری هەولێر بڕی، بەلاّم نەیتوانی بچێتە ناو شارەکەوە چونکە خەڵکی ناو شارەکە کەوتنە بەرهەڤانیکردن و نەیانهێشت بچنە ناو شارەکەیانەوە. بەمەش سوڵتانی خواریزمان تووڕە بوو، فەرمانی دا گەمارۆی شارەکە بدەن، بەو جۆرە شەڕی شوورەی شار دەستی پێکرد و، بەرهەڤانیکارانی شار سەرکەوتنە سەر شوورەکان و دەستیانکرد بە شەڕی دژ بەهێرشهێنان و بە جنێودان، هەندێکیشیان ورەیان بەبەر جەنگاوەراندا دەکرد و غیرەتیان دەنانەبەر بۆ شەڕ و پاراستنی شارەکە، سوڵتان ئەمجارە بەتەواوەتی دای لە دڵی و لە ڕقان بەرچاوی تاریك بوو، کەوتە کوشتارێکی دڵڕەقانە و ورەپێبەردان و بە زۆرەملێ و بە کوتەك ناو شاری داگیر کرد[1].

مەبەستی خەلیفە ئەوەبوو ئەو دوژمنەی بە دوو هێزی گەورە گەمارۆ بدات، (موزەففەرەددین گۆگبوری) لە باکوورەوە و، (جمال الدين قشتمر)یش لە باشوورەوە کە هەردوولای لێ بگرن و ڕێگای دەربازبوونی لێ بڕن[2]. (موزەففەرەددین گۆگبوری) بەنیاز بوو، لەپڕ پەلاماری سوڵتانی خواریزمیان بدات، بەلاّم ئەو زووتر دەستی پێش خست، پێش ئەو کەوتە هێرش و، دەرفەتی لێ بڕی و لەشکرەکەی تێکشکاند و، لە مەیدانی شەڕەکەشدا سەربازەکانی گرتیان و بەدیلی بردیانە بەردەمی. بەلاّم سوڵتان فەرمانی دا بەریدەن، سوڵتان ڕێزی لێ ناو داوایان لێ کرد بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، ئەوجا (موزەففەرەددین گۆگبوری)یش لە ڕەفتاری

---

(١) محمد بن احمد النسوي، سيرة السلطان جلال الدين منكبرتي، ص ١٩٣. الكامل ١٢/ ٤٢٧. الحموي، التأريخ المنصوري، ٢٠٦: دەشڵێت: (منكبرتی هەموو خەڵکی داقوقی کوشتن). سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان ٨/ ٦٣٤. مفرج الكروب ٤/ ١٤٥. أبو شامة، ذيل الروضتين ١٤٤. ابن العبري، الحموي، مخطوط (الروض المعطار في خبر الاقطار) المصور بالميكروفيلم ورقة ١٦١ب.

(٢) الجويني، جهانكشاى ١٢/ ١٥٣.

خۆی پەشیمان بووەوە[1]و، تەبایینامەیەکی لەگەڵیدا بەست و، بڕیاری دا لە قسەی سوڵتان دەرنەچێ و ئیتاعەتی بکات[2]، ئنجا گەڕایەوە بۆ هەولێر و، لە هەولێرەوە خەڵات و دیارییەکی[3]زۆری بۆ ئەم هاوپەیمانە نوێیەی نارد. پاشان سوڵتانی خواریزمان دوای ئەوەی خەڵکی ناوچەکانی سەرە ڕێگای هەموویان ملیان بۆ کەچ کرد ئنجا ڕووی لە چیاکان کرد و، بەرەو ئازەربێجان ملی ڕێگای گرت لە شینایی و لەوەڕگاکانی شارەزوور کە (عمادالدین زەنگی)ی زاوای (موزەففەرەددین گۆکبوری) حوکمی دەکرد، لای دا - وەکو پێشتریش باسمان کرد - (عماد الدین زەنگی) پێشتر، داوای تەخت و تەلاری موسڵی دەکرد و، خۆی بە گەورەی بنەماڵەی ئەتابەگایەتیی زەنگی دەزانی، ئەو بنەماڵەیەی کە (بدرالدین لؤلؤ) لە حوکمی خستبوو. (عمادالدین زەنگی) بە ئامانجی خۆی نەگەیشت و، ناچار بوو، لە ئەمارەتە تازەکەی، لە شارەزوور، کە (موزەففەرەددین گۆکبوری) بۆی دابڕیبوو، سەری کز بکا و بحەوێتەوە.

(عماد الدین زەنگی) لە ناچاری و لەبەر ناڵەباریی بارودۆخەکە خۆی کڕ کردبوو، لە داواکردنی موسڵ بێدەنگ ببوو، (موزەففەرەددین گۆکبوری)ی

---

(١) عبدالمحمد آيتي، تحرير تأريخ وصاف، ص ٣٣٨. رشيد الدين فضل الله الهمداني، جامع التواريخ، ١/ ٣٩٤. نصرت الله مشكوتي (أز سلاجقة تا صفوية) ١٥٦.

(٢) نصرت الله مشكوتي، "أز سلاجقة تاصفوية"، ن. ص. السيد الباز العريني، المغول، ١/ ١٦٨.

(٣) الحموي، التأريخ المنصوري، ص ٣٠٦. ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، مجلة المشرق، ن. ص. عبدالحميد آيتي، تحرير تأريخ وصاف، ص ٣٣٨.... تەنیا (سبط ابن الجوزي) دەڵێت: سوڵتانی خواریزمان دوای داگیرکردنی داقوق و قڕکردنی خەڵکەکەی، ئنجا بەرەو هەولێر کەوتەڕێ و، بەنیازبوو گەمارۆی بدات بەڵام (موزقففەرقددین گۆکبوری) تەنگاوی کرد و نەیهێشت بەڵێنیشی پێ دا کە دۆستێتی، بنۆڕە: مرآة الزمان ٨/ ٦٦٩. بەڵام (الحميدى) دەڵێت: گۆکبوری پارە و دیارییەکی زۆری نارد بۆ سوڵتان بۆ ئەوەی داقوق جێ بهێڵێت چونکە موڵکی خەلیفەیە و، بچێت بۆ ئازەربێجان ـ کە دوژمنەکەی لەوێیە ـ ئەویش بەقسەی کردووە، بنۆڕە: مخطوط (الروض المعطار في خبر الاقطار) ورقة ١٦١ ب.

خەزووریشی پشتی تێ کردبوو، بەڵام بۆ هەلێك دەگەڕا، پەلاماری موسڵ بدات و حوکمی (بدرالدین لؤلؤ)ی زۆردار سەروژێر بکات. خوا و ڕاستان، ئەو سوڵتانەش کە هاتە شارەزوور، بەهەڵە زانی و، بڕیاری دا ڕووی لێ بنێ و داوای کۆمەکی لێ بکات، کاتێ کە پێی گوت، سوڵتانی خواریزمان بەڵێنی خێری پێ دا[1]. نەخوازەلا داگیرکردنی موسڵیش، واتا (بدرالدین لؤلؤ) پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ خەلیفەی عەبباسی و لەگەڵ (الملك الاشرف الایوبی)دا کە هەردووکیشیان دوژمنی سوڵتان (جلال الدین منکبرتی) هەبوو.

ئەم سوڵتانە هاوپەیمان بوو لەگەڵ (الملك عیسی)ی سەرداری دیمەشق. ئەو مەلیکەش هاوپەیمانی (موزەففەرەددین گۆکبوری) بوو. سەرەتای سەروسەختی سوڵتانی خواریزمان لەگەڵ (الملك عیسی) لە ساڵی (٦١٩ك/ ١٢٢٢ز)ەوە دەستی پێکردبوو، واتا لەو کاتەوەی کە (الملك عیسی) بۆ هاوپەیمانێکی گەورە دەگەڕا بیکاتە پشت و پەنای خۆی لەدژی هەردوو براکەی خۆی (الملك الاشرف) و (الملك الکامل). بەڵام (الملك عیسی) نەیدەویست هاوپەیمانێتی لەگەڵ سوڵتان (جلال الدین منکبرتی)دا لەسەر حسابی خەلیفەدا ببەستێت هەر چەندە ئەم سوڵتانە خەلیفەی بە دەسکیسەی مەگۆلان تۆمەتبار کردبوو لەو نامەیەدا کە پێشتر بۆ سەرداری دیمەشقی ناردبوو[2].

پێوەندیی نێوان سەرداری دیمەشق و سوڵتان بەرە بەرە بەرەو چاکتر دەگۆڕا چونکە مەسڵەحەت و بەرژەوەندییان یەکی دەگرتەوە و ئاتاجی یەکتری بوون. نوێنەرانی سوڵتان (جلال الدین منکبرتی) لە تەلاری سەرداری دیمەشق پێشوازییەکی گەورە و گەرمیان لێ دەکرا[3]. پاشان خزمایەتی ژن و ژنخوازیشیان کەوتە نێوان و

---

(١) الحموي، التأريخ المنصوري، ص ٣٠٧.

(٢) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٨/ ٦٣٤. أبو شامة، ذيل الروضتين، ص ١٤٤.

(٣) الحموي، التأريخ المنصوري، ص ٣١٤ ـ ٣١٥.

سوڵتان (جلال الدين منكبرتی) كیژی هاوپەیمانەكەی مارە كرد[١].

هەرچی پێوەندیی (موزەففەرەددین گۆكبوری)یە لەگەڵ سوڵتانی خوارێزمان، ئەوە، تەنیا بەو نیازە بوو كە حاكمی موسڵی بۆ لەناو ببات. ئەم نیازە ببوو بە پێودانگی پێوەندییەكانی دەرەوەی لەگەڵ هەموو هێز و لایەنێكدا. ئەو بەو چاوە سەیری ئەم سوڵتانەی دەكرد كە هێزێكی تازەی بنبڕكردنی كێشەكەیە و، جێگای ئومێدە پشتی پێ ببەستێ و، ئەو و، بەخۆی و، بەسەرداری دیمەشق، بەرەیەكی بەهێز لە دژی (بدرالدين لؤلؤ) و (الملك الاشرف)ی هاوپەیمانی سازبدەن.

دووریش نییە (موزەففەرەددین گۆكبوری)، پێشتر، ئەم نیازەی هەر لەدڵدا بووبێ كاتێ كە بە فەرمانی خەلیفە، چوو بۆ شەڕی ئەم سوڵتانە، واتا، بە بەردێك دوو نیشانی شكاندبوو، یەكەم خەلیفەی ڕازی كرد كە بۆ شەڕی سوڵتان چووەتە داقوق، دووەمیش نیازی ئەوەبوو كە لەگەڵ سوڵتاندا دۆستایەتی پەیدا بكات، چونكە (موزەففەرەددین گۆكبوری) دەیزانی كە هەرچەندە لەگەڵ خەلیفەدا دۆستە، بەڵام خەلیفە لەبەر خاتری ئەو ناچێ (بدرالدين لؤلؤ) لەدەست خۆی بدات، كاریش بەم جۆرە بڕوات، (موزەففەرەددین گۆكبوری) ناتوانێت بەرامبەر بە دوژمنەكەی هیچ شتێك بكات. لەبەر ئەوە، نەدەبوو ئەو هەلە لەدەست خۆی بدات و، بەختی خۆی لەگەڵ ئەم سوڵتانەدا تاقی نەكاتەوە.

پێدەچێ ئەم یەكگرتنەوەیەی سیاسەتی (گۆكبوری و منكبرتی)یە وەهای لە (بدرالدين لؤلؤ) كردبێ كە سەرداری هەولێر بە پاشپیلانی خوارێزمیان تۆمەتبار بكات و بۆ خەلیفە بنووسێت كە گوایا، ئەو سوڵتانی خوارێزمانی هێناوە و ویستوویەتی بەسەر خەلیفەدا زاڵی بكات[٢].

هەرچەندیشە ئەو تۆمەتە درۆ و بێ بنەما بوو، چونكە تەنیا بۆ پڕوپاگەندە (بدرالدين لؤلؤ) لەسەری ڕاهاتبوو تا دوژمنی خۆی لەڕووی سیاسییەوە پێ لاواز

---

(١) مرآة الزمان، ٨/ ٦٦٩. اليونيني، ذيل مرآة الزمان، ١/ ١٤٠. ابن واصل، مفرج الكروب، ٤/ ١٧٩.

(٢) ابن الأثير، رسائل ابن الأثير، ص ٧١.

بکات، بەڵام وەهای لە خەلیفەش کردبوو کە بەچاوێکی دی سەیری هەڵسوکەوتی (موزەففەرەددین گۆکبوری) بکات، تا، کار گەیشتە ئەوەی لە ساڵی (٦٢٤ك/ ١٢٢٧ز)دا خەلیفە (المستنصر باللە) نامەیەکی دڵنیایی بۆ (بدرالدین لؤلؤ) بنێرێ و دڵی بداتەوە و ورەی بە بەردا بکات و بەڵێنی ئەوەشی بداتێ کە بێ خەم بێت و هیچ مەترسییەکی لە سەرداری هەولێریش نەبێت[١].

ڕاستیشت دەوێ، (موزەففەرەددین گۆکبوری) کە لە شەڕەکەی داقوقدا بەرامبەر بەم سوڵتانە تێکشکا و، پاشان دۆستایەتیی لەگەڵیدا سازدا، هیچ خراپەیەکی بەرامبەر بە خەلیفە نەکرد. مەبەستی ئەو تەنیا ئەوەبوو هەموو لایەنێك تێبگەیەنێت کە لەدووی مەسڵەحەت و بەرژەوەندی ئەمارەتەکەی خۆی دەگەڕێت و، هەر لایەنێکیش بیەوێ پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵدا ببەستێ، دەبێ پێش هەموو شتێك ئەمە بزانێت کە ئەو دوژمنی (بدرالدین لؤلؤ)ە.

سا، بەهەر حاڵ، لایەنە ئیسلامەکان، لەم ناوچەیەدا ببوون بە دوو بەرەی دوژمن: بەرەی یەکەم خەلیفەی عەبباسی و (بدرالدین لؤلؤ) و (الملك الاشرف) و (الملك المظفر شهاب الدين غازي)ی سەرداری میافارقین بوو، بەرەی دووەمیش بریتی بوو لە سوڵتانی خواریزمان و (الملك عیسی)ی سەرداری دیمەشق و، (موزەففەرەددین گۆکبوری) و (عماد الدين زەنگی)ی سەرداری شارەزوور و، پاشانیش هەریەکە لە (الملك المسعود ركن الدين مودود کوڕی الملك الصالح ناصرالدين محمود کوڕی نورالدين محمد الأرتقي)ی[٢] سەرداری ئامەد و (ناصرالدين أرتق)ی سەرداری ماردینیش[٣] هاتنە

(١) الحموي، التأريخ المنصوري، ص ٢٢٤ ـ ٢٢٥.

(٢) (الملك الصالح ناصرالدين محمود ابن نورالدين محمد الارتقي)ی باوکیشی لەگەڵ سەرداری هەولێر چەندین جار پەیمانیان بەستووە. لەساڵی (٦١٩ك)دا مردووە: الكامل ١٢/ ٤١٢. (الملك المسعود) تا ساڵی (٦٢٩ك) حوکمی ئامەدی کردووە، پاش خۆی حوکم کەوتە دەست (الملك الكامل)، وفيات الاعيان، ٤/ ١٧٣، ط ١٩٤٨.

(٣) الكامل ١٢/ ٤٥٣. مفرج الكروب ٤/ ١٧٦. الغساني، العسجد المسبوك ٢٨٨.
Setton, V, II, P. ٦٧٣.

ڕیزی ئەم بەرەیەوە.

ڕاستیـشت دەوێ دابەشـکردنی هێـز و لایەنـەکان بـەم دوو بەرەیـە، بـوو بـە ئەڵقەیەکی نوێی ململانێ و دوژمنایەتی لەنێوان ئیسلامەکاندا. ئەم دووبەرەکییـەش لەکاتێکدا ڕووی دا کە ناوچەکە کەوتبووە بەر هێرشی خاچدروشمان لـە لایەکـەوە و، بەر هێرشی مەگۆلان لە لایەکی ترەوە، کـە وەك ئـاگرێ لـە پووشـی بـەردەی ئـا وەهـا تەنیبوونەوە. لەهەمووشی سەیرتر ئەوەبوو کە هەندێ لەم لایەن و هێزانە، لە ڕقـی هێزەکانی دی دەستیان کرد بە یاریدەدانی دوژمن. ئەوەبوو (الملك الكامـل محمـد) لـە دژی براکەی خۆی کە سەرداری دیمەشق بوو، هەروەها لـەدژی سـەرداری هـەولێر کـە هاوپـەیمانی خـۆی بـوو هـەروەهاش لـەدژی سـوڵتانی خواریزمـان، کەوتـە کۆمـەك و یاریدەدانی خاچدروشمان[1].

پێشتر، باسی چالاکی و جموجووڵی سەربازیی[2]ئەم لایەنە هاوپەیمانانەمان کـرد، کە لەساڵی (٦٢٣ك/ ١٢٢٦ز)دا لەم لاو لەو لاوە هێرشیان دەکردە سـەر وڵاتـی دوژمنـان، ئـەوەبوو (موزەففـەرەددین گۆگبـوری) هێرشـی کـردە سـەر موسـڵ[3]، (الملـك عیـسی) هێرشی کردە سەر (حمـص و حمـاه) [4]و (جـلال الـدین منکبرتـی)یـش هێرشـی کـردە سەر (خلاط) و تاڵانیشی کرد، بـەڵام - هـەر هـەموویان - نـەیانتوانی بگەنـە ئامـانجی خۆیان. (بـدرالدین لؤلؤ) هانای بردە بەر (الملك الاشـرف) و داوای لـێ کـرد کـە خـودی خـۆی بـچێت بـۆلای سـەرداری هـەولێرو لـە موسـڵی دووربخاتـەوە، ئـەوەبوو (الملـك الاشرف) لە (الرقە)وە، چووە سەر (حران) و بۆ (دنیسر) [5]، پاشان گەیشتە ماردین و وێرانی کرد، ئنجا (الملك عیسی)ی برای نامەی بۆ نووسـی و داوای لێکـرد کـە مـاردین

(١) مفرج الكروب ٤/ ٢٣٣ ـ ٢٣٤. ابوالفداء ٣/ ١٣٨. المقريزي ١/ ٢٢٢.

(٢) بنۆڕە، ص ١٤٥ ـ ١٥٠.

(٣) الكامل ١٢/ ٤٥٣ ـ ٤٥٤. ابن كثير، البداية والنهاية ١٣/ ١١٢. الغساني، العسجد المسبوك ٢٨٨.

(٤) الكامل ١٢/ ٤٥٤. ابن العديم، زبدة الحلب ٣/ ١٩٧. مفرج الكروب ٤/ ١٧٦.
Setton, V, II, P ٧٠٠.

(٥) دنیسر: بنۆڕە لاپەڕەکانی دوای ١٤٩، پەراوێز (٢)

بەجێ بهێڵێت، تا ئەویش (حمص و حماه) بەجێ بهێڵێ و (موزەففەرەددین گۆکبوری)یش، موسڵ بەجێ بهێڵێت، ئەوجا، هەریەکەیان گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی، دوای ئەوەی کە (موزەففەرەددین گۆکبوری) هەندێ زەرەر و زیانی لە موسڵ دا و، شاری ماردین و هەندێ شارۆچکەشی وێران کران.

ئەم هاوپەیمانییە زۆر درێژەی نەکێشا، لەبەر جیاوازیی ئامانج و مەسڵەحەتی لایەنەکانی، هەر زوو پای خست و تا سەر بڕی نەکرد، لەدوا دوای ساڵی (٦٢٤ك/ ١٢٢٧ز)دا (الملك عيسى)یشی بەسەردا مرد و داوودی کوڕی جێگای گرتەوە. ئەم کوڕەش کە بە (الملك الناصر) ناو دەبرا، تەمەنی لە بیست ساڵ زیاتر نەبوو، نەشیدەتوانی، بە تەنیا مەملەکەتی دیمەشق هەڵسووڕێنێ، لەبەر ئەوە هانای بردە لای (الملك الاشرف)ی مامی، مامیشی هەستا دیمەشقی خستە سەر وڵاتەکەی خۆی[1]. بەو جۆرە (موزەففەرەددین گۆکبوری) ئەو هاوپەیمانە بەهێزەی پشتی پێی قایم بوو لەدەستی دا.

هەرچی (جلال الدين منكبرتی)یشە، خۆ، ئەوە بەتەنگ ئاسایش و ئاسوودەیی هەولێرەوە، هەر، نەبوو، ئەو بەرەو باکوور ملی نا و، زۆرتر بەتەمای وڵاتی گورج[2] و ئەرمەنستان بوو، سەرباری ئەوەش بەردەوام لەگەڵ مەگۆلاندا هەر لەشەڕدا بوو تا لەساڵی (٦٢٨ك/ ١٢٣١ز)دا، بە دەستی کوردێك لە گوندێکی میافارقین، لە چیاکانی ئامەد[3] کوژرا.

---

(١) لكامل ١٢/ ٤٨٠. ابن خلكان ٤/ ١٧٣. ط ١٩٤٨. مفرج الكروب ٤/ ٢٨٨. المقريزي ١/ ٢٣٦.

(٢) گورج: یان جۆرجیا. پایتەختەکەی شاری تفلیسە، کەوتۆتە ئەوبەری چیای قۆقاز.

(٣) النسوي: سيرة السلطان جلال الدين منكبرتي، ص ٣٨١.

الذهبي، العبر، ٥/ ١١٤. (دول الاسلام) ١/ ١٠٢.

الديار بكري، تأريخ الخميس في احوال انفس نفيس، ٢/ ٤١٤، هەواڵی کوژرانی ئەم سوڵتانە نەگەیشتە (ابن الأثير) هەرچەندیشە لەدوی ئەم هەواڵە دەگەڕا و، لە نووسینی مێژوویش دەستی هەڵگرتبوو. لە (الكامل ١٢/ ٥٠٤)دا دەڵێت: تا دوای ساڵی (٦٢٨ك)یش هەواڵی (جلال الدين منكبرتی) ساغ نەبووەوە و، تا مانگی سەفەری ساڵی (٦٢٩ك)یش بەسەرچوو، هیچ سۆراخێکمان نەبیست.

٥- پێوەندیی (موزەففەرەددین گۆگبوری) لەگەڵ میرانی دەوروبەردا:

ا – پێوەندیی لەگەڵ (علاوالدین قراسنقر)ی سەرداری مەراغە و غەزوکردنی ولاتی ئازەربێجان (٦٠٢ك/ ١٢٠٥ز):

(موزەففەرەددین گۆگبوری) ویستی وەك میرەکانی دی ڕەفتار بکات و هەوڵی زێدەڕۆیی بدات و ولاتەکەی گەورەتر و فراوانتر بکات و، هەر هەلێکی بۆ ڕەخسا، بەشێك لە دەوروبەری خۆی، بۆ خۆی، دابڕێت.

لەساڵی (٦٠٢ك/ ١٢٠٥ز)دا (علاءالدین قراسنقر)ی سەرداری مەراغە کە لە ساڵی (٦٠٤ك/ ١٢٠٧ز) مردووە، داوای لێ کرد کە بەهەردووکیان ولاتی ئازەربێجانی دراوسێی ئەمارەتی هەولێر داگیر بکەن (غەزوی بکەن) بە بیانووی ئەوەی کە (أبو بکر ابن البهلوان)ی سەرداری ئازەربێجان کابرایەکی بێ ڕەوشتە و ئارەقخۆرە و، کاروباری ولاتەکەی پشتگوێ خستووە و داگیرکردنی ولاتەکەشی ئاسان بووە و، پێی گوت: ئەوەتا میرگەلی ولاتانی دراوسێی مرخیان لێ خۆش کردووە (تەماعیان لێ کردووە)و، بگرە، کۆیلەکانی خۆیشی ددانیان لێ تیژ کردووە، بەنموونە، ئەوەتا (شمس الدین آیتغمش)[1]ی کۆیلەی خۆی لێی یاخی بووە و چیاکان و شارەکانی هەمەدان و ئەسفەهان و (ڕەی)ی لێ داگیر کردووە[2].

ئەم (علاءالدین قراسنقر)ەش، لەگەڵ (ابن البهلوان)ی سەرداری ئازەربێجاندا لەسەر (قەلایەك)[3] ململانێ کەوتبووە نێوانیان، لەبەر ئەوە ئازەربێجانی داگیر کرد. جگە لەوەش (ابن البهلوان) شەڕی لەگەڵ ئەو گورجانەدا نەکرد کە پەلاماری ولاتی ئیسلامنشینیان دابوو تا گەیشتبوونە (خلاط) و گەلێ موسوڵمانیان لەوێ کوشتبوو، ئافرەتیان بردبوو، کاولکارییەکی زۆریشیان کردبوو. سەربازەکان و خەڵکی ولاتەکە دژ بە (ابن البهلوان) شەڕی چاکیان کرد، کەچی ئەم کابرایە گوێی پێ نەدا و شەڕی

---

(١) آیتغمش: هاتووە، لەهەندێ سەرچاوەدا. بنۆڕە: (الراوندي)، راحة الصدور، لاپەڕەی ٥٤٨. ئەم ناوە تورکییە، مانای (بەچکەی مانگ) بە (ئای دۆغمش) دەردەبڕدرێت.

(٢) الکامل ١٢/ ٢٣٧.

(٣) م. ن. ص.

لەگەڵیان نەکرد، بەڵکو خۆیشی کرد بەخزمیان و کچی مەلیکەکەیانیشی بۆ خۆی مارە کرد[١].

هەڵکەوتنی ئەم هەلومەرجەش کارێکی وەهای کرد، کە (علاءالدین قراسنقر) داوا لە (موزەففەرەددین گۆگبوری) بکات کە پێکەوە شەڕ لە دژی سەرداری ئازەربێجان بەرپا بکەن و ولاتەکەی داگیر بکەن و، پێشی گوت کە ئیشەکە ئیشێکی ئاسانە و، سەرکەوتنیشیان زامنە.

(موزەففەرەددین گۆگبوری) ئەم تەگبیرەی پێ خۆش هات و، بەلەشکرەوە گەیشتە مەراغە و لەگەڵ سەرداری مەراغەدا یەکیان گرت و، هەردووکیان ملیان نا لە تەورێز. (ابن البهلوان) لە نیازیان تێگەیشت و، بۆ کوشتاریان کەوتەخۆو، بەلام دەیزانی کە هێزی تەواوی نییە و، هەندێ لە میرەکانیشی لەگەڵیدا نەماون و، هیچی بۆ ناکرێت، وەك (ابن الأثیر)یش دەگێڕێتەوە، دەڵێت هەندێ لە میرەکانی (ابن البهلوان) خۆیان گەیاندە لای (علاءالدین قراسنقر) و ڕایانگەیاند کە ئامادەن بکەونە ڕیزی ئەو و، لە (ابن البهلوان) جیا ببنەوە ئەگەر ئەو بگاتە لایان[٢].

(ابن البهلوان) ناچار بوو نامە بنێرێ بۆ (شمس الدین آیدغمش)ی کۆنە کۆیلەکەی خۆی و هانای بۆ بەرێت. ئەویش لە مەترسیی دەستدرێژیی ئەو دوو هاوپەیمانە تێگەیشت و، هێزێکی وای نارد بۆ لای (ابن البهلوان) کە بتوانێت شەڕفرۆشان بداتە دواوە[٣]. وەلێ (دغمش) نامەیەکیشی نارد بۆ (موزەففەرەددین گۆگبوری) کە واز لەو نیازەی بێنێ و بگەڕێتەوە بۆ ولاتی خۆی و، بەمەش داگیرکردنی ئازەربێجان دەوەستێ و سەرناگرێت. ئەم نامەیەی بە شاندێکدا نارد، گەلێ قسەی ڕەق و هەڕەشەی تێدابوو، نووسیبووی: ئێمە وەهامان بیستووە کە تۆ خاوەن خێر و خاوەن زانستت خۆش دەوێت و وامان دەزانی کە خۆیشت خاوەن خێر و بەدینی، بەلام وەها دەرنەچوویت، ئەوەتا ولاتی ئیسلام داگیر دەکەیت و تالانیان

---

(١) م. ن. ص. ١٢/ ٢٤٢. ابن کثیر، البدایة والنهایة، ١٣/ ٤٢.

(٢) الکامل ١٢/ ٢٣٧.

(٣) م. ن. ص. ابن الساعي، الجامع المختصر ٩/ ١٧٥.

دەکـەیت و فیتنـە و ئـاژاوە دەنێیتـەوە. ئەگـەر وابیـت بـێ ئـەقڵیت، تـۆ خـاوەنی گوندێکیت[1]. بەڵام ئێمە لە خوراسانەوە بیگرە تا (خلاط) و تا بەخودی هەولێریش دەگات، هـی ئێمەیـە، وابـزانم لـە مەبەسـتم تێگەیـشتی. بـۆ، تـۆ نازانیـت کۆیلـە (مـەمالیك)ی زۆرە؟ مـن یـەکێکم لـەو کۆیلانـەی، ئەگـەر لـە هـەر گوندێکـەوە یـەك نۆکەری ئازا[2] وەربگرێت یان لە هەر شارێکەوە دە زەلام کۆبکاتـەوە، ئـەوا، چـەندین جـار لـە لەشـکرەکەی تـۆ زۆرتـر دەبێـت. وا باشـترە بگەڕێیتـەوە بـۆ وڵاتـی خـۆت، بۆیەکیشە ئەمەت پێدەڵێم تا سەرت سەلامەت بێت[3].

سـەرداری هـەولێر گـوێی بـەم هاشـە و هەڕەشـانە نـەدا و، لەسـەر پـشتیوانیی (علاءالدین قراسنقر)ی هاوپەیمانی پێی داگرت (سووربوو). ئـەوجا، (آیـدغمش)یـش بڕیـاری دا دەسـت بخاتـە ڕێگـەی و، بـەزۆر هـزری داگیرکـاریی لەمێـشك دەربکـات و لەشـکرێکی گـەورەی نـاردە سـەری، لـە کێشی (موزەففـەرەددین)دا نـەبوو، نـەیتوانی خۆی لەبەریدا ڕابگرێت، ناچار، هـەڵات و کەسـیش بـڕوای نـەکرد ڕزگـاری بـووبێ[4]. هـەر دەسـتوبرد بڕیـاری دا خـاکی ئازەربێجـان بـەجێ بێڵـێ و بگەڕێتـەوە هـەولێر. (علاءالـدین قراسـنقر) هـەوڵی دا قەناعـەتی پـێ بکـات و بمێنێتـەوە و دنـەی دەدا و وورەی بەبەردا دەکرد و تەماعی ئەوەشی نایە پێش بیکات بە سەرلەشکر و، ترسیـشی لەدڵ دەرکرد و پێی گوت: "میرەکانی ابن البهلوان بـەڵێنیان داوە، وازی لـێ بهێـنن و، بێنە ڕیزی ئەمان". بەڵام بێ هوودە بوو، چونکە (موزەففەرەددین گۆگبـوری) مکوڕ بـوو لەسـەر گەڕانـەوەی بـۆ هـەولێر، ئـەوەبوو ڕچـە و ڕێگـای سـەختی کـەژ و کێـو و

---

(١) مەبەسـتی لـە گونـد، ئـەمارەتی هـەولێرە. دەیـەوێ لـە بایـەخی هێزەکـانی موزەففـەرەددین گۆگبوری داشکێنێ و گاڵتە بە توانستی بکات.

(٢) نۆکەری ئازا (شحنە): ئەو پیاوانەن کە توانستی زەبتی وڵاتیان هەیـە و خزمـەتکاری سـوڵتانن: ابن منظور، لسان العرب ١٣/ ٢٣٧. الفیروز ئابادی، تاج العروس ٩/ ٢٥١. بـەمانای سـەرۆکی پۆلیـسیش هاتووە، (صاحب السحنة)شی پێدەڵێن، بنۆڕە پەراوێزی کتێبی (السلوك) جـ ١، ق١، ص ٣٥

(٣) الکامل ١٢/ ٢٣٧.

(٤) م. ن. ص. هەروەها: ابن الساعي، الجامع المختصر ٩/ ١٧٥.

گەلی و دەربەندی نالەباری لەترسی هێرشی (آیدغمش) گرتەبەر و بەرەو هەولێر کەوتەڕێ[1].

بەم جۆرە، ئەم کۆششی زێدەڕۆییەی سەرداری هەولێر بەشداریی تێدا کرد شکستی هێنا و نەچووە سەر. ئەو دەیویست بەختی خۆی تاقی بکاتەوە و بەشێك لە ئازەربێجانی دراوسێی دابڕێ و بیخاتە سەر ئەمارەتەکەی خۆی، بەڵام بۆی نەلوا و ئەم توانستەی بۆ نەڕەخسا. لەبەر ئەوە، بەدەستی بەتاڵ گەڕایەوە بۆ هەولێر. ناشزانین پێوەندیی سەرداری هەولێر لەگەڵ سەرداری مەراغە - کە دەستی کرا بەزاخا - گەیشت بە چی؟ بەتەنیا مانەوەی سەرداری مەراغە، لەو بارە نالەبارەدا بووە مایەی ئەوەی کە چەند بەشێك لە ئەمارەتەکەی لەدەست بچێت. هەر، کە سەرداری هەولێر گۆڕەپانی کوشتاری بەجێ هێشت، (ابوبکر ابن البهلوان) و (آیدغمش) هەلی تەنیایی و بێ پشتیوانیی (علاءالدین قراسنقر)یان بۆ ڕەخسا و بەسەریەوە نەچوون، ڕاست ملیان نا لە مەراغە و گەمارۆیان دا و ناچاریان کرد ئەو قەڵایەی کە ناکۆکییەکەی لەسەر بوو بدات بە (ابوبکر ابن البهلوان)[2].

ب- پێوەندیی موزەففەرەددین کۆکبوری لەگەڵ ئەمارەتی قەفجاقیان (القفجاقیە):

ئەمارەتی ئەتابەگایەتیی هەولێر لەسەر ئەمارەتی هەزەبانی و ئەمارەتی قەفجاقی (قەپچاقی) کە دراوسێی هەولێر بوون دامەزرا[3]. ئەمارەتی قەفجاقیان شارەزوور و کەرخینی (کەرکوك)ی دەگرتەوە، کە ئەتابەگ (عمادالدین زەنگی) پێشتر داگیری کرد. ڕاستت دەوێ، ئێمە لەبارەی پەیدابوونی ئەم ئەمارەتەوە هیچ نازانین، نە لەبارەی مێژووی سیاسی، نەلەبارەی جموجووڵی سەربازییەوە، هەروەها ناشزانین پێوەندیی بەکام لایەنانەوە هەبووە. تەنیا هەندەی لێ دەزانین کە بەر لە

(١) الكامل. ص. ن.

(٢) ن. م. ص. ابن خلدون، تأريخ العبر ٥/ ١٨٤.

(٣) مفرج الكروب ٢/ ١٦٤. الروضتين ٢/ ٦٠.

ساڵی (٥٢٦ك/ ١١٣١ز) هەبووە و، سوڵتانی سەلجووقی داگیری کردووە[١].

کاتێکیش ئەتابەگ (عمادالدین زەنگی) لەساڵی (٥٣٤ك/ ١١٣٤ز)دا ئەم ئەمارەتەی داگیر کرد، ئەوکات (قەفجاق[٢]کوڕی أرسلان تاش)ی تورکمان حوکمی دەکرد کە دوور و نزیکی تورکمان لەژێر دەسەڵاتی ئەودابوون و لە هەموو کەل و قوژبنێکەوە دەهاتن بۆ لای، لەبەر ئەوە ناوبانگی دایەوە و خەڵکی لە دەوری خڕ بوونەوە[٣]. ئەتابەگ زەنگییش ئەم ئەمارەتەی بۆیە داگیر کرد، تا لەو گەورەتر نەبێ و نەبێتە مایەی فیتنە و، مەترسی لەسەر سەلامەتیی ئەمارەتی نوێی موسڵ پەیدا نەکات، لەبەر ئەوە، وای بەچاك زانی هەتا زووە داگیری بکات باشترە تا کار لەکار نەترازاوە. سەردارەکانی سەر بە ئەتابەگ زەنگی دەیانزانی کە ئەم ئەمارەتە بەهێزە، لەبەر ئەوە ئەتابەگیان بە ئاگا هێنایەوە کە خۆی لە قەرەی نەدات و وازی لێ بێنێت، چونکە خەڵکێکی زۆر بەرەفانیی لێ دەکەن، نەخاسمە ئەگەر میر قەفجاق زۆری بۆ هات (تەنگاو بوو)، ئەوا هانا دەباتە بەر سوڵتان مەسعوودی سەلجووقی و گەر پێویست بکات ئەمارەتەکەشی دەداتێ. مانای وایە کە ئەمارەتی موسڵ دەبێتە دراوسێی موڵکەکانی ئەم سوڵتانە، ئەمەش مەترسیی زۆرە و نابێ بکرێت[٤]. بەڵام ئەتابەگ زەنگی لەسەر ڕای خۆی هەر سوور بوو کە قەڵاکانی ئەمارەتەکە داگیر بکات، لەبەر ئەوە لێی نەوەستا و لەشکری کردە سەر شارەزوور.

باسوخواسی جموجووڵی زەنگی گەیشتە میر قەفجاق کوڕی أرسلان تاش، کابراش کەوتە خۆ و لەشکرێکی زۆری خڕ کردەوە و ئەوەی چەکی پێ هەڵگیرابا، چەکداری دەکرد. هەندەی زەلام لەخۆ خڕ کردەوە، - ابن الأثیر گوتەنی - ئاسمانی پێ داپۆشین[٥]. لەشکری موسڵ گەیشتە سەریان و شەڕێکی گەرم ڕووی دا، هەندەی

---

(١) التأریخ الباهر، ٤٣.

(٢) ئەمارەتەکە بەناوی ئەم میرەوە ناونرا، خۆی ئەمارەتەکەی دامەزراند. هەروەهاش، ئەمارەتی (الظاهریة) و (السلجوقیة).. هتد بەناوی دامەزرێنەرەکانیانەوە ناونراون.

(٣) الباهر: ٥٧. الکامل ١١/ ٥٧.

(٤) الباهر، ص. ن.

(٥) الباهر، ٥٨.

نەبرد ئەتابەگ ڕاویانی نا و چنگ لەسەر شان رایان کرد و، برا سەر برا نەدەپەرژا و، باوك فرزەندی خۆی نەدەناسی. لەشکری موسڵ هەتا شارەزووریش نەوەستا و، شارەزووری خستە سەر ئەمارەتی موسڵ[1]. پاشان ئەتابەگ بۆ (زین الدین علی کچك)ی سەرلەشکری خۆی، هەم دامەزرێنەری ئەتابەگایەتیی هەولێری دابڕی.

بەم تێکشکانە، میر قەفجاق ناچار چووە ڕیزی لەشکری زەنگییەوە. خۆی و کوڕەکانیشی لەخزمەتی ئەتابەگایەتیی موسڵدا، تا ماوەیەکی کەمی دوای ساڵی (٦٠٠ك/ ١٢٠٣ز) مانەوە، پاشان موسڵیان بەجێ هێشت[2]. ئەو مێژوو نووسەش کە لە موسڵ دەژیا، ناڵێ بۆ کوێ چوون و ڕوویان لەکوێ کرد. بەڵام بە قسەکانی (عمادالدین الکاتب الاصفهانی)دا دەردەکەوێ کە هەندێ لە میرەکانی ئەم ئەمارەتە، چوونە ژێر ئاڵای سەلاحەددینی ئەیوبییەوە و، دەڵێت: (عزالدین حسن بن قفجاق) خزمەتی دەوڵەتی سەلاحەددینی کرد و، بوو بە یەکێك لەوانەی کە لە شوکرانەی دەرنەدەچوون و، لە حورمەتی بێبەش نەبوون[3]. تا، جارێکیان، سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی داوای لێ کرد و، داوایشی لە جێگرەکەی شارەزووریشی کرد و، هەروەهاش لە (زین الدین یوسف ینالتگین)ی سەرداری هەولێریش کە هەموویان کۆببنەوە و یاریدەی بدەن و، لە شەڕی خاچدروشماندا ڕێگای نیشان بدەن و، کۆمەکی پێ بکەن[4]. ئەمەش مانای وایە کە ئەمارەتی قەفجاقیان بە یەکجاری لەناو نەچووە، وەلێ گرنگترین و قایمترینی قەڵاکانی، کە قەڵاکانی شارەزوور بوون لە دەستیان دەرچوون.

دوای گرتنی ئەم ئەمارەتە لە لایەن (عمادالدین زەنگی)یەوە، وادیارە، کراوەتە

---

(١) م. ن. ص. الکامل ١١/ ٧٥ ـ ٧٦.

م. ن. ص. ٣٣١/١١.

(٢) م. ن. ص. ١٢/ ٧٦.

(٣) الفتح القسي، ط، لیدن ١٨٨٧، ص ٢٣٥.

(٤) م. ن. ص.

چەند بەشێکەوە، بەشێکیان خرایە سەر ئەمارەتی موسڵ و میرەکانی ئەم بەشە کەوتنە خزمەتی بنەماڵەی ئەتابەگی زەنگی[١]. (ابن الأثیر) خۆی ئەو باسە دەگێڕێتەوە بەڵام ناوی هیچ میرێك لە میرەکانی بنەماڵەی قەفجاقیی نەبردووە کە تا دوای ساڵی (٦٠٠ك/ ١٢٠٣ز)[٢]یش لە تەلاری موسڵدا خزمەتیان دەکرد. بەشێکی تریان بەدەستی میرەکانی خۆیانەوە مایەوە (عزالدین حسن بن یعقوب بن قفجاق) کە چووە ژێر ئاڵای سەلاحەددینی ئەیبوبییەوە[٣] یەکێکە لەو میرانە. بەشی سێیەم بەپێی بڵاوکراوەکەی سەلاحەددینی ئەیبوبی کە بە بڵاوکراوەکەی هەولێر بەناوبانگە خرایە سەر هەولێر. بەپێی ئەو بڵاوکراوەیە خاکی هەولێری تازە پێکهاتوو لە سەردەمی میری هەولێر (زین الدین یوسف ینالتگین)دا دیارکرا.

هەندێ لە مێژوونووسان ئاماژە دەدەن کە (موزەففەرەددین گۆکبوری) لەساڵی (٥٨٧ك/ ١١٩١ز)دا (میر عزالدین حسن بن یعقوب بن قفجاق)ی کە چووبووە ژێر ئاڵای خەلیفەی عەبباسی (الناصرلدین الله)وە، دەستگیر کرد. هۆی دەستگیرکردنی ئەم میرە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ داوای موڵکەکانی خۆی دەرکردەوە کە خرابوونە سەر هەولێر - وەك پێشتریش باسمان کرد -. بە گرتنی ئەم میرە، خەلیفە ناڕەزایی خۆی لە (موزەففەرەددین گۆکبوری) - نێوانیشیان باش نەبوو - دەربڕی و، نامەیەکیشی کردە سەر سەلاحەددینی ئەیبوبی، لە نامەکەدا ڕەفتاری ناشایستەی (موزەففەرەددین گۆکبوری) دەربارەی گرتنی (حسن بن یعقوب قەفجاق) ڕسوا کرد و، داوای دەکرد بەربدرێ و بگەڕێتەوە بۆ (کەرخینی)[٤]. ئەمەش مانای وایە کە ئەم شارە - بەڕای خەلیفە - مەرکەزی ئەم میرەیە و - خەلیفە ڕێگا نادات لە (حسن

---

(١) لکامل ١١/ ٧٦.

(٢) ص. ن.

(٣) الفتح القسی، ٢٣٥.

(٤) ابن شداد، النوادر السلطانیة، ١٩٨. کتاب الروضتین ٢/ ١٩٣٢.

ابن خلکان، ط/ بیروت ١٩٧٠، ٣/ ٤٥٨.

کوڕی قەفجاق) بەولاوە کەسی دیکەی لێ دانیشێ -[١].

بەپێی ئەو حیکایەتە، ئەم میرە، لەم ناوچەیەدا ببوو بە مایەفیتنە و ئاژاوەی دەگێڕا و کاروانی ڕووت دەکردەوە و، سەرێشە و کێشەی بۆ (موزەففەرەددین گۆکبوری)یش دەنایەوە، ئەمیش ناچار، دەمی شیرین کرد، تا هێنایە هەولێر و دەستگیری کرد[٢]. کاتێکیش نامەبەرەکەی خەلیفە (الناصرلدین الله) گەیشتە لای سەلاحەدینی ئەیوبی، سوڵتان وەڵامی خەلیفەی دایەوە کە گرتنی ئەو کابرایە بە تۆمەتی (الأفساد في الأرض)[٣]بووە، واتا ڕووی لە هەرکوێ کردبێ زیانی پێگەیاندووە. ئیدی پاش ئەم ڕووداوە باس و خواسی ئەم میرە قەفجاقییە، بزرە و، چارەنووسی نازانین و، پێوەندیی نێوان هەولێر و پاشماوەی ئەم ئەمارەتە قەفجاقییە، بە چی گەیشت و نەگەیشت، بووە بەردی بن گۆم و نقومە.

ج- پێوەندیی نێوان موزەففەرەددین گۆکبوری و مەلیکی ئەرتەقیان (حسام الدین یولق بن ایلغازی)ی سەرداری ماردین و مەلیکەکانی دیکەی دەوروبەر:

ئەم مەلیکە هاوزەمانی (موزەففەرەددین گۆکبوری) بووە. لە ماوەی نێوان (٥٨٠ - ٥٩٧ك/ ١١٨٤ - ١٢٠٠ز)دا، لەسەر وڵاتی ماردین حوکمڕان بووە. لەنێوان هەردوو لایاندا پێوەندییەکی پتەو و دۆستانەش هەبووە[٤]، گەیشتە رادەیەك کە دراویش بەناوی ئەم مەلیکە ئارتقییەوە لێ درا[٥]. ڕاستیشت دەوێ، سەرچاوەی زانینی ئەو

---

(١) ابن شداد، ص. ن.

(٢) ابن شداد، ص. ن. ابن خلكان، ص. ن. ابن واصل، ص. ن.

(٣) ابن شداد، ١٩٩. ابن واصل، ص. ن.

(٤) زامباور: معجم الأنساب والاسرات الحاكمة، ص ٢٤٥.

(٥) دەچێتەوە سەر (ارتق کوڕی آکسب) باپیرەی مەلیکەکانی ئەرتقییەکان، کە سەرداری قودس بووە و، لەساڵی (٤٨٤ك/ ١٠٩١ز)دا مردووە و، دوو کوڕی لەپاش بەجێماوە، یەکێکیان بەناوی (سلمان) "ت ٤٩٤ك/ ١١٠٠ز" ئەوی دی بەناوی (ایلغازی) کە دیاربکر و ماردین بەدەستیانەوە بووە: ابن خلكان، ط ١٩٦٨، ١/ ١٩١، حوکمی لقی ماردین تا ساڵی (٨١١ك/ ١٤٠٨ز) بەردەوام بوو، پاشان، شارەکە خرایە سەر حوکمی قراقۆینلو (بەرخەڕەش).. بنۆڕە: زامباور، ص ٣٤٥.

پێوەندییە، تەنیا دراوەکەیە. دراوێکی مس[1] لەوێ دۆزراوەتەوە وێنەی زەلامێکی لەسەرە، بە چیچکانەوە لەسەر تەخت (عرش) دانیشتووە (هەڵتووتاوە)، گۆچانێکی بەدەستی چەپییەوە گرتووە و، کڵاو زرێیەکی لەسەرناوە. لە پەراوێزی ئەم دراوەدا ناوی ئەم مەلیکە: (حسام الدین یولق) نووسراوە و، ناو و نازناوی سەلاحەددینی ئەیوبیی لەسەرە و، (گۆگبوری بن علی) پشی لەسەر نووسراوە.

مێژووی بنیاتنانی پێوەندیی نێوان (موزەففەرەددین گۆگبوری) و ئەم (حسام الدین یولق)ە نازانین، چونکە بەرواری لێدانی دراوە سەیرەکە نازانین و ناشزانین لەکوێ لێدراوە. جا ئەگەر، بەڕاستی لە هەولێر لێدرابێت، ئەوە مانای ئەوەیە کە لەماوەی نێوان ساڵی (٥٨٦ك/ ١١٩٠ز)- کە مێژووی گەڕانەوەی (موزەففەرەددین گۆگبوری)یە بۆ هەولێر - و ساڵی (٥٨٩ك/ ١١٩٣ز)دا - کە مێژووی کۆچی دوایی سەلاحەددینی ئەیوبییە، لێدراوە.

بەلام (عباس العزاوي) دەڵێت: (موزەففەرەددین گۆگبوری)، بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ هەولێر، لەو دەمەدا ئەم دراوەی لێداوە کە میری (حران)و (الرها)[2] بووە. (العزاوي) لێرەدا دەیەوێ (اسماعیل غالب) بەدرۆ بخاتەوە، لە کاتێکدا، ئەو (اسماعیل عارف)ە هیچی نەکردووە تەنیا ئەوە نەبێ کە ئەم پارچە دراوەی لەگەڵ دراوەکانی ئێڵی بکتگیندا داناوە و، گوتوویەتی جێگە و بەرواری لێدانی ئەم پارچە دراوە نادیارە[3].

هەرچی (الدکتور الحسینی)یە، ئەوە، ئەو، پارچە دراوەکەی لەگەڵ دراوگەلی ئەتابەگییەکەی هەولێردا داناوە[4]. ئەم ئاڵۆزی و تێکەڵ و پێکەڵییەش لە پێوەندیی نێوان دوو لایەنەکەدا، لە بێدەنگیی سەرچاوەکان و، نادیاریی مێژووی لێدانی ئەو

---

(١) ئەم پارچە دراوە لە مۆزەخانەی (همایون) ـ لە ئەستەنبول ـ دانراوە بە ڕەنووسی (١٨٤).. بنۆڕە (اسماعیل غالب)، مسکوکات ترکمانیه فتالوغی، ص ١٤٠.

(٢) عباس العزاوی، تأریخ النقود العراقیة، ١٩٦.

(٣) اسماعیل غالب، ص. ن.

(٤) د. محمد باقرالحسیني، العملة الاسلامیة في العهد الاتابکي، ص ١٣٨.

پارچە دراوەوە پەیدا بووە.

خۆ ئەم مەلیکە دوایین مەلیك نییە کە (موزەففەرەددین گۆگبوری) پەیمانی لەگەڵدا بەستبێ و، ناویشی وەسەر دراو خستبێ، بەڵکو ئەو کارەی لەگەڵ (الملك الغالب عزالدین کیکاوس کوڕی کیخسرو کوڕی قلج ارسلان)ی (ت ٦١٦ك/ ١٢١٩ز) سەرداری وڵاتی ڕۆمیشدا کردووە. ئەمەش، ئەو مەلیکەیە کە سەرداری هەولێر لەگەڵ "ناصرالدین محمود کوڕی محمد قرا أرسلان"ی سەرداری ئامەد - ت ٦١٩ك/ ١٢٢٢ز-) و هەروەها لەگەڵ (ناصرالدین آرتق ارسلان)ی سەرداری ماردین - (٦٢١/١٢٢٤ز) [1]. هەرسێکیان پێکەوە چوونە ژێر تاعەتی بۆ ئەوەی لەدژی (الملك الاشرف موسی کوڕی الملك العادل الایوبی) و (بدرالدین لؤلؤ)ی سەرداری موسڵی هاوپەیمانی بووەستن، ئەوەبوو لەسەر ئەوەش ڕێککەوتن کە دراو بەناوی (عزالدین کیکاوس)ی ناوبراوەوە لێبدەن، خوتبەشی بەناوەوە بخوێنرێتەوە[2]. بەڵام هیچ پارچەیەك لەم دراوە نەدۆزراوەتەوە.

---

(١) پێوەندییەکانی (موزەففەرەددین گۆگبوری) لەگەڵ ئەو مەلیکانەدا، لەبابەتی پێوەندییەکان لەگەڵ ئەمارەتی موسڵدا، پێشتر باس کرد.

(٢)الکامل ٢/ ٣٤٢. ١٢/ ٣٥٤.

فەسلی چوارەم

ڕەوشتی موزەففەرەددین گۆگبوری و پێگەی لە مێژوودا

یەک : ڕەوشتی موزەففەرەددین گۆگبوری خەسلەتەکانی

دوو : ئاهەنگەکانی هەولێری لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام.

سێ: مردن و شاردنەوەی (سپاردنی) موزەففەرەددین گۆگبوری.

چوار : کۆتایی ئەتابەگایەتیی هەولێر و، لکاندنی ئەمارەتەکە بە مەملەکەتی خەلیفەی عەبباسییەوە

فەسلی چوارەم
ڕەوشتی موزەففەرەددین گۆکبوری و پێگەی لە مێژوودا

یەك: ڕەوشتی موزەففەرەددین گۆگبوری

جێگە و مێژووی لەدایکبوونی:

(أبو سعيد) [1]موزەففەرەددین گۆگبوری[2]، کوڕی میر (زین الدین ابی الحسن علی کچك کوڕی بگتگین)، لە بیست و حەوتی مانگی موحەڕەم، ساڵی ٥٤٩ك ڕێکەوتی ١٣ی نیسانی ١١٥٤ز، لە قەڵای موسڵ[3]لەدایك بووە. باوکی، دوای ماوەیەك ناردی بۆ هەولێر، تا لەژێر چاودێریی پەروەرشتکار (ئەتابەگ) (مجاهد الدین قایماز)دا، کە لەجیاتیی (لەبریی) (زین الدین علی کچك) حوکمی ئەم شارەی دەکرد، پەروەردە ببێت. (زین الدین علی کچك) خۆی، خاو و خێزان و سامان و دارایی لە هەولێر دانابوو[4]. بەوەش (مجاهدالدین قایماز) بوو بە (ئەتابەگ) واتا بووە باوکێکی

---

(١) (ابن الشعار) لە دەستنووسی (عقود الجمان) و، (المنذري)، التكملة بالرونيو ٧/ ١٤٤٧ و، ابن خلكان ٣/ ٢٧٠ ئەو ناوەیان لێ ناوە.

(٢) گۆگبوری: لە دوو وشەی تورکی دروست بووە: (گۆگ): واتا (شین). (بوری): واتا (گورگ) بە زمانی کۆنی تورکی. بە هەردووکی دەبێتە: (شینە گورگ) بنۆڕە: ابن خلكان ٣/ ٢٧٧.
اسماعیل غالب، مسكوكات توركمانيه فتالوغى، ص ١٤٢.

(٣) هەموو سەرچاوەکان وا دەڵێن، تەنیا (الذهبي) دەڵێ: لە قەڵاکەی هەولێر لەدایك بووە. بنۆڕە: مخطوط (تأريخ الاسلام) ورقة ١٨٣.

(٤) الكامل ١١/ ٣٣١. ابن العبري، تأريخ مختصر الدول، ص ٢١٢.

پەروەرشتکاری موزەففەرەددین گۆگبوری[1] و براکانی.

موزەففەرەددین گۆگبوری نازناوی زۆری هەبووە، هەندێکیان، مێژوو نووسان بۆ پێدا هەڵدان و رێز، لێیان ناوە، هەندێکیشیان نازناوی گەورەیی و شکۆدارییە پێی ناسراوە، یان خۆی لەسەر دراوی ئەمارەتەکەی و لەسەر جێگە و ئاسەوارێ داینـاوە کە بنیادی ناوە، بەنموونە مێژوو نووسی هاوزەمانی ئەم میرە (العماد الکاتب الاصفهاني) کە لە زۆربەی شەڕەکانی خاچدروشماندا ئامادە بووە و، موزەففەرەددین گۆگبوریی لەو شەڕانەدا دیوە، بە (الاسد الغضنفر)[2] واتا بە (شێر) ناوی بردووە، هەروەها (ابن شداد)[3] و (المنذري)[4] نازناوی (الامیر الاجل الکبیر) واتا (میری رێزدار و گەورە) یان لێ ناوە. هەرچی (ابن خلکان) و (ابن سعید)ە، ئەوە، ئەوان نازناوی (سوڵتان)[5] یان لێ ناوە، وەلێ (ابن الأثیر)[6] و (ابن خلکان)[7] و کەسانی دی[8] نازناوی (الملك المعظم) واتا شای گەورەیان لێ ناوە. ئەم نازناوەی لە هەموو

---

(١) وفیات الاعیان ٣/ ٢٧١، مخطوط تأریخ الاسلام، ورقة ١٨١. العقد الثمین ٧/ ١٠١.

(٢) الفتح القسي، ط ١٨٨٧، ص ١٨٩.

(٣) النوادر السلطانیة، ١٠٥.

(٤) التکملة، ط- بالرونیو، مجلد ٧، ص ١٤٤٧.

(٥) ابن خلکان ٦/ ٨٧. الغصون الیانعة، ص ٧٩.

(٦) الباهر، ١٨٥، ١٩٧، ٢٠٥.

(٧) وفیات الأعیان ٣/ ٢٧٠.

(٨) بنۆڕە: ابن الفوطي، تلخیص الآداب، ج/٥، ط/ لاهور، ص ٥٨٩.

الدواداري، الدرة المضیئة في اخبار الدولة الفاطمیة، ط/ ١٩٦١، ص ٥٣٦.

الذهبي: مخطوط تأریخ الاسلام، ق٢، ورقة ١٨٠.

الفاسي المکي/ العقد الثمین في تأریخ البلد الأمین، جـ٧، ص ١٠٠.

ابن أبي عذیبة: مخطوط، انسان العیون، ص ٢٩٢.

محب الدین ابو الفضل محمد ابن الشحنة الحلبي: الدر المنتخب في تأریخ مملکة حلب، ص ١٠٦.

Cataloguede Monnaies, P. ١٤٤.

نازناوەکانی تری باوتر و بڵاوتر بووە - لەسەر دراوەکانیشی کە لە هەولێر لێی دەدا، نووسرابوو (ملك الامراء مظفر الدنيا والدين گۆگبری علي) واتا: (شای میران، رووسووری دنیا و قیامەت گۆگبوری علی) [١]. کەچی، لەسەر تاوێری بان قوتکەکەی[٢] کە بەرامبەر بە شاری مەککە نابوویەوە نووسیبووی: (الامير الاصفهسلار[٣] الكبير... حسام أمير المؤمنين) [٤]. بەڵام لەسەر گۆمە (کۆلە) ئاوەکەی کە لە ساڵی (٥٩٤ك/ ١١٩٨ز)دا لەبان عەرەفات دروستی کردبوو، نووسرابوو: " موزەففەرەددين ککبري بن صاحب أربل سيف أمير المؤمنين"[٥].

خەسڵەتەکانی:

موزەففەرەددین گۆگبۆری پیاوێکی رەوشتپاك و بەکەرەم بووە. هەند بەتەنگ کەشوفشی ئەمارەت و موڵکەوە نەبووە و، کەسێکی ئاسایی و خاکەڕا (متواضع) و کارساز و خێرخواز بووە و حەزی بە ئاوەدانکردنەوە بووە. (ابن خلكان) دەڵێت: لە خێر خوازیدا، شتی هەند سەیر و عاجباتی کردووە، نەبیستراوە کەسێکی دی کردبێتی، لە ژیانیدا، هیچ شتێکی هەندەی خێر و چاکە لەلا خۆشەویستتر نەبووە. هەموو سبەینانێك، نانێکی زۆری بۆ هەژاران ئامادە دەکردو، لە چەندین جێگە و

---

(١) اسماعيل غالب، مسكوكات تركمانية فتالوغي، ص ١٣٩.

(٢) (العلم) = (جێگەی بەرز)، یان (کێلەڕێ)، یان (شەقڵ): لە بیابانەکاندا دەنرێتەوە بۆ ئەو کاروانەی ڕێگای بزر کردووە تا ڕێگاکەی خۆی پێ بدۆزێتەوە: ابن منظور، لسان العرب، دار صادر، ١٩٥٦، مجلد ١٢، ص ٤١٩.

(٣) الاصفهسلار، الاسفهسلار: بۆ ماناکەی بنۆڕە بابەتی (دیوان و خەزێنەی چەك).
وەرگێڕ: (بەکوردی و فارسیش دەکا: سوپاسالار، واتا: سەرلەشکر).

(٤) الفاسي المكي، العقد الثمين، ٧/ ١٠٠.

(٥) د. حسن الباشا، الفنون الاسلامية والوظائف على الآثار العربية، القاهرة، ١٩٦٦، ٢/ ٦٦٢.

گەڕەکی هەولێردا بەسەریاندا دەیبەشییەوە[١]. جگە لەوەش، جل و بەرگی زستانە و هاوینەی بەسەر کەمدەرامەتەکاندا دابەش دەکرد و پارەشی پێدەدان. هەرکەسێکیش سەفەری کردبا، بە پێی پێداویست و دووریی ڕێگاکەی، خەرجی و ئەرك و مەسرەفی دەدایێ[٢]. یەکێ بوو لە جوامێرە سەروەر و گەورەکان و، مەلیکێك بوو لە مەلیکە خاوەن شکۆ و شانەکان[٣]. دەستی بەڕووی هیچ موحتاجێکەوە نەدەناو، کەسی نائومێد نەدەکرد، نەخاسمە فەقێ و مەلا و حەدیسخوان و. بگرە (شاعیرەکانیش) هەر چەندیشە هەند هاوسۆزیان نەبوو[٤]. ئەو خەسڵەتانەی ئەو هەیبوون، بە دەگمەن لای کەسێکی دی جەم دەبوون[٥].

کارێك لەو کارە خێرانەی دەیکرد، ئەوەبوو، ساڵی دوو جاران، شاندی بە پارەی زۆرەوە[٦]دەنارد بۆ گوێ دەریاکان، بۆ شام بۆ کڕینەوە و ئازادکرنی دیلە ئیسلامەکان لە دەستی خاچدروشمان، هەندێکیشیان، دوای ئازاد بوونی، بۆ ژیان و گوزەران دەهاتنە هەولێر. بەڵام بەرلەوە، دەنێردران بۆ گوندی ((بیت النار))[٧] تا، لەوێ پێداویستی خۆیان وەربگرن و، جل و بەرگی شایان (شیاو) لەبەر بکەن، ئنجا بێنە ناو هەولێر[٨]. ئەوانەشیان کە وڵاتی خۆیان بە باشتر دەزانی، خەرجی ڕێگاو پێداویستیان بۆ دابین دەکراو دەچوونەوە[٩].

---

(١) وفيات الاعيان ٢٧٢/٣. الذهبي، مخطوط تأريخ الاسلام، ورقة ١٨١. الفاسي المكي، العقد الثمين، ١٠٣/٧. ابن عذيبة، انسان العيون ٢٩٧. ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب ١٣٨/٥.

(٢) هەمان سەرچاوەگەل و لاپەڕەکان.. القزويني، آثار البلاد، ص ٢٩٠.

(٣) ابن كثير، البداية والنهاية ١٣٦/١٣.

(٤) وفيات الأعيان ٢٧٦/٣. آثار البلاد، ن. ص. العقد الثمين ١٠٦/٧. انسان العيون، ص ٣٠٢.

(٥)الغساني، العسجد المسبوك، ص ٣٣٠.

(٦) القزويني، آثار البلاد، ٢٩٠.

(٧) (بيت النار): گوندێکی گەورەی هەولێرە، بەلای موسڵدا: ياقوت، معجم البلدان، ٥٢٢/١.

(٨) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، جـ ٨، ص ٦٨٢.

(٩) وفيات الاعيان ٢٧٣/٣. العقد الثمين ١٠٥/٧. انسان العيون، ص ٢٩٧.

The Encycp of Islam, New Edition, V, I, P, ١١٦١.

(سبط ابن الجوزی) کە لەو سەردەمەدا ژیاوە و، سەری لە هەولێریش داوە[١]، دەڵێت: (پارەو سامانی ئەم ئەمارەتە، هەمووی کرا بەخێر و سەدەقە، تا موزەففەرەددین گۆگبوری هیچی نەما، ناچار خشڵ و مجەوهەراتی دەنارد بۆ دیمەشق کە لەوێ بیفرۆشن و، پارەکەی بکەن بە سەرانە و دیلەکانی لە خاچدروشمان پێ بکڕنەوە و ئازادیان بکەن) [٢]. چونکە خاچدروشمان بەبێ پارە و سەرانە دیلی بەرنەدەدا. دوای سەرژمێرییش، دەرکەوت کە (شەست هەزار دیلی پیاو و ژنی) بە پارە ئازاد کردووە[٣]. موزەففەرەددین گۆگبۆری، ساڵانە لە بوجەی ئەمارەتەکەی بڕی سەد هەزار دیناری بۆ ئەو کارە خێرە تەرخان دەکرد[٤]- بە قسەی ابن الجوزی ـ بەڵام (ابن شهبة) دەڵێت: ئەو بڕە پارەیە گەیشتە دووسەد هەزار دینار[٥].

سەرداری هەولێر، ساڵێ کاروانی حەجی بەڕێدەخست و، بۆ زیارەتکاران هەموو پێداویستییەکی ڕێگای دابین دەکرد. بە پێی قەرساندنی (ابن خلکان) هەموو ساڵێك (٥٠٠٠ ـ ٦٠٠٠) [٦]دیناری بۆ حەج و حاجییان خەرج دەکرد. بەڵام (سبط ابن الجوزي) بە (١٠٠٠٠) دە هەزار دیناری[٧]دەخەمڵێنێ و، ساڵێ (٣٠٠٠٠) سی هەزار دیناریشی لە حەرەمەیندا سەرف دەکرد[٨].

---

(١) مرآة الزمان، جـ ٨، ص ٦٨٣.

(٢) ن. م. ص. القزويني، آثار البلاد، ص ٢٩٠.

(٣) مرآة الزمان ٦٨٢/٨. ابن كثير، البداية والنهاية، ١٣٧/١٣.

(٤) مرآة الزمان. ص. ن.

(٥) ابن العماد الحنبلي لە (شذرات الذهب ١٤٠/٥)دا، لە زمان (ابن شهبه)وە گوتوویەتی.

(٦) وفيات الاعيان ٢٧٣/٣. هەروەهاش بنۆڕە: الذهبي، مخطوط تاريخ الاسلام، ورقة ١٨٢.

ابن أبي عذيبة، انسان العيون، ص ٢٩٧.

(٧) مرآة الزمان، ص. ن.

(٨) ن. م. ص: ٦٨٣. ابن كثير، البداية والنهاية، ١٣٧/١٣. ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب، ١٤٠/٥ نقلاً عن ابن شهبة في تأريخ الاسلام.

موزەففەرەددین گۆکبوری لە دەرەوەی ئەمارەتەکەشی پرۆژەگەلێکی خێرخوازیی بنیادناوە ـ لە شاری مەککە پرۆژەیەکی گەیاندنی ئاوی بۆ چیای عەرەفە سازداو، گۆماوەکانی چاك کردەوە و[1]، گەلێ بیری ئاوی لێ دا. هەردوو بیری (الزيادية الكبرى) و (الزيادية الصغرى) بە فەرمانی ئەو هەڵکەنران، بیری سێیەمیشی لێ دا، کە پێی دەڵێن (الشمردقية)[2]. لە زوور مەککەشەوە بیرێکی لە ساڵی ٦٠٤ك/١٢٠٧ز)دا[3]ئاوەدان کردەوە، گوایا کاتی خۆی، (ميمون بن الحضرمی)ی برای (العلاء بن الحضرمي) لەسەر ڕێگایەك لێیدابوو، بە ڕێگای (سبيل الست)[4]بە ناوبانگ بوو. گەلێ بیری دیکەی لێ داو، هەندێکیشی چاك کردەوە، پاشان وشکیان کرد[5].

چاکەیەکی تریشی ئەوەبوو، لەسەر خاکی عەرەفە، سێ قوتکە (أعلام)ی دروست کرد. مێژوو نووس (الفاسي المكى) دەڵێت دووانیانی دیوە، بەڵام سێیەمیان کە بە رووکاری (المغمس)ەکەدا[6]نرابووەوە، ئەوەیان کەوتووە (رووخاوە). ئەم مێژوو نووسە، لەو جێگەیەدا گاشە بەردێکی دیتووە لەسەری نووسراوە: ((میر سوپا سالاری گەورە موزەففەرەددین کوڕی زین الدین سەرداری هەولێر، حسام أمير المؤمنين

---

(١) مرآة الزمان ٦٨٢/٨. وفيات الاعيان ٢٧٣/٣. الفاسي المكي، العقد الثمين، ١٠٠/٧. حسن الباشا، الفنون الاسلامية والوظائف على الآثار العربية ٦٦١/٢ – ٦٦٢.

(٢) الفاسي المكى، شفاء الغرام ٣٤٥/١.

(٣) العقد الثمين ١٠١/٧.

(٤) (الست): واتا (خانم): مەبەست خوشکی (الملك الناصر حسن)ی سەرداری میسرە. بنۆڕە: (العقد الثمين) پەراوێزی لاپەڕەی (١٠١).

(٥) شفاء الغرام ٣٤٥/١.

(٦) (المغمس) جێگایەکە لە لایەکی حەرەمەوە، مەیدانی ئەو فیلە بووە کە کاتی خۆی (ابرهة) هێنابووی. هەر لەم جێگەیەدا (ابو رغال) نێژراوە. ئەم کابرایە خیانەتی لە قەومەکەی خۆی کرد و (ابرهة)ی خاوەنی فیلەکەی بردە سەر مەککە بۆ ئەوەی کەعبەی پێ بڕووخێنێ.. بنۆڕە: الأزرقی، اخبار مكة، جـ ١، ص ١٤٣.

فەرمانی دا ئەم سێ فوتکەیە لە نێوان کۆتایی زەویی عەرەفە و دۆڵی عەرەفەدا دروست بکرێت». بەرواری دروستکردنیشی نووسراوە: شەعبانی (ساڵی ٦٠٥ك/١٢٠٨ز) [١]. هەروەها دوو فوتکەی تریشی چاك کردووەتەوە کە پێشتر لە ساڵی (٦١٦ك/١٢١٩ز)دا[٢] وەك شەقڵی (نیشانەی) سنووری دیوی مەککەی حەرەم دروست کرابوون.

(محمد کورد علي) لە نووسینەکانیدا جێگەو پێگەیەکی تایبەتی بە موزەففەرەددین گۆگبوری شایاندووە و بە یەکەم خێرخواز و چاکەکاری دادەنێ و دەڵێت: موزەففەرەددین گۆگبوریی سەرداری هەولێر یێکێکە لە مەلیکە خێرخواز و کارسازەکان، ئیشی چاك و کاری خێری زۆری داهێناوە و، ئەو دەزگاو کارگانەی ئەو سازی دەدان، لە گەڵ رووەوە، لە سەنعەتگاکانی رۆژاوای ئەمڕۆ دەچن[٣].

موزەففەرەددین گۆگبوری لە شاری حەڵەب خانەقایەکی دروست کرد (بنیادنا)، بە خانەقای (الزينية) ناودار بوو، ئەم خانەقایەی لە سەرەکۆڵانی (القرن) دامەزراند کە بە کۆڵانی (درب السيد الحمزة) [٤] ناودەبرا. پێدەچێ، هەر ئەو خانەقایە بێت کە

---

(١) الفاسي المكي، شفاء الغرام، جـ ١، ص ٣٠٢.

(٢) العقد الثمين ٧/١٠٠.

(٣) محمد كورد علي، الاسلام والحضارة، جـ ١، ص ٣٢٧.

(٤) بنۆڕە: (كامل بن حسين بن محمد البالي الشهيد بالغزي)، نهر الذهب في تأريخ حلب، جـ ٢، ص ٢٧١. ئەم مێژوونووسە دەڵێت: ئەم خانەقایەی موزەففەرەددین گۆگبوری دایمەزراند، (عمر الزميني) لە ساڵی (٧٩٦ك)دا چەندین باغ و بێستانی بۆ کرد بە (وەقف)، هەر لەبەر ئەوەشە کە ناویاناوە (الزينية).

هەروەها دەڵێت: ئەم خانەقایە زۆر ئاوەدان بوو، بەڵام ئێستا، دراوسێکانی داگیریان کردووە، دەرگاکەشی داخراوە و، هەر دیارنەماوە.

(ابن الشحنة) [1] باسی دەکات. لە ساڵی (٥٩٨ك/١٢٠٢ز)یشدا، لە دیمەشق مزگەوتێکی بۆ حەنبەلییەکان دروست کرد، کابرایەك بە ناوی (علي الفامي) بناغەکەی دارشت، بەلاَم پرۆژەکە پارەی لێ براو تەواو نەکرا. موزەففەرەددین گۆگبوری، کە ئەمەی بیست، دەستبەجێ، بە (شجاع الدين الاربلی)ی پەردەوانەکەی خۆیدا، سێ هەزار دیناری نارد بۆ تەواوکردنی مزگەوتەکە و، بەو پارەیەش کە لێی زیادە، وەقفێکی پێ بکرێن[2]. پاشان هەزار دیناری تری نارد، کە لە زێی (پردێ)وە ئاوی بۆ رابکێشن[3]. لە موسڵیش خانوویەکی بۆ حەدیس دروست کرد، ناونرا (دار الحديث المظفرية) [4].

خەسڵەتێکی دیکەی موزەففەرەددین گۆگبوری ئەوەیە کە پیاوێکی خاکەڕایی (متواضع) و بۆ داماوان بەسۆز بووە، (ئێمە پێمانوایە) رەوش و رەفتار و، سۆز و ساویلکەیی ئەم میرە لەوەوە پەیدا بووە کە لە بنەماڵەیەك و ژینگەیەکی ئایینیدا پەروەردە بووە، ئەوەتا، لە شارەکەی خۆیدا چوار خانەقای دامەزراندووە، بۆ هەژار و

---

(١) (ابن الشحنة) دەڵێت: موزەففەرەددین گۆگبوری، خانەقایەکی لە ناوچەی (السهيلة) دامەزراند. ئەو ناوچەیە، ئێستا پێیدەڵێن (سويقة حاتم) دەکەوێتە نزیك مزگەوتە گەورەکە.. بنۆڕە: ابن الشحنة، الدر المنتخب، ص ١٠٦.

(٢) عزالدين ابو عبدالله محمد بن علي ابراهيم ابن شداد، الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة ((تأريخ دمشق، ص ٨٦. (دكتو حسن الباشا)یش دەڵێت: ئەم پرۆژەیە موزەففەرەددین گۆگبوری لە ساڵی (٥٩٩ك)دا دایمەزراند – وەك لە نووسینی سەر هەندێ ئاسەواردا دەردەکەوێت – لە دەقی دامەزراندنی ئەم مزگەوتەدا، هاتووە، دەڵێت: ((گۆگبوری بن علي بن بكتكين صاحب اربيل)) بنۆڕە: کتێبەکەی: (الفنون الاسلامية) ٢/٦٦١.

(٣) ابو شامة، ذيل الروضتين، ص ٢٩. مرآة الزمان ٨/٥١٠. الذهبي، مخطوط، تأريخ الاسلام، ق ١، جـ ١، ورقة (٧٣). ابن كثير، البداية والنهاية، ١٣/٧٢ و ١٣/١٣٦. النعيمي، الدارس في تأريخ المدارس ٢/٤٣٦.

ئەم مزگەوتە تا ئەمڕۆش لە دیمەشق لە (حي الاكراد) هەر ماوە بنۆڕە: پەراوێزی (١) لاپەڕەی ٨٦ لە (الاعلاق الخطيرة، للمحقق سامي الدهان).

(٤) ابو شامة، زيل الروضتين، ص ٩٠. الذهبي، العبر، ٥/٨٩ – ٩٠. شذرات الذهب ٥/١٠٠.

کوێر و دەستکورت و شەل و سەقەت[1] و داماوان، مانگانەش پێداویستی خۆراك و خواردنەوە و جل و بەرگ و شتی دیکەی بۆ دابین دەکردن و، حەفتەی دوو جاریش سەری لێدەدان و عەسرانی دوو شەموان و پێنج شەموانی بۆ ئەم سەردانە تەرخان کردبوو، یەك بە یەك پرسیاری باری گوزەرانیانی دەپرسی و هیچیانی نەدەبوارد و بە سنگفراوانیەوە گاڵتەی لە گەڵدا دەکردن و دڵی دەدانەوە. سەری لە بیمارستانەکەش دەدا کە خۆی لە هەولێر دایمەزراندبوو، هەواڵی نەخۆشەکانی دەپرسی و لە جێگە و پێخەف و خۆراکیان دڵنیا دەبوو، سەرباری ئەوانەش خانوویەکی گەورەی لە هەولێر بۆ حەوانەوەی میوانان لە فەقێ و مەلاو فەقیر و هەژاران کە دەهاتن بۆ هەولێر دروست کردبوو، لەوێ دەمانەوە و، دەخەوتن و خۆراکی نیوەڕۆژە و شێویان لەسەر بوجەی ئەمارەتی هەولێر سەرف دەکرا[2]. دەگێڕنەوە، دەڵێن: موزەففەرەددین گۆکبوری هەند خاکەڕا و خاکی بووە، جل و بەرگێ کە بۆ میر بشێ لەبەری نەکردووە و، تەنیا بەرگی زبری پۆشیوە کە نرخی لە پێنج پەنجایی (درهم) زێتر نەبووە، وێڕای ئەوەش کە جەستەی بەرگەی ئەو بەرگە زبر و دڕەی نەگرتووە. ڕۆژێکیان (ربیعە خاتون)ی هاوسەری پێیدەڵێت: کە بەرگێکی نەرم لەبەر بکات و جەستەی خۆی ئەوەندە ئازار نەدات. لەوەڵامدا دەڵێت: کامیان چاکترە و جەزای زیاترە، بەرگێك بایی دە پەنجایی لەبەر بکەم، یان جلێك بایی پێنج پەنجایی لەبەر بکەم و پێنج پەنجاییەکەی تری بدەم بە هەژارێك یان

---

(١) (الزمنی): واتا پاختسە و شەل و سەقەتان کە ناتوانن بڕۆن و ڕێ بکەن و کاربکەن. بەڵام ناچارن: محمد مرتضی الزبیدي، تاج العروس، ٢٢٨/٩.

(٢) سبط ابن الجوزی، مرآة الزمان ٦٨٢/٨. وفيات الاعيان ٢٧٢/٣.
الذهبي، مخطوط تأريخ الاسلام، ورقة ١٨١.
ابن أبی عذيبة، مخطوط. انسان العيون ٢٩٥ — ٢٩٦.
الفاسي المكی، العقد الثمين ١٠٣/٧.
ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب ١٣٩/٥.

داماوێك[١]؟. ئەو، لەبەر خاتری خودا و بۆ ڕەزامەندیی خوا ئەو جلە خراپ و بە ئالۆشەی لەبەر دەکرد. موزەففەرەددین گۆکبوری پیاوێکی بێ فیز و دڵنەرم و بەرەحم بووە، خواردنێکی خۆشی بە تەنیا نەخواردووە، دەینارد چەند پیاوچاکێکی بانگ دەکرد پێکەوە دەیانخوارد. ئەو کاسە دراوسێتیشی دەکرد، بۆ پیرەژنێ یان پیرە مێردێکی دراوسێی خۆی کاسەی پڕ خۆراکی دەنارد و، جل و بەرگ و[٢]پێداویستی دیکەشی بۆ دەناردن.

ئەم پیاوە لەخوا ترسە، ژیان و گوزەرانی کەموزۆر لە ژیانی دەروێش و دێوانەکان دەچوو، دەچوو بۆ لایان و، لە ئەڵقەو کۆڕی زیکردا[٣]بەشدار دەبوو. ئەو، بڕوای بە سۆفیگەری هەبوو، یەکێك لەو شێخانەی کە ڕێزی لێ دەنا: (الشیخ أبو حامد احمد الکرمانی) بوو، کە بە (أوحدالدین) ناوداربوو. ئەم شێخە سەری لە هەولێر دا، کۆمەڵێ دەروێشی عەجەمی لەگەڵدا بوون، هەموویان بوونە میوانی، پاشان هەموویانی نارد بۆ حەج[٤]. هەندێ لە مێژوونووسانیش بە حەدیسخوانی دادەنێن. (أبو علي حنبل بن عبدالله الرصافي) و کەسانی دیکەش دەڵێن کە دەمی لە حەدیسەوە داوە[٥].

موزەففەرەددین گۆکبۆری هەند لە خواترس بووە نەیهێشتووە شتی خراپ

(١) مرآة الزمان، جـ ٨، ص ٦٨٢ – ٦٨٣. ابن كثير، البداية والنهاية ١٣٧/١٣.

(د. طليمان) وەسفی سەرداری هەولێر دەکات و دەڵێت: ((ئەو میرە، پڕ بە پێستی مانای سۆشیال، سۆشیالیست بووە. کۆمەڵ و کۆمەڵگەکەیشی سوودێکی زۆریان لەو خەسڵەتەی پێگەیشتووە))، بنۆڕە کتێبەکەی: (مظفرالدين كوكبرى امير اربل، ص ٢٠١).

(٢) وفيات الاعيان ٢٧٥/٣. العقد الثمين ١٠٥/٧. انسان العيون ٣٠٢.

(٣) مرآة الزمان ٦٨١/٨. وفيات الاعيان ٢٧٣/٣.

(٤) ابن الشعار، مخطوط عقود الجمان، جـ ٧. ترجمة محمد بن أبى الفخر بن احمد ابو حامد الكرماني الصوفي.

(٥) المنذري، التكملة ١٤٤٨/٧ بالرونيو.

بهێنرێتە ناو ئەمارەتەکەی[١]. (الغساني) دەڵێت رێگای بەکەس نەداوە مەی (الخمر) بۆ ناو وڵاتەکەی بهێنێ و، سووکایەتیی بە ئارەقخۆر دەکرد[٢]. هەرچەندیشە مەملەکەتەکەی بچووك بوو، بەڵام خۆی لە هەموو مەلیکەکان بە ئاینتر و جوامێرتر و خێرخوازتر بوو[٣]. لەبەر ئەوە، باسوخواسی خاکەڕایی و خێرخوازی و پیاو چاکیی ئەم میرە، لە دەرەوەی هەولێریش دەنگی دایەوە، بە نموونە: کاتێ لەگەڵ (علاءالدين)ی سەرداری وڵاتی مەراغە، بۆ داگیرکردنی ئازەربێجان پەیمانی بەست و بەرەو تەورێز کەوتنە رێ، لەو کاتەدا (آیدغمش)ی کۆیلەی (ابو بکر بن البهلوان)ی سەرداری ئازەربێجان نامەیەکی بۆ نارد و وەبیری هێنایەوە کە داگیرکردنی وڵاتانی خەڵك رەفتارێکە، بۆ ئەو ناشێ و بۆ ناوبانگی ئەو جوان نییە و، بۆی نووسیبوو: ئێمە بیستوومانە کە تۆ خاوەن زانست و مەلاو پیاوچاکانت خۆش دەوێت و خێر و چاکەیان لەگەڵدا دەکەیت و، وامانزانی کە بەخێر و بەئیمانیت[٤].

لە بارەی بوێری و بەجەرگیی ئەو میرەوە، ئەوە بوو پێشتریش هەڵوێستی ئازایانە و جوامێرانەیمان باس کرد چ لەناو لەشکری ئەتابەگەکانی موسڵ و چ لە ریزەکانی لەشکری سەلاحەددینی ئەیوبیدا و چ لە فەرماندەی لەشکری ئەمارەتەکەی خۆیدا ـ (ابن خلكان) باسی هەڵوێست و پێگەی لە شەڕە گەورە و هاتونەهاتەکەی (حطين)دا دەکات و دەڵێت: موزەففەرەددین گۆکبوری لە جێگەی خەتەرناکی وادا خۆی ڕاگرت، کەسی دی لەوێدا، خۆی رانەدەگرت. ناوبانگیشی هەند بڵاوە، درێژەپێدانی ناوێت و، ئەگەر هیچی دیکەی نەکردبێ، ئەم قارەمانێتییەی (حطين)ی بەسە، لەو شەڕەدا لەشکری ئیسلام شکا، بەڵام کە دیتیان، وا، (تقي الدين

---

(١) وفيات الاعيان ٢٧٣/٣. الذهبي، مخطوط تأريخ الاسلام، ورقة ١٨١.

ابن ابي عذيبة، انسان العيون، ٢٩٧. الفاسي المكي، العقد الثمين ١٠٤/٧.

(٢) الغساني، العسجد المسبوك، ص ٣٣٠.

(٣) الذهبي، العبر ١٢٢/٥. شذرات الذهب ١٣٨/٥.

(٤) الكامل ٢٣٦/١٢ — ٢٣٧.

عمـر)ی بـرازای سـەلاحەددینی ئـەییوبی و موزەففـەرەددین گۆگبـوری هـەردووکیان پێشیان لە خاچدروشمان گرتووە و کۆڵیان نەداوە و قارەمانانە شەڕ دەکەن، ئەوانیش هەموویان گەڕانەوە بۆ ناو شـەڕەکەو خاچـدروشمانیان تێکشکاند[١]. (القزوینـی)یـش دەڵێت: موزەففەرەددین گۆگبوری مەلیکێکی ئـازاو جوامێر و بەهیممـەت بـوو، گـەلێ کەتنی بە فـەڕەنگ کـردووە، خـەڵك دەیگێڕنـەوە و باسـیان دەکـەن[٢]. (المنـذري)یـش دەڵێـت: موزەففــەرەددین گۆگبــوری لــە کوشــتاری دوژمنــی ســەر کــەناراوەکانی (الـشافعي)دا، هەڵوێـستی ئازایانـەی دیـاربوو[٣]. (ابـن الفـوطي)یـش باسـی ئازایـەتیی کردووە و دەڵێت: پیاوێکی ئازاو بـە هەڵمـەت بـوو، فـەرمانی دەڕۆیـشت و، لـە گرتنـی وڵاتاندا خێری لێ دەکەوتەوە[٤].

(ابن خلکان) لـە جێگایـەکی تـردا دەڵێـت: موزەففـەرەددین گۆگبـوری لـە شـەڕ و هەڵمــەت و پــەلاماردا، هــەر بــەردەوام بــوو ـ هــەر چەندیــشە زۆر بــوون ـ، نەشمانبیستووە لە هیچ هەڵمەتێکدا، شکابێت، ئەگەر باسی هـەموو چاکەکانی بکـەم، کتێبەکـەم دوورو درێـژ دەبێـت[٥]. لام وایـە (ابـن خلکـان) لـەم پێداهەڵدانەیـدا پێـی لێڕاکێشاوە و زۆری ناوەتە سەر، ئەو باسی ئازایەتیی لە ڕادەبەدەری سەرداری وڵاتێك دەکات کە خۆیشی خەڵکی ئەو وڵاتەیە، موزەففەرەددین گۆگبـوری هـەموو جارێ لـە شەڕدا سەرنەکەوتووە، جارجارەش شـکاوە، ئـەو هەرچـەندە لەبـەر (بـدرالـدین لۆلـۆ) هەڵنـەهاتووە بـەلام لـە هـەموو شـەڕەکانی موسـڵیدا سـەرنەکەوت. هـەروەهاش لـە هێرشـی سـەر ئازەربێجانـدا کـە لەگـەڵ (علاءالـدین قراسـنقر)ی سـەرداری مەراغـەدا پێکەوە دەستیان پێکرد، سەرنەکەوت، بەڵکو لەگەڵ ناوچەی شەڕەکەدا شکاو رایکـرد

---

(١) وفيات الاعيان ٣/٢٧١.

(٢) القزويني، آثار البلاد، ص ٢٩٠.

(٣) المنذري، التكملة، ٧/١٤٤٧ بالرونيو.

(٤) ابن الفوطي، تلخيص مجمع الآداب، جـ ٥، ص ٥٨٠.

(٥) وفيات الأعيان ٣/٢٧٦.

(هـەڵات). موزەففـەرەددین گۆگبـوری، یەكـەم راكردنـی لـە شـەڕدا، ئەوەبووكـە لـە شەڕەكەی ساڵی (٥٧١ك/١١٨٤ز)دا لەبەر سەلاحەددینی[١] ئەیوبی هەڵات، ئەو شـەڕەبوو كە موزەففەرەددین گۆگبـوری فەرمانـداریی قـۆڵی راسـتی لەشـكرەكەی (سـیف الـدین غازی)ی ئەتابەگی موسڵ دەكرد. (جلال الدین منكبرتی)ی سوڵتانی خواریزمانیش لە ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز)دا، لە شەڕدا راوی نا و گرتی. ئەو شەڕەبوو كە سەرداری هـەولێر خۆی هەڵخڕاند و بە فیتی خەلیفەی بەغدا، دژ بەو سوڵتانە كەوتە شەڕ، بەڵام دوای ئەوەی بەدیل گیراو پەشیمان بووەوە، سوڵتان ئازادی كرد و ناردییەوە بۆ هەولێر.

مادامێكی باسی رەوش و رەوشتی موزەففەرەددین گۆگبوری دەكەین، دەبێ باسـی خوێنـدەواری و پلـەی رۆشنبیریـشی بكـەین. ئـەم مـیرە سـەودای زانـستی حـەدیس و مێـژوو بـوو، كتێبـی (المـسند في الحـدیث)ی[٢] لـە رێگـای (أبـو علـي حنبـل بـن عبـدالله الرصافي) و كەسانی دیكەوە خوێندبوو، بەڵكو باسی حەدیسیشی دەكرد[٣].

هەوای زانستی مێژوویشی لە هزردا هەبوو، (ابن خلكان) دەڵێت: موزەففەرەددین گۆگبوری هەندێ بابـەتی مێـژووی لەبـەر بـوو، زۆرجـاران دەیگێڕایـەوە[٤]. بـەڵام، بـۆ شاعیران ئەو سۆزەی نەبوو، باسی نەدەكردن و، مەگەر بچوونایە بۆلای دەنـا خـەڵاتی نەدەكردن و هیچی پێنەدەدان[٥].

لەگەڵ ئەم هەموو پێداهەڵدان و ستایشەیدا، هەندێ لـە مێژوونووسـان رەخنـەی تـرش و تاڵیـان لێـی گرتـووە، (یـاقوت الحمـوي) كـە هاوچـەرخی خـۆی بـووە و، دوو جاریش سەری لـە هـەولێر داوە و[٦]، ستـایـشی كـار و هەڵوێـست و جـوامێریی دەكـات،

---

(١) ابن شداد، النوادر: ٥٢. البنداري، سنا البرق الشامي ٢٠٤/١.

(٢) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان ٥٣٧/٨.

(٣) المنذري، التكملة، بالرونيو ١٤٤٨/٧.

(٤) وفيات الأعيان ٢٧٦/٣.

(٥) ن. م. ص.

(٦) لە ساڵی (٦١٣ و ٦١٧ك)دا بنۆڕە: وفيات الأعيان ١٧٨/٥ — ١٧٩.

پاشان دەڵێت: ((تەبیعەتی ئەم میرە جۆراوجۆرە و هیچی لە هیچی ناچێت، زوڵمی زۆرە و، بۆ مسكێن ـ الرعیة ـ دڵرەقە، حەزی لە پارەی حەرامە))[1] پاشان دیسان بادەداتەوە و دەكەوێتەوە ستایشی و دەڵێت: ((بە هەرحاڵ، موزەففەرەددین گۆگبوری چاكەی لەسەر هەژاران هەیە، غەریبدۆستە و خێرخوازە و پارەی زۆریش دەنێرێت، دیلەكانی لە جنگ خاچدروشمان پێ ئازاد دەكات))، ئنجا دەڵێت: ((سەرداری هەولێر، لە هەڵویستی راڕایی و هیچ لە هیچ نەچوونیدا، لەو كەسە دەچێت كە پارە، بە شێوەی ناڕەواو ناشەرعی خڕدەكاتەوە و دەیدات بە هەژار و كاری خێری پێدەكات)) ئنجا دەڵێت: لەو بارەیەوە، شاعیرێك دەڵێت:

كساعية للخير من كسب فرجها لك الويل، لا تزني ولا تتصدقي[2]

واتا:

سەرپۆشێ، زێری بفرۆشێ و بیكا بەخێر، نەخێر
ئەنجامی هەر ئاگرە، نەبدات و، نەبیكا بە خێر

(ابن واصل)یش رای دەخاتە پاڵ (یاقوت الحموي)و، دەڵێت: موزەففەرەددین گۆگبوری مەلیكێكی بەرێز و دیار و بەجەرگ و بە هەڵمەت بوو، هیممەتێكی بەرز و هەیبەتێكی گەورەی هەبوو... بەڵام بۆ پارەسەندن، سەری بەخۆیەوە نەبوو، زاڵم و بێ منەت بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، خێر و سەدەقەی بە زۆری بەردەوام بوو[3]. رای (أبو الفداء)یش، لە رای (یاقوت و، ابن واصل) دەچێت، كە دەڵێت: موزەففەرەددین

---

(١) یاقوت الحموي، معجم البلدان، ١٣٨.

(٢) م. ن. ص.

(٣) بنۆڕە: لاپەڕەی (٩) لە پێشەكییەكەی بەرگی چوارەم لە ((مفرج الكروب في اخبار بني ایوب))، ط ١٩٧٢ (محمد ربیع حسنین) لە وێنەیەكی نوسخە تەواوەكەی پاریسەوە وەریگرتووە، كە لە (دار الكتب المصرية، لە قاهیرە بە ڕەنووسی ٥٣١٩ دانراوە).

گۆگبوری مەلیكێكی ئازابوو، بەڵام بەزوڵم پارەی وەردەگرت[١]، دوای ئەوەش دەڵێت: ئاهەنگی لەدایكبوونی پێغەمبەری دەگێڕاو پارەیەكی زۆری بۆ خەرج دەكرد[٢]. (ابن الوردي)یش لە زمان (ابو الفداء)ەوە، هەر ئەو قسەیە دەكات و، هەروەك ئەوانی بۆدەچێ[٣].

ئێمەش، وای بۆدەچین كە تۆمەتی زوڵمكردن لە مسكێن و رەعیەت و، هەڵپەی كۆكردنەوەی پارە و پوول كە دراوەتە پاڵ سەرداری هەولێر، هەروا لە هیچەوە نەبووە، وەها زانراوە كە گەورە پیاوان و كاربەدەستانی ئەمارەتەكە ـ مەگەر بە دەگمەن ـ دەنا هیچیان لە سزای ئەو سەلامەت نەبوون. ئەوەبوو (ولي الدين ابا الثناء محمود بن محمد الحرانی)ی وەزیری حەپس كرد و[٤]، وەزیر (علي بن شماس) و[٥]، وەزیر (ابراهیم ابن علي بن أبي حرب الموصلي) و كوڕەكانیشی لە زیندان هاویشتن[٦]. هەروەها پەردەوان (احمد بن السيد بن شعبان الاربلي)ی حەپس كرد و، دوای ئازادكردنی هەولێری بەجێهێشت[٧]. (أسعد بن ابراهيم النشابی)ی بەرپرسی دیوانی ئینشاء و[٨]، (محمد)ی كوڕی (وەزیر ـ ولي الدين محمود الحرانی)ی بەرپرسی دیوانی شكاتی[٩]حەپس كرد و، (اسحق بن معالی بن شماس)ی برازای وەزیر

---

(١) ابو الفداء، المختصر في تأريخ البشر، ٣/١٥٣.

(٢) م. ص. ن.

(٣) تأريخ ابن الوردی، ذيل المختصر، ٢/ ٢٢٨. ياسين العمري الموصلي، ((غاية المرام في تأريخ محاسن بغداد دار السلام، ص ٨٠ — ٨١. محمد امين العمري، منهل الأولياء، ٢/٣٣.

(٤) ابن الشعار، مخطوط عقود الجمان ٦/١٨٧.

(٥)ن. م. ترجمة (محمد)ی كوڕی (علي بن شماس) جـ/٧.

(٦) ن. م. ٤/١.

(٧) ابن خلكان ١/١٨٤ ط/بيروت.

(٨) ابن الشعار، جـ ١ سيرة اسعد بن ابراهيم.

(٩) ابن الشعار، جـ ٦ ورقة ١٨٧.

(علی بن شماس)ی حەپس کرد، کە لە ساڵی (٦١٧ك/١٢٢٠ز)دا لە زینداندا مرد[(١)]. نەك هەر ئەوانە، بەڵکو مستەوفی هەولێریش کە بە (المبارك ابن المستوفي) ناسراوە لە دەستبەسەریی بێبەش و سەلامەت نەبوو، ئەویشی گرت و فەرمانی دا مەچەکبەندی گرانی لە مەچەکان بکەن و، بۆ بەردانیشی داوای حەوت هەزار دیناری لێ کرد، (ابن المستوفي) ناچار هەندێکی قەرزکرد و هەندێکیشی لە داهاتی موڵکەکانی خۆی دابین کرد[(٢)]. (الحاجري)ی[(٣)]شاعیری ناسراوی هەولێریشی حەپس کرد. غەزەبی موزەففەرەددین گۆکبوری، خاوەن شەرع و مەلایانیشی گرتەوە. ئەوەبوو، مەلا (عزالدین ابي القاسم نصر بن عقیل نصر)ی برازای مەلا (أبي العباس الخضر الأربلي)یشی گرتەوە کە لە دوای مردنی مامی ناوبراوی ببوو بە بەرپرسی قوتابخانە عەقلییەکە و قوتابخانەکەی قەڵا، و ڕکی لەمیش گرت و لە هەولێریش دەری کرد، ئەمیش ناچار گواستییەوە بۆ موسڵ و، لەوێ مرد[(٤)].

لەوانەشەوە کە باسمان کردن، دەگەینە ئەوە، کە کەموزۆر وێنەیەکی تەواوی خەسڵەتەکانی ئەو میرە لە زەیندا وەپێش چاو بێنین. خەسڵەتی زوڵم و زیندانیکردن و ڕووتاندنەوە و دەستبەسەردا گرتنی موڵك و ماڵ و سامانی خەڵك، دەبنە دیوی ئەودیوی وێنەکەی ـ لێرەدا ماقی خۆمانە بپرسین، ئەم پیاوە کە هەند خێر خواز و کارساز و لە خواترس و بە ئیمان بووە، ئایا، دەبێ بۆچی هەندەش دڵڕەق و زاڵم بووبێ؟ ئایا چ جۆرە کەسانێکی دەگرت و پارەوپوولی لێ دەسەندن و دەستی بەسەر موڵك و ماڵیاندا دەگرت؟.. دوورنییە ئەو کەسانە بەقۆرخکردنی زاد و خۆراکی خەڵك دەوڵەمەند بووبن، یان دەستی بەسەر ماڵ و ملکی هەندێ لە کاربەدەستەکانی خۆیدا گرتبێ کە پۆست و پێگەی وەزیفەکانیان بۆ گیرفانی خۆیان

---

(١)ابن الشعار، جـ ١ ورقة ٢٣٨.

(٢) ابن الشعار، جـ ٦ ترجمة المبارك ابن المستوفي.

(٣) ابن الشعار، جـ ٥. ابن خلكان ١٧٠/٣، ط ١٩٤٨.

(٤) وفيات الاعيان ١١/٢.

بەکارخستبێ، یان بەرتیلیان لە هاووڵاتیان وەگرتبێ. (الیونینی) چەند بەیتە شیعرێکی (أسعد بن ابراهیم بن حسن ـ أبو المجد الأربلی) مان، بۆ دێنێتەوە کە بەرپرسی نووسین (الانشاء) بووە لە دیوانی سەرداری هەولێر، لەم شیعرەیدا باسی ناپاکیی کارمەندە گەورەکان و، دیاردەی بەرتیل و گرفتاربوونی ئەو خەڵکە دەکات کە سەر لە دیوان و دایەرەکانی حکومەت دەدەن. (أبو المجد) کە خۆیشی لە گرتن و حەپسی سەلامەت نەبووە[1]، لەم بەیتانەیدا دەڵێت:

قد قسّمنا الديوان خمسة أقسا... م، عليها لكل قـــولٍ دليلُ
ربّ حقٍ فلا يطاع، ومنســــو... ب الى الظلم قوله مقبــولُ
ثم شخص كأنه الجرفُ في النح... وِ، فلا فاعـــل ولا مفعولُ
ومصـــرٌ على التحيّفِ والظل... م، بعيد عن الصواب جهولِ
وأخـو حاجـــةٍ يمشي أحــــوا... لا لديه، إن جــاءه البرطيلُ
أتراهـــم لم يعلمـــوا ان كلا... منهم عـــن فعاله ســـؤل

واتا:

دیوانمان کرد بە پێنج بەشان ... هەر بەشەو، چاوساغێ لەسەر
هــەق بزرە، دەنگـــی نییە ... زوڵم کردوویە دەسـبەســـەر
کەسێ، خۆی تەنیا حەرفێکە ... نە موبتەدایــە و، نــە خەبەر
سـووره لەسەر زوڵم و ستەم ... کەربابە، وێنەی جاشـەکـەر
هـــەژارێ، ئیشێکی هـەبێ ... ملی دەگرن وەك گورگ و مەڕ
کورنووش نەبا، بەرتیل نەدا ... چنگ لەسەر شان، دەیکەنەدەر
گــوایا، ئــەمانــە، نــازانن ... کـار، وا بڕوا، ناچێتە سـەر؟

---

(١) عقود الجمان، جـ ١، ترجمة أسعد بن ابراهيم.

کاتێکیش، وەزیر، گروپی کارمەندانی دیوانی حساباتی هەولێری، لەسەر گزی و فزی دەستگیر کرد، ئەم بەیتانەی نووسی:

جمـــاعـة الديوانِ في ليلة شـحط مظلمة
وقد غَنت أيدي الوز... ير منهـم منتقمـة
لا رحـــمَ الله الـذي يرحـمُ قوماً ظلمة

واتا:

وەزیر کەوتە وێزەی دیوان کـارمـەنـدانی بـرده زیندان
زیندانێکی کـرو بێ دەنگ ئەنگوست لە چاو و شەوەزەنگ
هـەرکەسێ بۆیان تێکەوێ خـوایـە، خۆشی ڕێی تێکەوێ

(سبط ابن الجوزي) کە مێژوو نووسێکی هاوچەرخی موزەففەرەددین گۆکبوری بووە و، لە جێگایەکی دیکەدا تۆمەتباری دەکات کە بە دەستی ئەنقەست (زین الدین یوسف ینالتگین)ی[1] برای خۆی کوشتووە، وام پێباشە سەیرێکی نووسینەکانیشی بکەین و، بە وردی سەرنجی لێ بدەین کە چۆن چۆنی پاکانەشی بۆ دەکات و هەقی دەداتە دەست. ئەم مێژوو نووسە، هەقی دەداتە دەست و دەڵێت: «دەڵێن، ئەم کابرایە دەست بەسەر دیوان و دایەرەکانی خۆیدا دەگرێت و کارمەندەکانیان لە ڕەگەوە هەڵدەکێشێ. کێ دەڵێ، خیانەتی بە چاوی خۆی لێ نەدیون. دیارە، وای بە باشتر و خێرتر زانیوە کە ئەو پارەوپوولە، بۆ خێر و قوربانی سەرف بکرێت چاکترە»[2].

ئێمەیش دەڵێین: ئەگەر ڕەفتاری خراپ و دەستپیسیی هەندێ لە کارمەندانی دیوانی هەولێر و، ڕووتاندنەوە و چەوساندنەوەی خەڵك و خیانەتی وەزیفی ـ وەك (ابن الجوزي) دەڵێت ـ بووبێتە هۆی گرتن و حەپسکردن و دەرکردنی کارمەندان، بەڵام، خۆ، ئەم بیانووە، هەموو قوربانییەکانی دەستی سەرداری هەولێر ناگرێتەوە، واتا

(١) مرآة الزمان ٤٠٧/٨.

(٢) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان ٦٨٣/٨.

کەسانی بێتاوانیشی دووچار کردووە. سا بەهەرحاڵ، ئەم میرە، حەزی لە زوڵم و ناهەقییش کردووە و، کەسیش ناتوانێ پاکانەی تەواوی بۆ بکات.

دوو: ئاهەنگەکانی هەولێری لەدایکبوونی پێغەمبەر:

موزەففەرەددین گۆکبوری ـ وەك باسمان کرد ـ لەناو خەڵکەکەدا، وا، ناسراو بوو کە پیاوێکی زۆر ئایینپەروەر بوو... دەست لە دامێنی دین بەرناداو، زۆریش رەسووڵی (د. خ) خوای خۆش دەوێت. ئەم سۆز و خۆشەویستییەشی هەند لە دڵیدا رەگی داکوتابوو، بڕیاری دا هەموو ساڵێك یادی رۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د. خ) بە ئاهەنگێکی گەورە نوێ بکاتەوە بە جۆرێ کە لە هەولێر و هەموو ئەمارەتەکەیدا دەنگ بداتەوە. ئەم رۆژە، لە لای موسڵمانان رۆژێکی پیرۆزە، جەژنێکە، سەرداری هەولێر دایهێناو لە هەولێریشەوە بە هەموو جیهاندا بڵاوبووەوە.

(ابن الشعار) دەڵێت: موزەففەرەددین گۆکبوری شتێکی ئەوتۆی داهێنا، نە مەلیکەکانی ئێستاو نە خەلیفەکانی پێشتر نەیاندەزانی و نەیاندەکرد پیرۆزبایی و رێزلێگرتنی ئەم جەژنە حورمەتێك بوو لە پێغەمبەری[1] (د. خ) دەگرت. تەنیا، خۆی کردوویەتی، پێش ئەو کەس نەیکردبوو[2]. بە دووریشی نازانین، ئاهەنگی سەری ساڵی فەلەو دیانەکانی ناوچەکەو ئاهەنگی جەژنی قیامەتیان، موزەففەرەددینی خستبێتە سەر[3] هەوەسی داهێنانی ئەم جەژنەی.

---

(١) ابن الشعار، مخطوط ((عقود الجمان)) ٥/١٥٦.

(٢) ن. م. ص: ١٥٧. بنۆڕە گوتاری (هـ. فوش – H. Fuchs) لە:
The Encycl. Of Islam, art Mawlid< ١٩٣٦, V. III, P. ٤٢٠.

هەروەها: آدم میتز، الحضارة الاسلامیة في القرن الرابع الهجري، جـ ٢، ص ٢١٨ — ٢١٩.

(٣) بنۆڕە: بزانە کلۆد کاهین لەبارەی ماددەی (بکتگین) چیی نووسیوە.
The Encycl. New Edition, ١٩٦٦, V, I, P. ١١٦١
لەوێدا دەڵێت: رەنگە ئەو ئاهەنگانە لە رقی ئاهەنگەکانی مەسیحیانی هەولێر بووبێت کە بەردەوامن لەسەری.

دوو مانگ بەر لە ڕۆژی ئاهەنگی مەولوود، موزەففەرەددین گۆكبۆری هەموو شتێكی تەیار و ئامادە دەكرد و، وەپێش خەڵكەكە دەكەوت و لەگەڵ كارگەرەكاندا كەپر و گومەزگەلێكی زۆری لە تەختە دروست دەكرد و بەخێوەت (سرادق)ی گەورە گەورە بانی حەوشەو گۆڕەپانەكانی دەگرت و، چین چین دایدەمەزراند، جاری، وا، دەبوو دەگەیشتە بیست گومەز. جگە لەوانە، لە گۆڕەپانە گەورەكەی[1] نزیك قەلآ، دەوارگەلێكی زۆری بۆ ئەو میوانانەش هەڵدەدا كە لەوڵاتانی نزیكی، وەك بەغداو موسڵ و وڵاتی فارس و شنگال و (نصیبین) و جزیرەوە بەو بۆنەیەوە روویان لە هەولێر دەكرد و ئەو شاند و میوانانە، زۆرتر مەلا و سۆفی و وتارخوێن و وەعزبێژ و قورئانخوێن و مەولود خوێن و شاعیران بوون[2].

لەگەڵ سەرەتای مانگی سەفەردا، تیپەكانی مۆسیقا كە لە بن گومەزەكاندا ئامادەبوون، دەستیان دەكرد بە گۆرانی و مۆسیقا ژەنین و ئاهەنگیان سازدەدا، گروپێكی كۆتەڵباز و[3] پێڕێكی رابواردنی پاك و دەروێشانەش دەكەوتنە چالاكی و بزاڤ، خەڵكەكەش بە دەوریاندا تەماشایان دەكرد و رایاندەبوارد، بە درێژایی رۆژانی ئەو بەزمە ئیش و كاری خۆیان جێدەهێشت و بۆ سەر كار نەدەچوون، لەو

---

(١) ئەم گۆڕەپانە كەوتبووە نێوان قەیسەری و خانەقاو دەرگا گەورەكەی قەلآوە. ئەوە قسەی (ابن خلكان)ە، ئنجا دەڵێت: گومەزەكان، بەریز، هەر لە دەرگای قەلآوە دەیگرتەوە تا دەرگای خانەقا كە كەوتبووە تەنیشتی گۆڕەپانەكەوە: (وفیات الاعیان ٢/٢٧٥). مخطوط (عقود الجمان ١٥٦/٥).

(٢) ابن خلكان ٢٧٣/٣.

(٣) (ابراهیم حمادة) باسی هونەری كۆتەڵبازی (المخایلة) — (قەراگۆز) دەكات كە لە میسر هەبووە و، باسی ماوەی بڵاوبوونەوەشی لەو وڵاتەدا دەكات و دەڵێت: بەڵام كۆنترین باسوخواسی ئەم هونەرە، لە دەرەوەی میسر، ئەوەی موزەففەرەددین گۆكبۆریی سەرداری هەولێرە كە هەموو ساڵێك ئاهەنگی مەولودی دەگێڕا. بنۆڕە: كتێبەكەی خۆی: (خیال الظل وتمثیلیات ابن دانیال، ص ٤٠).

دەشبینین (ابن الجوزي)یش باسی شتێكی وێنەی (خیال الظل) دەكات كە ساڵی ٥١٧ك، لە بەغدا، لە سەردەمی خەلیفە (المسترشد بالله) پیشان دەدرا. لە ئاهەنگە گەورەكانی تازەكردنەوەو چاككرنەوەی شوورەكانی شاری بەغدا كە حەوت شەو و حەوت رۆژ درێژەی كێشا، گومەزێكی گەورەیان دامەزراند پەیكەرگەلێكی عاجباتییان بەسەریەوە داتاشیبوو: بنۆڕە: (المنتظم) ٢٤٥/٩.

ئاهەنگانەدا بەشدارییان دەکرد[1].

موزەففەرەددین گۆکبوری، هەموو رۆژێك، دوای نوێژی عەسر، لە قەلا دەهاتە خوار و سەیری ئەو یارییە خۆشانەی دەکرد و گوێی لە گۆرانییەکانیان دەگرت، بەشەویش دەچووە خانەقاو، لەوێ، گوێی لە مەولود دەگرت و، بۆ سبەینێ بەیانییەکەی، دوای نوێژی بەیانی، دەچوو بۆ راو و، پێش نوێژی نیوەڕۆ دەگەڕایەوە و دەچووەوە سەر قەلاکە. بە درێژایی مانگی سەفەر و سەرەتای مانگی (ربیع الأول) بەم جۆرەی دەبردەسەر تا شەوی مەولود، ئیدی لەو شەوەدا ئاهەنگەکە هەند گەرم دەبوو، دەهاتە جۆش، پاشان نوێژی مەغریبی، لە قەلا دەکرد و، دادەبەزییەوە و، بە دەستە و دایەرەیەکی تایبەت و بێ وێنەوە، بەرەو خانەقا دەکەوتە ڕێ و بەکۆمەڵێ خەڵکی مۆم بەدەست دەورە دەدراو، دوو مۆم یان چوار مۆمی گەورەش[2]، هەریەکەیان هێستر سوارێك رایدەگرت.

بۆ رۆژی مەولودەکەش، هەر لە بەیانی زووەوە، دیاری و خەڵاتی بوخچە پێچ (لە بوخچە پێچراو)، هەریەکە و بە دەستی دەروێشێکەوە (سۆفییەکەوە)، لە قەڵاوە، بەڕیز دادەبەزی و بەرەو خانەقا رێچکەیان دەبەست، لەوێ (واتا لە خانەقا) سەران و گەورە پیاوانی شارەکە گردببوونەوە (خڕببوونەوە) و، کورسییەك بۆ وەعزخوان، بە بەرزییەکەوە، دانرابوو، کەژاوەیەکی تەختەی بە پەنجەرەش دامەزرابوو، موزەففەرەددین گۆکبوری لە ناویدا دادەنیشت و، لە پەنجەرەکانەوە، بە هەموو لایەکدا دەیڕوانی و سەیری حەشاماتەکەی دەکرد و سەرپەرشتیی نمایشی سەربازیی دەکرد کە بەو بۆنەیەوە تا عەسرانێکی درەنگ بەردەوام دەبوو[3].

---

(١) ابن خلكان ٢٧٤/٣.

(٢) (ابن خلكان) هەتا، لە هەولێر بوو، لەم ئاهەنگانەی شارەکەی خۆیدا ئامادە دەبوو. لێرەدا، وەك کەسێ شاهیدی بدات، دەڵێت: ((لە ناو کۆڕی مۆم بەدەستاندا: دوو مۆم، یان چوار مۆم...- بە گومانم لە ژمارەیان...)): وفيات الأعيان ٢٧٤/٣.

(٣) ن. م. ص ٢٧٥.

بە کۆتایی ئەم ڕێورەسمەش، ئیدی هەموویان بەجارێ دەچوون بۆ نانخواردن، پاشان بۆ گوێگرتن لە وتارە گەورەکە، دووبارە کۆدەبوونەوە کە بە درێژایی ئەو شەوە، تا سپیدەی بەیان درێژەی دەکێشا[١]. ئەم وتارە، ئاسایی، بە باسی ڕەوشی پێغەمبەر دەستی پێدەکرد و، بە خوێندنەوەی چیرۆکی (المعراج)[٢] تەواو دەبوو. (أبو الخطاب عمر بن الحسن)ی ناسراو بە (ابن دحية البلنسي)، لە ساڵی (٦٠٤ك/١٢٠٧ز)دا، کە لە هەولێر بوو، لەو دەمەدا کتێبێکی دانا، بە ناوی (كتاب التنوير في مولد السراج المنير) و، بە دیاری، پێشکەشی کرد بە سەرداری هەولێر موزەففەرەددین گۆکبوری، بۆ ئەوەی بەم بۆنەیەوە[٣] دڵی خۆش بکات. (ابن دحية) کتێبەکەی خۆی لە بەردەمی سەرداری هەولێردا خوێندەوە، ئەمیش هەندەی پێ خۆش بوو هەزار دیناری خەڵات کرد[٤].

مێژوونووسان بە درێژی باسی هەموو جۆرە خۆراکێکیان کردووە کە لەو ئاهەنگانەدا دەخرانە پێش خەڵك و، دەڵێن ئاژاڵێکی زۆر لە (مەڕ و گا و حوشتر، سەردەبڕدران، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە لە وەسف بەدەرن[٥]. دەڵێن لەسەر سفرە، سەد

---

(١) ابن خلكان ٣/ ٢٧٥. سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان ٦٨١/٨.
H. H. Howorth, History of The Mongols, V. III, P. ١٣٣.

(٢) آدم ميتز، الحضارة الاسلامية ٢١٩/٢.

(٣) ابن خلكان ١٧٢/٢، ٢٧٥/٣. ابن الشعار، عقود الجمان ١٥٦/٥.
(ابن الشعار) دەڵێت: ((یەکێ بووم لەوانەی کە گوێم لێبوو کتێبەکە بۆ مەلیکی گەورە، موزەففەرەددین گۆکبوری دەخوێنرایەوە)) (ابن خلكان)یش دەڵێت: (لە — جمادي الآخرە —ی ساڵی (٦٢٦ك)دا، لە هەولێر، لە شەش ئەنجومەن و کۆبوونەوەدا گوێمان لەم کتێبە گرتووە: وفيات الاعيان ١٢٢/٣. واتا بەرلەوەی (ابن خلكان) لە هەولێر دەرچووبێت.

(٤) ابن خلكان ١٢٢/٣، ٢٧٥/٣. ابن كثير، البداية والنهاية ١٣٧/١٣.
الفاسي المكي ١٠٥/٧، ومادة المولد.
The Encycl of Islam, ١٩٣٦, V. ١١١, P. ٤١٣.

(٥) ابن خلكان ٢٧٥/٣.

ئەسپی قشلمش)[١] دیتراوە، هەروەها، سفرەکە پێنج هەزار سەر ئاژاڵ و دە هەزار مریشکی برژاوی لەسەر بووە و، سەد هەزار سینی و، سی هەزار دەفری پڕ لە حەلوای لەسەر ریزکراوە[٢]. رۆژی مەولود دوو سفرەی گەورە ڕادەخران، یەك لە گۆڕەپانەکە بۆ خەڵکی رەشۆکی (بۆ هەزاران ـ وەك ابن خلکان دەڵێت) نان و پێخۆرێکی زۆری لە ژمارە بەدەری لەسەر ریزدەکرا و[٣]. سفرەی دووەم، لە خانەقا بۆ حەشاماتەکەی ئەوێ ڕادەخرا[٤]. ئاهەنگەکانیش بە خەڵاتکردنی مەلاو وەعزخوان و قورئانخوێن و شاعیران کۆتایی دەهات، بە تایبەتیش خەڵاتکردنی ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وڵاتەکەوە دەهاتن[٥]

بێگومان ئەم هەموو ئاهەنگانە، زۆر دەنیشتە سەر گەنجینەی ئەمارەتەکە، مێژوو نووسان دەڵێن، ئەرك و مەسرەفی ساڵانەی دەگەیشتە سێسەد هەزار دینار[٦]. دەبێ لەوەش ئاگادار بین کە زۆربەی ئەو مێژوونووسانە، خوویان پێوەگرتووە، لە باسی خەرج و پارەی زۆردا، زۆرتری دەهاونەسەر.

---

(١) لە (مرآة الزمان)دا، دەڵێ (مائة فرس قشلميش)، ئێمەش مانای ئەم (قشلميش)ە مان نەدۆزییەوە، رەنگە مەبەستی لە (قزليش) بێت کە بە تورکی ئەکا: (سوورەوەکراو).

(٢) سبط ابن الجوزي ٦٨١/٨. الذهبي، مخطوط تأريخ الاسلام، ورقة ١٨٣.
ابن كثير ١٣٧/١٣. الغساني، العسجد المسبوك، بالرونيو ٣٢٠.

(٣) ابن خلكان ٢٧٥/٣.

(٤) م. ن. ص.

(٥) م. ن. ص.

(٦) سبط ابن الجوزي ٦٨٣/٨. الذهبي، تأريخ الاسلام، ن.
دول الاسلام ١٠٣/٢.

سێ: مردن و شاردنەوەی (سپاردنی) موزەففەرەددین گۆکبۆری

سەرداری هەولێر موزەففەرەددین گۆکبۆری لە رۆژی (١٨)ی رەمەزانی ساڵی (٦٣٠ك/حوزەیرانی ١٢٣٣ز) لە ماڵەکەی خۆیدا کە کەوتبووە دەوروبەری شار و، پێشتر خانووی میر (شهاب الدين قرطاى بن عبدالله) [1]بووە، کۆچی دوایی کرد. تەرمەکەیان بردە قەڵاو، لەوێ بە ئەمانەت بەخاکیان سپارد تا وادەی حەج، چونکە پێشتر رایسپاردبوو (وەسیەتی کردبوو) لەو گۆڕەدا بینێژن کە لە چیای عەرەفە، لە مەککە بۆخۆی حازری کردبوو[2]. بۆ ساڵی نوێ (٦٣١ك/١٢٣٤ز) کە حاجیان، بۆ حەج کەوتنەرێ، قەبرەکەیان هەڵدایەوە و تەرمەکەیان دەرهێناو لەگەڵ خۆیان بردیان. بەڵام لەو رێگا بیابان و هاتونەهاتە، ئاویان لێ بڕاو ماندوو بوون و بڕستیان لێ بڕاو، ئەو ساڵە حەجیان بۆ نەکرا، ناچار لە رێگەی شاری (لینە)وە[3]بەخۆیان و بە تەرمەکەوە گەڕانەوە و، بە باشتریان زانی لە سەرە رێگای بەژانی (کوفە)، لە (نەجەف) لە نزیك مەشهەدی میری موسوڵمانان (علي بن أبي طالب ـ خ. ل) بینێژن[4]. وەلێ، تەنیا (ابن العبري) گوتوویەتی گوایا لە مەککە نێژراوە[5]. هەرچی (الغساني)یە، ئەوە، ئەو دەڵێ: (یەکەم جار، لە کوفە ناشتیان، پاشان تابووتەکەیان

---

(١) لە بارەی ئەم میرەوە، بنۆڕە: (ديوان و خزان السلاح).

(٢) ابن خلكان ٢٧٦/٣. الفاسي المكي، العقد الثمين ١٠٦/٧. ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب ١٤٠/٥.

(٣) (لينە): مەنزڵگەیەکە لەسەر رێگای حیجاز بە دیوی عیراقدا: ابن خلكان ٢٧٧/٣.

(٤) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان ٦٨٣/٨ — ابن خلكان ٢٧٦/٣. الذهبي، مخطوط، تأريخ الاسلام، ق ٢، الجزء الاخير، ورقة ١٨٣ — ١٨٤. ابن الفوطي، تلخيص مجمع الآداب، ط، لاهور ٥٩٠/٥. ابن كثير، البداية والنهاية، ١٣٧/١٣.

ابن أبي عذيبة، انسان العيون، ٣٠٤. ابن العماد، شذرات الذهب ١٤٠/٥.

محمد امين العمري، منهل الأولياء، ١٠٤/٢.

(٥) ابن العبري، تأريخ مختصر الدول، ٢٤٩.

هەڵگرت و بردیان بۆ مەککە و لەوێ ناشتیان[1]. بە بڕوای ئێمەش هیچیان ڕاست ناکەن، چونکە ئەم دوو حەکایەتە، لەوە ناچن کە هەموو مێژوو نووسەکان لەسەری کۆکن و یەك دەنگن[2].

چوار: کۆتایی ئەتابەگایەتیی هەولێر و، لکاندنی ئەمارەتەکە بە مەملەکەتی خەلیفەی عەبباسییەوە، ١٧ی شەووالی ٦٣٠ك/٢٦ی تەمووزی ١٢٣٣ز:

ڕادەستدانی هەولێر بە خەلیفەی عەبباسیان، بەو دەستووره ئەنجام نەدرا کە سەرداری هەولێر بڕیاری دابوو کاتێ بەکوڵ و بە دڵ، چوو بۆ بەغدا، بۆ لای خەلیفە و کلیلەکانی لەگەڵ خۆی برد، بەو دەستوورەش ڕادەست نەدرا کە سەرداری هەولێر بە دوو نوێنەرەکەی خەلیفەی گوتبوو کاتێ هەردووکیان سەرداری هەولێریان تا ناوشاری هەولێر بەرێ خست و لە هەولێر مانەوە. دوورنییە

(١) الغساني، العسجد المسبوك، بالرونيو: ٣٣٠.

(٢) هەرچی، ئەم دوو حیکایەتە، لە گۆی ڕای مێژوونووسانی دیکە جیاوازن، بەڵام لەوەدا، لەگەڵیاندا یەك دەگرنەوە کە موزەففەرەددین گۆکبوری لە هەولێر نەنێژراوە، هەرچەندیشە لە هەولێر مردووە. مەزارگەیەك لەم شارەدا هەیە گومەزێکی بچکۆلەی گڵی لەسەرە و، کەوتووەتە سەر شەقامی لای سینەمای سەلاحەددین و نزیکە لە مەرکەزی پارێزگاکەو خەڵکی شارەکە ڕێزی لێ دەنێن و بە پیرۆزی تێدەگەن و، وەها دەزانن کە گۆیا گۆڕی (سوڵتان مظفر)ە زۆر ڕێی تێدەچێ کە گۆڕی باوکی بێت، واتا گۆڕی (زین الدين علي كچك)ی دامەزرێنەری ئەتابەگایەتیی هەولێر بێت. بەڵێ ئەو لە هەولێر مرد و لە هەولێریش نێژراوە، بنۆڕە: ابن الأثير، الباهر، ١٣٥. الكامل، ٣٣١/١١.- =ابن خلكان ٢٧٠/٣. أبوشامة، الروضتين ١٥٢/١. ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، مجلة المشرق مجلد ٤٧: ١٩. ابن الفرات، مجلد/٤، ج ١، ص ١٤. ابن ابي عذيبة، انسان العيون ٢٩٢.

ئەم گۆڕە، گۆڕی (زين الدين يوسف نيالتكين)یش نییە، ئەو لە شاری (الناصرة)ی فەلەستین مردووە. پێدەچی ناوبانگی موزەففەرەددین گۆکبۆری، لە هەولێر، لە ناوبانگی باوکی گەورەتر و بڵاوتربێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە خەڵك گۆڕی باوك بە گۆڕی کوڕەکەی دەزانن.

موزەففەرەددین گۆکبوری لە بڕیاری رادەستدانی هەولێر، بە خەلیفە، پاشگەز بووبێتەوە. پێشتر ئەوەشمان باس کرد کاتێ لە بەغدا گەڕایەوە و، پاشتر لەگەڵ لەشکری خەلیفەدا، لە (کەرخینی) مایەوە و لە ساڵی (٦٢٩ك/١٢٣٢ز)دا بۆ رووبەڕوو بوونەوەی مەگۆلان لەوێ سەربازگەیان دامەزراند، لەو ماوەیەدا لەگەڵ سەربازەکانی خەلیفەدا نیگەرانی کەوتە نێوانیان و لێك توورەبوون و دەستیان دایە چەك و خوێنیان لە نێواندا رژا ـ دوور نییە داخی ئەو رووداوە ناخۆشە لە دڵی سەرداری هەولێردا مابووبێت، ئەو کاتێ هەردوو نوێنەرەکەی (جمال الدین قشتمر)ی سەرلەشکری خەلیفە: (شرف الدین علي ابن قشتمر) و (سعد الدین حسن بن الحاجب علي) لە هەولێروە بۆ بەغدا ـ بە دەرکردنێکی بە ئەدەبانە ـ گەڕاندەوە، ئەوە بێگومان، هەڵوێستێکی پێچەوانەی هەڵوێستی یەکەمی بوو کە زۆر بە گەرمی خۆی گەیاندە لای خەلیفە و کلیلەکانی بۆ برد، واتا لە هەڵوێستی دۆستانەی یەکەمی پەشیمان بوو، لە بڕیاری لکاندنی ئەمارەتی هەولێری، بە بەغداوە، پاشگەز بووەوە.

ئەوەبوو، موزەففەرەددین گۆکبۆری (مجدالدین أسعد ابن ابراهیم بن حسن الشیبانی الاربیلی)ی حەپس کرد، ئەمەش بەڵگەی ناکۆکیی نێوان سەرداری هەولێر و خەلیفە بوو. ئەم (مجدالدین أسعد)ە، لە ساڵی (٦١٥ك/١٢١٨ز)وە[١]، نامەنووسی دیوانی سەرداری هەولێر بوو، پێگەو جێگەی لە ئەمارەتەکەدا تابڵێی بەرز و باڵا بوو، یەکە پیاوی تەلاری سەرداری هەولێر بوو کە لەگەڵ موزەففەرەددین گۆکبۆریدا سەردانی بەغدایان کرد. ئەم شاعیرە، لە بەردەمی خەلیفەدا شیعرێکی خوێندەوە، بە نموونە، ئەم دوو بەیتەی خوارەوەی لێ دەخەینە روو:

جلالة هيبة هذا المقام   تجبر عالـم علـم الكلام

---

(١) اليونيني، ذيل مرآة الزمان/١١١.

كأن المناجــي به قائماً يناجى النبيَّ عليه السلام[1]

واتا:

گەورە مامۆستای وشەو کەلامان لاڵە لە هــەیبــەت ئاڵاو مەقامان

مــن، وا، لەبەر تــۆ دەلاڵێمەوە رێك لە پێغەمبەر دەپاڕێمەوە!.

ئنجا، بەقسەی ئاسایی کەوتـە ستایشی خەلیفـە، دوای سـاڵێك لـەم میوانداریـیـە، موزەففـەرەددین گۆگبـوری (مجدالــدین أسـعد)ی گــرت و لــە قەڵاکــەی کــەرخینی (کەرکوك) حەپسی کرد، ئەو قەڵایـەش سەر بەهـەولێر بـوو، لـەوێ مایـەوە تـا سـاڵی (٦٣٠ك/١٢٣٣ز) موزەففـەرەددین مـرد و، ئەمارەتەکەشـی بـە مەملەکـەتی خەلیفـەوە لکێنرا، ئەوجا، سەربازەکان (مجدالدین اسعد)یـان، بـەردا و، چـوو بـۆ بەغـدا و، لـەوێ ڕێــز و حورمــەتێکی زۆری لێ گـیراو، چـەندین وەزیفـەی گـەورەی دوابـەدوای یـەك وەرگـرت[2]. رەنگـە دەسـگیرکردن و، پاشـان ئـازاد کردنـی ئـەم شـاعیرە و چـوونی بـۆ بەغـدا و، وەرگرتنـی گـەلێ پۆسـت و پلـەی گـەورە، پێوەنـدیی بـە هەڵوێـستی نـوێی هــەولێرەوە بەرامبــەر بــە بەغــدا، بووبێــت.. (د. مــصطفی جــواد) لــە زمــان (ابن العدیم) و (ابن الکتبي)یەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێت: (مجدالدین أسعد، هـەر شـتێکی تـازە لـە هـەولێر روویـدابا، دیـوانی خەلیفـەی لێ ئاگـادار دەکـرد). موزەففـەرەددین گۆگبوری پێی زانی و حەپسی کرد[3]. ئەگـەر ئـەم قـسەیە راسـت بێـت، ئـەوە، تەکـەز لەســەر بۆچــوونەکەی خۆمــان دەکاتــەوە کــە پێوەنــدیی نێــوان هــەولێر و بەغــدا کەوتبووە لێژی و بەرەو هەرەسهێنان دەچوو، ئەوەش ببووە هۆی تەنینەوەی ناکۆکی

(١) م. ن. ص.

(٢) م. ن.

(٣) بنۆڕە پەراوێزی کتێبەکەی (ابن الفوطي): (تلخیص مجمع الآداب) جـ ٤، ق ١، ص ٥٦١.

(د. مصطفی جـواد) نـاوی کتێبەکـەی (ابـن العـدیم)ی نـەگوتووە و، پێدەچـێ مەبەسـتی لـە کتێبـی (بغیة الطلب في تأریخ حلب) بووبێت کە دەستنووسەو، لە کتێبخانـەی (احمـد الثالـث)ە لـە ئەستەنبول. هەروەها لە کتێبەکەی (ابن شاکر الکتبي)یشدا، نییە، کە (مصطفی جـواد) پـشتی پێدەبەستێ: بنۆڕە (فوات الوفیات، ١٧/١) ٠/ترجمة اسعد مجدالدین ابراهیم الاربلي.

و، هەروا بە ئاسانی، هەولێر، دوای مردنی خاوەنەکەی نەدەخرایە سەر بەغدا و رادەستی خەلیفە نەدەدرا. هەستان و راپەرینی خەڵکی هەولێر دژ بە هێزی داگیرکاری خەلیفەی عەبباسیان، قوربانییەکی زۆری تێدا دراو، خوێنێکی زۆریشی لە هەردوولا تێدا رژا، ئەمەش بەڵگەیەکی گەورەیە کە ئەمارەتی هەولێر ئامادە نەبوو سەر بۆ خەلیفەی بەغدا شۆڕ بکات و لەسەر بەرەنگاری بەردەوام بوو، تا راپەرین و بەرخۆدانەکەی سەرکوت کراو، هەولێر داگیرکرایەوە.

موزەففەرەددین گۆکبۆری لە (١٨)ی رەمەزانی (٦٣٠/١٢٣٣ز)دا[١] گیانی لە دەست دا. دوای ئەو، هێزەکانی خەلیفە یەکسەر، بەرەو هەولێر کشان[٢]. خەلیفە هەندێ فەرماندار و میر و سەرپەرشتی بەسەر هێزەکانی خۆیەوە دانابوو، وەك: میر (أرغش الناصري الرومي) و (علاءالدين الدكز الناصري) و (ظهيرالدين ابي علي الحسن بن عبدالله). وا دیاربوو، خەلیفە دەیزانی کە ئەم لەشکرەی، لووتی بە بەرخۆدان و بەرەنگاریی هەولێرییاندا دەتەقێتەوە، لەوەش دەترسا، کەسێکی دی دەستپێشخەری بکات و، هەولێر، بۆ خۆی دابڕێت.

لە قەڵای هەولێر، دوو کۆیلە (مملوکان)ی موزەففەرەددین گۆکبوری: (برنقش) و (خالص) کاربەدەست بوون، نامەیان بۆ هەریەکە لە خەلیفە و، (عمادالدين زەنگی)ی[٣] سەرداری شارەزوور ـ زاواکەی موزەففەرەددین گۆکبوری ـ و، مەلیکەکانی بنەماڵەی ئەییوبیان. ناردبوو، گوتبوویان: ئەمارەتی هەولێر، بۆ ئەو کەسەیە کە

---

(١) ابن خلكان ٢٧٦/٣.

(٢) الحوادث الجامعة: ٤٤. الغساني، العسجد المسبوك ٣٣١.

(٣) (سوادي الرويشدي) لە لاپەڕەی (١٥٠)ی کتێبەکەی خۆی (امارة الموصل في عهد بدرالدين لؤلؤ)دا پشت بە قسەکانی (الذهبي) دەبەستێ و، دەڵێت: (عمادالدين زەنگی) هەردوو قەڵاکەی خۆی (العقر و، الشوش)ی لەو ساڵەدا: (٦٣٠ك) بە دەستەوە بووە، بەڵام ئەم مێژوونووسە، قسەی وای نەکردووە، بەڵکو وتوویەتی: ئەم دوو کۆیلەیە نامەیان بۆ (عمادالدين زەنگی) ناردووە، دنەی دەدەن کە بێت بۆ هەولێر و شارەکەی رادەست بدەن: مخطوط تأريخ الاسلام، ورقة/١٨٠. (عمادالدين زەنگی)یش، دوازدە ساڵ بەرلەوەش، ئەو دوو قەڵایەی بەدەستەوە نەمابوو، بەڵکو، بە بریکاریی خەزووری حوکمی شارەزووری دەکرد و، تا دەوروبەری ساڵی (٦٣٠ك/١٢٣٢ز)یش کە کۆچی دوایی کرد، شارەزووری هەر بەدەستەوە بوو — بە قسەی ابن خلكان — ٢٩٦/٤.

دەستپێشخەری بکات و زووتر بگاتە شارەکە[١]. ئەوەبوو، خەلیفە زووتر کەوتە خۆ و، لەشکری خۆی نارد. بەلاّم ئەم دوو کۆیلەیە کە بەمەیان زانی هەلّوێستی خۆیان گۆڕی و، کەوتنە بەرەڤانی و بەرگری و، ناردیان لە دووی (عمادالدین زەنگی) کە زوو بکەوێتە خۆو بگاتە هەولێر و شارەکە وەربگرێت[٢]. ناردیشیانە سەر (الملك الصالح أيوب ابن الملك الكامل)ی سەرداری (حران) [٣]کە لەوکاتەدا[٤]، لە (ئامەد) بوو، ئەم بەرەو هەولێر لەشکری کەوتە ڕێ، لەولاشەوە، لە شنگالەوە، مەلیکی ئەیوبی (اسماعيل ابن الملك العادل) رووی لە هەولێر کرد. (سبط ابن الجوزي) دەلّێت: ئەم دوو مەلیکە ئەیوبییە کەوتنە کێبڕکێ و ململانێ، کە بۆ ئەوان جوان نەبوو[٥]. بەهەرحالّ هیچیان نەیانتوانی فریای هەولێر بکەون. هەرچی (عمادالدین زەنگی)یە، ئەوە، نازانین، بەدەنگ نامەکەوە هات، یان نەهات، یان بەخۆیدا رانەدەپەرموو، یان نەیدەویست بەربەرەکانێی خەلیفە بکات و بەگژ لەشکری خەلیفەدا بچێت، بەلاّم، ئەم مرد، لەبەر ئەوە، لە لایەن ئەمەوە هیچ بە هیچ نەکرا[٦]. بە هەرحالّ، لەشکری خەلیفە گەیشتە هەولێر و، لەگەلّ بەرگریکارانی خەلّکی هەولێردا دەستە و یەخە وەستان، بەلاّم نەیانتوانی ورە بە خەلّکەکە بەربدەن و بەرگری تا دەهات گەرمتر دەبوو[٧]. ناچار داوای هێزی زیاتریان لە بەغدا کرد. خەلیفە هێزێکی دیکەشی بە فەرماندەیی (أبو الفضائل شرف الدين اقبال الشرابي) سەرلەشکری هێزی سوارەی

---

(١) الحوادث الجامعة، ص ٤٥.

(٢) الذهبي، مخطوط تأريخ الاسلام، ورقة ١٨٠.

(٣) ابن شداد، مخطوط ((الاعلاق الخطيرة)) ورقة (١٩/أ).

(٤) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٦٨٣/٨.

(٥) ن. م. ص.

(٦) لێرەدا، دەبینین (ابن خلكان) – لە عادەت بەدەر – مانگی مردنی (عمادالدین زەنگی)ی نەنووسیوە و، سالّی مردنەکەشی بەگومانەوە نووسیوە، ئەوەتا دەلّێت: (توفي في حدود سنة ٦٣٠هـ) واتا: (لە دەوروبەری سالّی – ٦٣٠ك –دا مردووە): وفيات الاعيان ٢٩٦/٤.

(٧) ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، مجلة المشرق، مجلد ٤٩ لسنة ١٩٥٥ ص ٧٣٩.

بەغدا، نارد. ئەم هێزە تازەیەش، لە (١٣ی شەووالی ٦٣٠ك/ تەموزی ١٢٣٣ز)دا[1] گەیشتە هەولێر و موقاوەمەتی خەڵكی هەولێریان، بۆ نەشكا. هەولێرییەكان دەرگاكانی شارەكەشیان قایمكارانە داخستبوو. دیسان داواكرا لە بەغدا كە هێزی تریان بۆ بنێرن، ئنجا هێزی سێیەمیش گەیشت كە (جمال الدین قشتمر) فەرماندارى بوو. ئەم (جمال الدين قشتمر)ە پلانێكی نوێی، بۆ گرتنی شارەكە داهێنا، ئەوەبوو، هێزەكانی بەسەر دەرگاكانی شارەكەدا دابەش كرد و، خۆیشی چادرەكەی بەرامبەر بە دەرگای (عین كاوا) [2]هەڵدا. كە گەورەترین دەرگای شارەكە بوو، سەربازێكی زۆریشی لێ خڕكردەوە، ئەوجا گەمارۆیەكی توندوتۆڵی بە دەوردا گێڕا و، كەوتەخۆ بۆ هێرش.

پاشان هاتەسەر ئەوەی نامەیان بۆ بنێرێت، ئنجا دەستی كرد بە هەڕەشەو بە تۆقاندن. لێرەدا، هەردوو كۆیلەكە داوایان لە (جمال الدين قشتمر) كرد مۆڵەتیان بدات تا لەگەڵ گەورە پیاوان و میرانی ئەمارەتەكەدا بكەونە را و تەگبیر ـ رەنگە مەبەستیشیان ئەوە بووبێت مەسەلەكە دوا بخەن، بەڵكو یەكێ لە دوو مەلیكە ئەییوبییەكان كە پێشتر نامەیان بۆ ناردبوون، بگاتە هانایان، ماوەی ئاگادار كردنەوەكە كۆتایی هات و، هانا، نەهات. ئنجا (جمال الدين قشتمر) ئینزارێكی ترسناكی پێراگەیاندن كە ئەگەر خۆبەدەستەوە نەدەن، خراپ بە چاوی خۆیان دەبینن، بەڵام ئەم ئینزارەشی، با، بردی و كەس گوێی پێنەدا[3]. ئیدی (جمال الدين) فەرمانی هێرشی بە گوژمی بۆ سەر شارەكە دەركرد و، فەرمانی دا كە بەسەر شوورەكاندا بكەونە تیر باران و ئاگر بارانی بەرگریكاران. ئەم كوشتارەش دوو رۆژی

---

(١) الحوادث الجامعة، ص ٤٥.

(٢) (عين كاوا)، یان ئێستا بە (عەینكاوە) دەنووسرێت و، دانەری كتێبی (الحوادث الجامعة) بە (عمكاوا) ناوی دەبات: ص ٤٦، ئەو دەروازە گەورەیەیە كە هەتا ئەمڕۆش بەسەر ئەو گوندەدا دەڕوانێت كە چەندساڵێكە بووەتە ناحیە و، لە باكووری شاری هەولێرە و سێ كیلۆمەتر دوورە.

(٣) الحوادث الجامعة: ٤٦.

بانەوبان یەك، خایان و، لە هەردوو لا، کوژراو و برینداریکی زۆر کەوتن. بۆ رۆژی سێیەم (١٧ی شەووالی ٦٣٠ك/٢٦ی تەمموزی ١٢٣٣ز) هێرش بە تەواوی گەرم بوو، (جمال الدین قشتمر)، خۆی، سەرپەرشتی هێرشەکەی دەکرد و، فەرمانی دا دەروازەکەی (عین کاوا) ئاگر بدەن و بیسووتێنن[١]. پاش ئەوە، چوو، سەر لە خەندەقەکەی دەوری شوورەکە بدات و، کەوتە گاڵدانی سەربازەکانی. (اقبال الشرابي)یش لەسەر بەرزاییەك وەستابوو، ئەویش دنەی سەربازەکانی دەدا بۆ کوشتار، پاشان جێگاکەی خۆی بەجێ هێشت و لەگەڵ (جمال الدین قشتمر)دا کەوتە پیلان و تەگبیر، بەڵام هەندەی نەبرد، هەواڵیان بۆهات کە شارەکە گیراوە و، خەڵکەکەی خۆیان بە دەستەوە داوە[٢].

سەربازەکان کەوتنە ناوشار و، هەندێکیان دەستیانکرد بە تاڵانکردنی ماڵەکان[٣]. (اقبال الشرابی) بە کۆتری نامەبەردا، مژدەی داگیرکردنی هەولێری گەیاندە بەغدا و، چاورۆشنیی لە خەلیفە کرد. بەغدا، بە کەیف و خۆشییەکی زۆرەوە، بۆ شایی و لۆغان کەوتە خۆو، ترپەی تەپڵ و گرمەی دەهۆڵ، لە (باب النوبي)یەوە بەرزبووەوە و زیندانییەکان هەموو، ئازاد کران. ئنجا وەزیر بۆ پێشوازیکردنی لایەنگران و شاییگێڕان دانیشت[٤]. شاعیران، وەك موویان بۆ هەڵکرووزێنی لە هەموو لایەکەوە بەسەر دیواندا دابارین و شیعری مامە حەمەیی و نووسینی چڵکاو

---

(١) ابن العبري، م. ن. ص.

(٢) الحوادث الجامعة ٤٧.

(٣) ابن العبري: ن. ص. الحوادث الجامعة: ن. ص. ئەو سەربازانەش بە (الاوباش) واتا هەرچی و پەرچی ناودەبات: الذهبي، مخطوط، تأريخ الاسلام، ورقة ١٨٠. مێژوونووسی هاوچەرخ (سبط ابن الجوزي)یش دەڵێت: سەربازانی خەلیفە هەولێریان بە زۆر داگیر کرد، نەدەبوو ئەو هەموو تاڵان و زوڵم و زۆرە بکەن: مرآة الزمان ٦٨٣/٨. بشنۆرە: الحموي، التأريخ المنصوري، ص ٤٥٣.

(٤) الحوادث الجامعة، ن. ص. بنۆرە (ابن الطقطقی)، الفخري في الآداب السلطانية، ٣٢. الغساني، العسجد المسبوك، بالرونيو، ص ٣٣١.

خۆری و چاوڕوونییان خوێندەوە. (أبو المعالي القاسم کوڕی أبي الحديد المدائني، شیعرێکی خوێندەوە، لە شیعرەکەیدا، ئەمەشی گوت:

مايثبت الملك بين الخوف والخطر حتى يُقام ويسقى من دم البشرِ
لكلّ شـــيء طريق يُستفاد بـه وليس للعز غير الصـارم الذكرِ

واتاکەی:

حوکمی تەخت و تەلاری خۆت نەخەیتە ژێر ترس و خەتەر
وەك ئاو، وایە، خوێنی هەدەر ئاوی دە بە خوێنی بەشـەر!
شمشێری ڕووت هەڵنەکێشی پێتنەبێ شمشێری (ذکر)
تەخت و بەخت و موڵك و ماڵت هەر زوو دەکەن ژێر و زەبەر

ئنجا دەڵێ:

ما فتح أربيل عن بخت لذي دعةٍ ولا إتفاقاً كبعض النصـر والظفر
لكنه كـــان قصد القادرين و اف عال المطيعين عن قصدٍ وعن فكرٍ
فليسمع الأشعري اليـــوم لي فأنا في فتح اربل لا ألوي علـى القدرِ[1]

واتاکەی:

بەختی بێکاران، هەولێر ناسێنێ هیچ ڕێکەوتنێك زەفەر ناهێنێ
هێرش و قودرەت زەفەری هانی ئەقڵ و ئیتاعەت، کارای، ڕەخسانی
دەبا (اشـــعري) گوێ بتەکێنێ خەتەری هەولێر مـن ناترسێنێ

(عزالدين عبدالحميد المدائنی)ی برای، کە دانەری کتێبی بەناوبانگی (شرح نهج البلاغه)یە (ت ٦٥٦ك/١٢٥٨ز)، ئەویش شیعرێکی هۆنییەوە و، ڕۆژی حەڤدەی شەووالی ساڵی (٦٢٩ك/١٢٣٢ز)ی کە ئەکا ڕۆژی دامەزراندنی وەزیرەکە، لەگەڵ ڕۆژی حەڤدەی شەووالی ساڵی (٦٣٠ك/١٢٣٣ز) کە ئەکا ڕۆژی ئەم داگیرگردنەی هەولێر، پێکەوە لە

(١) الحوادث الجامعة، ص. ن.

شیعرەکەیدا هێنایەوە و، رووی کردە وەزیر و گوتی:

يا يوم سابع عشر شوال الذي	رزق السـعـادة اولاً واخـيرا
هنئت فيه بفتح اربل مثلما	هنئت فيه وقد جلست وزيرا[١]

واتا:

رۆژی حەڤدەمینی شـەووال	بووی بـە وەزیر هـاتم بۆلات
حەڤدەمینی ئەم شەووالەش	چاوت روون، هەولێرت خەلات

راستیـشت دەوێ ئـەم پێـشوازییە گەرمـەی لـە داگیرکردنـی هـەولێر کـرا، ئـەوە دەردەخـات کـە ئـەم شـارە، بـۆ مەملەکـەتی خەلیفـە جێگایـەکی سـتراتیجی و لەشکرگێڕی[٢] بووە. سەرباری ئەوەش، هەولێر وەك بارەگای شـارەزوور و[٣]، دەروازەی ناوچە شاخاوییەکان بووە.

دەشبینین، مێژوونووس (ابن الطقطقى) پێگە و جێگەی هـەولێر بەکـەم دادەنـێ و بـە سـووك سـەیری دەکـات، گوایـا لەبـەر ئـەوەی کـە حـوکمی خەلیفـە «تـەنیا مەملەکەتی عیراقی» گرتبـووەوە[٤]. ئـەم مێژوونووسـە، بـە سـووك سـەیری دەوڵـەتی عەبباسیان دەکاو دەڵێت: ئەم دەوڵەتە هەند لاواز و بـێ بایـەخ ببـوو، کـە بـۆ گرتنـی

(١) الحوادث الجامعة، ٤٨. الغساني، العسجد المسبوك، ن. ص.

(٢) الشبيبي، مؤرخ العراق ابن الفوطي، ٢/١١١، الهامش.

(٣) ابو الفداء، تقويم البلدان، ص ٤١٣. القلقشندي، صبح الاعشى، ٤/١٦٦.

(٤) ابن الطقطقي، الفخري ٣٢.

شارێکی[1]بچووك و شڕ و بێ بەها[2]. لەبەر دەرگای خەلیفەدا دەکەوتنە شایی و چاو ڕوونی و ڕازاندنەوەی بەغدا.

ئێمە، وای بۆدەچین کە ئەم مێژوونووسە، لە سووکهەڵسەنگاندنی هەولێردا زێتر پێی لێڕاکێشاوە. ئەو، دوو قۆناغی لێکجیاوازی هەولێری بەیەك چاو سەیر کردووە. هەولێری لە بەرایی سەدەی هەشتەمی کۆچیدا (سەدەی چواردەمینی میلادیدا) کە شارێکی کاولۆك بووە، بە هەولێری چارەکی یەکەمی سەدەی حەوتەمینی کۆچی (سێزدەمینی میلادی) کە شارێکی ڕێك و ڕازاوە بووە، بەراورد کردووە. ئەم جۆرە بەراوردکردنە شتێکی ناڕەوایە و هەڵەیە، چونکە گرنگیی هەولێر، دوای ئەو ماوەیە، کەمی کردبوو، نەك تەنیا لەو ماوەیەدا کە (ابن الطقطقی) مێژووەکەی نووسیوە، بەڵکو لە دوای مردنی موزەففەرەددین گۆگبوریش کە یەکسەر شارەکە کاولکاری و کەمتەرخەمیی بەسەرداهات. ئەوەبوو لەشکری خەلیفە هەندێکیان لە شارەکە وێران کرد ـ وەك پێشتر باسمان کرد. پاش ئەوەش لە شەووالی ساڵی (٦٣٤ك/حوزەیرانی ١٢٣٧ز) مەگۆل هێرشیان کردە سەر شارەکە بە فەرمانداریی (جرماغون) و زیاتر کاولیان کرد، پاشان وەك هەناوی کەری گورگخواردوو بەجێیان هێشت و[3]، ناو بیر و ناو ماڵەکانیان کرد بە گۆڕی خەڵکەکەی[4]. دوا هێرشی مەگۆل بۆ سەر شارەکە لە ساڵی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز)دا بە فەرمانداریی (ئەرقیونویان) رووی دا کە نەیتوانی شارەکە داگیر بکات، لەبەر ئەوە سپاردی بە (بدرالدین لؤلؤ) ئەم، شوورەکەی رووخاندو[5]،

(١) مەبەستی لە سەردەمی مەگۆلە ئیلخانییەکانە کە لە (٦٥٦ — ٧٣٦ك/١٢٥٨ — ١٣٣٥ز) درێژەی کێشا، کە (ابن الطقطقي) لە ساڵی (٧٠٠ك/١٣٠٠ز) کتێبەکەی داناو، خۆشی لە ساڵی (٧٠٩ك — ١٣٠٩ز) یان دواتر، کۆچی دوایی کرد. (عباس العزاوي، التعريف بالمؤرخين ١٣٧).

(٢) ابن الطقطقي، ص. ن.

(٣) ابن أبي الحديد، شرح نهج البلاغة، جـ ٢، ص ٨١.

(٤) سبط ابن الجوزی، مرآة الزمان ٦٩٩/٨. ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ٢٩٦/٦.

(٥) رشیدالدین فضل الله الهمدانی، جامع التواریخ، مجلد (١) ص ٢٩٨ — ٢٩٩.

عباس العزاوي، تأريخ العراق بين احتلالين ٢١٤/١.

دووبـارە شـارەکەی وێـران کـردەوە. بـەم جـۆرە، ئـەو هـەموو کاولکارییـە بـووە هـۆی ئەوەی شارەکە بەرەبەرە کەم و بچووك ببێتەوە و ـ وەك ابن الطقطقی دەڵێت ـ بوو بە شارێکی کەم و بچووك و شڕ و بێ بەهاو، ئەو چالاکی و بـزاڤ و بەهایـەی جـارانی کە کۆتری نامەبەر مژدەکەی گەیاندە بەغدا و، کردیـان بـە شـایی و ئاهـەنگ، نـەماو بەسەرچوو.

دوای داگیرکردنی شارەکە، خەلیفە (المستنصر بالله) ناردی لە دووی میری بەسـرە (أبـا المظفـر شمـس الـدین بـاتکین[1] بـن عبـدالله الرومـي) و فـەرمانی پێـدا بـچێت بـۆ هەولێر و شـارەکە وەربگرێـت. (بـاتکین) بـەرەو هـەولێر کەوتـە ڕێ و، لـە (١٩)ی (ذی القعدەی ساڵی ٦٣٠ك/ئابی ١٢٣٣ز) گەیشتە هەولێر و، چوو بۆلای (شـرف الـدین اقبـال الشرابي) کە چادرگاکەی لە دەرەوەی شوورەی هـەولێر هەڵدابوو، شمـشێر و ئەسـپ و زیل و زەنگ و ئالاگەلی پێشکەش کرد[2]. پاشـان سـواربوو، لەگـەڵ میرەکـانی لەشـکردا گەیشتە ناو مزگەوت و، لەوێ (ظهیرالدین الحسن بن عبدالله) فـەرمانی خەلیفـەی بـۆ خەڵکەکـە خوێنـدەوە کـە (شمـس الـدین بـاتکین)ی کـردووە بـە سـەرداری هـەولێر و بریکاری خۆیەتی. ئنجا سەرکەوتنە سـەر قـەلاو، مـیری نـوێ، لـە (میرنـشین) واتـا لـە خانووەکەی موزەففـەرەددین گۆکبـوری دابـەزی و، (اقبـال الـشرابي) دەسـتی کـرد بـە دابەشکردنی دیاری و خەلات بەسەر گەورە کارمەندانی پۆستە سەرەکییەکاندا کە بە بۆنەی ئەم ئاڵوگۆڕەی هەولێرەوە دامەزرابوون؛ (ظهیرالـدین الحـسن بـن عبـدالله) کـە بە وەزیری میر باتکین دامەزرابوو خەلات کـرا و، (ظهیرالـدین ابـن الـمصطنع) کـە بـە سەرپەرشتی ئیش و کاری وەزیر دامەزرابوو خەلات کـراو، (جمـال الـدین ابـن عـسکر الانباری) کە بە سەرلەشکر دامەزرابوو، خۆی و یاریدەدەرەکەی خەلات کران[3].

---

(١) لە: (الکامـل)دا ٤٢٦/١٢ بـە (ملـتکین) و، لـە (مـرآة الزمـان)دا ٦٩٩/٨ بـە (بـادگین) و، لـە (النجوم الزاهرة)دا، ٢٩/٦ بە (ئیدکین) و، لە سەرچاوەکانی تردا بە (باتکین) ناوی هاتووە.

(٢) زیل و زەنگ (کوسات) لە پەراوێزی (٢) لە دوای لاپەڕەی (١١٥) شرۆڤە کراوە.

(٣) الحوادث الجامعة، ص ٤٩. الغساني، العسجد المسبوك ٣٣٢.

میر (باتکین) پیاوێکی بەتەمەنی دنیا دیدە و بە ئەزموون و بە ئاوەز و خۆش ئیدارە و خاکەڕا و بەڕێز بوو[١]. لە هەولێر، بە چەندین چاکسازی دەستی بەکار کرد، زۆربەی زەمانەتەکانی رەها کرد و، گومرگ و باجیشی هەلگرت ـ چونکە ببوو بە عادەت، هەر رژێمێکی نوێ، تازە هاتبا، ئەو فروفێڵەی دەکرد ـ پاشان شوورەی شارەکەی چاك کردەوە، کە لە شەڕەکەی پێشتردا رمابوو، هەروەها کەوتە مشوور خواردنی خەندەقەکەش[٢]. ئەم میرە، لە جیاتی خەلیفە (المستنصر بالله) لەسەر حوکمی هەولێر مایەوە تا مەگۆلەکان لە شەووالی ساڵی (٦٣٤ك/حوزەیرانی ١٢٣٧ز)دا هێرشیان کردە سەر شارەکە. میر، بەرامبەریان وەستاو کەوتە کوشتار، بەڵام سوودی نەبوو، ئەوان زۆربوون و بەهێز بوون، بە شەڕ، چوونە ناو شارەکە و، چاك و خراپی شاریان بە خۆیان حەڵاڵ کرد و کەوتنە تاڵان و کوشت و بڕ، پاشان، ئەوەی بۆیان هەلگیرا و سووك بوو، باریان کرد و بردیان[٣]. لەبەر ئەو رووداوە، میر باتکین شاری بەجێهێشت گەڕایەوە بۆ بەغداو، دەستی لە کاری حوکم و سیاسەت هەلگرت و لە (٢٤)ی شەووالی (٦٤٠ك/١٢٤٣ز)دا، لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا مرد و لە گۆڕستانی (الشونیزی) [٤]نێژرا.

---

(١) العسجد، ص. ن.

(٢) ابن الساعي، الجامع المختصر ٧٦/٩ سەیری پەراوێزەکەی بکە.

(٣) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان ٦٩٩/٨. ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ٢٩٧/٦.

(٤) ابن الساعی م. ن. ص، وفیات الاعیان ١٧٢/٢. گۆڕستانی (شونیزی) مەشایخێکی زۆری لێ نێژراوە، لە رۆژاوای بەغدایە: ابن خلكان ٢٢٥/١: کەوتووەتە پشت گەڕەکی (التوثة)، لە نزیك رووباری (عیسی). پاشان ناونرا (مقابر قریش): ابن خلكان ١٠٣/٢، واتا گۆڕستانی ((الکاظمین)).

دەروازەی دووەم
(مێژووی شارستانیێتی هەولێری ئەو سەردەمە)

فەسلی یەکەم

یەک : پلانەکانی شاری هەولێر.

قەڵای هەولێر.

دوو: بینا و بارەگاکان، کە موزەففەرەددین گۆگبوری لە هەولێر دایانیمەزراند.

أ- منارەی هەولێر ((منارەی چۆلی))

ب- دامودەزگای لەشساغی و کۆمەڵایەتی.

١- مارستان (نەخۆشخانە).

٢- خانەقاکان.

٣- داڵدەکان (الملاجیء).

سێ: سەرچاوەکانی گوزەرانی ئابووریی ئەمارەتی هەولێر.

فەسڵی یەکەم

یەك : پلانەکانی شاری هەولێر

شاری هەولێر، لە سەدەی شەشەم و حەوتەمی کۆچیدا ـ نەخاسمە قەڵاکەی کە شارێك بوو، بۆخۆی ـ دەستی کرد بە گەورەبوون و فراژوبوون و بووژانەوەو، خەڵکەکەی بە جۆرێ زیادی کرد جێگایان نەدەبووەوە. لەبەر ئەوە گەشەسەندن و ئاوەدانی کەوتە پادەشتەکەی خوارەوە، بە تایبەتیش لە سەردەمی موزەففەرەددین گۆگبوریدا[١] ئەو پادەشتە بوو بە شارێکی گەورەی پان و بەرین[٢].

دیارە، گەورەبوونی شارەکە، بەر لە پەیدابوونی ئەمارەتێکی سەربەخۆی ئەتابەگایەتی دەستی پێکردبێت و پێش مردنی دامەزرێنەری ئەمارەتەکە (زین الدین علی کچك) کەوتبێت کە ئەو لە ساڵی (٥٦٣ك)دا مردووە. (ابن خلکان)، کە خۆی خەڵکی ئەم شارەیە، لە باسی مردنی ئەو ئەتابەگەدا دەڵێت: هەر لەم شارەداو، لەو گۆڕستانەدا کە بەوەوە ناسراوە، لە نزیك مزگەوتە کۆنەکەی ناو شارەکە بە خاك سپێردراوە[٣]. کەواتە، هەر زوو، بەر لە مێژووی ئەتابەگایەتی، مزگەوتێکی (کۆن) لە پادەشتەکەی بەر قەڵادا هەبووە.

ئەم پادەشتە، چواردەوری قەڵای نەگرتبووەوە، قەڵاکە کەوتبووە لایەکی[٤]، نەك

---

(١) (سترك): دەڵێت: موزەففەرەددین گۆگبوری، خۆی، بەشی خوارەوەی هەولێری دامەزراندووە. بنۆڕە: (دائرة المعارف الاسلامية، ط ١٩٣٣، ٥٧١/١.

(٢) ياقوت الحموي، معجم البلدان، ١٣٨/١. بنۆڕە: (ابن خلكان)، وفيات الاعيان، ١٦٩/١ — أبوالفداء تقويم البلدان، ص ٤١٣. القلقشندي، صبح الاعشى ٣٦٦/٤

(٣) وفيات الاعيان ٢٠٧/٣.

(٤) ياقوت: م. ن. ص.

ناوەڕاستی، لەبەر ئەوە شوورەی شارەکە لە نیوەی قەڵاکەدا دەوەستا[١]. ئەمەش مانای وایە کە گەورەبوونی ئاوەدانی لە پادەشتەکەدا، بە هەموو لایەکدا نەکشاوە. بەڵام (یاقوت الحموي) کە دوو جار سەری لەم شارە داوەو، بە درێژی باسی ئەم شارە دەکات، روونی نەکردووەتەوە کە ئاوەدانبوونەکە، بەرەو کام، لا، کشاوە. لەبەر ئەوە، نەزانراوە، گەورەبوونی شارەکە رووی لە کام، لا، کردووە و، مەسەلەکە لێڵە و روون نییە و زانینی زەحمەتە.

گرنگترینی ئەم زەحمەتییەش، لەوەوە پەیدا بووە کە زۆربەی ئەو بیناو خانووانەی ئەو سەردەمە، وێران بووە و ئاسەوارەکانیشیان نەماوە کە بتوانین بەهۆیانەوە رێگای خۆمان بدۆزینەوە و بزانین شارەکە لە چ بارودۆخێکدا بووە. ئەم وێرانبوونەش بەهۆی خراپیی کەرەسەی خانووەکانەوە رووی داوە کە هەمووی لە قوڕ و خشتی کاڵ دروست کرابوون.

ئەگەر ئەو بیناو خانووانە، لە کەرەسەی قایمی، بەنموونە، وەك گەچ و قسڵ و خشتی سوور، وەك منارە (مطفری)یەکە دروست کرابان، بەرگەی باوباران و سەرماو گەرمایان دەگرت و وەك منارەکە دەمانەوە. ئەوەتا منارەکە ماوە، بەڵام مزگەوتەکەی تەخت بووە و نەماوە[٢].

هۆی دووەمی ئەم زەحمەتییە ئەوەیە، سەرچاوەکان باسی جێگای دامەزراندنی ئەو ساختمان و بینایانە ناکەن، ئەوکات، لەم شارەدا بنیادنراون، لەو سەردەمەدا قوتابخانە و حوجرە و مزگەوت و خانەقا و خانووی حەدیس و بارەگای ئەمارەت هەبووە بەڵام زۆربەیان جێگاکانیان نادیارن، لەبەر ئەوە، لێکۆڵینەوەی پلانەکانیان کارێکی ئاسان نییە. دەشتوانین بڵێین ئەگەر قەڵاکەی نەبوایە، شارەکە، نەك هەر بیناو پلانی بزر دەبوو، بگرە لە جێگای خۆیشی نەدەما. رەنگە شارەکە

---

(١) م. ن. ص.

(٢) نیبور: گەشتی نیبور بۆ عیراق لە سەدەی هەژدەمیندا (١٧٦٦)، لاپەڕەی ٩٠، وداد القزاز، وتار ((المنارة المظفرية في اربيل)) مجلة سومر، ١٦، ج ١، ٢ لسنة ١٩٦٥، ص ١٢٧.

بگوازرایەتەوە بۆ مەڵبەندێکی تر، چونکە نە رووباری هەیە و نە چیایەکی سەخت رێگـای لێ بڕیـوە. شـاری هـەولێر، بـەخۆی و قەڵاکەیـەوە کەوتووەتـە ناوەڕاسـتی پادەشـتێکی پـان و بەرینـەوە. ئـەوەی هـەولێری لـە جێـی خـۆی هێـشتووەتەوە، قەڵاکەیـەتی. هـەولێر، لـەم جێگەیـەدا بـەهۆی قەڵاکـەوە ماوەتـەوە. بـەردەوامبوونی ژیان و، بگرە، تەنانەت، مانەوەی ناوە کۆنەکەشی، لە سایەی قەڵاکەوەیە.

ئەمە، لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، دەڵێین، ئەگەر بتـوانین لـە رێگـەی هەنـدێ ئاسەوارەوە بیدۆزینـەوە کـە بـەرفراوانبوونی هـەولێر لـەکام قۆڵی قەڵاکـەوە دەسـتی پێکردووەو، بەرەو کام، لا، کشاوە، ئەوە، لەو بارەشدا، جێگای سـاختمان و بینایـەکانی دیکـەمان بـۆ نادۆزرێتـەوە و، سـەرەنجام هـەر زانیارییەکیـشمان لـە بـارەی پلانـەکانی ئاوەدانکردنـەوەی هـەولێری سـەردەمی ئەتابەگایەتییـەوە دەسـت بکـەوێت، هـەر کەموکورتەو لێڵ و شێواوە.

بەڵام هەندێ ئاسەوار هەیە، دەتـوانین بـە پاشمـاوەی ئـەو سـەردەمەی لـە قەڵـەم بدەین و بیکەینە بەڵگەی ئەوە کە فراوانبوونی ئاوەدانی لە پادەشتەکەدا بەرەو کـام، لا، کـشاوە. جێگـای ئـەو ئاسـەوارەش، زۆرتـر وەهـا نیـشان دەدات کـە فراوانبـوونی پادەشـتەکە روو لـە باشـووری قەڵاکـە بـووە. واتـا، شـوورەکە، کـە نیـوەی قەڵاکـەی دەورەداوە، لە رۆژاوای قەڵاکەوە دەستی پێدەکردو، بە باشووری قەڵاکەدا دەڕۆیشت و لە رۆژهەڵاتـی قەڵاکـەدا دەکوژایـەوە (تـەواو دەبـوو). واتـا دەکەوتـە بەرامبـەر دەروازە سـەرەکییەکە، کـە هـەتا ئێـستاش بەسـەر ئـەم بەشـەدا (بەشـی باشـوور)ی شـارەکەدا دەڕوانێـت. ئەمـەش مانـای وایـە کـە نیوەکـەی بـاکووری قەڵاکـە ـ بەرامبـەر بـە عەینکاوا[1] کەوتبووە دەرەوەی شوورەکە.

لـە هـەولێری ئێـستادا، دوو ئاسـەواری زەق هەنـە، پێدەچـێ کـاتی خـۆی لـە نـاو شـوورەکەدا بـووبن، دەشـتوانین یێکێکیـان بـە سـەرەتاو، ئـەوی دیکـەیان بـە کۆتـایی شوورەکە لە قەڵەم بدەین. یەك لەو دوو ئاسەوارە، ئەو گۆڕەیە ـ کە خەڵکی شارەکە،

---

(١) سەیری بابەتی باسی دوو دەروازەکەی قەڵا بکە.

بە خەیاڵ ـ بە گۆڕی ((سوڵتان مظفر))ی[(١)] تێدەگەن و دەکەوێتە ڕۆژاوای شارەکە، ئەم گۆڕە، هەبێ و نەبێ، گۆڕی (زین الدین علی کچك)ە کە، کەمێ لەمەوبەر باسی مردن و جێگای ناشتنیمان کرد، کەواتە لەم جێگەیەدا مزگەوتێکیش هەبووە[(٢)]. (ابن خلکان)یش تەکەز لەسەر ئەوە دەکات کە ئەم مزگەوتە لەناو شارەکەدا[(٣)] بووە، واتا لەناو شوورەکەدا بووە، نەك لە دەرەوەی شوورەکە.

ئاسەواری زەقی دووەم، مزگەوتی (لەپە دەستەکەیە)[(٤)]، کە (القزوینی) باسی دەکات و دەڵێت: (بەردێکی تێدایە، ئاسەواری لەپی ئادەمیزادێکی لەسەرە). خەڵکی هەولێر قسەو قسەڵۆکێکی زۆریان لە بارەی ئەم گۆڕەوە هەیە، بێگومان شتەکەش، شتێکی عاجباتی و سەیرە[(٥)]. ئەم ئاسەوارە تا ئێستاش ماوە و دیارە، قسەو قسەڵۆکە سەیرو سەمەرەکانیشی، هەر، ماون. یەك لەو قسانە ئەوەیە کە ئیمامی (علی) خۆی، سەرپەرشتی ناشتنی ئەم شێخ (عبدالقادر)ەی کردووەو، بەردێکیشی لەسەر گۆڕەکەی داناوە و لەپی راستی خۆی پێداهێناوە و، ئاسەواری لەپی بەسەر بەردەکەوە

---

(١) سەیری بابەتی باسی مردن و ناشتنی موزەففەرەددین گۆگبوری بکەو، سەرنجی پەراوێزەکانی بدە.

(٢) ابن خلکان ٢٠٧/٣

(٣) م. ن. ص.

(٤) ئەم ئاسەوارە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی قەڵا، بەرامبەر مزگەوتی شێخ ئەبو بەکری نەقشبەندی، لەسەر شەقامێکە؛ بەنزینخانە کۆنەکەشی لەسەر بوو. لەم مزگەوتە، تەنیا گۆڕێکی کۆن ماوەتەوە، لە ژوور سەرییەوە بەردێك دانراوە، ئاسەواری لەپی راستی ئادەمیزادێکی لەسەرە، گوایا، ئەوە گۆڕی (شێخ عبدالقادر) ناوێکە، ئێستا پێی دەڵێن (پەنجە عەلی).

(٥) القزويني، آثارالبلاد، ص ٢٩٠. الباكوي، تلخيص الآثار وعجائب الملك القهار، ص ٣٥. لسترنج، بلدان الخلافة الشرقية، ص ١٢٠. (سترك) بە هەڵەداچووە، کە مزگەوتەکەی ڕۆژاوای شارەکە، (مزگەوتی منارەی مظفریە)کەی بە مزگەوتی (مشهد الكف/لەپە دەستەکە) داناوە (دائرة المعارف الاسلامية، ط/١٩٣٣، ٥٧٥/١).

ماوەتەوە[١].

هەر چەندە، ئەم قسەیە لە ئەفسانەیەکی بێ سەروبەر و نابەجێ بەولاوە هیچی دیکەی تێدانییە و، ئیمامی علی، قەت و قەت نەگەیشتووەتە هەولێر، بەڵام گرنگییەکەی، بۆ ئێمە، لەوەدایە کە مێژووی ئەم ئاسەوارە، دەچێتەوە سەر ئەو قۆناغەی کە باسی لێوەدەکەین، دوور نییە، لەوەش کۆنتر بێت. ئەم ئاسەوارە بێجگە لەوەش، سیما و پلان و رەنگرێژیی شارەکەمان بۆ روون دەکاتەوە.

کەسێکی زۆر بە ناوبانگ کە لەم مزگەوتەدا نێژراوە: (عبدالقادر أبو محمد بن قطب الدین أمیری بن بختیار بن الخل بن محمد بن داود)ە، کە بە ئەسڵ (ئەشنەهی)[٢]یە و، لە هەولێر لە دایك بووە و گەورە بووەو، لە ساڵی (٦٢١ك) [٣]دا مردووە. ئەم پیاوەیە (ابن الشعار) دەڵێت: لە رۆژهەڵاتی هەولێر، لە گۆڕستانی (لەپە دەستەکە) نێژراوە[٤]. ئەم (شێخ عبدالقادر)ە پیاوێکی زیرەك و ئەدەب دۆست و شاعیر بووە، بەڵام باوکی و (محمد)ی کوڕی، هەردووکیان حەدیسخوان بوون.

پاشکۆیەکی دیکەی شارەکە، کە دەکەوێتە لای رۆژهەڵاتی[٥] ناو شار، گۆڕستانی دەروێش ئەحمەدی زەرزاری بوو (ت ٥٩١ك) [٦]. مەلای شافیعی (أبو الفضل ألیاس ابن

(١) بە قسەی (خەلیفە توفیق مولود علی) (٧٠ ساڵە) کە بۆی گێڕاومەتەوە.

(٢) الاشنهي: واتا خەڵکی شاری (اشنة)، شارۆچکەیەکی سەربە ئازەربێجانە بەلای هەولێرەوە. (اشنة) دوو رۆژەرێ لە (ورمێ)وە دوورە و، پێنج رۆژەرێ لە هەولێرەوە دوورەو، دەکەوێتە نێوان ورمێ و هەولێرەوە، معجم البلدان ١/ ٢٠١.

(٣) ابن الشعار، مخطوط، عقود الجمان، ١٩/٤.

(٤) ن. م. ص. پێدەچێ (الشیخ عبدالقادر) کە بە مجێوری مەزارەکە دانراوە، خۆی لەو گۆڕەدا نێژرابێت و، هەر هەمان (عبدالقادر بن قطب الدین الاربیلي) بێت.

(٥) ابن الدبیثي، مخطوط التأریخ المذیل، مجلد/ ٢، ورقه ١٢٧. ابن الشعار، مخطوط عقود الجمان،ج ١. ترجمة الیاس بن جامع.

(٦) لە جێگایەکی تردا باسی رەوشی ئەم دەروێشە دەکەین.

جامع الاربيلي) (ت ٦٠١ك) [١]، ئەویش، یەکێکە لەوانەی کە لەوێ نێژراون. وا دیارە، ئەم گۆڕستانە کەوتبووە دەرەوەی شوورەی شار. (ابن الدبیثی) دەڵێت: ئەو گۆڕستانە کەوتبووە دەرەوەی شارەکە[٢].

کشانی گۆڕەپانی شار بەرەو باشووری قەلا، بەو منارەیەدا دەردەکەوێت کە (منارەی مظفریە)ی پێدەڵێن و، دەکەوێتە بەشی باشووری خۆراوای شارەکەوە[٣] هەرچی مەدرەسەی (العقیلیة)یە، کە لە گۆڕەپانەکەدا (پادەشتەکەدا) بوو، کە لەساڵی (٥٦٧ك)دا، مەلا (أبوالعباس الخضر بن عقیل)ی، بە تەنیا لە گومەزێکدا نێژرا[٤]. هیچ شتێك لە بارەی جێگەکەیەوە نازانین و، ناشزانین کوێ کەوتووە[٥]، چونکە هیچ ناونیشانێکمان لە لا نییە بمانباتە سەر جێگەکەی. بۆ دۆزینەوەی جێگای مەدرەسەی (المظفرية) و (المجاهدية) و (دارالحديث المظفريه)یش یان بۆ دۆزینەوەی جێگای گەلێ دامودەزگای دی کە موزەففەرەددین گۆگبوری دایمەزراندبوون، بۆ ئەوانەش، هیچ بەڵگەو شەقڵ و نیشانەیەکمان بەدەستەوە نییەو جێگاکانمان بۆ نادۆزرێتەوە.

پاشماوەو کەلاوەی هەندێ ـ گۆڕستان و خانەقا ـ یش هەنە، پێدەچێ، کەم و زۆر، هی، سەردەمی ئەتابەگیان بن، ئەمانەش هەر کەوتوونەتە بەشی بەرامبەر باشووری قەلا. یەك لەوانە، گۆڕستان و مەزارگەی ئیمام (محمد) [٦]ەو، کەوتووەتە

(١) لە جێگایەکی تردا باسی ڕەوشی ئەم مەلایە دەکەین.

(٢) ابن الدبیثي .ن .. و. ابن الشعار، ن. م. و.

(٣) دوای کەمێك، نەختێ بەدرێژی باسی ئەم منارەیە دەکەین.

(٤) ابن خلکان ١١/٢، ط ١٩٤٨.

(٥) دکتۆر ناجی معرف دەڵێت: ئەم مەدرەسەیە کەوتبووە لای چەپی گۆڕەپانەکەی شاری هەولێر.
بنوڕە کتێبەکەی: (علماء النظاميات ومدارس الشرق الاسلامي) ص ١٩٠.

(٦) نەمتوانی بزانم تەرمی ناو ئەم گۆڕە کێیە و ناسنامەی چییە، وەلێ مجێوری گۆڕستانەکە — کە قسەکانی جێگەی بڕوا نییە — گوتی: یان ئیمام (محمد الحنفیە)یە، یان (محمد الغزالي)یە. بەلام دکتۆر (احسان عباس) لە کتێبەکەی (ابن المستوفي): (تأريخ اربل) جزمی دووەم،←

نێوان منارە مظفرییەکە و گۆڕستانێکەوە پێیدەڵێن گۆڕستانی (النبي عزير)[١]. هەرچی خانەقاکەیە، ئەوە، دەکەوێتە لای چەپی دەروازە سەرەکییەکەی (باشووری) قەڵا. رەنگە، هەر هەمان خانەقا بێت کە (کمال الدين ابن الشعار)ی فەقێی (ابن المستوفي) باسی دەکات و دەڵێت: (ئەو خانەقایەیە کە دەکەوێتە دامێنی قەڵای[٢] پارێزراوەوە). هەرچی تەلاری سەڵتەنەتە، وادیارە، ئەویش، هەر لە گۆڕەپانەکەدا دامەزرابێت. (ابن خلکان) دەڵێت: موزەففەرەددین گۆکبوری لەماڵەکەی خۆیدا مرد، پاشان بردیان بۆ قەڵاو، لەوێ بە ئەمانەت ناشتیان[٣].

←وەرەقەی (١٩٦)ەوە وەری گرتووە، باسی رەوشی (عزالدين ابن رواحة الانصاري) دەکات کە کاتی خۆی هاتووەتە هەولێر، دەڵێت: ئەم (عزالدين ابن رواحة)یە، هاتە هەولێر و لە کۆڵانی لای منارەکە، لە تەکیەکەی (گۆشەکەی) (الشيخ محمد بن الحسين الكريدي) دادەنیشت: بنۆڕە: وفيات الاعيان، ط/١٩٧١ بيروت ٣٣٩/٧. پێدەچێ، ئەم شێخ (محمد)ە، هەر هەمان ئەو ئیمام (محمد)ە بێت کە گۆڕەکەی تەنیا چەند هەنگاوێك لە منارەکەوە دوورە، پێمانوایە مەبەست لە کۆڵانی منارەکە، کۆڵانی لای (منارەی مظفريە)کەیە. پێدەچێ (الشيخ محمد بن الحسين)یش لە هەمان گۆشەکەی خۆیدا نێژرابێت، ئەوسا، گۆڕەکە، دەکاتە گۆڕی شێخ (محمد).

(١) پارچە بەردێك لەسەر دەرگای مەزاری (النبي عزيز) هەیە، لەسەری نووسراوە: (هذا مقام حضرة عزيزالدين عليه السلام، عبدالفتاح ئەفەندیی کوڕی ابراهيم ئەفەندیی کەرکوکی، خوالێی خۆشبێت، چاکی کردووەتەوە).. لە ساڵی (١٣٠٤ك) چاك کراوەتەوە.

(٢) عقود الجمان، ج(٥)، ورقة ١٥٦، ئەم خانەقایە دەکەوێتە سەر شەقامە لاوەکییەکەی هاوشانی شەقامی سەلاحەددین بەرامبەر بە یانەی فەرمانبەران، تا ئێستاش منارەیەکی کۆن ماوە، بە خانەقاکەوە نووساوە. وادیارە کەمێ دەستیان بەم منارەیەدا هێناوەتەوە و، چەندین جاریش خانەقاکە ئاوەدان کراوەتەوە. بەڵام سەرپەرشتەکانی نازانن مێژووی خانەقاکە چییە و چۆنە.. بەڵام مەلا شەریفێکیان تێدایە. دەڵێت: (مەولانا خالدی نەقشبەندی) دایمەزراندووە. من، وای بۆ دەچم، گۆکبوری ئەم جێگایەی بۆ بنیادنابێ و خانەقاکەی بەگەن کردبێ (هەڵبژاردبێ) چونکە دەکەوێتە پایانی ئەو جۆگە ئاوەوە کە لە دۆڵی بەستۆڕەوە هەڵبەستراوە. ئاوی جۆگەکەش، لە باکووری شارەکە، لە گوندی (مورتکە)ی دامێنی دۆڵەکەوە هەڵدەقوڵێت و، لە ساڵی (١٩٤٧)دا دۆزراوەتەوە: بنۆڕە: طه باقر، المرشد، ص ٧. فؤاد جميل، مقال (حدياب... أربيلا، وعشار – اربيلا)، مجلة سومر، ج ٢٥، ١٩٦٩، ص ٢٢١. رەنگە، ئەم جۆگەیە، هەمان ئەو جۆگەیە بێت کە (أبو الفداء) باسی دەکاو، دەڵێت: بە ناو مزگەوتەکەدا دەڕوات: (تقويم البلدان، ص ٤١٣).

(٣) ابن خلكان، وفيات الاعيان ٢٧٦/٣.

(ابوالفداء)یش، لە باسی جۆگە ئاوەکانی ناوچەی هەولێردا دەڵێت: یەك، لەو دوو جۆگا ئاوانەی دێنە ناوشار، بەناو تەلاری سەڵتەنەتدا دەڕوات[1].

ئێمە، بەڕاستیی بۆچوونی خۆمان، وا دادەنێین کە ئاوەدانیی شارەکە زێتر بەرەو باشووری قەڵاکە کشاوە، بەوەش پشتئەستوورین کە قەیسەرییە کۆنەکەش، هەر کەوتووەتە باشووری قەڵاکەوە و، بەرامبەر دەروازە گەورەکەی باشووری قەڵاکە دروست کراوە، کە رەنگە، هەمان دەروازە کۆنە مێژووییەکەی قەڵاکە بێت و، قەیسەرییەکەش (وەك یاقوت الحموي) [2]دەڵێت: هەمان ئەو قەیسەرییە بێت کە موزەففەرەددین گۆگبوری دایمەزراندووە، چونکە، زۆر دوورەو، زۆریش زەحمەتە، بنیادی شارێکی کەمبزاڤ، جێگای دوو شتی گرنگ و گەورەی، وەك دەروازەکەی قەڵاو قەیسەرییەکەی تێدا بگۆڕدرێت، نەخاسمە، هەولێر، لە دوایین قۆناغەکانیدا دووبارە، بەهۆی کاولکاری و کەمتەرخەمییەوە، دواکەوت و ئەو ناووناوبانگەی نەمابوو.

ئاوەدانبوونی بەرەو باشووریش، بە منارە مظفریەکەدا دەردەکەوێت کە لە قەڵاوە دوورەو، تا، ئەم زووانەش هەر کەوتبووە چۆڵەوانی و، دانیشتووانی نەبووە و، خەڵکی هەولێر ناویاننابوو (منارەی چۆل) [3]. بەڵام، راستییەکەی ئەوەیە، ئەم ناوچەیە، کاتێك منارەکە دروست کرا، ناوچەیەکی ئاوەدان بووە، چونکە منارەکە لە

---

(١) ابو الفداء، تقویم البلدان، ص ٤١٣.

(٢) یاقوت الحموي، معجم البلدان، ١٣٧/١.

(٣) خەڵکی شارەکە، منارەی چۆڵی و، (چۆل منارەسی)یشی پێدەڵێن. واتا منارەی دوور لە شارو، دوور لە ئاوەدانی. کاتێك ئەم ناوەیان لێناوە کە شارەکە زۆر کەم بووەتەوە و، تەنیا، لە نزیك قەڵاکەوە ئاوەدانی ماوەتەوە. بۆیە منارەکەش دەوروبەری چۆڵ بووە و بەتەنیا ماوەتەوە. گەر سەرنجی بدەیتێ، وا دەزانی، هەر لە بنەڕەتەوە، لەو چۆڵاییە و دوور لە شار، دامەزراوە و، نازاو بەجەرگ ئەو کەسە بوو کە بە شەو بیگاتێ، هەتا ئێستاش، باسوخواس و باوەڕی عاجباتی و داستانی پڕ و پووچمان لەبیرماوە کە لەبارەی ئەم منارەیەوە بۆ دانیشتوانی ئەم شارە، بە میرات ماونەتەوە.

مزگەوتێکدا[١] دروست کراوە و، بەم مزگەوتەشدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوکات، ئاوەدانیی شارەکە بەرەو ئەم ناوچەیە هاتووە و پەرەی سەندووە[٢].

ئەوەی بەرفراوانبوونی شارەکە دەسەلمێنێ، ئەو چەمەیە (دۆڵەیە) کە (ابن خلدون) باسی دەکات و دەڵێت: ناوەڕاستی شارەکەی دەبڕی و لە سەردەمی ئەتابەگەکاندا، گۆڕستانێکی[٣] لەسەر بوو. ئەو چەمە، تا ئەمڕۆش بە ناوەڕاستی هەولێردا دەڕوات ـ هەرچەندیشە لەم دواییەدا، هەولێر زۆر گەورە بووە -. ئەم مێژوو نووسە هەولێرییە، ئەو چەمەی، هەر بە کوردییەکەی خۆمان ناونابوو ((بەست)) و تا ئەمڕۆش کوردی شارەکە هەر (بەست)ی پێدەڵێن، واتا: چەم، شیو، دۆڵ. (ابن خلدون) دەڵێت: چەمێکی پانە، بە ناوەڕاستی هەولێردا دەڕوات و، لە بەهار و زستاندا، باراناو و سێڵاوی پێدا دەڕوات و، پڕە لە بەردی (چیم)[٤] ـ واتا خڕکە بەردی ڕەق و سوواو -.

---

(١) ڕۆژانێ (ریچ) سەری دا لە هەولێر، پاشماوەی ئەم مزگەوتە هێشتا مابوو، گوتی: (مزگەوتەکە رووخاوە و وێرانە. بناغەکەی گەڕام و، داروپەردوویم پشکنی و خشتەکانیم دەرهێنا، بنۆڕە کتێبەکەی: (رحلة ريج الى العراق سنة ١٨٣٠، ص ٢٤٤).

(٢) ریچ، گەورەیی شاری هەولێر – بە پێی جێگەی منارەکەی – بە گەورەیی شاری بەغدای ساڵی ١٨٢٠ کە سەردانەکەی کردبوو، بەراورد دەکات و دەڵێت: وادیارە، هەولێر، پێشتر شارێکی زۆر گەورە بووە و، ڕەنگە بەقەدەر گەورەیی ئێستای بەغدا بووبێت. سەیری هەمان کتێبی بکە: ص. ن.

(٣) ابن خلكان ناوی ئەم گۆڕستانە نالێت. پێدەچێ مەبەستی لە گۆڕستانی (ئیمام تەعجیل) بووبێت کە بەسەر چەمەکەدا دەڕوانێت و کەوتووەتە ڕۆژاوای باشووری شارەکەوە، یان مەبەستی لە گۆڕستانە گەورەکەی ڕۆژهەڵاتی باشووری شارەکە بووبێت کە دەکەوێتە پشت (یانەی فەرمانبەران)ی جاران، یان مەبەستی لە گۆڕستانێکی تر بووە کە نەماوە و لەگەڵ زەویدا تەخت بووە.

(٤) ابن خلكان، وفيات الاعيان، ٤/ ١٠٤. ط ١٩٣٨.

قەڵای هەولێر:

هەرچی قەڵاکەیە، ئەوە، کاتی خۆی شارێکی کۆك و تەواو بووە، بازاڕی هەبووە، خانووی زۆری لەسەر بووە و هەمووی ئاوەدان بووە، مزگەوتی هەبووە[1]. میر (سرفتكين الزيني)ی جێگری (زين الدين علي كجك) مەدرەسەیەکی لێ دروست کرد بۆ مەلا (الخضر أبي العباس بن نصر بن عقيل الاربيلي)، ناونرا (مدرسة القلعة). قەڵاکە، کرا بە بارەگای فەرمیی ئەمارەتەکەو، دیوانەکان و[2]، دایەرە و بەندیخانەشی[3]لەسەر دامەزرابوون.

قەڵا ـ لانی کەم ـ دوو دەروازەی هاوبەرامبەری هەبووە. یەکێکیان دەروازەی باشوورە کە ـ هەتا ئێستاش ـ دەڕوانێتە سەر مەیدانەکەی نێوان قەڵاکە و قەیسەرییەکەی موزەففەرەددین گۆگبوری دایمەزراندووە، واتا دەکەوێتە رووکاری باشووری قەڵاکەوە. دەروازەی دووەم، بەرامبەر عەینکاوەیە، کە دانەری کتێبی (الحوادث الجامعة) دەروازەی (عمکاوا)ی[4]پێ دەڵێت و، دەڵێت: (گەورەترینی دەرگاکانە)، ئەم قسەیەش، مانای وایە کە قەڵا، لە دوو دەروازەی پتر هەبووە.

قەڵا، سەخت و قایم بوو، داگیرکردنی زۆر زەحمەت بوو، بە کەندەکێکی قووڵیش دەورە درابوو[5]. ئەم سەختی و قایمکارییەش بەوەدا دەردەکەوێت کە مەگەر زۆر

---

(١) یاقوت، معجم البلدان ١/١٣٨.

(٢) (ابن الشعار) دەڵێ: بارەگای دیوانی خەمڵ (الارتفاع) لە قەڵا بوو: (عقود الجمان ٩/١٢٢). دانەری کتێبی (الحوادث الجامعة) دەڵێ تەلاری ئەمارەتەکەش، هەر لە قەڵا بووە: (ص ٤٨). تا ئێستاش گەڕەکی نزیك دەروازە سەرەکییەکەی قەڵا، پێی دەڵێن: (گەڕەکی سەرای).

(٣) ابن خلكان ٣/١٧٠.

(٤) الحوادث الجامعة، ص ٤٦.

(٥) یاقوت، معجم البلدان ١/١٣٨. ئاسەواری ئەم کەندەکە و، ئاسەواری شوورەی شارەکەش، تا ساڵی (١٨٢٠) کە ریچ هاتە هەولێر، هەر مابوون – ئەم گەڕۆکە واتا (ریچ) چادرەکەی لە نزیکیانەوە هەڵدا. بنۆڕە کتێبەکەی: (رحلة ريج الى العراق) ص ٢٤٤. (محمود احمد)یش کە پیاوێکی بەتەمەنی هەولێرییە/١٨٧٦، دەڵێت: بە دەروری قەڵادا، کەندەکێك هەبووە، لە بانزینخانە کۆنەکەوە تا نزیك مەحکەمەی شەرعییەی ئێستای دەگرتەوە (درێژ بوو). ئاوەکەی پیس بوو، لە قەڵا و لە مزگەوتی خانەقاوە، بۆی دەهات.

بەزەحمەت، دەنا، ملی بۆ هیچ داگیرکارێك کەچ نەکردووە. رەنگە کۆنترین بەڵگەش، بۆ راستیی ئەم قسەیە، ئەو باس و خواسە بێت کە (ابن واصل) دەربارەی خۆڕاگریی ئەم قەڵایە لە رووی ئەتابەگ (عمادالدین زەنگی)ی دامەزرێنەری ئەتابەگایەتیی موسڵدا، دەیگێڕێتەوە، کە ئەوەبوو لە ساڵی (٥٢٦ ك)دا، ئەم قەڵایەی گەمارۆ داو، بەنیاز بوو داگیری بکاو، بیخاتە سەر ئەمارەتەکەی خۆی[1]، پاشان، ناچاربوو، گەمارۆکەی لابدات، نەخاسمە کە بیستی، سوڵتان مەسعود لە مەراغەی ئازەربێجانەوە، بەرەو هەولێر کەوتووەتە رێ چونکە هەولێر بەشێك بوو لە موڵکەکانی ئەو سوڵتانە، بۆیە ئەتابەگ (عمادالدین زەنگی) لە هەولێر کشایەوە و، لەسەر (زێ) ئۆردوگای هەڵدا. ئیدی لەوێ مایەوە و هەولێری بۆ داگیر نەکرا و نەیتوانی بیخاتە سەر ئەمارەتی موسڵ تا ئەو کاتەی کە لەگەڵ ئەم سوڵتانە سەلجووقییەدا رێك کەوت و «سوێندیان بۆ یەکدی خوارد و هەولێری رادەست درا»[2].

(القزويني) باسی سەختیی قەڵا دەکات و، دەڵێت: مەگۆلەکان هیچ قەڵا و قایمکارێك، لەبەریاندا خۆی ڕانەگرت، بەڵام قەڵای هەولێر هەند سەخت بوو، نەیانتوانی بگەنە ناوی[3]. (رشيد الدين فضل الله الهمداني)یش لە وەسفی قەڵاکەدا دەڵێت: «قەڵایەکە، وێنەی نییە و، لە چواریەکە ئاوەدانەکەی دنیادا بێ نەزیرە»[4].

ئەم سەختی و قایمییەی قەڵایە، هەولێری خستە ریزی ئەو شارانەی کە دەڵێن بەریان لە مەگۆلان گرتووە، بەرگریکردنی بەدڵیش، دژ بە مەگۆل، لە هەندێ شار و کەمێ ناوچەی عیراقدا رووی دا، نەخاسمە لە بەری لای رۆژهەڵاتی بەغدا و، شارەکانی هەولێر و (واسط) و، پاشانیش لە موسڵ[5].

---

(١) (ابن واصل) دەیگێڕێتەوە: مفرج الكروب ٩٧/١.

(٢) ن. م. ص.

(٣) القزويني، آثار البلاد، ص ٢٩٠. الباكوي، تلخيص الآثار وعجائب الملك القهار، ص ٣٥.

(٤) جامع التواريخ، مجلد ٢، ج ١، ص ٢٩٨.

(٥) د. جعفر خصباك، العراق في عهد المغول الايلخانيين، ص ٦٠.

ئەم قەڵایە، کە ڕۆڵی گرنگی لە پاراستنی هەولێر و ناوچەکەدا گێڕاوە، تەنیا لەبەرئەوە نەبووە کە قەڵایەکی سەخت و قایمە، نەخێر،... مەگۆل قەڵاگەلی ئەوتۆیان داگیر کرد ـ بەڕای خۆم ـ زۆر لەم قەڵایەی هەولێر کووڕتر و سەختتر بوون، بەنموونە... وەك (قلعة الموت) و قەڵای (گردکۆ) و قەڵای (میمون) لە قەڵا دڕ و کووڕەکانی ئیسماعیلییەکانی ناوچەی قوهستانی وڵاتی فارسن[1]کە هیچیان لەبەر هێرشی مەگۆلدا خۆی ڕانەگرت.. خۆڕاگرتنی قەڵای هەولێر، زۆرتر لەبەر ئەوە بوو کە مەگۆل هێزی گەورەیان بۆ داگیرکردنی نەناردبوو، بەڵكو، هێزێکی کەمیان بۆ سووسەکردن ناردبوو، تا بزانن بارودۆخی ناوچەکە چۆنە و چ لایەکی بە هێزە و، کام لای کەلێنە، لەبەرئەوە، سەربازانی سەردەمی موزەففەرەددین گۆکبوری، زۆرتر و، گەلێ جاریش، بە بێ ئەوەی زەحمەتییەکی گەورە بکێشن، بەرگرییان دەکرد.

مەگۆل، کە لەم ناوچەیەدا، سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست نەدەهێنا، زۆرتر لەبەرئەوە بوو کە ڕێگای نێوان هەولێر و ئازەربێجان[2]، هەمووی چیاو هەڵەت و هەڵدێر بوو، ئەوان وڵاتی ئازەربێجانیان کردبوو بە بنکە و بارەگای خۆیان و، لەوێوە بەرەو هەولێر و شارەکانی تری ناوچەکە دەهاتن.

سەختیی قەڵای هەولێر ڕێگای لە لەشکری خەلیفەی بەغداش گرت، خەلیفە (المستنصر)، دوای ئەوەی موزەففەرەددین گۆکبوری لە ساڵی (٦٣٠ك/١٢٣٣ز)دا مرد، ویستی ئەمارەتی هەولێر بخاتە سەر مەملەکەتەکەی خۆی، بەڵام لەشکری هەولێر بەگژیاندا چوونەوە و هەولێریان نەدا بەدەستەوە. ئەوەبوو، خەلیفە، دووەم جار و، سێیەم جاریش لەشکری گەورەتر و بەهێزتری نارده سەر هەولێر و، ئەنجام، جەنگاوەرانی سەر قەڵاکە بڕستیان لێ بڕاو، هەولێریش گیرا و، بە بەغداوە[3]بەسترا.

---

(١) (هوارد CL. Huart) في دائرة المعارف الاسلامية، ط ١٩٣٣. مادة الاسماعيلية، مجلد ٢، ص ١٩٠.

(٢) الكامل ٣٧٨/١٢.

(٣) الحوادث الجامعة، ص ٤٦.

لە ساڵی (٦٣٤ك/١٢٣٧ز)یشدا، كە مەگۆڵ گەیشتنە هەولێر، جەنگاوەرانی هەولێر دیسان خۆیان لە قەڵاكە قایم كرد و، مەگۆڵ كەوتنە سووتاندن و وێرانكردنی ئاوەدانییەكانی پادەشتەكە و، تاڵان و چەپاوڵ و كوشت و بڕی خەڵكەكە و خەڵكێكی بێ شوماریان كوشت و، پاشان هەولێریان، بە بەتاڵی، وەك هەناوی كەری گورگخواردوو بەجێهێشت[1]، نەخاسمە هاتنی لەشكری خەلیفەشیان بیستبوو[2].

سەرلەشكری مەگۆل (أرقیونویان) لە ساڵی (٦٥٦ ك)دا كە دوا هێرشی مەگۆلی هێنایە سەر هەولێر، هەرچەندیشە گەمارۆیەكی بەهێزی شارەكەی دا، بەڵام لەبەر سەختی و كووریی قەڵاكە، شارەكەی بۆ داگیر نەكرا[3]. (أرقیونویان) چاری نەما، پێوەندیی كرد بە (بدرالدین لؤلؤ)ی سەرداری موسڵەوەو لەگەڵیدا كەوتە پلان و تەگبیر. (بدرالدین لؤلؤ)یش ئامۆژگاریی كرد كە گرتنی هەولێر دوا بخات بۆ وەرزی هاوین، چونكە، هاوینان، خەڵكی هەولێر، كە كوردن، هەموویان، لەبەر گەرمای هاوین شارەكە چۆڵ دەكەن و، روو لە كوێستانەكان دەكەن[4]. بەو پێیە (أرقیونویان) مەسەلەی داگیركردنی هەولێری بۆ (بدرالدین لؤلؤ) بەجێهێشت، ئەویش، بەرە بەرە كەوتە رووخاندنی شوورەی شارەكە و، پاش ورە بەردانی خەڵكەكەی، ئەوجا داگیری كرد، هەندێ لە جەنگاوەرانی ناو شار، روویان لە كوێستانەكان كرد، نەخاسمە سەرلەشكری مەگۆل دەستی لە شارەكە هەڵگرتبوو. جەنگاوەرەكان لەوە دەترسان ئازووقەیان لێ ببڕێت و بەشیان نەكات و، وەكو گەمارۆكەی ساڵی (٦٣٤ك/١٢٣٧ز) ئاویشیان لێ ببڕێت[5].

بەڵام لەبارەی گەورەیی ئەم قەڵایەوە، یاقوت دەڵێت: قەڵاكە لەسەر گردێكی

---

(١) إبن أبي الحديد، شرح نهج البلاغة، جـ ٣، ص ٨١.

(٢) الحوادث الجامعة، ص ٩٩.

(٣) رشيدالدين فضل الله الهمداني، جامع التواريخ، مجلد ٢، ج ١، ص ٢٩٩.

(٤) جامع التواريخ، ن. ص، عباس العزاوي، تأريخ العراق بين احتلالين ٢١٤/١.

(٥) الحوادث الجامعة، ص ٩٩.

گەورە و فراوان دامەزراوە و، وەکو قەلاکەی حەڵەب وایە، پاشان دەڵێت: بەلام قەلای هەولێر گەورەتر و فراوانترە[١]. وەلێ (حمدالله المستوفي) دەڵێت: قەلایەکی مەزن و گەورەیە[٢]. (سترك)یش دەڵێت: ئەم قەلایە گەرۆکەکانی سەرسام کردووە و، ئەوەی روو لەم شارە بکات لە دووریی چەند سەعاتێکەوە دەیبینێت[٣].

دوو: بیناو بارەگاکان، کە موزەففەرەددین گۆکبوری لە هەولێر دایمەزراندن:

١- منارەی هەولێر:

مادامێکی باسی پلان و رەنگرێژیی هەولێری سەردەمی ئەتابەگەکان دەکەین، دەبێ باسی منارەکەشی بکەین، چونکە منارەکەی زەقترین ئاسەواری شارەکەیە.

منارەکەی کەوتووەتە رۆژاوای باشووری شارەکەوە، نزیکەی یەك کیلۆمەتر لە قەلاکە دوورە. هەر بەناوی موزەففەرەددین گۆکبورییەوە بە منارەی مظفریە، ناسراوەو[٤]. پێدەچی لە سەردەمی حوکمی ئەودا، بۆ مزگەوتێ دروست کرابێت کە لەو جێگەیەدا هەبووە، چونکە بناغەی مزگەوتێك لەو جێگەیەدا دۆزرایەوە کە لە

---

(١) ياقوت، معجم البلدان ١٣٨/١.

(٢) حمدالله المستوفي القزويني، نزهة القلوب، المقالة الثالثة، ص ١٠٢.

(٣) م. سترك، دائرة المعارف الاسلامية، ط ١٩٣٣، المترجمة الى العربية، مادة اربيل، ٥٧١/١.

(٤) وداد علي القزاز، مقال (المنارة المظفرية في اربيل)، مجلة سومر، مجلد ١٦ لسنة ١٩٦٠، ص ١٣٧. طه باقر وفؤاد سفر، المرشد الى مواطن الآثار والحضارة ط/١٩٦١، الرحلة الخامسة، ص ٦. كامل حسين، مقال (التنقيب حول المئذنة المظفرية في اربيل)، مجلة سومر، مجلد ١٨ لسنة ١٩٦٢، ص ٢٠٧. عباس العزاوي، مقال (امارة أربيل)، مجلة المجمع العلمي العربي، دمشق، مجلد ٢٢ لسنة ١٩٤٧، ص ١٤٤.

بەلام (عبدالرزاق الهلالي) دەڵێت: رەنگە، ئەم منارەیە لە ئاسەوارەکانی (کوشییەکان) بێت(!) بنۆرە کتێبەکەی خۆی: (معجم العراق)، ط/١٩٥٣، بغداد، ج ١، ص ٦٧.. الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦، ص ٦٦٠

منارەکە کۆنترە و، بڕواش، وایە کە لە چاخی ئەمەوییاندا، یان لە بەرایی حوکمی عەبباسییاندا دروست کرابێت[١]. پێدەچێ، دەمێ، (نیبور)، بەر لە دوو سەدە پێشتر، لە ساڵی (١٧٦٦ز)دا، کە سەری لە هەولێر دا، چاوی بە ئاسەواری ئەو مزگەوتە کەوتبێ، ئەو لە قسەکانیدا باسی دەکات و، دەڵێت لەم شارەدا، لە ئاسەواری مزگەوتێکی گەورە زێتر دوور لە قەڵاکەوە، لەناو کێڵگەکاندا، هیچ ئاسەوارێکی تر نابینرێت، ئەڵێت، ئەمەش یەکێکە لە ئیشەکانی موزەففەرەددین گۆکبوری[٢]. ئەم ئاسەوارە، لە ساڵی (١٨٢٠ز)یشدا، هەر مابوو کە (ریچ) سەری لە هەولێر دا، (ریچ) دەڵێت: مزگەوتەکەی کەلاوەیە، هەموو بناغەکانی گەڕام و، دارو پەردوو و خشتەکانیشیم دەرهێنا[٣].

ئەم منارەیە بە خشت و گەچ دروست کراوە، بەڵام بنکەکەی (بناغەکەی) بە شێوەی حەوتلا[٤] (مسبع) لە بەردی داتاشراوی رێکوپێك دارێژراوە، دوو دەرگایشی تێدایە، هەر یەکەیان بەسەر پێپلیکانەیەکدا دەکرێتەوە و، بەجیا، بە شێوەی لوولپێچ بە دەوری ئەستوونێکی ئەستووردا، هەر لەناو جەرگەی منارەکەدا، بەرەو سەرەوە دەڕۆن[٥]. دوو کەس، لە هەمان کاتدا، پێکەوە، بێ ئەوەی چاویان لە یەکتری

---

(١) کامل حسين، مجلة سومر، ن. م. ص.

(٢) کارستن نيبور، رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن عشر، ص ٩٠.

(٣) ريچ، رحلة ريچ، ص ٢٤٤.

(٤) وەڵێ سەرچاوەکان بە هەشتلا (مثمن) دایدەنێن (طه باقر، المرشد ص ٦. وداد القزاز، سومر ١٢٧/١٦. پێدەچێ ئەوانەی کە دەستیان پێدا هێناوەتەوە، (چاکیان کردووەتەوە) دوو لای بەرامبەر رۆژاوای باکووریان درێژتر کردبێتەوە و، بەوەش لایەکەی نێوانیان کوێر بووەتەوە و، نەماوە. ئەمەش، بەوەدا دەردەکەوێ کە ئەم دوو لایە، لە لاکانی دیکەی درێژترن، هەریەکە لەم دوو لایە (١٦) پێ دەبێت، بەڵام پێنج لایەکەی دیکە لە (١٠) پێ کەمترن. هەرچەندە، (طه باقر) و (فؤاد سفر) باسی چاککردنەوە و بەهێزکردنی بنکەی منارەکە دەکەن، بەڵام ئەو کارە چۆن چۆنی کراوە، باسی ئەوە ناکەن.

(٥) طه باقر، المرشد، ص ٦.

بێت سەردەکەون، تا ئەگەنە قولەکەی یەکتری نابینن[١]. بەلام بەهۆی باو بارانەوە لووتکەکەی بەرەبەرە رووتاوەتەوە و نەماوە.

ئەم منارەیە، ئەمرۆ نزیکەی (٣٥) مەتر بەرزە و، باسی بەرزاییەکەی بە شێوەی جۆراوجۆر نووسراوە. (ریچ) و (طه باقر) و (فؤاد سفر) کەم و زۆر وەکو یەك بەرزاییەکەیان قەرساندووە. یەکەمیان، بە (١٢١) پێی، دادەنێ[٢] واتا نزیکەی (٣٦,٣) مەتر. دووەمیان بە (٣٧)[٣] مەتری دادەنێت، واتا نزیکەی (١٢٣) پێ. کەچی (الهلالي) تەنیا، بە (٨٠) پێ[٤] دەیقەرسێنێ، واتا نزیکەی (٢٤) مەتر. بەلام (سترك)، زۆری ناوەتە سەر و، دەلێت دەگاتە (٥٠٣) پێ[٥]، واتا زێتر لە (١٥٠) مەتر، گوایا ئەم قەرساندنەی لە ریچەوە وەرگرتووە و، (ریچ)یش بەرزیی منارەکەی ـ وەك باسمان کرد ـ بە (١٢١) پێ قەرساندووە.

درێژیی هەریەکە لە پێنج لایەکەی نزیکەی (١٠) پێ[٦] دەبێت، واتا نزیکەی (٣) مەتر دەبێت، بەلام درێژیی هەریەکە لە دوو لایەکەی دی کە درێژ کراونەتەوە نزیکەی (١٦) پێ واتا (٤,٨ مەتر) دەبێت.

سترك، وەسفی منارەکەی هەولێر دەکات، دەلێت، منارەیەکی جوانە[٧]. بەلام

---

(١) نیبور، رحلة نیبور، ص ٩٠.

(٢) ریچ، م. ن. ص.

(٣) طه باقر، م. ن. ص.

(٤) عبدالرزاق الهلالي، معجم العراق، ص ٦٨. الدلیل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦، ص ٦٦٠.

(٥) سترك، دائرة المعارف الاسلامیة، المترجمة، ط ١٩٣٣، مادة اربیل، ٥٧٥/١.

(٦) ئەوانەی باسی درێژیی لایەکانی (اضلاع) منارەکەیان نووسیوە، رایان جیاوازە: بنۆرە: ریچ، ن. م. ص. سترك: ن. م. ص. (W. R. H) حاکمی سیاسیی هەولێر زەمانی داگیرکردنی عیراق. بنۆرە کتێبەکەی: سنتان في کوردستان ١٩١٨ — ١٩٢٠ ز، ج ١، ص ١٤٩.

(٧) سترك، دائرة المعارف الاسلامیة ٥٧٥/٥. هەروەهاش: دائرة المعارف البریطانیة .Encycl, Britannica. V. ١٢, P ٥٣٨

(W. R. H) وەسفی دەکاو دەڵێت منارەیەکی نایابە[1]. نموونەی ئەم منارەیە لە وڵاتی جەزیرە، زۆرە، بەنموونە، منارەکەی داقوق و، منارەکەی شنگاڵ و[2]، تا رادەیەکیش (منارە نوورییەکەی) موسڵ[3]. لەوەش دەچێ لە سەردەمی ئەتابەگەکاندا، لە وەخت و ساتی نزیك بە یەکدا دروست کرابن.

ب- دامودەزگای لەشساغی و کۆمەڵایەتی کە موزەففەرەددین گۆگبوری لە هەولێر دایمەزراندبن:

زێتریش لە دام و دەزگای فێرکاری و زانستی دەچن. موزەففەرەددین گۆگبوری دام و دەزگای تەندروستی و کۆمەڵایەتیشی دامەزراند، کە سوودی گەورەی بە ناساغ و نەخۆشی خەتەرناك و، هەژار و کۆرپەی (مەلۆتکەی) فرێدراو و بێوەژنان دەگەیاند.

---

(١) W. R. H، م. ن. ص، ١٤٨.

(٢) ریچ، ن. م. ص. طه باقر، ن. م. ص. محمد هادي الدفتر. عبدالله حسن، كتاب العراق الشمالي ٢٧٩/١. وداد القزاز، مقال (المنارة المظفرية)، سومر، مجلد ١٦ لسنة ١٩٦٠، ص ١٢٧.

(٣) نوورییەکە: مەبەست لە ((نورالدين محمود الشهيد کوڕی ئەتا بەگ عمادالدين زەنگی))یە. (نورالدين محمود) حوکمی موسڵی بە دەستەوە بوو لە ساڵی ٥٦٦ ك تا ساڵی (٥٦٩ ك) و لەم ساڵەدا مرد.

ئەمانەش، لەو دامودەزگایانەن:

١- مارستان - بیمارستان[١]، واتا (نەخۆشخانە):

سەرداری هەولێر ئەم دەزگا لەشساغییەی دامەزراند و، سەرپەرشتانی بۆ هەڵسووڕاندنی كاروباری دانا[٢]. وادیارە بیمارستانەكە چەند بەشێك بووە. (ابن الشعار) كە ساڵانێكی زۆر لە هەولێر ماوەتەوە، دەڵێت: (ابراهیم بن اسماعیل ابن محمد الحرانی) ناسراو بە (ابن النقیب/ ت ٦٢٢ك/١٢٢٥ز) (چاوڕێژ) بووە (واتا پزیشكی چاو) بووە و لەم بیمارستانەدا كاری كردووە[٣]. (أبو أحمد یوسف بن جامع ابن احمد بن محمد الاربیلي) سەرپەرشتی كۆگای دەرمانەكان بووە. ئەم كابرایە سەری لە پزیشكی دەرچووە و لێی زانیوە و، چارەسەری گەلێ نەخۆشی كردووە (لە ساڵی ٦١٥ك/١٢١٨ز)دا مردووە[٤].

موزەففەرەددین گۆكبوری دەچووە ناو بیمارستانەكەوە و، سەری لە نەخۆشەكان دەداو، لێی دەپرسین، جێگایان، خەویان، خۆراكیان، حەز لە چی ئەكەن و پێداویستییان بە چییە[٥].

٢- خانەقاكان:

موزەففەرەددین گۆكبوری چوار خانەقای لە هەولێر، بۆ كوێر و نەخۆش و دەردەداران كردەوەو، ئەوەش كە بۆ ژیان زەروور بێت بۆی دابین كردن[٦]. هەر لە

---

(١) بیمارستان: وشەیەكی فارسییە، واتا (خانووی شفا). بنۆڕە: التبریزي (برهان قاطع)، ص ٢٢٤. د. محمد اسعد طلس، التربیة والتعلیم في الاسلام، ص ١١٦ — ١١٧.

(٢) ابن خلكان ٢٧٢/٢.

(٣) ابن الشعار، مخطوط عقود الجمان، ج ١، ترجمة ابراهیم بن اسماعل بن محمد.

(٤) ن. م، ١٧٣/١٠.

(٥) ابن خلكان، ن. ص. ابن ابي عذیبة، مخطوط، انسان العیون، ٢٩٦.

الغساني، العسجد المسبوك، بالرونیو، ورقة ٣٣٠.

(٦) ابن خلكان ٢٧٢/٢.

ئاو و خۆراك و پۆشاكەوە بیگرە تا دەگاتە هەموو خەرج و مەسرەفێکی تر. چاوساغ و، خزمەتکاریشی بۆ سەرپەرشتی و چاودێرییان دامەزراند، دوو جۆرە مووچەی، هەم بە کەلوپەل و هەم بەدراو (الجرایات والجوامك) بۆ بڕیبوونەوە[١]، بەوجۆرە، لە سواڵ و دەرۆزە و لاکۆڵانان رزگاری کردن. موزەففەرەددین گۆکبوری، هەموو رۆژانی دووشەممە و پێنج شەموان، سەری لە دانیشتووانی ئەو خانەقایانە دەداو، لە کاروباریانی دەپرسی و، یەك بەیەك، بەسەریاندا دەگەڕاو، گوێی لە باری گوزەران و نیاز و ڕازیان دەگرت و، سنگی خۆی بۆ فراوان دەکردن و گەمە و گەپی لەگەڵدا دەکردن و دڵیانی دەدایەوە[٢].

٣- داڵدەکان (الملاجیء):

ئەم میرە، داڵدەیەکی بۆ هەژار و هەتیو و لانەوازان کردەوە، ئەوانەی کە بێ خاوەن بوون و، کەسیان نەبوو گوزەرانیان بدات و بەخێویان بکات. هەموویانی لەوێ خڕ کردەوە و، لە گەڕان و شەقام و کۆڵان و دەست پانکردنەوەی رزگار کردن و، کات و ساتی سەرلێدانیشیانی دیار کرد. مێژوونووسی هاوچەرخی موزەففەرەددین گۆکبوری (سبط ابن الجوزي) کە ئەو دەمە سەری لە هەولێر دابوو، دەڵێت: موزەففەرەددین گۆکبوری، هەموو سبەینانێك، زوو، سوار دەبوو، لەبەردەمی داڵدەکاندا دادەبەزی و، خۆی بە ژووردا دەکرد و، کچۆڵەیەکی بێ باوك و دایك و کەساسی لەخەو بەئاگا دەهانی و، لەسەر رانی خۆی دادەناو، لێی دەپرسی: ((حەزت لە چییە بخۆی، چیت پێ جوانە لەبەری بکەی)) هەرچییەکی ویستبا، بۆی دەهێنا[٣]،

---

(١) سبط ابن الجوزي ٦٨٣/٨.

(٢) ابن خلكان، ن. ص. الغساني، العسجد المسبوك، ورقة (٣٣٠). الفاسي المكي، العقد الثمين ١٠٣/٧. ابن ابي عذيبة، انسان العيون ٢٩٦. ابن العماد، شذرات الذهب ١٣٩/٥.

(٣) سبط ابن الجوزي، م. ن. ص.

ئنجا، بیری لە چارەنووسیان دەكردەوە و، كاتی شووكردنیان هاتبا، بەمێردی دەدان[١].

ڕەحم و سۆزی ئەم میرە، بێوەژنانیشی گرتەوە. بۆ ئەوانیش خانوویەكی تایبەتی كردەوە و، خزمەت و پێداویستی گوزەرانی بۆ دابین كردن[٢]. بۆ كۆرپە و مەلۆتكەی فڕێدراو و[٣]. بێ خاوەنیش، هەر بەوجۆرە، دالدەی دروست كرد و ژمارەیێ دایەنی بە سەرەوە خستە سەركار[٤]. پێدەچێ، سەرداری هەولێر یەكەم حاكمی ئیسلام بووبێت ئەم جۆرە دامودەزگایانەی بە خەیالدا هاتبێت و[٥]، دایمەزراندبن. لەبەر ئەوە دەتوانین ئیشەكانی بە ئیشی ئەو خاوەن حوكمانە بشوبهێنین كە ناویان بە چاكساز و خێرخواز و خزمەتگوزاری كۆمەلایەتی و تەندروستی دەركردووە[٦].

بێجگە لەو ئیشە خێرانە، میوانخانەیەكیشی بۆ حەوانەوەی شاند و ئەو میوانانە سەریان لە هەولێر دەدا، دامەزراند، بە تایبەتیش بۆ ئەو مەلاو حەدیسخوانانەی كە بە هەولێردا بەرەو ولاتانی دەوروبەر تێدەپەڕین و بە درێژایی مانەوەشیان لە هەولێر، لەو میوانخانەیەدا خۆراكیان مفت و ئامادە بوو[٧]. (سبط ابن الجوزي)

---

(١) سبط ابن الجوزي، م. ن. ص.

(٢) ابن خلكان ٢٧٢/٣. الذهبي، مخطوط "تأريخ الاسلام" الجزء الأخير، ق ٢، ورقة ١٨١. الفاسي المكي، العقد الثمين، ١٠٣/٧. ابن أبي عذيبة، انسان العيون ٢٩٦.

(٣) مەلۆتكەی فڕێدراو: كۆرپەی شیرە خۆرەیە، لەبەر هەر هۆیەك بێت، خاوەنی لە قەراغ ڕێگایەك دایدەنێ و بەجێی دەهێلێت، كەسانێك هەن (هەلێدەگرنەوە) و بۆ خۆیان بە خێوی دەكەن، واتا دایك و باوكی نەناسراون: (تاج العروس ٢١٧/٥).

(٤) ابن خلكان، ص. ن. الذهبي، و. ن. الفاسي المكي (١٠٤/٧ ابن ابي عذيبة، ن. ص).

(٥) هوارث / Howorth, the Mongols, v, ١١١, P. ١٣٣

(٦) دكتۆر طلیمات ئەم ئیشانەی موزەففەرەددین گۆكبوری بە ئیشەكانی خەلیفەی ئەمەوییان (وليد بن عبدالملك) دەچوێنێ: بنۆڕە كتێبی (مظفرالدين كوكبرى أمير أربل) ص ٢١٠.

(٧) ابن خلكان ٢٧٢/٣. الذهبي، تأريخ الاسلام، ورقة ١٨١. الغساني، العسجد المسبوك، ورقة ٢٣٠.

دەڵێت: میر، ساڵانە، سەد هەزار دیناری[1]بۆ ئەم میوانخانەیە تەرخان دەکرد. ئەم برە پارەیەش ـ هەرچەندە نەگەیشتووەتە ئەو زۆرییە ـ بەڵام بەشێکە لە سێیەکی دەرامەتی ئەمارەتی هەولێر کە بۆ کاری چاکە و خێرخوازی، هەموو ساڵێ، تەرخانی دەکرد. ئەو مێژوو نووسە لە زمانی ئەم میرەوە، دەڵێت: ((کە هەولێرم وەرگرت، عەهدم کرد، دەرامەتی بکەم بە سێ بەش، بەشێ بۆ کاری خێر، بەشێ بۆ لەشکر و، بەشێ بۆ شەڕی ئەو دوژمنەی هێرشم دەکاتە سەر))[2].

سێ: سەرچاوەکانی گوزەرانی ئابووریی ئەمارەتی هەولێر:

ئەم ناوچەیە، هەر لە دێر زەمانەوە بە بەروبوومی کشتوکاڵ، نەخاسمە، بە دەغڵ و دان بەناوبانگ بووە[3]. ئومێدی گەورەی فەلاحەت و وەرزێرییش هەر، بە باران بووە، چونکە رووباری نییە و[4]، دێمە. لەبەر ئەوە، ئەگەر ساڵێك بارانی کەم بێت، ئەوە، دەبێتە وشکەساڵی و نەهاتی ـ هەر لەبەر ئەو بێ ئاوییەشە کە باغ و بێستانی لێ ناکرێ و زۆر کەمە، بەڵام خەڵکەکە بیر و کارێزیان لێ داوە[5]، کەم و زۆر باغ و بێستانی هەیە، لەو کارێزانە دوو جۆگە هەڵبەستراوە. (یاقوت الحموي) وەسفی ئەو جۆگە ئاوانە دەکات، دەڵێت: ئاوەکانیان وەك ئاوی دیجلە سووك

---

(١) سبط ابن الجوزي، ٦٨٣/٨ ابن العماد، شذرات الذهب ١٤٠/٥

لە کتێبی (تأريخ الاسلام)ەکەی (ابن قاضي شهبة)وە وەرگیراوە.

(٢) سبط ابن الجوزي ٦٨١/٨.

(٣) حمدالله مستوفي القزويني، نزهة القلوب، ص ١٠٢.

(٤) ياقوت الحموی، معجم البلدان، ١٣٨/١.

(٥) کارێز: واتا: جۆگە، لە ژێر رووی زەویدا هەڵدەکەندرێت و ئاوی پێدا دێت. بنۆڕە: ((برهان قاطع)) قاموس لغوي فارسی، ص ٨٧٢.

و سازگاره[(١)]. گەلێ جۆگە هەبوون، بەڵام دووانیان دەگەیشتنە ناو شاری هەولێر، یەکێکیان بۆ ناو مزگەوتەکە و، ئەوی دی بۆ ناو تەلاری سەڵتەنەت[(٢)].

گرنگترین بەروبوومی کشتوکاڵ، دوای دەغڵ و دان، لۆکە بوو. جوگرافیناسی فارسی بەناوبانگ (حمدالله مستوفي) باسی پەمووەکەی (لۆکەکەی) دەکات و دەڵێت: داهاتی ساڵانەی هەولێر، لەو پەمووە گەیشتە (بیست و دوو هەزار دینار) [(٣)]. بەڵام قەرساندنی ئەم داهاتە، پاشان، لە قۆناغێکدا، ئەنجام درا، وەك (ابن الطقطقي)[(٤)] دەڵێت، هەولێر، ببوو بە شارێکی پیسەکەی پچووك. بەڵام رەنێوهات (انتاج)ی میوە و فیقی، هەر چەندە بەروپشتی هەولێر باغ و بێستانی کەمە، وەلێ لە ناوچە چیاکانی دەوروبەرەوە میوەی زۆری بۆ دەهات، بە تایبەتیش لە گوندی شەقڵابان (واتا شەقڵاوە) وە خۆ، ترێی نایابی شەقڵاوە بەردەوام بەرێوە بوو بۆ بازارەکانی هەولێر[(٥)].

مێژوو نووس و شارانگەران باسی سامانی ئاژەڵی هەولێر ناکەن، هەر چەندیشە

---

(١) معجم البلدان، ص. ن.

ناوی کارێزەکانی هەولێر، بەهۆی کاولکاریی زەمانەوە، ئێستا نەماوە و، کارێزەکان وشکیان کردووە. کەمتەرخەمی و گەندەڵیی سوڵتان، تەنیا دوو کارێزی هێشتەوە، یەکەمیان کارێزی موزەففەرەددین گۆگبورییە (وەك، محمد هادی الدفتر) و (عبدالله حسن) لە کتێبە هاوبەشەکەیاندا (العراق الشمالي، ج ١، ص ٢٧٨) باسی دەکەن و، پێدەچێ مەبەستیان لە (ئاوی میری بێت کە چەند ساڵێکە وشك بووە. دووەمیان، ناوی کارێزی (موعەسکەر)ە کە بە (کارێزی سەعید ئاغا) ناسرابوو. بۆ زانیاریی زێتریش لەسەر وێرانکردنی جۆگە ئاوەکانی عیراق، بنۆرە: الدکتۆر جعفر حسین خصباك، (العراق في عهد المغول الايلخانيين) ص ١٦٠ — ١٦١.

(٢) أبو الفداء، تقويم البلدان، ص ٤١٣. القلقشندي، صبح الاعشى، ٣٦٦/٤.

(٣) حمدالله مستوفي، نزهة القلوب، ص ١٠٢.

(٤) ابن الطقطقي، الفخري في الآداب السلطانية، ص ٣٢.

(٥) شەقڵابان: واتا شەقڵاوە: (ياقوت الحموي) وەسفی دەکات و دەڵێت: گوندێکی گەورەی جوانە، لەو چیا بەرز و سەوز پۆشەدا کە بەسەر هەولێردا دەروانێت، رەز و باخی زۆرە و پرە لە بێستان و دێبەران. بەدرێژایی ساڵ ترێ و مێوژی رەزەکانی بەرێومیە بۆ هەولێر و بەشی هەموویان دەکات. هەشت قۆناغ لە هەولێرەوە دوورە: معجم البلدان ٣٥٥/٢.

ئـاو و هـەواو بـاری سروشـتی خـاك و ئـاوی ناوچـەکە، لـەوەڕگای خۆڕسـکی زۆری ڕەخساندبوو، پیشەی شوانی و مەڕداری و ڕاگرتنی ئاژەڵ، بـە تایبـەتیش مـەڕ و پـەز باو و بڵاو بوو.

لە بارەی برەو و چالاکیی بازرگانییەوە، سەرچاوەکان دەڵێن کە بازرگانی بـەهۆی ئـارامیی سیاسـی و گرنگیـی پێگـە و جێگـەی هـەولێرەوە، بـە تایبـەتیش لـە چـاخی بووژانەوە و حوکمی موزەففەرەددین گۆگبۆریدا، ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەی دەکرد و بەرەو چاکتر دەگۆڕا، کـە هـەولێر بازرگـانیی لەگـەڵ وڵاتـانی دووریـشدا دەکـرد و، شمـەك و کوتاڵی ئاهەنگ و ڕابواردنیشی بۆ دەهات. سەرچاوەکان دەڵێن: بـاوکی (موفـق الـدین بن محمد ابـن یوسـف) بازرگـانی دوڕ بـوو، لـە نێـوان هـەولێر و وڵاتـی (بـەحرەین)دا هەمیشە لە هاتوچۆدا بوو، لە بەحرەین وەك بازرگانەکانی دیکە[1] دەمایەوە چاوەڕێی قوتخواردووەکـان (الغطاسـین)ی بـن ئـاوی دەکـرد، تـا دوڕیـان لێ بکڕێـت. (الیـونینی) دەڵێـت: (قاسـم بـن أبـی بکـر بـن القاسـم)ی بازرگـان بەسـیفەت (امـین الـدین)ی حەدیسخوانی هەولێری، ناسـراو بـە (قورئـانخوێن) بـاوکی ئـەم قاسمـە یـەکێ بـوو لـە گـەورە بازرگانـەکان و سـەری لـە هـەولێر و وڵاتـی میـسر و وڵاتـی عەجـەم دەدا و دەگەیـشتە خـواریزم[2]. ئەمـەش فراوانبـوونی ئاسـۆی بازرگـانیی هـەولێر لەگـەڵ هەندەراندا نیشان دەدات. (یاقوت الحموي)یش باسی کاروانی بازرگانی دەکـات کـە لـە هەولێرەوە بەرەو ئازەربێجان دەکەوتە ڕێ و، دەڵێت، بازرگانانی خاوەن ئەم کاروانـە، لە ڕێگا، لە شاری (تل هفتون) [3]لایاندەدا و باریان دەخست بۆ ئـەوەی پـشوو بـدەن و بحەوێنەوە، ئەم شارە کەوتبووە ناو چیاکانەوە و، سەر بە هەولێر بوو. پاشان کـاروان

---

(١) ابن خلكان ١٠٣/٤. السيوطي، بغية الوعاة ٢٨٦/١ – ٢٨٧، نقلاً عن ابن المستوفي.

(٢) اليونيني، ذيل مرآة الزمان ١٢١/٤.

(٣) تل هفتون: شارۆچکەیەکی سەر بە هەولێرە، کەسێ لە هەولێرەوە بچێت بۆ ئازەربێجان، دووەم ڕۆژ دەگاتە ئەوێ. کەوتووەتە ناوچە شاخاوییەکان، چەمێکیشی پێدا دەڕوات، (معجم البلدان ٤٥/٢).

دەکەوتەوە ڕێ. وا دیارە خودی ئەم شارە، شارێکی بازرگانی بووە و ئاوەدان بووە. (یاقوت الحموي) کە چەندین جار هاتوچۆی ئەم شارەی کردووە، وەسفی بازاڕ و خێر و بێری ئەم شارەی کردووە[١].

(سترك)یش دەڵێت: ئەو ئاهەنگە گەورە و گرانەی کە هەموو ساڵێك موزەففەرەددین گۆکبوری بە بۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە (د. خ) دەیگێڕا، بازاڕێکی بازرگانیی گەرم و گرنگیشی لەگەڵ خۆیدا دەرەخسان[٢]، ئەو بازاڕە هەند بەرفراوان و گەورە بوو، جێگای نەدەبووەوە، ناچاربوون، قەیسەرییەکەیان بۆ دامەزراند[٣].

هەرچی، لایەنی پیشەسازی و سەنعەتکارییە، ئەوە، لەو بارەیەوە هیچ شتێکمان نییە باسی بکەین، تەنیا ئەوە نەبێ کە یاقوت الحموي بە (النصافی) ناوی دەبات کە گوایە لە شارۆچکەی (حزة) [٤]دروست دەکرا گوایە کراسێکی ئافرەتانەیە لە دەزووی لۆکە تەون دەکرا و لە هەولێر برەوی هەبووە و باو بووە. لەوانەشە بەهۆی پەرەسەندنی ئاوەدانیشەوە کەرەسەی خانووی، وەك کەرپووچ و گەچ و قسڵ دروست کرابن، بەڵگەی ئەوەش لە منارەکەیدا دیارە[٥].

---

(١) معجم البلدان ٤٥/٢.

(٢) م. سترك، دائرة المعارف الاسلامية ٥٧١/١.

(٣) ئەم قەیسەرییە هێشتا لەناو جەرگەی هەولێردا ماوە. چەند بازاڕێکە، کەوتووەتە ناویەك و، بانیان گیراوە، هەر بازاڕەی بۆ فرۆشتنی شمەکێك تەرخان کراوە. هەندێکیان رووخاند چونکە لەگەڵ پەرەسەندنی هەولێردا نەدەگونجا، یان لەبەر ئەوەی کۆن ببوو، مەترسی تەپینی لێ دەکرا.

(٤) معجم البلدان ٢٥٦/٢.

(٥) وداد القزاز، سومر مجلد ١٢٧/١٦. طەباقر، المرشد، ٦/٥.

فەسلی دووەم

باری رۆشنبیری و کلتووری لە هەولێری سەردەمی ئەتابەکیدا.

- دامودەزگا کلتوورییەکان.

یەک : مزگەوتەکان.

دوو: قوتابخانەکان.

سێ : خانەی حەدیس (دار الحديث).

چوار : خانەقاکان.

- ئەو زانا گەورانەی کە هاتوونەتە هەولێر.
- بنەماڵە زانستدۆستە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەی هەولێر.

یەک : بنەماڵەی خەلەکان (خلكان).

دوو : بنەماڵەی (إبن المستوفي).

سێ : بنەماڵەی (إبن منعة).

فەسڵی دووەم

باری رۆشنبیری و کلتووری لە هەولێری سەردەمی ئەتابەکیدا

بە پێچەوانەی زۆربەی ناوەندە ئیسلامییە هاوچەرخەکانی ئەو سەردەمە، بە نموونە، وەك موسڵ و حەڵەب و جێگاکانی دیکە، زانیاریمان لەبارەی دامودەزگای پەروەرشت و فێرکاری و کلتووریی هەولێری ئەو سەردەمە، کەمە. بەشی ئەوە ناکات ئەو بابەتەمان بۆ روون بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، توانیومانە هەندێ لایەنی ئەو دامودەزگایانە بدۆزینەوە. دەشێینێ بڵێین، زاناکان، بە تایبەتیش مەلا و شەرعناس و حەدیسخوانان، لە لای موزەففەرەددین گۆکبوری برەویان هەبوو. ئەو (وەك ابن خلكان دەڵێ)[1] خەمی دەخواردن و چاودێری دەکردن و دەستی دەگرتن و نائومێدی نە دەکردن. دەگێڕنەوە، دەڵێن: (أبو خطاب عمر بن الحسن المعروف بابن دحية الاندلسي البلنسي) کاتێ کتێبی (التنوير في مولد السراج المنير)ی داناو، بۆی کرد بە دیاری[2] میر، هەزار دیناری خەڵات کرد، ئەمەش بەڵگەیەکە، کە ئەو میرە دنەی زانست و کلتووری داوە. یەکێ لە رۆژهەڵاتناسان دەڵێت، هەولێر لە سەردەمی ئەودا، قۆناغێکی دووری لە رێگای کلتووریدا بڕیبوو، کە پێشتر بەخۆیەوەی نەدیبوو[3]. (حسن الباشا)یش دەڵێت: موزەففەرەددین گۆکبوری لە دامەزراندنی

(١) ابن خلكان ٣/٢٧٦.

(٢) ن. م. ٣/١٢٢.

(٣) م. سترك، دائرة المعارف الاسلامية، طبعة ١٩٥٩ مطبعة الشعب، مادة اربيل.

قوتابخانە و فێرگادا یەکێك بووە لە سەرداره ناودارەکانی[١] ناوچەکە. ئەو دامودەزگا زانستییانەش کە لەم ئەمارەتەدا دامەزران ئەمانەن:

دامودەزگا کلتوورییەکان

یەك: مزگەوتەکان

مزگەوتی هەولێر، نە ژمارەیان دەزانین و، نەناویان دەزانین و نەش جێگاکانیان[٢]. وەڵێ (ابن خلکان) دەڵێ: (ابو منصور سرفتگین)ی جێگری (زین الدین علی کچك) مزگەوتی زۆری دروست کردووە، نەك هەر لە ناوەندی ئەمارەتەکە، بەڵکو لە گوندەکانی[٣]. وەڵێ ئەم مێژوو نووسە و ئەوانی دیکەش باسی هیچ مزگەوتێکیان نەکردووە لە سەردەمی میرەکانی دوای (سرفتگین) دروست کرابێت. باسی موزەففەرەددین گۆکبوریشیان نەکردووە کە مزگەوتی دروست کردبێت ـ هەرچەندیشە ئەم میرە ـ وەك، لەمەودوا دێینە سەری ـ دامودەزگایەکی زۆری فێرکاری و خێرخوازی دامەزراندووە. بە هەرحاڵ، ئەو منارە جوانەی ناوی موزەففەرەددین گۆکبوریی لێ نراوە، بیرۆکەیەکمان لەلا گەڵاڵە دەکات کە ئەم میرە، خەمخۆری مزگەوتان بووە و بایەخی بە مزگەوتان داوە. دیاریشە لە مێژووی ئیسلامدا، مزگەوت، چ پێش سەرهەڵدانی دامودەزگای سەربەخۆی فێرکاری و چ دوای پەیدابوونیان[٤]، رۆڵی گرنگی لە بواری فێرکاریدا گێڕاوە و، لە گۆشەکانیدا ئەڵقەی وانە گوتنەوە ریزی دەبەست و، قورئانلەسنگ و ئەدەببێژان دادەنیشتن و، کۆمەڵێك قوتابی[٥] لە دەوریان خڕ دەبوونەوە. (السیوطي) لە (ابن المستوفي)ی مێژوو

---

(١) د. حسن الباشا، الفنون الاسلامية، ١٠٥٩/٢.

(٢) تەنیا ئەو مزگەوتە نەبێت کە بە دەوری منارەی (المظفرية)دا دروست کراوە.

(٣) ابن خلكان ١٢/٢.

(٤) The Encyiop of Islam art. Masjid. ١٩٣٦, V, ١١١

(٥) د. محمد اسعد طلس، التربية والتعليم في الاسلام، ص ١١٥.

د. احمد شلبي، تأريخ التربية الاسلامية، ص ١٧٦.

نووسی هەولێرەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێت، کە، مەلا (محمد بن الحسن بن علي بن الحسن الـضرير النحـوي المعـروف بـأبي الثنـاء ابـن الارملـة) لـە ژوور خەڵکەکـەوە لـە نـاو مزگەوتەکەدا دادەنیـشت و قورئـان و رێزمـانی تێـدا دەگوتـەوە و، قوتابییـەکی زۆری فێرکرد، سوودمەند بوون[1]. (ابن سعيد الاندلسي) دەڵێت: موزەففەرەددین گۆگبوری، شێخ (جعفـر بـن هبـة الله الكفـر عـزى الأربيلـي)ی بـە خوتبـە خـوێن (وتـارخوێن)ی مزگەوتەکەی خۆی دامەزراند[2].

دوو: قوتابخانەکان

قوتابخانە (حوجرە):

مزگەوتـەکان بەشـی پێداویـستی فێرکـاریی کۆمەڵگەکـەی نـەدەکرد، چـونکە فێرخوازان بەرەبەرە زۆر دەبوون، لەبەر ئەوە قوتابخانە گـەڵی سـەربەخۆیش[3]پەیـدا بوون. ئەم قوتابخانانەی لە خوارەوە باسیان دەکەین، لەو ماوەیەدا پەیدابوون:

١- قوتابخانەی (عوقەیلی)

لـە مێـژووی ئیـسلامەتیی ئـەم شـارەدا، یەکـەم جـار، قوتابخانـەی گۆڕەپانەکـە (الربض) پەیدابوو، قوتابخانەی (العقيلية) شی پێدەگوترا، بە ناوی مەلا (أبي العبـاس الخضر ابن نصر بن عقيل بن نصر العقيلي) کە، هـەر لـە هـەولێر لـە ساڵی (٤٧٨ك/ ١٠٨٥ز)دا لـەدایك بـووە. ئـەم مەلایـە نـاودارترین مـەلای ئـەم شـارە بـووە و، یەکـەم کەسیش بووە وانەی تێـدا گوتبێتـەوە[4]. سەرچـاوەکان باسـی بـەرواری دامەزرانـدن و

---

(١) السيوطي، بغية الدعاة ٢٧٧/٢.

(٢) أبو الحسن ابن سعد الأندلسي، الغصون اليانعة في شعراء المائة السابقة ص ٧٨.

(٣) The Encycop of Islam art. Masjid. ١٩٣٦, V, ١١١

(٤) ابن خلكان ١٠/٢ – الصفدي، مخطوط (الوافي بالوفيات) ١٨/٨.

جێگای[١] دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیە[٢] ناكەن ـ راستتریش ئەوەیە كە لەماوەی پێش سەردەمی ئەتابەگەكاندا دوای لە بەغدا گەڕانەوەی مەلا (الخضر) دامەزرابێت، كە بەرلەوە، لە مەدرەسەی (النظامیة) لە بەغدا دەرسی دادەدا (دەگوتەوە)، پێدەچێ لە بەرایی سەدەی شەشەمینی كۆچیدا (سەرەتای سەدەی یازدەی لە دایكبووندا لە بەغدا گەڕابێتەوە بۆ هەولێر، ئەمەش بەوەدا دەردەكەوێ كە مەلا (أبو الحسن علي بن محمد بن علي الطبري الشافعي) كە بە (الكیار الهراسي) ناوداره لە ساڵی (٥٠٤ك/١١١٠ز)دا[٣] مردووه و، مەلا (ابو بكر محمد بن احمد بن الحسين بن عمر الشافعي)ی ناودار بە (ابن الشاشي) كە لە ساڵی (٥٠٧ك/١١١٣ز) دا مردووه، هەردووكیان، لەو مەدرەسەیەدا، لە بەغدا دەرسیان دادابێ. (ابن عساكر)یش كە هاوچەرخی ئەم مەلا (خضر)ە بووه دەڵێت: دوای ئەوەی لە بەغدا، بوو بە مەلای تەواو و (شەرعزان) ئەوجا گەڕایەوە بۆ هەولێر و، دەستی كرد بە وانەبێژی فەتوادان[٤].

ب- قوتابخانەی قەڵا:

(ابو منصور سرفتگین)ی بریكاری دامەزرێنەری ئەمارەتەكە، لە ساڵی (٥٣٣ك/ ١١٣٨ز)دا، قوتابخانەیەكی نوێی لە قەڵا دامەزراند، ناونرا قوتابخانەی قەڵا و، (الخضر بن نصر العقيلي) بۆ وانەگوتنەوە لەو قوتابخانەیەدا دامەزرا[٥]. ئەم مەلایە، تا لە ساڵی (٥٦٧ك/١١٧٧ز)دا مرد، لەوێ بە دەرسدادان و فەتوادانەوە مشووڵ بوو. كۆمەڵێ

---

(١) ناجي معروف دەڵێت: ئەم مەدرەسەیە كەوتبووە بەشی راستی گۆڕەپانی شار. بنۆڕە كتێبەكەی: (علماء النظاميات ومدارس المشرق الاسلامي) ص ١٩٠.

(٢) ابن خلكان ٢/٤٥١.

(٣) ن. م. ٢/ ٣٥٧.

(٤) ابن عساكر، تهذيب ابن عساكر، جـ ٥، ص ١١٦.

(٥) ابن خلكان ٢/١٠، ط ١٩٤٨.

مەلای پێگەیاند، یەك لەوانە (ابو عمرو ضیاءالدین عثمان بن عیسی بن درباس الهذباني - ت ٦٠٢ك/١٢٠٥ز) خاوەنی کتێبی (الاستقصاء لمذاهب الفقهاء) بووە[١] کە لە مەزهبی شافیعی و ئوسوڵی شەرعزانیدا لە هەموو مەلاکان زاناتر بووە[٢].

دووەم مەلای هەڵکەوتوو کە لە لای ئەو خوێندنی تەوا کردووە برازاکەی خۆیەتی، واتا (أبو القاسم عزالدین نصر بن عقیل ابن نصر)ە (ت ٦١٩ك/١٢٢٢ز) [٣]. هەروەها کەسانی دیکەشی پێگەیاندووە. دامەزراندنی قوتابخانەی قەڵا، قوتابخانەکەی (العقیلیة)ی پەك نەخست، نەخێر.. وانە گوتنەوە لە هەردووکیاندا بەردەوام بوو. (ابن خلكان) دەڵێت: مەلا (أبا القاسم عزالدین نصر)ی ناوبراو، دوای مردنی (الخضر)ی[٤] مامی، لە هەردوو قوتابخانەکەدا وانەی گوتووەتەوە. (شرف الدین محمد ابن الفقیە عزالدین نصر)ی ناوبراویش دیسان، هەر لەم قوتابخانەیە خوێندوویەتی و، دەرسی (فقە) و (خلاف)ی لای باوکی خوێندووە، پاشان هەر لەم قوتابخانەیەدا[٥] جێگای باوکی گرتەوە و دەستی کرد بە وانە وتنەوە. هەروەها هەر لەم قوتابخانەیەدا (ابو البرکات علم الدین محمد بن عبدالسلام بن محمد بن

---

(١) ئەم کتێبە شرۆڤەی کتێبی (المهذب)ە، کە ئیمام (ابي الحسن اسحق ابراهیم بن محمد الشیرازی) (ت ٤٧٦ ك/ ١٠٨٣ ز) لە فقهی شافعیدا داینـاوە، بنۆڕە: حاجی خلیفة، کشف الظنون ١٩١٢/٢. اسماعیل البغدادي، هدیة العارفین، ٦٥٤/١.

(٢) ابن خلكان ٤٠٧/٢ ط ١٩٤٨. السبکي، طبقات الشافعیة، ط/الحسینیة ١٤٣/٥. الاسنوي، طبقات الشافعیة، ١٣٧/١. ابن قاضي شهبة، مخطوط (طبقات الشافعیة) ورقة (٢٠/أ). السیوطي، حسن المحاضرة ٤٠٨/١.

(٣) ابن خلكان ١٢/٢. الأسنوي ١٢١/١.

(٤) مەلا (الخضر) لە قوتابخانەکەی خۆی، لە گۆڕەپانەکە نێژراوە، واتا: بەشێك لەم قوتابخانەیە بوومتە گۆڕێك و گومەزێکی لەسەر دروست کراوە، خەڵك، بۆ تەبەڕوك زیارەتیان دەکرد. (ابن خلكانیش) گەڵێ جار زیارەتی کردووە: وفیات الاعیان ١١/٢.

(٥) إبن الشعار، مخطوط (عقود الجمان ١٤٢/٦) ابن خلكان، وفیات الاعیان ١٢/٢. کورتە باسی ئەم مەلایە، لە کتێبی الصابونی دا هەیە: (تکملة اکمال الاکمال) ص ٢٦٢/٢٦٤.

عبدالعزیز بن هبة الله السنجاری) دەرسی خوێندووە، کە لە شنگاڵ، خوتبە هەر بەناوی باوك و باپیرییەوە خوێندراوەتەوە.. (علم الدین محمد) سەروسەختی لەگەڵ موزەففەرەددین گۆگبۆریدا پەیدا کردبوو، نێوانیان گەرم بوو، ببوو بە کارمەندێکی گەورەی نزیك بەخۆی و بڕوای پێدەکرد، تا وای لێ هات، بۆ ڕاپەڕاندنی کاری تایبەتی خۆی دەینارد بۆ بەغدا. ئەم مەلا زانایە، پاش ماوەیەك هەولێری بەجێ هێشت و، چوو بۆ (ملطیە)و[1]، لەوێ بوو بەقازی و، هەرلەوێ لە ساڵی (٦١٩ك/ ١٢٢٢ز)دا کۆچی دوایی کرد[2].

ج- قوتابخانەی (المجاهدیة):

(مجاهدالدین قایماز)ی بریکاری دووەمی میر (زین الدین علی کچك)، لە ماوەی دوازدە ساڵدا (٥٥٩ _ ٥٧١ك/١١٦٤ _ ١١٧٥ز) کە حوکمی لە هەولێردا ڕانیوە، هەندێ دامودەزگای دامەزراند، یەك لەوانە، ئەو قوتابخانەیەیە کە بەناوی خۆیەوە ناو نراوە، بەڵام ئێمە لەبارەی ئەم قوتابخانەیە و جێگای دامەزراندنیەوە هیچ شتێك نازانین، لەوە زیاتر کە (ابن خلکان) باسی دەکات و دەڵێت: (مجاهدالدین قایماز) ئەم قوتابخانەیە و (خانەقایەکیشی) دامەزراند و، وەقفێکی زۆریشی بۆ دابین کردن[3]،دەشڵێن، مامی ئەم مێژوو نووسە، مەلا (عمر بن ابراهیم بن أبی بکر بن خلکان الاربیلی - ت ٦٠٩ك/ ١٢١٢ز) لەم قوتابخانەیەدا[4] وانەی گوتووەتەوە.

---

(١) ملطیة: شارێکی بەناوبانگی وڵاتی ڕۆمە، لەسەر سنووری شامە — معجم البلدان ١٩٢/٥.

(٢) ابن الفوطی، مجمع الآداب، ق ١ جـ ٤ ص ٦٢٢/٦٢٣.

(٣) ابن خلکان، ٢٤٦/٣.

(٤) المنذری، التکملة ٣٥/٤. الاسنوي، طبقات الشافعیة ٤٩٥/١.

دکتۆر (ناجي معروف)، شێخ (محمد بن احمد بن عمر)ی ناسراو بە (ابن الظهیر الاربیلی)یش لەگەڵ ئەوانەدا دادەنێ کە لە قوتابخانەی (المجاهدیة)دا دەرسیان داداوە. بنۆڕە کتێبەکەی: (علماء النظامیات ومدارس المشرق الاسلامي) ص ١٩١/١٩٢. چونکە (السلامي) لە کتێبەکەی خۆیدا ، ←

وادیارە، میر (زین الدین یوسف ینالتگین هیچ قوتابخانەیەکی لە هەولێردا نەکردووەتەوە. پێدەچێ ئەو سێ قوتابخانەیەی بەر لەوەی لەسەر تەختی هەولێر دابنیشی، کرابوونەوە، بەشی شارەکەی کردبێ و پێویستی بە قوتابخانەی تر نەبووبێت.

د- قوتابخانەی (مظفریة):

ئەم قوتابخانەیە موزەففەرەددین گۆگبوری دایمەزراند. قوتابخانەیەکی گەورە بوو، لەسەر مەزەبی شافعی و حەنەفی وانەی تێدا دەگوترایەوە، بەڵام قوتابخانەکانی پێشتر باسمان کردن، تەنیا لەسەر یەك مەزەب دەرسی تێدا دەگوترایەوە. ئەم قوتابخانەیە، سەرداری هەولێر، خۆی، سەرپەرشتی دەکرد و، جاروباریش شەو، لەوێ دەمایەوە، نەخاسمە لە کاتێکدا ئاهەنگێکی ئایینی لەو مزگەوتەدا بە دەنگی بەرز دەگێڕراو، پاشان بەڕیز لەسەر سفرە و خوان تێریان دەخوارد[١].

(ابن خلکان) لە ساڵی (٦٠٨ك/ ١٢١١ز)دا[٢]، لەم قوتابخانەیەدا لەدایك بووە، کە

(←تأريخ علماء بغداد) دەڵێت: ئەم مەلایە لە قوتابخانەی (القيمازيە) وانەی گوتووەتەوە: (ص ١٧٦). ئەوەی= ئەم تێکەڵوپێکەڵییەی لای دکتۆر دروست کردووە، یەکەم ناوی قوتابخانەکەیە و، دووەم ئەوەیە کە (ابن الظهير) هەولێرییە، لە کاتێکدا، مەبەست لە قوتابخانەی (القيمازية) ئەو قوتابخانەیەیە کە (صارم الدین قایماز النجمی) لە دیمەشق دایمەزراندووە: (الیونینی ٣/٢٨٦. النعيمي، الدارس في تأريخ المدارس ١/٥٧٢). (النعيمي) لە لاپەڕەی (٥٧٤)دا دەڵێت: (ابن الظهير) لەم قوتابخانەیەدا دەرسی گوتووەتەوە، پاشان لە ساڵی (٦٧٧ ك/١٢٧٨ ز)دا لە دیمەشق مردووە و، لە گۆڕستانی (الصوفية) نێژراوە، ئەم مەلایە، لە هەولێر، هیچ چالاکییەکی زانستیی نەبووە، ژیننامەی لە (الیونینی)دا هەیە: ذیل مرآة الزمان ٣/٣٨٦ — ٤٠٥. ابن شاکر الکتبي، فوات الوفيات ٢/٣٥٦ — ٣٥٧. الصفدي، الوافي ٢/١٢٢ — ١٣٧. ابن کثیر، البداية والنهاية ١٣/٢٨٢ — ٢٨٣. ابن الفرات، تأريخ ابن الفرات ٧/١٣٧ — ١٣٩.

(١)ابن خلكان ٣/٢٧٣، ط ١٩٤٨

(٢) ن. م، ٢/٩٣ سيرة زينب ام المؤيد الشعري

باوکی دەرسی تێدا گوتووەتەوە. باوکی (ابن خلكان) لە ساڵی (٦١٠ك/١٢١٣ز)دا مرد، تا ئەو ساڵەش، هەر لەو قوتابخانەیەدا وانەی دەگوتەوە[1]. پاش ئەم، ئنجا مەلا (احمد بن كمال الدين ابن منعة الاربيلى) ماوەی حەوت ساڵ دەرسی تێدا گوتەوە، تا لە ساڵی (٦١٧ك/١٢٢٠ز) [2]باری کرد بۆ موسڵ و، لەوێ لە ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز)دا کۆچی دوایی کرد.

(ابو محمد احمد أبن عمر ابن احمد بن أبي شاكر الكفرعزى) لە شێخەکانی مەزهەبی حەنەفی بووە لەم قوتابخانەیەدا. ئەم مەلایە لە هەولێر فقهی حەنەفیی خوێند و گوێی لە حەدیس گرت. پاشان لە قوتابخانەکەدا مەزهەبی حەنەفیی بە دەرس گوتەوە و تا، ساڵی (٦٣٤ك/١٤٣٧ز)یش لەسەری بەردەوام بوو، کە مەگۆل شارەکەیان تالآن کرد. ئەویش لەگەڵ ئەوانەی شارەکەیان بەجێ هێشت کەوتە ڕێ و لە شام گیرسایەوە[3]. (القرشى)یش، لە (ابن المستوفي)یەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێت: مەلای حەنەفی (أبا المظفر محمد بن ابي القاسم بن ابي شجاع الهمذاني) لە ساڵی (٦١١ك/١٢١٤ز)دا کە هات بۆ هەولێر، کوژرا[4]. پێدەچێ بەنیازی ئەوە هاتبێ لەم قوتابخانەیەدا دەرس بڵێتەوە.

مەلایەکی دیکەی مەزهەبی حەنەفی کە هاتبێتە هەولێر، (أبو جعفر محمد ابن ابراهيم بن محمد علي بن عبدالعزيز الرازى) بووە. (عبدالقادر القرشي) لە (ابن المستوفي) دەگێڕێتەوە دەڵێت: ئەم مەلایە چەندین جار هاتووەتە هەولێر[5]. لەسەر مەزهەبی (ابي حنيفة) دەرسی دادەدا و کتێبێکی لەسەر فەرزەکان و کتێبێکیشی

---

(١) المنذري، التكملة لوفيات النقلة ٤/٨٠. ابن خلكان ١/٩٠. الاسنوي، طبقات الشافعية ١/٤٩٦.

(٢) وفيات الاعيان ١/٩٠.

(٣) ابن الشعار، مخطوط (عقود الجمان) جـ ١ ترجمة احمد بن عمر بن احمد الكفرعزى.

(٤) القرشى الحنفي المصرى في (الجواهر المضية في طبقات الحنفية) ٢/١١٢. مەلا (ابي المظفر)یش ژیننامەکەی لە (المنذري)دا هەیە. التكملة ٤/١٤١.

(٥) القرشى، الجواهر المضية في طبقات الحنفية ٢/٥.

لەسەر (فقه) دانا و، کتێبێکی تریشی بە ناوی (النوري في مختصر القدوری)[١] هەیە، لە موسڵ گیرسایەوە و، لە ساڵی ٦١٤ك یان (٦١٥ك/١٢١٨ز) مرد.

زانایەکی دیکەی سەری لەم قوتابخانەیە دابێت (أم المؤید زینب بنت أبی القاسم عبدالرحمن ابن الحسن الجرجانی النیسابوری الصوفي المعروف بالشعری) بووە (ت ٦١٥ك/١٢١٨ز)[٢]. (ابن خلكان) ئەم ئافرەتە، بە زانا ناو دەبات، ئەم زانایە لە بن دەستی کۆمەڵێ زانادا دەرسی دەخوێند و، چ بە روایەت و چ بە ئیجازەت حەدیسی لێ وەرگرتن. ناودارترینی ئەو مامۆستایانەش (ابو القاسم محمود بن عمر الزمخشری) خاوەنی کتێبی (الكشاف في النحو) بوو. (ابن خلكان) دەڵێت، کە منداڵ بووە ئیجازەی لێ وەرگرتووە[٣]، وادیارە رۆژانێك بووە، کە ئەم ئافرەتە زانایە، لە قوتابخانەی (المظفریە) دەرسی گوتووەتەوە، کە (ابن خلكان)یش هەر لەو مزگەوتەدا لەدایك بووە[٤].

سێ: خانەی حەدیس: (دار الحدیث):

موزەففەرەددین گۆکبوری دایمەزراند و، هەر بەناوی خۆیەوە بە (خانەی مظفریەی حەدیس)[٥] ناسرابوو. سەرچاوەکان هیچیان لە مەڕ جێگاکەیەوە نەگوتووە، بەڵکو (ابن خلكان) کە باسی هەموو دامودەزگاکانی موزەففەرەددین

---

(١) ن. ص. هەروەها: زین الدین بن قاسم قطلوبغا (تاج التراجم في طبقات الحنفیة) ص ٥٩.

(٢) ابن خلكان ٢/٩٢.

(٣) کاتێ (ام المؤید) سەری دا لە هەولێر، (ابن خلكان) دوو ساڵان بوو کە ئیجازەکەی لێ وەرگرت. ئەوکات دامودەستور، وەها بوو، ئیجازە بە منداڵانی بنەماڵە زانستییەکان دەدرا بۆ دنەدان و دەم شیرینکردن و — وەك دکتۆر احمد شلبی لە کتێبی (تأریخ التربیة الاسلامیة) ط ٢، ص ٢٨٨ دا دەڵێت: بە ئومیدی ئەوەی کە سەرکەون.

(٤) ابن خلكان، ن. ص. (أم المؤید).

(٥) ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ١٠ ورقة ٨٠.

گوگبوری دەکات، کەچی باسی خانەی حەدیس ناکات، بەڵام بە بۆنەیەکی ترەوە، گوتوویەتی: خانەی حەدیس هەیە[١].

بەڵام لەبارەی بزاڤ و چالاکیی زانستیی خانەی حەدیس و، ئەو شێخانەی (قورئان لەبەرانەی) کە دەرسیان تێدا گوتووەتەوە، ئەوە، (المنذری و الذهبي) دەڵێن کە (أبا الخیر بدل بن أبي المعمر بن اسماعیل التبریزی) شێخایەتی خانەی حەدیسی گرتە دەست و، بە دەستیەوە مایەوە، تا ساڵی (٦٣٤ك١٢٣٧ز) کە مەگۆل هەولێریان تاڵان کرد، ئەوجا شێخی تەورێزی هەولێری بەجێ هێشت و، چوو بۆ حەڵەب و، لەوێ باقیمەنی تەمەنی تەواو کرد و لە ساڵی (٦٣٦ك/١٢٣٩ز)دا[٢] کۆچی دوایی کرد. (ابن الفوطی)یش دەڵێت: (قوام الدین أبانصر یونس بن محمد بن عبدالعزیز الأردبیلي[٣] الفقیه) هاتە هەولێر، قورئانی تێدا خوێند و، لە شێخانی خانەی حەدیسەوە گوێی لە حەدیس دەگرت[٤]. (ابن قاضي شهبة)یش، لە (ابن الدبیثي)یەوە وەردەگرێ و دەڵێت: (کاتێ لە هەولێر بووە، چاوی بە (أبا عبدالله محمد بن أبي الوفاء احمد بن أبي طاهر العدوی النحوي الموصلي) کەوتووە، لەم شارەدا دادەنیشت و لە خانەی حەدیس وانەی ڕێزمانی دەگوتەوە[٥]. زانا (اثیرالدین المفضل الأبهري)یش کە لە ساڵی (٦٢٥ك/١٢٢٨ز)دا سەری لە هەولێر داوە و، لە خانەی حەدیس دابەزیوە و (ابن خلکان) لای ئەو دەرسی خوێندووە.

---

(١) ابن خلکان ٣٩٧/٤: واتا بە بۆنەی هاتنی (اثیر الدین الفضل) لەساڵی (٦٢٥ك)دا بۆ هەولێر و، دابەزینی لە خانەی حەدیس.

(٢) المنذري، التکملة، ط، بالرونیو، مجلد ٨ ص: ٢٦٠٦ -٢٦٠٩. الذهبي، العبر، ١٤٩/٥.

(٣) اردبیل، بەناوبانگترین شاری ئازەربێجانە، شارێکی زۆر گەورەیە لە پادەشتێکی فراواندا، یاقوت، معجم البلدان ١٤٥/١.

(؟) ابن الفوطي، مجمع الآداب، جـ ٤، ق ٤، ص ٨٧٩.

(٤) ابن قاضي شهبة، مخطوط (طبقات النحاة واللغویین، ق ١، ورقه ١٢١.

(٥) ابن خلکان ٣٩٧/٤.

چوار: خانەقاکان:

لــە باسـی دامودەزگـا خێرخـوازی و کۆمەڵایەتییەکانــدا، کــە موزەففــەرەددین گۆکبوری لە هەولێر دایمەزراندبوون، باسی هەر چوار خانەقاکەشمان کرد. لە بـارەی رۆڵی فێرکارییەوە، زانیاریمان لەسەر ئەم خانەقایانـە زۆر کەمـە، بـەڵام هەنـدێ لـەم خانەقایانە رۆڵی کلتـووری و رۆشـنبیرییان[1] دەگێـڕا، بەتایبـەت لـە بـواری خوێنـدنی ئایینی بەنموونە، وەك لە لێکدانەوە (تفسیر) و حەدیسدا، چونکە خانەقاکان جێگای پەرسـتش بـوون و پیاوچـاکان و دەروێـش و سـۆفییان[2] لـەوێ هەمیـشە سـەرگەرمی پەرستش بوون.

(ابـن الفـوطی) دەڵێـت: (قطـب الـدین بـدل بـن خلیـل الاربیلـي الـصوفي)ی گـەورە شێخانی هـەولێر بەرپرسـی خانـەقای (الجنینـة) بـوو کـە موزەففـەرەددین گۆکبـوری دایمەزراند[3]. وەڵێ هیـچ کەسـێ باسی چالاکیی کلتووریی نە ئـەم خانـەقایـە و نـە ئـەو خانەقایەشی نەکردووە کە میر (مجاهدالدین قایماز) لە رۆژانێکدا دایمەزراند کاتێ بە بریکاری (زین الدین علی کجك) حوکمی هەولێری دەگێڕا.

دامودەزگای زەق و بەرچاوی کلتـووریی هـەولێر لـە قۆنـاغی بووژانەوەیـدا، ئـەم خانەقایانە بوون، هەر بەوانەشەوە هەولێر ببوو بە مەڵبەندێکی کلتووری لە سەدەی ناوینی ئیسلامدا، بەڵگەش ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆر، بۆ خوێندن و بۆ وانە گوتنـەوە روویـان لـە هـەولێر دەکـرد و، هەندێکیـشیان تـا مـردن، لـە هـەولێر دەگیرسـانەوە و نەدەگەڕانـەوە. (عبـدالرزاق الحـصان) دەڵێـت: (هـەولێر ببـوو بـە کانییـەکی سـازگار،

---

(١) بنۆڕە: رۆڵی فێرکاری و پەروەردە کە خانەقاکان لە ئیسلامدا گێڕاویانـە: الـدکتور محمـد اسـعد طلس، التربیة و التعلیم في الاسلام، ص ١١٠ – ١١٢، لە ژێر عینوانی (مؤسسات أخری للتعلیم).

(٢) (ابن الخلف التبریزی) دەڵێت: خانەقا، ئەو خانەیەیە کە شێخ و سۆفییان پەرستـشی لێ دەکـەن و، وەختی خۆیانی تێدا بەسەر دەبەن.. بنۆڕە (برهان قاطع) ص ٤١٦، هەروەها (تـاج العـروس) ٣٤٠/٦.

(٣) ابن الفوطي، تلخیص مجمع الآداب، ا، ب، ج ٤، ق ٤، ص ٦٢٣.

خەڵك بۆی دەهاتن، ئاوی زانستیان لێ دەخواردەوە، لەبەر ئەوە قوتابییانی زانست لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاواوە[١] دەیهاتنێ).

ئەم جۆرە تێکەڵبوونە زانستییەش لە نێوان زانایانی هەولێر و زانایانی میوانی هەولێردا، دەبوو ئاستی زانست لە شارەکەدا بەرزتر بکاتەوە. (عباس العزاوي) دەڵێت: (سەردەمی موزەففەرەددین گۆگبوری، بووە سەردەمی پەیمانبەستنی زانستی لە نێوان وڵاتانی ئیسلام و ئەمارەتی هەولێردا، لەبەر ئەوە، پێگەوجێگە و ڕێزی ئەمارەتەکە بەرزتر بووەوە و ناوبانگێکی پیرۆزیشی پەیدا کرد) [٢]. نەخاسمە هەندێ لەوانەش کە بۆ هەولێر هاتبوون کەڵە پیاوی زانست بوون و، زۆر ناودار بوون.

جا، بەر لەوەی باسی ئەو میوانانەی هەولێر بکەین، دەبێ بزانین کە هەولێر، بە تایبەتیش لە ئاهەنگەکانی لەدایکبوونی پێغەمبەردا (د. خ) هەموو ساڵێك دەبووە جێگای کۆڕ بەستنی مەلا و قورئانخوان و شاعیر و ئامۆژگار و سۆفی و دەروێشان و، گفتوگۆیان لەسەر کاروباری فقهی و زانستی دەکرد. ئەوانە لە وڵاتانی جۆر بە جۆری ئیسلامەوە، بە نموونە، لە بەغدا و موسڵ و نصیبین و وڵاتی عەجەم و جێگایانی ترەوە[٣]. دەهاتن.

زۆربەی ئەوانەی بۆ هەولێر، بە مەبەستی تەدریس یان بۆ بیستنی حەدیس دەهاتن، سەر بە مەزهەبی شافیعی بوون، لەوانەی کە لە قوتابخانە نیزامییە پەرش و بڵاوەکاندا[٤]، بە تایبەتیش لە بەغدادا خوێندبوویان.. خۆی، لە سەرەتادا، ئەم

(١) عبدالرزاق الحصان، نظرة عابرة في شمال العراق، ص ٥٨.

(٢) عباس العزاوي، مقال (آل بكتكين.. امارة اربيل في عهدهم) لە گۆڤاری (المجمع العلمي العربي). دمشق، مجلد/٢٢ ص ١٣٩.

(٣) ابن خلكان ٢٧٢/٣.

(٤) لە بارەی قوتابخانە نیزامییەکانەوە کە ئەوکات لە جیهانی ئیسلامدا زۆر بوون، بنۆڕە: السبكي، طبقات الشافعية الكبرى، ط ١٩٦٦، ٣١٣/٤ — ٣١٤.

قوتابخانانە بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهبی ئەم ئیمامە[1] کرابوونەوە. تەنیا قوتابخانەی موزەففەرەددین نەبێ کە هەردوو مەزهبی شافیعی و حەنەفیشی تیادا دەخوێندرا، دەنا، هەرسێ قوتابخانەکەی دی بۆ خوێندنی مەزهبی شافیعی تەرخان کرابوون[2]. لە کۆتاییشدا دەڵێین: ئێمە نازانین، ئەوانەی هاتوونەتە هەولێر، تا ماوەی چەند لەم شارەدا ماونەتەوە و، چ بەرو بوومێکی زانستیشیان لەپاش بەجێ ماوە، نەماوە، ئەوەش نازانین، ناشزانین ئەرك و فرمانی زانستیی هەندێکیان چی بووە و، چی نەبووە، لەبەر ئەوە بەکورتی باسی هەندێکیان دەکەین و، ئەوانی دی پشتگوێ دەخەین و، باسی ئەوتۆیان لامان نییە، تا بیکەین:

- **ئەو زانا گەورانەی کە هاتوونەتە هەولێر:**

لەپێش هەموویانەوە باسی (ابو الخطاب عمر بن الحسن بن علي البلنسی) ناسراو بە (ابن دحیە) دەکەین. ئەم زانایە لە وڵاتی ئەندەلوسەوە هاتووە و، گەلێ وڵاتان گەڕاوە، تا لە ساڵی (٦٠٤ك/١٢٢٧ز)دا گەیوەتە هەولێر. لە هەولێر کتێبێکی بە ناوی (کتاب التنویر في مولد السراج المنیر) داناو، بە دیاری، پێشکەشی موزەففەرەددین گۆگبوریی کرد، چونکە دەیبینی کە خولیای ئاهەنگێڕانی یادەوەریی لەدایکبوونی پێغەمبەرە (د. خ)، میریش هەزار دیناری خەڵات کرد[3]. (ابن دحیە) لە ساڵی

---

(١) ابن الجوزي، المنتظم ٩/٦٦.

(٢) ابن خلكان ٣/٢٧٢.

(٣) ابن خلكان ٣/١٢٢. لە بارەی گەیشتنیشی بۆ ناو هەولێر، بنۆڕە: (ن. م. ٣/٢٧٥). هەروەها: اليونيني، ذيل مرآة الزمان ٢/٤٢٢. المكي الفاسي، العقد الثمين ٧/١٠٥. ابن أبى عذيبة، ٣٠٢.

(ابن دحية) کە گەورە زانایان بوو، هەروەها یەکێ بوو لە پیاوانی حەدیس و ڕێزمان و زمانزانی و شیعر و مێژوو. کتێبێکی هەیە بەناوی (النبراس في تأريخ خلفاء بني العباس) کتێبێکی تریشی بەناوی (المطرب من اشعار اهل المغرب) هەیە. چەندین کتێبی دیکەشی هەیە، بنۆڕە: العزاوی، التعريف بالمؤرخين، ص ٦٠. باسی (سبط ابن الجوزی)یشی کردووە، ٨/٦٩٨. ابن كثير ١٣/١٤٤. الذهبي، تذكرة الحفاظ، ١٤٢٠. السيوطي، حسن المحاضرة، ط ١٩٦٧، ١/٢٥١.

(٦٣٣ك/١٢٣٥ز)دا، لە قاهیرە گیانی لە دەست داو، لە لا پاڵی چیای (المقطم) بەخاكیان سپارد.

دیسان لە ئەندەلوسەوە، لە شاری (طلیطلة)وە، شاعیرێكی جووی خۆ بە عەرەبكردوو (یحیی بن سلیمان ابن شاؤول) هاتە هەولێر[1]. هەروەها (ابوبكر محي الدین محمد بن محمد ابن ابراهیم بن الحسین بن سراقة الانصاری الاندلسي الشاطبي)یش هاتە هەولێر. ئەم (ابوبكر)ە حەدیسخوێنێكی بەناوبانگ بوو، سەرەتا، رووی لە وڵاتی رۆژهەڵات كرد، سەری دا لە بەغدا و، چاوی بە حەدیسخوانان كەوت، پاشان لە ساڵی (٦٢٦ك/١٢٢٩ز)دا هاتە هەولێر و بۆ (أبی الخیر بدل التبریزي)ی خوێندەوە[2]. پاشان هەولێری بەجێ هێشت و چوو بۆ حەڵەب و، لەوێ شێخایەتیی خانەی حەدیسی گرتە ئەستۆ، ئنجا لە حەڵەبیش نەما و، چوو بۆ میسر و، بوو بە بەرپرسی خانەی حەدیسی (الكاطیە) لە قاهیرە، (الشاطبي) شاعیریش بوو، شاعیرێكی ناسك بێژ و، لێزان لە شیعر و لە مانای شیعر[3].

(الفقیە الشافعي الفاسي الفتح بن موسی ابن حماد بن علي بن ابراهیم بن اسماعیل الاموي) ئەمیش لە ئەندەلوسەوە هاتە هەولێر، زانایەكی ئوسوڵی و شارەزای رێزمان و زانستی تەرازووی شیعر و زانستی پەند و نەستەق و مەنتیق بوو. كتێبی (المفصل في النحو)ی (ابو القسم الزمخشري) بە شیعر دارِشتووەتەوە. (ابن الشعار) ئەم زانایەی لە هەولێر چاو پێكەوتووە و دەڵێت: (ابو القاسم فلك الدین عبدالرحمن بن هبة الله بن علي المصري)ی لەگەڵدا بوو، كە دیارە ئەویش هاتووەتە هەولێر[4]. هەروەها لە میسرەوە، شاعیر (ابو الفتح نصرالله بن یوسف الكنانی)یش بۆ هەولێر

---

(١) ابن الشعار، مخطوط (عقود الجمان) جـ ٩، ژیننامەی یحیی بن سلیمان بن شاؤول.

(٢) الیونیني، ذیل مرآة الزمان ٣٠٥/٢. الصفدی، الوافي، ط ١٩٦٢/٢، ٢٠٨/١.

(٣) الیونیني، م. ن. ص، ٣٠٦. الصفدي، م. ن. ص.

(٤) ابن الشعار، مخطوط (عقود الجمان) ٢٥٥/٥ — ٢٥٦.

هاتووه و، ماوەتەوە و، لە ساڵی (٦١٧ك/١٢٢٠ز)دا هەر لە هەولێر مردووە[١]. هەروەها (أبو عبدالله محمد ابن علي بن عبدالله بن عمر الانصاري الاسكندرانی)یش لە ساڵی ٦٢١ك/١٢٢٤ز)دا سەری لە هەولێر داوە[٢].

لە (واسط)یشەوە شاعیر (ابو المظفر جمال الدين عبدالرحمن بن محمد) ناسراو بە (ابن السنينيرة)ش هاتووەتە هەولێر، ئەم شاعیرە لە گەورە شاعیرانی هاوچاخی خۆی بووە. ساڵی (٦٢٣ك/١٢٢٦ز) لە قوتابخانەی (المظفرية) دابەزیوە، واتا بەرلەوەی (ابن خلكان) لە هەولێر دەربچێ، چونکە، ئەوەتا دەڵێت: (ئێمە هێشتا لە هەولێر بووین... کە ئەو گەیشتە لامان و... لای ئێمە لە قوتابخانەی (المظفرية) دابەزی)[٣]. ئەم شاعیرە، کە دادەنیشت بۆ وانە گوتنەوە، هەرچی ئەدەبدۆست هەیە، لە دەوری خڕ دەبوونەوە، بە دەرس و پێداچوونەوە و قسەی خۆشەوە دەیانبردە سەر[٤].

لەو ئەدیبە ناسراوانەی هاتوونەتە هەولێر و ماوەیەکی زۆری لێ ماونەتەوە، شاعیر (أبو البركات كمال الدين المبارك بن أبی بكر بن حمدان)ی ناسراو بە (ابن الشعار الموصلی)یە کە کتێبی (عقود الجمان في شعراء الزمان)ی داناوە[٥]. ئەم شاعیرە، ساڵی (٦٢٥ك/١٢٢٨ز) گەیشتە هەولێر ـ ئەوەشی لە گەڵ جێگەی ئەو کتێبەیدا باس کردووە[٦]. کە گەیشتە هەولێریش یەکسەر، چوو بۆ ماڵی مستوفی هەولێر، مێژوو

---

(١) ن. م. جـ ٩، سيرة نصر الله بن يوسف.

(٢) ن. م، جـ ٧ سيرة محمد بن علي بن عبدالله بن عمر.

(٣) ابن خلكان ٢١٥/١ ط ١٩٦٨.

(٤) م. ن. ص.

(٥) عباس العزاوي، التعريف بالمؤرخين، ٧٥، (العزاوي) بە هەڵە، بە (عقد الجمان) ناوی دەبات. کتێبەکە دە جڵدی گەورەیە، جڵدی دووەم و هەشتەمی کەمە، باقیمەنی جڵدەکانی دیکەی، ها لە کتێبخانەی سلێمانی لە ئەستەمبوڵ، لە گەنجینەی کتێبەکانی (اسعد افندی) لە ژێر رەقەمی (٢٣٢٣) تا ٢٣٣٠ دانراوە.

(٦) ابن الشعار، مخطوط (عقود الجمان)، جـ ٦. باسی ابي البركات المبارك ابن المستوفي.

نووس موبارەك (ابن المستوفى)[١]. لەم شارەدا چەندین ساڵ مایەوە، دەڵێن لە ساڵی (٦٢٦ك/١٢٢٩ز)دا لەگەڵ شاعیری بەغدادی (یعقوب بن نصر بن یعقوب الدارقزی)[٢] کە ئەویش بۆ هەولێر هاتبوو کۆبووەوە[٣]. (ابن خلکان)ی هاوچەرخی دەڵێت: (ابن الشعار) لە ساڵی (٦٢٨ك/١٢٣١ز)دا، لە خزمەتی (ابن المستوفي) دا بووە و[٤]، تا دوای ساڵی (٦٢٩ك/١٢٣٢ز)یش هەر لە خزمەتیدا ماوەتەوە[٥]. بەڵام نازانین کەی، لە هەولێر دەرچووە، پێدەچێ لەگەڵ (ابن المستوفي)دا، پێکەوە، هەولێریان بەجێ هێشتبێ[٦]. کاتێکیش دەستی بە گەڕان کرد لە نێوان شارەکانی ناوچەکەدا، بەتایبەتیش لە نێوان بەغدا و موسڵ و حەڵەبدا، لە ساڵی (٦٥٤ك/١٢٥٦ز)دا لە حەڵەب کۆچی دوایی کرد.

ئەدیبی بەناوبانگ (ابو الفتح ضیاءالدین نصرالله بن أبي الکرم محمد بن محمد بن عبدالکریم الشیبانی الجزري) ناسراو بە (ابن الاثیر) [٧]کە، ئەکا، برای مێژوو

---

(١) و. ن. م.

(٢) الدارقزی: دارقز بەناوبانگترین گەڕەکی بەغدایە، کەوتووەتە بەری لای رۆژئاوای شارەکە (ئەو سەردەمە).

(٣) بنۆڕە: (ابن الشعار، ن. م. ١٠/٩٨).

(٤) ابن خلکان ٤/١٥٠، ط ١٩٧١.

(٥) ابن الشعار، عقود الجمان، ١٠/١٧٢.

(٦) الیونیني، ذیل مرآة الزمان، ١/٣٣. الغسانی، العسجد المسبوك/بالرونیو ٥٢٨ — ٥٢٩. (ابن الفوطي)یش لە (تلخیص مجمع الآداب) جـ ٤، ق ٣ ص ٥٧٣دا دەڵێت: (ابن الشعار): کتێبێکی دیکەی بەناوی (تحفة الکبراء) هەیە و، (تحفة الوزراء)یشی پێدەڵێت (بنۆڕە: ن. م. ص ١). هەرچی (الیونیني)یە، ئەوە، ئەو، ناوی کتێبێکی دیکەی (ابن الشعار) دێنی کە کتێبی (قلائد الفرائد)ە... بنۆڕە: (ذیل مرآة الزمان ١/٣٣٤).

(٧) (ضیاءالدین نصرالله) قورئانلەبەر و حەدیسخوان و زمانزان بوو، شیعرێکی زۆریشی لەبەر بوو. سەرباری ئەو هەموو نامە پڕ مانایانەی کە نووسیبوونی، کتێبی: (الوشي المرقوم في حل المنظوم) و کتێبی: (المثل السائر في ادب الکاتب والشاعر) و (المعانی المخترعة في صناعة الانشاء) و کتێبی (الجامع الکبیر في صناعة المنظوم من الکلام والمنثور)یشی دانابوون: بنۆڕە کتێبی (رسائل ابن الأثیر) کە (أنیس المقدسي) ساغی کردووەتەوە.

نووس (عزالدين علي)ی خاوەنی (الكامل في التأريخ) ئەویش سەری لە هەولێر داوە. (ابن خلكان) دبێژێ: (إبن المستوفي) لە کتێبی (تأريخ أربل)ەکەی خۆیدا، باسی (ضياءالدين ابن الاثير)ی کردووە و، گەلێکی بە شان و باڵدا هەڵداوەو، دەڵێت، لە ساڵی (٦٢١ك/١٢٢٤ز)دا[1] سەری لە هەولێریش داوە. ئێمە باسی ئەم سەردانەمان کردووە و، ئەو خاڵاتانەش کە موزەففەرەددین گۆکبوری پێی داوە، کە باڵندەیەکی بازیشی لەگەڵدا بووە و (ابن الاثير)یش، لە سپاس و پێزانیندا، کردوویەتی بە نامەیەك و ناردوویەتی بۆ سەرداری هەولێر[2]. بەڵام نازانین چەند لە هەولێر ماوەتەوە و بزاڤ و چالاکیی کلتووریی چی بووە..

(ابن الاثير) لە ساڵی ٦٣٧/ك١٢٣٩ز)دا، لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و، لە گۆڕستانەکانی قورەیش، لە بەری رۆژاوای[3] بەغدا، بە خاکیان سپارد.

مێژوونووس (ابو المظفر شمس الدين يوسف قزاوغلي)[4] ناسراو بە (سبط ابن الجوزی)ی دانەری کتێبی «مرآة الزمان» کە لە ساڵی (٦٥٤ك/١٢٥٦ز)دا کۆچی دوایی کردووە[5]، ئەویش یەکێك بووە لەوانەی لە ساڵی (٦٠٠ك/١٢٠٢ز)دا سەری لە هەولێر داوە. لەو کتێبەیدا لە باسی رووداوەکانی ئەو ساڵەدا، دەڵێت: یەکەم سەفەری بووە لە

---

(١) ابن خلكان ٣٢/٥.

(٢) بنۆڕە: بابەتی / زانستی ئەمارەتی هەولێر.

(٣) واتا لە گۆڕستانی (كاظمين). (ابی الفتح ضياءالدين نصرالله) ژیاننامەی هەیە لە: ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ٩ سيرة نصرالله بن ابي الكرم المنذري، التكملة، بالرونيو ١٦٤٣/٨. الصابوني، تكملة اكمال الاكمال، ص ٤ — ٥. ژیاننامەیەکی دوور و درێژیشی لە پێشەکیی کتێبەکەیدا (الجامع الكبير في صناعة المنظوم من الكلام والمنثور) هەیە. تحقيق د. مصطفى جواد وجميل سعيد، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد، ١٩٥٦، ص ٥ — ٤٠.

(٤) قزاوغلي: وشەیەکی تورکییە، کوڕی کچ (كچهزا) (السبط).

(٥) ابن خلكان ١٤٣/٣. ط/بيروت، تەرجەمەی ژیانیشی لە (تاج التراجم في طبقات الحنفية)دا هەیە، ص ٨٣.

بەغداوە بۆ شام، گەیشتووەتە شاری داقوق و لەوێ دابەزیوە و لەگەڵ خوتبەخوانی داقوقدا كۆبووەتەوە، پاشان بەرەو هەولێر رۆیشتووە و گەیشتووەتە ئەم شارە و ماوەیەك ماوەتەوە و، شێخ (محي الدين الساقاني)[1]ـ كە وەك ئەو باسی دەكا ـ شێخێكی بە ئاوەز و دەمڕاست و ڕێكوپێك بووە، كەسێك بووە لەو كەسانەی كە لەگەڵیان كۆبووەتەوە و، گوایا شێخی (الساقاني) هەندێ شیعریشی بۆ خوێندووەتەوە[2].

(أبو البشائر اسحق بن هبة الله بن صديق بن محمود)ی قازیی شاری (خلاط)یش لە هەولێر گیرسایەوە، ئەم مەلایە شافیعی و زانایەكی ئوسوڵی و، وەعزخوان و شاعیریش بوو، لە زانستی ئوسوڵدا چەندین كتێبی هەیە، وەڵێ ـ ئەویش وەك زۆرێك لەوانەی بەیەكجارەكی یان بە میوانی ـ هاتوونەتە هەولێر، نازانین لەم شارەدا، چالاكیی كلتووریی چ بووە و چ نەبووە. هەندەی دەزانین، لەم شارەدا ماوەتەوە و لە ساڵی (٦١٦ك/١٢١٩ز)دا گیانی سپاردووە، وا، چەند بەیتێكیش لە شیعرەكانی دەخەینە پێش چاو:

وقفت وربع العامرية دائر	ودمعي ووجدي سابقٌ متواترُ
وقفت وذكراها تجدد لوعتي	وأبكي كما تبكى الغوادي البواكرُ
واذكرُ أياما مضيت ولياليا	واظهر فيها ما تجن الضمائر[3]

واتاكەی:

وەستام، كە روانیم، چۆڵە هەواران	دایدا، لە دیدەم فرمێسك وەك باران
هێنایەوە سوێ یاد و یادگار	گریام وەك پەریی ناسكی كردگار
خەو و خەیاڵی چەرخانی گەردوون	خنكان لە سینەم، تازە، بەسەرچوون.

---

(١) ژیاننامەی ئەم شێخەمان نەدۆزییەوە.

(٢) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان ٥١٦/٨. (أبو شامة) لە لاپەڕەی (٤٨)ی (ذيل الروضتين)دا لەمی وەرگرتووە.

(٣) اليونيني، ذيل مرآة الزمان ٤٠٢/٢.

(أبو الثناء محمود بن الحسن بن علي بن الحسن النحوي)یش کە مەلایەکی حافز (کوێر) بوو، بە (إبن الارملة) دەناسرا، ئەویش لە هەولێر گیرسایەوە. ئەو لە تەمەنی لاوێتییدا، لە خۆراسانەوە چووبوو بۆ موسڵ و، لەوێ قورئانی لەبەر کرد و لە لای (سعید ابن الدهان المبارك /ت ٥٦٩ك/١١٧٣ز) وانەی ئەدەبی خوێند و تیایدا قاڵ بوو. پاشان گەیشتە هەولێر و، لەم شارەدا گیرسایەوە و[1]، بوو بە مەلای مزگەوت و، دەرسی قورئان و رێزمانی بە خەڵك دەدا[2]، گەلێ کەسی فێرکرد و سوودیان لێی بینی، بەڵام شیعرەکانی ئەو شیعرە نەبوون (پیاو بڵێ.. ئامین)، شیعری، بە تەواوەتی نەدەزانی دابنێ[3]. لە ساڵی (٦٠٦ك/١٠٢٩ز)دا لە هەولێر مرد.

شێخ (ابو الخیر بدل بن أبی المعمر بن اسماعیل التبریزی المحدث الرحال)یش سەری لە هەولێر داوە و، شێخایەتیی خانەی حەدیسی (المظفریة)ی گرتووەتە دەست. پێشتریش لە نیسابور و لە عیراق و لە میسریش حەدیسی خوێندووە، پاشان هاتووەتە هەولێر و تا ساڵی (٦٣٤ك/١٢٣٧ز) کە مەگۆل هەولێریان تاڵان کرد، لەم شارەدا جێگیر ببوو، ئیدی هەولێری بەجێ هێشت و، چوو بۆ حەڵەب. لەوێ لە ساڵی (٦٣٦ك/١٢٣٩ز)دا کۆچی دوایی کرد[4].

مەلایەکی گەورەی تری حەدیسخوان، کە هەولێری کردبێتە دوا نیشتمان ئەوە، شێخ (عبداللطیف بن عبدالقاهر بن عبدالله بن محمد السهروردي)ی ئامۆزای شێخ

---

(١) ابن الساعي، الجامع المختصر ٢٩٣/٩ – ٢٩٤.

(٢) السيوطي، بغية الوعاة ٢٧٦/٢ – ٢٧٧.

(٣) م. ن. ص ٢٧٧.

(٤) المنذري، التكملة بالرونيو ٢٦٠٨/٨ – ٢٦٠٩. وله ترجمة في / الذهبي، العبر ١٤٩/٥. وفي (تذكرة الحفاظ) بذكر سنة وفاته، انظر (ص ١٤٢٩) ومثله يفعل ابن تغری بردی في (النجوم الزاهرة ٣١٤/٦ وله ترجمة ايضاً في (شذرات الذهب) ١٨٠/٥.

(عمر السهروردي) بوو، کە ئەمیش هەروەك ئەو سەری لە هەولێر داوە[1]. شێخ (عبداللطيف)، بۆ بیستنی حەدیس، ولاتان گەڕاوە و، سەری لە خۆراسان و (ماوراء النهر)یش داوە، ئنجا گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا، پاشان چووە بۆ شام، چووەتە ریزی لەشکری (الملك الناصر) سەلاحەددینی ئەیوبییەوە. سەلاحەددینیش هەر شارێکی کەناراوەکانی گرتبا، لەوێ بە قازی دایدەنا، بەلام هەندی نەخایان، گەڕایەوە بۆ بەغدا، پاشان بۆ هەولێر، لە هەولێریش مایەوە تا سالی (٦١٠ك/١٢١٣ز) کۆچی دوایی کرد[2]. چالاکیی گرنگی ئەم شێخە لەم شارەدا بریتی بوو لە گێڕانەوەی حەدیس. یەکێ لەوانەی حەدیسیان لە هەولێر، لای ئەم زانایە خوێندووە: (الشيخ ابوبكر محمد ابن عبدالغني بن ابي بكر بن شجاع بن أبي نصر بن عبدالله الحنبلی) ناسراو بە (ابن نقطة) (معين الدين البغدادي المحدث الكبير) بووە (ت ٦٢٩ك/١٢٣٢ز)[3]. (ابن المستوفي) باسی بۆ هەولێر هاتن و گوێ لە حەدیس گرتنی ئەم زاتەی کردووە و،

---

(١) شێخ (عمر السهروردي) لە لایەن دیوانی خەلیفایەتییەوە هاتووەتە هەولێر، کاتێ کۆڕی حەدیسی تێدا گێڕاوە، (ابن خلكان) مندالّ بووە، ئەوەتا دەلێت: لەبەر ئەوەی کە مندالّ بووم، بۆم رێنەکەوت ببینم (وفيات الاعيان ٤٤٦/٣ ط ١٩٧٢). لە بارەی بۆ هەولێر هاتنی (الشيخ عمر)ەوە، بنۆڕە: القزويني، آثار البلاد، ص ٤٣٩. سالی (٦٣٢ك/١٢٣٥ز) کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی (الوردية) بەخاك سپێردراوە: بنۆڕە: (الحوادث الجامعة، ٧٤). واتا لە گۆڕستانی (الشيخ عمر) لە بەغدا، کە گۆڕستانێکی ناودارە.

(٢) المنذري، التكملة، ٦٦/٤ — ٦٧، ١٣٩٢/٧ بالرونيو. السبكي، طبقات الشافعية الكبرى، ط ١٩٧١ جـ ٨ ص ٣١٢. لە بارەی بۆ هەولێر هاتنیشییەوە، بنۆڕە: (ابن رجب) لە کتێبی (الذيل على طبقات الحنابلة)، جـ ٢، ص ١٨٢.

(٣) (ابن نقطة) شێخێکی بەناوبانگی حەدیس بوو. بەزۆری گوێی لێ دەگرت و دەینووسییەوە و، هەمیشە بەدوایدا وێلّ بوو. زۆری لەسەر نووسی و زۆری دەربارەی گوت، بە هەردوو جلدەکەی کتێبی (الاكمال)ی (ابی نصر بن ماكولا)شدا گەیشت، کتێبێکیشی لەسەر (الانساب) هەیە و، کتێبی (التقييد بمعرفة رواة السنن والمسانيد)یشی داناوە: بنۆڕە: ابن خلكان ٣٩٢/٤، ط بيروت ١٩٧١.

زۆریشی بە شانوباڵدا هەڵداوە[١]. (ابن رجب الحنبلي) دەڵێت: (ابن نقطة) لە هەولێر حەدیسی لە لای شێخ (عبداللطیف بن عبدالقادر السهروردي) [٢]خوێندووە. شێخ (ابو المعالي ساعد بن علی بن عمر بن محمد بن علي البغدادي) كە مەلایەكی وەعز بێژ و حەدیسخوانی بەغدا بووە، ئەویش لە هەولێردا دایكوتاوە و ماوەتەوە و لە لای شێخ (عبداللطیف بن عبدالقادر السهروردي) و زانایانی دیكەش خوێندوویەتی و شەرع فێر بووە.

شێخ (صاعد) لە ساڵی (٥٧٠ك/١١٧٤ز)دا هاتووەتە هەولێر و لە میرانی هەولێر قبوڵی وەرگرتووە و[٣]، بڕیاری دا لە هەولێر بمێنێتەوە و بەجێی نەهێڵێ. ئەوەبوو لەم شارەدا دەستی كرد بە وەعزدادان و خوێندنەوەی حەدیس[٤].

(المنذري) دەڵێت: لە ڕێگەی نامەو نامەكارییەوە (المراسلة) ئیجازەی لەو وەرگرتووە، زۆرجاران شێخ (صاعد) نامەی بۆ ناردووە، نامەیەكیان، ئەوەبوو كە لە ساڵی (٦٠٨ك/١٢١١ز) [٥]بۆی نارد.

(ابن الدبیثي)یش، كە ئەمیش[٦]بە سەردان هاتووەتە هەولێر، دەڵێت: لە لای (أبو

---

(١) ابن خلكان، ن. م. ص. بنۆڕە ئەوەش كە (بشار عواد معروف) لە پەراوێزی كتێبی (التكملة)كەی (المنذري)دا، ٦٦/٤ — ٦٧ نووسیویەتی كە لە كتێبی (التقیید)ی (ابن نقطة) — ورقة ١٦٤ وەری گرتووە.

(٢) ابن رجب، الذیل علی طبقات الحنابلة، ١٨٢/٢. ابن العماد، شذرات الذهب ١٣٣/٥. ولأبن نقطة ترجمة في المنذري، التكملة، بالرونیو ١٣٩٢/٧. الذهبي، العبر ١١٧/٥. تذكرة الحفاظ ١٤١٣/٤ — ١٤١٤. الصفدي. الوافي، ٢٦٧/٢ — ٢٦٨.

(٣) كاتێ هاتە هەولێر، (مجاهدالدین قایماز) سەردار بوو لە هەولێر، بەڵام ئەم، پاشان چوو بۆ موسڵ. (زین الدین یوسف نیالتگین) جێگای گرتەوە، ئەمیش لە ساڵی (٥٨٦ك)دا مرد و، پاش ئەمیش موزەففەرەددین گۆكبوری حوكمی گرتە دەست، بەو جۆرە، ئەم مەلایە بە حوكمی هەر سێ میرەكەدا ڕاگەیشت.

(٤) المنذري، التكملة، بالرونیو، ١٣٠٨/٧.

(٥) م. ن. ص.

(٦) ابن خلكان ٢٨/٤، ط ١٩٤٨. الذهبي، تذكرة الحفاظ ١٤١٦/٤.

المعالي صاعد) لە هەولێر[١]، خوێندوویەتی. ئەم حەدیسخوانە بەغدایییە لە ساڵی (٦٢٥ك/١٢٢٨ز)دا، دوای بەسەربردنی پەنجاوپێنج ساڵ لە هەولێر، هەر لە هەولێر کۆچی دوایی کرد و، لە ماڵەکەی خۆیدا نێژرا[٢].

(ابو جعفر محمد ابن هبة الله ابن مكرم بن عبدالله الصوفي) (ت ٦٢١ك/١٢٢٥ز) یەکێك بووە لە حەدیسخوانە گەورەکان و سەری لە هەولێر داوە، لەسەر حەدیسی (البخاري) دەرسی خەڵکی داداوە. ابن خلكان و[٣] (ابو العباس مجدالدين احمد بن علي ابن غالب الأربيلى النحوي الحنبلى) [٤] یش لێی دەگێڕنەوە. هەروەها، شێخ (ابو علي حنبل ابن عبدالله بن فرج بن سعادة البغدادي الرصافي المكبر) هاتووەتە هەولێر. ئەم شێخە لە گوێگرانی (المسند)ەکەی ئیمام (احمد بن حنبل) بووە، بە گێڕانەوەی حەدیس بەناوبانگ بووە و، لە بەغداو لە دیمەشق و موسڵیش[٥] باسی حەدیسی کردووە. کە گەیشتە هەولێر دەستی بە گێڕانەوەی (المسند) کرد و، خەڵکانێکی زۆر گوێیان لێی ڕادەگرت، یەك لەوانە موزەففەرەددین گۆکبوری، خۆی، بوو[٦]، هەروەها (ابو عبدالله بهاءالدين محمد ابن ابراهيم ابن خلكان) کە ئەکا، باوکی ڕەوشنووسی ناودار[٧]، ئەویش گوێی لێ ڕادەگرت. (ابو علي البغدادي) ماوەیەك لە هەولێر مایەوە،

---

(١) الذهبي، المختصر المحتاج ١١٤/٢.

(٢) المنذري ١٣٠٧/٧. الذهبي، م. ن. ص.

(٣) ابن خلكان، ٣٩٢/٢. الذهبي، المختصر المحتاج ١٥٨/١.

(٤) ابن رجب، الذيل على طبقات الحنابلة، ط ١٩٥٢، ٢٦٨/٢. ابن العماد، شذرات الذهب ٢٨٨/٥. (ابو العباس مجدالدين) لە ساڵی (٦٥٧ك/١٢٥٩ز)دا مردووە.

(٥) المنذري، التكملة، ١٩٥/٣.

(٦) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان ٥٣٧/٨. ابو شامة، ذيل الروضتين، ص ٦٢.

(٧) المنذري، التكملة، ٨١/٤. وله ترجمة في: (ابن الاثير)، الكامل ٢٧٨/١٢. ابن الساعي، الجامع المختصر، ٢٤٥/٩ — ٢٤٦. الذهبي، العبر ١٠/٥. والمختصر المحتاج ٥٤/٢. ابن تغرى بردي، النجوم الزاهرة، ١٩٥/٦.

پاشان گەڕایەوە بۆ بەغدا و، لەوێ لە ساڵی (٦٠٤ك/١٢٠٧ز)دا کۆچی دوایی کرد. گەورە حەدیسخوانی گەڕۆك (ابو عبدالله زكي الدين محمد بن يوسف بن محمد بن ابي يداس الاشبيلي) ناسراو بە (البرزالی)[1]، ئەمیش هەولێری دیوە و، لە ساڵی (٦٣٦ك/١٢٣٨ز)دا مردووە. (أبو حفص عمر بن أبي بكر محمد بن معمر بن يحيى إبن حسان المعروف بابن طبرزد) کە حەدیسخوانێکی بەناوبانگی خەڵکی بەغدا بووە و لە ساڵی (٦٠٧ك/١٢١٠ز)دا مردووە، ئەویش لە هەولێر حەدیسی داداوە و خەڵکی گوێیان لێی گرتووە، یەك لەوانەی کە گوێیان لێی گرتووە (ابو عبدالله بهاءالدين محمد)ی باوکی (ابن خلكان)ی[2]مێژوونووسە، هەروەهاش (أبو حفص نجم الدين عمر)ی مامی (ابن خلكان)ە[3]. تەنیاش، ئەم حەدیسخوانە سەرچاوە بەرزەکانی حەدیسی ناوزەد کردووە[4].

---

(١) برزالة: ئێڵێکە لە بەربەر، بنۆڕە: (الذهبي، العبر ١٥١/٥ الهامش) ئەم (البرزالی)یە گەلێ وڵاتی ئیسلام گەڕاوە، بە نموونە: دیمەشق و مەککە و نیسابوور و هەمەدان و ئەسفەهان و، مەرو و هەولێر و موسڵ و حەڕان و قاهیرەشی دیوە. فەرهەنگێکی گەورەشی بەنووسین و لەبەر گرتنەوە داناوە. گوێی لە گەلێ کەس گرتووە و، گەلێ کەسیش لێی دەگێڕنەوە، یەك لەوانە (عمر بن يعقوب الاربيلی)یە (ت ٦٧٣ك/١٢٧٣ز) کورتە باسێکی لە (المنذری، التكملة، بالرونيو ١٦١٩/٨ — ١٦٢٠)دا هەیە. الصفدي، الوافي ٧٥٢/٥. ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة ٣١٦/٦. ابن العماد، شذرات الذهب ١٨٢/٥.

(٢) المنذري، التكملة ٨١/٤.

(٣) ابن الاثير، الكامل ٢٩٥/١٢. ابن خلكان، ط بيروت ١٩٧١، ٤٥٣/٣.

(٤) ن. م ٣٥/٤.

(ابن طبرزد گەلێ وڵاتان گەڕاوە و بەگێڕانەوەی حەدیس سوودی بە خەڵکەکەی گەیاندووە، وەك (ابن خلكان)یش باسی دەکات — دەڵێت عەرد و ئاسمانی بە حەدیس و ئیجازە لێکداوە: (ن. م. ص). ئەم مەلایە، لە ناوەندە ئیسلامییە بەناوبانگەکانی بەغدا و، موسڵ و هەولێر و حەڕان و، حەڵەب و دیمەشقدا، حەدیسی خەڵکی داداوە، پاشان گەڕایەوە بەغدا و، لەوێ کۆچی دوایی کرد. نزیکە هەشتاو سێ شێخ حەدیسیان لە لای خوێندووە. لە گەلێ کتێبدا باسی کراوە، بە تایبەتیش: (سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان. ٥٣٧/٨. المنذري، التكملة ٣٣٤/٢ — ٣٣٥. الذهبي، العبر ٢٤/٥. الصفدي، الوافي ٢٥٣/٥.

(ابو السعادات بهاءالدين اسعد بن يحيى ابن موسى بن منصور السلمي السنجارى) کە مەلاو شاعیرێکی باش بووە، ئەمیش جاروبار سەری لەم شارە داوە، دوا سەردانیشی لە ساڵی (٦٠٤ك/١٢٠٧ز)دا[1] بووە و، لە ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز)دا لە شنگاڵ کۆچی دوایی کردووە.

زانایانی ڕێزمانیش، زۆریان، سەردانی هەولێریان کردووە، یەك لەوانە: (أبو حفص مجدالدين عمر بن احمد بن أبي بكر بن احمد بن مهران العراقي) کە مەلایەکی کوێر بووە ڕێزمانزانێکی بلیمەت بووە[2]. زانستی لە لای (مكي ابن ريان الماكسيني) (ت ٦٠٩ك/١٢١٢ز) تەواو کردووە کە ئەویش هاتووەتە هەولێر و، لە نێوان (ابي حفص مجدالدين عمر) و (محمود ابن الارملة)دا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕێزمانزانی لە هەولێر ڕێکخرا، (ابن الارملة) لە هەولێر جێگیر ببوو، پاشان لە ساڵی (٦٠٦ك/١٢٠٩ز)دا، هەر لەم شارەدا، مرد. (الذهبی) دەڵێت: (ابو حفص) لە سەردەمی خۆیدا زاناترین مەلا بووە لە ڕێزماندا. ڕێزمان و زانستی عەرووز و ئەدەب و شیعری بە پوختی زانیوە و، زۆریش زیرەك بووە، کۆمەڵێ زمانزان و ڕێزمانزانی پێگەیاندووە. لە ساڵی (٦١٣ك/١٢١٦ز)دا، مردووە[3].

هەروەها، ڕێزمانزان (أبو نزار الحسن بن أبي الحسن صافي بن عبدالله بن نزار بن

---

(١) ابن الشعار، عقود الجمان ٢٥٤/١. ابن خلكان، ط ١٩٦٨ بيروت ٢١٤/١. لەوێدا دەڵێت: (السنجاري) لە بەغدا و موسڵ فقهی خوێندووە و، قەزاوەتی شاری (دنيسر – قوج حصار -)ی لە دەست بووە، شاعیرێکی چاکیش بووە. (ابن خلكان) دەڵێت: لە کتێبخانەکەی (التربة الاشرفية بدمشق) دیوانێکی ئەم مەلا شاعیرەی دیوە، مەجەلەدێکی گەورەیە. (السنجاري) ژیاننامەیەکی کورتی لە (السبكي)دا هەیە: طبقات الشافعية، ط الحسينية ٥٠/٥. الاسنوي، طبقات الشافعية ٦٦/٢.

(٢) السيوطي، بغية الوعاة، ٢١٦/٢، لە (ابن المستوفي وەری گرتووە).

(٣) السيوطي، م، ن، ٢١٦/٢.

أبي الحسن النحوي) بە نازناوی (ملك النحاة) [(١)] هاتووەتە هەولێر، بەڵام، ئەو، لە بەرایی حوکمی ئەتابەگەکاندا هاتبووە هەولێر و، لە ساڵی (٥٦٨ك/١١٧٢ز)دا، لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا، مرد.

لەو رێزمانزانانەی کە ماوەیەکی زۆر لە هەولێردا ماونەتەوە و کتێبیان داناوە (ابو الحسن فخرالدين علي بن بگمش بن مزان بن عبدالله التركي البغدادی)یە کە قورئانخوێنێکی لێزان بووە. وانەی ئەدەب و رێزمانی زۆر بە وەستایانە دەگوتەوە و کتێبێکیشی لە عیلمی عەرووزدا دانا. پاشان هەندێ لە وڵاتان گەڕاو، لە شام لەگەڵ (تاج الدين الكندی)دا، (ت ٦١٣ك/١٢١٦ز) [(٢)]، بۆ ماوەیەك مایەوە. لە بارەی هاتنیشی بۆ هەولێر، (السيوطي) لە کتێبی (تأريخ اربل)ەکەی (المستوفي)یەوە وەری گرتووە و، دەڵێت: چەندین جار هاتووە بۆ هەولێر و، ماوەیەکیش ماوەتەوە و، وانەی رێزمان و ئەدەبی وتووەتەوە و کتێبیشی داناوە[(٣)]. وەلێ (السيوطی) ناڵێت ئەم رێزمانزانە چ کتێبێکی لە هەولێر داناوە و، قوتابیەکانی کێ بوونە و، ماوەی چەند لە هەولێر ماوەتەوە بەرلەوەی بچێت بۆ دیمەشق. ئەو زانایە لە دیمەشق، لە ساڵی (٦٢٦ك/١٢٢٩ز)دا مردووە[(٤)].

یەکێکی دی لە رێزمانزانانی ئەو سەردەمە کە هاتووەتە هەولێر، (أبو الحزم

---

(١) ابن خلكان، وفيات الأعيان ٩٣/٢، ط بيروت نقلاً عن ابن المستوفي، باسی ئەم رێزمانزانە لە (التهذيب)ەکەی (ابن عساكر)دا هاتووە، ١٦٦/٤. هەروەها لە: ياقوت الحموي، معجم الادباء، ط ١٩٢٧، ٧٤/٣ – ٨١. القفطي، انباء الرواة، ٣٠٥/١ – ٣١٠. سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٢٩٥/٨ – ٢٩٦. السبكي، طبقات الشافعية، ٢١٠/٤ – ٢١١. ابن قاضي شهبة، مخطوط (طبقات النحاة واللغويين) في المكتبة المركزية ق ٢ ورقة ٥٧٣. السيوطي، بغية الوعاة ٥٠٤/١.

(٢) لە (بغية الوعاة)ەکەی (السيوطي)دا، باسی (تاج الدين الكندي) لە: ٥٧٠/١ – ٥٧٣دا دەبینیت.

(٣) السيوطي، م. ن. ١٥٢/٢.

(٤) م. ن. ص.

صائن الدين مكي بن ريان بن شبه بن صالح الماكسيني[1]الموصلي) بووە، (ابن المستوفي) لە (تأريخ أربل)ەكەی خۆیدا باسی كردووە و دەڵێت: (كان جامع فنون الأدب وحجة كلام العرب) واتا هەموو جۆرە هونەرێكی ئەدەبی زانیوە و لە زمانی عەرەبیشدا بلیمەتێك بووە بۆ خۆی.. هەروەها لە گێرانەوەشدا دەوڵەمەند بووە[2].

ئەم رێزمانزانە لە هەولێردا تا ماوەیەك مایەوە و لەگەڵ قوتابیانی زمان و رێزماندا دۆستایەتیی پەیدا كرد، ژمارەیەك لە رێزمانزانانی هەولێر سوودمەندی دەستی ئەون، یەك لەو قوتابیانەی مێژوو نووس و ئەدیبی ناسراو بە (ابن المستوفي)یە[3]. لە لایەكی دیكەوە، (أبو الحزم صائن الدين مكي) لە بابەتە زەحمەتەكانی رێزماندا پرسی بە گەورە رێزمانزانانی ئەم شارە دەكرد، یەك لەوانەش: (موفق الدين محمد بن يوسف الاربيلي) [4] بووە. (ابو الحزم) لە دوادوای ژیانی لە موسڵ مایەوە، تا لە ساڵی (٦٠٣ك/١٢٠٦ز)دا كۆچی دوایی كرد[5].

---

(١) ماكسين: شارۆچكەیەكی سەر بە جەزیرەیە لەسەر رووباری خابور: ابن خلكان ٣٦٧/٤ یاقوت، معجم البلدان ٤٣/٥.

(٢) ابن خلكان ٣٦٥/٤.

(٣) م. ن. ص.

(٤) م. ن، ١٠٢/٤.

(٥) ابن الاثير، الكامل ٢٥٨/١٢. ابن خلكان ٣٦٧/٤. السيوطي ٢٩٩/٢. (ابي الحزم صائن الدين مكی بن ريان) لە كتێبگەلی ئەم زاتانەدا باسی كراوە: ياقوت الحموی، معجم الادباء ١٧٦/٧ — ١٧٧. القفطي، انباء الرواة ٣٢٠/٣ المنذري، التكملة ١٨٠/٢ — ١٨٢. الصفدي، نكث الهميان ٢٩٦. ابن الجزري، غاية النهاية في طبقات القراء ٣٠٩/٢ وغيرهم. (مكي بن ريان) لە زانستی قورئان و ئەدەبیشدا چالاك بووە. پاشان چووە بەغدا و، لەوێ لەگەڵ ئیمامانی ئەدەبدا، وەك قوتابی ئەدەبی دەخوێند، پاشان چوو بۆ موصڵ بوو بە سەردەستەی سوودبەخشان. خەڵك زۆری لێ فێربوون و ناو و ناوبانگی وڵاتەكەی گرتەوە، چ لە حەدیس و چ لە رێزمان و چ لە زماندا. (ابن الاثير)ی هاوزەمەنی دەڵێ: لە زەمانی خۆیدا، وێنەی نەبووە: ابن الاثير، الكامل ٢٥٨/١٢.

- **بنەماڵە زانستدۆستە بەناوبانگەكانی ئەو سەردەمەی هەولێر:**

لە سایەی دامەزراندنی ئەم هەموو دامودەزگا فێركارییە و، سەردانی ئەو هەموو كەڵە زانایانە لە هەولێر، بنەماڵەیەكی زانستدۆستی زۆر لەم شارەدا سەریان هەڵدا و رۆشنبیرێكی زۆری بە كلتوور دەوڵەمەندیان تێدا هەڵكەوت، بە نموونە، وەك: بنەماڵەی (ابن خلكان) و (ابن المستوفي) و (ابن منعه) و بنەماڵەی شێخ (الخضر بن نصر) و بنەماڵەی دیكەش كە ماڵەكانیان ببوون بە بنكەی كۆڕ بەستن و كۆبوونەوەی زانا و زانستدۆستان. بە نموونە (المنذري) كە قوتابییەكی (ابن المستوفي) بووە باسی ماڵە مامۆستاكەی دەكات، دەڵێت: ماڵەكەی ببوو بە بنكەی پیاوچاكان و غەریبان[1] لەو زانایانەی كە دەهاتنە ئەم شارە. (اليونيني)یش باسی كۆبوونەوەی شەوێكمان لە ماڵی (ابن المستوفي) بۆ دەكات، كە (أبو مجدالدين أسعد بن أبراهيم)ی ئینشانووسی سەرداری هەولێر، پڕی یەك لەگەن بەهیە و سێو و میوەی بە كوڕێكی جواندا بۆ ناردبوون بۆ ئەو ماڵە، بەو بۆنەیەوە، كردیان بە شەڕە شیعر، شاعیری هەولێریش، ناسراو بە (الحاجري) لە گەڵیاندا بوو، یەكەم دەردوو، شیعرێكی بۆ هات، هەندێ تەشبیهاتی جوانیشی تێدا بوو، گوتی:

اهـــدى لنـــا المجد تفاحـــا واحمره   من خد من حمل التفـــاح مســترق
وللســــــفرجـل مـــن أعلاه رائحـــة   يضـــوع منهـــا لمهديـــه ثني عبـــق
فظللت أعجب من حالين كيف حوى   وصف الغلام ووصف السيد الطبق[2]

واتاكەی:

لەگەن پڕبوو لە بەهیە و سێوی لاسوور
لەپڕ، بۆن و بەرامەی كەوتە نێو ژوور

(١) المنذري، التكملة لوفيات النقلة، بالرونيو، جـ ٨ ورقة ١٦٢٨.

(٢) اليونيني، ذيل مرآة الزمان، ١/١١٣.

(مەجد) ناردی، بەهیممەت بۆ مەلایان
هەتا دوور بێ، لە رەفتار و، بەڵایان
بە جوانێکا، هەناردی، گەش وەکو نوور
بەنووری تەلعەتی، رایماڵی دەیجوور

ئەوانەی باسمان کردن، لایەنی کلتووری و رۆشنبیریی، ئەو سەردەمەی هەولێرمان بۆ روون دەکەنەوە، کە شارەکەیان کردبوو بە مەڵبەندێکی گەشی خوێندەواری و، چەندین مەلای شاعیر و حەدیسخوان و قورئانلەبەر و رێزمانزان و ئەدیبی تێدا هەڵکەوت. بەڵام ژمارەیەکی زۆریان شارەکەیان بەجێ هێشت و، روویان لە هەندەران کرد.

راستیشت دەوێ، ئەوەی کە لای ئەمانە لە برەو دابوو تەنیا زانستە سەرزارەکی (العلوم النقلية)ی وتووێژی بەنموونە وەك (زانستی ئایینی و ئەدەبی و زمانزانی... هتد) بوون. هەرچی زانستی ئەقڵی (الدراسات العقلية)ی، بە نموونە، وەك (بیرکاری و پزیشکی و کیمیاو... هتد) ئەوە، هەر لە ئارادا نەبووە ـ هەروەهاش، زانستی گەردوون و فەلسەفەش، کە ئەویش هیچی لێ پەیدانەبوو، هەر هەمووی بێ خاوەن بوونە و کەس خۆی لە قەرەی نەداوە، بەنموونە، (موفق الدين بن محمد بن يوسف بن محمد بن قائد الاربيلى) ماوەیەکی زۆر کەم، خووی دایە شیکردنەوەی (ئیقلیدس) [1] و بەشێك لە (المجسطي) [2]، بەڵام هەر زوو بێزای و لێی بێزار بوو،

(١) ئیقلیدس: وشەیەکی یۆنانییە، ئەسڵەکەی (کلید)ە، کراوە بە عەرەبی و، بووە بە ئیقلیدس، واتا (کلیل). بنۆڕە (تاج العروس) ٢/٤٧٢. هەرچی حاجی خەلیفەیە، ئەوە، ئەو، دەڵێت: ئەم وشەیە لە دوو برگە پێکهاتووە، یەکەمیان (ئیقلی) واتا (کلیل)، دووەمیان (دس) واتا: (هەند، بڕ) و، وشەکەش بە گشتی دەبێتە (بڕی ئەندازە). بنۆڕە (کشف الظنون ١/١٣٧).

(٢) المجسطي: ئەکا زانینی گەردوون – زانستی گەردوون، یان لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵەی خۆر. بنۆڕە (الموسوعة العربية الميسرة، ص ١٦٤٨. خاوەنی (کشف الظنون ٢/١٥٩٤)یش دەڵێت: مانای (زانینی پەیکەر)ە، زانستی پەیکەر، لەو رێسایانە دەکۆڵێتەوە کە بە بەڵگەی تەواو، دۆخی گەردوون و پێگەی زەمین دەسەلمێنن.

گەڕایەوە سەر ئەدەب و ڕێزمان و، خۆی بۆ تەرخان کرد[1].

هەموو، ئەوانەش کە دەهاتنە هەولێر، هەر لەسەر ئەو بەزم و ڕێسایە ڕەفتاریان دەکرد و، توخنی زانستی جەڕەباندن نەدەکەوتن، کەمێکیان نەبێ، بەنموونە، وەك (مهذب الدين ابن الحاجب الدمشقی)[2]، ئەم زانایە، زانستی پزیشکیی دەخوێند و، بیرکاری بە دروستی دەزانی و، سەری لە ئەندازەش دەردەچوو، پاشان چوو بۆ هەولێر و، لەوێ چاوی کەوت بە (ابو شجاع فخرالدين محمد بن علي بن شعيب المعروف بابن الدهان المحاسب البغدادی/ت ٥٩٠ك/١١٩٤ز)[3] کە ئەویش لە هەولێر بووە[4]. ئیدی لەگەڵ ئەودا، خەریکی فێربوونی (زێ)یەکە (الزيج)[5] بوو، کە (ابن الدهان الحاسب) دروستی کردبوو، تا بە تەواوی فێری خوێندنەوەی بوو، پاشان بە دەسخەتی خۆی نووسییەوە و گەڕایەوە بۆ دیمەشق[6].

سەرچاوەکان لەوەزیاتر باسی هیچ چالاکییەکی (ابن الدهان المحاسب)

---

(١) السيوطي، بغية الوعاة ٢٨٦/١. لە جێگایەکی تردا باسی ئەم ڕێزمانزانانەش دەکەین.

(٢) بەرواری مردنیمان نەدۆزییەوە، بەڵام (ابو اصيبعة) دەڵێت: (مهذب الدين) هەر خزمەتی سەڵاحەددینی ئەیووبیی کردووە، لە ساڵی (٥٨٩ك/١١٩٣)شدا سەڵاحەددین مردووە و، ئەویش چووەتە (حماة) و، لەوێ پاش دوو ساڵ مردووە: (عيون الانباء ٢٩٩/٣)، واتا لە ساڵی (٥٩١ك)دا مردووە.

(٣) تەنیا (ابوشامة) دەڵێت: ئەم (ابو شجاع)ە لە ساڵی (٥٩٢ك)دا مردووە، بنۆڕە: (ذيل الروضتين، ص٩). بەڵام (ابن تغری بردی) جارێك دەڵێت لە ساڵی (٥٩٠ك)دا مردووە: (النجوم الزاهرة ١٣٦/١)، جارێکیش دەڵێت: لە ساڵی (٥٩٢ك)دا مردووە: (م. ن. ١٣٩/٦).

(٤) ابن أبي اصيبعة ٢٩٨/٣.

(٥) الزيج: زێ: حسابێکی تایبەتە، ڕەوگەی ئەستێرە گەڕۆکەکان لە ساڵێکدا نیشان دەدات، بە فارسی پێی دەڵێن (زە) واتا (زێ) پاشان کراوە بە عەرەبی و بووەتە (زيج): سەیری پەراوێزی کتێبەکەی (عمادالدين الاصفهانی) بکە: (خريدة القصر وجريدة العصر) – القسم العراقي – الجزء الثانی، تحقيق محمد بهجة الأثري، مطبعة المجمع العلمي العراقي ١٩٦٤، ص ٣١٤.

(٦) ابن ابي اصيبعة ٢٩٨/٣.

ناکەن کە لە مەیدانی زانستیدا، لە هەولێر نواندبێتی. دەڵێن سەرباری ئەوەی کە لە مەسەلە بیرکارییەکاندا دەستی باڵای هەبووە، حەدیسخوانیش بووە و، کتێبێکیشی بە ناوی (غریب الحدیث) بە شازدە جڵد نووسیوە و[1]، کتێبی لەسەر ماددەی مێژوویش[2]داناوە و، کتێبی زۆری دیکەشی هەیە[3].

لە زانایان، شێخ (أبو عمر اثیرالدین المفضل ابن المفضل الابهري)یش لە ساڵی (٦٢٥ك/١٢٢٨ز)دا سەری لە هەولێر داوە، ئەمەیە کە (ابن خلکان) وەسفی دەکات و دەڵێت: خاوەنی (التعلیقة في الخلاف والزیج والتصانیف المشهورە)یە[4]. ئەم شێخە لە خانەی حەدیسی (المظفریة) میوان بووە. (ابن خلکان) یەکێك بووە لە قوتابییەکانی و لە دەرسەکانیدا ئامادە دەبوو[5]. (القزوینی)یش دەڵێت: ئەم شێخە، لە زانستی ئەندازەدا وێنەی نەبوو[6].

---

(١) ابن خلكان ١٠٥/٤. (ابن ابي اصيبعة) دەڵێت: دە جڵدە، ٢٩٨/٢.

(٢) ابن خلكان، م. ن.

(٣) ابن ابي اصيبعة، ص. ن. باسی (ابن دهان) لە (القفطي)دا هاتووە، انباء الرواة، ١٩١/٣ — ١٩٣. المنذري، التكملة ٣٩٧/١ — ٣٩٨. ابن الفوطي، تلخيص مجمع الآداب، ق ٤، جـ/٣٤٧. الذهبي، العبر ٢٧٤/٤ — ٢٧٥. الصفدي، الوافي ٤/ ١٦٤ — ١٦٥.

(٤)ابن خلكان ٣٩٧/٤.

(٥)م. ن. ص.

(٦)القزويني، آثار البلاد، ص ٤٦٣.

- **بنەماڵە زانستدۆستە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەی هەولێر:**

یەك: بنەماڵەی (خلکان)

ناودارترین بنەماڵە و، کەڵە زانا لەم ئەمارەتەدا هەڵکەوتبن، بنەماڵەی (ابن خلکان)ە[1].

ئەم بنەماڵەیە، گەلێ مەلاو قازی و مامۆستای لێ کەوتووەتەوە، لە هەموویان گرنگتر، لە هەولێر، مەلا (أبو عبدالله محمد بهاءالدین ابن ابراهیم ابن أبي بکر بن خلکان الاربیلی)ی[2] باوکی مێژوونووسی ناسراو بە (القاضي شمس الدین احمد)

---

(١) زۆربەی مێژوونووسان دەڵێن: باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە (خلکان)ی ناوبووە، واتا: (ابن خلکان)ی رەوشنووس بەچوار پشت دەچێتەوە سەر ئەو. بنەماڵەکە بە ئەسڵ خەڵکی گوندێکن، پاشان ناوی بنەماڵەکە بەسەر گوندەکەشدا براوە. دکتور (احسان عباس) بەرگی دووەمی/ ورقەی (٢٧٣) کتێبی (تأریخ أربل)ی (ابن المستوفي) خوێندووەتەوە کە (سامي الصقار) لە ئنگلستانەوە بۆی ناردبوو، دەڵێت: (ابن المستوفي) هیچ گومانی تێدا نەهێشتووە و دەڵێت (خلکان) ناوی گوندەکەیە و، بە ناوی بنەماڵەکەوە ناونراوە، بنۆڕە مقدمة (وفیات الاعیان) ط ١٩٧١، جـ ٧، ص ١٧. ئەم گوندە، چەندساڵێکە کراوە بە ناحیە و سەر بە قەزای رانیەیە لە پارێزگای سلێمانی. بنۆڕە وتارەکەی (ناجی عباس، بەزمانی کوردی، بە سەردێڕی (لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی هەولێر) گۆڤاری گەلاوێژ (١ – ٢) ساڵی سێیەم /١٩٤٢ لاپەڕەی (١٣). لەو وتارەدا ئاماژە بە جێگەی گوندەکە دەکات.

(٢) ئەم بنەماڵەیە کوردە، بنۆڕە: (ابن الشعار: مخطوط، عقود الجمان، جـ ١، ترجمة احمد بن عبدالرحمن... ابن خلکان ابن عم المؤرخ. ابن الصابونی، تکملة اکمال الاکمال، ص ٢٣١. (کمال الدین ابو الفتح موسی ابن احمد)ی کوڕی (ابن خلکان)ی مێژوونووس، کاتێ لە کتێبی (المختار)ەکەی خۆیدا کە کورتەی ژیاننامە ناودارەکانی ناو کتێبی (وفیات الاعیان)ی تێدا نووسیوەتەوە، باسی باوکی دەکات و، دەڵێت: (باوکی باسی خۆی بۆ کردووە و پێی گوتووە کە ئێڵەکەیان کوردە – پاشان دەڵێت کە گوتوویەتی (محمد بن ابراهیم) دەچێتەوە سەر (ابن مالك بن جعفر بن یحیی بن خالد البرمکي). بنۆڕە پێشەکیی کتێبی (وفیات الاعیان) ط/١٩٧١ جـ ٤ صفحة (ط) (ناشزانین ئەم بنەماڵەیە، چۆن چۆنی دەچنەوە سەر رەسەنی کورد و، دەشچنەوە سەر بەرمەکییەکان). هەروەها بنۆڕە: الحسینی، مخطوط (صلة التکملة) ١١٦/٢. هەندێ سەرچاوەش هەیە، رەسەنی ئەم بنەماڵەیە تەنیا دەبەنەوە سەر بەرمەکییەکان و باسی کورد ناکەن، وەك: (الیونیني، ذیل مرآة الزمان ١٤٩/٤). الصفدي، الوافي بالوفیات ٢٠٨/٧. السبکي، طبقات الشافعیة، ط/الحسینیة ١٤/٥. طاش زادە کبری، مفتاح السعادة ٢٥٦/١. النعیمي، الدارس في تأریخ المدارس ١٩٢/١. وغیرها.

خاوەنی كتێبی (وفيات الأعيان) بووە ـ لە دەوروبەری ساڵی (٥٥٧ك/١١٦٢ز)دا[(١)]، لە شاری هەولێر لەدایك بووە. هەر لەم شارەشدا گەورە بووە، پاشان چووە بۆ وڵاتی شام و میسر و حیجاز و عیراق، بەدووی حەدیسدا عەوداڵ بووە، شەریعەتی لەسەر مەزەبی شافیعی لە موسڵ تەواو كرد، ئنجا دووبارە، بۆ خوێندنی زیاتر چووەوە بۆ بەغدا و، لەوێ لە مەدرەسەی (النظامية)، زانستی خوێندووە و، هەر لەو قوتابخانەیەشدا بە (معيد) دامەزراوە[(٢)]. لە لای شێخ (يحيى ابن علي بن فضلان - ت ٥٩٥ك/١١٩٩ز) و لە لای شێخ (يعيش بن صدقة بن الفراتی) (ت ٥٩٣ك/١١٩٦ز) گوێگر بووە. هەروەها لە لای (أبي الفرج عبدالمنعم بن عبدالوهاب بن كليب (ت ٥٩٦ك/١٢٠٠ز)و، لە لای (أبو القاسم يحيى بن اسعد ابن بوش (ت ٥٩٣ك/١١٩٦ز) دەرسی خوێندووە، ئنجا لە بەغداوە، دووبارە چووەتەوە بۆ موسڵ و، لە موسڵ چواردە ساڵ ماوەتەوە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر و، لە هەولێریش، لای (ابو علي حنبل بن عبدالله بن فرج الرصافي المكبر) (ت ٦٠٤ك/١٢٠٧ز) گوێی لە حەدیس گرتووە. هەروەها، لە لای (أبي حفص عمر بن طبرزد ت ٦٠٧ك/١٢١٠ز) و (أبو القاسم عبدالله ابن عبدالغني بن محمد) و، (أبو الفرج محمد بن عبدالرحمن بن أبي العز الواسطي) [(٣)] گوێی لە حەدیس راگرتووە.

شان و شەوكەتی مەلا (بهاءالدين محمد ابن خلكان) لە شارەكەی خۆیدا، زیاتر بەرەوی سەند و، لە فەتوادا ئاماژەی پێ دەدرا و، لە لای سەرداری هەولێر موزەففەرەددین گۆكبوری پلەو پێگەی دیاری وەرگرت و لە قوتابخانەی (المظفرية) بە وانەوان (دەرسبێژ) دایمەزراند. ئیدی لەم قوتابخانەیەدا بەردەوام دەرسی دەگوتەوە، تا لە ساڵی (٦١٠ك/١٢١٣ز)دا[(٤)] كۆچی دوایی كرد.

---

(١) المنذري، التكملة ٨٠/٤ – ٨١. الاسنوي، طبقات الشافعية ٤٩٦/١.

(٢) الأسنوي، م. ن. ص.

(٣) المنذري، التكملة ٨١/٤.

(٤) م. ن. ص: ٨٠. الأسنوى، طبقات الشافعية ٤٩٦/١.

یەکێکی دی لە ڕۆڵە هەڵکەوتووەکانی ئەم بنەماڵەیە، مەلا (نجم الدین أبو حفص عمر ابن ابراهیم بن أبی بکر بن خلکان)ی برای مەلای ناوبراو و مامی (ابن خلکان)ی مێژوونووس بوو. ئەم مەلایە فێری فقهی مەزەبی شافیعی بوو، لە هەولێریش لە لای (أبو حفص عمر بن طبرزد) گوێی لە حەدیس دەگرت. پاشان چوو بۆ مەککە و لەوێش، حەدیسی لە لای (أبو عبدالله محمد ابن اسماعیل بن أبي الصیف) دەخوێند. (ابوالفرج یحیی بن محمود الثقفي) و (عبدالمنعم ابن عبدالوهاب بن کلیب) و مامۆستایانی دیکەش ئیجازەیان داوەتێ. لە تەنیشت (حەرەمی شەریف)یشەوە، چەند ساڵێك حەدیسخوان بووە و تێیدا سەرگەرم بووە. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ شارەکەی خۆی و، لە قوتابخانەی (المجاهدیة)دا[1] کە (مجاهدالدین قایماز) دایمەزراندبوو دەرسی گوتووەتەوە و، بەردەوام بووە لەسەری، تا لە ڕەمەزانی (٦٠٩ك/١٢١٢ز)دا کۆچی دوایی کرد. بە قسەی (المنذري)یش[2]، لە گۆڕستانە گشتییەکەدا نێژراوە. بەو جۆرەی باسمان کرد، هەردوو برای خەلەکانی (بهاءالدین محمد) و (نجم الدین عمر)، لە هەولێر، لە سەردەمی موزەففەرەددین گۆگبوریدا، هەریەکە و لە قوتابخانەیەکی ئەم شارەدا دەرسی داداوە.

بەڵام براکەی دیکەیان، مەلا (رکن الدین أبو یحیی الحسین بن ابراهیم بن أبي بکر ابن خلکان) لە مەزەبی دەزانی و، لە لای (أبو الفرج یحیی بن محمود الثقفي) حەدیسی خوێندووە و، خۆیشی، لە هەولێر، حەدیسی[3] بۆ خەڵك خوێندووەتەوە و ـ بە قسەی (الصفدي)یش[4] ـ لە چەند قوتابخانەیەکی هەولێردا وانەی گوتووەتەوە

---

(١) المنذري، التکملة، ٣٥/٤.

(٢) م. ن. ص، ژیاننامەشی لە: (السبکی، طبقات الشافعیة الکبری، ط/الحسینیة ١٣٠/٥. الأسنوي، طبقات الشافعیة (٤٩٥/١)دا هەیە.

(٣) الصفدي، مخطوط، الوافي بالوفیات، جـ ١١، ورقة ٥٦. الاسنوي، طبقات الشافعیة ٤٩٥/١.

(٤) الصفدي، م. ن. و.

و، هەر لەم شارەدا لە (ذي القعدةی ٦٢٣ك/١٢٢٦ز)دا کۆچی دوایی کردووە.

بێجگە لە برایانی خەلەکانی[1]، هەر لەم بنەماڵەیەدا کەسێکی تریش بە ناوی (ظهيرالدين الجنيد بن عيسى بن ابراهيم بن أبي بكر بن خلكان) کە هەر لە هەولێر، لە ساڵی (٥٩٣ك/١١٩٧ز)دا. لە دایك بووە، هەڵکەوت. ئەمیش هەر هەواداری حەدیس بوو، لە ساڵی (٦٦٥ك/١٢٦٧ز) لە دیمەشق گیانی سپارد و، لە لاپاڵی کێوی (قاسيون)[2] نێژرا. هەروەها، (القاضي ابو بكر شبلي بن الجنيد بن ابراهيم)یش، هەر لەم بنەماڵەیەدا کەوتە بەرچاو. ئەمیش لە ساڵی (٥٧٦ك/١١٨٠ز)دا، لە هەولێر لە دایك بووە. ئەم کەوتە وڵاتی میسر و، لەوێ قەزاوەتی شاری (أخميم)ی لە (صعيد)ی وڵاتی میسر گرتە دەست و، هەر لەو شارە لە ساڵی (٦٥٣ك/١٢٥٥ز)دا مرد[3].

(أبو عبدالله بهاءالدين محمد بن محمد بن ابراهيم ابن بكر بن خلكان)ی برای (شمس الدين احمد ـ ابن خلكان -)یش، لە هەولێر لە ساڵی (٦٠٣ك/١٢٠٦ز)دا، لە دایك بووە و، پێگەیشتووە و کەوتووەتە بەرچاو. ئەمیش، هەر لە هەوادارانی حەدیس بووە و، - وەك (الصفدی)یش باسی دەکات ـ (لە هەموو خەسڵەتەکانیدا، وێنەی نەبووە. ئەم، بوو بە قازیی شاری بعلبك و، هەر لەو شارەدا، لە ساڵی (٦٨٣ك/١٢٨٤ز)دا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی دەرویش (عبدالله اليونيني) شاردیانەوە[4].

---

(١) لە کەمی، دوو برای دیکەیان هەبووە: (عيسى) و (عبدالرحمن).

(٢) اليونيني، ذيل مرآة الزمان ٣٦٥/٢. احمد بن محمد بن عبدالرحمن الحسيني، مخطوط: (صلة التكملة لوفيات النقلة)، مجلد ٢ ورقة ٥٦، مجلد ٢ ورقة ٥٦.

(٣) ابن الصابوني، تكملة إكمال الاكمال، ص ٢٣١ — ٢٣٢. السبكي، طبقات الشافعية الكبرى، ط الحسينية ٥٧/٥. الحسيني، مخطوط صلة الحسني مجلد ٢، ورقة ١١٦.

(٤) الصفدي، الوافي بالوفيات، ط ١٩٦٢، جـ ١ ص ٢٠٣ — ٢٠٤.

(جرجي زيدان) دەڵێت: کتێبێك لە کتێبخانەی ئۆکسفورد هەیە بە ناوی: (التأريخ الاكبر في طبقات العلماء واخبارهم) گوایا کتێبی (بهاءالدين محمد بن محمد بن خلكانە کە لە (٦٨٣ك)دا مردووە، بنۆڕە کتێبی (تأريخ آداب اللغة العربية) جـ ٣، ١٧٤. بەڵام هیچ کەسێك، نەخاسمە (الصفدي) کە ئاماژەی بە کورتە باسێکی ژیانی کردووە — ناوی ئەو کتێبەی نەهێناوە.

راستیــشت دەوێ، لــەناو رۆڵــەکانی بنەماڵــەی خەلەکانیــدا لــە هــەموویان هەڵکەوتووتر و ناودارتر و بەرچاوتر، رەوشتنووسی ناسـراو (شمس الـدين احمـد بـن محمد بن ابـراهيم)ی خـاوەنی کتێبی (وفيـات الاعيـان وأنبـاء ابنـاء الزمـان مما ثبت بالنقـل أو الـسماع أو اثبتـهٔ العيـان)ە، کـە ـ وەك، خـۆی قـسەی بـۆ (کمـال الـدين ابـن الشعار) [1]کردووە ـ، لـە هـەولێر لـەدایك بـووە، یـان خـۆی لـە کتێبەکەیـدا دەڵێـت: لـە سـاڵی (٦٠٨ك/١٢١١ز)دا لــە هــەولێر لــە نــاو قوتابخانەکــەی ســوڵتان (الملـك المعظـم موزەففەرەددین ابن زین الدين)دا[2] لەدایك بووە... لـە سـاڵی (٦٨١ك/١٢٨١ز)دا، کۆچی دوایی کردووە.

لەم شارەدا گەورە بووە و، لەم شارەدا خوێندوویەتی و (صحيح البخاري)یـشی لـە لای (أبو جعفـر محمـد بـن عبـدالله بـن المكـرم الـصوفي) (ت ٦٢١ك/١٢٢٤ز) خوێنـدووە و گوێی لێ گرتـووە، ئیجازەشی لـە (المؤيـد الطوسـي) و (عبـالعزيز الهـروي) و (أم المؤيـد بنت الشعري زينب بنـت عبـدالرحمن (ت ٦١٥/١٢١٨ز) [3] وەرگرتـووە و، (الخـلاف)یـشی لەسەر دەسـتی شـێخ (أبـو عمـر أثيرالـدين الفـضل بـن الفـضل الابهـري) خـاوەنی ئـەو کتێبە بەناوبانگانەدا خوێندووە، کە (ابن خلکان) وەهای وەسف کـردووە. ئـەم شـێخە لە ساڵی (٦٢٥ك/١٢٢٩ز)دا سەری لە هەولێر داوە[4].

(ابن خلکان)، لە نێوان هەولێر و موسڵدا دە جار زیـاتر هـاتووە و چـووە[5]پاشـان، لە رەمەزانی (٦٢٦ك/١٢٢٩ز)دا، بە یەکجاری هەولێری بەجێ هێشت، کە چەنـدین جـار لە کتێبەکەیدا ئەو باسە دەڵێتەوە، واتا بەر لەوەی تەمەنی بیست ساڵان تـەواو بکـات

---

(١) ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ١، ترجمة احمد بن محمد ابراهيم ابن خلكان.

(٢) وفيات الاعيان ٩٢/٢، ط ١٩٤٨.

(٣) ئەم ئافرەتە زانایە، کە لە سـاڵی (٦١٠ك)دا، گەیـشتە هـەولێر و، لـە (المدرسـة المظفريـة) میـوان بوو، ئیجازەی دا بە (ابن خلکان)ی مێژوونووس: (وفيات الأعيان ٩٢/٢). هەرچەندیشە، ئەوکات (ابن خلکان) تەمەنی لە دوو ساڵان زیاتر نەبوو. ئەوەبوو، باسمان کرد.

(٤) م. ن، ٣٩٧/٤.

(٥) م. ن، ٣٦/٥.

لەم شارە دەرچووە و، چووەتە حەڵەب، حەڵەبیش، ئەو دەمە (الملك الظاهر غياث الدين)ی کوڕی سەلاحەددینی ئەیوبی حوکمی تێدا دەکرد، لەبەر ئەوە ببوو بە قیبلەی هزرمەندان و نزرگەی مەلایان[١]، دیارە ئەمیش هەروا سەرەڕۆیانە رووی لەم شارە نەکردووە، نەخاسمە باوکیشی پێوەندییەکی دۆستانەی گەرمی لەگەڵ (أبو المحاسن بهاءالدين يوسف)ی قازیی حەڵەبدا هەبوو، کە بە (ابن شداد)ی... خاوەنی کتێبی (النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية)[٢] ناسراو بوو. وادیارە (ابن خلكان) لەسەر رەزامەندیی موزەففەرەددین گۆگبوری هەولێری بەجێ هێشتووە، بەو نامەیەدا، دیارە بە (ابن خلكان)دا ناردوویەتی بۆ قازییەکەی حەڵەب و داوای لێ کردووە کە ئاگای لەم مەلا هەرزەکارە بێ و چاودێریی بکات. (ابن خلكان) دەڵێت: «سوڵتانی وڵاتەکەمان، (الملك المعظم موزەففەرەددین گۆگبوری) نامەیەکی پڕ مانای بۆمان نووسی بۆ قازی (ابی المحاسن يوسف ابن شداد) نووسیبووی: تۆ خۆت دەزانیت کە ئەم دوو کوڕە[٣] چییان پێویستە، هەردووکیان کوڕی برام و کوڕی براتن، ئیدی پێویست ناکات هیچی دیکەت پێ ڕاسپێرم»[٤]. لەبەر ئەوە (قازی) بەرێزەوە پێشوازیی لێ کرد و، هەموو شتێکی بۆ دەستەبەر کرد و، لە مەدرەسەکەی خۆی دایکرد (دایبەزاند). بە دەرچوونی (ابن خلكان)یش، لە هەولێر، ئەستێرەی کلتووری و ڕۆشنبیری ئەم بنەماڵەیە لە ئاسمانی هەولێر، ئاوابوو[٥].

---

(١) م. ن، ٨٧/٦.

(٢) م. ن. ص.

(٣) برایەکیشی لەگەڵ خۆی بردبوو، پێدەچێ (بهاءالدين محمد)ی ناوبراو بووبێت.

(٤) ابن خلكان ٨٧/٦.

(٥) وا، باشترە، لێرەدا لەسەر باسی رەوشی (ابن خلكان) لەوە زیاتر نەڕۆین، تەنیا ئەوەندە دەڵێین کە پاشتر حەڵەبیشی بەجێ هێشت و، لە دوا دوای ساڵی (٦٣٥ك/١٢٣٨ز)دا گەیشتە قاهیرە: (وفيات الاعيان ٩٧/٦). پاشان چەندین جار لە نێوان قاهیرە و دیمەشقدا دەهات و دەچوو، دواجار لە دیمەشق گیرسایەوە و بوو بە قازیی شارەکە، پاشان بوو بە مەلای وانە بێژ، تا لە کۆتایی رەجەبی (٦٨١ك/١٢٨١ز)دا کۆچی دوایی کرد و، لە دامێنی چیای قاسیوندا، سپاردیان. مێژوو نووسێکی زۆر، -رەوش و رەوشتیان تۆمار کرد، ئەمانەش هەندێکیانن: ابن الشعار، ←

دوو: بنەماڵەی (ابن المستوفی)

هەر لەو سەردەمەدا، کەڵە زانایەکی دی، لە هەولێر، بەناوی (أبو البرکات المبارك المنعوت بشرف الدین ابن المستوفي الاربیلی) کە هەم ئەدیب و، هەم مێژوو نووسیش بوو، ناوبانگی دەرکرد. ئەم مێژوو نووسە ئەدیبە لە مانگی شەووالی (٥٦٤ك/١١٦٩ز)دا[1]، لە قەڵاکەی هەولێر لەدایك بوو، هەر لەم شارە پەروەردە بوو، لە قوتابخانەکانیدا خوێندی. (ابن المستوفي) وەك باسمان کرد لە بنەماڵەیەکی رەسەنی رۆشنبیر بوو، بەر لە سەردەمی ئەتابەگیان، باوکی و باپیریشی کارمەندی کۆکردنەوەی داهاتی ئەمارەتەکە بوون. (ابو الحسن صفي الدین علی المبارك)ی مامیشی، کتێبی (نصیحة الملوك)ی ئیمام (أبي حامد محمد الغزالي)ی (ت ٥٠٥ك/ ١١١١ز)ی لە زمانی فارسییەوە کرد بە عەرەبی[2].

(ابو البرکات المبارك) خوێندەواری و کلتووری چڕوپڕی جۆراوجۆری بە دەست هێنا، بەڵام لەبەر ئەوەی مێژوو نووسی هەولێر بوو، ناوبانگی زیاتر دەنگی دایەوە، کتێبێکی بەناوی (نباهة البلد الخامل ومن ورد علیه من الاماثل)[3] دانا کە (تأریخ

←مخطوط (عقود الجمان) جـ ١ سیرة (احمد بن محمد بن ابراهیم ابن خلکان). الیونیني، ذیل مرآة الزمان ١٤٩/٤ — ١٦٥. الصفدي، الوافي بالوفیات ٣٠٨/٧. الیافعي، مرآة الجنان ٤/ ١٩٣ — ١٩٧. النعیمي، الدارس في تأریخ المدارس ١٩١/١ - ١٩٣. طاش کبری زاده، مفتاح السعادة ٢٥٦/١ — ٢٥٧. السخاوي، الاعلان بالتوبیخ، ١٥٢. السیوطي، حسن المحاضرة ٥٥٥/١. ابن طولون، قضاة دمشق، ٧٦. والدراسة القیمة التي کتبها عنه الدکتور احسان عباس في مقدمة (جـ ٧) من وفیات الاعیان، ط بیروت ١٩٧١.

(١) المنذري، التکملة، بالرونیو ١٦٢٨/٨. ابن خلکان ٢٩٨/٣. ابن أبي عذیبة، انسان العیون، ص ٣٠٩. السیوطي، بغیة الوعاة، ٢/ ٢٧٢.

(٢) ابن خلکان ٢٩٨/٣.

(٣) وەك (ابن الشعار) گوتوویەتی: م. ن. بەڵام (الصفدي) ناوی ئەم کتێبەی کردووە بە (نباهة البلد الخامل بمن وردە من الاماثل) بنۆڕە: (الوافي بالوفیات ٢٨٦/١). حاجی خەلیفەش، لە (کشف الظنون في أسامي الکتب والفنون)دا هەروەها دەڵێت.. مجلد ٢، ص ١٩٢٣. هەرچی (اسماعیل البغدادي)یە، ناوی کتێبەکە بەم شێوەیە دەبات: (نباهة البلد الحافل بما ورد من الاماثل في تأریخ اربل) بنۆڕە (هدیة العارفین)، مجلد ٢ ص ٣، لەوانەیە (الصفدي) راست بێ.

أربیل)یشی، پێ دەڵێن. ئەم کتێبە چوار سەد جڵد بوو[١]، بە سەرچاوەی کتێبی (عقود الجمان في شعراء هذا الزمان)ی (ابن الشعار الموصلي) لە قەڵەم دەدرێت و بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگی (وفیات الاعیان)ەکەی (ابن خلدون)یش کە بەدەمی خۆی باسی کردووە[٢]. بەڵام ناوی کتێبەکە ناڵێت و، تەنیا بەناوی (تأریخ أربل) ئاماژەی پێدەدات. (الحصان)یش، ئەو کتێبە، بە کتێبی (تأریخ بغداد)ەکەی (ابن

---

(١) ابن خلكان ٢/٢٩٤. السیوطي، بغیة الوعاة ٢/٢٧٢. طاش کبری زادە، مفتاح السعادة ١/٢٦٩. ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب ١٨٧/٥. الخوانساري، روضات الجنات ٦٥٧. (السخاوي) دەڵێت: ئەم کتێبە پێنج جڵدە: بنۆڕە کتێبەکەی: (الاعلان بالتوبیخ لمن ذم التأریخ). (فرانز روزنثال) لە کتێبەکەی خۆیدا: (علم التأریخ عند المسلمین) – کە لە (السخاوی) و (طاش کبری زادە)وە، وەری گرتووە – دەڵێت: ژمارەی جڵدەکانی کتێبەکەی (ابن المستوفي) چوار جلدە. بنۆڕە لاپەڕە (٧٧٣) لە کتێبەکەی.

(٢) ابن خلكان ٢/٢٩٤.

هەتا ئێستا کتێبەکەی (ابن المستوفي) لەسەر (تأریخ اربل) بە (بزر) دادەنرێت لەگەڵ کتێبە بزربووەکانی تردا، تەنیا جزمی یەکەم نەبێت کە بەر لە چەند ساڵێك لە لەندەن دۆزرایەوە، ئەویش پرۆفیسۆر (ناربری) ئاشکرای کرد. ئەم کتێبە باسی رەوش و رەوشتی حەدیسخوان و دەروێش و سۆفی و ئەوانەی لە ئەوروپا و لە جێگایانی دیکەی جیهانی ئیسلام و ئەندەلوسەوە هاتوونەتە هەولێر، تێدایە. کتێبەکە (٢٣٢) وەرەقەیە. ئەو کەسەی لەبەری گرتووەتەوە لە ساڵی (٦٤١ك/١٢٤٣ز)دا تەواوی کردووە، واتا دوای چوار ساڵ لە مردنی (ابن المستوفي)، بنۆڕە بڵاوکراوەی (اخبار التراث العربي) کە پەیمانگای دەستنووسەکانی سەر بە کۆمکاری عەرەبی لە قاهیرە دەری دەکات: - العدد/٢٢ لسنة ١٩٧٢ ص ٣ – (سامی الصقار)ی باڵیۆزی پێشتری عیراق لە یوگوسلاڤیا، پێش زیاتر لە سێ ساڵ دەستی کردووە بە ساغکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە کە بەشێکە لە نامەی دکتۆراکەی لە زانکۆی کەمبردج لە ئنگلستان لەسەر ماددەی (ابن المستوفي)، وەهاش چاوەڕوان دەکرا لە نیوەی ساڵی ١٩٧٣ تەواوی بکات.

(٣) عبدالرزاق الحصان، نظرة عابرة في شمال العراق، ١٩٤٠ ص ٥٨. بە قسەکانی (الحصان)دا دەردەکەوێت کە ئەم کتێبەی (ابن المستوفي)ی نەدیوە. ئەو، پێدەچێ، بەراستی ناونیشانی کتێبەکەی هەڵدابێ، بەڵام خەیاڵ و خەمڵە، نەیدیوە.

الخطيب البغدادي) و، بە کتێبی (تأريخ دمشق)ەکەی، (ابن العساکر) دەچوێنێت[١]، چونکە (ابن المستوفي) لاپەڕەکانی کتێبەکەی ـ بە چەشنی خاوەنی ئەو دوو کتێبەی باسمان کرد ـ بۆ باسی ڕەوشی هەولێرییە ناسراوەکان و باسی ئەوانەش کە هاتوونەتە ئەم شارە، تەرخان کردووە. دەشگێڕنەوە، دەڵێن: (سليمان ابن عبدالله بن أبي الحسن الزنجانی) کتێبەکەی (ابن المستوفي)ی کورت کردووەتەوە[٢].

لە بواری ئەدەب و زمانیشدا، (أبو البرکات) کتێبی (النظام في شرح شعر المتنبي وأبي تمام)ی بە دە جڵد داناوە، هەروەها کتێبی (اثبات المحصل في نسبة أبيات المفصل)[٣] بە دوو جڵد داناوە، باسی ئەو بەیتانەی تێدا دەکات کە (الزمخشری) [٤] لە کتێبی (المفصل في النحو)ەکەی خۆیدا بە بەڵگە و سەرچاوەی داناون. (ابن المستوفي) کتێبێکی دیکەی بەناوی (سر الصنيعة) و کتێبێکی تریشی بەناوی (أباقماش) داناوە، گەڵێ قسەی شۆخی و گاڵتە و گەپ و ئەدەبی تێدا کۆ کردووەتەوە[٥]. زیاتریش لەم

(١) عبدالرزاق الحصان، نظرة عابرة في شمال العراق، ١٩٤٠ ص ٥٨. بە قسەکانی (الحصان)دا دەردەکەوێت کە ئەم کتێبەی (ابن المستوفي)ی نەدیوە. ئەو، پێدەچێ، بەڕاستی ناونیشانی کتێبەکەی هەڵدابێ، بەڵام خەیاڵ و خەمڵە، نەیدیوە.

(٢) السخاوی، الاعلان بالتوبيخ، ص ١٢١.

(٣) (قطلوبغا) دەڵێت: (الحسن بن محمد بن الحسن بن حيدر) کە لە ساڵی (٦٥٠ك/١٢٥٠ز) لە بەغدا مردووە کتێبی (شرح ابيات المفصل)ی هەبووە، بنۆڕە: (تاج التراجم في طبقات الحنفية) ص ٢٤.

(٤)الزمخشری: (ابو القاسم محمود بن عمر بن محمد بن عمر الخوارزمي)یە، کەڵە زمانەوان و ڕێزمانزانی سەردەمی خۆیەتی، کتێبی (الکشاف) و (المحاجات في المسائل النحوية) و(الفائق) و (أساس البلاغة) و (المفصل في النحو) و دەیەها کتێبی دیکەشی داناوە (ت ٥٣٨ك/١١٤٤ز)، بنۆڕە: (وفيات الاعيان ٢٥٤/٤، ط ١٩٤٨).

(٥) ابن خلکان ٢٩٤/٣. اليافعي، مرآة الجنان ٩٥/٤ — ٩٦. ابن أبي عذيبة، انسان العيون ٣١٠. السيوطي، بغية الوعاة ٢٧٢/٢. ابن العماد، شذرات الذهب ١٨٧/٥. الخوانساري، روضات الجنات، ص ٦٥٧. لە قاهیرەش، لە دار الکتب المصرية، دوو وێنەی دەستنووسی جزمی یەکەمی کتێبی: (النظام في شرح المتنبي وابي تمام) هەیە، کە لە شەرحی شیعرە دالییەکاندا کۆتایی دێت، ٣٨٦ لەوحەی تێدایە، بنۆڕە کتێبی (فهرست المخطوطات)، فؤاد سيد، مطبعة دار الکتب، القاهرة ١٩٦٢، ص ٦٩.

(٥) ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ٦، ترجمة ابي البرکات المبارك.

کتێبانەی، قوتابیەکەی ناوی چەند کتێبێکی دیکەش دەڵێت کە دایناون وەك: (الممتع المزمن) و کتێبی (الخیل) و، (جامع الاوراق) و (قناعة الناصر وکفایة المحاضر) کە پڕن لە شیعری جوانی هەڵبژاردە، هەروەها کتێبی (مشارق الأنوار ومطالع العذار) [1]. جگە لەم کتێبانە، دیوانێکی شیعریشی هەیە، شیعری جوانی تێدایە[2]. ئەم دوو بەیتە: بە نموونە:

یارب قد عظمت جنایة عینه   وعتا بما أبداه من انواره
فاشف السقام المستکن بطرفه   واستر محاسن وجهه بعذاره

واتا:

تیری غەمزەی بێژە هەند کاریگەرە   خەنجەرە، تیغە، چەقۆیە، نەشتەرە
دەردە دارە، خوایە چاری کەی، بەسە   جوانی چی؟ داپۆشە ڕووی ئەم بێفەڕە

کاتێکیش شارانگەڕی بەناوبانگ (یاقوت الحموي) هاتە هەولێر، چەند چامەیەکی بە دەستی خۆی بۆ نووسی، ئەمەی خوارەوەش یەك لەو چامانەیە کە (یاقوت) باسی دەکات:

تذکرنیك الریح مرّت علیلةً   علی الروض مطلولا وقد وضح الفجرُ
وما بعدت دار، ولاشط منزلٌ   إذا نحن ادنتنا الأماني والذکر[3]

واتا:

دەمە دەمی بەیانی بوو سروەی شەماڵی خۆشمروور
بەسەر مێرگ و مێرغوزارا هێنای لە دوور

---

(١) ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ٦، ترجمة ابي البرکات المبارك.

(٢) المنذري، التکملة، بالرونیو، ١٦٢٨/٨. ابن خلکان، ٢٩٤/٣، ط ١٩٤٨. الذهبي، العبر، ١٥٦/٥. ابن أبي عذیبة، انسان العیون، ٣١٠.

(٣) یاقوت، معجم البلدان، ١/ ١٣٨.

شـــنەی تـــەڕ و، پـــڕ ئـــاونگ و بـــۆنی چـــنوور
دوو دڵ یـــــەك بـــــن، بـــــۆ منـــــەت بـــــن
نـــــەماڵ دووره، نـــــە مەنزڵگـــــە بـــــۆ ســـــنووره
رێ تەختانــــــــــه، بـــــــۆ خـــــــوار و ژوور
ئاســـــــــانه، رێگـــــــای بـــــــۆ فـــــــسوور.

هەروا ئەم شیعره ناسكەش، نموونەیەكە لە شیعرەكانی:

ومعانقي حـلو الشـمـائل أهيَفٍ	جمعت ملاحة كل شيء فيه
يختال معتدلاً فـان عبث الصبا	بقوامـه متعرضـــا يثنيـه
نشوان تهجم بي عليـه صبابتي	ويردني ورعـي فاستحييه
علقت يـدي بعـذاره و بخـدّه	هـذا اقبّلـه وذا أجنيــه
لو لم تخـالط زفرتي أنفاسـه	كانت تنم بنا إلى واشـيـه
حَسَدَ الصبـاح الليل لما ضمّنا	غيضاً ففرق بيننا داعيه[١]

واتا:

لـــــــه ئـــــــامێزه، روحـــــــی ســـــــووكه، قـــــــەد باریكـــــــه
ســـــیمای زێبایـــــه، بـــــەبێ ئـــــەو، ڕۆژی ڕوونـــــاكم تاریكـــــه
باڵا بەرزه، قیت و قنجه، بۆ منەته، كاتێ دێ و دەچی بە لەنجه لەسەر پەنجه
كـــە دەیبینـــم كەللـــەم مەســـته، ئـــاورم بـــەردەبی لـــە جەســـته
بـــــەڵام شـــــەرم و تەقیـــــه و حـــــەیا، كـــــەم فرســـــەتن
بـــــۆ مـــــرومتن. وەكـــــو شمـــــڕی شـــــووم نەگبـــــەتن... هتـــــد

چنگم گیركرد، هەم لە قژی، هەم لە كولمی، ئەمم ماچ كرد، ئەوم رنی، هەناسەمان تێكەڵ نەبا، تا بەیانی، هەموو عالەم پێی دەزانی بەیانی هات،

(١) ابن خلكان، ٢٩٥/٣.

لەداخی شەو، هەردووکمان دابڕاین لەخەو.

کەسانێ کە باسوخواسی (ابن المستوفي)یان نووسیوە، هەموویان تەکەز لەسەر توانستی ئەدەبی و پێگەی زانستیی دەکەن، المنذري ـ کە خۆی، ئیجازەی حەدیسدادانی لێ وەرگرتووە ـ دەڵێت: پیاوێکی چاك و زۆر لەبەر و، خۆشگوفتار و خەتخۆش بووە، ماڵەکەشی ببوو بە کۆڕی پیاو چاکان و غەریبان، (بە شێخی بەڕێزی کوڕی شێخی بەڕێز) ناوی دەبات[1]. (ابن خلکان)یش باسی ئاکار و، سەروسەختی لەگەڵ ئەدەب و ئەدیباندا دەکات و دەڵێت: سەرۆکێکی زۆر بە قەدر و بەحورمەت بوو، زۆر خاکەڕا بوو (متواضع)، چاوتێر و خواردەبوو، نانبدە بوو، هەر پیاو چاك و زانایەك بگەیشتابایە هەولێر، زوو سەری لێ دەداو، هەرچی شایانی بوایە، بۆی دەبرد، هەرچی حەزی لێبایە بۆی ئامادە دەکرد، بە تایبەتیش بۆ ئەدەبدۆستان، چونکە ئەدەبدۆستان لە لای ئەو بەبرەو بوون[2]. دەربارەی کلتوور و رۆشنبیریی ئەم ئەدیبە (ابن خلکان) دەڵێت: فەزڵ و چاکەی زۆر و پڕی هەبوو، چەندین هونەری دەزانی، وەکو، حەدیس و زانستەکانی حەدیس و، مامۆستایانی حەدیس و، ناوەکانیان و، هەرچی پێوەندیی بە حەدیسەوە هەبوو، ئەو، دەیزانی، بگرە، بۆخۆی ئیمامی حەدیس بوو. سەرباری ئەوەش لە هەموو هونەرەکانی ئەدەب و زمان و زانستی عەرووز و، بەیان و شیعریشدا بەهرەمەند بووە[3]. هەرچی (یاقوت الحموي) هاوزەمەنێتی کە سەری داوە لە هەولێر و، چاوی بەو ئەدیبە کەوتووە، ئەوە، ئەو دەڵێت: ئەدیبێکی راستەقینەو لە ئەدەبدا قووڵبین بووە، ئەدەبدۆستانی خۆشویستووە و، ئەوانی لەبەرتر راگرتووە و، حەدیسی زۆری لە

---

(١) المنذري، التكملة، ط بالرونيو ١٦٢٨/٨. الذهبي، العبر، ١٥٥/٥.

(٢) ابن خلكان ٢٩٤/٣. اليافعي، مرآة الجنان ٩٦/٤.

ابن ابي عذيبة، مخطوط (انسان العيون)، ٣١٠.

(٣) ن. م. ص.

میوانانی هەولێر بیستووە[١].

(ابن المستوفي) گەلێ، لە مامۆستایانی حەدیس و ئەدەب و رێزمان دەرسیان داداوە، یەك لە مامۆستاکانی (شێخ): (أبو عبدالله موفق الدین محمد بن یوسف البحراني الأربیلي) بووە کە لە ساڵی (٥٨٥ك/١١٨٩ز)دا مردووە[٢]. لەم شێخەوە فێری ئەدەب و شیعر بووە. (ابو الحرم مكي ابن ریان بن شبّه بن صالح الماکسینی) کە ئەدیب و رێزمانزانێکی ناودار و ناسراو بووە و لە ساڵی (٦٠٣ك/١٢٠٧ز)دا مردووە، ئەوە، ئەو لە موسل[٣]. دەرسی پێگوتووە. یەکێکی تر، لەو شێخانەی دەرسیان داداوە: (أبو حفص موفق الدین عمر أبن بکر محمد بن معمر البغدادي الدارقزی)ی[٤] حەدیسزان بووە کە لە ساڵی (٦٠٧ك/١٢١٠ز)دا لە بەغدا مردووە. ئەم (أبو حفص)ە سەری لە وڵاتی شام و جزیرە و هەولێریش دابوو. هەروەها (الفرضي محمد بن محمد بن أبي حنیفة البغدادي)یش مامۆستای بووە. (الصفدي) دەڵێت: (أبن المستوفي) بە دەسخەتی خۆی نووسیویە کە ئەم (الفرضي البغدادیە) ئەدەبی فێرکردووە، ئەم پیاوە شاعیریش بووە، ماوەیەك لە هەولێر ماوەتەوە، پاشان چووە بۆ شاری ئەسکەندەرییە لە میسر و، لەوێ، لەناو کەشتییەکدا لە ساڵی (٦٠٢ك/١٢٠٥ز)دا[٥] بن ئاو کەوتووە و مردووە.

بێجگە لەوانەی باسمان کردن، (ابن المستوفي) شێخی دیکەشی هەبوون[٦].

(ابن المستوفي) لە سەردەمی ئەتابەگیاندا وەزارەتی هەولێری گرتووەتە دەست[٧]

---

(١) یاقوت الحموي، معجم البلدان ١٣٨/١.

(٢) المنذري، التکملة، بالرونیو، ١٦٢٨/٨. ابن خلکان ١٠٢/٤.

(٣) ابن خلکان ٣٩٥/٤.

(٤) (دار القز): گەڕەکێکە لە بەغدا، ابن خلکان ١٢٤/٣.

(٥) الصفدي، الوافي جـ ١، ص ١٤٣ — ١٤٤. باسی ژیانی لە: مخطوط (عقود الجمان)، جڵدی (٦) بە سەردێڕی ژیانی (محمد بن محمد بن ابي حنیفه) هەیە.

(٦) المنذري، التکملة ١٦٢٨/٨.

(٧) سەیری بابەتی وەزارەت بکە.

بەڵام دوای ئەوەی کە موزەففەرەددین گۆکبوری لە ساڵی (٦٣٠ك/١٢٣٣ز)دا کۆچی دوایی کرد، ئەویش وازی لە وەزارەت هێناو، دەستی لەسیاسەتیش بەردا. کاتێکیش دوای مردنی سەرداری هەولێر، لەشکری (المستنصر) هەولێری داگیر کرد و، میر (شمس الدين باتكين بن عبدالله الرومي) حوکمی هەولێری گرتە دەست، ئەم، دەستبەجێ ناردی لە دووی (ابن المستوفي) و داوای لێ کرد تێهەڵبچێتەوە و وەزارەتی هەولێر بگرێتەوە دەست و، بشبێت بە جێگری خۆی لە کاروباری دیواندا و مووچەیەکی گەورەشی بۆ ببڕێتەوە، بەڵام (ابن المستوفي) ـ بە قسەی ابن الشعار ـ تووڕە بوو، داواکەی قبوڵ نەکرد، بە بیانووی ئەوەی کە توانای ئیشی نەماوە و، پیربووە و[1]، دەیەوێت لە ماڵ دەرنەچێ و بحەوێتەوە.

کاتێکیش، مەگۆلان لە ساڵی (٦٣٤ك/١٢٣٧ز)دا کەوتنە تاڵان و چەپاوڵی هەولێر (ابن المستوفي) لەگەڵ یاخیبوانی دیکەدا، لە قەڵا خۆی قایم کردبوو، کە دۆخەکەش هێور بووەوە و، ترسەکە ڕەوییەوە، (بدرالدين لؤلؤ)ی سەرداری موسڵ، حوشترو هێستری بۆ نارد کە ماڵەکەی بار بکات بچێت بۆ لای، بەم جۆرە، (ابن المستوفي) هەولێری بەجێ هێشت و بەرەو موسڵ کەوتەڕێ، لە موسڵ (بدرالدين لؤلؤ) پێشوازییەکی گەرمی کرد و ڕێزو حورمەتی لێ ناو، لە خانوویەکدا باری خست و دابەزی کە تایبەت بۆ ئەو[2] ئامادە کرابوو. (ابن المستوفي) باقیمەنی ژیانی لە موسڵ بەسەربرد و، لە ساڵی (٦٣٧ك/١٢٣٩ز)دا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی (السابلة) لە دەرەوەی دەروازەی (الجصاصة) بە خاکیان سپارد[3]

---

(١) ابن الشعار، عقود الجمان جـ ٦ (كورته باسى – أبي البركات المبارك)

(٢) م. ن.

(٣) ابن خلكان ٢/٢٩٨، ط ١٩٤٨.

(باب الجصاصين): دەروازەی سنجاریشی پێدەڵێن، کۆنترین دەروازەی شوورەی موسڵە، دەکەوێتە ڕۆژاوای شارەکە: (سوادي عبد محمد الرويشدى، إمارة الموصل في عهد بدرالدين لؤلؤ، ص ٢٧٢.

سێ: بنەماڵەی (إبن منعه):

لە ماڵباتە زانستدۆستە ناسراوەکانی تری هەولێر بنەماڵەی (ابن منعة)یە، کە ناوبانگیان لە زانست و وانە گوتنەوەدا، نەك تەنیا لە هەولێر ـ کە شاری خۆیانە ـ و نەك تەنیا لە موسڵیش کە بنەو بنکەی خۆیان بووە، بەڵکو لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا دەنگی دابووەوە. بەڵام ئەم ناوبانگە، وەختێ دەنگی دایەوە کە بنەماڵەکە لە هەولێر دەرچوون و بە جێیان هێشت، لەبەر ئەوە، بە کورتی ئاماژەیان پێدەدەین، تەنیاش ئەو لایەنەیان نەبێت کە پێوەندیی بە مێژووی کلتووری هەولێرەوە هەبووە.

یەکەم ناوداری ئەم ماڵباتە: (رضي الدين يونس بن محمد بن منعة بن سعد ابن عاصم الأربيلي)یە، کە ئەکا، باوکی هەردوو شێخی گەورە: (أبي حامد عمادالدين محمد) و (أبو الفتح كمال الدين موسى). (رضي الدين يونس) لە ساڵی (٥٠٨ك/١١١٤ز)دا لە هەولێر لەدایك بووە و، هەر لە هەولێریش پەروەردە و گەورە بووە، پاشان چووەتە موسڵ و ئنجا بەغداو، لەوێ لە قوتابخانەی (النظامية) دەرسی داوە و، دوایی دیسان گەڕاوەتەوە بۆ موسڵ و، هەر لە هەمان مزگەوتدا کە پاشان بە ناوی خۆیەوە دەناسرا، وانە گوتنەوەی پێ سپێردرا و، لە لایەن (زين الدين علي كجك)ی بریکاری ئەتابەگی موسڵ و (دامەزرێنەری ئەتابەگایەتیی هەولێر) ڕێزو حورمەتی زۆری لێ گیرا. ئیدی لەسەر ئەرك و فرمانی خۆی بەردەوام بوو، تا لە ساڵی (٥٧٦ك ـ ١١٨٠ز)دا کۆچی دوایی کرد[1].

بەڵام دوو کوڕەکەی، ئەوە، گەورەکەیان: (أبو حامد عمادالدين محمد) لە ساڵی (٥٣٥ك/١١٤٠ز)دا، لە قەڵای هەولێر، لەناو خانوویەکی بچووکدا لەدایك بووە. بەڵام ئەمیش وەکو باوکی و وەکو زۆربەی ماڵباتی (ابن منعة) تا لە هەولێر دەرنەچوو، دەنگی نەدایەوە و، تا نەبوو بە گەورە شەرعزانی زەمانی خۆی کەس پێی نەزانی.

---

(١) ابن خلكان ٢٥٢/٦. الاسنوبي، طبقات الشافعية ٥٦٩/٢.

(إبن خلكان) دەڵێت: (عمادالدين محمد) ئیمامی مەزەبزان و ئوصول و خلاف بووە. کتێبگەلێکی زۆری لە مەزەبزانیدا داناوە، یەك لەوانە، کتێبی (المحيط في الجمع بين المهذب والوسيط)ە، هەروەها کتێبی (الوجيز)ەکەی (حامد محمد الغزالي)یشی (ت ٥٠٥ك/١١١١ز) شەرح کردووە و، لە (جدل و عقيدة وخلاف)یشدا کتێبی هەیەو، بوو، بە خوتبەخوێنی مزگەوتی (المجاهدي) لە موسڵ و لە مەدرەسەکانی (النورية و العزية و، الزينية و النفيسية و العلائية)ی موسڵدا دەرسی گوتووەتەوە، بووەتە قازیی موسڵ[1]. (إبن الاثير) دەڵێت: (ئەوانەی، لەگەڵ ـ عمادالدين محمد ـ لە موسڵدا ژیاون، دەزانن کە زانای وەك ئەو نەبووە و، سەرۆکایەتیی شافیعییەکانیش کەوتە دەست ئەو) [2] شێخ (عمادالدين محمد) پاشان گەڕایەوە بۆ هەولێر، بەڵام نازانین چەند لە هەولێر مایەوە و، بۆ چ ئەرك و فرمانێك هاتبووەوە. هەر هەندە دەزانین کە (ابن خلكان) دەڵێت: رۆژێکیان چووە ناو ئەوماڵەی کە تێیدا لە قەڵا، لەدایك بووە و، بەم بەیتەی شوبهاند:

«بلادٌ بها نيطت عليّ تمائمي واولُ ارض مسّ جلدي ترابها» [3]

واتا: (وڵاتی خۆمە کە چاوەزاریان بە شان و باڵمدا هەڵواسی، یەکەم خاکیشە کە پێستی لەشم لێی کەوتبێ کاتێ لە داوێنی دایکمەوە کەوتوومەتە سەری).

پاشان گەڕاوەتەوە بۆ موسڵ و، لەوێ لە ساڵی (٦٠٨ك/١٢١١ز)دا مردووە[4]. بەڵام

---

(١) ابن خلكان ٣/٣٨٥.

(٢) ابن الاثير، الكامل ١٢/ ٢٩٨. ابن خلكان ٤/٣٨٦.

(٣) ئەم بەیتە شیعرە، شیعری (رقاع بن قيس الاسدي)یە: إبن منظور، لسان العرب ٧/٤١٨.

(٤) ن. م. ص. کورتەی ژیانی ئەم شەرعناسە (مەلایە) لەم سەرچاوانەدا هاتووە: سبط إبن الجوزي، مرآة الزمان ٨/٥٥٨ – ٥٥٩. المنذري، التكملة ٣/٣٦٨. ابو شامة، ذيل الروضتين، ص ٨٠. الذهبي، العبر، ٥/٢٨. المختصر المحتاج اليه ١/١٦٢. إبن الوردي، تأريخ ابن الوردي ٢/١٨٧. الصفدي ٥/٢٩٢. إبن قاضي شهبة، مخطوط (طبقات الشافعية، ورقة ٢١ – ٢٢).

کوڕی دووەمی شێخ (رضي الدين يونس) ئەوە، (أبو الفتح كمال الدين موسى)یە. ئەم (كمال الدينە) لە هەموو رۆڵەکانی بنەماڵەکە زیاتر دەنگی دایەوە، بنۆڕە: (قدري طوقان ٤٠٧) کە هزرمەندێك و زانایەکی بیرکاری و گەردوونە لە مێژووی ئیسلامدا، بەڵام ئەم مەسنەتەی لە دەرەوەی هەولێر پەیدا کردووە، لەبەر ئەوە، لەگەڵ ئەم شارەدا هیچ پێوەندییەکی راستەوخۆی کلتووریی نییە. ئەم لە موسڵ، لە ساڵی (٥٥١ك/١١٥٦ز)دا لەدایك بووە، هەر لەم شارەشدا لە ساڵی (٦٣٩ك/١٢٤١ز)دا مردووە و لە گۆڕستانی بنەماڵەکەی خۆیدا، لای گۆڕی (غسان) لە دەرەوەی (دەروازەی عیراق) نێژراوە[١]. لە بارەی پێگە و جێگەی ئەم زانایەوە، ئەوەندەی بەسە کە (ابن أبي أصيبعة) دەڵێت: (کەڵە زانای زەمانی خۆی و سەردەستەی هەڵکەوتوانی هاوتەمەنانی خۆی بووە) [٢]. ئەو زانستەی ئەم کۆی کردووەتەوە، کەس کۆی نەکردووەتەوە. دەشڵێن بیست و چوار زانست و هونەری بە باشی زانیوە و، (ابن خلكان) هەمووی، یەکەیەکە ژماردووە[٣]. دیاریشە باوکی (ابن خلكان) لەگەڵ (كمال الدين موسى)دا دۆستایەتییەکی پتەویان لە نێواندا هەبووە[٤]. ئەم مێژوونووسە زۆر جاران لە هەولێرەوە هاتووەتە لای بۆ موسڵ. (ابن خلكان) لە رەمەزانی ساڵی (٦٢٦ك/١٢٢٩ز)دا کە بە رێوە بوو بچێت بۆ حەڵەب دیسان لەگەڵیدا یەکیان گرتەوە، بەڵام دەرفەتی ئەوەی بۆ نەرەخسا، شتێك لە زانستەکەی وەربگرێت[٥] لەگەڵ ئەوەشدا، هەر بە پێشەنگی زانستی دەزانی و هەر خۆشی دەویست و رێزی لێ دەگرت، هەندەی بە دڵدا چووبوو، کە لە ساڵی (٦٥١ك/١٢٥٣ز)دا نۆبەرەیەکیان (البكر) بوو، بەناوی ئەوەوە

---

(١) ابن خلكان ٤٠١/٤.

(٢) ابن ابي اصيبعة، عيون الانباء في طبقات الاطباء جـ ٦، ف ٢ ص ٣٣٧. (القزويني)یش لە (آثار البلاد)مكەیدا، هەر وەها دەڵێت: ص ٤٦٣.

(٣) إبن خلكان ٢٩٧/٤.

(٤) م. ن. ص، ٢٩٦.

(٥) م. ن. ص.

ناوی نا[1] (كمال الدين موسی). پێدەچێ (أبو الفضل شرف الدين موسی احمد)ی كوڕی (الشيخ كمال الدين موسی) لەڕووی مێژووی كلتوور و ڕۆشنبیریی هەولێرەوە، بەناوبانگترینی زانایانی ماڵباتی (إبن منعة)ی هەولێری بووبێت. ئەم لە هەولێر، لە قوتابخانەی (المظفرية)دا، بۆ گوتنەوەی وانەكان، جێگای شەرعزان (بهاءالدين محمد بن إبراهيم)ی باوكی (إبن خلكان)ی مێژوونووسی گرتەوە كە لە ساڵی (٦١٠ك/١٢١٣ز)دا مرد. (إبن خلكان)ی مێژوونووس كە هێشتا منداڵ بوو، لە وانەكانی مەلا (شرف الدين احمد)دا، ئامادە دەبوو، دەڵێت: كە، نەیبیستووە هیچ كەسێك وەكو ئەو مەلایە دەرس بڵێتەوە[2]. تا ساڵی (٦١٦ك/١٢٢٠ز)یش، لە هەولێردا، هەر دەرسی دەگوتەوە، ئنجا چوو بۆ موسڵ، لەوێ ئەركی وانە و دەرسیان، لە قوتابخانەی (القاهرية)دا پێ سپارد، تا لە ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز)دا كۆچی دوایی كرد.

(شرف الدين احمد) ئیمامێكی گەورە بوو، كتێبی (التنبيه في فروع الشافعية)ی شێخ (أبو اسحاق ابراهيم ابن علي الشيرازي) (ت ٤٧٦ك/١٠٨٣ز)ی شەرح كردووە. ئەم كتێبە گرنگترین كتێب بووە، تا ئەو كاتە، لە زانستی شەرعی شافعیدا نووسرابوو، كتێبێك بوو، زۆر بە برەو، هەمیشە لەناو زانایاندا دەساودەس دەكراو

---

(١) وەك (ابن خلكان) ئەوەی لە كتێبەكەی خۆیدا، باس كردووە. بنۆڕە: (وفيات الأعيان) ط/بيروت ١٩٧٠ جـ ٥ ص ٣١٧. دەڵێن ئەم كوڕە: (كمال الدين موسى ابن خلكان) كە گەورە بوو، كتێبەكەی باوكی كورت كردەوە و ناوی نا (المختار من وفيات الاعيان) و لە ساڵی ٧١٧ك/١٣١٧ز)دا ئەویش — وەك (العسقلاني) لە كتێبی (الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة) ١٤٣/٥ ئاماژەی پێدەدا — كۆچی دوایی كردووە.

باسی كورتەی ژیانی شێخ (كمال الدين موسى ابن منعة) لەم سەرچاوانەدا ئاماژەی پێدراوە: (المنذري، التكملة ١٦٩٣/٨. الحوادث الجامعة ١٤٩. الذهبي، العبر، ١٦٣/٥. السبكي، طبقات الشافعية ١٥٨/٥ — ١٦٢. اليافعي، مرآة الجنان، ١٠١/٤ — ١٠٣. سەیری ئەو ژیاننامە دوور و درێژەشی بكە كە (قدری طوقان) لە (تراث العرب العلمي في الرياضيات والفلك)دا، ٣٤٤ — ٣٤٨، نووسیویەتی.

(٢) إبن خلكان ٩٠/١.

بەرنەدەکەوت[1]. (شرف الدین أحمد) لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا کە لە هەولێر مایەوە، دەستی کرد بە نووسینەوەی شرۆڤەی ئەم کتێبە. کتێبەکەی ئیمام (أبي حامد الغزالی)یشی، واتا کتێبی (إحیاء علوم الدین)یشی لە دوو کورتکراوەی قەبارە جیاوازدا کورت کردەوە. (ابن خلکان) ئەم شەرعزانە بە (پیاو چاکی جیهان[2]) وەسف دەکات. وا دیارە سوودی کلتووریی زۆر بە خەڵکی هەولێر بەخشیوە.

زانایەکی دی کە جێگەی بەرچاوی لە مێژووی کلتووری هەولێردا هەبووبێت، (أبو العباس الخضر بن نصر بن عقیل بن نصر الأربیلی الفقیه الشافعی) بووە، لە ساڵی (٤٧٨ك/١٠٨٥ز)دا لە هەولێر لەدایك بووە[3]. گەورە بوو، هەولێری بەجێ هێشت و رووی لە بەغدا کرد، لەوێ لەلای (الکیا الهراسي) (ت ٥٠٤ك/١١١٠ز) [4] کەوتە دەرسخوێندن و، هەروەهاش لە لای (ابن الشاشي ت ٥٠٧ك/١١١٣ز) [5]. پاشان گەڕایەوە بۆ نیشتمانی خۆی و، خووی دایە وانە گوتنەوە. ئەوەبوو، (أبو منصور سرفتگین الزیني)ی بریکاری (زین الدین علي کچك) قوتابخانەکەی قەڵای لە ساڵی (٥٣٣ك/١١٣٨ز)دا بۆ بنیاد نا و، (أبو العباس الخضر) یەکەم کەس بوو کە دەرسی تێدا گوتەوە، (دەرسی مەزهەب و فەرزەکان و الخلاف)ی[6] دادەدا. لەبەر ئەوە پلەی لە

---

(١) حاجی خەلیفە، کشف الظنون ٤٨٩/١.

(٢) ابن خلکان ٩١/١. ئەم زاتانەش لە کتێبەکانی خۆیاندا ئاماژەیان بە (شرف الدین) داوە: المنذري، التکملة ١٢٢٦/٦. الذهبي، العبر، ٨٨/٥. الصفدي، الوافي ٢٠٢/٨. الیافعي، مرآة الجنان ٥٠/٤ – ٥٢. السبکي، طبقات الشافعیة الکبری ١٧/٥. الأسنوی، طبقات الشافعیة، ٥٧٢/٢ – ٥٧٣. ابن کثیر، البدایة والنهایة ١١١/١٣ – ١١٢.

(٣) إبن عساکر، التأریخ الکبیر (تهذیب ابن عساکر) ١٦٦/٥.

إبن خلکان ١١/٢، ط ١٩٤٨.

(٤) إبن خلکان ٤٤٨/٢، ط ١٩٤٨.

(٥) ن. م. ٣٥٦/٣.

(٦) ابن عساکر، م. ن. ص.

ئەمارەتەکەدا دای لە بەرزی و، خەڵکێکی زۆری هەولێر و جێگایانی دیکەش سوودیان لێی بینی.

(أبو العباس الخضر) گەلێ کتێبی لەسەر تەفسیر و زانستی شەرع و بابەتی تر دانا، کتێبێکیشی هەبوو، بیست و شەش وتاری (خوتبەی) پێغەمبەری (د.خ) تێدا نووسیبوو کە لە سەرچاوە بەرز و راستەقینەکانەوە وەرگیرابوون. تا ماوەیەك هەولێری بەجێ هێشت و، لە دەرەوەی شاری دیمەشق، لە ئەشکەوتێکی چیای (الربوة)دا[1] خەلوەی گرت و دابڕا، پاشان گەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی و لە ساڵی (٥٦٧ك/١١٧١ز)دا کۆچی دوایی کرد و، لە مەدرەسە کۆنەکەی خۆیدا، کە هەر بەناوی خۆیەوە ناونرابوو (مدرسة العقيلية). لە ژێر گومەزێکی بچووکدا، لە گۆڕەپانەکەی هەولێر بە خاکیان سپارد[2].

بە مردنی (أبو العباس الخضر)، (أبو القاسم عزالدين نصر ابن عقيل بن نصر)ی برازای لە گوتنەوەی وانەکاندا، جێگای گرتەوە، کە لە ژێر دەستی مامیدا دەرسی خوێندبوو. ئەم (عزالدين نصر)ە، چوو بۆ بەغدا و، لەوێ لە قوتابخانەی (النظامية)دا خوێندی، پاشان گەڕایەوە بۆ هەولێر و، دەستی کردەوە بە وانە گوتنەوە و، مایەوە تا دەوروبەری ساڵی (٦٠٢ك/١٢٠٥ز)[3]، ئیدی لەو ماوەیەدا موزەففەرەددین گۆکبوری، لێی نیگەران بوو، لە هەولێر دەری کرد و، ناچار چوو بۆ موسڵ، برادەرێکی شاعیری هەبوو بە ناوی (أبو الدر ياقوت الرومي - ت

---

(١) ابن خلكان ص. ن.

(٢) إبن خلكان ١١/٢. ئەم شەرعزانە، باسی کورتەی ژیانی، لەم سەرچاوانەدا هەیە: السبكي، طبقات الشافعية ٢١٨/٤. الأسنوي، طبقات الشافعية ١١٨/١. الصفدي، مخطوط الوافي بالوفيات ١٨/٨. ابن كثير، البداية والنهاية ٢٨٧/١٢.

(٣) ابن خلكان، وەها دەڵێت: بنۆڕە (وفيات الاعيان) ١١/٢، ط ١٩٤٨. بەلام (الاسنوي) دەڵێت: تا دوای ساڵی (٦٠٠ك/١٢٠٣ز)یش، لە هەولێر، هەر بە فەتواو دەرسەوە خەریك بووە: بنۆڕە (طبقات الشافعية) ١٢١/١.

٦٢٢ك/١٢٢٥ز)[١] لە بەغداوە ئەم شیعرەی نووسی و بۆی نارد:

ایا ابن عقیل لا تخف سطوة العدا ... وإن ظهرت ما أضمرت من عنادها
واقصتكَ یوما عـــن بلادك فتیة ... رات فیك فضلاً لم یكن في بلادها
كذا عــادة الغربان تكره أن تـرى ... بیاض البزاة الشهب دون سـوادها

واتا:

دوژمن باکینــەی لە دڵ دەربێنێ ... مەترسە هەر خۆی شکست ئەهێنێ
ئەمڕۆ کە تۆیان لە وڵات دەرکرد ... شەرەف هی تۆیە، نامەردییان کرد
قەلە ڕەش رقی لە سپی و گەشە ... رقی لە پیاوی وەك تـۆ سەرکەشە

مەبەستی لەوانەیە کە لە لای سەرداری هـەولێر بۆیـان تێـچاندووە و، دڵیـان لێـی ڕەش کردووە[٢].

کـاتێکیش (أبـو القاسـم) گەیـشتە موسـڵ، (نورالـدین أرسـلان شـاە)ی ئـەتا بـەگی موسڵ بەخێرهاتنی کـرد و، ئـەوەی بـاش بێـت بـۆی کـرد و پێداویـستی بـۆ فەراهـەم کرد[٣]. ئنجا لە هەوارگەی (ابن الشهرزوري) لە دەرەوەی شار دانیشت و لەوێ مایەوە، تا لە ساڵی (٦١٩ك/١٢٢٢ز)دا گیانی سپارد[٤].

(ابو القاسم عزالدین نصر) کوڕێکی هەبوو بە ناوی (شرف الدین محمـد) لـە ژێـر دەستی خۆیدا دەیخوێند و، هەر لەخۆی دەرسی ئوسـوڵ و خـلاف و زانـستی شـەرعی وەرگرت و، لە لای مـەلا (عمادالـدین بـن یـونس بـن منعـة)ی نـاوبراویش ـ کـە ئـەکا، خاڵۆزای ـ دەیخوێند، هـەروەها، لـە لای (أبـو الحـرم مكي ابـن ریـان الماكسیـني)یـش[٥]

(١) لە (وفیات الاعیان)یشدا، ژیاننامەی هەیە، ٥/١٧٣ — ١٧٧، ط ١٩٤٨.

(٢) إبن خلكان ٢/١١.

(٣) ن. م. ص: ١٢. الأسنوي ١/١٢١.

(٤) نفس المصدرین. لەم سەرچاوانەشدا، باسی هاتووە: السبكي، طبقات الشافعیة الكبرى، ٥/١٦٣. ابـن العماد، شذرات الذهب ٥/٨٦.

(٥) إبن خلكان، ص. ن.

(ت ٦٠٣ك/١٢٠٦ز) دەرسی خوێندووە و، لە هۆنینەوەی شیعریشدا، نەخوازەلا لە شیعری (الدوبیت) [١] (واتا لە چوارخشتەکیدا) دەستی بالای هەبووە. لە جیاتی باوکیشی، کردیان بە مەلای (مدرسة العقیلیة). پاشان، لە هەولێر باری کرد و، لە ئامەد گیرسایەوە و، پاش ماوەیەکیش چوو بۆ ولاتی شام و، لەوێشەوە بۆ میسر. ئنجا گەڕایەوە بۆ هەولێر و، لەنێوان هەولێر و موسڵدا دەهات و دەچوو. وادیارە ئەم جۆرە ژیانەشی بەدڵ نەبووە، لەبەر ئەوە، هەستا، رووی لە دیمەشق کرد و، لەوێ لە لای سەرداری دیمەشق (الملك الأشرف الأیوبي موسى ابن الملك العادل) گیرسایەوە و، خووی دایە ژیانی سەربازی و، بەرگی سەربازیی پۆشی[٢]. لە ساڵی (٦٣٣ك/١٢٣٥ز)دا کۆچی دوایی کرد و، لە گۆڕستانی سۆفییاندا بەخاکیان سپارد[٣].

شێخ (أبو العباس احمد بن عثمان بن أبي علي بن مهدی الکوردی الزرزاری)یش یەکێك بوو لەو حەدیسخوانانەی لە هەولێردا کەوتنە بەرچاو. ئەم شێخە بە هەموو شارەکانی ئیسلامدا دەگەڕاو بە دووی حەدیسدا وێڵ بوو. چوو بۆ بەغدا، لەوێ، لە لای (أبو الفضل احمد بن طاهر المیهني) و، (أبی الکرم المبارك بن الحسن الشهرزوري) و مامۆستایانی دیکەدا، گوێی لە حەدیس را دەگرت. ئنجا، چوو بۆ (أصفهان) گوێی لە (أبو القسم هبة الله بن محمد بن حنة العدل) را دەگرت. لەوێشەوە، چوو بۆ شاری هەرات و، گوێی بۆ، حەدیسخوان (أبو الوقت عبدالاول بن عیسى بن شعیب الصوفي) شل دەکرد[٤]. هەروەهاش، سەری لە خۆراسان و لە کرمانیش داوە[٥]. ئنجا گەڕایەوە بۆ هەولێر و، دەستی کرد بە وتنەوەی حەدیس و،

---

(١) (الدوبیت) = دوو بەیتی – بە کوردیی خۆمان پێی دەڵێین (شیعری چوارینە - چوارخشتەکی).

(٢) ابن الشعار، عقود الجمان ١٤٢/٦.

(٣) ابن خلکان ١٢/٢.

(٤) ابن الدبیثي الواسطي (ت ٦٣٧ هـ/١٢٣٩ز) مخطوط ((التأریخ المذیل به على تأریخ بغداد، لابي سعد السمعاني، نسخة مصورة بالفوتستات، مجلد ٢، ورقة (٦٠). المنذری، التکملة ٤٢٦/١.

(٥) ابن الدبیثي، م. ن. و.

چـەند جـارانیش هاتوچـۆی موسـڵی دەکـرد. سـەرەنجام لـە هـەولێر بـە تـەواوەتی گیرسایەوە و، لەساڵی (٥٩١ك/١١٩٥ز)دا[1]، هەر لەم شارە، سەری نایـەوە و، لـە دەرەوەی شار، بـەلای ڕۆژهەڵاتـی شـاردا بـە خـاك سـپێردرا و، پاشـان گـەڵێ مـردووی دیکـەش لـە دەوروبـەری گۆڕەکـەی نێـژران و، بـوو بـە گۆڕسـتانێکی گـەورە و، بـە نـاوی ئـەم حەدیسخوانەوە ناونرا گۆڕستانی (الزاهد احمد الزرزاري). کاتێکیش، (أبـن الـدبيثي) سەری لە هەولێر دابوو، گوتی: (گـوێم لێ بـوو کۆمـەڵێ لـە خـەڵکی هـەولێر و موسـڵ ستایش و باسی پیاوچاکییان دەکرد) [2].

حەدیسخوانێکی تر بە ناوی (أبو الفضل ألياس بن جامع بن علي الأربيلي) کە لـە ساڵی (٥٥١ك/١١٥٦ز)دا لەدایك بووە، ئەویش حەدیسخوانێکی دیار و ناسـراو بـووە. کـە تەمەنی لە بیست و یەك ساڵ ترازا، بۆ زیـاتر فێربـوونی حـەدیس، هـەولێری بـەجێ هێـشت و، ڕووی لـە بەغـدا کـرد، لـەوێ، لـە (المدرسـة النظاميـة) خـۆی بـۆ خوێنـدنی حەدیس و زانستی شەرع تەرخان کرد و[3]، گوێی لە حەدیسی زۆر دەگرت و، سـوودی لەم زاتانە بینی: (فخر النساء شهدة بنت أحمد الأبرى (ت ٥٧٤ك/١١٧٨ز)و، (الأسـعد بـن يلـدرك الجبريلـی (ت ٥٧٤ك/١١٧٨ز) [4] و، (شـافع بـن صـالح بـن شـافع بـن حـاتم الجبلـي البغدادي) (ت ٥٧٥ك/١١٧٩ز)و[5]، (عبدالله بن محمد بن جرير بن أبي الحسن القريـشي) (ت ٥٨٢ك/١١٨٦ز)و[6]، مامۆسـتایانی زۆری دیکـەش[7]. تـا بـووە شـەرعزانێکی

---

(١) هەمان دوو سەرچاوە و، دوو لاپەڕەکە.

(٢) ابن الدبيثي، ن. و.

(٣) ن. م ٢، ورقـة (١٣٧). ابـن الـشعار، عقـود الجمـان، ترجمـة ألیـاس بـن جـامع، جـ (١)، لـە (ابـن المستوفي)یەوە، وەرگیراوە.
المختصر المحتاج ٢٥١/١.

(٤) ابن الدبيثي، م. ن. و. المنذري، التكملة ٩٤/٣.

(٥) الذهبي، المختصر المحتاج ١٠٢/٢.

(٦) ن. م، ١٥٧/٢.

(٧) المنذري، التكملة ٩٥/٣.

حەدیسخوانی پڕ هیممەت و فرە نووس (كثير الكتابة) و فرمزان[١]. پاشان گەڕایەوە بۆ هەولێر و دەستی کرد بە وانە گوتنەوە و گێڕانەوەی حەدیس و دۆزینەوەی مەتەڵ و دانانی قسەی نەستەف (يخرج التخاريج) و، حەدیسێکی زۆری کۆکردەوە و، تەنیا هەر ئەویش بوو کە شەرتوشرووتی زۆری لەسەر دادەنا «واتا بەند و بەستی زۆری (ضوابط) بۆ دڵنیایی، لەسەر حەدیسەکان دادەنا» و، خەڵکێکی زۆری شارەکە و میوانانیش گوێیان لێی ڕادەگرت[٢].

وادیارە ئەم شەرعزانە (مەلایە) هەوای زانینی مێژوویشی کەوتبووە سەر و، کتێبی لەسەر مێژوویش دادەنا و[٣]، دەستی شیعریشی هەبوو، ئەوەتا، لە شیعرێکیدا دەڵێت:

ومستعذبُ التعذيبَ جوراً بصدِّه ... امالك في شـــرع المحبّة زاجرُ

هنيئاً لك القلب الذي قد وقفته ... على ذكر ايامى وانت مســافرُ

فلا فارق الحـزنُ المبرح خاطري ... لبُعدك حتى يجمع الشملَ قادرُ

فــان مت فالتسليمُ مني عليكم ... يعاودكـم ما كبّر الله ذاكــرُ[٤]

واتا:

بۆچی پێتخۆشە دەردی کاری کەی ... شـــەرعی دڵداری، نادیاری کــــەی

دڵەی کۆڵەوار، تــۆ گیرۆدەت کرد ... پڕ کەدەرت کرد، خۆت سەفەرت کرد

خـــەم و خەیاڵی ڕێگاکەی دووری ... کوانێ دەلیلێ، بێنێ ســـەبــووری؟

کە مردم، ســـڵاو لە هەموو یاران ... هەتا بانگی هەق مابێ وەك جـــاران

(١) إبن الدبيثي، التأريخ المذيل: و. ن.

(٢) ن. م. و، ابن الساعي، الجامع المختصر ١٦٥/٩. ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ١ ترجمة الياس بن جامع المنذري، التكملة ٩٥/٣. الذهبي، المختصر المحتاج ٢٦٠/١. الاسنوي، طبقات الشافعية ١٢٦/١.

(٣) إبن كثير، م. ن. ص.

(٤) إبن الساعي، الجامع المختصر ١٦٥/٩. إبن كثير، م. ن. ص.

(ابو الفضل الياس) لە ساڵی (٦٠١ك/١٢٠٤ز)دا کۆچی دوایی کرد و، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی دەرەوەی[1] شار، لە نزیک گۆڕستانی (الزاهد احمد الزرزاری) بە خاکیان سپارد.

لە بواری شەرعزانی و ڕێزمانیشدا، باسی (أبو سعيد محمد بن علي بن عبدالله بن احمد بن جابر الجاوانی[2] الأربلي الحلي) دەکەین:

(السيوطي) لە کتێبی (تأريخ أربل)ەکەی (إبن المستوفي)یەوە، وەردەگرێت و دەڵێت: (أبو سعيد) ئیمامێکی زانا بوو لە ڕێزمان و شەرعیشدا، کتێبی زۆریشی داناوە[3]. دوای ئەوەی لە ژێر دەستی (علي الحريري)دا[4](مقامات)ی خوێند، هەستا کتێبێکی بەناوی (شرح المقامات)، دانا. کتێبی (الذخيرة لأهل البصيرة) و، (البيان لشرح الكلمات) و، (المنتظم في سلوك الأدوات)یشی دانا. لەم کتێبەی دواییناندا، ئەوەی لە ڕێزماندا، زەحمەت و کێشەی مانای تێدا بێت، هەمووی باس کردووە. کتێبی (عيون الشعر) و (الفرق بين الراء والغين)یشی داناوە[5].

(أبو سعيد) ماوەیەکی زۆر لە هەولێر دادەنیشت، پاشان ڕووی کردە وڵاتی فارس، دیسان دوای ماوەیەک گەڕایەوە بۆ هەولێر و، لە ساڵی (٥٦١ك/١١٦٥ز)دا، واتا لە سەردەمی حوکمی (مجاهدالدين قايماز) لە (خفتيان) مرد و، تەرمەکەیان برد بۆ

---

(١) إبن الدبيثي، التأريخ المذيل، و. ن. ابن الشعار، عقود الجمان، و. ن.

(٢) سەر بە ئێڵی کوردی جاوانییانە، کە شاری (حلة)یان کردووە بە نشینەی خۆیان. سەیری وتارەکەی دکتۆر (مصطفى جواد) بکە، کە لە گۆڤاری (المجمع العلمي العراقي)دا بە ناونیشانی (جاوان القبيلة الكوردية المنسية) نووسیویەتی: مجلد ٤ جـ ١ ساڵی ١٩٥٦، ص ٨٤ — ١٣١.

(٣) السيوطي، بغية الوعاة ١٨٢/١.

(٤) (القاسم بن علي بن محمد بن عثمان الحريري البصرى)یە، خاوەنی ئەو مەقامانەیە کە بە ناوی خۆیەوە بەناوبانگە (ت ٥١٦ك/١١٢٢ز). ابن خلكان ٢٢٧/٣ — ٢٣١.

(٥) الصفدي، الوافي ١٥٥/٤. الأسنوي، طبقات الشافعية ٣٦٧/١. الخوانساري، روضات الجنات ٥٠٤.

(البوازیج) و[١]، لەوێ ناشتیان. ئەم دوو بەیتەش، نموونەیەکە لە شیعرەکانی:

دعاني من ملامكما دعاني
فداعي الحب للبلوى دعاني
اجاب له الفؤاد ونوم عيني
وسارا في الرفاق وودعاني[٢]

واتا:

گلەو، داوایی و، بەلاو، بەدسازی
جەم بوون بە بۆنەی دڵ و دڵخوازی
سۆمای چاو و، دڵ، بەبێ جیاوازی
دووی یاران کەوتن دوای دۆعاخوازی

لەو سەردەمەدا، ئەدیبگەلێکی زۆر هاتنە کایەوە. هەندێکیان گەیشتنە پلەیەکی بەرز، بە تایبەتیش لە هۆنینەوەی شیعردا، بگرە، زۆریش لەوانەی لە بواری دیکەدا کاریان دەکرد، شیعریشیان دادەنا، کە ئەوەبوو باسی هەندێکیانمان کرد. لێرەشدا، باسی سەردەفتەرەکانی ئەو شاعیرانە دەکەین کە لە هەولێردا هەڵکەوتوون:

(أبو يحيى حسام الدين عيسى بن سنجر بن بهرام بن خمارتگين ابن طاشتكين الحاجري الأربلي) ئەگەر سەردەفتەری هەموو شاعیرەکانی هەولێر نەبووبێت، یەکێك بووە لە شاعیرە گەورەکان، بە تایبەتیش لە شیعری دڵداریدا، بەوە ناسرابوو کە شیعر و مەقامی مەووال و چوار خشتەکیی دەنووسی[٣]. ئەم سێ جۆرە شیعرەش لە

---

(١) السيوطي، ص. ن.

البوازیج: شارۆچکەیەکی نزیك بە تکریتە، دەکەوێتە سەر ڕێژگەی زابی خواروو، لەوێ دەڕژێتە دیجلەوە، سەر بە موسڵە: (ياقوت الحموي) معجم البلدان ٥٠٣/١.

(٢) الصفدي، ص. ن.

(٣) الدوبيت: چوارینە (چوارخشتەکی): خۆی، دوو بەیتە، لەبەر ئەوە، فارسەکان (دوو بەیت)ی پێدەڵێن، بەڵام هەندێ کەس بە چوار (شطر) واتا بە چوار (نیوە بەیت)ی دەزانن. لەبەر ئەوە بە (چوارینە)یان ناو ناوە. بنۆڕە: براون (تأريخ الادب في ايران من الفردوسي الى الشيرازي) ص ٤٨. سەیری (نظرية الفن المتجدد)ەکەی (عزالدين الامين)یش، لاپەڕەی ١١ بکە.

دیوانەکەیدا هەیە[١]. (إبن خلكان) دەڵێت: (الحاجري) هەموو ئەم شێوە شیعرانەی وەها بە چاکیی زانیوە، وێنەی نەبووە. جگە لەوە، بە ئاهەنگی (كان وكان)ەیش واتا (هەبوو، نەبوو) [٢] شیعری گوتووە. (إبن تغري بردي)یش دەڵێت (الحاجري) ئەدیبێکی قسە خۆش و رەوانبێژ بووە و، شیعرەکانیشی ناسك و هاوئاهەنگ بوونە[٣]. بەڵام (كمال الدين ابن الشعار)ی هاوچاخی، دەڵێت: (الحاجري) شاعیرێکی رەسەن بووە و، شیعرەکانی تام و کامێکی خۆشی هەیە[٤]. دوو دیوانی دیکەی بە ناوی (مسارح الغزلان الحاجرية) [٥] و (نزهة الناظر وشرح الخاطر)یشی[٦] هەیە. (إبن

---

(١) (إبن خلكان) كە باسی ئەم دیوانە دەکات، دەڵێت: دیوانێکی بە ناوبانگی شیعرە و، بە دەست خەڵکەوە، زۆر بەرچاو دەکەوێت: (وفيات الاعيان) ٣/١٧٠. بنۆڕە (النجوم الزاهرة) ٦/٢٩٠. لە کتێبخانەکەی مۆزەخانەی عیراق لە بەغدا، دانەیەك دیوانی بچووك هەیە، دیوانی ئەم شاعیرەیە، بەڵام بەرواری چاپکردنی لەسەر نەنووسراوە و، هەموو شیعرەکانیشی تێدا نییە و، کراوە بە حەوت دەروازە، (عمر بن محمد بن عمر الحسيني الدمشقي) شیعرەکانی کۆکردووەتەوە و لە چاپی داوە. (جرجي زێدان)یش دەڵێت: دیوانی (الحاجري) ساڵی (١٣٠٥ك/١٨٨٧ز) لە میسر لە چاپ دراوە، بنۆڕە: (تأريخ آداب اللغة العربية) ٣/٢٥. القس سليمان الصائغ، تأريخ الموصل ٢/١٠٧. (اسماعيل البغدادي)یش ئەم دیوانەی ناو ناوە ((بلبل الغرام الكاشف عن لثام الانسجام)). بنۆڕە: هدية العارفين ١/٨٠٩.

(٢) (كان وكان) وەك (هەبوو، نەبوو)ی کوردی، دیارە جۆرە شیعرێکی میللی بووە، لە سەرەتادا لە چیرۆك و خەیاڵکردی پڕو پوچدا هاتووە و، ناونراوە: (كان وكان) بنۆڕە: د. احسان عباس في (وفيات الاعيان) ط بيروت، جـ ٣، ص ٥٠١/الهامش

(٣)النجوم الزاهرة ٦/٢٩٠.

(٤) مخطوط (عقود الجمان) ٥/٢٤٠.

(٥) وەك (جرجي زيدان) لە (تأريخ آداب اللغة العربية) ٣/٢٥ گوتوویەتی. هەروەها دەڵێت: ئەم دیوانە، دەسنووسە و، ئێستا لە (المكتب الهندي)یە لە لەندەن. القس سليمان الصائغ، تأريخ الموصل ٢/١٠٧. خيرالدين الزركلي، الاعلام (قاموس تراجم) ط ٢، جـ ٥، ص ٢٨٧.

(٦) وەك (الزركلي) لە (الأعلام)دا، ن. ص، گوتوویەتی (دەسنووسە). (احمد بن محمد ابن علي الأنصاري اليمني) لە کتێبی (حديقة الافراح)دا، هەندێ شیعری دیکەی باس کردووە، ئەو سەرچاوانە باسیان نەکردووە. بنۆڕە: ص ١٥٠ — ١٥٢.

خلكان) کە لە هەولێر بوو، بەر لەوەی هەولێر لە ساڵی (٦٢٦ك/١٢٢٩ز)دا بەجێ بهێڵێ، دۆستایەتییەکی گەرمی لەگەڵ (الحاجري)دا هەبووە، دەڵێت: (هەڤاڵ و برادەرم بوو) [(١)]. بە بێ (هەڤاڵ و برادەریش) ناوی نابات و لە هەر جێگایەکدا ناوی هێنابێت، گوتوویەتی: (الحسام عیسی... الحاجریی برادەرم) [(٢)]. گەلێکیش لە شیعرەکانی باس کردووە، بە نموونە، ئەم بەیتانەی لەسەر دووریی یار داناوە:

ولما التقينا ومرّ الزمان رأى دمعَ عيني دماً في المآقي
فقال: وعهدي به لؤلؤاً يجري عقيقاً وهذا التلاقي
فقلت: حبيبي لا تعجبن جعلت فدى لك ميتاً وباقي
فتلك اوائل دمع الوداع وهذا أواخر دمع الفراق[(٣)]

واتا:

فرمێسکی یەکەم وەك تەرزە پڕ بوو
بۆ، بوو بە یاقوت، تەرزە بزر بوو؟
وتی: سەرسامم، ئەوجا بۆ وابوو
کە دیتی چاوم، خوێنی تێزابوو
وتم: گیانەکەم، دۆش دامەمێنە
زیندوو، یان مردوو، روحم بستێنە.
یەکەم، بەرایی ماڵاواییە
دووەم، پاشماوەی ماڵجوداییە.

(١) إبن خلكان ١٦٩/٣.
(٢) م. ن. ٥٠/٦.
(٣) إبن خلكان، ٥٠/٦.

(الحاجري) لە وەسفی (خاڵ)یشدا شیعری زۆرە، بە نموونە:

يا برق هـــل ربّة الخالين ذاكرة   بعد البعـاد لنــــــا عهداً وميثاقا
وا وحشـــتـــا لديار دون كاظمة   كـل الفضـاء لعين بعدهـم ضــاقـا
قالت: فتنت بنا وجداً. فقلت لها   كم قد فتنت ـ رعاك الله ـ عشاقا[1]؟

واتا:

هەوری بانی سەر، دوو خاڵی گۆنای   بڵێی، پـــەیمانی لا بـووبێ بـــەخـــەو
چەند چۆڵە دنیا، بێ هەوارگەی ئەو   رۆژی روونـاکـم لێ بـووە بـــە شـــەو
وتی: دووریی تۆ، خوێنی منی رشت   وتم، خۆت خۆش بی، چەند عاشقت کوشت؟

موزەففەرەددین گۆگبوری ئەم شاعیرەی گرت و لەزینـدانی هاویشت، نـازانین بۆچی، پێدەچێ لەبەر ئەوە بووبێ کە هەندێ شیعری لە بارەی نێربازییەوە نووسیبوو، دیارە ئەو شاعیرە، بەوەش ناسراوبوو[2]. ئەو رەفتارەش بە شیعرە قافییەکەیدا، دیارە، کە شەوێکیان لە مەنزڵگەکەی (إبن المستوفي)دا هەروا، لەبەر گوتبووی[3]. نەخاسمە موزەففەرەددینیش. هەند خۆشیی بە شاعیران نە دەهات[4]. دوای گرتنیشی، لە قەڵا سەختەکەی (خفتیان)ی هاویشت. کابرا، لە زیندانیشدا کۆمەڵێ شیعری نووسی، زەهراوی سکاڵاو ئەشکەنجەی لێ دەچۆڕا، لە شیعرێکیش لەو شیعرانەی، ئەم بەیتانە، بە نموونە، دەنووسین:

قيدٌ أكابدهُ وسجن ضيّق
ياربّ شاب من الهموم المفرق

(١) ديوان الحاجري، ص ٢٢. ئەو بەیتانەش لە وەسفی (خاڵ) لە کتێبی (بهاءالدين علي ابو الحسن الاربلی) بە ناونیشانی (رسالة الطيف)دا ببینیت. ل: ٦٦.

(٢) جرجي زيدان، تأريخ آداب اللغة العربية ٢٥/٢.

(٣) اليونيني، ذيل مرآة الزمان ١١٣/١. ئەوەبوو، باسی ئەم بەیتانەمان کرد.

(٤) ابن خلكان ٢٧٦/٢.

يا برق إن جئت الديار بأربل
وعلا عليك من التدانی رونقُ
بلّغ تحيّة نازح حسراته
ابداً بأذيال الصبا تتعلقُ[1]

واتا:

مەچەك لە دارم، زیندانم تەنگە
لا جانگ سپی بوو لەم شەومزەنگە
هەورەکەی هەولێر، هەوری بانی سەر
هەوری بلووری و سپیی بێ کەدەر
بیبە سڵاو و، حەسرەتی دووری
بڵێ، نەیماوە شەرم و حوزووری

جگە لەوانە، شیعری زۆری دیکەشی هەیە.

کابرا، ماوەیەك لەو بەندیخانەیە مایەوە. پاشان، موزەففەرەددین گۆگبۆری گواستییەوە بۆ بەندیخانەی قەڵای هەولێر، دوای ماوەیەکی کەم ئازادی کرد و، بەرە بەرە لەخۆی نزیك کردەوە، مەلای شاعیریش، وەك نە بای دیبێ و نە باران، بەرگی دەروێشیی پۆشی و[2]، ریشی لێ بەردایەوە، گوایا، رووی کردووەتە خواو، بەتەمایە، سەرداری هەولێر، لێی رازی بێت. چونکە موزەففەرەددین هەوای سۆفیایەتی لە کەللەی گەرم بوو[3]. پێدەچێ گۆڕینی جلوبەرگ لەو سەردەمەدا، بگرە تا ئەمڕۆش، کەم و زۆر بۆ خۆڵ لەچاو کردن و، گوزەرانی باشتر بووبێت. بەهەر حاڵ، بەم بەرگە نوێیەوە، سەر و سەختی دۆستانەی لەگەڵ تەلار و قەڵەمڕەوی سەرداری هەولێردا پتەو کرد و، هەند هۆگری بوو، کە ئیدی دوای مردنی موزەففەرەددین گۆگبۆری

---

(١) ديوان الحاجري، ص ٧١. شذرات الذهب ١٥٧/٥.

(٢) ابن خلكان ١٧٠/٢.

(٣) م. ن، ٢٧٦،٢/٢ص

نـەیتوانی لـە شارەکەدا بمێنێتـەوە، ناچـار، هـەولێری بـەجێ هێـشت، بـەڵام هەنـدەی نـەبرد، هـەولێر کەوتـە ژێـر حـوکمی خەلیفـەی بەغـدا و، (الأمـیر شمـس الـدین أبـو الفـضائل بـاتکین)، بـە بریکـاری خەلیفـە، لەسـەر هـەولێر دانـراو، مـەلای شـاعیریش گەڕایەوە بۆ هەولێر!! [١].

وەلێ (الحاجري) زۆر نەژیا، کابرایـەکی نادیـار، شـەوێك لـە شـەوان، هەڵمـەتی بـۆ برد و، وەبەر چەقۆی دا، بەڵام بەر لەوەی بمرێ، کە هێشتا لە سـەرەمەرگدا بـوو، دوا شیعری نووسی و ناردی بۆ (الأمیر باتکین) و، ئەمەش چەند بەیتێکە لەو شیعرە:

اشـــــكوك يا ملك البسيطة حالةً　　لم تبق رعباً فـــيّ عضوا ساكنا

إن تستبح ابلي لقيطة معشــــــــر　　ممن أؤمل غير حاشـــك مازنا[٢]

ومن العجائب كيف يمشي خائفا[٣]　　مَن كان في حرم الخلافة آمنا[٤]

واتا:

پاشـــای زەمانـــە، مـــن شـــکاتم هـــەس
بڕیـــا، پـــەلوپۆم، کـــەس پێمـــا نـــەڕەس
ناکەســـان، بێـــت و، ریـــشەکێش نەکـــەی

---

(١) ابن خلكان ١٧١/٣.

(٢) ئاماژە بەم بەیتە شیعرە دەدات:

((لو كنت من مازن لم تستبح إبلي　　بنو اللقيطة من ذهل بن شيبانا)).

(٣) لە بەیتی سێیەمی عەرەبیەکەدا دەڵێ: (کیـف یمـشی خائفـا) مەبەسـتی لەومیـە، بڵێ: (حـوکم ئێستا حوکمی خەلیفەیـە، چۆن دەبـێ خـەڵك بەترسـەوە بـەڕێگای خۆیانـدا بـڕۆن؟ بـەڵام لـە چاپی (١٩٧٠)ی (وفیات الاعیان) لـە جیـاتی (یمـشی) نووسـراوە (یمـسی) لـەم بـارەدا دەبێـت بـە (چۆن دەبێ خەڵك بەشەو دڵنیانەبن؟ بەڵام شیعرە کوردییەکـە (زرە شـیعرە) هـەر هەنـدەمان بۆ هاتوومەتەوە. ببوورن "وەرگێڕ"

(٤) ابن خلكان ١٧١/٣. بەڵام لە (عقود الجمان)دا فەرقی هەیە، چونکە (ابن الشعار): (کیـف یمـشی)ی کردووە بە: (کیف یصبح) واتا (بەڕۆژ)، بەهەرحاڵ لە مەبەستی شیعرەکە ناگۆڕێت.

نــە (مــازن) نەکــەس ناهێنــێ نەفــەس
ســایەی خەلیفــەش کــەس نــەپارێزێ
هــیچ کەســێ بــڕوای نامێنــێ بەکــەس

کوشتنی ئەم شاعیرە، لە شەووالی سالّی (٦٣٢ك/١٢٣٥ز)دا رووی دا. (الحاجري) لە گۆڕستانی مەیداندا[١] نێژرا، تەمەنیشی نەگەیشتبووە پەنجا[٢].

(الحاجري) بە رەسەن هەولێرییە و لە هەولێر لەدایك بووە هەر لە هەولێریش پەروەردە بووە[٣]. بنەماڵەکەشی ماوەیەکی دوور و درێژ بوو هەر لەم شارە نیشتەجێ بوون. (ابن خلكان) لەم سۆنگەیەوە کە لە (إبن المستوفي)ی دەگێڕێتەوە، دەڵێت ـ لە هەولێر گەڕەکێك هەیە پێی دەڵێن (قرية جبريل) [٤] گوایا بە ناوی (جبریل)ی[٥] باپیرەی (الحاجري)یەوە ناونرا بوو. هەرچی نازناوی (الحاجري)یە، ئەوە، دەچێتەوە سەر (حاجر) کە شارۆچکەیەکی بچووك بووە لە حیجاز و تەنیا کەلاوەکانی مایەوە، لەبەر ئەوەشە کە ئەم شاعیرە پێوەی دەنازێ و لە شیعرەکانیدا هەر دەیڵێ و دەیڵێتەوە، تا لەناو خەڵکدا بڵاو بووەوە و، بۆی بوو بە نازناو[٦].

ئەوەتا، خۆیشی لەم شیعرەیدا دەڵێت:

---

(١) مەبەست لەم گۆڕستانە، ئەوەی پشت (یانەی فەرمانبەرانی) ئێستایە، چونکە (ابن خلكان) دەڵێت: (مەیدانەکە کەوتبووە تەنیشت خانەقاکەی نزیك دەروازەی قەڵا: بنۆڕە: وفيات الاعيان ٢/٢٧٤.

(٢) إبن خلكان ٣/١٧١. (عبدالله الجبوري) مێژووی مردنی (الحاجری) بە هەڵە، کردووە بە (٦٣٤ك). سەیری (رسالة الطيف) جـ ١ ص ٦٦/الهامش، کە کتێبی (بهاءالدین علي بن عیسی الأربلی)یە و، (عبدالله الجبوری) تەحقیقی کردووە.

(٣) إبن خلكان ٣/١٧٢.

(٤) نەیگوتووە ئەم گەڕەکەی هەولێر، کام لای شار کەوتووە.

(٥) إبن خلكان، ص. ن.

(٦) م. ن. ص.

لوكنت كفيت من هواك البينا ... مابات يحاكى دمع عيني عينا

لولاك لما ذكـــرت نجداً بفمي ... من أينَ انا وحاجر من اينا[1]

واتا:

رازی بــام، بــە دوور، گیــانی بــەگیانی
فرمێــسكی چــاوم نــــەدەبووە كــانی
(نەجد)ی کاول بوو، لەكوێ، مـن لـەكوێ؟
تـۆ نــەبای (حــاجر) كــێ پێــی دەزانــی

(أبو عبدالله موفق الدين محمد بن يوسف بن محمد بن قائد الأربيلى)ی شاعیر و بیرکار و رێزمـانزانیش، زانایـەکی ناسـراوی هەولێرییـە لـە بـواری هـزری (ئـەدەب و زانـستدا). مێـژوو نووسـان بـە زمـانزان و شـاعیرێکی شـكۆداری دادەنـێن، لـە زانـستی عەرووز و قافیەدا بێ وێنە بووە و، لە رەخنەی شیعردا زۆر وەستا بووە و، لە هەموو کەسێ باشتر شیعری چاکی لـە خـراپ جیـا کردووەتـەوە[2]. دیـوانێکی شـیعری نایـابی هەبووە و، نامەیەکی چاکیشی لە ئەدەبدا نووسـیوە[3]. لەوانـەش، زیـاتر، لـە زانـستی، زانا پێشینەکاندا کاری کردووە، بە نموونە، بە شـیکردنەوەی (ئیقلیـدس) و[4] بەشـێك لە (المجسطي) [5] خۆی خـەریك كـردووە، (هەرچەنديـشە ئـەم زانـستەی بـەلاوە خـۆش

(١) م. ن. ص. ژیاننامەی (الحاجري) لەم سەرچاوانەشدا هەیە: (إبن کثیر، البدایـة والنهایـة، ١٣/١٤٤، دەڵێت لە ساڵی (٦٣٣ك)دا مردووە). الغساني، العسجد المسبوك ٣٤٩. شمس الدين سامى، قاموس الاعلام (تركي) ١٩٠٤/٣.

(٢) إبن خلكان ١٠٢/٤. أبو الفداء، المختصر ٧٧/٣. السيوطي، بغية الوعاة ٢٨٦/١.

(٣) إبن خلكان، ص. ن.

(٤) پێشتر باسمان کردووە.

(٥) پێشتر باسمان کردووە.

نەبووە) [١]. ئەو، زۆرتر خۆی بۆ زانستی ڕێزمان تەرخان کردبوو، تا گەیشتە ئاواتی خۆی.

(ابن المستوفي) [٢] کە قوتابیی ئەو بووە: دەڵێت: لە زانستی ڕێزماندا. ببوو بە نیشانەیەکی بەرز، ئەو، خۆی لە لای ئەم شاعیرە فێری زانستی شیعر بووە[٣].

(ابن خلكان) دەڵێت: ڕێزمانزانی ناودار شێخ (أبو الحرم مكي الماكسيني) ئەگەر لە ڕێزماندا تووشی کێشەیەکی ئاڵۆز بباو سەری لێ دەرنەکردبا، دەیبردە لای (موفق الدين محمد) [٤] هەرچەندیشە ئەم ڕێزمانزانە هەولێرییە لەلای کەس ڕێزمانی نەخوێندبوو، بەڵکو هەر لەخۆیەوە هەموو گرێ کوێرەیەکی ئەم زانستەی بە زەین و زیرەکیی خۆی دەکردەوە[٥] . ئەوەبوو، (عمر بن محمد بن علي بن ابی نصر)ی ناسراو بە (ابن الشحنة)ی موسڵی (ت ٦٠٦ك/١٢٠٩ز) کە یەکێك بوو لە ڕێزمانزانە ناودارەکان، کاتێ، بۆ ماوەیەك هاتە هەولێر[٦]، لەگەڵ (موفق الدين محمد) ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی لە زانستی ڕێزماندا ئەنجام دا و، دانی پێدانا کە لەو زانستەدا دەستباڵایە[٧].

(موفق الدين محمد) ڕۆیشت بۆ شارەزوور و، ماوەیەك مایەوە، لە لای کابرایەکی کوێر بەناوی (رافع) وانەی ڕێزمانی دەخوێند، پاشان چوو بۆ دیمەشق و، لەوێ شیعرێکی بەسەر سەلاحەددینی ئەییوبیدا هەڵدا. پاشان بەنیازی خوێندن ڕووی لە

---

(١) السيوطي، م. ن. ص.

(٢) م. ن. ص. (لە – ابن المستوفي – وەرگیراوە).

(٣) ابن خلكان، ص. ن. ابن قاضي شهبة، مخطوط مصور (طبقات النحات واللغويين) ق ١، ورقة ١٣٣.

(٤) ابن خلكان. ص. ن.

(٥) السيوطي، ص. ن.

(٦) لەبارەی هاتنی ئەم ڕێزمانزانەوە بۆ هەولێر، بنۆڕە: السيوطي، بغية الوعاة، ٢٢٤/٢ (لە – ابن المستوفي وەریگرتووە).

(٧) م. ن. ٢٨٦/١.

بەغدا كرد، بەڵام كەسی بە شایان نەزانی بیكات بە مامۆستای خۆی و دەرسی لەلا بخوێنێ، لەبەر ئەوە هەر پارەیەكی كە پێی بوو لە فێربوونی عود لێداندا بەختی كرد و، زۆر زوو فێری بوو. لەبەر ئەوەش كە زاناو ڕەوشتبەرزیش بوو[1]، خەڵكێكی زۆر لە دەوری خڕبوونەوە و، هەڤاڵ و برادەری زۆری پەیدا كرد.

(موفق الدين محمد) لە وڵاتی بەحرەین لەدایك بووە، باوكی جاروبار سەری لەو وڵاتە دەدا و، بە خێزانەوە لەوێ دەمایەوە، چاوەڕێی دەكرد دوڕ، لە قووتخواردوانی[2](الغطاسين) بن دەریا بكڕێت. پاشان هاتنە هەولێر و[3] لەم شارەدا چاوی كرایەوە و پەروەردە كرا.

ئەمانەی خوارەوەش، چەند بەیتێكن لە شیعرەكانی، كە بە شان و باڵی میر (زين الدين يوسف ينالتگين)ی سەرداری هەولێردا هەڵیداوە:

رب دار بالفضا طال بلاها — عكف الركب عليها فبكاها
درست إلاّ بقايا أسطر — سمح الدهر بها ثم محاها
كان لي فيها زمان وانقضى — فسقى الله زماني وسقاها
كنت مشغوفاً بكم إذ كنتم — شجراً لايبلغ الطير ذراها[4]

واتا:

خانوو، لەو هەردە بەرەڵا مابێ
هەوارگەی چۆڵە، گریەم بۆ دێنێ
كاول بێ و، ڕیزێ دیواری مابێ
گەردوون، ئەو ڕیزەش لەبن دەردێنێ

---

(١) م. ن. ص.

(٢) ابن خلكان ١٠٢/٤. أبو الفداء، المختصر ٧٧/٣. السيوطي، ص. ن. ابن قاضي شهبة، مخطوط (طبقات النحات واللغويين)، ورقة ١٣٢.

(٣) ابن خلكان والسيوطي، ص. ن.

(٤) لە (المختصر ٧٧/٣)ی (أبو الفداء): لە جیاتی هەرد و دەشت، نووسراوە (حما) واتا (داڵدە)

سەر زەمانێ بوو، دڵ ئاسوودە بوو
ئاسوودەیی، کەی، بۆ کەس دەمێنێ؟
بە ئاواتەوەم بێمەوە لاتان
تا نوخشەی باران، مژدەم بۆ دێنێ

ئنجا دەڵێ:

ان زين الدين اولانى يدا لم تدع لي رغبة فيما سواها[1]

واتاکەی:

دەستی (زین الدین) بەخێر بمێنێ
هەزار دەستی تر، ژەنگ هەڵدەهێنێ

لە شیعرێکی دیکەیدا، سەر هەڵدەبڕێ و چاوی بە مانگ دەکەوێ، بەسیمای (زین الدین)ی بەراورد دەکات و دەڵێت:

تقابلتما فاستجمع الحسن كله فمن نظر يرنو ومن نظر يغضي
هـلالان هـذا للظلام يزيله سـنان وهذا للمظالم في الارض[2]

واتا:

هـیلالی مـانگ و بـەدری شـێوەی تـۆ
ئـەویان شـەوق ئـەدا، ئـەمیان وەکـو تـۆ
ئـەو تـاریکیی شـەو گـەش ئەکاتـەوە
ئـەم زوڵمـی زەمـین، رەش ئەکاتـەوە

(موفق الدين محمد)، ئیسقای گرت (تووشی سیل بوو). لە ساڵی (٥٨٥ك/١١٨٩ز)دا،

---

(١) ابن خلكان ص. ن. أبو الفداء، ص. ن.

(٢) السيوطي م. ن. ص ٢٨٧.

لە هەولێر گیانی سپارد و، لە گۆڕستانی (البست)[١]، ناشتیان، كە كەس و كاریشی هەر لەوێ نێژرابوون.

شاعیرێكی دیكەی هەولێر (أبو العز شمس الدين يوسف بن نفيس بن ابي الفضل ابن السعود بن أبي الفضل بن أبي طاهر بن أبي يعلى)یە، كە بە (شەیتانی شام) ناسراوە. لە ساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز)دا لە هەولێر لەدایك بووە، هەر لە هەولێریش گەورە بووە و، بووە بە شاعیرێكی ئەوتۆ، هەر شیعرێكی ویستبا دەیتوانی بە هەوەسی خۆی بیهۆنێتەوە. لە سەرەتادا، كە دەستی پێكرد، شیعرەكانی لاواز و بێ خێر و پڕوپووچ بوون و، زۆرتر بۆ پێكەنین و گاڵتە و گەپ[٢] دایدەنان، لەبەر ئەوە لەناو خەڵك، وەك شاعیرێكی بێ شەرم دەهاتە بەرچاو و، لەگەڵ كەسانی بێ پەرواو بێ ئابڕوودا هۆگر بوو. (شمس الدين) بەرگی سەربازیی دەپۆشی و، پرچی بەسەر شان و ملیدا بەردەدایەوە و، شمشێرێكی بە كەمەردا شۆڕ دەكردەوە و، سەڵتەی درێژی لەبەر دەكرد[٣].

ئەم شاعیرە، هەولێری بەجێهێشت و، بە شاراندا دەگەڕاو، بە شان و باڵی شا و میرانیدا هەڵدەدا، خەڵاتی لێیان وەردەگرت، پاشان لە موسڵ گیرسایەوە و لەناو خەڵكی موسڵدا دەنگی دایەوە، تا گەیشتە (بدرالدين لؤلؤ) و لە كۆڕی خواردنەوە و شەرابیدا بەشدار دەبوو[٤].

ئەمەش نموونەیەكە لە شیعری شەراب و دڵداریی ئەم شاعیرە:

وربّ حانة خمّار حلفت بها ألا عكفت على جـــــــام ولا كاس

---

(١) ابن خلكان ١٠٤/٤. تەرجەمەی ژیانی (موفق الدين محمد)، لەم سەرچاوانەشدا هەیە: الصفدي ٢٥١/٥. ابن ابي عذيبة، انسان العيون ٢٢٣ – ٢٢٦. ابن العماد الحنبلي، شذرات الذهب ٢٨٤/٤.

(٢) ابن الشعار، عقود الجمان ٢٦٤/١٠ (أ).

(٣) م. ن. ورقة ٢٦٥ (أ).

(٤) م. ن. ورقة ٢٦٤ (أ).

حتى يقوم لنا ساق لواحظه مرضى، وفي خده سطر من الآسى[(١)]

واتا:

مــن لــە مەیخانــە، شــەرتم کــردووە
کـاس ناخۆمـەوە گەر بـە جـام نـەبێ
لـە کەسـم نـاوێ خـان و مـان نـەبێ
نیـشانەی گـازێ لـە گۆنـای نـــەبێ

(بن خلكان) هەندێ شیعری ئەم شاعیرەی باس کـردووە کـە بـۆ مـەرگی (المبارك ابــن المــستوفي) [(٢)]دەلاوێتــەوە. (ابــن الــشعار الموصــلی)یــش گــەلێك لــە شــیعرەکانی هێناوەتەوە، ئەو شیعرەشی تێدایە کە بە شان و باڵی سوپاسالاری هەولێر (أبـو شـجاع رکن الدین احمد بن قرطایا بن عبدالله الأربلي)دا هەڵدەڵێ[(٣)].

ئــەم شــاعیرە لــە ســاڵی (٦٣٨ك/١٢٤٠ز)دا، لــە موســڵ مــرد و، لــە گۆڕســتانی (الجصاصة)[(٤)] کە دەکەوێتە بەشی رۆژاوای شارەکەلە زەویی (البرزان) [(٥)] دا نێژرا.

قافێتی (واتا هەقی خۆیەتی) لێرەدا، ئاماژە بـە هەنـدێ شاعیری فەلـە و دیـان و مەســیحیش بــدەین کــە بــە زمــانی ســریانی شــیعریان نووســیوە و لــەم شــارەدا هەڵکەوتوون. بووژانەوەی هەولێر، لەو قۆناغەیدا گەلێ لایەنی دیکەی لەگەڵ خۆیـدا بووژانەوە: ناوچەی هەولێر، چ لە پادەشتەکانی دەوروبەری شار چ لـە چیاکانی دوور لە شاردا، کۆمەڵگەلێکی مەسیحیی نیشتەجێن. لـە پێـنج سـەدەی پێـشەوەی مێـژووی ئیسلامـدا، ناوچەی هەولێر بەگشتی پووکابووەوە و تاریکستانێ بـوو بۆخـۆی، لەبـەر

(١) م. ن. ورقة ٢٦٥.

(٢) ابن خلكان ٢٩٨/٣.

(٣) ابن الشعار، ورقة ٢٦٧.

(٤) ن. م. (٢٦٤). ابن خلكان، ص. ن.

(٥) ابن الشعار، و. ن.

ئەوە، مەسیحییەکانیش هیچ رۆڵێکیان دیار نەبوو. بەلام دوای ئەوە، شارەکە بەرەبەرە بەئاگا هات و، خوێنی چالاکی بە دەمارەکانیدا کەوتە گەڕ و مەسیحییەکانیشی بەئاگا هێنایەوە[1] کە لەگەڵ کوردی رەسەنی شارەکەدا، زۆرینەیەکی تەواوی هەولێریان پێك دەهێنا[2]. بەو وریابوونەوەیەش، هەندێ ئەدیب و شاعیری فەلەش پەیدا بوون، بە نموونە:

(گۆرگیس وەردا)ی شاعیری ئارامیی ((مەسیحی)) هەولێر:

نەزانراوە کەی لەدایك بووە و کەی مردووە. بەلام پێدەچێ، لە دوادوای سەدەی شەشەمی کۆچیدا، واتا (سەدەی دوازدەمی لەدایکبووندا) لە هەولێر لەدایك بووبێت[3]. ئەوەش، بە شیعرە چوارینەکانیدا دەردەکەوێت کە باسی رووداوەکانی ماوەی نێوان (٦٢١ و ٦٢٢ك/١٢٢٤ و ١٢٢٥ز) دەکات و، بەو شیعرانەشدا، دیارە، کە باسی بە چاودیتەی[4] کارەساتی هێرشی مەگۆل بۆ سەر جزیرە و عیراق (بین النهرین) دەکات.

ئەم شاعیرە دیوان شیعرێکی گەورەی[5] هەیە، باسی گەلێ رووداو و کارەساتی

---

(١) توما أسقف المرج، كتاب (الرؤساء) ص ١١٠/هامش (٢).

(٢) م. سترك، دائرة المعارف الاسلامية، ط ١٩٣٣، ١/٥٧٤.

(ابن حوقل) کاتێ باسی شاری (كفر عزي) دەکات کە لە زەوی و زاری هەولێردا بووە، دەڵێت: ئەم زەوییە نشینەی فەلەیە و، هەموو دەوروبەری کوردە. بنۆڕە: (صورة الارض) ص ١٩٦.

(٣) القس سليمان الصائغ، مقال (گورگيس وردا الاربيلي)، شاعر العذراء، مجلة (النجم) الموصلية، العدد (٩) لسنة ١٩٣٧، ص ٣٢١. ونفس الكاتب في كتابه (تأريخ الموصل) ٢/١١١.

(٤) مجلة (النجم) ص. ن.

(٥) لەسەر ئەم دیوانە، گەلێ نوسخەی دەسنووس گیراوەتەوە، لە کتێبخانەکانی رۆژهەلات و رۆژاوادا هەنە: بنۆڕە: القس سليمان الصائغ، (تأريخ الموصل) ص. ن. وروفايل بابو اسحاق، تأريخ نصارى العراق، ص ٩٤.

رۆژهەلاتناسی ئەڵمان (هزيغ)، ئەم دیوانە و تەرجەمە ئەڵمانییەکەشی، لە شاری لایبسگ، لە ساڵی (١٩٠٤)دا بە چاپ گەیاندووە، الصائغ م. ن. ص.

تێدایە، یەك لەو ڕووداوانەش، گەمارۆکەی ساڵی (٦٣٤ك/١٢٣٧ز)ە کە مەگۆل بەدەوری شاری هەولێردا گێڕای. لەو شیعرەدا وەسفی ئەو ڕەفتارە دڕندانە و بەربەرییانە دەکات کە سەربازانی مەگۆل، دەمی گەمارۆکە، لە دژی دانیشتووانی شارەکە[1] نواندیان.

گۆرگیس وەردا، بە شاعیری (عذراء) بەوناوبانگە و، هیچ کەسێ هەندەی ئەو (مریم العذراء)ی خۆش نەویستووە، چوارینەکانی ناو دیوانەکەی هەمووی ستایش و پێداهەڵدانی ئەوە. شیعری وەهای بەسەردا هەڵداوە، هیچ شاعیرێك نە لە ڕۆژهەڵات و نە لە ڕۆژاواش بەسەر زمانیدا نەهاتووە[2]. عاشقانی شیعری گۆرگیس بە ڕۆحسووك و فێنك مەشرەبی لە قەڵەم دەدەن و، دەڵێن: قسە لەڕوویەکی حازر بەدەست و زیرەك و زمانپاراوە. جگە لەوە، دیوانەکەشی پڕە لە جوانکاریی زمانەوانی و وشەو وتەی پڕ ماناو ناسکویژی، بەوەش میراتێکی دەوڵەمەندی بۆ زمانی ئارامی بەجێهێشت[3]. بەڵام ئەوەی ئیشەکەی وەبەر گلەیی و ڕەخنە داوە ئەوەیە کە زاراوەیەکی زۆری یۆنانیی لە شیعرەکانیدا بەکار هێناوە. وەهاش دەردەکەوێ ئەم دیاردەیە لەو سەردەمەدا، لە ناو ئەدیباندا باو و بڵاو بووە[4]. گۆرگیسی شاعیر، کتێبێکی گەورەشی بەناوی (جنة النعيم) هەبووە، خوێندنەوە جۆراو جۆرەکانی کتێبی پیرۆزی (ئینجیل)ی تێدا لێکداوەتەوە[5].

شاعیرێکی دیکەی مەسیحی بەناوی (خميس ابن قرداحی) یان (خاميس القرداحی) پەیدا بوو، کە قوتابیی گۆرگیس وەردای هەولێری بوو[6]. ئەویش، وەکو

---

(١) بابو اسحاق، م. ن. ص.

(٢) الصائغ، مجلة (النجم ص ٣٢٢. وتأريخ الموصل ١١١/٢.

(٣) مجلة (النجم) ص ٣٢١.

(٤) القس، تأريخ الموصل، م. ن.

(٥) بطرس نصري، ذخيرة الاذهان ٢٣/٢.

(٦) القس، م. ن. م.

مامۆستاکەی نە بەرواری لە دایکبوون و نە بەرواری مردنی زانراوە، بەڵام ئەوەندە دەزانین کە لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمینی کۆچیدا (سیازدەمینی لە دایکبووندا)[1] بەرچاو کەوتووە. ئەم شاعیرە، بەشیعرێکیدا دەردەکەوێ کە کورە ئاسنگەر بووە، ئەوەتا، لەو شیعرەیدا دەڵێت:

(سەیرەکە لەوەدایە، باوکم ئاسنگەر بوو، بوو بە جۆلا، نە مەکۆی هەبوو نە سەکۆ، نە شاڵ). وشەی (قرداحی)یش بە مانای (ئاسنگەر) [2] هاتووە. ئەم شاعیرە لە ئەدەبی ئارامیدا قاڵ بوو، شیعرەکانیشی خەسڵەتی رەوانی و ئاسانی و هەماهەنگییان پێوە دیارە و[3] پڕن لە رەوانبێژی و مانای پیرۆز و بەرز، بە جۆرێ کە لەلای خەڵکێکی زۆر بە شای شاعیرانی سریان لەقەڵەم دەدرا، تا، هەندێکیان دەیانگوت: ماڵی (خمیس) ئاوەدان بێت،... تەنیا، یەك شیعری بەسە، چونکە تەنیا (یەك) شیعری ئەم شاعیرە، لە (هەموو) شیعری شاعیرێکی تر جوانتر و ناسکترە[4]. (خمیس)، وەستای ئەدیبانی سەردەمی خۆی بووە و، زانای زمان و ئیمامی شیعر بووە، شیعرەکانی، وەك ئاوی کانی، هەڵدەقوڵان[5].

ئەم شاعیرە، دیوانێکی شیعری هەیە، پڕە لە شیعری هەمەجۆر و هەمە مەبەستی ئایینی و کەهەنۆتی و پەند و خۆشەویستی و دڵداری و شەراب و سەرخۆشی و بەهار و هێوری و بێدەنگی و[6] دەروونی و تۆبە و دەمتێژەندن (الهجو).

گەلێ سەرزەنشتی خەڵکی هەولێریشی کردووە و دەمی تێ ژەندوونە. بۆ، دڵداری

---

(١) م. ن. ص، روفائیل بابو إسحاق، ص ٩٤.

(٢) القس، ن. م. ص ١١١ — ١١٢.

(٣) م. ن. ص ١١٢.

(٤) بطرس نصری، ن. م. ص ٢٤. القس، ص. ن.

(٥) بابو اسحاق، ص. ن.

(٦) بطرس نصري، ص. ن. ص.

و سەردوولكەش شیعری گوتووە[١]. ئەم دیوانەی، چەندین وێنەی دەسنووسی لەبەر گیراوەتەوە و، بەسەر كتێبخانەكانی رۆژهەڵات و رۆژاوادا دابەش كراون[٢]. جگە لەمانە سی بەیتی دیكەی لەسەر نهێنیی زیندوو بوونەوەی ئەو دنیاو لەسەر حەزرەتی مریەم و پیرۆزگەلی تر هەیە و، نزیكەی حەفتا دۆعایشی بۆ رۆژانی یەك شەموان و جەژنەكان داناوە كە بخوێنرێنەوە. هەروەها نزیكەی سی گۆرانییشی لەسەر شەراب و دڵداری هۆنیوەتەوە. شیعرێكی دوور و درێژیشی بەناونیشانی «كاروباری كەهەنۆت و كەماڵی ئادابی دەروون، بۆ ئەوانەی كە هەمیشە بەدوای پەند و ئامۆژگاریدا وێڵن» هەیە. مێژوو نووسی بەناوبانگ (ابن العبري) باسی ئەم مەسەلانەی كردووە، وەڵێ ئەم شاعیرە هەولێرییە باسەكەی دەوڵەمەندتر كردووە و، بۆ هەر جووتە بەیتێ، دوو بەیتی تری زیاد كردووە، بەبێ ئەوەی دەق و مانای بشێوێنێ[٣]، بەلاّم ئەوەی ناشیرینی كردووە، ئەوەیە كە ئەمیش، وەك شاعیرە مەسیحییەكەی پێشتر، زاراوەی یۆنانیی[٤] زۆری بەكار هێناوە.

لێرەدا، كە، كۆتایی بە بەشی كلتوور دەهێنین، پێویستە باسی مەسەلەیەكی زۆر گرنگ بكەین، ئەوەیە، كە هیچ بەروبوومێكی بە كوردی نووسراومان نەدی، ئەم زمانەی كە هەتا ئێستاش زمانی خەڵكی ناوچەكەیە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات كە زمانی عەرەبی، تەنیا زمانی ئایین و ئیدارەی قۆرخ نەكردووە، بەڵكو، زمانی كلتوور و (ئەدەب و زانستیشی) تاساندووە و، كوردی رۆشنبیر و زانا، هەموو بەروبوومێكی هزری و فیكریی خۆیان بە عەرەبی نووسیوە، هەر لەبەر ئەوەشە كە (یاقوت الحموي) دەڵێ: نشینەی هەولێر كوردن، بەلاّم خۆیان كردووە بە عەرەب[٥].

---

(١) القس، تأريخ الموصل ١١٢/٢. بابو اسحاق، م. ن.

(٢) هەمان دوو سەرچاوە و لاپەڕەكان.

(٣) بطرس نصري، ص. ن.

(٤) القس، م. ن. ص.

(٥) ياقوت، معجم البلدان ١/ ١٣٨.

فەسلی سێیەم

یەك : سیستەمی هەڵسووڕاندن و دارایی و دادوەریی ئەمارەتی هەولێر.

أ- میری هەولێر و دەسەڵاتەکانی.
ب- وەزارەت.
ج- پەردەدارەکان (الحجابة):
د- دیوانی قەڵەم (نووسین).
هـ- وەزیفەی مۆرکردن (الطغراء)
و- وەزیفەی کوێخایەتی (الاستدارية)
ز- باجگریی (الاستيفاء)
ح- دیوانی خاروبار (الأهراء)
گ- دیوانی خەمڵ (قەرساندن)
ی- دادوەری (قەزاوەت)
ك- دیوانی پرسینەوەی شکات (النظر في المظالم)
ل- سەرکاری (الحسبة)

دوو : أ- سیستەمی لەشکرسازیی ئەمارەتی هەولێر.
ب- ئاڵای ئەمارەتی هەولێر
ج- دیوان و جبەخانەی چەك.

سێ : دراو و سیستەمی دراوی ئەمارەتی هەولێر.

فەسلی سێیەم

یەك: سیستەمی هەڵسووڕاندن و دارایی و دادەوەریی ئەمارەتی هەولێر:

هەولێر، بەر لە قۆناغی حوكمی ئەتابەگیان، كە ببوو بە پایتەختی ئەمارەتی هەزەبانیان و، كاتێكیش بوو بە بەشێك لە دەوڵەتی سەلجووقیان[١] [١]، بێ سیستەم نەبووە. ئەم دەوڵەتەش سیستەمی نا مەركەزیی لە هەڵسووڕاندنی كاروباری خۆیدا پێڕۆ دەكرد، واتا پەیدابوونی رێكخراوی محەللی (هەرێمەكان) لەم بارەدا شتێكی ئاسایی بوو.

لە ماوەی بەر لە ساڵی (٥١٥ك/١١٢١ز)، لە هەولێر وەزیفەی وەزیری پەیدا بوو، لەو ساڵەدا (العمید فخر الكتاب أبو اسماعیل الحسین بن علي) ناسراو بە (الطغرائي)[٢] كوژرا ـ كە وەك (ابن المستوفي)[٣] دەڵێت: وەزارەتی هەولێری گرتبووە دەست. هەر لەو ماوەیەدا، وەزیفەی باجگرییش پەیدا بوو، (ابن الشعار) دەڵێت: (باپیرەی ـ أبو البركات المبارك ابن المستوفي) هاتە هەولێر و، لە ماوەی حوكمی (الأمیر أبي الهیجاء الهذباني الكوردي الأربلي)[٤] باجگریی ئەمارەتەكەی گرتە دەست. هەروەها وەزیفەی سەركارییشی تێدا پەیدا بوو. (ابن المحتسب) كە لە سەردەمی گۆكبوریدا لەدایك بووە

---

(١) ابن واصل، مفرج الكروب، ١/ ٩٧.

(١)

(٢) یاقوت الحموي، معجم البلدان ٥٢/٤.

(٣) ابن خلكان ١٨٩/٢، ط بیروت. كراس (ترجمات المتقدمین من الشعراء) ص ٤٤.

(٤) ابن الشعار، جـ ٦، ورقة ١٧.

و، هەر لە هەولێریش ژیاوە، کوڕە سەرکار بووە و، باپیرە و، براکانی و ژمارەیێ لە بنەماڵەکەیان پشتاوپشت سەرکار بوونە(١).

دووریش نییە، هەر لەو ماوەیەدا، ڕێکخراوی دیکەی، بە نموونە، وەك دادوەریی تێدا پەیدا بووبێت، چونکە هیچ ئەمارەتێك و شارێکی ئیسلام بە بێ قەزاوەت و دادوەری نەبووە. ڕەنگە دیوانی نووسین و دیوانگەلی دیکەشی تێدا پەیدا بووبن، ئەو ڕێکخراو و فەڵەمڕەوانە، لە سەردەمی ئەتابەگیانیشدا، کە بە تەواوکەری ماوەی سەلجووقیان دادەنرێت، هەر بەردەوام بوون(٢).

ئێمە کە لێرەدا باسی سیستەم و ڕێکخراو دەکەین و، لەبارەی هەندێ فەڵەمڕەو و ڕێکخراوی هەولێری سەردەمی ئەتابەگیان بێدەنگین، ئەوە، مانای وا نییە کە ئەو ڕێکخراوانە نەبوونە، بەڵکو، پێدەچێ مێژوو نووسەکان لەبەر کەمتەرخەمی باسیان نەکردبێ، کە زۆرتر هەر بە باسوخواسی شەڕ و جەنگ و سیاسەتەوە سەرگەرم بوون، یانیش هەندێ لەو ڕێکخراوانە لە سەرەتادا بوون و، تازە گەڵاڵە دەبوون و ئەوەی نەهێناوە کەس باسیان بکات. دەبێ ئەوەش بزانین کە زوربەی ئەو مێژوونووسانەی باسوخواسی ئەم ئەمارەتەیان نووسیوە، هاودەم و هاوچاخی ڕووداوەکان نەبوون، کەمێکیان نەبێت. کەواتە، لە بن گوێیەتی، پشتگوێیان خستبێ و، بگرە، هەندێ ڕووداوی سیاسیشیان، هەر، باس نەکردبێ.

کتێبێکی تایبەتیش بەم ڕێکخراوانە نەبوو، لەبەر ئەوە، ناچاربووین بە شێوەیەکی گشتی باسیان بکەین و، پاشان باسی ڕەوشتنامەی ئەو کەسانەش بکەین کە لە هەولێردا ئەم ڕێکخراوانەیان گرتبووە ئەستۆ. جا بۆ زانینی شێوازی حوکم و

---

(١) ن. م. جـ ٥ ورقة ١١١.

(٢) محمد مصطفى زيادة، هامش ((السلوك)) جـ ١ ق ١، ص ٢٣٩.

حسن ابراهيم حسن، تأريخ الاسلام السياسى، ص ٣٦١. نظير حسان سعداوي، التأريخ الحربي المصري في عصر صلاح الدين، ص ٢. عماد الدين خليل، عمادالدين زمنگی، ١٩٦.

ابراهيم على طرخان، النظم الاقطاعية، ص ٣٠.

ڕێکخستنی ئەمارەتەکە، پێویستە لە سەرکردایەتیی ئەمارەتەکەوە دەست پێبکەین، واتا دەبێ، لە میری ئەتابەگەوە دەست پێبکەین، تا بزانین پێگەو پلە و دەسەلاتی لە هەڵسووڕاندنی کاروباری ئەمارەتەکەدا چۆن بووە.

١- میری هەولێر و دەسەلاتەکانی:

سەرداری هەولێر، سەرۆکی ئەمارەتەکە بوو، دەسەلاتی ڕەهاو، ئەرك و فرمانی هەموو ئەمارەتەکەی بەدەست بوو، هەر خۆیشی سەرپەرشتیی کاروباری لەشکر و سیاسەت و ئیدارەی دەکرد. بەتەنیا، هەر ئەو جەنگ و شەڕی جاڕدەدا و، شەڕی دەوەستاند و فەرمانداریی لەشکریشی دەکرد و ڕێککەوتنی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا مۆر دەکرد و، سیاسەتی ئەمارەتەکەی دادەنا. لەم کاروبارانەدا، دەستەیەك کارمەند و فرمانبەرانی ئەمارەتەکە یاریدەیان دەدا.

دراوی تایبەت بە ئەمارەتەکەش ـ کە لە سەردەمی موزەففەرەددین گۆگبوریدا گۆڕدرا ـ بە ناوی خۆیەوە لێدەدرا و، ناوی خەلیفە و سوڵتانیشیان لەسەر دادەناو، ناوی مەلیکەکەش، ئەگەر مەلیکیان هەبا، هەروەها خوتبەش بەناوی ئەوەوە، لە مزگەوتەکاندا دەخوێنرایەوە.

موزەففەرەددین گۆگبوری هەموو دەسەلاتێکی لە دەست خۆیدا گیرکردبوو، بە گەواهی ئەوەی، ئەو کارمەندانەی سەرپەرشتیی هەموو دیوان و پلانەکانیان دەکرد، هەموویان کارمەند و فرمانبەری تەختی تەلاری خۆی بوون و، خۆی دایدەمەزراندن و، خۆی لایدەدان. زۆرجاریش دەیکردن بە پەند (ینكل بهم) هەریەکە و بە جۆرێك و بە بیانوویەك، دەستی بەسەر ماڵ و موڵکیاندا دەگرت، یان بەندی دەکردن، یان ئەشکەنجەی دەدان، بگرە هەندێکیشیان لە بەندیخانەدا دەمردن. بەکورتی، ئەوانەی لە شەڕو بەلای ڕزگاربوون و بەر سزای نەکەوتن، زۆر کەم بوون[1]، تا، وەهای لێ هات، ئەم جۆرە کردەوە خراپانە، بوون بە ڕەفتار و نەریتی

(١) د. احسان عباس، مقدمة ((وفيات الاعيان)) ط، بيروت ١٩٧١، جـ ٧، ص ١٥.

میر ـ هەرچەندیشە كەسانێك پاكانەیان بۆ دەكرد و هەقیان، بەو دەدا -[١].

ناشتوانین بڵێین، میر، نوێنەر یان بریكاری هەبووە، چونكە بەڵگەمان بەدەستەوە نییە. ناشزانین كاتێ موزەففەرەددین گۆكبوری لە هەولێر نەبا یان بە هێرش و هەڵمەتێكی لەشكرەوە بۆ شەڕو كوشتار، لە شار دەرچووبا، كێ كاروباری ئەمارەتەكەی بەڕێوە دەبرد، بەلام (سرفتگین الزینی)ی بریكاری دامەزرێنەری ئەتابەگایەتیی هەولێر، یاریدەدەرێكی بۆخۆی دانابوو، ئەگەر خۆی لە هەولێر نەبا[٢]، جێگای دەگرتەوە.

ب- وەزارەت:

وەك باسمان كرد، وەزارەت بەر لە سەردەمی ئەتابەگایەتی، لە هەولێردا هەبوو، واتا ئەمارەتی هەزەبانیان وەزارەتی هەبووە. (ابن خلكان) لە (ابن المستوفي)یەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێت: (العمید فخر الكتاب أبو اسماعیل الحسین بن علي بن محمد بن عبدالرحمن) كە بە لەقەب (مؤیدالدین الأصبهانی)ی نووسەری (الطغرائي) ناسراو بە (الطغرائي)یە، لە هەولێردا، ماوەیەك وەزارەتی بەدەستەوە بووە[٣].وەهاش، زانراوە كە (الطغرائي) لە دەوروبەری ساڵی (٥١٥ك/١١٢١ز)دا كوژراوە[٤]. واتا وەزارەتی

---

(١) سبط إبن الجوزي، مرآة الزمان ٨/ ٦٨٣.

(٢) ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ٩، ترجمة هارون بن عبدالحسین بن گرجي.

(٣) ابن خلكان ٢/١٨٩، ط بیروت.

بنۆڕە نامیلكەی: ((ترجمات المتقدمین من الشعراء)) ص٤٤.

(٤) بە جیاواز باسی بەرواری كوژرانی (الطغرائي) دەكرێت. (العماد الكاتب الاصفهانی) دەڵێت: لە ساڵی (٥١٣ك)دا كوژراوە: (تأریخ دولة آل سلجوق – إختصار البنداري، ص ١٢١). بەلام (ابن خلكان) لە (السمعاني)یەوە وەریگرتووە كە لە (٥١٥ك)دا كوژراوە: (وفیات الاعیان ٤٣٨/١) پاشان لە (العماد)ەوە، وەردەگرێت و دەڵێت لە (٥١٣ك)دا كوژراوە و، دەشڵێت: ((دەڵێن)) لە ساڵی (٥١٤ك)دا كوژراوە. دەشڵێن لە ساڵی (٥١٨ك)دا كوژراوە (م. ن. ٤٤١/١٠) بەلام (یاقوت الحموي) دەڵێت: لە ساڵی (٥١٥ك)دا كوژراوە: (معجم الادباء ٥٢/٤). وەڵێ (ابن الاثیر) دەڵێت: لە ساڵی (٥١٤ك)دا كوژراوە: (الكامل ٥٦٣/١٠).

هەولێری لە سەردەمی (أبو الهیجاء الهذباني)ی سەرداری هەولێردا وەرگرتووە کە، تا دوای ساڵی ٥٢٠ك/١١٢٦ز) حوکمی رانیبوو[١]. بەڵام ئەم وەزیفەیە، پاشان لە سەردەمی ئەتابەگیاندا، لە ماوەی حوکمی موزەففەرەددین گۆکبوریدا، دیار نەماو بزربوو.

لێرەدا، گرنگ ئەوەیە، یەکەم بەڵگەی بوونی وەزیفەی وەزارەت لە سەردەمی ئەتابەگیاندا، لە ماوەی حوکمی میر موزەففەرەددین گۆکبورییەوە دەستمان کەوتووە، چونکە لەو ماوەیەدا، ئەمارەتی هەولێر بەرەو چاکتر گۆڕاو، کاروباری ئەمارەتەکە هەند پەلی هاویشت و پەرەی سەند، ئەم میرە نەیدەتوانی بە تەنیا بەڕێوەی ببات و هەڵیسووڕێنێت، لەبەر ئەوە بار و دۆخەکە پێویستی بە داهێنانی وەزیفەیەکی لەم جۆرە کرد، بۆ ئەوەی هەندێ لە ئەرك و فرمانی ئیدارەی ئەمارەتەکە بگرێتە ئەستۆ، وەزیرەکەش، لە بەڕێخستنی ئیش و کار و سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی ئەمارەتەکەدا، - وەك ئەوەی سەلجووقیان[٢] پێڕۆیان دەکرد - ئەمیش ببێتە یاریدەری میری ئەمارەتەکەی خۆیان، دەوڵەتی سەلجووقیان وەزیری هەبوو، سەرکردایەتیی دیوانەکانی دەکرد و، چاوی خستبووە سەر هەڵسوکەوت و رەفتاری دامودەزگای دەوڵەت و، دیوانی باجگری و دیوانی نووسینی (قەڵەم)ی لەبن دەستدا بوو، لەبەر ئەوە، پێویست بوو لە ئەمارەتی هەولێریشدا پۆستی وەزارەت هەبێت، وەزارەتیش کە دانراو، دەسەڵاتی وەزیر کەوتە فراوانی، ئەوجا، بووە کێبڕکێ و، شەڕیان لەسەر دەکرد و، داموداویان بۆ وەزیرەکە دەنایەوە و، گێچەڵیان بۆ دروست دەکرد، بۆ ئەوەی جێگاکەی بگرنەوە[٣]. لەبەر ئەوەش کە وەزیفەی وەزیری، وەزیفەیەکی گرنگ و بەرپرسە، پێویست بوو، وەزیر خەسڵەتگەلێکی وەهای

---

(١) الكامل. ٦٣٨/١٠، (ابن الاثير) لێرەدا باسی چالاکیی لەشکرگێڕیی ساڵی (٥٢٠ك)ی (أبو الهیجاء) دەکات. بە قسەی (أبو شامة)یش بێت دوای دوو ساڵ لەو بەروارە، (ئەتابەگ عمادالدین زەنگی) هەولێری گرت: ابو شامة، كتاب الروضتين ٣٠/١.

(٢) عبد النعيم محمد حسنين، سلاجقة ايران والعراق، ص ١٥٨.

(٣)ن. م. ص ١٦٠.

هەبێت بتوانێت ئەو گرنگی و بەرپرسییە لە ئەستۆ بگرێت[١]. لەبەر ئەوە، وەزیر، لەو کەسانە هەڵدەبژێردرا کە بەرۆشنبیر و میرزا و بە پشوو دەناسران و شارەزای یاساو رەوشتی پادشایان بوون و[٢]، پیاوچاك و لەخواترس بوون[٣]. وەلێ ئێمە نازانین، تا چەند، ئەم خەسڵەتە چاکانە لە وەزیرەکانی هەولێردا بووبن، (المبارك ابن المستوفي) نەبێ، کە لە دوادوای رۆژانی ئەمارەتەکەدا وەزارەتەکەی وەرگرت، دەنا، لەبارەی پێگەو جێگەو کلتوور و پلەی خوێندەواریی وەزیرەکانی ترەوە هیچ دەق و بەڵگەیەکی تایبەتمان بەدەستەوە نییە.

هەروەها، ناشزانین وەزیری هەولێر، تا چەند دەسەڵاتی بڕی کردووە، یان جۆری ئەرك و فرمانی چی بووە و، بە شێوەیەکی ـ راستەقینە ـ مافی سەرپەرشتیی دیوانەکانی هەبووە یان نەبووە. سەرروشتەکان (القرائن) ئەوە دەردەخەن کە موزەفەرەددین گۆکبوری رێگای بە شەریکە بەش نەدەدا و، نەیدەهێشت کەس هاوبەشی لە دەسەڵاتەکانیدا بکات. ئەو، جامی غەزەبی بەسەر زۆربەی گەورەپیاوانی ئەمارەتەکەیدا رژاند، لەبەر ئەوە، زۆر دوورە وەزیر فزەی کردبێ، تەنیا کارمەندێکی گەورە بووە و هیچی دی. وەزیر لە حوکمڕانیدا هاوبەش نەبووە و، لە تەلاری ئەم میرەدا، تەنیا یاریدەری میر بوونە لە کاروباری ئەمارەتەکەدا، واتا وەزارەتی هەولێر تەنیا بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی میر بووە و[٤]، دەسەڵاتی زۆر کەم بووە، پێدەچێ بنکەو بارەگای وەزارەت و دیوانەکان لە قەڵا بووبێت، ئەوەتا (ابن الشعار) لە مێژوو

(١) الماوردي، الأحكام السلطانية، ط/القاهرة، ١٩٦٠، ص ٢٧.

(٢) عباس إقبال (در وەزارت) ص ٢٥. حسين أمين، العراق في العصر السلجوقى ١٩٠.

(٣) ابن الطقطقى، الفخري في الآداب السلطانية، ص ٢٩٧ — ٢٩٨. النويري، نهاية الأرب ٩٤/٦.

(٤) بنۆڕە بزانە وەزارەتی جێبەجێکردن مانای چییە: النويري، نهاية الأرب ١٢٤/٦ — ١٢٨.

(؟) ابن الشعار، جـ ٩ ورقة ١٢٢. هەتا ئێستاش گەڕەکێك لە قەڵای هەولێر هەیە پێی دەڵێن گەڕەکی سەرای، کەوتووەتە لای دەروازە گەورەکەی روو لە باشوور، کە گەڕەکێکە لە سێ گەڕەکەکەی قەڵا. دوو گەڕەکەکەی دی: (تەکیە) و (تۆپخانە)یان پێدەڵێن.

نووسی هەولێر (ابن المستوفي)یەوە، دەگێڕێتەوە، دەڵێت: (هبةالله بن أبي الحسن المصري الدمنهوري) دیوانی خەمڵ (الارتفاع)ی تایبەت بە هەولێری وەرگرت و، لە قەڵا سەرپەرشتیی ئەم دیوانەی دەکرد.

لە هەندێ سەرڕوشتەوە (قرینە) بۆمان دەردەکەوێت یەکەم کەس وەزارەتی هەولێری گرتبێتە دەست (محمود بن محمد بن مقداد بن فارس الحرانی) بووە، کە موزەففەرەددین گۆکبوری لە (الحران)ەوە[1] لەگەڵ خۆیدا هێنای بۆ هەولێر و، کردی بە وەزیری خۆی و (أبا عبدالله محمد)ی کوڕیشی (ت ٦١٢ك/١٢١٥ز) کرد بە سەرۆکی دیوانی شکات[2]. موزەففەرەددین گۆکبوری بەرلەوەی ببێتە سەرداری هەولێر، سەرداری (الحران) بوو. وەزیری دووەمیش (أبو الحسن علی بن شماس بن عبدالله الأربلي) بووە[3].

لە ساڵی (٦٢٣ك/١٢١٥ز)یشدا، یان لە دەوروبەری ئەو ساڵەدا[4] (أبو أسحق شرف الدین ابراهیم بن علي بن أبي حرب)ی ناسراو بە (ابن الوالی الموصلي) وەزارەتەکەی وەرگرت، ئەوەبوو، وەزیرەکەی پێش ئەم، بەهۆی خراپیی ئیدارەو گەندەڵیی دیوانەوە لە وەزارەت لادرابوو. جا، بە بۆنەی هاتنی ئەم وەزیرە تازەیەوە، دەبینین (أسعد بن ابراهیم)ی نووسەری دیوان کە بە (مجدالدین الاربلي) ناسراو بوو، دوو بەیت شیعری گاڵتەجاڕیی بە خەیاڵدا دێت و دەڵێت ئەم وەزیرە تازەیە، لەوە زێتر کە چاوەشێکی (یاساوڵێکی)[5] لەبەر دەرگاکەی راگرتووە، هیچی دیکەی نەگۆڕیوە، گەر کەسێ بچێتە لای، یەکسەر یاساوڵەکەی بانگ دەکات. دوو بەیتە شیعرەکەشی ئەمەیە:

---

(١) ابن الشعار، جـ ٦، ورقة ١٨٧. نازانین ئەم وەزیرە لە چ ساڵێکدا مردووە.

(٢) م. ن. و.

(٣) م. ن. جـ ٧ ترجمة ولده (محمد بن علي بن سماس).

(٤) الیونیني، ذیل مرآة الزمان ١/١١٢.

(٥) جاویش، چاوەش = یاوەر، شمس الدین سامي، قاموس ترکي.

فرحنا وقلنا تولى الوزير وافلــح ديــواننــا بالوزارة
فما زادنا غير جاويشـــه وفي كتبنا كتبت بالأشارة[١]

واتا: دڵمان خۆش بوو، وەزیری تازەمان بۆهات و، دیوانەکەمان رزگاری دەبێ، کەچی تەنیا چاوەشەکەی خۆی بۆ زیاد کردین و، لەسەر نووسراوەکانیشمان دەنووسێ (بالاشارة).

وەزیر (شرف الدين ابراهيم) کوڕێکی هەبوو بەناوی (تاج الدين عبدالعزيز) دەبوو بە نوێنەری باوکی. ئەمەش مانای ئەوەیە کە لە ئەمارەتەکەدا، نوێنەرایەتی وەزیریش هەبووە. موزەففەرەددین گۆکبوریش، ئەم نوێنەرەی چەندین جار ناردووە بۆ بەغدا. (اليونينى) باسی خەسڵەتەکانی ئەم نوێنەرە دەکات و، دەڵێت: (سەرۆکێکی هیممەت بەرزە، چاکەی زۆرە، دەستپاکە، رەوشتی باشە، لە ئیشەکانیدا دڵسۆزە و، لە هەڵسوکەوتیدا بەسەبرە و بەورەیە) [٢]وەزیر (شرف الدين) و (تاج الدين)ی کوڕی لەسەر وەزیفەی خۆیان، تا، کۆتایی ساڵی (٦٢٨ك/١٢٣١ز) مانەوە، ئیدی، سەرداری هەولێر هەردووکیانی حەپس کرد[٣].

دوایین وەزیری ئەم ئەمارەتە (أبو البركات المبارك ابن المستوفي) بوو، ئەمیش لە بەندیخانە بوو، بەلام کاتێ موزەففەرەددین گۆکبوری، (شرف الدين ابراهيم)ی حەپس کرد، ئەمی لە بەندیخانە دەرکرد، وەزارەتەکەی پێ سپارد. هەر چەندیشە (ابن المستوفي) ـ وەك (ابن الشعار)ی قوتابیی دەڵێت ـ بەم وەزیفە تازەیەی قایل نەبوو، بەلام لە کاروباری سوڵتانیدا لێهاتوو بوو، دام و دەزگای حوکمیشی تازەکردەوە[٤]. خەڵکی ئەمارەتەکەش گەلێکیان پێخۆش بوو کە هاتەوە سەر حوکم،

---

(١) اليونيني، م. ن. ص. والكتبي، فوات الوفيات ١٨/١.

(٢) اليونينى ٢٦٩/٢.

(٣) ابن الشعار، عقود الجمان جـ ٤، ورقة (١).

(٤) ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ٦، ورقة ١٨.

بەڵام زۆری نەخایان و سەرداری هەولێر لە ساڵی (٦١٣ك/١٢٣٣ز)دا کۆچی دوایی کرد و (ابن المستوفي)یش وازی لە پۆستەکەی (وەزیفەکەی) هێنا. بەڵام دوای مردنی موزەففەرەددین گۆکبوری، خەلیفە (المستنصر) ـ وەکو باسمان کرد ـ هەولێری بەزۆر داگیر کرد و، میر (باتگین بن عبدالله الرومي)ی[1]، بەسەر هەولێرەوە دانا. ئەم میرە تازەیە، زۆر لەگەڵ (ابن المستوفي)دا خۆی ماندوو کرد، کە قایل ببێ، لەسەر وەزیفەکەی بمێنێ، بەڵام بێ هوودە بوو.

ج- پەردەدارەکان (الحجابة):

پەردەداری وەزیفەیەکە لە سەردەمی ئەتابەگیاندا لە هەولێر هاتە گۆڕێ. پەردەدارەکە لەبەر دەرگای سەردار، یان میر دەوەستا و، ئیزنی وەردەگرت[2]، بۆ کەسێ بچێتە ژوورێ، واتا لە خەڵکی دەپاراستن و دەرگای دادەخست و ـ وەك (ابن خلدون) دەڵێت[3]ـ لەکات و ساتی خۆیدا دەرگای دەکردەوە، نەوەکا کەسێك خراپەیەکی لە دژ بکات، چونکە لەوەپێش هەندێ لە خەلیفەو سوڵتانەکان دەستدرێژییان لە دژ کرابوو. پەردەدار، لە نێوان میر و وەزیریشدا پێوەندیی ئاسان دەکرد، فەرمانی زارەکیی لە میرەوە دەگەیاندە وەزیر و[4]، وەزیر دەبوو جێبەجێی بکات. پەردەدار، جارجارەش رۆڵی باڵیۆزی دەبینی، لە نێوان وڵاتی خۆی و وڵاتێکی دیکەدا دەکرا بە نوێنەر و پێوەندیی لەگەڵ هەندەراندا دەکرد[5].

ئێمە نازانین پەردەداری، لە هەولێردا، کەی پەیدابووە، وەڵێ یەکەم دەقی نووسراو، لە بارەی پەردەدارەوە، ئەوەیە کە لە سەردەمی موزەففەرەددین گۆکبوریدا

---

(١) و. ن.

(٢) القلقشندي، صبح الاعشى ٢٧٣/٣.

(٣) ابن خلدون، المقدمة، طبعة بيروت ١٩٦١ ص ٤٣٦.

(٤)البنداري، تأريخ دولة آل سلجوق، ص ١٠٧.

(٥) حسين امين، تأريخ العراق في العصر السلجوقي ١٨٣.

هەبووە. (ابن شداد) دەڵێت: (شجاع الدين الاربلي) پەردەداری ئەم میرە بووە و، لە ساڵی (٥٩٨ك/١٢٠١ز)دا، سێ هەزار دیناری پێدا ناردووە بۆ دیمەشق بۆ تەواوکردنی ئەو مزگەوتەی لەسەر چیای قاسیۆن[1] دروستیان دەکرد.

هەروەها، لە هەولێر (ابو العباس صلاح الدين احمد بن عبدالسيد ابن شعبان بن محمد بن جابر الأربلي)یش، سەردەمێك پەردەدار بووە. (ابن خلكان) دەڵێت:[2]

لە بنەماڵەیەکی گەورەی ناسراوی هەولێر بووە. پێدەچێ، پەردەدارەکەی پێشتر، ئەم وەزیفەیەی وەرگرتبێ. دەڵێن (ابو العباس) ماوەیەکیش لە لەشکری هەولێردا ئیشی کردووە[3]، پاشان لە تەلاری میری هەولێردا[4] وەزیفەی پەردەداریی وەرگرتووە ـ بەڵام وەکو زۆربەی سەرەك دیوانەکانی دی ـ خێری لە وەزیفەکەی نەدی، چونکە موزەففەرەددین گۆکبوری ئەمیشی حەپس کرد، پاشان لە ساڵی (٦٠٣ك/١٢٠٦ز)دا، ئازادی کرد. ئەمیش هەولێری بەجێهێشت و چوو بۆ شام و، لەوێ کەوتە خزمەتکردنی (الملك المغيث محمود ابن الملك العادل)، دوای مردنی ئەم مەلیکەش، ئنجا، چوو بۆ میسر و، کەوتە خزمەتکردنی (الملك الكامل محمد) و، پلەو پایەی دای لە بەرزی و، - وەك (ابن خلكان) دەڵێت ـ ئەو پلەیەی ئەم پێی گەیشت کەس پێی نەگەیشت، کار گەیشتە ئەوەی، (الملك الكامل) کردی بە میر[5].

(أحمد بن عبدالسيد) لە ساڵی (٦٣١ك/١٢٣٤ز)دا، لە (الرها) گیانی سپارد و،

---

(١) ابن شداد، الأعلاق الخطيرة ((تأريخ دمشق)) ص ٨٦.

(٢) ابن خلكان ١٨٤/١ طبعة بيروت.

(٣) ابن الشعار، جـ ١، ترجمة احمد بن عبد السيد.

(٤) ابن خلكان، ص. ن. الصفدي، الوافي ٦٢/٧.

(٥) ابن خلكان: ص. ن.

تەرمەکەیان بردە قاهیرە و لە گۆڕستانی (القرافة الصغرى) [١] بەخاکیان سپارد. ناشزانین دوای ئەم، کێ بووەتە پەردەداری سەرداری هەولێر.

د- دیوانی قەڵەم (نووسین):

دیوانی نامەکان و، دیوانی نامەو نامەکاریشیان پێدەگوت[٢]. بەرپرسی ئەم دیوانەش، پێیان دەگوت سەرەك دیوان یان ئینشانووس یان نهێنی نووس[٣]. ئەرك و فرمانی ئەم سەرەك دیوانە، ئەوەبوو، نامەو فەرمانی فەرمیی دەنووسی و[٤] هەر نامەو فەرمان و رێنماییەکیش لە میرەوە دەرچووبا، دەهاتە لای ئەم و، ئەمیش پێیدا دەچووەوە و، لە قالبێکی جوانتردا بە خەتی خۆی، یان بە خەتی خەتخۆشێك لە نووسەرەکانی[٥] خۆی، کە متمانەی پێدەکردن[٦]، دایدەرشتەوە.

(ابن خلدون) دەڵێ: ئیشوکاری ئەم دیوانە زۆر مەترسیدار بوو، لەبەر ئەوە، سەرەك دیوانێکی بۆ دادەنرا، لە چینێکی زۆر بەرزی کۆمەڵگە و، لەوانەی کە هەست بە مرۆڤایەتی و ئابڕوو دەکەن و، ئاستێکی زانستی و بەهرەوەری و زمانەوانیی زۆر چاکیان[٧] هەیە. گەلێ جاریش سەرەك دیوانیان، یان یاریدەدەرەکەی وەك باڵیۆز و نوێنەر دەشاندران بۆ وڵاتانی دەوروبەر و، نامەو نووسراویان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد،

---

(١) ابن خلكان ١٨٧/١. الصفدي ٧٣/٧. (ابو العباس صلاح الدين احمد) لە (مرآة الزمان ٦٩٢/٨)دا، باس کراوە. النجوم الزاهرة ٢٨٦/٦. پێویست ناکات باسی باقیمەنی ژیانی بکەین کە لە دەرەوەی هەولێر پڕبووە لە بزاڤ و چالاکی.

(٢) القلقشندي ٩٠/١.

(٣) المقريزى، الخطط، جـ ٢، ص ٢٢٦. عباس أقبال، (وزارت در عهد سلاطين)، ٢٩.

(٤) عبدالنعيم محمد حسنين، سلاجقة ايران والعراق ١٦٢.

(٥) المقريزي، الخطط، ص. ن.

(٦) ابن شاهين الظاهري، زبدة كشف الممالك، ص ٩٩. عباس أقبال، م. ن. ص ٣٠.

(٧) قدامة ابن جعفر، مخطوط (صنعة الكتابة) ورقة (١١). ابن خلدون، المقدمة، ص ٤٣٨.

یان کارێکی نهێنی هەبا[١]، بە جێیان دەگەیاند. دیوانی قەڵەم (نووسین) لە سەردەمی سەلجووقیاندا، جارجارە، دیوانی (الطغراء)یشی[٢]پێدەگوترا، چونکە لەگەڵ دیوانەکەی تردا، بەسەریەکیانەوە هەبوو.

سەرچاوەکان باسوخواسی ئەوەیان تێدا نییە کە، لە بەرایی حوکمی ئەمارەتی بەگەتگینیاندا، لە هەولێر، کێ ئەرك و فرمانی قەڵەمی (نووسین)ی لە ئەستۆ بووە. وەلێ بە دووری نازانین (أبو حفص غرس الدين عمر شماس بن هبة اللة الأربلی الكاتب) یەکەم کەس بووبێ، ئەرك و فرمانی ئەو دیوانەی راپەڕاندبێ. ئەو، کەم و زۆر زووتر مردووە، لە ساڵی (٦٠٠ك/١٢٠٢ز)دا کۆچی دوایی کردووە[٣]. (ابن الفوطي) لە (ابن المستوفي)یەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێت: ئەم (أبو حفص غرس الدين)ە کاتێ میر (مجاهدالدين قايماز) لە ساڵی (٥٧١ك/١١٧٥ز)دا هەولێری بەجێهێشت و رووی لە موسڵ کرد[٤]، ئەویش لە تەکی بەرێ کەوت. ئەم نووسەرە، برای (علي بن شماس بن عبدالله الأربيلی)ی وەزیری ئەمارەتی هەولێر بوو.

کەسێکی دی کە سەرۆکایەتیی دیوانی قەڵەمی (نووسینی) کردبێ (أبو الحسين موسى الكاتب) بووە کە لە بواری رێزمان و شیعریشدا خۆی ماندوو دەکرد. ئەم، کاتێ ئەو وەزیفەیەی وەرگرت کە نووسەرەکەی پێش خۆی (غرس الدين عمر) هەولێری بەجێهێشت. وا دیارە (أبو الحسين موسى) لەسەر وەزیفەکەی مایەوە و نووسینی بۆ سەرداری هەولێر دادەڕشت، تا لە ساڵی (٦١٧ك/١٢٢٠ز)دا[٥]گیانی سپارد. (ابن الشعار)[٦] دەڵێت: (ابن المستوفي المبارك)یش، ماوەیەك ئەم دیوانەی بەدەستەوە

---

(١) عباس اقبال، ص. ن.

(٢) المقريزي، م. ن. ص.

(٣)ابن الفوطي، تلخيص مجمع الآداب، جـ ٤، ق ٤ ص ١١٥٩.

(٤)م. ن. ص.

(٥) المنذري، التكملة لوفيات النقلة: بالرونيو جـ ٦، ورقة. ١٠٩٠.

(٦) ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ٦، ترجمة المبارك ابي البركات.

بووە.

گرنگترین نووسەر کە لە سەردەمی موزەففەرەددین گۆگبوریدا دیوانی قەڵەمی وەرگرتبێ، ئەوە (أبو المجد[1] مجدالدين أسعد بن ابراهيم بن حسن بن علي الشيباني النشابي الأربلي) بووە، کە لە تەمەنی لاویتیدا لە هەولێر بەدەرکەوتووە و وڵاتانی جزیرە و شام گەڕاوە و، لە ساڵی (٦١٥ك/١٢١٨ز)دا گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر و، سەرپەرشتیی دیوانی نووسینی گرتووەتەوە دەست و[2]، پلەو پایەی بەرزتر بووە و، برەوی سەندو قسەی دەڕۆیشت[3]، پاشان لە هەموو کەسێك زیاتر لە موزەففەرەددین گۆگبوری نزیك بووەوە، ئەوەبوو لە ساڵی (٦٢٨ك/١٢٣٠ز)دا[4]، بۆ سەردانی بەغدا، لەگەڵ خۆیدا بردی.

ئەمیش، تا ساڵی (٦٢٩ك/١٢٣١ز) ئیشەکەی بەڕێوەبرد و، لەو ساڵەدا، سەرداری هەولێر غەزەبی لەویش گرت و، لە دیوان دەری کرد. پاشان گرتی و دووری خستەوە بۆ بەندیخانەی کەرخینی (کەرکوك)، کە ئەو شارەش سەر بە ئەمارەتی هەولێر بوو، لەوێ لە بەندیخانە مایەوە، تا مردنی موزەففەرەددین گۆگبوری، کە ئیدی لەشکری خەلیفە (المستنصر) هەولێری داگیر کرد و، هەموو حەپسەکانی ئازاد کرد (مجدالدين)یش یەکێك بوو لەو ئازاد کراوانە، ئەمیش لێی نەوەستا، یەکسەر، چوو بۆ بەغدا و لەوێ چەندین وەزیفەی وەرگرت[5]، پاشان لە دوادوای ساڵی (٦٥٧ك/١٢٥٩ز)دا مرد. (مجدالدين) یەکێك بوو لەوانەی کە لە ڕووداوەکەی

---

(١) لە هەموو سەرچاوەکاندا، ناوی بە (أبو المجد) هاتووە، بەڵام لە (ابن الفوطي، تلخيص مجمع الآداب، ط لاهور، جـ ٥ ق ٢، ١٠٧)دا، ناوی بە (أبو الفضل) و (أبو سعد) هاتووە.

(٢) اليونيني، ذيل مرآة الزمان ١/١١١.

(٣) ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ١، سيرة اسعد بن ابراهيم.

(٤) اليونيني، ن. ص، کەچی (الكتبي) دەڵێت: موزەففەرەددین گۆگبوری ناردی بۆ بەغدا: (فوات الوفيات) ١/١٧.

(٥) ابن الشعار، ن. م. اليونيني ١/١١٣.

داگیركردنی بەغدا نەكوژراو سەر سەلامەت دەرچوو، ئەوەبوو، خۆی شاردەوە، تا دۆخەكە هێور بووەوە[١].

دوایین كەس، ئەم دیوانەی هەولێری گرتبێتە دەست (أبو عبدالله محمد بن جعفر ابن محمد بن محمود بن هبة الله)ی كوڕی قازیی هەولێر (أبو محمد الكفر عزي الأربلی) بووە، ئەوەبوو موزەففەرەددین گۆگبوری، دوای حەپسكردنی بەرپرسی دیوانەكە، ئیشەكەی بەم سپارد[٢].

هـ- وەزیفەی مۆركردن (الطغراء):

ئەمەش، یەك لەو وەزیفانەیە كە لەم سەردەمەدا هاتە ئاراوە. مۆربەدەست بەدەستی خۆی ئەو نامەو نووسراوانەی كە لە ئەمارەتەكەوە دەردەچوون[٣]، مۆردەكرد. هەروەها هەموو جۆرە گەواڵەیەكیشی مۆر دەكرد[٤]. ئەم فرمانە بە كەسێك دەسپێردرا هەندێ خەسڵەتی چاكی هەبێ، بەنموونە، (گیر) بێت واتا بە ئیدارە بێت، یەك زمان و یەك ڕا بێت، بوێر و نەفسبەرز و ڕۆشنبیر و زیرەك و

---

(١) الیونینی، ن. ص. ابن الفوطي، تلخیص مجمع الآداب، جـ ٥، ق ٢ ص ١٠٧، كەچی ساغكەرەوەی (تلخیص مجمع الآداب) كە دكتۆر (مصطفی جواد)ە، جـ ٢، ق ٢، ص ٥٦١/الهامش دەڵێت: وابزانم كە هۆلاكۆ لە ساڵی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز)دا بەغدای داگیر كرد، ئەویش كوژرا. دكتۆر (مصطفی جواد) هەواڵەی (ابن الكتبی) و (ابن العدیم) مان دەكات، كەچی (ابن الكتبی) باسی مردنی (اسعد)ی نەكردووە: (فوات ١/١٧). دكتور (مصطفی جواد) ناوی كتێبەكەی (ابن العدیم)ی نەنووسیوە، دوور نییە مەبەستی (بغیة الطلب من تأریخ حلب) بێت كە دەسنووسەو، لە نەستەنبووڵە. بنۆڕە: العزاوی، التعریف بالمؤرخین، ص ٧٩.

(٢) ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ٧، ورقة (٤٧١ - أ) سیرة محمد بن جعفر بن محمد.

(٣) القلقشندي ٢/١٣٢.

(٤) ابن خلدون، المقدمة، ص ٤٦٧.

بلیمەت بێت[١]. (البنداري) لە بارەی ئەم پۆستەوە دەڵێت: لەدوای پۆستی وەزارەتەوە، مەسنەتی باجگریی[٢]نەبێ، دەنا هیچ مەسنەتێك (منصب) لە مەسنەتی مۆربەدەستی گرنگتر نابینی.

دەشتوانین ئەم وەزیفەیە، بە تەواوكەری وەزیفەی دیوانی قەڵەم[٣] دابنێین، بەرپرسی دیوانی قەڵەم، سەرپەرشتیی نووسین و وەرگرتنی نووسراوی میریی دەكرد و، مۆر بەدەستیش فەرمانەكانی میری بە نەخشێكی تایبەت مۆر دەكرد[٤].

(أبو الفضل هاشم بن عبدالسلام بن يوسف ابن عمر و بن مندو الأربلي) ئەم وەزیفەیەی لە هەولێر وەرگرت، ناشزانین لە چ ساڵێكدا وەری گرتووە، رەنگە درەنگتر وەری گرتبێ، چونكە، ئەو، لە ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز)دا لەدایك بووە[٥].

ناشزانین كەسێكی دی، پێش ئەو، وەری گرتووە، یان، نا، بەڵام (أبو الفضل) لەسەر ئیشەكەی مایەوە، تا نەمانی ئەمارەتەكە، سامانێكی زۆریشی بەم ئیشە خڕكردەوە ـ بە قسەی (ابو الشعار) كە زۆر لە گەڵیدا كۆدەبووەوە ـ. (أبو الفضل) پاشان لە هەولێر دەرچوو، چونكە لە ساڵی (٦٣٤ك/ ١١٣٧ز)دا مەگۆل هاتنە ناو هەولێرەوە، ئەویش بۆی دەرچوو. پێدەچێ لە بەغدا گیرسابێتەوە، چونكە مێژوونووسی ناوبراو لە ساڵی (٦٣٩ك/١٢٤١ز)دا لە بەغدا چاوی پێی كەوتووە[٦].

---

(١) البنداري، آل سلجوق، ص ٥٦.

(٢) م. ن. ص ٩٢.

(٣) م. ن.

(٤) قدامة بن جعفر، مخطوط (صنعة الكتابة) ورقة ٢١.

(٥) ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ٩، ورقة ٩٣.

(٦) م. ن. و.

و- وەزیفەی کوێخایەتی:

بریتییە لە سەرپەرشتی کاروباری تەلار و ماڵی میر، ئەوەش کە ئەم ئیشە رایی دەکات پێی دەڵێن بەرپرسی کوێخایەتی[١]. ئەم بەرپرسە، بە ئەسڵ، ئیش و کاری چێشتخانەو خواردن و خواردنەوە و خزمەتی دەستوپێوەند و غیلمانی[٢] دەکرد و، بەرکوڵێکیشی لە خۆراکی میر دەخوارد بۆ ئەوەی دڵنیا بێت زەهری تێدا نییە[٣]. کوێخا دەسەڵاتی ئەوەی پێدرابوو، هەموو پێداویستییەکی ماڵی میر و پارە و خەرجی و جل و بەرگ ئامادە بکات[٤].

(محمد بن اسطيفان ابن عبدالله) بەرپرسی کوێخایەتی سەرداری هەولێر بووە (ابن الشعار) لە زمانی (ابن المستوفي)یەوە دەڵێت: میرێکی بە ئاکار و رەوشتباش و بەرچاوتێر و خۆش مەشرەب و دڵپاك و خێرخواز بووە، لە هەولێر، لە ساڵی (٦٢٣ك/١٢٢٦ز)دا مردووە[٥].

ز- باجگریی (الاستيفاء):

لە وەزیفە سەرەکی و گرنگەکان بووە، کاروباری دارایی دەوڵەتی هەڵدەسووڕان و، بەند و بەستی (ضوابط) داهات و خەرجی دادەناو، سەرچاوەکانی پارەو دەسکەوتی دەسنیشان دەکرد[٦]. (ابن مماتي) کە لە ساڵی (٦٠٦ك/١٢٠٩ز)دا مردووە، باسی ئەرك و فرمانی باجگریی بە دوور و درێژی کردووە، دەڵێت: باجگر داوا لە بەردەستەکانی خۆی دەکات کە لەکات و ساتی خۆیدا ئەو پارەیەی هاتووەتە دەستیان دوای

---

(١) القلقشندی، پێناسەی کردووە، بنۆڕە: صبح الاعشى ٤٥٧/٥.

(٢) القلقشندي ٢٠/٤. المقريزي، الخطط ٢٢٢/٢.

(٣) یان ئەوەیە کە پێیان دەگوت (الجاشنگیر)، بنۆڕە: صبح الاعشى ٢١/٤، ٤٦٠/٥.

(٤) القلقشندي ٢٠/٤. المقريزي. م. ن. ص.

(٥) ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ٦، ترجمة محمد بن اسطيفان.

(٦) القلقشندي ٢٠/٤

نەخەن و پێشکەشی بکەن.

هەروەها ئاگاداریشیان دەکاتەوە، چەند لەو پارەیە دەردەچێت ئەویش لە کات و ساتی خۆیدا بەیان بکەن و، لیستی قەرز و پارەی دەوڵەت ئامادە دەکات، خۆ، ئەگەر هات و دەرکەوت، پارەیەك هەبووە پشتگوێی خستووە، یان پێشکەشی بە میری نەکردووە یان دوای خستووە، یان سەرانەی وەرنەگرتووە، ئەوا پێویستە تەگبیری حاڵی خۆی بکات[1]. (القلقشندي)یش دیسان بەم شێوەیە وەسفی دەکات، پاشان دەڵێت: باجگر هەند پلەی بەرز بووە، (الحريري) لە مەقاماتەکەیدا، گوتوویەتی: (باجگر جەمسەری دیوانە) [2]. ئەو قسەیەش عاجباتی نییە و، لە هیچە نەگوتراوە، راستت دەوێ، بەرپرس بووە لە بن چاو خستنی (مراقبة) حساب و حسابکاریی دەوڵەت و، بە دەستی خۆی ئەنجامی پشکنینەکانی دەنووسی و هەر نووسراوێکیش پێوەندیی بەکاروباری داراییەوە بووبێت، دانەیەکی لەبەر دەگرتەوە[3]. بۆ پشکنینیش دەردەچوو و دەگەڕا، چاودێریی کاروباری داراییی دەوڵەتی دەکرد و[4]، داهاتی پارە و خەلە (دەغڵ و دان) و مەڕوماڵاتیشی کۆدەکردەوە و، بە ژماردن و بە کێش و سەنگ و بە پێوانە، هەمووی بە جیا دەنووسی و لە دەفتەری دەدان[5]. لەبەر ئەوە گرنگیی ئەم دیوانە بەپلەی دووەم لە خوار وەزارەتەوە دەهات[6].

لەبەر ئەوە، ئەو کەسەی سەرۆکایەتیی ئەم دیوانەی دەکرد، پێویست بوو، مەرج و شەرتوشرووتی دیارکراوی تێدا فەراهەم بێت. (عباس إقبال) دەڵێت: لەناو

---

(١) الأسعد ابن مماتي، قوانين الدواوين، ص ٣٠١.

(٢) القلقشندي ٤٦٦/٥.

(٣) النويري، نهاية الأرب ٣٠٢/٨.

(٤) حسين أمين، تأريخ العراق في العصر السلجوقي ١٩٧.

(٥) النويري، ن. ص.

(٦) البنداري، تأريخ آل سلجوق، ص ٩٢. ابن خلكان ٢٩٧/٣. إبن ابي عذيبة، ص ٣١٢. عباس اقبال ((وزارت در عهد...)) ص ٢٢.

کۆمەڵگـەدا بەدمراسـت و لـە خـوا تـرس لـە قەڵـەم دەدرا و، لـە نهێنییـەکانی سەروسەختی نێوان خەڵکی دەزانی و، حساب و حسابکاریی زەبت دەکرد و، پیاوێکی قاڵ بـوو، لـە ئوسـووڵی دەزانـی و، قەڵەمەکەشـی حـوکمی هەقیانـەتی دەنووسـی و، گەواهی دروستی دەردەبڕی و، هەق و ناهەقی لێك جیا دەکردەوە، چونکە بناغـەی بەرژەوەندی گشتی و، ڕێکخستنی کاروباری سـەڵتەنەت، لەسـەر ئـەو قەڵەمـەی ئـەو بنیـاد دەنـراو، پاراسـتنی موڵـك و مـاڵ و سـامانی گەنجینـەی دەوڵـەتیش بـەوەوە بەنـدبوو[1]. (إبـن خلکـان)یـش، باسـی بـاجگری هـەولێری کـردووە و، دەڵێـت: (پلـەو پایەیەکی بەرز بوو، بە پلەی دووەم لە دوای وەزارەتەوە دەهات[2]، ئەم وەزیفەیە بەر لـە سـەردەمی ئەتابـەگیان، لـە سـەردەمی ئـەمارەتی کـوردی هەزەبانیانیـشدا، هـەر هەبووە) [3]

وا دیـارە، ئـەم وەزیفـە و مەسـنەتە، تـەنیا، هـەر بەدەسـتی بنەماڵـەی (ابـن المستوفي)ی نـاودارەوە بـووە. هـیچ بەڵگەیەکیشمان بەدەسـتەوە نییـە کـە بێجگـە لـەو بنەماڵەیە، کەسێکی دی ئەو وەزیفەیەی وەرگرتبێ. (ابن الشعار) دەڵێت: ((باپیرەی ـ ابن المستوفي ـ دەچێتەوە سەر وەچەکانی ـ النعمان بن المنذر بن ماء السماء اللخمی ـ کە مەلیکێك بووە لە مەلیکەکانی ـ الحیرة ـ، خۆی و کوڕەکانی، لە سەردەمی حوکمی ـ الأمیر ابـو الهیجاء الحسین بـن موسـی بـن جکـو الهذبانی الکوردی ـدا، هاتوونەتـە هەولێر و، لە دیـوانی ئـەم میـرە کوردەدا بـاجگر بـووە)) [4]، ئـەم مێژوونووسـە، ئنجا دەڵێـت: ئـەم ماڵباتـە، بـە بـاجگر شـۆرەتیان ڕۆیـشت چونکە زۆربـەیان باجگرییـان کـردووە، بـاوکی (ابـن المـستوفي) و بـاپیری و خـۆی و بـاپیری بـاوکی و، مـامی و، خاڵەکانیشی باجگرییان کردووە. (ابن المستوفي) وەك کۆڵەکەی ئەم بنەماڵەیە بووە و،

---

(١) عباس اقبال، ص ٢٦.

(٢) ابن خلکان ٢٩٧/٣. ابن ابي عذیبة، ص ٣١٢.

(٣) ابن الشعار، جـ ٦، ورقة ١٧.

(٤) ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ٦، ورقة (١٧) وما بعدها، ترجمة المبارك — ابن المستوفي.

خۆی سەرۆکایەتییانی کردووە[١].

(ابن خلكان) دەڵێت: باوکی (ابن المستوفي) لە هەولێر باجگر بووە، (صفي الدين أبو الحسن علي بن المبارك)ی[٢] مامیشی باجگریی کردووە. بەڵام (ابن المستوفي)، خۆی، کە ئەم وەزیفەیەی وەرگرت، زۆر وەستایانە کاروباری دیوان و، راگرتن و جێبەجێکردنی یاساکانی هەڵدەسووڕاند و[٣]، بۆ ماوەی چل ساڵ، بە خۆڕایی خزمەتی تەلاری هەولێری کرد، بەبێ ئەوەی هیچ مووچەو پاداشتێك وەربگرێت[٤]، چونکە دەیویست سەری سەلامەت بێت و، موزەففەرەددین گۆکبوری لە بەندیخانەی نەهاوێ وەك زۆربەی سەرەك دیوانەکانی تر[٥]. بەڵام، ئەوەش دادی نەداو لە غەزەبی سەرداری هەولێر بێوەی نەبوو، ئەوەبوو حەپسی کرد و، مەچەکی لە زنجیر دا و، حەوت هەزار دیناریشی لێ سەند، پاشان لە ساڵی (٦٢٩ك/١٢٣١ز)دا ئازادی کرد و، پۆستی وەزارەتی هەولێری پێدا.

ح- دیوانی خاروبار (الاهراء):[٦]

بەر لە سەردەمی سیستەمی ئەتابەگایەتی، ماوەیەکی دوور و درێژ، ناوی ئەم دیوانە بزر بوو، باسوخواسی نەبوو، رەنگە دیوانەکە، خۆی هەبووبێ بەڵام ناوی نەبوو، چونکە دیوانێك لە دەوڵەتێکی شارستانیدا، رۆڵێکی گەورە بگێڕێت، بزر نابێت و دەمێنێت، دووریش نییە ناوەکەیان گۆڕیبێت و، بەهەرحاڵ، دیوانی خاروبار

---

(١) م. ن.

(٢) ابن خلكان ١٥١/٤، ط بيروت.

(٣) ن. م. ١٤٧/٤، ط بيروت.

(٤) ابن الشعار، م. ن.

(٥) م. ن، جـ ٩، ورقة ٩٣.

(٦) (محمد مرتضى الزبيدي): پێناسەی ئەم دیوانە دەکات، دەڵێت: الاهراء: - واتا خاروبار: خانوویەکی گەورەیە، خۆراکی سوڵتانی تێدا دادەکرێ، بنۆڕە: (تاج العروس) ٤١٠/١٠.

هەر هەبووە، چونکە دەوڵەت نییە ئەو دیوانەی نەبێ.

(ابـن ممـاتی)* پێناسـەی ئـەم دیوانـە دەکـات و دەڵێـت: ((کۆگاگەلێکـە، داهـاتی دەغڵودانی میریـی لێ دادەکـەن و تـاقتی دەکـەن، ئـەو بەشەشـی ڕەزامەنـدیی لەسـەر کرابێ لێی دەردەکەن[1]).

(ابن شاهين الظاهري)یش[2]هەروا دەڵێ. (القلقـشندی) [3]باسـی ئـەوە دەکـات، ئـەم دەغڵودانە چۆن چۆنی لە کیسە دەکرا و کیسەکانیان مۆر دەکرد و، تـا، کۆنەکـە مابـا، تازەکـەیان بـەکار نـەدەبرد[4]. دەشـتوانین بڵـێین وەك سـایلۆکانی ئـەم سـەردەمە دەغڵودان و خۆراکی وشکەیان لەو کۆگایانە دەکرد.

بێگومان، ئەم جۆرە دیوانە، لە ناوچەیەکی پڕ لە دەغڵودانی وەك هـەولێردا، کـە گەلێ جار دەبـووە قـەرارگای لەشـکر و، چـالاکیی سـەربازی چ بـەهۆی شەڕوشـۆڕی لـە دژی ئـەمارەتی موسـڵ و چ بـەهۆی لەشکرکێـشیی مـەگۆلان، گرنگییـەکی گـەورەی هەبووە، ئەمە جگە لەوەی کـە ئـەمارەتی هـەولێر لـە بنەڕەتـدا لەسـەر سیـستەمێکی نیمچە سەربازی دامەزرابوو.

(اسحق بـن معـالي ابـن شمـاس ابـن هبـة الله بـن ابـراهيم بـن شمـاس بـن ابـراهيم الأربلی) کە برازای وەزیری هەولێر (أبو الحـسن علـي بـن شمـاس)ی نـاوبراو بـووە، لـە هەولێر سەرپەرشتیی دیوانی خاروباری کردووە.

ئەم (اسحق)ە لە کاروباری ئەندازەو پزیشکی و ڕۆژانی عارەب سەری دەردەکرد و لێـی دەزانـی. پیـاوێکی ئاکـار چـاکیش بـووە، وەڵێ نـازانین کـەی ئـەو وەزیفەیـەی وەرگرتووە، هەر هەندەی لەسەر زانراوە کە تاکو بـەرایی سـاڵی (٦١٧ك/١٢٢٠ز) لەسـەر ئـەم دیوانـە مایـەوە، ئیـدی موزەففـەرەددین گۆگبـوری، لەویـشی هەڵپێـچاو، داوای

---

(١) الأسعد بن مماتي، قوانين الدواوين، ص ٣٥٠. النويري، نهاية الأرب ٢١٩/٨ – ٢٢٠.

(٢) ابن شاهين الظاهري، زبدة كشف الممالك، ص ١٢٢.

(٣) القلقشندي، ٣٣/٤.

(٤) م. ن ١٠١/١٣.

پارەیەکی زۆری لێ کرد، کە پێی هەڵنەدەستا و نەیبوو، لەبەر ئەوە غەزەبی لەویش گرت و هاویشتییە بەندیخانەو، لە زینداندا مایەوە، کابرا، خۆیشی پیر ببوو، هەر لەو ساڵەدا، لە زیندانەکەدا کۆچی دوایی کرد، تەمەنیشی لە شەست ساڵ ترازابوو(١). ناشزانین دوای گرتنی ئەم، کێ جێگاکەی گرتەوە.

ط- دیوانی خەمڵ (قەرساندن):

ئیشی ئەم دیوانە ئەوەبوو، سەرپەرشتیی بەروبوومی زەویوزار بکات و پەرەی پێ بدات و زۆری بکات(٢). ئەمەش ئیشێکی گرنگە و باری دارایی و ئابووریی دەوڵەت لەسەر ئەم دیوانە بەندە، کە وەزیر، یەکەم جار، خۆی سەرپەرشتیی دەکرد(٣). پاشان ئیشەکەیان سپارد بە کەسێکی دی لەبەر ئەوەی هەند پەرەی سەند و ئیشەکانی هەند زۆر بوون، پێویستی بەوە دەکرد دیوانێك بکەنەوە ئەو هەموو خەمڵ و قەرساندنە بگرێتە ئەستۆ. ئەو بەروبووم و داهاتەش کە بەرپرسی ئەم دیوانە رادەستی دەدرا (وەری دەگرت)، لە خەمڵی دەغڵودانەوە دەهات، یان پارەی نەخت بوو(٤).

بەرپرسی ئەم دیوانە، پێویست بوو لە یاساگەلی سەرۆکایەتی(٥)بزانێت و، لە کاروباری حسابی و حوکمگەلی (زەوییانە) (٦)بە ئاگابێت و، بزانێت باج چۆن چۆنی وەردەگیرێت و، رێژەکەی چۆن دەقەرسێت. دەشتوانین بڵێین ئەم دیوانە وەکو دیوانی (زەوییانە)یە، کە لە قەڵەمڕەوی ئەم ئەمارەتەدا ناونەبراوە. یەك، لەوانەی کە

---

(١) ابن الشعار، جـ ١ ورقة ٢٣.

(٢) ابن الطقطقى الفخري، ص ٣٠١.

(٣) ص. ن.

(٤) النويري، نهاية الأرب، ٢٧٧/٨.

(٥) ابن الطقطقي، ٣٠٤.

(٦) ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ٩، ورقة ١٢٢.

سەرپەرشتیی ئەم دیوانەیان لە ئەستۆ گرت: (أبو حامد محمد بن عمر بن علي بن سعد الله بن يوسف بن اسماعيل)ی ناسراو بە (ابن الحديثی) بووە[1]، كە لە (حديثة/موسل) [2]، لەدایك بووە، بەڵام لە هەولێر گەورە بوو، خوێندنیشی هەر لە هەولێر تەواو كرد. موزەففەرەددین گۆكبوری، سەرپەرشتیی دیوانی خەمڵی پێ سپارد و، كردیشی بە بەرپرسی وەقفی میراتی بێكەسان (المواريث الحشرية) [3].

هەروەها، (أبو البركات عبدالله ابن أبو الحسن بن أبي الخير ابن بطرس النصرانی المصري الدمنهوری)یش، دیوانی خەمڵی گرتە ئەستۆ. ئەم پیاوە مەسیحی بوو، لە سەرەتای كاریدا خزمەتی دەوڵەتی (الملك الاشرف موسی ابن الملك العادل)ی دەكرد. پاشان ئەم مەلیكە داوای لێ كرد ببێتە ئیسلام، قایل نەبوو، تا ماوەیەك گرتی و لە زیندانی هاویشت، پاشان ئازادی كرد، ئنجا لە ساڵی (٦١١ك/ ١٢١٤ز)دا رووی لە هەولێر كرد و، سەرداری هەولێر دیوانی خەمڵی پێ سپارد، چونكە لە حساباتی دیوان و یاسای زەوییانەی دەزانی. (أبو البركات) لەسەر ئەم ئیشەی مایەوە تا لە ساڵی (٦٢١ك/١٢٢٤ز)دا[4]گیانی سپارد.

---

(١) م. ن، جـ ٧ ترجمة محمد بن عمر بن علي.

(٢) (حديثة): شارۆچكەیەكە لەسەر رۆژهەڵاتی دیجلة، نزیك زێی گەورە، معجم البلدان ٢/٢٣٠.

(٣) ابن الشعار، و. ن.

مەبەست لە (الحشرية)، لە حەشرەوە هاتووە، واتا مەرگ: (تاج العروس)، ٢/١٤٣. (المواريث الحشرية): ماڵ و سامانی كەسێكە بمرێ و، هیچ كەسێكی نەبێ، نەخزم، نە ژن، نەمنداڵ، نەخاوەن، یان ئەو پارەیە كە لە دوای فەرز لە سامانی مردووەكە دەمێنێتەوە: (القلقشندي، صبح الاعشى ٣/٤٦٠).

(٤) ابن الشعار، جـ ٩ ورقة ١٣٢.

ی- دادوەری (قەزاوەت):

قەزاوەت سەیرکردن و یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و ململانێیە، حوکمی شەرعی بەسەردا دەسەپێت و جێبەجێ دەکرێت. لە هەموو وەزیفەیەکی ئایینی بالاتر و بەرێزتر و شایانتر و پلەی بەرزترە[1]. لەبەر ئەوە، ئەو کەسەی ئەم دیوانەی لە ئەستۆ گرتبا، دەبا کۆمەڵێ شەرتوشرووتی تێدا فەراهەم ببێت، وەك بڵێین، دەبا ئەقڵ و ئاوەزی کامڵ بێت و، لە شەرع و ئوسووڵ و زانستی پێویست ئاگادار با و، هەموو ئەندامەکانی لەشی ساغ و سەلامەت با[2]. ئەو مەسەلەو دەعوایانەش کە قازی سەیری دەکردن، ئەوانە بوون کە پێوەندییان بە یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و ململانێ و، بڕینەوەی شەڕو، سەندنەوەی ماف و، مەسەلەی دیکەی، بە نموونە، وەك مارەو تەڵاق و میرات و وەسیەت و، دزی و، زیناو، شتی دیکەوە[3]هەبووە.

گوندی کفرعزی[4]، ئەو قازییانەی ئەمارەتی هەولێری لێ هەڵکەوتووە کە ئەمانەن، یەکەمیان: (الشیخ جعفر بن عبدالله الکفر عزي الأربلی)یە کە (ابن المستوفي) وەسفی دەکات و دەڵێت: زانایەکە، لە هەموو زانستێکدا بەهرەمەندە و، لە رێزمان و ئەندازە و بیرکاریشدا لێزانە. (ابن سعید الاندلسی) ئەم وەسفەی لە (ابن

---

(١) القلقشندي، صبح الاعشى ٣٥/٤.

(٢) الماوردي، الاحکام السلطانیة، ط ١، القاهرة، ١٩٦٠، ص ٦٥ — ٦٦. النویری، نهایة الأرب، ٢٤٨/٦ — ٢٥٢.

(٣) الماوردي، ن. م. ٧٠ — ٧١. النویری ٢٥٥ — ٢٥٦.

(٤) یان (کفرعزا): باخێکە لە هەولێر: بنۆڕە (ابن سعید الاندلسي، الغصون الیانعة، ص ٧٨). (یاقوت)یش دەڵێت، گوندێکی هەولێرە، دەکەوێتە نێوان هەولێر و زێی خواروو. قازیی هەولێر خەڵکی ئەو گوندەیە: (معجم البلدان، ٢٧٠/٤).

(الأب، البیر أبونا)یش دەڵێت: مەرکەزی هەرێمی (حزە)ی کۆنی هەولێر بووە، ئێستا نازانین جێگاکەی لەکوێدا بووە، دوور نییە مەبەست لە گوندی (سربس عزیز)ی ئێستایە کە لە باشووری هەولێرەوە (١٦کم) دوورە. بنۆڕە (الأب توما اسقف المرج، کتاب الرؤساء ص ١٢٦).

المستوفي)یەوە وەرگرتووە.

(الأندلسي) دەڵێت: باسوخواس و شیعرێکی زۆری ئەم قازییەی، لە لای (المشرف یعقوب الأربلي)[1] دیوە و، دەڵێ وەك گوڵی ناو مەجلیسێکی جوان وایە و، پیاوێکی ئاسایی و خاوەن رای دروستە و، بە قازی و خوتبەخوانی هەولێر دامەزرا[2].

وا دیارە لەو ماوەیەی بەر لە ساڵی (٥٨٩ك/١١٩٣ز)دا، وەزیفەی دادوەریی لە هەولێر گرتبێتە دەست، ئەمەشمان بە دامەزراندنی قازییەکەی دوای خۆیدا بۆ دەردەکەوێ کە دوای ئەو بەروارە قەزاوەتی وەرگرتووە. لەبەر ئەوە، رەنگە (الشیخ جعفر بن عبدالله) یەکەم کەس بووبێ دادوەریی لەم ئەمارەتەدا گرتبێتە ئەستۆ.

ئەم قازییە دەستی لەوەزیفەکەی هەڵگرت و ماوەیەك بە تەریکی مایەوە، لەبەر ئەوە کەس توخنی نەدەکەوت و خۆی لە قەرەی نەدەدا. رۆژێکیان ئیشێکی کەوتە لای کارمەندێکی دیوانی میر، کە ئەم کارمەندە، پێشتر، رۆژێ لەرۆژان قوتابیی خۆی بوو، هیچ رووی نەدایە و رێزی لێ نەگرت، قازییش لە داخانا شیعرێکی دڵشکێنی بەسەر ئەم قوتابییە نمەکبەحەرامەی خۆیدا هەڵدا، بەم چەند بەیتەی خوارەوە دەست پێدەکات:

هذا مقامي لديك يا من	اقـــام دهراً وراء بابي
اقصى امانيه قرب إذن	في دولة الحُسن والشباب

واتاکەی

ئاوا، رێزم لێ دەگـــری	سپڵەی نمەك بەحەرام؟
چەن ساڵ لەبەر دەرگاکەم	هەڵدەتووتای، بە مەرام
بـــەلاّم دا لە دەوڵەتـــێ	پربێ لە گەنجی نەفام

دەنگوباسی رەفتاری ئەم کارمەندە لەگەڵ ئەم شێخەدا، گەیشتە موزەففەرەددین

(١) (أبو عبدالله الحسين شرف الدين يعقوب الهذباني الأربلي)یە (ت ٦٥٦ك/١٢٥٨ز).

(٢) ابن سعيد الاندلسي، الغصون اليانعة، ص ٥٩.

گۆکبوری و، دەستبەجێ ناردی لە دووی شێخ و پێی گوت: (تۆمان لەیاد کردو، ئاگامان لێت نەماوە، کەسیش ئاگاداری نەکردینەوە، تۆ، خۆت پیاوی چاکیت، دەبوو خۆت ئاگاداریی خۆت بکەیتەوە). ئنجا بڕیاری دا بگەڕێتەوە سەر وەزیفەو، کردی بە خوتبەخوانی مزگەوتەکەی خۆی[١]. شێخیش لەسەر ئەو وەزیفەیە مایەوە، تا لە ساڵی (٦٠٣ك/١٢٠٦ز)دا، مرد.

(أبو محمد جعفر بن محمد بن محمود بن هبة الله ابن احمد بن يوسف الكفرعزي الأربلی)یش دادوەریی هەولێری گرتەدەست. ئەم قازییە ـ بە قسەی (أبن سعيد) ـ ئیمامێکی شەرعی شافیعی بوو، لە زانستە تازە و کۆنەکانیشدا بەشدار بوو[٢]. (أبن الساعي)یش وەسفی دەکات و دەڵێت: زانایەك بوو، هەموو زانستی شەرع و فەرز و حساب و ئەندازە و ئەدەب و قورئانی[٣]دەزانی و، دەڵێت: پیاوێکی ڕۆح سووك و قسە خۆش بوو[٤].

لە ساڵی (٥٨٩ك/١١٩٣ز)دا دادوەریی پێ سپێردرا، لە ساڵی ٦٠٤ك/١٢٠٧ز) [٥]لەسەر ئەو وەزیفەیە مایەوە و، لەو ساڵەدا مرد. پێدەچێ، دوای قازییەکەی پێش خۆی، ئەو وەزیفەیەی لەدەست گرتبێت، ئەم یاریدەدەریشی هەبوو، یاریدەدەرەکەی (محمد بن علي بن محمد ابن الجارود) بوو، بە (أبو عبدالله المارانی الكفرعزي) دەناسرا، کە دوای مردنی قازیی ناوبراو[٦]، ئەم قەزاوەتەکەی وەرگرت. مەلای (المارانی) لەبەردەستی (أبو الفضل رضي الدين يونس بن محمد ابن منعة بن مالك الأربيلي) کە لە ساڵی

(١) م. ن. ص.
(٢) الغصون اليانعة ١٦٦.
(٣) الجامع المختصر ٢٤٣/٩.
(٤) الغصون اليانعة، ص. ن.
(٥) الجامع المختصر، ص. ن.
(٦) ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ٧ (ترجمة محمد بن علي بن محمد).

(٥٧٦ك/١١٨٠ز)دا[١] مردووە دەرسی شەرعی تەواو کرد. (المارانی) ماوەی بیست و پێنج ساڵ لەسەر وەزیفەی دادوەریی هەولێر مایەوە، تا لە نیوەی ساڵی (٦٢٩ك/١٢٣٢ز)دا کۆچی دوایی کرد و، تەمەنیشی لە هەشتا بەرەو ژوور بوو. (ابن الشعار)ی هاوچەرخی وەسفی دەکات و دەڵێت: لە هەموو حاکمەکان باشتر بوو، حوکمی ئەو لە هەموو رۆژێ جوانتر بوو، داوێنپاك و دەستپاك بوو... بە ئاوەز بوو، گرانیش و خاکەڕایش بوو، ئاکاری چاك بوو، بە وێڵ بوو[٢].

ك- دیوانی پرسینەوەی شکات (النظر في المظالم):

ئەم وەزیفەیە لە وڵاتانی ئیسلامدا بە وەزیفەیەکی گرنگ و گەورە دادەنرێت، چونکە وەزیفەیەکی ناسکەو، پێوەندیی بە گێڕانەوەی مافی مەزلووم و ستەم لێکراوانەوە هەیە. بۆ ئەم ئیشەش دەستەیەك پێکدەهێنرا، ئیشی ئەوە بوو، ترس بخاتە دڵ و رێگای ستەمکاران و سزایان بدات، سا، بە هەر شێواز و بە هەر هۆیەك ئەو ستەمەیان کردبێ، کەسێکیش کە دەبوو بە سەرۆکی ئەو دەستەیە پێی دەگوترا سەرۆکی پرسینەوەی شکات، پێویست بوو کۆمەڵێ شەرتوشرووتی تێدا فەراهەم بێت، دەبوو قەدر و حورمەتی خۆی هەبێت، فەرمانبەجێ بێت، بە هەیبەت بێت، پاکڕەوشت بێت، کەم تەماع بێت و زۆریش لەخواترس بێت و، قازییەکی بەلگە بەدەست و چەسپاو بێت[٣]، یا، وەکو (قدامة بن جعفر) دەڵێت: (پێویستە هەقیانەتیش بێت و بە بەزەییش بێت[٤].

وا دیارە ئەم شەرتوشرووت و خەسڵەتانە، لە (محمد بن محمود بن محمد ابن

(١) گەورەی بنەماڵەی (ابن منعة)ی ناسراوی هەولێرییە، - کە باسمان کرد-.

(٢) ابن الشعار، ن. و. ن.

(٣) الماوردي، الاحكام السلطانية، ص ٧٧. النويري، نهاية الأرب ٢٦٥/٦. القريزي، الخطط ٢٠٧/٢.

(٤) قدامة ابن جعفر، مخطوط (صنعة الكتابة) ورقة ٤٤.

مقداد بن فارس الحراني)دا هەبوو، كە بە (أبو عبدالله ابن الثناء) دەناسراو، كوڕی وەزیرەكەی هەولێریش بوو.

میر موزەففەرەددین گۆكبوری، سەرداری (حرّان) بوو، بەڵام كە گەڕایەوە بۆ سەر تەخت و تەلاری ئەمارەتی هەولێر، ئەو دووانەشی (وەزیر و كوڕەكەشی) لەگەڵ خۆیدا هێنان. (ابن الشعار) ـ لە زمان (ابن المستوفي)یەوە ـ وەسفی (أبو عبدالله) دەكات و دەڵێت: هەند بە هەیبەت بوو، خەڵك لێی دەترسان[1]، بەڵام، ئەم مێژوونووسە نازانێ (أبو عبدالله) كەینێ دادوەریی هەولێری گرتووەتە دەست، وەڵێ گوتوویەتی كە لە ساڵی (٦١٢ك/١٢١٥ز)دا مردووە و، لە دەرەوەی شارەكە نێژراوە[2]. ناشزانین، پاش ئەو، كێ دیوانی پرسینەوەی شكاتی وەرگرتووە. پێدەچێ، پاش ئەو، درابێت بە قازی.

ل- سەركاری (الحسبة):

ئەم وەزیفەیە، بە پێی پێداویست هاتە گۆڕێ، لەوەپێش نەبوو، بەڵام كاتێ كە قازی ئیشی زۆری كەوتە سەر شان و، ئیدی نەیدەتوانی، بە تەنیا هەموو كارو بارێكی شەرعی ئیسلامی لە كۆمەڵگەدا بخاتە كار و ئیشەكان زیادیان كرد، ئەو ناچارییە وەهای كرد، وەزیفەی نوێ، بۆ ئاسانكردن و بەڕێخستنی ئیشەكانی قازی، پەیدا ببێت، ئیتر، بەو جۆرە، ئەم وەزیفەی سەركارییە هاتە گۆڕێ كە لە بنەڕەتدا وەزیفەیەكی ئایینی بوو، بە پێی رێسای (ئەمر بە چاكەو، نەهی لە خراپە) [3].

راستیشت دەوێ گەورەبوونی شارەكە و زۆربوونی بازاڕ كارێكی وەهای كرد، ئەوانەی لە یەك پیشەدا كاردەكەن، لەیەك جێگەی تایبەت بە خۆیاندا خڕ ببنەوە و

---

(١) ابن الشعار، عقود الجمان ١٨٧/٦.

(٢) و. ن.

(٣) الماوردي، الاحكام السلطانية، ص ٢٤٠. النويري، نهاية الأرب، ٢٩١/٦. ابن خلدون، مقدمة ٣٩٨. القلقشندى، صبح الاعشى ٣٧/٤.

یەك بگرن و لەناو یەك سیستەمدا خۆیان ڕێكبخەن.

بەمەش وەزیفەیەكی تازە بۆ دەوڵەت هاتە پێش، ئەوەبوو كە سەرپەرشتی لەسەر بازاڕەكان دانا. بەو جۆرە ئەم وەزیفەی سەركارییە بۆ سەرپەرشتیی بازاڕەكان پەیدا بوو، بە ئامانجی ئەوەی هەم سەرپەرشتیی بازاڕەكان بكات و، هەمیش بەرژەوەندی بەكاربەران[1] لە پێدرێژیی دوكاندار و فرۆشیاران بپارێزێت. ئەم وەزیفە فەرمییە لە سەرەتای پەیدابوونی شارەكاندا، لە وڵاتانی ئیسلامدا نەبوو، چونكە ئەو شارانە، بچووك بوون، سادە و ساكار بوون، پێویستییان بەم جۆرە وەزیفە و خزمەتە نەبوو. بەڵام كاتێ شارەكان پەرەیان سەند و گەورە بوون، ئەوە، وەهای كرد كە سەركاریش دابمەزرێت و، بوو بە وەزیفەیەكی پێویست، سەركاریش بۆ ئەوەی ئیشەكانی خۆی ئەنجام بدات و، لە بازاڕ و شەقامەكاندا بگەڕێ و، سەر لە بنكەكانی خزمەتی كۆمەڵایەتیی، بە نموونە، وەك گەرماو (حەمام) و قوتابخانەو مزگەوتەكان بدات و گرانفرۆشان و بەدرەفتاران بگرێت و سزایان بدات دەسەڵاتی فراوانی لە لایەن سەردارەوە پێدرا، بۆ ئەوە ئەو ئیشانە بە پوختی و بە بێ ترس بە جێ بگەیێنێت و پیاو خراپان تەمێ بكات[2] حوكمەكانی سەركاری ببوونە پردی پێوەندی لە نێوان حوكمەكانی دادوەری و حوكمەكانی شكاتدا، چونكە سەركاری بۆ ترساندن ئامادە بوو، ئەگەر هێز و فشاریشی بەكار خستبا، بە زێدەڕۆیی و لادان لە قەڵەم نەدەدرا و كەس نەیدەتوانی بڵێ سەركار سەرپێچی كردووە. بەڵام دادوەری بۆ وەرگرتنەوەی مافی كەسێك لە كەسێكی دی دانراوە، وەڵێ بە سەبر و بە حورمەت[3].

---

(١) د. عبدالعزیز الدوري ((نشوء الاصناف والحرف في الاسلام)) مجلة كلية الاداب، جامعة بغداد، العدد(١) لسنة ١٩٥٩، ص ١٥٠. د. حسام الدين السامرائي، ص ٣١٩.

(٢) تەمێكردن (التعزير): جۆرێكە لە ئەدەبدادان، بە دەم یان بە لێدان (بە قامچی، كە سەركار بۆ ئەو مەبەستە بەكاری دەهێنا) یان بە هەردووكیان بە مەرجێ سووكایەتیی تێدا نەبێت: (الماوردي، الأحكام السلطانية ٢٣٦ — ٢٣٩.)

(٣) م. ن. ص ٢٤٢. النويري، نهاية الارب ٢٩٥/٦.

حوکمەکانی سەرکاری هەندەی حوکمەکانی قازی ترسناك و، سانا مەبەست نەبوو، هەر دەتگوت، سەرکاری بۆ خزمەتی دادوەری و قەزاوەت رەخساوە(١).

(الماوردي) درێژە بە شرۆڤەی ئەرك و فرمانی سەرکار دەداو، دابەشی دەکات بەسەر: ئەرکی ئایینی و، مافی مرۆڤ و، بەد ڕەفتاریدا(٢). دەشتوانین ئەم ئەرك و فرمانە، بەکورتی بخەینە بەرچاو و، بڵێین بریتین لە: چاودێریی ئاوی پاك و دابەشکردنی بەسەر خەڵکدا، پاراستنی شوورەی شار، تەمێکردنی ئەوانەی بە ئاشکرا مەی دەخۆنەوە و رژاندنی مەیەکەیان، تەمێکردنی ئەوانەی ئیشی بەد و ناشیرینی، بە نموونە، وەك زیناو، فرۆشتنی خۆراك و کەلوپەلی خراپ و ساختە و، بە ئاشکرا لێدانی موسیقاو، سەرپەرشتیی بازاڕ و، پاکوتەمیزیی بازاڕ و قەدەغە کردنی فڕوفێڵ و خەڵەتاندن و رێگاگرتنی ناو بازاڕ. نەشیاندەهێشت حەماڵەکان باری قورس هەڵبگرن و، شارێکیش رووبار و دەریای هەبا نەیان دەهێشت کەشتی و گەمیٚ باری لە توانستی خۆی زیاتر باربکات(٣).

ئەم کێشە و گرفتە هەولێریشی گرتەوە، چونکە هەولێریش وەك شارە گەورەکانی تری وڵاتانی ئیسلام پەرەی سەند و، بوو بە پایتەختی ئەمارەتێکی گەورە، لەبەر ئەوە، دیوانی سەرکاریشی تێدا کرایەوە. (ابن الشعار)یش دەڵێت: لە

(١) إبن خلدون، مقدمة، ص ٢٩٩.

(٢) الماوردي ٢٤٧ — ٢٥٩.

(٣) ابن خلدون، ن. م. ص. چەندین کتێبیش لەسەر ئەرك و فرمانی سەرکار دانراون کە لە بازاڕدا چ دەکەن و چ ناکەن، بە نموونە، وەك کتێبی (نهاية الرتبة في طلب الحسبة)ی (محمد بن احمد)، (ابن بسام المحتسب: تحقيق الدكتور حسام الدين السامرائي. (الرتبة في طلب الحسبة)، ابو الحسن على محمد الماوردي. (معالم القربة في أحكام الحسبة)، محمد بن احمد القرشي. (الحسبة في الاسلام) ابن تيمية، وغيرها. لە حەدیسخوانەکانیش: على حسن فهمي، وابراهيم دسوقي الشهاوى، ونقولا زيادة. دەشتوانین ئیشەکانی سەرکاری وەك هەموو خزمەتەکانی شارەوانی و، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و پۆلیسخانە و کۆگا فرۆشیارەکانی حکومی دابنێین.

هەولێردا بنەماڵەیەك هەبوو، زەلامەكانی زۆربەیان ئەم سەركارییەیان وەرگرتبوو، ئنجا دەڵێت: (ابن المحتسب الاربلي ابراهيم بن عمر بن محمد بن علي بن جامع الأربلي) سەركاریی لە هەولێر گرتەدەست، هەروەها باوكیشی، پاشان كوڕەكەیشی، بەڵكو، كۆمەڵێكیش لە باپیرانی[1] ئەم وەزیفەیەیان وەرگرتووە. ئێمە هیچ شتێك لە رەوشی ئەوانە نازانین، هەندە نەبێ، كە (ابن المحتسب)ی ناوبراو، كە سەركاریی هەولێری گرتە دەست، لە ساڵی (٥٩٢ك/١١٩٦ز)دا لەدایك بووە. مادامێكی باو و باپیرانی (ابن المحتسب)یش ئەم وەزیفەیەیان لە دەست گرتبێ، كەواتە، ئەم دیوانی سەركارییە، لە هەولێردا، بەرلە سەردەمی ئەتابەگیانیش، هەر هەبووە.

ناوی (ابن محتسب الأربلی)یەكی دیكەش، لە باسوخواسی ساڵی (٦٩٠ك/ ١٢٩١ز)دا بەرچاو دەكەوێت، واتا لە ماوەی پاش سەردەمی ئەتابەگیاندا، لەو ماوەیەدا كە سەرلەبەری ناوچەكە كەوتبووە ژێر دەستی مەگۆلە ئێلخانیەكانەوە، ناوی (امین الدین ابن المحتسب الاربلی) بووە[2]. ناشزانین هەر لە بنەماڵەی (ابن المحتسب)ی یەكەم بووە، یان، نا، یانیش ئەم سەركارییە، پاش ساڵی (٦٥٩ك/١٢٥٨ز) كە مەگۆل هەولێریان داگیركرد هەر بەردەوام بووە، چونكە دیوانی سەركاری، لە هەموو شارەكانی عیراقدا، لە دوا سەردەمی عەبباسیانیشدا، لە سیستەمی حوكمدا هەر هەبووە و بەردەوامیش بووە. لە سەردەمی ئێلخانیانیشدا، هەر وەكو خۆی مابوو، سەركاری سەربەخۆ هەبوون، دەسەڵاتی دادوەرییان بەسەرەوە نەبوو. كەچی لە هەندێ شاردا نەماو بزر بوو، بەڵام قازی ئیشەكەی خۆی و ئیشەكەی ئەویشی دەكرد[3].

وا دیارە، ئەم حاڵەتەی دوایین لە ئەتابەگایەتیی موسڵدا بووبێت. پسپۆڕێك

---

(١) ابن الشعار، عقود الجمان ٥/ ١١١.

(٢) ابن العبري، تأريخ الدول السرياني، مجلة المشرق لسنة ١٩٥٦، ص ٣٩٧.

(٣) د. جعفر خصباك، العراق في عهد المغول الايلخانيين، ص ٧٢.

دەڵێت: لەو سەردەمە دوورودرێژەی (بدرالدین لؤلؤ)دا[١]، وەزیفەی سەركاری هەر ناویشی نەبووە. لە ماوەی حوكمی پێش (بدرالدین لؤلؤ)یشدا[٢]، هەر نەبووە، هەرچەندیشە نەبوونی وەزیفەی سەركاری لە ئەمارەتێكی وەك موسڵدا حاڵەتێكی عاجباتییەو، پیاو سەری لێی سوور دەمێنێ.

دوو: أ- سیستەمی لەشكری ئەمارەتی هەولێر:

هەرچەندیشە، میر (زین الدین یوسف ینالتكین) و (موزەففەرەددین گۆكبوری) بزاڤ و چالاكیی لەشكر و لەشكرسازییان هەبووە، وەلێ لەبارەی لەشكری ئەمارەتەكەو رێكخستنی لەشكر و سەربازان زانیاریمان دەست نەكەوت. ناشزانین ژمارەی تیپەكان چەند بووە و لە چ جۆرە توخمێك پێكهاتبوون و، سەربازان بە دراوی نەخت مووچەیان وەردەگرت یان لە جیاتی دراو ئازووقەیان پێدەدان. هەر بەو جۆرەش، نازانین، میر، لە لەشكركێشیدا، چ جۆرە پلانێكی دادەنا یان چ پلانێكی پێڕۆ دەكرد، هەرچەندیشە هەولێر ئەمارەتێكی سەربەخۆ بووە و، گەلێكیش بەرەوچاتر گۆڕاوە و، سیستەمی ئیداری و دارایی و دادوەریی خۆی هەبووە و، دامودەزگای فەرمیی ئەوتۆشی هەبووە، ئیدی، هەر بە تەواوەتی دەوڵەتێك بوو، بۆخۆی[٣].

لەگەڵ ئەوەشدا، چەند سەرە قەڵەمێكی كەم و كورت كە باسی شەڕ و جەنگی ئەو دوو میرە دەكات كە دژ بە دوژمنی ئەمارەتەكە كردوویانە، قەبارە و توانستی

---

(١) سوادي عبد محمد الرويشدی، امارة الموصل في عهد بدرالدين لؤلؤ، ص ١٧٣.

(٢) د. عماد الدين خليل، عمادالدين زنكی، ص ٢٣٣ وما بعدها.

رشيد الجميلي، دولة الاتابكه في الموصل، ص ٢٣٥ – ٢٤٨.

(٣) بنۆڕە: (د. احسان عباس) پێشەكیی (وفيات الاعيان)دا، ط ١٩٧١ بيروت، جـ ٧، ص ١٣، دەڵێت: هەولێر لە سەردەمی موزەففەرەددین گۆكبوریدا، هەموو پلان و دیوان و دامودەزگای دەوڵەتێكی سەربەخۆی بۆ رەخسابوو.

لەشــكرى ئەمارەتەكــەمان بــۆ ســاغ دەكاتــەوە و، بگــرە، چــۆنێتیی ڕێكخــستنی لەشكرەكەشمان بۆ دەردەخات. ئـەوەتا (العماد الكاتب) وەسفی لەشكری ئـەمارەتی هــەولێر دەكـات كــە لــە ســاڵی (٥٨٥ك/١١٨٩ز)دا گەیــشتە فەلەســتین و لــە شــەڕی خاچدروشماندا ئامـادە بـوو، دەڵێـت: ((سـەرداری هـەولێر گەیـشتە جێ و لەشكرێكی هێنـاوە وەك گەلاڵـە هـەور و تاوەبارانـە، وەك بەرەكـەتی گـوانی حوشـتر و[1]، هـەر ئامرازێكی بۆ سەركەوتن پێویـست بێـت، لەگـەڵ خـۆی هێنـاوێتی))[2]. دەتـوانین لـەم وەسـفەوە، گـەورەیی ئـەو لەشـكرە ببینینـە بەرچـاو، هەرچەندیـشە، (العمـاد الكاتـب) زۆری ناوەتە بانی، ئەوەش، لەبەر ئەوەیە كە ئەم (الأصفهاني)یـە بایـەخ بەنووسـینی وشــەگەلی هاوئاهــەنگ دەدات، هەنــدە بەتــەنگ ماناكەیــەوە نییــە. بەهــەرحاڵ، گــەورەیی و گرنگیــی لەشــكری هــەولێرمان لــە شــەڕەكانی (زیــن یوســف)دا، بــۆ دەردەكەوێت، كە هێرشی لەشكری ئازەربێجانی تێكشكاند، ئەوانەی كـە هـاتبوون، لـە ژێـر فەرمانـدەی (مجاهدالـدین قایمـاز)دا هـەولێر داگـیر بكـەن، ئـەوە بـوو، پێـشتریش باسمان كرد، ئەتابەگی موسڵ، هانـای بـرد بـۆ مـەلیكی ئازەربێجـان كـە هـەولێری بـۆ داگیربكات، ئەویش، سێ هەزار سەربازی نارده سـەر ڕێگاوبـان و دەوروبـەری هـەولێر، گونـد و زەوی و زاری خەڵكەكـەیان وێـران كـرد، بـەڵام چـاك بـوو، لەشـكری هـەولێر گەیشتە سەریان و ڕاوی نانەوە بەرەو وڵاتی خۆیان.

پێویستیش ناكات باسی ئەو شەڕانەی خاچدروشمان بكـەین كـە موزەففـەرەددین گۆكبوری تێیدا بەشداریی كردووە، چونكە، خۆی، هەتا ئەوكاتەش نەگەڕاوەتـەوە بـۆ هەولێر، بەڵام گرنگ ئەوەیـە باسـی پێكدادانی خـۆی و (بدرالـدین لؤلـؤ) بكـەین كـە ساڵی (٦١٥ك/١٢١٨ز) ڕووی دا و، (الملك الاشرف)یش، كۆیلەكەی خۆی: (الأمـیر عزالـدین أیبگ)ی ناردبوو بۆ كۆمەكی (بدرالدین لؤلؤ)، ئـەوەبوو (أیـبگ) گەیـشتە لای (لؤلـؤ).

---

(١) گۆپكـەی گـوانی حوشـتر (اخـلاف)، بـە یـەك گـوانی دەڵـێن: (خلـف) مەبەسـتی لـە بەرەكـەتی لەشكرەكەو سەركەوتنەكەیە: (الفتح القسی، ص ٣٨٣/الهامش، ط ١٩٦٥).

(٢) الفتح القسي، ص ٣٨٣ ط/١٩٦٥.

(ابن الاثیر) دەڵێت: ئەم فەرماندارە، - کە فەرماندەی باڵی راستی لەشکری موسڵ بوو - خۆی و لقەکەی[١](اطلاب) هێرشیان کردە سەر باڵی چەپی لەشکرەکەی موزەففەرەددین گۆگبوری کە (عمادالدین زەنگی)ی زاوای فەرماندەیی دەکرد. پاشان باڵی راستی لەشکری هەولێر بەسەر باڵی چەپی لەشکری موسڵدا سەرکەوت. هەرچی موزەففەرەددین گۆگبوری، بوو، ئەوە، ئەو لەناو جەرگەی لەشکرەکەی خۆیدا بوو[٢]. بەم وەسفە کورتەدا دەردەکەوێ لەشکری هەولێر چۆن چۆنی رێك دەخرا، کە زۆرتر لەوە دەچێ، هەروەکو لەشکری ئەتابەگەکانی موسڵ رێکخرابێت. ئەوەش کە زۆرتر بەلای ئێمەوە گرنگە، ئەوەیە کە سیستەمی (لق) و (پەل) هەبووە، بەڵام نە ژمارەی لقەکان دەزانین و، نە ژمارەی سەربازەکانی هەریەکە لەو لقانە دەزانین. دووریش نییە ئەتابەگەکان هەمان سیستەمی لەشکری سەلجووقیانیان بەرەو چاتر گۆڕیبێ و پێڕۆیان کردبێ - لەشکری سەلجووقیانیش لەسەر سیستەمی پلەبەپلە رێکخرابوو، لە ئەڵقەیەکی بچووکی پێنج کۆیلەییەوە دەستی پێدەکرد «پێنج سەرباز»، ئنجا

---

(١) لق، (اطلاب)، (طلب) مانای ئەوەیە، میرێك دووسەد سواری بەدەستە بۆ کاتی شەڕ. بە فەرمانداری سەدوحەفتا سەربازیش دەڵێن (سەرلق - طلب)، ئەم ناوەش، (وشەیەش) یەکەم جار لە میسر و شام سەلاحەدینی ئەییوبی دایهێنا، پاشان بوو بە بەتالیۆن (Battalion)؛ (السلوك، جـ ١ ق ١، ص ٢٤٨/الهامش) العماد. سبط ابن الجوزی، الفتح القسي، ط القاهرة ١٩٦٥ ص ٦٩/الهامش. بەڵام (سبط ابن الجوزی) دەڵێت: یەك لق پێنج سەد سوارە؛ مرآة الزمان، ٦٩٥/٨).

وەرگێڕ: سیستەمی رێکخستنی (ل. ش. ك) واتا لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان/ئەیلول، زۆر لەوەی ئەییوبیان دەچوو، بە نموونە (لقی حەموت/شوان/کارێزەی خاڵخاڵان (٣١٢ – ٣٣٢) پێشمەرگە بوو، (یەك لق (٣) پەل بوو، یەك پەلیش (٣) دەستە بوو)، پاشان چوار لقیش کرا بە یەك بەتالیۆن) واتا یەك بەتالیۆن دەگەیشتە (٥٠٠ – ٧٠٠) پێشمەرگە (لە گەرمیان). هەریەکە لەم لق و پەل و دەستانەش بەرپرسی عەسکەریی خۆی هەبوو لەگەڵ یاریدەدەر. هەموو لقێکیش رابەری سیاسیی هەبوو. (وەرگێڕ)

(٢) ابن الاثیر. الکامل، ٢٤٠/١٢

بەرەبەرە گەورەتر دەبوو تا دەگەیشتە گەورەترین میر کە سەرپەرشتیی هەزار سەربازی دەکرد بە (گەورەی هەزاران) ناو دەبرا، یان گەورەی سەدان[1]. گەورەی سەدان، سەد کۆیلەی لە ژێر دەستدا بوو. بەهەرحاڵ، پێدەچێ موزەففەرەددین گۆکبوری سیستەمی سەربازیی سەلجووقیانی بەکارهێنابێ، یان سیستەمی لەشکری ئەییوبیانی پێڕۆ کردبێ، چونکە سیستەمی ئەتابەگەکانی هەولێر و ئەتابەگەکانی دیکەش، هەروەك سیستەمی سەلجووقیان لە قەڵەم دەدرێت لەوانەوە ماوەتەوە و بووەتە ئەڵقەیەك لە نێوان ئەمان و سیستەمی سەربازیی دەوڵەتی ئەییوبیدا[2]، کە پاشتر زۆربەی ئەتابەگایەتییەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئەییوبیانەوە. ئەوە بوو، موزەففەرەددین گۆکبوری و (زین الدین یوسف)ی برایشی ماوەیەکی زۆر چوونە ریزەکانی لەشکری سەلاحەددینی ئەییوبی و لە شەڕی خاچدروشماندا بەشدارییان کرد، دووریش نییە لە لەشکری ئەییوبییەوە فێری سیستەمی سەربازیی ئەوان بووبن و، بۆ رێکخستنی لەشکری ئەمارەتەکەی خۆیان، بە پێی پێویست پێڕۆیان کردبێت.

لە بارەی قەبارەو گەورەیی لەشکری هەولێرەوە هیچ سەرڕوشتەیەکمان نییە بەڵام بە پێی فەرساندێك کە (ابن الاثیر) باسی دەکات، دەتوانین بەراوردی بکەین لەگەڵ لەشکری موسڵ، لێرەدا (ابن الاثیر) (العماد الکاتب) بە درۆ دەخاتەوە کە گاڵتەی بە ئازایەتیی لەشکری موصڵ کردووە و گوتوویەتی، لەشکری موسڵ لە شەڕەکەی ساڵی (٥٧١ك/١١٧٥ز)دا هیچ ئازایەتییەکی نەنواندووە، چونکە ئەم لەشکرە

---

(١) محمد مصطفى زيادة، حاشية السلوك – للمقريزي، ص ٢٣٩.

(٢) حسن ابراهيم حسن، تأريخ الاسلام السياسي، جـ ٤، ص ٣٦٢.

ابراهيم علي طرخان، النظم الاقطاعية ٣٠ – ٣١.

د. سعداوي، التأريخ الحربي المصري، ص ٢. بنۆڕە، بزانە (القلقشندی)، هەر بەم مانایە، لە (صبح الأعشى ٥/٤)دا دەڵێت: (دەوڵەتی ئەییوبی هەر ئەو سیستەمەی دەوڵەتی (عمادالدین زەنگی) موسڵ و، دەوڵەتی (نورالدین محمود)ی کوڕی لە شام، پێڕۆ کردووە.

گەورەیە بیست هەزار سەرباز دەبوون، کە سەلاحەددینی ئەیوبی زووبەزوو تێکی شکاند و راوی نا[1]. (ابن الاثیر) مێژوونووسی تەلاری ئەتابەگیان بوو لە موسڵ، لەبەر ئەوە (العماد الکاتب) بە درۆ دەخاتەوە و، دەڵێت: (العماد) مێژوونووسی تەلاری ئەیوبیانە و، زۆری لەسەر ناوە و، قسەکانی راست نییە و، دەڵێت: (العماد) لە کتێبی (البرق الشامي)یەکەی خۆیدا نووسیویتی: (سیف الدین غازی) لەم شەڕەدا بیست هەزار سواری هەبووە، بەڵام (ئەم قسەیە راست نییە، بەڵکو ساغ بووەتەوە کە شەش هەزار سواری هەبووە و کەمتریش لە پێنج سەد پیادە، من خۆم بەدیار سەرژمێریی تیپەکانەوە وەستابووم و بەشەکانی قۆڵی راست و قۆڵی چەپ و ناوجەرگەی لەشکر و بەرسنگی لەشکرەکەو[2]بەشەکانی ترم[3]بە چاوی خۆم دیوە)، ئنجا دەڵێت: (العماد الکاتب) دەیەوێت شانوشکۆ بۆ سەلاحەددین پەیدا بکات و، بڵێت بە شەش هەزار سەرباز، بیست هەزار سەربازی راونا‌وە. ئنجا گاڵتە بە قسەکانی دەکات و دەڵێت: بۆچی، موسڵ و شارەکانیشی تا دەگاتە فوراتیش، خۆی چەندە؟ تا بیست هەزار سواری هەبێت[4]؟!

جا، ئەگەر موسڵ ـ کە سنووری گەیشتبووە فورات ـ نەیتوانیبێت لەشکرێکی

---

(١) بنۆڕە: (البنداري، سنا البرق الشامي، ١/٢٠٠ تلخيص (البرق الشامي)، العماد الاصفهاني.

(٢) بەرسنگی لەشکر، یان پێشەنگی لەشکر. بنۆڕە دوای لاپەڕەی ١١٥ پەراوێزی (١)، هەروەها: الفتح القسي ط ١٩٦٥، ص ٧٠/الهامش.

(٣) الكامل، ٤٢٩/١١. (أبو شامة)ش قسەکەی (العماد الكاتب) بە راست دەزانێت، لە قەرساندنی ژمارەی سەربازەکانی لەشکری موسڵ و دەڵێت: دەنگوباسەکە وەهایە کە بێجگە لە پیادە، بیست هەزار سەربازی سوارە بوونە: الروضتين ٢٥٥/١. وەڵێ قسەکانی (ابن الاثير) لە راستییەوە نزیکترە، هەرچەندیشە زۆرتر بەلای تەلاری موسڵدا دایدەشکێنێ، (ابن الاثير) برایەکی هەبووە بەناوی (مجدالدين المبارك ابن الأثير) بەرپرس و بنووسی دیوانی موسڵ بووە، رەنگە ئەو سەرژمێرییەی لەم برایەوە وەرگرتبێ: الكامل ٤٢٩/١١.

(٤) الكامل ٤٢٩/١١.

شەش هەزار و پێنج سەد سەربازی ساز بدات و، سەلاحەددینیش لەشکرەکەی، لەم شەڕەدا لە شەش هەزرا سەرباز زیاتر نەبووبێت[١]، کەواتە لەشکری ئەتابەگایەتیی هەولێر زۆر لەوانە کەمتر بووە، هەرچەندیشە ئێمە ناتوانین بیقەرسێنین ژمارەیان چەند بووە و چەند نەبووە، کە پێدەچێ، ئەوپەڕی ژمارەیان دوو هەزار سەربازی فەرمی بووبن و، ڕەنگە هەندێ جەنگاوەری ڕەشۆکیی ئێل و هۆزەکانیشی لەگەڵدا بووبن بۆ (مووچە) کە میر بییانداتێ یان بۆ چەپاوڵ و دەستکەوت یان بۆ غەزا، نەخاسمە ئەمارەتەکەش لە لایەن مەگۆلەوە، پەلامار و مەترسی لەسەر بوو.

هەرچی پێکهاتەی ڕەسەنی لەشکری هەولێرە، ئەوە هیچ دەقێکمان بەدەستەوە نییە شتێکمان بۆ روون بکاتەوە، بەلام لە دوا چاخەکانی حوکمی ئیسلامدا عادەتیان وەها بوو کۆیلەیان لە ناوەڕاستی ئاسیاو ولاتی (القبجاق)ەوە[٢]دەهێنا کە تورکمان بوون. ئەوانە ببوونە کۆڵەکەو راگری دەولەتی سەلجووقی و دەوڵەتانی ئەتابەگیان[٣]، ئەوانی دیکەی، بەڕەسەن کورد و، عەرەبیشیان تێدا بوو[٤]، بەلام ڕێژەی هەریەکە لەم نەتەوانە بە پێی جیاوازیی ئەمارەتەکان و بە پێی جیاوازیی هەرێمەکان و پێکهاتەی ڕەسەن دەگۆڕان و هەموویان وەك یەك نەبوون. لە ئەمارەتی هەولێر،

---

(١) البنداري، سنا البرق الشامي ٢٠٠/١. الكامل، ص. ن.

بەلام ژمارەی سەربازە فەرمییەکانی لە شەڕەکەی (حطین)دا گەیشتبووە دوازدە هەزار سەربازی دەرەبەگایەتی و، مووچەخۆر، بنۆڕە: الكامل ٥٣١/١١. الروضتين ٧٦/١. بێجگە لە سەربازی خۆبەخش (خۆحەز): الكامل، ص. ن.

(٢) ناوچەیەکە لە چیاکانی ئۆراڵ، لە دەوروبەری رووباری ڤولگا: شمس الدين سامی، قاموس الأعلام (تركي) جـ ٥، ص ٣٥٩٩.

(٣) ابن القلانسي، ذيل تأريخ دمشق، ص ٢٧٩، السير جب، صلاح الدين، دراسات في التأريخ الاسلامي، ص ١٥٩، ١٧١ الباز العريني، الشرق الادنى في العصور الوسطى، ص ١٥٥، ١٦٤، ١٦٥. (عمادالدين خليل، عمادالدين زنگی ١٩٨.

(٤) البنداري، م. ن. ص.

جب، ن. م. ص ١٧٢ — ١٧٣.

دەقمان بەدەستەوە هەیە کە کوردی شارەزوور، بەزۆری لە لەشکری هەولێردا ئامادە و بەشدار بوون، ئەوەتا (ابن العبري) دەڵێت: (کاتێ موزەففەرەددین گۆگبوری لە ساڵی (٦١٥ك/١٢١٨ز)دا بەسەر لەشکری (بدرالدين لؤلؤ)دا سەرکەوت، سەربازەکانی لە (نینوی) سێ رۆژ قەرارگایان هەڵدا، دوای ئەوە، موزەففەرەددین گۆگبوری فەرمانی دا بگەڕێنەوە بۆ هەولێر، لە گەڕانەوەیاندا، هەندێ لە سەربازە شارەزوورییەکان، لە رێگا بەو بۆنەیەوە هەڵپەرکێیەکیان سازدا[1].

بە مەدا دەردەکەوێت کە کوردی زۆری شارەزوور لە لەشکری ئەتابەگایەتیی هەولێردا هەبوونە.. دەربارەی ئەرك و مەسرەفی لەشکری هەولێر، ئەوە، موزەففەرەددین گۆگبوری، بەشێکی زۆری دەرامەتی دارایی ئەمارەتەکەی بۆ پێگەیاندنی لەشکر تەرخان کردبوو کە نزیکەی دوو سێیەکی (دەرامەتەکە) دەبوو. بەو بۆنەیەوە، (سبط ابن الجوزي) دەڵێت: «موزەففەرەددین گۆگبوری، رۆژێکیان، لە ساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز)دا، کەمێك، دوای ئەوەی گەڕایەوە سەر تەختی خۆی، شەرتی کردووە دەرامەتی ئەمارەتەکەی بکات بە سێ بەش، بەشێکیان بۆ کاری خێر، بەشێکیان بۆ مەسرەفی لەشکر و مەسرەفی خۆی و، بەشێکیشیان پاشەکەوت دەکات بۆ پاراستنی ئەمارەتەکەی لە دوژمنێك بیەوێت دەستدرێژیی لەسەر بکات»[2].
لێرەدا دەبینین کە دوو لەسەر سێی بۆ لەشکر تەرخان کردووە. وەلێ نازانین ئەو دوو لەسەر سێیە چەند دینار بووە، بەلام بەحسابی ئەو بەشەی کە بۆ کاری خێری دادەناو، هەولێری پێ ئاوەدان دەکرد و، لە دەرەوەی هەولێریش کاری خێری دەکرد، بە هەمووی دەگەیشتە نێوان دووسەد هەزار دینار و[3]، سەد هەزار دینار[4]، کە ئەم

---

(١) البنداري، آل سلجوق ٤٦ — ٤٧. أبو شامة، كتاب الروضتين ١٧٣/١. جب، صلاح الدين ١٧١ — ١٧٢. الرويشدي، إمارة الموصل، ص ١١٢، ١١٣. الباز العريني، م. ن. ص ١٦٥.

(٢) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان ٦٨١/٨.

(٣) عن ابن قاضى شهبة، نقله الحنبلى في (شذرات الذهب) ١٤٠/٥.

(٤) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان ٦٨٢/٨.

پارە زۆرە بە قسەی (ابن الجوزي) تەنیا سێیەکی داهاتی دەغڵودانی هەولێر بوو بێت، سەرباری ئەوەش، ساڵانە دەرامەتی لۆکە دەگەیشتە بیست و دوو هەزار دینار[1] لە سەردەمێکدا کە هەولێر بایەخی سیاسی و ئابووریی نەمابوو، ببوو بە شارێکی بێ بەهاو بچووك و ساکار[2].

کەواتە ئەگەر ئەم هەموو دەرامەتە بریتی بێت لە تەنیا سێیەکی داهاتی هەولێر، ئەمە مانای وایە کە موزەففەرەددین گۆکبوری، هیچ نەبێ دوو هەندەی بۆ لەشکر و لەشکرسازی تەرخان کردبوو.

ب- ئاڵای ئەمارەتی هەولێر

هەڵکردنی ئاڵا دیاردەیەکە لە دیاردەکانی سەروەری و، بەڵگەی سەربەخۆیی ئەمارەت یان دەوڵەتە. خۆ، دەبوو ئەمارەتی هەولێریش ئاڵایەکی هەبێت. ئەوەش لە کاتێکدا دەرکەوت کە لە ساڵی (٥٧٩ك/١١٨٩ز)دا، هەولێر لە موسڵ جیابووەوە. شێوەی ئاڵای هەولێرمان لەو نامەیەدا بۆ دەردەکەوێت کە (ضیاء الدین ابن الاثیر الجزري الكاتب) لە وەڵام و سوپاسگوزاریی خەڵات و بەخششی موزەففەرەددین گۆکبوریدا بۆی نووسیبوو. ئەوەبوو، ئەو نووسەرە کە سەردانی هەولێری کرد، موزەففەرەددین گۆکبوری خەڵاتی کرد، لە خەڵاتەکاندا باڵندەی باز هەبوو. ئەویش نامەی سوپاسگوزاریی بۆ نارد و، بە شان و باڵیدای هەڵدا، هەر لەو نامەیەدا دەڵێت: ((وا، شای باڵندەی باڵندە خۆرەکانیش هات ـ مەبەستی لە بازەکەیە - دەستێکی بەخێر و سپی ناردوویەتی کە لە چاکەی بەردەوامدا بەهرەمەندە، ئەو پیاوەتییەی ئەو هەیەتی، کەسی دی نییەتی، ئاکار و رەوشتی بەرزە و، بۆنی لە هەموو بۆنێ خۆشترە، بەڵکو دەڵێن وەك باڵندەی ناو ئاڵاکەیە و، مەقدەمی خێرە[3] وەڵێ یەکێکیان بەدەست

---

(١) حمدالله المستوفي القزويني، نزهة القلوب، ص ١٠٣.

(٢) ابن الطقطقی، الفخري في الآداب السلطانية، ص ٣٢.

(٣) برای مێژوونووسی بەناوبانگ (عزالدین إبن الاثیر)ە (ت ٦٣٧هـ/١٢٣٩ز).

مەبەستی لەو بازەیە کە لەسەر ئاڵاکەی سەرداری هەولێر وێنەی کێشرابوو.

هەڵدەگیرێ و، ئەوی دی دەخرێتە بان سەر» [١]. لەم نامەیەوە، بۆمان دەردەكەوێ كە ئاڵای هەولێر وێنەی بازێكی لە ناوەڕاستیدا هەبووە، هەر وەكو ئاڵاكەی سەلاحەددینی ئەییوبی و ئاڵای دەوڵەتی ئەییوبیان.

بەڵام نازانین سەربازانی لەشكری هەولێر چ جۆرە بەرگێكیان دەپۆشی، نازانین سەرداری هەولێر، بەرگی وەك سەربازانی ئەتابەگەكانی موسڵ لەبەر سەربازانی خۆی دەكرد، یان، نا. ناشزانین سەربازانی ئەمارەتی هەولێر چەكی وەك چەكی سەربازەكانی (زین الدین علی كچك)ی [٢] دامەزرێنەری ئەمارەتی هەولێر هەڵدەگرت یان، نا. ئەوان (چەقۆ) و (درەوش) [٣] و (چەكوش) و (شووژن) [٤] و (شمشێر) و (مشار)یان [٥] پێبوو. ـ بە قسەی ابن الأثیر ـ زۆرتر لە كاتی شەڕدا ئەم چەكانەیان هەڵدەگرت. بەڵام نازانین سەربازانی ئەمارەتی هەولێریش ئەم چەكانەیان هەڵدەگرت، یان، نا. ناشزانین دەزگای هەواڵگریی هەولێر، تا چەند چالاكیی نواندووە. دەزگایەكی هەواڵگری هەبووە، بە تایبەتیش لە كاتی شەڕی نێوان هەولێر و موسڵدا و، جاسووسیی بەسەر جموجووڵی لەشكری (بدرالدین لؤلؤ)ەوە كردووە. (بدرالدین لؤلؤ) بەرامبەر بە مەسیحییەكان خراپەی دەكرد، ئەمان كەم و كەم دەسەڵات بوون، هەژار بوون، نەیان دەتوانی ئەو پارەو سەرانەیەی (بدرالدین

(١) بنۆڕە كتێبەكەی خۆی: (رسائل ابن الأثیر).

(؟) لەبارەی جلوبەرگی سەربازانی موسڵەوە، بنۆڕە: (الدیوەجي، الموصل في العهد الأتابكي، ص ٧٢.
الجمیلي، دولة الموصل، ص ٢٥٨).
سوادي الرویشدي، إمارة الموصل، ص ١١٧.

(٢) الباهر، ١٣٥.

(٣) درەوش، وەكو سووژن وایە، بەڵام دەسكی هەیە: (ابن خلف التبریزي)، برهان قاطع، ص ٤٨٢.
محمد موسی هنداوي، المعجم في اللغة الفارسیة، ص ١٥١.

(٤) شووژن (المسلة).

(٥) مشاری بچووك (دسترك): هنداوي، المعجم في اللغة الفارسیة، ١٥٦.

لۆلۆ) داوایان لێ دەکات بیدەنێ، لەبەر ئەوە هانایان بۆ دوژمنی[١](لۆلۆ) دەبرد، بە تایبەتیش بۆ موزەففەرەددین گۆکبوری. مەسیحییەکان لە ڕێگای هەوالگرەکانی سەرداری هەولێرەوە نامەیان دەنارد و تەگبیر و هاودەنگییان هەبوو بۆ ئەوەی لە دژی (لۆلۆ) پەیمان ببەستن و بێ هێزی بکەن. لەو نامانەدا هەموو نهێنییەکانی بزاڤ و چەك و نیاز و رازی لەشکری موسڵیان بۆی دەنووسی، بۆ ئەوەی، ڕێگا، بۆ داگیر کردنی موسڵ خۆش بکەن[٢]. جارێکیان، نامەیەکی (شمعون مفریان)ی[٣] بەرپرسی گوندی (برطلی) کە بۆ موزەففەرەددین گۆکبوریی نووسیبوو، کەوتە دەست (بدرالدین لؤلؤ)، ئەویش دەستبەجێ گرتی و لە زیندانی هاویشت، پاشان بە دەرگای زیندانەکەدا هەڵیواسی، تا، مرد[٤]. ڕەنگە ئەمە یەکەم نامەش نەبووبێ کە گەورەیەکی مەسیحی بۆ سەرداری هەولێری ناردبێ.

سەرباری ئەوەش، (بدرالدین لؤلؤ) سەروسەختی لەگەڵ تایەفەی (عدویە)دا باش نەبوو، بەردەوام خراپەی لەگەڵیاندا دەکرد، چونکە ئەو تایەفەیە زوڵمیان قبول نەدەکرد، لەبەر ئەوەش کە لە هەندێ ناوچەی شاخاویی موسڵدا بوون و جێگایان قایم بوو، جارجارە تۆڵەی خۆیان دەسەندەوە و، هێرشیان دەکردە سەر موسڵ[٥]، تا، جارێکیان (بدرالدین لؤلؤ) بۆی ڕێکەوت رابەری ئەم تایەفەیەی دەسگیر کرد کە ئەوکات (تاج الدین ابو محمد الحسن بن عدي بن أبي البركات بن صخر بن مسافر) کە

---

(١) سوادي الرويشدي، امارة الموصل، ص ٤٧.

(٢) ن. م. ص ٤٨.

(٣) مفريان، وشەیەکی ئارامییە (مەفریونو – Mafryono) بە مانای (بەردار) دێت مەبەست لە پلەی ئەو کەسەیە لە کەنیسە لە نێوان بەتریارك و قەشەکاندا، بنۆڕە: سوادي، امارة الموصل، ص ٤٥، هامش (٢).

(٤) بطرس نصري، ذخيرة الأذهان، جـ ٢، ص ٥٤.

(٥) الكتبي، فوات الوفيات، ط، مصر ٢٢٤/١. الذهبي، العبر ١٨٣/٥.

ئەکا برای شێخ عودەی (ت ٥٥٧ك/١١٦٢ز) [1]، پاشان لە قەڵاکەی موسڵدا خنکاندی، لەبەر ئەوە، پێدەچێ ئەو تایەفەیەش پێوەندییان لەگەڵ موزەففەرەددین گۆکبوریدا بووبێت، نەخاسمە، سەرداری هەولێر زۆر ڕێزی لە شێخ عودەی دەناو، هەمیشە باسی چاکەی ئەو شێخەی دەکرد و، بە پیاو چاکێکی گەورەی دادەنا[2].

ج- دیوان و جبەخانەی چەك:

سەرڕوشتەمان هەیە کە لە هەولێردا، کۆگای چەك یان جبەخانە هەبووە، کە ئەوکات (سیلاحخانە)یان[3]، پێدەگوت و، (أبو المحاسن أسعد ابن احمد بن موسى بن منصور بن علي بن نصر الأربلى) سەرپەرشتیی دەکرد. ئەم پیاوە لەسەر وەزیفەکەی مایەوە، تا، لە موحەڕەمی ساڵی (٦٢٣ك/١٢٢٦ز)دا گیانی سپارد، کە تەمەنی لە هەشتا تێپەڕی کردبوو[4]. بەڵام نازانین کەی ئەم وەزیفەیەی وەرگرتووە و، پاش ئەو، کێ لە جێگەی دانراوە. (النویري) دەڵێت: جبەخانەکە، لە هەموو جبەخانەیەك گەورەتر و گرنگتر بووە و، هەموو کاروبارێکی بەدەست (میری چەك) بووە؛ هەر چەکێ هەواڵەی بکرابا دەینووسی و دەیپاراست و، هەر چەکێکیشی لێ دەرکرابا، دیسان

---

(١) تەرجەمەی ژیانی لە (وفيات الاعيان)دا هەیە: ٤١٧/٢ — ٤١٨، ط/مصر ١٩٤٨. الكامل، ٢٨٩/١١. الذهبي، العبر ١٦٣/٤. باسی ژیانیشی بە دووروودرێژی لە (تأريخ ابن الوردى ٩٢/٢ — ٩٤)و، لە (شذرات الذهب) ١٧٩/٤ — ١٨٠)دا هەیە.

(٢) وفيات الاعيان ٤١٨/٢.

(سوادي الرويشدى) دەڵێت: موزەففەرەددین گۆکبوری، ئەم تایەفەیەی گاڵ دەدا کە دوژمنایەتیی (بدرالدين لؤلؤ) بکەن و هێرش بکەنە سەری: بنۆڕە: امارة الموصل في عهد بدرالدين لؤلؤ، ص ٣٥.

(٣) النويري، نهاية الأرب ٢٢٧/٨. القلقشندي ١١/٤.

(٤) ابن الشعار، عقود الجمان، ٢٥٩/١ ب.

دەینووسی و[١]، چەکسازانی هەبوون، هەرچەکێ کۆن و خراپ با، چاکیان دەکردەوە[٢].

ئەتابەگ، خۆی، فەرمانداری لەشکر بوو، ئەوەش بە رووداوەکان و پێوەندییەکانی دەرەوەیدا، دیاربوو. بەلأم بەقسەکانی (ابن الشعار)دا دەردەکەوێ کە ئەتابەگ یاریدەدەری بۆ خۆی دانابوو، تا، فەرمانداریی لەشکرەکەی بکات و، دەڵێت: (الأمير شهاب الدين قرطاى بن عبدالله الاربلى) بووە کە ئەکا باوکی هەردوو میر (محمد و احمد ولدا قرطاي) کە، ناویان بە زۆری لە کتێبی (عقود الجمان)دا دووبارە و سێ بارە دەبێتەوە. ئێمە نازانین، سەرداری هەولێر، ئەم میرەی بە فەرمانداری لەشکر و یاریدەدەری خۆی داناوە، یان تەنیا بە بەرپرسی کاروباری رێکخستن و ئیدارەی داناوە؟ ئەوە، دەزانین کە سەرکردەی لەشکر، لە کەسانێکی ئازاو بەجەرگ و شارەزایانی نهێنیگەلی جەنگ و رۆڵەکانی هونەری سوارچاکی و شمشێربازی هەڵدەبژێردران، کە ئەزموونی تەواویان لە کوشتاردا هەبوو[٣]. ئەم سەرداری لەشکرەش نازناوی (سوپا سالار)یان[٤]، پێ بەخشیبوو.

راستیشت دەوێ، ئەم میر (قرطاي)یە، خۆی، کۆیلەی سەرداری هەولێر بوو، پاشان ئازادی کرد (سەرفرازی کرد) و، پلەی لە ئەمارەتەکەدا بەرزکردەوە، تا، لە ساڵی (٦١٤ك/١٢١٧ز)دا[٥]، گرتی و، لە زیندانی هاویشت تا، مرد[٦]. بەلأم کوڕە

---

(١) النويري، نهاية الأرب ٢٣٧/٨.

(٢) القلقشندي ١٢/٤. ابن شاهين الظاهري، زبدة كشف الممالك، ص ١٢٢.

(٣) حسين امين، العراق في العصر السلجوقي، ٢٠٥.

(٤) سوپا سالار (الأصفهسلار) واتا (پارێزگار) یان (پاسەوانی سنوور) Frontier Commanders بنۆڕە: (الراوندى، راحة الصدور وآية السرور، النسخة الفارسية، تحقيق محمد اقبال (ص ١٠) له (فهرست الكلمات والمصطلحات النادرة). الكلمة مركبة من لفظين: (اسفه) بالفارسية بمعنى (المقدم) و (سلار) بالتركية بمعنى (العسكر): صبح الاعشى ٨٠٧/٦.

(٥) ابن خلكان ٢٧٦/٣.

(٦) ابن الشعار، ٢٣٩/٥. الصفدي، الوافي بالوفيات، ط/دار صادر بيروت ١٩٦٩، ٢٩٦/٧.

گەورەکەی، کە ناوی (محمد) بوو، لە ساڵی (٦٠٦ك/١٢٠٩ز)دا لە هەولێر لەدایك ببوو، میرێکی بە هەیبەت و شۆخ بوو[1]. پێدەچێ ئەرك و فرمانێکی سەربازیی گرنگی لە ئەستۆ بووبێ، چونکە، هەر بە یەکێ لە میرەکانی هەولێر ناوی دەبرا، ئەویش هەروەکو (ابو شجاع رکن الدين احمد ابن قرطای) برای، کە (الصفدي) بە، میر، کۆیلەی سوڵتان موزەففەرەددین گۆکبوری ناوی دەبات و[2]، (ابن الشعار)یش، بە (میری گەورە و زانا و سوپا سالار) [3]وەسفی دەکات، هەرچەندیشە بە تەمەن، منداڵ بوو. بەمەدا دەردەکەوێت کە ئەم میرە فەرمانداریی لەشکری هەولێری کردووە، وەلێ سەرچاوەکان، کە باسی رووداو و کارەساتی سەربازی دەکەن، ناوی ئەو ناهێنن.

وا دیارە، ئەم دوو میرە هەولێرییە، پاش مردنی موزەففەرەددین گۆکبوری لە راپەرینەکەی دژ بە لەشکری خەلیفە (المستنصر)دا، بەشدار بووبن و سەرکردایەتیی بەرەڤانییەکەیان کردبێ، کە ساڵی (٦٣٠ك/١٢٣٣ز)دا رووی دا، چونکە هەردووکیان، پاش ئەو کارەساتە، شارەکەیان جێهێشت و روویان کردە حەڵەب، کە ئەوکات، حەڵەب (الملك العزيز غياث الدين) حوکمڕانیی دەکرد. دوو برا، کاتێ گەیشتنە حەڵەب، ئەم مەلیکە بە گەرمی پێشوازیی لێ کردن و، پیاوانە بۆیان وەستاو، پێداویستی بۆ فەراهەم کردن[4]، (محمد بن قرطاي) لە ساڵی (٦٣٩ك/١٢٤١ز)دا[5]، مرد. وەلێ (احمد بن قرطای) دوای مردنی سەرداری حەڵەب، شارەکەی جێهێشت و لە بەغدا گیرسایەوە، لەوێ مایەوە، تا لە ساڵی (٦٥٥ك/١٢٥٧ز)دا، گیانی سپارد.

---

(١) ابن الشعار، عقود الجمان، جـ ٧ ترجمة حياة محمود بن قرطای. الصفدي، الوافي ٣٥٣/٤.

(٢) الصفدي ٢٦٩/٧.

(٣) ابن الشعار، جزء (٩) ترجمة حياة (نبهان بن محمود بن عثمان الأربلي) ئەو بە (زانا) ناوی دەبات، گوایا ئەستێرەناس بووە و، لە ڤیبلەنماشی زانیوە: ابن الشعار، جزء (١) ترجمة (احمد قرطای)

(٤) ابن الشعار، هەمان ئەو دوو وەرەقەیە. الصفدي: (ئەویش هەر وەها)

(٥) ابن الشعار، کورتە باسی ژیانی (محمد بن قرطاي). الصفدي دەڵێت: لە ساڵی (٦٣٤ك/١٢٣٦ز)دا گیانی سپاردووە، واتا، کە مردووە تەمەنی لە سی ساڵ کەمتر بووە.

(؟) الصفدي ٢٩٦/٧. وهامش ترجمة أحمد في (عقود الجمان) بقلم ناسخ المخطوط، جـ (١).

باسی کەسێکی دی دەکرێ بەناوی (ابن الفتح عیسى ابن الفضل ابن بشر بن عیسى بن مواهب)ی ناسراو بە (ابن البحراني الموصلي) کە لە بنەماڵەی (قرطاي) نییە. ئەم کابرایە هاتە هەولێر و، کەوتە خزمەتکردنی میر (قرطاي ابن أبي عبدالله)، کاتێ موزەففەرەددین گۆکبوری، (قرطاي) و دۆستانی (قرطاي) گرت، ئەمیشی لەگەڵیاندا راپێچا. پاشان ئازادی کرد و، کردی بە سەرپەرشتی دیوانی لەشکر، زۆری نەبرد، لەم وەزیفەیەش دەری کرد و، بە نمایشکاری لەشکر دایمەزراند، لەبەر ئەوەش کە زەلامێکی شەڕانی و چاونەترس[1]بوو، ئەو وەزیفەیەی لێ دەهات و بە چاکی هەڵیدەسووڕان.

سێ: دراو و سیستەمی دراوی ئەمارەتی هەولێر:

دراوی ئەمارەتی هەولێری سەردەمی ئەتابەگیان، نە لە شێوە و، نە لەکێش و نە لە قەبارەدا یەك بوون، واتا شێوە و کێش و قەبارەی دیارکراو و چەسپاویان نەبوو. بەو جۆرە، لەسەر یەك عەیارە جێگیر نەبوون، واتا رێژەی کانزا گرانبەهاکە لە کێشی یەك پارچە دراودا، وەکو یەك نەبوو، جیاواز بوو، لەبەر ئەوە، بارودۆخی ئابووری لەق دەبوو، بازاڕیش دەشڵەژا. پێدەچێ ئەم حاڵەتە بەهۆی ئاژاوە و شڵەژاوی شەڕی خاچدروشمانەوە پەیدا بووبێت و، مەملەکەتی ئیسلامیش ببوو بە چەندین ئەمارەت و یەکەی سیاسی. هێرشی مەگۆلیش بە یەکجارەکی ئاڵۆزی و شڵەژاوییەکەی بەرەو خراپتر برد و، زێڕ و زیوی لە بازاڕدا نەهێشت[2]. وەنەبێ، ئەم دیاردەی ناچونیەکی و نا یەکسانییەی کێش و عەیار و قەبارەی دراوە، تەنیا ئەمارەتی هەولێری گرتبووبێتەوە، بەڵکو هەموو ئەمارەتەکانی ئەتابەگایەتیی

---

(١) ابن الشعار، عقود الجمان، ٢٣٩/٥.

(٢) جعفر خصباك، العراق في عهد المغول الايلخانيين، ص ١٢٠.

گرتەوە[١].

لە لێکۆڵینەوەی بارودۆخی دراوی ئەم ئەمارەتەوە، بۆمان دەرکەوت کە دراوی زیو بە یەکجارەکی نەمابوو، تەنانەت یەك پارچەشمان لەم دراوە لە مۆزەخانەی عیراقدا نەدۆزییەوە و، لە کتێبگەلی باسی دراویشدا بەرچاومان نەکەوت، تەنیا ئەوە نەبێ کە سکەی دینار بە زێڕ و، سکەی درهەم و فلسیش بە مس لێدراوە[٢].

هیچ پاساو و بیانوویەکی بەجێشمان بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە چنگ نەکەوت، نەخاسمە، وڵاتی فارس کە کانگای کانزای زیوە[٣]، لە ناوچەکەوە دوورنییە.

دەشبینین کە سکەی درهەم بە زیو، تەنیا هەولێری نەگرتبووەوە، بەڵکو ئەمارەتەکان و دەوڵەتەکانی تریشی گرتبووەوە. لە هەموویاندا درهەمی خراپ، بە عەیارەی سێیەك یان کەمێ زیاتر لە زیو و باقیمەنییەکەی لە مس دروست دەکرا[٤].

دەشبینین، (ابن مماتی) و (ابن بعرة) کە هەردووکیان لە میسر، لە تەلاری ئەییوبیاندا کاریان دەکرد و، هاوچەرخی سەردەمی ئەتابەگیان بوون، باسی ئەم درهەمانە دەکەن و دەڵێن: سێ سەد درهەم زیو، حەوت سەد درهەم مسیان پێکەوە

---

(١) محمد باقر الحسيني، العملة الاسلامية في العهد الاتابكي، ص ٧٢.

(٢) دانەرانی کتێبگەلی باسی دراو، مەگەر بە دەگمەن ناوی درهەم و فلس بێنن، بەڵکو هەر بە ((پارچە مسەکان)) یان بە وشەی ((پاقر)) ناویان دەبەن. بە نموونە: (اسماعيل ادهم غالب، بە ((پاقر)) ناویان دەبات کە وشەیەکی تورکییە ص ١٣٨ واتا (مس) Copper، واتا پارچە دراوی مس – (لين بول) یش هەر وەهای ناو دەبات.

The Cains of Turkman type, v. ııı, p. ٢٢٨

بەڵام (الحسينی) دەڵێت: (هەموو ئەم پارچە دراوانە، مس بوون: (العملة الاسلامية ص ١٣٧ – ١٤٠).

(٣) الاصطخري، المسالك والممالك، ط ١٩٦١، ص٩٨. كي لسترانج، بلدان الخلافة الشرقية، ٣٥٤،٣٢٢. عبدالرحمن فهمي، فجر السكة العربية، ص ٣٤.

(٤) القلقشندي، صبح الاعشى، ٤٦٣/٣.

جۆش دەداو پاشان، درهەم، درهەم دەیانبڕی[١].

وەلێ (القلقشندي) دەڵێت: لەبەر ئەوە وازیان لە دراوی زیو هێنا چونکە زیویش لە بازاڕدا نەدەماو، لە دروستکردنی زینی ئەسپ و دەفری ناوماڵدا بەکاریان دەهێنا[٢]. ئەم حاڵەتە، نەك هەر میسر، بەڵکو موسڵیشی گرتەوە. موسڵ درهەمی مسی بەکار دەهێنا، تا، لە سەردەمی (الملك الصالح رکن الدین اسماعیل بن بدرالدین لؤلؤ)دا کە لە دوای باوکی، لە نێوانساڵی ٦٥٧ك/١٢٥٩ز _ ٦٦٠ك/١٢٦٢ز[٣] حوکمی موسڵی دەکرد، وازیان لە مس هێناو، ئیدی بۆ لێدانی دراو بەکاریان نەدەهێنا. (زامباور)یش، دیاردەی دروستکردنی درهەم لە مس لەم ناوچەیەدا، لە سەدەکانی شەشەم و حەوتەمی کۆچی، واتا لە سەدەکانی دوازدەم و سیازدەمی لەدایکبووندا بە دیاردەیەك دادەنێ کە تەنیا لەم ناوچەیەدا روویدابێت[٤]. بەم درهەمە مسانەیان دەگوت ((درهەمی رەش)) چونکە لە مسی پەتی دروست دەکران، درهەمی (قەڵب)یشیان پێدەگوت چونکە سەرباری ئەوەش فرۆفێڵی تێدا دەکراو[٥]، پێشیان دەگوت ((درهەمی فلس بایی)) [٦]. وەلێ چەند درهەم دەیکردە دینارێك، ئەوە، لە بارەی درهەمی هەولێرەوە هیچ سەرڕوشتەیەکمان دەست نەکەوتووە، بەڵام دەتوانین بەهای درهەمی هەولێر، بە پێودانگی بەهای درهەمی ئەمارەت و دەوڵەتەکانی ئەو دەمە بقەرسێنین، بە تایبەتیش بە پێودانگی بەهای درهەمی موسڵ. بە نموونە،

---

(١) ابن مماتی، قوانین الدواوین، ص ٣٣٣. ابن بعرة ((كشف الاسرار العلمية بدار الضرب المصرية، ص ٨٣)).

(٢) القلقشندي، ص. ن.

(٣) الحوادث الجامعة، ٣٤٨.

(٤) زامباور، دائرة المعارف الاسلامية، ط ١٩٣٣، مجلد (٩)، ص ٢٢٧.

(٥) المقريزي، شذور العقود في ذكر النقود، ص ٧٤.

(٦) ابن بعرة، كشف الاسرار العلمية بدار الضرب المصرية. ص ٤١.

دانەری کتێبی (الحوادث الجامعة) دەڵێت: لە موسڵ، لە ساڵی (٦٦٠ك/١٢٦٢ز)دا[١]، دینارێك، دەیکردە نزیکەی چل (درهەمی رەش) واتا بەهای درهەمی رەش، زۆر لە بەهای درهەمی زیو کەمتر بووە و، دە درهەمی زیو، یان دوازدە درهەمی زیو دەیکردە یەك دینار[٢]. ئەم پارچە دراوانە لە قەبارە و لە کێشیشدا جیاواز بوون، لە مۆزەخانەی عیراق و، لە کتێبگەلی باسی دراویشدا، پارچە دراوی قەبارە جیاوازی بە تیرەی (٣٠ ملم[٣]، ٢٨ ملم[٤]، ٢٦ ملم[٥]، ٢٥ ملم[٦]، ٢٤ ملم[٧]، ٢٣ ملم[٨]، ٢٢ ملم[٩]، ٢١ ملم[١٠]) دەبینیت. ئەم دراوە مسانە لە کێشیشدا جیاواز بوون. بە پێی دەفتەری[١١]تۆمار کردنی کێشی ئەم دراوانە، کە لە مۆزەخانەدا هەیە، کێشەکانیان لە نێوان (٢ ,٨ گرام) تا (٤ ,١٠) گرامدایە. لە هۆڵی (الحاج عبدالله شکر الصراف)ی ناو

(١) الحوادث الجامعة، ص ٣٤٨.

(٢) ن. م: ٧٠ – ٧١. النقشبندي: الدينار الاسلامي في المتحف العراقي (١٤) و (٣٦).

(٣) اسماعيل غالب، مسكوكات تركمانية فتالوغي، ص ١٤١، ژمارەی پارچەکە (١٨٤).

(٤) پارچەی ژمارە (٥٨٠) لە هۆڵی (الحاج عبدالله شاكر الصراف) دانراوە. پارچەی ژمارە (٢٢٦ مس) لە دەفتەری تۆمارکردنی دراوەکان، لە مۆزەخانەی عیراقدا هەیە.

(٥) دراوی ژمارە (٣٧٩٩ مس) لە دەفتەری تۆمارکردنەکەدا هەیە.

(٦) اسماعيل غالب، ص ١٣٨، دراوی ژمارە (١٧٩)، دەفتەری تۆمارکردنی دراوەکان.

(٧) اسماعيل غالب، ص ١٣٨ پارچە دراوی ژمارە (١٨٠)

(٨) ن. م. ص (١٤٠) دراوی ژمارە (١٨٣).

(٩) د. الحسيني، ص ١٣٧ (القطعة الموجودة في متحف القاهرة، والمرقمة ١٧١٩٦/١). لای خۆیشمان چەند پارچەیەك هەیە بە تیرەی (٢٥، ٢٣، ٢٢) ملم.

(١٠) اسماعيل غالب، ص ١٣٩، قطعة (١٨١) و (١٨٢).

(١١) خاتو (مهاب درويش البكري) شارەزای دراوە لە مۆزەخانەی عیراق. سوپاسی دەکەین، کە ئەم پارچە دراوانەی، لە رۆژی (١٩٧٣/٧/٣)دا بە تەرازوو لە سەنگ داوە (کێشاوە).

مۆزەخانەکەدا پارچە دراوێك هەیە ژمارەکەی (٥٨٠)یە، کێشەکەی (٩,٩) گرامە[١]. لە مۆزەخانەی قاهیرەش دراوێك لەم دراوانە هەیە، کێشەکەی (٦٦ ,٩) گرامە[٢].

هەرچی دیناری ئەمارەتەکەیە، ئەوەش، کێشەکەی لەگەڵ کێشی دیناری باوی ئیسلامدا کە (٢٥ ,٤) [٣]گرامە، جیاوازە، بێگومان قەبارەکەشی جیاواز دەبێت وەك کێشی دراوە مسەکان کە باسمان کرد. ئەوانەی باسی دراوی ئەتابەگەکانیان کردووە، هەر چەندیشە، کێشی دینارەکانیان نەنووسیوە، بەلام مادامێکی قەبارەکانیان جیاوازە، کێشەکانیشیان جیاوازە. جگە لەوەش دینارێك لە شارەزوور دۆزرایەوە، کە شارەزوور سەر بە هەولێر بووە، کێشەکەی لەگەڵ کێشی دیناری هەولێردا، جیاواز بوو. ئەو دەمە (عمادالدین زەنگی)ی زاوای موزەففەرەددین گۆکبوری حوکمی شارەزووری دەکرد[٤]. دینارەکەی هۆڵی (الصراف) ٤ ،٣ گرامە و[٥]، تەنیا دینارەکەی شارەزوور کێشی (٥٣٦ ,٤) گرام دەرچوو[٦].

دوو دیناری هەولێر، لە مۆزەخانەی هەمایۆنی ئەستەنبوڵدا دانراون، تیرەی

---

(١) محمد باقر الحسيني، (دليل مجموعة عبدالله شكر الصراف)، الخزانة الخامسة المنشور في مجلة المسكوكات، مجلد (١)، جـ ٢، ص ٦٤.

(٢) الحسيني، العملة الاسلامية في العهد الاتابكى، ص ١٣٧.

(٣) زامباور، دائرة المعارف الاسلامية، ط ١٩٣٣، ٢٢٧/٩ و ٣٧٠.

عبدالرحمن فهمي، فجر السكة، ٣٠

(٤) وڵاتی شارەزوور، لە ساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز)ەوە، کەوتبووە ژێر رکێفی حوکمی هەولێر، واتا لەو رۆژەوەی کە موزەففەرەددین گۆکبوری گەڕایەوە بۆ هەولێر. ئەمیش بەر لە ساڵی ٦٢٢ك/١٢٢٥ز پێشکەشی کرد بە (عماد الدین زەنگی) زاوای، بۆ ئەوەی لە جیاتی خۆی، حوکمی تێدا بڕانێت.

(٥) دراوی ژمارە (٥٧٨) کە لە گەنجینەی پێنجەمی هۆڵەکەدایە، لە ساڵی (٦٠٧ك)دا لە سکە دراوە.

(٦) الحسيني، العملة الاسلامية، ص ٦٨. ئەم دینارە، لە مۆزەخانەی قاهیرەدایە.

یێكێكیان (٢٦) [١]ملم و، تیرەی ئەوی دیكەیان (٢٨) [٢]ملیمەترە. ئەو دینارەی لە مۆزەخانەی عیراقیشدا هەیە[٣]، هەروەهایە، بەڵام دینارەكەی شارەزوور، تیرەكەی (٦, ٢٥) ملیمەترە[٤].

وەك پێشتر باسمان كرد، نایەكسانیی قەوارەی دراوەكان لەم ئەمارەتەدا بەهۆی نالەباری و شڵەژاویی بازاڕەوە هاتە گۆڕێ، وەلێ ئەم نایەكسانییە بازاڕەكەی بە یەكجارەكی شڵەژاند، بەڵگەش ئەوەیە كە خەڵك (دراوی كەل) واتا دراوی قرتاویان دەساودەس دەكرد. ئەم دینارە، نەختێكیان لێ دەقرتاند و، بەو پارچە قرتاوانەش، كڕین و فرۆشتن دەكران[٥]. ئەم دینارانە سەری لە بازاڕ دەشێواند، لەبەر ئەوە، گوایا، هەندێ خەلیفە و كاربەدەستان هەوڵیان بۆ نەهێشتنی داوە و، جارجارە ویستوویانە پووچەڵی بكەنەوە، بۆ ئەوەی مسكێن (الرعیة) تووشی حەرام و گوناح نەبێت[٦].

دیناری قرتاو، لە هەولێر، لەو ماوەیەدا، لە بازاڕ هەند زۆر بوو، تا (ابن خلكان) دەڵێت ((لە عیراق و لە هەولێریشدا، خەڵك، خوویان پێوە گرتبوو، ببوو بە عادەت، ئەم دینارە قرتاوانە و، پارچە بچووكە قرتاوەكانیشیان لە كڕین و فرۆشتندا دەخستەگەڕ، بە پارچە وردەكانیان دەگوت (القراضة) واتا وردە قرتراوەكان، لە بازاڕا (دیناری قرتاو و پارچە قرتراوەكانیش بە زۆری بەدەست خەڵكەوە دەبینران و لە

(١) احمد ضیاء، مسكوكات اسلامیة تقویمی، ص ١٢٢. ئەم دینارە لە ساڵی (٥٩٠ك)دا لە سكە دراوە. ژمارەكەشی لە مۆزەخانەدا (١٧٩٥)ە.

(٢) م. ن. ص. ئەم دینارە لە ساڵی (٦١٤)دا لە سكە دراوە، ژمارەكەشی (١٧٩٦)ە.

(٣) مجلة المسكوكات، ص ٦٤.

(٤) الحسینی، العملة الاسلامیة، ص ٦٨.

(٥) ابن خلكان ٤/١٥٠ ط بیروت. النقشبندي، الدینار الاسلامي ص ١٥.

(٦) الحوادث الجامعة، ص ٧١.

کڕین و فرۆشتندا بەکار دەهێنران))[(١)]

جا، بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری (سکەلێدان) پێویست بوو دیوانێك هەبێت ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆو، دەبوو خانوویەکیش تەرخان بکرێت بۆ ئەو ئیشەو، کەسێکی بە ئەزموون و هونەروەریش بۆ سەرپەرشتیی ئەم ئەرك و فرمانە بدۆزرێتەوە، بتوانێت کانزاکان بەسەریەکدا جۆش بدات و ڕێژەکان دیاربکات و، وێنە و خەت و، نووسینەکان لە قاڵبەکاندا مۆربکات. ئێمە لە بارەی ئەو کارسپێردراوانەوەی هیچ نازانین، بەڵام (ابن الشعار) دەڵێت، کەسێك، کە سەرپەرشتیی سکەخانەکەی دەکرد، لە هەولێر: (عثمان بن ابراهيم بن علي بن احمد بن محمد سالم الأربلي) بووە کە لە ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز)دا مردووە[(٢)].

دەبێ ئەوەش بزانین کە، خودی سکەلێدان، نیشانەیەکی سەروەریی دەوڵەت یان ئەمارەتە و بەڵگەی سەربەخۆبوونە، چونکە دراو وێنەی حوکمڕان یان وەکو (ابن خلدون) دەڵێت: ((نیشانەی سوڵتان))ی لەسەرە[(٣)]. بەو دراو و نووسینانەشدا دەردەکەوێ کە موزەففەرەددین گۆکبوری، یەکەم کەس بووە، سکەی لەم ئەمارەتەدا لێدابێت. ئەو، هەر زوو، کاتێ کە حوکمی گرتە دەست سکەی لێدا، دراوێکی مس هەیە لە ساڵی (٥٨٧ك/[(٤)] ١١٩١ز)دا لێدراوە، واتا لە ساڵی تازەی دوای گەڕانەوەی بۆ سەر تەختی هەولێر، لێدراوە.

لە چەقی ڕووی دراوەکەدا، وێنەی کەسێك هەیە، ڕووی لە لای چەپ کردووە، لە پەراوێزی ئەم ڕوومیدا ناوی سەلاحەددینی ئەیوبی نووسراوە، ناوی سەرداری هەولێریشی لەگەڵدایە و نووسراوە: ((گۆکبوری بن علي))، لە پشتی دراوەکەش

---

(١) ابن خلكان، ص. ن.

(٢) عقود الجمان، جـ ٤، ورقة ١٤٥.

(٣) ابن خلدون، المقدمة، ص ٣٩٩.

(٤) Lane – Pool, The coins of the Turkman, v, ١١١, P. ٢٣٢

نووسراوە: الناصرلدين الله أمير المؤمنين[١]. پێوەندیی نێوان ئەمارەتی هەولێر و بەغدا، وەك باسمان کرد[٢]، پێوەندییەکی نادۆستانە بوو، تا ساڵی (٦٠٦ك/١٢٠٩ز) درێژەی کێشا، وەڵێ، میری هەولێر، ناوی خەلیفەی لەسەر دراوەکەی دادەنا، وەکو، بڵێی، خۆی بە دەسدا (تابع)ی خەلیفە دادەنا، هەرچەندیشە ئەم دەسداییەی هەر بەسەرزارەکی و رواڵەت بوو.

دراوێکی دیکەی مس، لە مۆزەخانەی ئەستەنبوڵ هەیە، ناوی (الملك حسام الدين يولق بن ايلغازی الارتقی) سەرداری ماردینی لەسەر نووسراوە، کە لە ساڵی (٥٨٠ ـ ٥٩٧ك/ ١١٨٤ ـ ١٢٠٠ز)دا[٣] لە ماردین حوکمی ڕانیوە. بەرواری لە سکەدانی ئەو پارچە دراوە نەزانراوە، لەبەر ئەوە ناتوانین بڵێین لە هەولێر لێدراوە، یان بڵێین موزەففەرەددین گۆگبوری کاتێ ئەم سکەیەی لێداوە کە سەرداری (حران) و (الرها) بووە[٤]. لەسەر رووی ئەم دراوە وێنەیەك هەیە، کەسێکە لەسەر تەخت دانیشتووە و گۆچانێکی بەدەستی چەپەوەیە و، خودەیەکی لەسەرە[٥]. لە پەراوێزەکەشیدا،

---

(١) الحسيني، العملة الاسلامية، ص ١٣٧.

(٢) هەر لەم کتێبەدا، سەیرێکی بابەتی پێوەندییەکانی نێوان ئەمارەتی هەولێر و خەلافەتی عەبباسی بکە.

(٣) زامباور، معجم الانساب والاسرات الحاكمة، ص ٢٤٥.

(٤) (عباس العزاوي): تەکەز لەسەر ئەوە دەکات کە ئەم پارچە دراوە لە شاری (حران) لە سکە دراوە، نەك لە هەولێر، بنۆڕە کتێبەکەی خۆی: (النقود العراقية) ص ١٩٥. کەچی، هەر زوو، خۆی بەدرۆ دەخاتەوە و لە لاپەڕەی (١٩٦)دا دەڵێت:
ئەو وێنەیەی لەسەر دراوەکە کێشراوە، تا دوای مردنی سەلاحەددینیش، بەسەر دراوەکانی هەولێرەوە، هەر هەبووە. بەڵام (الحسيني) ئەم دراوە لەگەڵ دراوەکانی هەولێردا دادەنێت. بنۆڕە: (العملة الاسلامية، ١٣٩). هەرچی (اسماعيل غالب)ە، ئەوە، ئەو لە ریزی دراوەکانی (آل بکتگين – موزەففەرەددین گۆگبوریدا – داینـاوە. بنۆڕە: (مسكوكات تركمانية قتالوغی) ص ١٤٠، پارچەی ژمارە ١٨٤.

(٥) اسماعيل غالب، مسكوكات تركمانية قتالوغی، ص ١٤٠.

←

نووسراوە: (حسام الدین یولق بن ایلغازی) و (گوگبوری بن علی)، لەسەر پشتەكەشی نووسراوە: (الملك الناصر صلاح الدنیا والدین یوسف بن أیوب محیی دولة أمیر المؤمنین) [1].

هەندێ پارچە دراویش هەن، لە ساڵی (٥٩٠ك/١١٩٤ز) یان دوای ئەو ساڵە لێدراون، ناوی هیچ مەلیكێكی ئەیوبیی لەسەر نییە [2] وا دیارە، موزەففەرەددین گۆكبوری لەگەڵ (الملك العزیز عمادالدین عثمان)ی كوڕی سەلاحەددینی ئەیوبیدا، كە دوای مردنی باوكی، لەو شەش ساڵەی نێوان (٥٨٩ ـ ٥٩٥ك/١١٩٣ ـ ١١٩٨ز)دا حوكمی كردووە، سەروسەختی نەبووە و، پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵیدا نەبووە [3] ئنجا سەرداری هەولێر ناوی (الملك العادل)ی (٥٩٦ ـ ٦١٥ك/١١٩٩ ـ ١٢١٨ز) لەسەر دراوەكانی دادەنا،

(الحسینی) دەڵێت: شێوەی سەر دراوەكە، كاری هونەری فارسیی ساسانی لەسەر دیارە، لە وێنەكەدا، ئەوكەسەی بە ئێرانی دانیشتووە و، پرچی بەسەر شان و ملیدا رێك شۆڕ بۆتەوە و، ئەم جۆرە كڵاوە، تەنیا بەسەر دراوەكانی هەولێرەوە هەبووە — بەڵام نازانین بۆچی ئەم جۆرە خوودەیەیان بەكار هێناوە؟ تەنیا دەتوانین، وای دابنێین كە وێنەكێشەكە لە شێوەی جل و بەرگی میللی وەریگرتووە، چ جل و بەرگی خودی ناوچەكە، چ لە شێوەی جل و بەرگی هاوردەی ئێران. بنۆڕە: (العملة الاسلامیة، ص ١٣٩).

(١) اسماعیل غالب، م. ن. ص. بشنۆڕە: Catalogue des, P.١٤٤

(٢) احمد ضیاء، مسكوكات اسلامیة تقویمی، دیناری ژمارە (١٧٩٥)، لاپەڕەی ١٢٢ كە لە ساڵی (٩٥٠ك)دا لێدراوە. سەیرێكی دراوە مسەكانی ژمارە، لە (١٧٩ — ١٨٣)یش بكە لە كتێبەكەی (اسماعیل غالب)دا: (مسكوكات تركمانیة) لاپەڕەی ١٣٨ — ١٤٠. هەروەها، لە كتێبەكەی (لین پول)یشدا، سەیری دراوەكانی ژمارە (٦٥٤، ٦٥٥) بكە: Lane – Poole, The coins, v. ١١١, P. ٢٣٣ هەروەها دراوی ژمارە (١٧١٩٦/١)، لە (المتحف الاسلامي) القاهرە، بنۆڕە (الحسیني)، العملة الاسلامیة، ص ١٣٩. هەروەها، بنۆڕە (اسماعیل غالب: - ١. Ghalib Edram, cataloge.., p. ١٤٢ ١٤٤

(٣) الكامل ١٢/١٤٠.

هەروەك ئەو دینارەی کە لە مۆزەخانـەی هـەمایۆنی ئەسـتەنبوڵ و[1] ئـەو دینارانـەش کە لە مۆزەخانەی لەندەندا هەیە[2]. سەرداری هەولێر تا (الملك العادل) مـابوو، نـاوی لەسەر دراوەکان دادەنا، بەڵام کە (الملك العـادل) لـە سـاڵی (٦١٥ك/ ١٢١٨)دا مـرد، ئنجا، ناوی (الملك الكامل محمد)ی کوڕی (الملـك العـادل)ی کـە ئـەوکات مـەلیکی میـسر بـوو، خستە سەر دراوەکانی[3].

بەڵام ناوی خەلیفەی عەبباسییان لەسەر هەموو دراوەکان، مابوو.

لـە کۆتاییـدا، ئـەوەش بڵـێین کـە زۆربـەی دراوەکـانی ئـەمارەتی هـەولێر وێنـەی زەلامێکی لەسەر کێشرابوو باڵی (قۆڵی) راستی کردووەتەوە و سواری پـشتی شـێرێکی تـووڕە بـووە، رووی کردووەتــە لای چـەپ و، بــە دەسـتی چەپیـشی یـاڵی شـێرەکەی گرتووە[4].

---

(١) لە ساڵی (٦١٤ك/١٢١٧ز)دا لێدراوە: احمد ضياء، مسكوكات اسلامية تقويمى، ص ١٢٢ الدينار المرقم ١٧٦٦.

(٢) ژمارەکانیـان (٦٥٧/pp) و (٦٥٧/ii) و (٦٥٧/PP) یـە کـە، (لـین بـول) لـە کتێبـی: Catalogue of oriental, v. ix, P. ٢١١ باسیان دەکات و، بەڕێز، لە ساڵەکانی (٦٠٩، ٦١٠، ٦١٣ك)دا لە سکە دراون. دراوێکـیش، لـە مۆزەخانـەی هـەولێردا هەیـە، بـە زێـڕی تێدەگـەم، لـە سـاڵی (٥٩٧ك/١٢٠١ز)دا لێدراوە. (ماوەی حوکمی) (الملك العادل). هەرچەندیشە پێناس نەکراوە.

(٣) بنۆڕە پارچەی (٦٥١/aa) کە لە ساڵی (٦٢١ك)دا لێدراوە/لین بول (I bid, P. ٢١٠).

(٤) پێویست بە ژماردنی ئەم دراوانە نییە، کە ئەم وێنەیەیان لەسەر بووە، چونکە زۆرن. (الحسینی) دەپرسێت، دەڵێت: تۆ بڵێی، وێنەی ئەم شێرە، هیچ پێوەندییەکی بە ناوی (گۆکبـوری)ی سەرداری هەولێرەوە بووبێت؟ چونکە (گۆکبـوری) بـە تـورکی، مانـای (شـینە گورگـە). پاشـان، دەڵێت: نەخێر، هیچ پێوەنـدییان لەگـەڵ یەکدا نییـە، چونکە وێنەکە وێنـەی شـێرە، وێنـەی گورگ نییە. سەیری لاپەڕە (١٤٠)ی کتێبی (العملة الاسلامية) بکە، کە کتێبی خۆیەتی.

- خشتەکان و پاشکۆکان -

خشتەکان

خشتەی ژمارە (١)

حوکمرانی ئەتابەگەکانی هەولێر، (نەوەی هەولێر)

(زین الدین أبو الحسن علي بن بکتگین بن محمد) ناسراو بە (گچك)، یارمەتیی (عمادالدین زەنگی)ی، دا، ئەتابەگایەتیی موسڵ لە ساڵی (٥٢١ك/١١٢٧ز)دا دابمەزرێنێت و، خۆیشی (هەولێر و، شارەزوور و، حران و، تکریت و، هەکاری و شنگاڵ)ی، لە ساڵی (٥٢٢ك/١١٢٨ز)وە بەدەست بووە.

(١) ئەو سێ کەسەی خوارەوە، بە بریکاریی (زین الدین علي کچك) حوکمی هەولێریان کردووە:

أ- (أبو منصور سرفتگین الزیني) تا ساڵی (٥٩٩ك/١١٦٤ز)

ب- (مجاهدالدین قایماز الزینی) (٥٥٩ _ ٥٧١ك/١١٦٤ _ ١١٧٥ز)

ج- (عزالدین الیاس بن عبدالله الزینی) (پاش مجاهدالدین قایماز)

(زین الدین علي کچك) دەستی لە هەموو موڵکی خۆی هەڵگرت بۆ (قطب الدین مودود)ی ئەتابەگی موسڵ و، تەنیا هەولێری بۆخۆی هێشتەوە و، لە ساڵی (٥٦٣ك/١١٦٨ز)دا، هەر لە هەولێر گیانی سپارد.

(٢) موزەففەرەددین گۆکبوریی کوڕە گەورەی (زین الدین علي کچك) دوای مردنی باوکی، حوکمی هەولێری لە ژێر چاودێریی ئەتابەگ (مجاهدالدین قایماز)دا گرتە دەست.

(٣) (مجاهدالدین قایماز) موزەففەرەددین گۆکبوریی لە هەولێر دەرکرد. بەڵام موزەففەرەددین گۆکبوری حوکمی (حران) و (الرها)ی گرتە دەست، تا ساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز)

(٤) دوای دەرکردنی موزەففەرەددین گۆگبۆری لە هەولێر، (زین الدین یوسف ینالتگین)ی کوڕە گچکەی (زین الدین علي کچك) حوکمی هەولێری، تا ساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز) گرتە دەست.

(٥) موزەففەرەددین گۆگبوری گەڕایەوە بۆ هەولێر و، لە ماوەی (٥٨٦ ـ ٦٣٠ك/١١٩٠ ـ ١٢٣٣ز)دا تەختی هەولێری بە شارەزووریشەوە وەرگرت.

(٦) دوای مردنی موزەففەرەددین گۆگبۆری، ئەمارەتی هەولێر، لە ماوەی (٦٣٠ ـ ٦٥٦ك/١٢٣٣ ـ ١٢٥٨ز)دا کەوتە سەر موڵکەکانی خەلافەتی عەبباسیان.

خشتەی ژمارە (٢)

دوای مردنی زین الدین علی کچك لە هەولێر لە ساڵی ٥٦٣ك/١١٦٨ز، ئەم خەلیفە عەبباسییانە، هاوزەمەنی ئەمارەتی ئەتابەگایەتیی هەولێر بوونە:

١- المستنجد بالله، أبو المظفر یوسف ابن المقتفي: (٥٥٥ _ ٥٦٦ك/١١٦٠ _ ١١٧٠ز).

٢- المستضيء بامرالله: (٥٦٦ _ ٥٧٥ك/١١٧٠ _ ١١٧٩ز).

٣- الناصرلدین الله: (٥٧٥ _ ٦٢٢ك/١١٨٠ _ ١٢٢٥ز).

٤- المستظهر بالله (٦٢٢ _ ٦٢٣ك/١٢٢٥ _ ١٢٢٦ز).

٥- المستنصر بالله (٦٢٣ _ ٦٤٠ك/١٢٢٦ _ ١٢٤٢ز).

خشتەی ژمارە (٣)

ئەتابەگەکانی موسڵ (٥٢١ _ ٦٣١ك)

(١) (عمادالدین زەنگی ابن قسیم الدولة آق سنقر) دامەزرێنەری ئەتابەگایەتیی موسڵە و، (٥٢١ _ ٥٤١ك/١١٢٧ _ ١١٤٦ز) ساڵ حوکمی کردووە.

(٢) سیف الدین غازی
٥٤١ _ ٥٤٤ك/١١٤٦ _ ١١٤٩ز

(٣) قطب الدین مودود
٥٤٤ _ ٥٦٥ك/١١٤٩ _ ١١٦٩ز

نورالدین محمود، دامەزرێنەری ئەتابەگایەتیی حەڵەب
٥٤١ _ ٥٦٩ك/١١٤٦ _ ١١٧٣ز

(٤) سیف الدین غازی (دووەم)
٥٦٥ _ ٥٧٦ك/١١٦٩ _ ١١٨٠ز

(٥) عزالدین مسعود
٥٧٦ _ ٥٨٩ك/١١٨٠ _ ١١٩٣ز

(٦) نورالدین أرسلان شاه
٥٨٩ _ ٦٠٧ك/١١٩٣ _ ١٢١١ز

(٧) عزالدین مسعود (دووەم)
٦٠٧ _ ٦١٥ك/١٢١١ _ ١٢١٨ز

(٨) نورالدین أرسلان شاه (دووەم)
٦١٥ _ ٦١٦ك/١٢١٨ _ ١٢١٩ز

(٩) ناصرالدین محمود
٦١٦ _ ٦٣١ك/١٢١٩ _ ١٢٣٤ز

پاشکۆ ـ ژمارە (١)

دەقی بەیاننامە (بلاوکراوە)کەی سەلاحەددینی ئەییوبی (یوسف کوڕی ئەییوب) کە هەڵوێستی خۆی تێدا، ڕووبەڕووی هێزەکانی دیکەی ئیسلام دیارکرد

خوا، کە لەسەر زەمین حوکم و هێزی پێ بەخشین و، توانیمان هەق لە پێناوی فەرزدا بەهێز بکەین، وامان بەباش زانی، لە ڕێی خوادا، فەرزی غەزا لەبەرتر رابگرین و ڕێگاکەی نیشان بدەین و، پشتگیری لە ئیماندااران بکەین و، پیاوچاکان و بەرپرسانی ئیسلام بۆ غەزای دژ بە دوژمنان بانگ بکەین، کە، لەسەر زەوی بەیەك دەنگ داوا لە ئاسمان بکەین سەرمان بخات. هەر کەسێ، لەم فەرزەدا یاریمان بدات و ئەم کارە چاکە بەجێ بگەیێنێ، ئەوا لە چاکەی بێ پایانمان بێ بەشی ناکەین و، پاداشتی رەفتاری خاسی خۆی وەردەگرێت، بەلام ئەو کەسەی دووی لەزەتی دنیاو، ئارەزووی خۆی بکەوێ و، پشتی لە ئایینی هەق و، رووی لە دنیای ناهەق کردبێ ـ ئەگەر تۆبەی کرد و پەشیمان بووەوە، ئەوا بەیەکێك لە خۆمانی دادەنێین، دەنا ئەگەر لەسەر گومرایی خۆی مکوڕ بوو، ئەوا دەستی لەکار دادەبڕین و دەری دەکەین[1].

---

(١) أبو شامة، كتاب الروضتين ٦٠/٢

ابن واصل، مفرج الكروب ٢/ ١٦٣ - ١٦٤

پاشكۆ ـ ژمارە (٢) (بەیاننامەی هەولێر)

سەلاحەددینی ئەیوبی، پاش مردنی ـ زین الدین یوسف ینالتگین لە ساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز)دا، دەربارەی چارەنووسی ئیدارەی هەولێر بڵاوی كردەوە

بێگومان دەزانن (زین الدین یوسف)ی ماندووی رێگای غەزاو، سوپاسگوزاری نیعمەتی خودا، كۆچی دوایی كرد و، بەر رەحمەتی خوا كەوت. ئەو كەسێكە لەو بەختیارانەی حوكمی ئەم ئایەتە، دەیانگرێتەوە: (ومن يخرج من بيتهِ مهاجراً الى اللهِ ورسولهِ، ثم يدركهُ الموت، فقد وقع اجرُهُ على الله) [1]. واتا: (كەسێ ماڵی خۆی جێبهێڵێ و، روو لە رێگای خواو پێغەمبەر بكات و، بمرێت، ئەوە، ئەجری دەكەوێتە سەر خودا). ئای، چەند دڵتەزێنە ئەو لێقەومانە و، وای لە سۆی ماڵاوایی ئەو جوانەمەرگە! ئەو بەهیممەتی خۆی پێگەیشت و پلەی بەرزی وەرگرت، بەلام بەر لەوەی جێپەنجەی چاكەی دەركەوێ و مانگی چواردەشەوە ئاواتەكانی دەروونی رۆشن بكاتەوە، خوا بردییەوە بۆ بارەگای خۆی. ئەم هەولێرەش حەفتا ساڵە[2] خەڵاتی بنەماڵەی ئەتابەگەكانە و، بۆ (زین الدین)[3] ماوەتەوە. لە شەرت و سیستەمی ئەم نیعمەتە لایان نەداوە و، حوكمەكانیان قایمتر و پتەوتر كردووە. ئەم جێگەیەش كە بۆیان هێشتووەتەوە، نەیهێشتووە بە فیرۆ بچێت. میری گەورەش موزەففەرەددین گۆكبوری گەورەی بنەماڵەكەیە و، لە هەموویان لەبەرترە. لەسەر وەسیەتی باوكیشی

---

(١) القرآن الكريم، سورة النساء، الآية (١٠٠).

(٢) بە پێی قسەكانی (ابو شامة) (كتاب الروضتين ٣٠/١، ص ٣٨) ئەكا شەست و چوار ساڵ، نەك حەفتا ساڵ.

(٣) مەبەستی لە (زين الدين علي كچك)ە، كە دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەتابەگەكانە.

بە سەرداری هەولێر دامانئا، کە براکەشی بەرەو ڕێگای ڕاست ڕێنمایی بکات و[1] لە جیاتی ئەویش حوکم بگرێتە دەست.

ئەمانــە، نامەگـەلێکن (الملك الناصـر ـ سـەلاحەددینی ئـەییوبی نـاردوونی بـۆ موزەفەفـەرەددین گۆکبـۆریی سـەرداری هـەولێر و، داوای دەکـات بگاتـە لای و بـۆ کوشـتاری خاچـدروشمان ئامـادە بێـت. نامـەکان (عمـاد الـدین الکاتـب الاصـفهانی) دایڕشتوون، کە نووسەری تایبەتی خودی سەلاحەددینی ئەییوبی بووە:

(١) کتاب الروضتین ٢/١٦٤ — ١٦٥.

مفرج الكروب ٢/٣٣٩ — ٣٤٠

ابن الفرات، مجلد ٤، جـ ١، ص ٢٣٦.

پاشكۆ ـ ژمارە (٣)

نامەی یەكەم

(بەشێكە لە نووسراوێك بۆ موزەففەرەددین گۆكبوریی سەرداری هەولێر، باسی بارودۆخی شەڕ دەكات).

پێشتریش باسی بارودۆخەكەمان بۆت نووسیوە كە ئاوات و ئومێدی ئێمە سەركەوتنە. مەلیكەكانی فەرەنگ بەخۆیان و لەشكری لەبن نەهاتوویانەوە گەیشتوونەتە بەندەرەكەو خڕبوونەتەوە و مۆڵیان بەستووە، ئێستاش مەنجەنیقیان لێمان دامەزراندووە و ئاگرباران و بەردبارانمان دەكەن، شوورەكەش كون و كەلەبەری تێ كەوتووە و، شەڕەكەش گەرمە، دوژمن ددانی لە شارەكە تیژ كردووە و، بەتەمای تالآنە، ئەوەتا، بۆ ناو شار دەكشێ و ڕێگای مەرگی بەرەو شەقام و كۆڵانەكان كێشاوە ـ ئێمەش بە لەشكرەوە هەڵمانكوتاوەتە سەری و هێرشمان كردووە، بەلآم دوژمن، زۆربەی هێز و لەشكری لە شوورە و كەندەكی شارەكە قایم كردووە و، بەئومێدی زیاتریشە... لە كاتێكا مەترسییەكە زیادی كرد و، بە ورەیەكی زیاتر و خۆڕاگرییەكی پتەوترەوە ئومێدی سەركەوتنمان هەبوو، تاقمێ لە میرانی كەمباوەڕ و تاوانبار و خیانەتكار و ترسنۆك هەڵاتن و خیانەتیان لە ئیسلام كرد، بەلآم لە سزای هەق رزگاریان نەبوو. بەو راكردنەی ئەوان دوژمنیش زیاتر ددانی لێ تیژ كردین و، كەسانێكی دیكەشمان ورەیان بەردا. وەلێ زۆربەی زۆرمان سەنگەریان بەرنەداو، مەرگیان لە لا خۆشتربوو، بڕیاریان دا خۆیان رادەستی دوژمن نەكەن تا دوو ئەوەندەیان لێ نەكوژن و، سووربوون لەسەر پاراستنی بەندەرەكە، بەلآم كە زۆریان بۆهات و ناچاربوون، كەوتنە دانوستان لەگەڵ فەڕەنگ، وەلێ فەڕەنگ بە هەلی زانی و، زیاتر پێی لێ ڕاكێشاو، شەرتو شرووتی قورسیان دانا، ئەمانیش زیاتر

سەبریان گرت و ورەی خۆیان بەهێز کرد، دوژمن هەند چاوقایم بوو، لەبانەوە دەردەکران، لە کون و کەلەبەرەوە دەهاتنەوە، کونیان لێ دەگیرا، لەبانەوە دەهاتنەوە، مەگەر خودا دەروویێك لە خەڵکەکە بکاتەوە و لەم تەنگانەیە رزگاریان بکات. ئێمەش لە لای خۆمانەوە دوژمنمان تەنگاو کردبوو، راست و چەپمان لێیان گرتبوو، بەڵام ئەوان لە پشت دیوارەکانەوە شەڕ دەکەن و زیانمان لێ دەدەن. دەشزانن ئەگەر خۆیان بخەنە تەهلوکە و بەکۆمەڵ هێرشمان بکەنە سەر، ئەوە شکاندنیان زەحمەتە و ناکرێت. قەزاو قەدەری خوایش گەڕانەوەی بۆ نییە، ئەوەش کە ئاشکرانییە و نهێنییە و، چیمان لە چارە نووسراوە، هەر خوا دەیزانێت، حوکمیش هەر حوکمی خوایە، پەناو، ئومێدیشمان هەر بەوە، ئەم بەڵایەش هەر بەو دەگەڕێتەوە و سەرکەوتنیش هەر بەدەست خوایە و، تەوەکەل بەخوا و، لەویش زیاتر، پەنامان نییە.

پاشکۆ ـ ژمارە (٤)

نامەی دووەم

(ئەمەش نامەیەکی ترە کە داوای موزەففەرەددین گۆکبوری دەکات، لە هەولێرەوە بگاتە (عکا)، باسی کارەساتی شارەکە دەکات و، بارودۆخی شەڕەکە نیشان دەدات)

هەموو کەسێ دەزانێت، دوژمنی کافر و، هێزی بێشوماری زوڵم و ستەم و زۆرداران، لەناکاو، تەپیان داوەتە سەر موسوڵمانان و، هەرچی کافری بەحر و بەڕ هەیە، بۆ لەناوبردنی هێزی ئیسلام، خڕی کردووەتەوە. بەڵام خوای گەورە، بە قودرەت و توانای خۆی، قودرەت و توانا و هێزی دوژمنی ملکەچ کرد، چونکە دەزانێت چییان بەسەر (عکا)دا هێناوە، کە ئێمە، ئەمە دوو ساڵە تێدەکۆشین لە دوژمن بیپارێزین و، شارەکە، دوو گەمارۆی لەسەرە. دوژمن هەر تەگبیرێکی کردبێ، لێمان تێکداوە، هەر غەدرێکی گەڵاڵە کردبێ، پووچەڵمان کردووەتەوە، هەر مەنجەنیقێکیان هێنابێتە بەرەوە، لە لووتمان داوە و بەرەوپاش گەڕاندوومانەتەوە، هەر تاوەر و قولەیەکیان ساز دابێ، سووتاندوومانە، هەر کەلێن و کەلەبەرێکیان لێ دەرکەوتبێ، خۆمان پێیدا کردووە، هەر ئاگری شەڕێکیان هەڵایساندبێ، خوا کوژاندوویەتیەوە، ئیدی هیچ فڕو فێڵێك نەما، نەیکەن و، هەموو غەدر و نامەردییەکیان تاقی کردەوە. لەم ماوەیەدا، دانیان بەخۆدا نەگرتووە و چەندین جار هێرشیان کردووە و، هاتوونەتە سەرمان، نزیکەی پەنجا هەزار شەڕوان و جەنگاوەری سوارە و پیادەیان لێ کوژراوە، بێگومان هەموویان بە مەرگ دەگەیێنین. گروپی خواناسان، گرووهی گومڕاهان لەناو دەبات. ئێمە، وامان دەزانی کە لەناومان بردوون و نەماون، کەچی هەر زۆر دەبن و هەڵدەقوڵێن، وامان دەزانی فەوتاون

كەچی هێشتا هەر ماون، شەڕدەكەن. ئەمانە سووتەنیی ئاگری شەڕن، خۆشەی شمشێر و كوتەكن، خۆیان بۆ مەرگ و بۆ گۆڕستان بەكوشت دەدەن، وا دەزانن كە لەوەش زیاتریان لەدەست دێت. كە ساڵی تازەش هاتە بەرەوە، لەبەر خاتری دۆست و سەربازانی ناو شارەكە كە لە شەڕدا زۆر ماندوو بوون و، لەوە زیاتریان لە توانادا نییە، ویستمان نۆرەی پاراستنی شارەكە بە كەسانی دی بسپێرین، كەلێنەكان پڕ بكەینەوە و، هەڵەكان راست بكەینەوە. لەناو شاردا، زیاتر لە دە هەزار زەلامی بە جەرگ و ئازا و قارەمان هەبوون، ئەوان لە شار دەرچوون و جێگەیان پڕ نەكرایەوە، بەڵام ئەوانەی كە چوونە ناوەوە و، ویستیان جێگەیان پڕ بكەنەوە، وەك ئەوان دڵگەرم و پەرۆش نەبوون، دەریاش لەوەزیاتر رێگای پێ نەداین و، دوژمنیش بە پەلە گەیشتە جێ و، ناو شاریش هەند پڕ بوو، جێگای ئەو هەموو خەڵكەی تێدا نەدەبووەوە و، كەسی دیكەی نەدەگرت، ئیدی پەنای بردە لای خوا، لە شەڕ و بەڵا بیپارێزێت. ئنجا مەلیكەكانی فەڕەنگیش هاتن، بەڵام ئەم هاتنەی ئەمساڵیان وەك هاتنی ساڵانی پێشتر نەبوو، غەزەب لە چاویان دەباری و، بە رق و كینەوە، كەوتنە كار و، دۆزەخیان بە پەلە هێنایە جۆش و، یەكسەر دەستیان بە ئاگر باران و سووتاندن كرد، هەرچی لەشكرە، ئەوە، هەر بەلێشاو دەهات، هەموو شارەكانی خۆیان، لەبنڕا كرد بە سەرباز و، لە كەشتی و گەمێیان هاویشتن و تیرە و نەتەوەی داخ لەدڵی هەمەجۆریان هێنایە سەر (عكا). هەردوو مەلیكی فەڕەنگ و ئنگلیزیش، بە لەشكری سوارە و پیادەوە، بەوپەڕی تەدارەكەوە، بە ئاقڵ و كەودەنەوە، بە قورس و بە سووكەوە، بە پتەو و بە پووكەوە، بە دەبابە و مەنجەنیقەوە هاتوونەتە سەرمان و، تەنیا، لە یەك جێگە دا، سیازدە مەنجەنیقیان لێمان دامەزراندووە، هەر بەردێكمان تێدەگرن، چەند بەردێكی شوورەكەمان دەترازێنێت و دەیخات. جێگای بەرز و بەرچاوەكانی شوورەكەیان رووخاندووە، كەندەكەكەیان پڕ كردووەتەوە، كەلێن و كون و كەلەبەریان لە شوورەكە خستووە. گەلێك لە دەوڵەمەند و پیاو ماقووڵانی شارەكە لە دین وەرگەڕاون، كەوتوونەتە كۆمەكی نەعلەتییەكان. دیوار و

شووره و تاوەرەکان رووخاون و کەوتوون، بەسەر درز و کەلەبەرەکانەوە ئالآی کفر و، کۆڕی هەمەج دیارن. بەڵام برادەر و دۆستانمان هێشتا خۆیان ڕاگرتووە و، ورەیان بەرنەداوە و، بە سەبرن، کەلەبەرەکان بە جەستەی خۆیان پڕ دەکەنەوە، بەردی مەنجەنیقەکان کە بە سەرماندا دەبارێ، ئەمان دەیکەن بە خوودەی سەری خۆیان و، سنگیشیان ناوەتە بەر تیربارانی دوژمن. خوێن بە بژانگ و لچ و لێویاندا دەچۆڕێ و، فریشتەکانی ئاسمان سوپاسگوزاری لەخۆبوردەیی و گیانبەخشییان دەکەن. پەلاماری دوژمن دەدەن و، بڵاوەیان پێدەکەن و، درِ بەریزەکانیان دەدەن، بڕیان دەدەنێ و لەتریان پێدەدەن و ساتمەیان پێدەکەن. دوژمن گەر هێرشی بێنێ، بە دەمی شمشێر بەرسنگیان دەگرن و بڵاوەیان پێدەکەن. برادەرانمان شەڕدەکەن، پەلامار دەدەن، خۆیان ماندوو دەکەن و، تینیان بۆ دەبەن، هەموویان بە سەربەرزی وەستاون و هەمیشە شمشێری رووتیان بەدەستەوەیە، قاچیان لە گۆمی خوێنا چەقاندووە و، بەرەو بەهەشت مالآوایی لە برادەران و کەسوکاریان دەکەن و، دوژمنی کافریان هەوالەی دۆزەخ دەکەن.

بەڵام هەندێ لە میرە ترسنۆکەکان، ناپاکی و خیانەتیان کرد، لە جیاتی شەرم و حەیا، ژیانی سەرشۆڕییان بەگەن کرد، خاکیان بەجێ هێشت و بەرەو نەگبەتی و بەلآی کفر رایانکرد و، هانایان بۆ دوژمن برد، وایان دەزانی بەو رەفتارە ناپاکەیان رزگاریان دەبێت، بە سواری گەمێیەکی بچووك ـ کە پێشتر بۆ ئەم رۆژە ئامادەیان کردبوو، خۆیان دەرباز رکرد، زامی هەمیشە بە ئازاری تف و نەعلەتییان، لە زامی تیغ بە باشتر دانا، هەندێ لە کەسانی وەکو خۆشیان لەگەڵ خۆدا سوار کرد، بەم راکردنە، ورەی سەربازانی تر و خەڵکەکەشیان سارد کردەوە و، ئەژدیهای کافریشیان زێتر دەم شیرین کرد. بەڵام دۆستان و دڵسۆزان لەگەڵیاندا نین و ملیان بۆ نەداون، پشتیان لە شەڕ نەکردووە و، سەنگەریان بەرنەداوە و، هێشتا هەر لە ریزی پێشەوە شەڕ دەکەن، لە شەڕی گەورەتریش ناترسن و سڵ ناکەن، چەکدارێکیان پشتێن بۆ دە سەربازی دوژمن ناکاتەوە، خۆ لە شەڕ نادزنەوە، رۆحی خۆیان بە ئەمانەت دەزانن.

ئێستا، شەڕەکە گەرمە، کوشتار لە شوورەکەوە گەیشتە ناو ماڵەکان، لە سەری کۆڵانەکانەوە گەیشتە ناو کۆڵانەکان. دوژمن بە بێدەنگییەکی نیوە شەڕو، بە خشکەیی و، بە ترسێکی خراپتر لە خورپەی دڵ، هەروا، بەرەو ناو شار، هێرش دێنێ و دەکشێ، دوژمن زۆر و بێشومارە، هێز نییە لەبەر دەمیدا بووەستێ و پێشی لێ بگرێ، ئەگەر قەزاو قەدەری خوا نەبوایە و، ئەو کەلێن و لاوازییەی خۆمان رووی نەدابا دوژمن چ جای بوو، بێتە ناو (عکا) و، مل، بە (عکا) کەچ بکات. (عکا)یش لە دەست بچێ، ئایین و ئیمان لە دەست نەچووە. (عکا) داگیر کرا بەڵام دەوڵەت ماوە، ئەگەر دریان بە ریزی لەشکری (عکا) دابێت و، هاتبنە ناوەوە، بەڵام هێشتا بنەماو پەرگەمای نەپچڕاوە. ئەمە قەدەری خودایە، خودا، ویستی لەخەو بێدارمان بکات و بە ئاگامان بێنێت و غیرەتمان بە بەردا بکات و، کانیاوی هیممەتمان بتەقێنێتەوە و، بەختی خەوالووومان هەستێنێتەوە و، رامانپەڕێنێ و، هێز و ورەو توانستمان بۆ تازە دەکاتەوە و سەرمان دەخات. ئێمە، هەتا ئێستاش، وەك جاران، بەسەر کەندەکەکانیاندا هەواڵەین و، دەستمان لە بینیان گیر کردووە و، مەرگ بەسەر حەشارگەکانیاندا دەبارێنین، هەموو رۆژێکیش بۆ شەڕی دەستەو یەخەو تاڵاوی سزای مەرگ رایاندەکێشین، بە زەرووی تیر لە خوێنی رەش، ئاوی خواردنەوەیان رەش دەکەین. ئەوەیان هاتبێتە ژوور، ناچێتەوە دەر، ئەوەیان گەیشتبێتە ئێرە، تازە، بەدیدار شاد نابێت، ئەوەش کە بەرەو سارای مەرگ چووبێت، لانەو خاووخێزان شیوەنی بۆ دەکەن، کامیان دەرکەوێ، مەگەر کەمتیار گۆڕی داپۆشێت. ئەوان پاڵیان لێ داوەتەوە، لە خێوەتگای خۆیان نابزوون، حەز ناکەن جێگای خۆیان بەجێبێڵن، هەوارگەی خۆیان پێخۆشە، چونکە حەز لە مەیدانی حوشترەمێیان ناکەن، لەبەر ئەوە، جارجارە، بە ترس و لەرزەوە دەردەچن بۆ شەڕ و، جاروبار سەر هەڵدەبڕن و بە دەورو پشتی خۆیاندا دەڕوانن، خوا یاربێ لە هەردوو حاڵەتەکەدا، چارەنووسیان هەر مردنە و، قڕ دەبن، روو لە هەر لایەك بکەن، پێشیان لێ دەگرین، لەهەر جێگەیەك کۆڕ ببەستن و مۆڵ ببن- بۆ مەرگ فەرموویان لێ دەکەین، دیارە بە تەماو

نیازی (عکا) ددان تیژ دەکەن، چونکە لەسەر تەماع پێك هاتوون، بۆ شەڕ جەم بوون و، وەك پەروانە، بە دەوری ئاگری شەڕدا دەگەڕێن و منەی مەرگ دەکەن (واتا لە شەڕ دەگەڕێن) بەلام پێخەفی گەرموگوڕیان، هەر خاکەو گۆڕە. دوژمن گەر خۆی دەرخات، مردن چاوەڕوانێتی، هێز و هەیبەت و غیرەت بەرامبەری وەستاوە، لەشکری خۆمان لێیان بەئاگایە و، بێتە پێش، دەیپروێنن. ئەنجومەن جێگای شانازییە و پشت و پەنایە، بۆ لەناوبردنی خاچدروشمان، لەسەر پێیەو ئامادەیە، بە لەشکری گەورە و گران، دوژمن هەڵدەلووشێ، بە پشکۆی سوور، بە تەنووری پڕ لە گڕ و نێڵەنێڵ، بە هێزی بێشوماری خوێنڕێژ، وەك سکەی دراو، لە ئاگری شەڕدا دەتوێنێتەوە، وەك ئاژەڵ کەولی دەکاو، مووی هەڵدەکرووزێنێ. بێگومان، ئەم راپەرینەی لەشکرە، ئێوەش رادەپەڕێنێ و، بانگتان لێ دەکات. کەسێکیش بۆ ئەم کارە خێرە بانگ کرابێت، بە دەنگەوە دێت و، دەگاتە (عکا) و چاوەڕوانتانین.

پاشکۆ ـ ژمارە (٥)

نامەی سێیەم

(بەشێکە لە نامەیەك بۆ موزەففەرەددین)

((هۆکاری بانگکردنەکەی روون دەکاتەوە کە دوای دەرچوونی لەشکری دوژمن رووی دا))

کە دوژمن لە داگیرکردنی (عکا) بووەوە و، بەتەواوی دەستی بەسەر شارەکەدا گرت، ئیدی وای دەزانی هەموو هێلکەیەك بەزە و، هەموو رەشێك رەژووە، بۆیە بەرەو شاری حەیفا ملی ناو، خۆی تووشی رێگای هات و نەهات کرد، وەك کەرە دێزەکە، مردنی خۆی و زەرەری خاوەنی رێگای هەڵدێری گرتەبەر ـ بە درۆ گوایا مەبەستیە بچێت بۆ عەسقەلان، بەلام بۆی نەچووە سەر و، خوا مەبەست و درۆی ئاشکرا کرد، ئێمەش بەرمان لێ گرت و تووشی داموداومان کرد. ئەم رۆیشتنەیان کەوتە سەرەتای مانگی شەعبانەوە، مەلیکی ئنگلیز فەرمانداریان بوو، بەرەو مەرگی دەبردن، ئەوانە کە خۆیان دۆزەخینە، بەرەو دۆزەخی بردن، ئێمەش، لێگا، لێگا لەم جۆرە مەرگەمان پێ دەبەخشین و، لە لارێگاکانەوە، دوور و نزیك لەچاو بزرمان دەکردن، وەك سێبەری خۆیان لێیان جیا نەدەبوویینەوە. رێگەمان لێ دەگرتن و، جاروبار، بە درێژایی رێگەکە پەلامارمان دەدان و شوێنەونیمان لێیان دەکرد و، دەمانکوشتن. هەر لە یەکەم رۆژی بەرێکەوتنیانەوە چەرخەچییە چالاك و بە ئەزموونەکانمان، بە فروفێڵی سەربازی زیانی گەورەیان لێ دەدان و دەیانکوشتن، پاشکۆی لەشکری دوژمنیان زێتر دوا دەخست و نەیاندەهێشت بگەنەوە بە پێشەنگی لەشکر، ئەسپ و سوارە و پیادەیان لێ دەکوشتن و، بە هەموو شێوازێك خەڵتانی خوێنیان دەکردن. تالانێکی زۆریان لێیان سەند، چەندین زەلامیان لێیان سەر بڕی، گەلێکیان راپێچ

کرد و رفاندیان، تا مردن دارکارییان دەکردن، قوماش و چەك و کوتاڵیان لێ سەندن، هەر زەلامێك دەستیان پێی ڕاگەیشت، وەك مریشك ئاوەڕووتیان دەکرد، پەڕوباڵیان پێوە نەهێشتن، تا دوژمن گەیشتە سەر رووباری حەیفا، لەوێ قەرارگایان دامەزراند و خێوەتیان لێ هەڵداو، باریان خست، لەوێش، ئەوەی کە مابوو بەر شمشێریان دا، لەسەر ئەو رووبارە کەوتنە حەوانەوە و تیمارکردنی بریندار و ناشتنی مردووەکانیان، بەڵام ئێمە، دیسان پێشیان کەوتین، ڕێگامان لێ گرتن، نیازمان ئەوەیە پرشوبڵاویان بکەینەوە و، پەڕەوازەیان بکەین. بە هیممەتی خودا، دەست و بازووی بەهێز کەوتەوە رفاندن و کوشتنیان، پشتمان بەخوا قایمە، ریزەکانمان یەك بخات و خڕمان بکاتەوە، تا بتوانین پەڕەوازەیان بکەین و لێکیان دابڕین. بۆ ئەوەی، شادمان ببین و دوژمن جوانەمەرگ بێت و، مژدەی سەرکەوتن ببەین بۆ ئەنجومەنی جەنگ، تا ئەویش پیرۆزبایی لە سەرکەوتنمان بکات، خۆ ئاسایی ڕێنماییمان بکات. بە ئومێدی ئەوەی وشکەساڵی ئومێدمان بە بارانی بەهار ببووژێنێتەوە و، ژیانمان بکاتەوە بە چەمەن و گوڵزار و، بێبازاڕیی ئایینیش ـ گەر روویدابێ ـ برەوی پێ بداتەوە. ئەو خاوەن چاکە و کەرەمەش، چۆن تۆڵەی ئیسلام لەبیر دەکات، لە (عکا) ئافرەتی شەرمەفەندیان بە دیل گرت و بردیان. ئەگەر باش رامێنی، دەبینی، کە بەڵاکە، بەڵایەکی گەورەیە و، لێقەومانێکی سەختە، بە هیممەتی خوا نەبێت لە کۆڵ نابێتەوە، خەمەکەش پێی داکوتاوە، ئەو رایئەماڵێ، دەمێنێ، ئەم قەرزەش هەر بە سەرۆك وەردەگیرێتەوە.

سەرچاوە و ژێدەرەکانی ((ئەم لێکۆڵینەوە))یە

یەکەم - دەستنووسەکان:

(ابن أبي عذيبة، شهاب الدين احمد بن محمد بن عمر) (ت ٨٥٩هـ/١٤٥٢م)

١- انسان العيون في مشاهير سادس القرون، مخطوط، في مكتبة الدراسات العليا لجامعة بغداد، رقم ٢٤٨.

(ابن العبيثي، ابو عبدالله محمد بن سعيد بن يحيى بن علي الواسطي) (ت ٦٣٧هـ/١٢٣٩م).

٢- التأريخ المذيل به على تأريخ بغداد لأبي سعيد السمعاني، مخطوط مصور في مكتبة الدراسات العليا، رقم ١٢٣٨ عن نسخة باريس.

(ابن شداد، عزالدين محمد بن علي بن ابراهيم) (ت ٦٨٤هـ/١٢٨٥م).

٣- الاعلاق الخطيرة في امراء الجزيرة، قسم الجزيرة، دەستنووسی وێنەگیراوە، نوسخەکەی (د. صالح احمد العلي)یە، لەسەر نوسخەکەی پاریس وێنەی گیراوە.

(ابن الشعار، أبو البركات كمال الدين المبارك بن أبى بكر بن حمدان) (ت ٦٥٤هـ/١٢٥٦م).

٤- (عقود الجمان في شعراء هذا الزمان)، نوسخەکەی (السيد بشار عواد معروف)ە، دەستنووسێکی وێنەگیراوە بە مایکرۆفیلم، لەسەر ئەو نوسخەیە گیراوەتەوە کە تەنیا یەك دانەی لە (مكتبة السليمانية) لە ئەستەنبوڵدا هەیە، ٨ جزمە.

(ابن الصلاح الشهرزوري، ابو عمرو تقي الدين عثمان بن عبدالرحمن الكوردي الشرخانى) (ت ٦٤٣هـ/١٢٤٥م).

٥- طبقات الشافعية، دەستنووسێکی وێنەگیراوە، مكتبة الدراسات العليا، رقم ١٢٨٩.

(ابن قاضي شهبة، ابو بكر بن احمد بن محمد الاسدي) (ت ٨٥١هـ/١٤٤٧م).

٦- طبقات الشافعية، دەستنووسێکی وێنەگیراوە، مكتبة الدراسات العليا، رقم ١٤٩٠.

٧- طبقات النحاة واللغويين، دەستنووسێکی وێنەگیراوە، المكتبة المركزية، رقم م خ ١٢٤ ق ١، ق ٢.

(الحسيني، أبو العباس عزالدين احمد بن محمد) (ت ٦٩٥هـ/١٢٩٦م)

٨- صلة التكملة لوفيات النقلة، نوسخەکەی (السيد بشار عواد معروف)ە لەسەر نوسخەکەی

کۆبرلی/ئەستەنبوڵ گیراوەتەوە.

(الحميدي، أبو عبدالله محمد بن عبدالله بن عبد المنعم) (ت ٩٠٠هـ/١٤٩٥م).

٩- الروض المعطار في خبر الأقطار، دەستنووسی وێنەگیراوە بە مایکروفیلم، لەبەر نوسخەکەی کتێبخانەی (نور)ی عوسمانی گیراوەتەوە، لە کۆڕی زانیاریی عیراقیدا دەیبینیت.

(الذهبي، ابو عبدالله شمس الدين محمد بن احمد الدمشقی) (ت ٧٤٨هـ/١٣٤٧م)

١٠- تأريخ الاسلام، دەستنووسی وێنەگیراوە، مكتبة الدراسات العليا ((قسم ١ + ٢)) رقم ١٦٥٩، ١٦٦٠.

(الصفدي، صلاح الدين خليل بن أيبك) (ت ٧٦٤هـ/١٣٦٤م).

١١- الوافي بالوفيات، دەستنووسی وێنەگیراوە، المكتبة المركزية، رقم ٩٢٠ ف.

(قدامة بن جعفر، ابو الفرج الكاتب البغدادى) (ت ٣٢٠هـ/٩٣٢م).

١٢- صنعة الكتابة، دەستنووسی وێنەگیراوە، المكتبة المركزية، رقم م خ ١٣.

دووەم: کتێبگەلی بە رۆنیۆ چاپکراو:

١٣- العبود، نافع توفيق، الدولة الخوارزمية، رسالة ماجستير عن جامعة بغداد، ١٩٧١.

١٤- الغساني، أبو العباس اسماعيل بن العباس (ت ٨٠٣هـ/١٤٠٠م)

(العسجد المسبوك والجوهر المحكوك في طبقات الخلفاء والملوك)، دراسة وتحقيق شاكر محمود عبدالمنعم، رسالة ماجستير عن جامعة بغدادد ١٩٧٠.

١٥- فهد بدري محمد، تأريخ العراق في العصر العباسي الأخير (٥٥٢ _ ٦٥٦هـ/١١٥٧ _ ١٢٥٨م) رسالة دكتوراه عن جامعة الأسكندرية، كلية الآداب ١٩٧٢.

١٦- المنذري، أبو محمد زكي بن عبدالعظيم بن عبدالقوي (٦٥٦هـ/١٢٥٨م)، دراسة وتحقيق بشار عواد معروف الاعظمي، التكملة لوفيات النقلة، رسالة ماجستير عن جامعة بغداد ١٩٦٧.

سێیەم: سەرچاوە چاپکراوەکان:

ابن ابي أصيبعة، أبو العباس موفق الدين احمد بن القاسم بن خليفة بن يونس الخزرجي (ت ٦٦٨ هـ/١٢٦٩م).

١٧- عيون الانباء في طبقات الاطباء (اصدار دار الفكر _ بيروت ١٣٧٦هـ/١٩٥٦م) سێ جزمە.

ابن أبي الحديد، أبو حامد عزالدين عبدالحميد بن هبة الله المدائني (ت ٦٥٦هـ/١٢٥٨م)

١٨- شرح نهج البلاغة _ (ط/ دار مكتبة الحياة _ بيروت ١٩٦٣) پێنج جزمە.

ابن الاثير، أبو الفتح ضياء الدين نصر الله الجزري الشيباني (٦٣٧هـ-/١٢٣٩م).

١٩- رسائل ابن الأثير، تحقيق أنيس المقدسي، (ط ـ بيروت ١٩٥٩)، دار العلم للملايين.

ابن الاثير، أبو الحسن عزالدين على بن ابي الكرم محمد الجزري الشيباني (ت ٦٣٠هـ-/١٢٣٣م).

٢٠- التأريخ الباهر في الدولة الاتابكية بالموصل. تحقيق د. عبدالقادر احمد طليمات (ط، دار الكتب الحديثة بالقاهرة، ١٣٨٢هـ-/١٩٦٣م).

٢١- الكامل في التأريخ (دار صادر ـ دار بيروت، لبنان ١٣٨٦هـ-/١٩٦٦م) (١٣) جزمه.

ابن بعرة، منصور بن بعرة الذهبي الكاملي (عاصر الملك الكامل الأيوبي) (ت ٦٣٥هـ-/١٢٣٧م).

٢٢- كشف الأسرار العلمية بدار الضرب المصرية، تحقيق الدكتور عبدالرحمن فهمي (مؤسسة دار التحرير، القاهرة، ١٣٨٥هـ-/١٩٦٦م).

ابن تغري بردي، ابو المحاسن جمال الدين يوسف الأتابكى (ت ٨٧٤هـ-/١٤٦٩م).

٢٣- النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، مطبعة دار الكتب المصرية، القاهرة، ١٩٢٩ ـ ١٩٧٢، ١٦ جزمه.

ابن الجوزي، أبو الفرج عبدالرحمن بن علي بن محمد بن علي (ت ٥٩٧هـ-/١٢٠١م).

٢٤- المنتظم في تأريخ الملوك والامم، (مطبعة دار المعارف العثمانية، حيدر آباد ـ الدكن، ١٣٥٨هـ-/١٩٣٩م)، ٥ جزمه.

ابن حوقل، أبو القاسم بن حوقل النصيبي (ت ٣٦٧هـ-/٩٧٧م)

٢٥- صورة الارض، (منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، مجهول سنة الطبع).

ابن خرداذبة، ابو القاسم بن عبيدالله بن عبدالله الخراساني (ت ٢٨٠هـ-/٨٩٧م)

٢٦- المسالك والممالك، ط ـ بريل ١٨٨٩.

ابن خلدون، أبو زيد عبدالرحمن بن محمد (ت ٨٠٨هـ-/١٤٠٦م).

٢٧- العبر وديوان المبتدأ والخبر (تأريخ ابن خلدون، دار الكتاب اللبناني ـ بيروت ١٩٦١).

٢٨- مقدمة ابن خلدون، دار الكتاب اللبناني، بيروت ١٩٦١.

ابن خلكان، ابو العباس شمس الدين احمد بن محمد بن أبي بكر بن خلكان (ت ٦٨١هـ-/١٢٨٢م).

٢٩- أ- وفيات الاعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد، مطبعة السعادة، ١٩٤٨، ٦ جزمه.

ب- نفس الكتاب، تحقيق د. احسان عباس (مطبعة الغريب، دار الثقافة ـ بيروت) (٨) جزمه، (١٩٦٨ ـ ١٩٧١)

٣٠- ترجمات المتقدمين من الشعراء، نشر إي، أي. سترادمان، ط ١٨٦٦.

ابن دحية، أبو الخطاب عمر بن أبي علي حسن بن علي البلنسي (ت ٦٣٣هـ/١٢٣٥م).

٣١- النبراس في تأريخ خلفاء بني العباس، تحقيق عباس العزاوي (مطبعة المعارف، بغداد ١٩٤٨).

ابن رجب، زين الدين عبدالرحمن بن شهاب الدين احمد البغدادي الدمشقي الحنبلي (ت ٧٩٥هـ/١٣٩٢م).

٣٢- الذيل على طبقات الحنابلة (مطبعة السنة المحمدية، ١٩٥٢م) دوو جزمه.

ابن رستة، أبو علي احمد بن عمر «كتێبەکەی لە ساڵی (٢٩٠ك/٩٠٣ز)دا داناوە».

٣٣- الأعلاق النفيسة (ط، ليدن ١٨٩١).

ابن زيني دحلان، احمد.

٣٤- تأريخ الدول الاسلامية، المطبعة البهية، القاهرة ١٨٨٨م.

ابن الساعي، أبو طالب تاج الدين علي بن انجب بن عثمان بن عبيدالله البغدادى السلامي (ت ٦٧٤هـ/١٢٧٥م).

٣٥- الجامع المختصر في عنوان التواريخ وعيون السير، المطبعة السريانية الكاثوليكية، بغداد، ١٩٣٤، تحقيق د. مصطفى جواد، ج- ٩.

ابن سعيد، ابو الحسن موسى بن سعيد الاندلسي (ت ٦٨٥ هـ/١٢٨٦م)

٣٦- الغصون اليانعة في محاسن شعراء المائة السابعة، مطبعة دار المعارف بمصر، ١٩٤٥.

ابن شاكر الكتبي، محمد بن احمد (ت ٧٦٤هـ/١٣٦٢م)

٣٧- فوات الوفيات، تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد، مطبعة السعادة، مصر، ١٩٥١ ـ دوو جزمه.

ابن شاهين الظاهري، غرس الدين خليل بن شاهين (ت ٨٧٣هـ/١٤٦٧م).

٣٨- زبدة كشف الممالك وبيان الطرق والمسالك، اعتناء وتصحيح، بولس راويس، طبع باريس، مطبعة الجمهورية ١٨٩٤.

ابن الشحنة، أبو الفضل محب الدين محمد بن الشحنة الحلبي (ت ٨٨٤هـ/١٤٦٨م).

٣٩- الدر المنتخب في تأريخ مملكة حلب، تحقيق يوسف بن الياس سركيس، المطبعة الكاثوليكية، بيروت ١٩٠٩م.

ابن شداد، أبو المحاسن بهاء الدين يوسف بن رافع الأسدي (ت ٦٣٢هـ/١٢٣٤م).

٤٠- النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية، سيرة صلاح الدين، تحقيق د. جمال الدين الشيال، ط ـ الدار المصرية، القاهرة، ١٩٦٤.

ابن شداد، أبو عبدالله عزالدين محمد بن علي بن ابراهيم (ت ٦٨٤هـ/١٢٨٥م).

٤١- الأعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة، تأريخ دمشق، د. سامي الدهان، المطبعة الكاثوليكية، بيروت ١٩٥٦.

ابن الصابونى، أبو حامد جمال الدين محمد بن علي (ت ٦٨٠هـ/١٢٨١م)

٤٢- تكملة اكمال الاكمال في الانساب والأسماء والألقاب، تحقيق د. مصطفى جواد، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد (١٣٧٧هـ/١٩٥٧م).

ابن الطقطقى، محمد بن علي بن طباطبا الحسينى (ت ٧٠٩هـ/١٣٠٩م)

٤٣- الفخري في الآداب السلطانية والدول الاسلامية، دار بيروت للطباعة والنشر، ١٣٨٥هـ/١٩٦٦م.

ابن طولون، شمس الدين (ت ٩٥٣هـ/١٥٤٦م)

٤٤- قضاة دمشق، تحقيق صلاح الدين المنجد، مطبوعات المجمع العلمي العربي، دمشق ١٩٥٦.

ابن العبري، ابو الفرج غريغورس أهرون الملطي (ت ٦٨٥هـ/١٢٨٦م).

٤٥- تأريخ الدول السرياني، ترجمة الخورى اسحق أرملة السرياني المنشور في مجلة المشرق، المطبعة الكاثوليكية، بيروت (من المجلد ٤٦ لسنة ١٩٥٢ لغاية المجلد ٤٩ لسنة ١٩٥٥).

٤٦- تأريخ مختصر الدول، المطبعة الكاثوليكية، ط ٢ بيروت ١٩٥٨.

ابن العديم، أبو القاسم كمال الدين عمر بن احمد بن هبة الله (ت ٦٦٠هـ/١٢٦١م)

٤٧- زبدة الحلب من تأريخ حلب، تحقيق الكتور سامي الدهان، المطبعة الكاثوليكية، (١٩٥٢، ١٩٥٤، ١٩٦٨) ٣ جزمه.

ابن عساكر، أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله بن عبدالله (ت ٥٧١هـ/١١٧٥م).

٤٨- التأريخ الكبير، تهذيب ابن عساكر (مطبعة روضة الشام، دمشق، ط ١٩١٣) ٧ جزمه.

ابن العماد، أبو الفلاح عبدالحي بن العماد الحنبلي، (ت ١٠٨٩هـ/١٦٧٨م).

٤٩- شذرات الذهب في أخبار من ذهب (مطبعة القدسي، القاهرة، ط ١٣٥٠هـ-١٩٣١م) ٨ جزمه.

ابن الفرات، ناصرالدين محمد بن عبدالرحيم (ت ٨٠٧هـ/١٤٠٤م)

٥٠- تأريخ ابن الفرات، المجلد (٤، ٥) تحرير ونشر الدكتور حسن محمد الشماع ١٩٦٧ ـ ١٩٧٠ ومجلدات اخرى (٧، ٨، ٩) تحقيق د. قسطنطين زريق، المطبعة الكاثوليكية، بيروت ١٩٣٦ ـ ١٩٤٢.

ابن الفوطي، أبو الفضل كمال الدين عبدالرزاق البغدادي (ت ٧٢٣هـ/١٣٢٣م)

٥١- تلخيص مجمع الآداب في معجم الألقاب، تحقيق د.مصطفى جواد، المطبعة الهاشمية، دمشق ١٩٦٢ — ١٩٦٧ ج- (٤) به هەر چوار بەشەکەیەوە.

٥٢- نفس الكتاب، تصحيح وتعليق الحافظ محمد عبدالقدوس القاسمي، ط لاهور ١٩٤٠، ج- ٥.

٥٣- الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المائة السابعة (وایان دەزانی کە گوایا ابن الفوطي دایناوە)، تحقيق د. مصطفى جواد، مطبعة الفرات، بغداد ١٣٥١هـ/١٩٣٢م.

ابن قاضي شهبة، ابو الفضل بدرالدين محمد بن تقي الدين الأسدي (ت ٨٧٤هـ/١٤٦٩م).

٥٤- الكواكب الدرية في السيرة النورية، تحقيق د. محمود زايد، بيروت ١٩٧١.

ابن قطلوبغا، أبو العدل زين الدين قاسم (ت ٨٧٩هـ/١٤٧٤م)

٥٥- تاج التراجم في طبقات الحنفية، مطبعة العاني، بغداد ١٩٦٢.

ابن القلانسي، أبو يعلى حمزة (ت ٥٥٥هـ/١١٦٠م).

٥٦- ذيل تأريخ دمشق، مطبعة الآباء اليسوعيين، بيروت ١٩٠٨، طبعة آمدروز.

ابن كثير، اسماعيل بن كثير الدمشقي (٧٧٤هـ/١٣٧٢م).

٥٧- البداية والنهاية (مطبعة السعادة، القاهرة ١٩٣٢) ١٤ جزمه.

٥٨- ابن المستوفي، شرف الدين المبارك بن احمد الاربلي (ت ٦٣٧هـ/١٢٣٩م).

نباهة البلد الخامل لمن ورده من الاماثل في تأريخ اربل. تحقيق وتعليق د. سامى بن السيد خماس الصفار. منشورات وزارة الثقافة والاعلام بغداد ١٩٨٠. ابن مماتي، الأسعد بن الخطير بن مماتي المصري (ت ٦٠٦هـ/١٢٠٩م).

٥٩- قوانين الدواوين، تحقيق عزيز سوريال عطية، طبعة مصر ١٩٤٣م.

ابن منظور، أبو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم الأفريقي المصري.

٦٠- لسان العرب (دار صادر ـ دار بيروت، لبنان ١٩٥٥) ١٤ جلده.

ابن منقذ، أبو المظفر اسامة بن مرشد بن منقذ الكناني (ت ٥٨٤هـ/١١٨٨م).

٦١- الاعتبار، تحقيق فيليب حتي، مطبعة جامعة برنستون، الولايات المتحدة ١٩٣٠.

٦٢- المنازل والديار، تحقيق حجازي، ط ـ القاهرة ١٣٨٧هـ/١٩٦٨م.

ابن واصل، جمال الدين محمد بن سالم بن واصل (ت ٦٩٧هـ/١٢٩٧م).

٦٣- مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، (ج- ١ ـ ٣)، تحقيق د. جمال الدين الشيال، القاهرة، ١٩٥٣، ١٩٥٧، ١٩٦٠. و (ج- ٤) تحقيق د. حسنين ربيع، مطبعة دار الكتب المصرية ١٩٧٢.

ابن الوردي، زين الدين عمر بن الوردي (٧٤٩هـ/١٣٤٨م).

٦٤- تأريخ ابن الوردي، ذيل المختصر في أخبار البشر (المطبعة الحيدرية، النجف ١٩٦٩) دوو

جزمه.

أبو شامة، أبو محمد شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل المقدسي (ت ٦٦٢هـ/١٢٦٦م).

٦٥- الروضتين في أخبار الدولتين (مطبعة وادي النيل ١٢٨٧ ـ ١٢٨٨هـ) دوو جزمه.

٦٦- الذيل على الروضتين، تراجم رجال القرنين السادس والسابع باعتناء محمد زاهد الكوثري (ط القاهرة ١٣٦٦هـ/١٩٤٧م).

أبو الفداء، عمادالدين اسماعيل بن محمد بن عمر (ت ٧٣٢ هـ/١٣٣٢م).

٦٧- تقويم البلدان، دار الطباعة السلطانية، باريس ١٨٤٠م.

٦٨- المختصر في اخبار البشر (المطبعة الحسينية المصرية، القاهرة، ١٣٢٥)، ٣ جزمه.

٦٩- رسالة الطيف، ط ـ المؤسسة العامة للصحافة والطباعة، دار الجمهورية ـ بغداد ١٣٨٨هـ/١٩٦٨م. الأربلي، عبدالرحمن سنبط ابن قنيتو.

٧٠- خلاصة الذهب المسبوك، ط ـ بغداد، (بەروارى چاپكردنى لەسەر نەنووسراوە).

الأزرقي، أبو الوليد محمد بن عبدالله بن احمد (ت ٢٢٠هـ/٨٣٤م).

٧١- كتاب أخبار مكة، مطابع دار الثقافة، بيروت، ١٩٦٥.

الأسنوي، ابو محمد جمال الدين بن الحسن بن علي بن عمر الاموي القرشي (ت ٧٧٢هـ/١٣٧١م).

٧٢- طبقات الشافعية، تحقيق عبدالله الجبورى (ط ـ١- مطبعة الارشاد، بغداد، ١٣٩٠ ـ ١٣٩١هـ/١٩٧٠ ـ ١٩٧١م) دوو جزمة.

الاصطخري، ابو اسحق ابراهيم بن محمد الفارسي (ت بعد ٣٤٠هـ/٩٥١م).

٧٣- المسالك والممالك، تحقيق د. محمد جابر عبدالعال الحسيني، دار القلم، القاهرة (١٣٨١هـ/١٩٦١م).

الاصفهاني، عمادالدين الكاتب الاصفهاني (ت ٥٩٧هـ/١٢٠٠م).

٧٤- الفتح القسى في الفتح القدسي (ط ليدن ١٨٨٧)

نفس الكتاب، تحقيق محمد محمود صبح (ط الدار القومية للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٥).

٧٥- خريدة القصر وجريدة العصر (القسم العراقي، الجزء الثاني)، تحقيق محمد بهجة الأثري، مطبعة المجمع العلمي العراقي ١٩٦٤.

الأنصاري، أبو عبدالله شمس الدين محمد الأنصاري الدمشقي (ت ٧٣٧هـ/١٣٣٧م)

٧٦- نخبة الدهر في عجائب البر والبحر (ط ـ الأكاديمية الأمبراطورية الروسية، بطرسبورغ

١٢٨١هـ/١٨٦٥م).

الأيوبي، محمد بن تقي الدين عمر بن شاهنشاه (ت ٦١٧هـ/١٢٢٠م).

٧٧- مضمار الحقائق وسر الخلائق، تحقيق د. حسن حبشي، (طبع عالم الكتب ـ القاهرة ١٩٦٨).

الباكوي، عبدالرشيد صالح بن نورى (كتێبەکەی لە نێوان ساڵی ٨٠٦ ـ ٨١٦ك)دا داناوە.

٧٨- تلخيص الآثار وعجائب الملك القهار (مطبعة دار النشر/العلم ـ موسكو ١٩٧١).

البنداري، قوام الدين الفتح بن علي البنداري (ت ٦٤٢هـ/١٢٤٣م).

٧٩- سنا البرق الشامي، اختصار الكتاب (البرق الشامي)، عمادالدين الاصفهاني، تحقيق رمضان ششن (ط ـ دار الكتاب الجديد، بيروت ١٩٧١، ق ١.

٨٠- تأريخ دولة آل سلجوق، طبع شركة طبع الكتب العربية، مطبعة الموسوعات ١٩٠٠م.

الجزري، أبو الخير شمس الدين محمد بن محمد (ت ٨٣٣هـ/١٤٢٣م).

٨١- غاية النهاية في طبقات القراء، نشر بعناية (ج. برجستراسر) ط ١، مكتبة الخانجي، مصر ١٩٣٢. (دوو جزمه).

الحاجري، حسام الدين عيسى بن سنجر بن بهرام الاربلي (ت ٦٣٢هـ/١٢٣٥م).

٨٢- ديوان الحاجري (جێگەو بەرواری چاپکردنی لەسەر نەنووسراوە).

الحسينى، ابو الحسن صدرالدين علي أبو الفوارس ناصرالدين بن علي (لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە).

٨٣- اخبار الدولة السلجوقية، ط ـ نشريات كلية بنجاب، لاهور ١٩٣٣ (بە سەرپەرشتیی محمد اقبال).

الحموي، أبو عبدالله شهاب الدين ياقوت بن عبدالله الحموي الرومي (ت ٦٢٦هـ/١٢٢٩م).

٨٤- ارشاد الأريب الى معرفة الأديب ((معجم الادباء)) طبعة مرغليوث، (چاپخانەیەکی هندییە لە (الموسكى)، مصر ١٩٢٣ ـ ١٩٣٠، ٧ جزمه.

٨٥- معجم البلدان (دار صادر بيروت ١٩٥٥ ـ ١٩٥٧) ٥ جزمه.

الحموي، ابو الفضائل محمد بن علي (ت ٦٤٤هـ/١٢٤٦م).

٨٦- التأريخ المنصوري، تلخيص الكشف والبيان في حوادث الزمان، نشر بطرس غرياز نيويج، موسكو، دار النشر للآداب الشرقية ١٩٦٠م.

الخوانساري، محمد باقر الموسوي الاصفهانى (الفه سنة ١٢٨٧هـ/١٨٧٠م).

٨٧- روضات الجنات، طبع طهران حجري، ط ١٣٦٧هـ

الدواداري، أبو بكر بن عبدالله بن أيبك (ت بعد ٧٣٦هـ/١٣٣٥م).

٨٨- كنز الدرر وجامع الغرر، الدرة المضية في اخبار الدولة الفاطمية، تحقيق د. صلاح الدين المنجد، مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة ١٣٨٠هـ/١٩٦١م.

الدياربكري، حسين بن محمد بن الحسن (ت ٩٩٠هـ/١٥٨٢م).

٨٩- تأريخ الخميس في احوال أنفس نفيس، المطبعة الوهبية، القاهرة (١٢٨٣هـ/١٨٦٦م).

الذهبي، ابو عبدالله شمس الدين محمد بن احمد الدمشقي (ت ٧٤٨هـ/١٣٤٧م).

٩٠- دول الاسلام (مطبعة دار المعارف العثمانية، حيدر آباد، الدكن ١٣٦٥هـ) دوو جزمه.

٩١- العبر في خبر من عبر، تحقيق د. صلاح الدين المنجد، فؤاد سيد (مطبعة حكومة الكويت، الكويت ١٩٦٠ _ ١٩٦٦) ٥ جزمه.

٩٢- المختصر المحتاج اليه من تأريخ الحافظ ابي عبدالله محمد بن سعيد بن محمد بن الدبيثي، تحقيق د. مصطفى جواد (مطبعة المعارف، بغداد ١٣٧١هـ/١٩٥١م) دوو جزمه.

٩٣- تذكر الحفاظ (دار احياء التراث العربي، بيروت ١٩٥٨) چوار جزمه.

الراوندي، محمد بن علي بن سليمان الراوندي (ت ٦٠٣هـ/١٣٠٧م).

٩٤- راحة الصدور وآية السرور في تاريخ الدولة السلجوقية، ترجمة ابراهيم أمين الشواربي وجماعته، نشر دار القلم، القاهرة، ١٣٧٩هـ/١٩٦٠م.

الزبيدي، أبو الفيض محب الدين محمد مرتضى الحسيني الواسطي (ت ١٢٠٦هـ/١٧٩١م).

٩٥- تأريخ العروس من جواهر القاموس، ط (١) (المطبعة الخيرية ١٣٠٦هـ، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت) ده جزمه.

سبط ابن الجوزي، أبو المظفر شمس الدين قزاوغلي التركي (ت ٦٥٤هـ/١٢٥٦م).

٩٦- مرآة الزمان في تأريخ الأعيان (مطبعة مجلس دار المعارف العثمانية، حيدر آباد، الهند، ١٩٥١، ١٩٥٢) به هەردوو بەشەكەی (٨) جزمه.

السبكي، أبو نصر تاج الدين عبدالوهاب ابن تقي الدين (ت ٧٧١هـ/١٣٧٠م).

٩٧- طبقات الشافعية الكبرى، ط ١ (الحسينية، القاهرة، ١٣٢٤) ٦ جزمه.

نفس الكتاب، تحقيق محمود محمد الطناحي وعبدالفتاح محمد الحلو، طبع مطبعة عيسى البابي الحلبي (١٣٨٣ _ ١٣٩٠هـ/١٩٦٤ _ ١٩٧٠م) ٨ جزمه.

السخاوی، شمس الدين محمد بن عبدالرحمن (ت ٩٠٢هـ/١٤٩٦م).

٩٨- الاعلان بالتوبيخ لمن ذم التأريخ، مطبعة الترقي ١٣٤٩هـ/١٩٣٠م.

السمعاني، أبو سعد عبدالكريم بن محمد بن منصور التميمي (ت ٥٦٢هـ/١١٦٦م).

٩٩- الانساب، ط ١، مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية، حيدر آباد، الدكن، الهند ١٩٦٢.

السيوطي، جلال الدين عبدالرحمن بن أبي بكر (ت ٩١١هـ/١٥٠٥م).

١٠٠- بغية الوعاة في طبقات اللغويين والنحاة، تحقيق محمد أبو الفضل ابراهيم، (مطبعة عيس البابي الحلبي، ١٩٦٤ _ ١٩٦٥) دوو جزمە.

١٠١- تأريخ الخلفاء، تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد، مطبعة القاهرة ١٩٦٤.

١٠٢- حسن المحاضرة في تأريخ مصر والقاهرة، تحقيق محمد أبو الفضل ابراهيم، ط ١ (دار احياء الكتب العربية، ١٣٨٧هـ/١٩٦٧، ١٩٦٨م) دوو جزمە.

الصفدي، صلاح الدين خليل بن أيبك (ت ٧٦٤هـ/١٣٦٣م).

١٠٣- الوافي بالوفيات، (چوار جزمەکەی یەکەمی، ط ٢، سالی ١٩٦١ هلموت ريتر، سەرپەرشتیانی کردووە. بەڵام جزمەکانی تری، ١٩٧٠ م، لە لایەن _ س. ديدرنغ، احسان عباس ١٩٦٩م، محمد يوسف نجم ١٩٧١م سەرپەرشتی کراوە. ط _ دار النشر فرانز شتاينر، فيسبادن، المانيا) هەشت جزمە.

طاش كبرى زاده، احمد بن مصطفى (ت ٩٦٨هـ/١٥٦١م).

١٠٤- مفتاح السعادة ومصباح السيادة، نشر دار الكتب الحديثة، مطبعة الاستقلال الكبرى، القاهرة، ١٩٦٨م.

عبدالحق، صفي الدين عبدالمؤمن بن عبدالحق (ت ٧٣٩هـ/١٣٣٨م).

١٠٥- مراصد الاطلاع (ط: ت. ك. ج. جوينسبول، ليدن، ١٨٥٢م) ٣ جزمە.

العسقلاني، شهاب الدين احمد بن حجر (ت ٨٥٢ هـ/١٤٤٨م).

١٠٦- الدر الكامنة في أعيان المائة الثامنة، ط ٢، طبعة دار الكتب الحديثة، القاهرة، ١٩٦٢.

العمري، محمد امين بن خيرالله الخطيب العمري (ت ١٢٠٣هـ/١٧٨٨م).

١٠٧- منهل الأولياء ومشرب الاصفياء من سادات الموصل الحدباء، تحقيق سعيد الديوەجي، (مطبعة الجمهورية، الموصل، ١٣٨٦هـ/١٩٦٧ _ ١٩٦٨م) دوو جزمە.

العمري، ياسين بن خير الله.

١٠٨- منية الأدباء في تأريخ الموصل الحدباء، تحقيق سعيد الديوەجي، مطبعة الهدف، الموصل ١٩٥٥.

١٠٩- غاية المرام في تأريخ محاسن بغداد دار السلام، طبعة دار منشورات البصري، بغداد ١٩٦٨.

القزي، كامل بن حسين بن محمد البالي.

١١٠- نهر الذهب في تأريخ حلب، المطبعة المارونية، حلب، ١٣٤٢هـ/١٩٢٣م.

الفاسي المكي، ابو الطيب تقي الدين محمد بن احمد بن علي الحسني (ت ٨٣٢هـ/١٤٢٨م).

١١١- شفاء الغرام بأخبار البلد الحرام، تحقيق وتعليق لجنة من كبار العلماء والادباء، ط مكتبة النهضة الحديثة، مكة ١٩٥٦.

١١٢- العقد الثمين في تأريخ البلد الامين، تحقيق فؤاد سيد وآخرون (مطبعة السنة المحمدية، القاهرة، ١٩٥٩ _ ١٩٦٩) ٨ جزمە.

فضل الله الهمداني، رشيدالدين فضل الله الهمداني (ت ٧١٨هـ/١٣١٨م)

١١٣- جامع التواريخ، تأريخ المغول الايلخانيين، ترجمة محمد صادق نشأة وجماعته، (ط _ دار حياء الكتب العربية ١٩٦٠) دوو جزمە.

قدامة بن جعفر، أبو الفرج الكاتب البغدادي (ت ٣٢٠هـ/٩٣٢م).

١١٤- نبذ من كتاب الخراج وصنعة الكتابة، ط بريل ١٨٨٩م.

القرشي، أبو محمد محي الدين عبدالقادر بن ابي الوفاء محمد الحنفي المصري (ت ٧٧٥هـ/ ١٣٧٣م)

١١٥- الجواهر المضيئة في طبقات الحنفية، ط ١ (مطبعة مجلس دائرة المعارف النظامية، حيدر آباد، الدكن، الهند ١٣٣٢هـ/١٩١٤م) دوو جزمە.

القزويني، زكريا بن محمد بن محمود (ت ٦٨٢هـ/١٢٨٣م).

١١٦- آثار البلاد وأخبار العباد، دار صادر، دار بيروت ١٩٦٠م.

القفطي، ابو الحسن جمال الدين علي بن يوسف (ت ٦٤٦هـ/١٢٤٨م).

١١٧- أنباء الرواة على أنباء النحاة، تحقيق محمد ابو الفضل ابراهيم، مطبعة دار الكتب المصرية، القاهرة (١٩٥٠ _ ١٩٥٥) ٣ جزمە.

القلقشندي، ابو العباس احمد بن علي (ت ٨٢١هـ/١٤١٨م).

١١٨- صبح الأعشى في صناعة الانشا (المطبعة الاميرية ١٩١٣ _ ١٩١٧م) ١٥ جزمە.

الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب البصري البغدادي (ت ٤٥٠ هـ/١٠٥٨م)

١١٩- الاحكام السلطانية والولايات الدينية، شركة ومطبعة مصطفى البابي القاهرة، ١٩٦٠.

المقدسي البشارى، شمس الدين أبو عبدالله محمد (ت ٣٨٧هـ/٩٩٧م)

١٢٠- احسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، ط ليدن ١٩٠٦.

القزويني، ابو العباس تقي الدين احمد بن علي (ت ٨٤٥هـ/١٤٤٢م).

١٢١- السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق د. مصطفى زيادة (مطبعة دار الكتب المصرية ١٩٣٤م) ٤ جزمە.

١٢٢- شذور العقود في ذكر النقود، تحقيق محمد السيد علي بحر العلوم، المطبعة الحيدرية،

النجف ١٩٦٧م.

١٢٣- المواعظ والأعتبار بذكر الخطط والآثار، مطبعة بولاق ١٧٩٤ مكتبة المثنى، بغداد، بالاوفسيت.

المنذري، ابو محمد زكي الدين عبدالعظيم بن عبدالقوي (ت ٦٥٦هـ/١٢٥٨م).

١٢٤- التكملة لوفيات النقلة، دراسة وتحقيق بشار عواد معروف، مطبعة الآداب، النجف (چوار جزمەکەی یەکەمی چاپ کراوە).

النسوي، محمد بن احمد (ت ٦٣٩هـ/١٢٤١م).

١٢٥- سيرة السلطان جلال الدين منكبرتي، تحقيق حافظ احمد حمدي، مطبعة الاعتماد، دار الفكر العربي، القاهرة ١٩٥٣.

النعيمي، عبدالقادر محمد الدمشقي (ت ٩٢٧هـ/١٥٢١م).

١٢٦- الدارس في تأريخ المدارس، تحقيق جعفر الحسني (مطبعة الترقي، دمشق، ١٩٤٨) دوو جزمە.

النويري، شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب (ت ٧٣٣هـ/١٣٣٢م)

١٢٧- نهاية الأرب في فنون الأدب (نوسخەیەکە، لەوەی ـ دار الكتب القاهرة ـ وە وێنە گیراوە، ١٩٥٤) ١٨ جزمە.

اليافعي، ابو محمد عبدالله بن اسعد بن علي اليمني المكي (ت ٧٦٨هـ/١٣٦٦م)

١٢٨- مرآة الجنان وعبرة اليقظان، ط ٢ (منشورات مؤسسة الأعلمي للمطبوعات ١٩٧٠م) ٤ جزمە.

اليمني الأنصاري، احمد بن محمد بن علي (نەزانراوە کەی مردووە).

١٢٩- حديقة الأفراح لأزاحة الاتراح، طبع المطبعة الميمنية، مصر ١٣٢٠هـ/١٩٠٢م.

اليونيني، ابو الفتح قطب الدين موسى بن محمد البعلبكي (ت ٧٢٦هـ/١٣٢٦م)

١٣٠- ذيل مرآة الزمان، (ط حيدر آباد، الدكن ١٣٧٤هـ/١٩٥٤م) ٤ جزمە.

چوارەم: سەرچاوە تازەکان:

ادی شیر، سەرۆکی قەشە کلدانییەکانی سەعرت

١٣١- الالفاظ الفارسية المعربة، المطبعة الكاثوليكية، بيروت ١٩٠٨ أمين، د. حسين أمين.

١٣٢- تأريخ العراق في العصر السلجوقي، مطبعة الأرشاد، بغداد ١٩٦٥ بابو أسحق، روفائيل.

١٣٣- تأريخ نصارى العراق، مطبعة المنصور، بغداد ١٩٤٨.

بارتولد، فازيلي

١٣٤- تأريخ الترك في آسيا الصغرى، ترجمة احمد السعيد سليمان، القاهرة، ١٩٥٨. الباشا، د. حسن

الباشا

١٣٥- الألقاب الاسلامية في التأريخ والوثائق والآثار (مطبعة لجنة البيان العربي، القاهرة، ١٩٥٧)

١٣٦- الألقاب الاسلامية والوظائف على الآثار العربية (مطبعة لجنة البيان العربي، القاهرة، ١٩٦٥ ـ ١٩٦٦) ٣ جزمه.

باقر، طه باقر وفؤاد سفر

١٣٧- المرشد الى مواطن الآثار والحضارة، وزارة الثقافة والارشاد، بغداد ١٩٦٦م.

بدر، د. مصطفى طه.

١٣٨- محنة الاسلام الكبرى، زوال الخلافة العباسية من بغداد، ط القاهرة ١٩٤٧م.

براون، أدوارد جرانفيل

١٣٩- تأريخ الأدب في ايران من الفردوسي الى الشيرازي، ترجمة ابراهيم أمين الشواربي، ط مصر ١٩٥٤م.

البغدادى، اسماعيل

١٤٠- هدية العارفين، ط ٣، طهران ١٣٨٧هـ/١٩٦٧م

بكنغهام، جيّمس

١٤١- رحلتي الى العراق، ترجمة سليم طه التكريتي، مطبعة أسعد، بغداد ١٩٦٨م.

بيومي، علي.

١٤٢- قيام الدولة الأيوبية في مصر، ط دار الفكر الحديث، القاهرة ١٩٥٢م.

جب، السير، هاملتون، آر.

١٤٣- صلاح الدين الأيوبي، دراسات في التأريخ الاسلامي، ترجمة يوسف أيبش، ط، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت ١٩٧٣م.

الجميلي، رشيد.

١٤٤- دولة الأتابكة في الموصل بعد عمادالدين زنگى (٥٤١ ـ ٦٣١هـ)، ط، دار النهضة، بيروت ١٩٧٠.

جواد، د. مصطفى.

١٤٥- شخصيات القدر، مكتبة النهضة، مؤسسة فرانكلين، بغداد ١٩٦٣م.

نفس المؤلف مع د. احمد سوسة.

١٤٦- دليل خارطة بغداد، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد ١٩٥٨.

حاجي خليفة، كاتب جلبي (١٠٦٧هـ/١٦٥٧م)

١٤٧- كشف الظنون في أسامي الكتب والفنون، ط ٣ طهران ١٣٨٧هـ/١٩٦٧م.
حسن د. حسن ابراهيم.
١٤٨- تأريخ الاسلام السياسي والديني والثقافي والاجتماعي (مطبعة السنة المحمدية، القاهرة، ١٩٦٧م) ٤ جزمه.
حسين. د. عبدالنعيم محمد.
١٤٩- سلاجقة ايران والعراق، ط ٢ مطبعة السعادة، القاهرة ١٩٧٠.
الحسني، عبدالرزاق.
١٥٠- العراق قديماً وحديثاً، مطبعة دار الكتاب، بيروت ١٩٧١.
الحسيني، د. محمد باقر.
١٥١- العملة الاسلامية في العهد الاتابكى، مطبعة دار الجاحظ، بغداد ١٩٦٦م.
الحصان، عبدالرزاق.
١٥٢- نظرة عابرة في شمال العراق، مطبعة التفيض، بغداد، ١٩٤٠م.
حمادة، ابراهيم.
١٥٣- خيال الظل وتمثيليات ابن دانيال، المؤسسة المصرية للطباعة ١٩٦١م.
خباز، حنا
١٥٤- المعارك الفاصلة في التأريخ، دار الكاتب العربي، بيروت.
خصباك. د. جعفر حسين.
١٥٥- العراق في عهد المغول الايلخانيين ٦٥٦ _ ٧٣٦هـ/١٢٥٨ _ ١٣٣٥م، مطبعة العاني _ بغداد ١٩٦٨.
خليل، د. عمادالدين.
١٥٦- عمادالدين زنگی، الدار العلمية، بيروت ١٩٧١م.
خليفة، حسن.
١٥٧- الدولة العباسية، قيامها وسقوطها، المطبعة الحديثة، القاهرة، ١٩٣١م.
الدفتر، محمد هادي الدفتر، عبدالله حسن
١٥٨- العراق الشمالي، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٥٥م.
الديوەجي، سعيد.
١٥٩- الموصل في العهد الأتابگی، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٥٨م.
رنسيمان، ستيفن.
١٦٠- تأريخ الحروب الصليبية، ترجمة د. السيد الباز العريني (ط دار الثقافة، بيروت ١٩٦٨) ٣

جزمه.
روزنتال، فرانز.
١٦١- علم التأريخ عند المسلمين، ترجمة د. صالح احمد العلي، ط مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، بغداد، ١٩٦٣.
الرويشدي، سوادى عبد محمد.
١٦٢- امارة الموصل في عهد بدرالدين لؤلؤ ٦٠٦ _ ٦٦٠هـ/١٢٠٩ — ١٢٦١م، مطبعة الارشاد، بغداد ١٩٧١م.
ريج، كلوديوس جيمس.
١٦٣- رحلة ريج في العراق عام ١٨٢٠، ترجمة بهاءالدين نوري، مطبعة السكك الحديدية، بغداد، ١٩٥١.
زامباور، ادوارفون.
١٦٤- معجم الانساب والاسرات الحاكمة في التأريخ الاسلامي، ترجمة د. زكي محمد حسن، حسن احمد، مطبعة جامعة فؤاد الاول، ١٩٥١م.
١٦٥- دائرة المعارف الاسلامية، مادة (الدينار) ط القاهرة ١٩٣٣.
الزركلي، خيرالدين.
١٦٦- الاعلام، قاموس تراجم (ط ٢) ١٠ جزمه.
زكي، محمد امين.
١٦٧- خلاصة تأريخ الكورد و كوردستان، ترجمة محمد علي عوني، ط ٢، مطبعة صلاح الدين، بغداد _ ١٩٦١م.
زيدان، جرجي.
١٦٨- تأريخ آداب اللغة العربية (مطبعة دار الهلال) ٤ جزمه.
السامرائي، د. حسام الدين قوام.
١٦٩- المؤسسات الادارية في الدولة العباسية، مكتبة دار الفتح، دمشق، ١٩٧١م.
سترك، م.
١٧٠- دائرة المعارف الاسلامية، مادة أربل، ط القاهرة ١٩٣٣.
سعداوى، د. نظير حسان.
١٧١- التأريخ الحربي المصري في عهد صلاح الدين، مطبعة لجان البيت العربي، ١٩٥٧م.
سوبرنهيم.

١٧٢- دائرة المعارف الاسلامية، مادة (اقطاع) ط القاهرة ١٩٣٣.
سيد، فؤاد.
١٧٣- فهرست المخطوطات، مطبعة دار الكتب المصرية، القاهرة.
الشبيبى، محمد رضا.
١٧٤- مؤرخ العراق ابن الفوطي، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد، ١٢٧٨ ـ ١٩٥٨.
الشريف، د. حسن احمد محمود، احمد ابراهيم الشريف.
١٧٥- العالم الاسلامي في العصر العباسي، مطبعة المدني، القاهرة، ١٩٦٦.
شلبي، د. احمد
١٧٦- تأريخ التربية الاسلامية ط ٢، مكتبة الانكلو ـ المصرية، ١٩٦٠.
الصائغ، القس سليمان الصائغ الموصلي.
١٧٧- تأريخ الموصل، المطبعة السلفية، القاهرة ١٣٤٢هـ/١٩٢٣م.
طرخان، د. ابراهيم علي.
١٧٨- النظم الاقطاعية في الشرق الاوسط في العصور الوسطى، دار الكاتب العربي، القاهرة، ١٣٨٨هـ/١٩٦٨م.
اطلس، د. محمد اسعد
١٧٩- التربية والتعليم في الاسلام، دار العلم للملايين ١٩٥٧.
الطليات، د. عبدالقادر احمد
١٨٠- مظفرالدين گوگبورى، امير أربل، سلسلة اعلام العرب، القاهرة ١٩٦٣.
طوقان، قدري حافظ
١٨١- تراث العرب العلمي في الرياضيات والفلك، مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة ١٩٦٤.
العبادى، احمد مختار
١٨٢- قيام دولة المماليك الأولى في مصر والشام، ط دار النهضة العربية، بيروت ١٩٦٩.
العريني، د. السيد الباز
١٨٣- الشرق الادنى في العصور الوسطى، الأيوبيون، دار النهضة العربية، بيروت ١٩٦٧.
١٨٤- المغول، دار النهضة، بيروت ١٩٦٧.

١٨٦- تـأريخ العـراق بـين احـتلالين، طبـع بغـداد، عـدة مطـابع، ١٣٥٣ _ ١٣٧٦هـ/١٩٣٥ _ ١٩٦٥م، ٨ جزمه (ج ١ حكومة المغول، مطبعة بغداد).

١٨٧- تأريخ النقود العراقية، ط شركة التجارة والطباعة، بغداد ١٩٥٨.

١٨٨- التعريف بالمؤرخين في عهد المغول والتركمان، ط شركة التجارة والطباعة، بغداد ١٩٥٧.

عطية الله، احمد

١٨٩- القاموس الاسلامي، (٣ جزمه) ط ١٩٦٣، ١٩٦٦، ١٩٧٠، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

عطية، رشيد

١٩٠- معجم عطية، ط سان باولو (البرازيل) ١٩٤٤.

فهمي، د. عبدالرحمن.

١٩١- فجر السكة العربية، مطبعة دار الكتب المصرية ١٩٦٥.

القزاز، د. محمد صالح داوود.

١٩٢- الحياة السياسية في العراق في العصر العباسي الاخير، مطبعة القضاء، النجف ١٩٧١.

١٩٣- الحياة السياسية في العراق في عهد السيطرة المغولية، مطبعة القضاء، النجف ١٩٧٠.

كاهين، كلود.

١٩٤- دائرة المعارف الاسلامية، مـادة أتابـك، ترجمـة ابـراهيم زكـي خورشـيد، ط ٢، مطبعـة دار الشعب، القاهرة، ١٩٦٩ مجلد ٢

كرد علي، محمد

١٩٥- الاسلام والحضارة، مطبعة لجنة التأليف والترجمة، القاهرة ١٩٥٠/ دوو جزمه.

١٩٦- خطط الشام، عدة مطابع، دمشق ١٩٢٥ _ ١٩٢٨/ ٦ جزمه.

لسترنج، كي.

١٩٧- بلدان الخلافة الشرقية، ترجمة بشير فرنسيس وكوركيس عـواد، مطبعـة الرابطـة، بغـداد ١٩٥٤.

متز، آدم

١٩٨- الحضارة الأسلامية في القرن الرابـع الهجـري، ترجمـة محمـد عبـدالهادي أبـو ريـدة، مطبعـة لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة ١٩٤٨/ دوو جزمه.

معروف، د. ناجي.

١٩٩- علماء النظاميات ومدارس المشرق الاسلامي، مطبعة الارشاد، بغداد ١٣٩٣هـ/١٩٧٣م.

٢٠٠- تأريخ علماء المستنصرية.

نصري، بطرس نصري الكلداني.

٢٠١- ذخيرة الأذهان، مطبعة دير الدومنكيين، الموصل ١٩٠٥ ـ ١٩١٣/ دوو جزمه.

النقشبندي، ناصر السيد محمود

٢٠٢- الدينار الاسلامي في المتحف العراقي، مطبعة الرابطة، بغداد، ١٣٧٢هـ/١٩٥٣م.

نيبور، كارستن

٢٠٣- رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن عشر، ترجمه عن الالمانية، د. محمود حسين الامين ط بغداد ـ ١٩٦٥.

الهلالي، عبدالرزاق.

٢٠٤- معجم العراق، مطبعة النجاح، بغداد، ١٩٥٣.

هنداوي، محمد موسى

٢٠٥- المعجم في اللغة الفارسية، مكتبة مطبعة مصر ١٩٥٢.

هوارت

٢٠٦- دائرة المعارف الأسلامية (مادة الاسماعيلية)، ط القاهرة ١٩٣٣.

هي، دبليو. آر.

٢٠٧- سنتان في كوردستان ١٩١٨ ـ ١٩٢٠، ترجمة فؤاد جميل، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣.

پێنجەم: کتێبگەلی فارسی و تورکی:

اشتياني، عباس اقبال.

٢٠٨- تأريخ مفصل ايران «مغول» از حملة جنگيز تا تشكيل دولت، تيموري، چاپی سوم (٣) تهران ١٣٤٧هـ/١٩٢٨م جلد اول.

٢٠٩- وزارت در عهد سلاطين بزرگ سلجوقي، بكوشش محمد تقي دانش پژوه ويحيى ذكاء، انتشارات دانشگاه تهران — تهران ١٣٣٨هـ/١٩١٩م.

آيتى، عبدالمحمد

٢١٠- تحرير، تأريخ وصاف، انتشارات بنياد فرسنگ ايران.

التبريزي، محمد حسين ابن خلف التبريزى

٢١١- برهان قاطع (قاموسێكى فارسييه) بتصحيح واهتمام محمد عباسى، طبعة مؤسسة مطبوعاتى امير كبير، سنه ١٣٣٦هـ.

جويني، علاءالدين عطا ملك ابن الصاحب بهاءالدين محمد (ت ٦٨١هـ/١٢٨٢م)

٢١٢- تأريخ جهانكشاى (الفه سنة ٦٥٨هـ) تصحيح محمد بن عبدالوهاب قزويني، مطبعة بريل، ليدن في ١٩١١، ١٩١٦، ١٩١٧ (٣ جزمه).

خواند امير، غياث الدين بن همام الدين الحسيني (ت ٩٤٢هـ/١٥٣٥م)

٢١٣- تأريخ حبيب السير في اخبار افراد وبشر، از انتشارات كتابخانه خيام، خيابان ناصر خسرو ١٣٣٣.

سايكس، الجنرال برسى.

٢١٤- تأريخ ايران (سيد محمد تقى فخرداعى گيلانى، لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە فارسی) شركة سهامي، چاپ انتشارات ايران.

مستوفى، قزوينى، حمدالله بن أبى بكر بن احمد بن نصر (ت ٧٥٠هـ/١٣٤٩م)

٢١٥- تأريخ گزيده، باهتمام دكتر عبدالحسين نوائي، مؤسسة چاپ انتشارات امير كبير، ط ١٣٣٩هـ/ ١٩٢٠م.

٢١٦- نزهة القلوب، تحقيق كي لسترانج، طبعة ليدن، هولندا، ١٣٣١هـ/١٩١٣م مشكوتى، نصرت الله.

٢١٧- از سلاجقه تا صفويه، مطبعة بانك بازرگانى، تهران ١٣٤٣هـ/١٩٢٤م.

مير خواند، محمد حميد الدين بن سيد برهان الدين (ت ٩٠٣هـ/١٤٩٨م)

٢١٨- تأريخ روضة الصفا، ط انتشارات مركزي خيام، بيروز، تهران ١٣٣٩هـ.

الهمداني، رشيدالدين فضل الله (ت ٧١٨هـ/١٣١٨م).

٢١٩- جامع التواريخ، بكوشش دكتر بهمن كريمى، شركت نسبى حاج محمد حسين اقبال وشركاه، (تهران ١٣٣٨هـ/١٩١٩م) دوو جزمه.

دياربەکرلی، سعيد پاشا.

٢٢٠- مرآة العبر، قرەبت وقصباد مطبع‌ەسى، باب عالى جادەسى، استانبول ١٣٠٥هـ (کتێبی دووەم جلدی ٨، ٩)

دوهسون، مورازا

٢٢١- موغول تاريخي، ترجمة مصطفى رحمى، عامره مطبع‌ەسى، استانبول ١٣٤٠ _ ١٣٤٢هـ.

سامي، شمس الدين

٢٢٢- قاموس الاعلام، مهران مطبع‌ەسى، باب عالي جادەسندە، نومرو (٧)، استانبول ١٣٠٦ — ١٣١٤ (٦ جلده).

٢٢٣- قاموس تركي، اقدام مطبع‌ەسى، باب عالي جادەسندە، استانبول ١٣١٧هـ.

ضياء، احمد

٢٢٤- مسكوكات اسلامية تقويمى، استانبول ١٣٢٨هـ.

غالب، اسماعيل.

٢٢٥- مسكوكات تركمانية قتالوغى، مهران مطبع‌ـ‌حسى، باب عالي جادهسنده، نومرو (٧)، استانبول ١٣١١هـ.

شەشەم: کتێبگەلی بیانی:

٢٢٦- Bar Habraeus Gregory Abul Faraj the son of Aaron, the Habrew physician Commonly know as Bar Hebreus

٢٢٧- The chronography of Gregory Abdul Faraj. Translated from the syriac by Ernest A Wallis Budge. Oxpord University press, London, ١٩٣٢. ٢ Volume.
Edhem I Ghalip

٢٢٨- Catalogue des Monnaies Turcomanes du Musee imperial ottoman. Arnaldo Forni Editore, Bologna (italg)

٢٢٩- The Encyclopedia of islam, New Edition, tome i.
Leyden. Paris, ١٩٦٠.

٢٣٠- The Encyclopedia of islam, New Edition, Volume ١١١, Leyden – London ١٩٧١.
Howorth, Henery H.

٢٣١- History of the Mongols, Printed in New york, ١٨٧١, ٢ – Volumes.

٢٣٢- Juvaini, Ala – ad – din Ata Malik

٢٣٣- The Histary of the world conqueror, translated by John Andrew Boyle Manchester University Press ١٩٥٨ ٢ Volumes.

٢٣٤- Lane – Poole Stanley.

٢٣٥- Catalogue of oriental Coins Bologna ١٩٦٧

٢٣٦- The Coins of the Turkman House in the British Museum, First reprinting, London ١٨٧٧, ٢ Volumes.

٢٣٧- The Mohammadan Dynasties, Paris ١٩٢٥.

٢٣٨- Saladin and the fall of kingdom of Jerusalem, London ١٩١٤.
Rosebauit, Charles J.

٢٣٩- Saladin: Prince of chivalry. First Published, London ١٩٣٠
Segal, J. B.

٢٤٠- Edessa the Bless City, Oxford University Press ١٩٧٠.
Setton. K. M.

٢٤١- A History of the Crusades, second Edition Copyright, Wisconsin ١٩٦٩, ٢ Volumes.

حەوتەم: لێکۆڵینەوە و، وتار:

٢٤٢- مجلة سومر، مجلد ٢ ج- ١ لسنة ١٩٤٦، د. داود الجلبي، مقال (الملك بدرالدين لؤلؤ والآثار القديمة في الموصل).

٢٤٣- مجلة سومر، مجلد ٨، ج- ٢ لسنة ١٩٥٢، بشير فرنسيس وكوركيس عواد (اصول أسماء الامكنة العراقية).

٢٤٤- مجلة سومر، مجلد ١٦، ج- ١ + ٢ لسنة ١٩٦٠، وداد علي القزاز (المنارة المظفرية في أربيل تأريخها ووصفها).

٢٤٥- مجلة سومر، مجلد ١٨، لسنة ١٩٦٢، كامل حسين (التنقيب حول المئذنة المظفرية في اربيل).

٢٤٦- مجلة سومر، مجلد ٢١ لسنة ١٩٦٥، فؤاد جميل (اريان يدون أيام الاسكندر الكبير في العراق).

٢٤٧- مجلة سومر، مجلد ٢٥ لسنة ١٩٦٩، فؤاد جميل (حدياب.. أربيلا ـ وعشتار، اربيلا).

٢٤٨- مجلة كلية الآداب، جامعة بغداد، العدد (١) لسنة ١٩٥٩، د. عبدالعزيز الدوري (نشوء الاصناف والحرف في الاسلام).

٢٤٩- مجلة لغة العرب، مجلد ٨ لسنة ١٩٣٠، ومجلد ٩ لسنة ١٩٣١.

٢٥٠- مجلة المجمع العلمي العربي (دمشق) مجلد (٢١، ٢٢) لسنة ١٩٤٦ ـ ١٩٤٧، عباس العزاوي (آل بكتكين ـ امارة اربل في عهدهم).

٢٥١- مجلة المسكوكات (وزارة الاعلام ـ بغداد) مجلد (١) ج- (٢) لسنة ١٩٧٢، د. محمد باقر الحسيني (دليل مجموعة عبدالله شكر الصراف).

٢٥٢- مجلة (النجم) الموصلية، مجلد (٩) عدد (٩) لسنة ١٩٣٧.

٢٥٣- اعداد من جريدة الأهالي البغدادية.

٢٥٤- الدليل العراقي الرسمي ١٩٣٦.

٢٥٥- مجلة (طةلاويذ) الكوردية.

پێرست

سوپاس	٥
ئاسۆی ئەم لێکۆڵینەوە و نمایشی سەرچاوە بنەڕەتییەکانی	٦
(دەروازەی یەکەم) مێژووی سیاسی	٢١
بەشی یەکەم: ئەمارەتی "میرنشینی" هەولێری سەردەمی ئەتابەگی، لە دامەزراندنەوە تا کۆچی دوایی زین الدین یوسف یتالتگین لە ٥٨٦ھ/ ١١٩٠زی	٢١
- فەسڵی یەکەم -	٢١
یەك: لاوازبوونی دەوڵەتی سەلجووقی و پەیدابوونی ئەمارەتە ئەتابەگییەکان. مانای ئەتابەگ. ئەسڵ و رەسەنی ئەتابەگەکان.	٢١
دوو: شاری هەولێر و، سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی، لە سەدەی شەشەمی کۆچی/ سەدەی دوازدەمینی زاینیدا.	٢١
سێ: لە سەردەمی ئەتابەگیدا، داگیرکردنی هەولێر و بەستنی بەئەمارەتی موسڵەوە لە (٥٢٢ - ١١٢٨ز) یان (٥٢٦ - ١١٣١ز).	٢١
چوار: ئەتابەگ زین الدین علی کچك – دامەزرێنەری ئەمارەتی ئەتابەگایەتیی هەولێر.	٢١
فەسڵی یەکەم	٢٣
یەك:	٢٣
أ- لاوازبوونی دەوڵەتی سەلجووقی و، پەیدابوونی دەوڵەتە ئەتابەگییەکان.	٢٣
ب- مانای ئەتابەگ	٢٦
ج- ئەسڵ و رەسەنی ئەتابەگەکان	٢٨
دوو: پیرەشاری هەولێر و سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/ سەدەی یازدەمی زایینیدا.	٣١
سێ: لە سەردەمی ئەتابەگیدا داگیرکردنی هەولێر و بەستنی بە ئەمارەتی موسڵەوە (٥٢٢ك/١١٢٨ز) یان (٥٢٦ك/١١٣١ز).	٣٩
چوار: ئەتابەگ (زین الدین علی کچك کوڕی بکتگینی کوڕی محمد) دامەزرێنەری ئەمارەتی ئەتابەگایەتی هەولێر.	٤٦
أ- لەدایکبوونی (زین الدین علی کچك)	٤٧

ب- بەشداریکردنی (زین الدین علی کچك) لە دامەزراندنی ئەتابەگایەتیی موسڵدا (٥٢١ك - ١١٢٧ز)	٤٨
ج- (زین الدین علی کچك) لە سەردەمی (قطب الدین مولود)دا (٥٤٢ - ٥٦٥ك/١١٤٩ز - ١١٦٩ز)	٥١
د- پێوەندیی (زین الدین علی کچك) لەگەڵ (نورالدین محمود)ی ئەتابەگی حەڵەب (٥٤١ - ٥٦٩ك/١١٤٦ - ١١٧٣ز)	٥٥
هـ- شەخسیەتی (زین الدین علی کچك)	٥٦
و- (زین الدین علی کچك) لەموسڵ دەردەچێ بەرەو هەولێر دەچێت (٥٦٣ك/١١٦٨ز)	٦٠
فەسڵی دووەم	٦٣
یەك: بریکارەکانی زین الدین علی کچك بۆ هەڵسووڕاندنی حوکم لە هەولێر	٦٣
١- سرفتكین ابو منصور کوڕی عبدالله الزینی (٥٥٩ك/١١٦٣)	٦٥
٢- أبو منصور مجاهدالدین قایماز	٦٦
٣- مجاهدالدین قایماز دوای مردنی زین الدین علی کچك. ٦٦	٦٨
٤- دەرچوونی موزەففەرەددین گۆکبوری لە هەولێر	٧٣
دوو: میر زین الدین یوسف ینالتكین کوڕی علی کچك سەرداری هەولێر.	٧٦
- زین الدین یوسف ینالتكین بەسەر تاڵانکاراندا سەرکەوت	٨٣
- بەشداربوونی (زین الدین یوسف ینالتكین) لە شەڕەکانی خاچدروشمان لەساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز)دا	٨٨
- مردنی زین الدین یوسف ینالتكین لە ساڵی ٥٨٦ك/١١٩٠ز دا.	٨٩
بەشی دووەم / فەسڵی سێیەم: ئەمارەتی هەولێری سەردەمی (موزەففەرەددین گۆکبوری) (٥٨٦ - ٦٣٠ك/١١٩٠ - ١٢٣٣ز)	١٠٤
یەك: پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمارەتی هەولێری سەردەمی (موزەففەرەددین گۆکبوری).	١٠٦
١- پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەتابەگایەتیی موسڵ.	١٠٦
أ- لە سەردەمی (عزالدین مسعود)دا:	١٠٦
ب- پێوەندیی نێوان هەولێر و ئەتابەگایەتیی موسڵ لە سەردەمی (نورالدین ارسلان) و (عزالدین مسعود)ی کوڕیدا	١٠٩
ج- پێوەندی نێوان (موزەففەرەددین گوکبوری) و موسڵ لە سەردەمی (بدرالدین لؤلؤ)دا (٦١٥ - ٦٣٠/١٢١٨ - ١٢٣٣ز)	١١٧
د- تازەبوونەوەی ململانێ لە نێوان ئەمارەتی هەولێر و موسڵدا (٦٢١ك/١٢٢٤ز)دا:	١٣٨
دوو: پێوەندیی (موزەففەرەددین گۆکبوری) لەگەڵ ئەییوبیاندا	١٤٣

أ- پێوەندیی لەگەڵ سەلاحەددینی كوڕی ئەییوبدا:	١٤٣
ب- بەشداربوونی (موزەففەرەددین گۆكبوری) لەشەڕی خاچدروشماندا:	١٤٧
ج- پێوەندیی (موزەففەرەددین گۆكبوری لەگەڵ میراتگرانی سەلاحەددیندا	١٥٣
٣- پێوەندیی نێوان موزەففەرەددین گۆكبوری خەلافەتی عەبباسیان	١٦٧
(سەردانەكەی بەغدای ساڵی (٦٢٨ك/١٢٣٠ز)ی موزەففەرەددین گۆكبوری)	١٧٧
٤- پێوەندیی موزەففەرەددین گۆكبوری بە (جلال الدین منكبرتی)ی دوا سوڵتانی خوارێزمەوە	١٨٥
٥- پێوەندیی (موزەففەرەددین گۆكبوری) لەگەڵ میراتی دەوروبەردا	١٩٥
ا - پێوەندیی لەگەڵ (علاوالدین قراسنقر)ی سەرداری مەراغە و غەزوكردنی وڵاتی ئازەربێجان (٦٠٢ك/ ١٢٠٥ز):	١٩٥
ب- پێوەندیی موزەففەرەددین گۆكبوری لەگەڵ ئەمارەتی قەفجاقیان (القفجاقیە)	١٩٨
ج- پێوەندیی نێوان موزەففەرەددین گۆكبوری مەلیكی ئەرتەقیان (حسام الدین یوسف بن ایلغازی)ی سەرداری ماردین و مەلیكەكانی دیكەی دەوروبەر	٢٠٢
فەسڵی چوارەم: رەوشتی موزەففەرەددین گۆكبۆری و پێگەی لەمێژوودا.	٢٠٥
یەك: رەوشتی موزەففەرەددین گۆكبۆری خەسڵەتەكانی.	٢٠٥
دوو: ئاهەنگەكانی هەولێری لەدایكبوونی پێغەمبەری ئیسلام.	٢٠٥
سێ: مردن و شاردنەوەی (سپاردنی) موزەففەرەددین گۆكبوری.	٢٠٥
چوار: كۆتایی ئەتابەگایەتیی هەولێر و لكاندنی ئەمارەتەكە بە مەملەكەتی خەلیفەی عەبباسییەوە.	٢٠٥
یەك: رەوشتی موزەففەرەددین گۆكبوری، جێگە و مێژووی لەدایكبوونی.	٢٠٧
دوو: ئاهەنگەكانی هەولێری لەدایكبوونی پێغەمبەر:	٢٢٥
سێ: مردن و شاردنەوەی (سپاردنی) موزەففەرەددین گۆكبوری	٢٣٠
چوار: كۆتایی ئەتابەگایەتیی هەولێر و لكاندنی ئەمارەتەكە بە مەملەكەتی خەلیفەی عەبباسییەوە.	٢٣١
دەروازەی دووەم: مێژووی شارستانێتیی هەولێری ئەو سەردەمە	٢٤٣
فەسڵی یەكەم:	٢٤٥
یەك: پلانەكانی شاری هەولێر	٢٤٥
(قەڵای هەولێر)	٢٥٤
دوو: بینا و بارەگاكان كە موزەففەرەددین گۆكبۆری لە هەولێر	٢٥٨

دایمەزراندن.	
أ- منارەی هەولێر	٢٥٨
ب- دامودەزگای لەشساغی و کۆمەڵایەتی کە موزەففەرەددین گۆکبوری	٢٦١
لە هەولێر دایمەزراندبن	٢٦١
١- مارستان = بیمارستان، واتا (نەخۆشخانە)	٢٦٢
٢- خانەقاکان:	٢٦٢
٣- دالدەکان (الملاجیء)	٢٦٣
سێ: سەرچاوەکانی گوزەرانی ئابووریی ئەمارەتی هەولێر	٢٦٥
فەسڵی دووەم: (باری رۆشنبیری و کلتووری لە هەولێری سەردەمی ئەتابەگیدا)	٢٦٩
دامودەزگا کلتورییەکان.	٢٧٢
یەك ـ مزگەوتەکان	٢٧٢
دوو ـ قوتابخانە ـ (حوجرە)	٢٧٣
أ- قوتابخانەی (عوقەیلی)	٢٧٣
ب- قوتابخانەی قەڵا	٢٧٤
ج- قوتابخای (المجاهدیة)	٢٧٦
د- قوتابخانەی (مظفریة)	٢٧٧
سێ: خانەی حەدیس (دار الحدیث)	٢٧٩
چوار: خانەقاکان	٢٨١
• ئەو زانا گەورانەی کە هاتوونەتە هەولێر	٢٨٣
• بنەماڵە زانستدۆستە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەی هەولێر	٢٧٩
• بنەماڵە زانستدۆستە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەی هەولێر	٣٠١
یەك: بنەماڵەی (خلکان):	٣٠١
دوو: بنەماڵەی (ابن المستوفي)	٣٠٧
سێ: بنەماڵەی (ابن منعة)	٣١٥
فەسڵی سێیەم:	٣٤٥
یەك: سیستەمی هەڵسووڕاندن و دارایی و دادوەریی ئەمارەتی هەولێر	٣٤٥
أ- میری هەولێر و دەسەڵاتەکانی	٣٤٧
ب - وەزارەت	٣٤٨
ج- پەردەدارەکان (الحجابة)	٣٥٣
د- دیوانی قەڵەم (نووسین)	٣٥٥
هـ- وەزیفەی مۆرکردن (الطغراء)	٣٥٨
و- وەزیفەی کوێخایەتی	٣٦٠
ز- باجگریی (الاستیفاء)	٣٦٠

ح- دیوانی خاروبار (الأهراء)	٣٦٣
ط- دیوانی خەمڵ (قەرساندن)	٣٦٥
ی- دادوەری (قەزاوەت)	٣٦٧
ك- دیوانی پرسینەوەی شکات (النظر في المظالم)	٣٧٠
ل- سەرکاری (الحسبة)	٣٧١
دوو: أ- سیستەمی لەشکری ئەمارەتی هەولێر	٣٧٥
ب- ئاڵای ئەمارەتی هەولێر	٣٨٣
ج- دیوان و جبەخانەی چەك ٣٧٥	٣٨٥
سێ: دراو و سیستەمی دراوی ئەمارەتی هەولێر	٣٨٨
خشتەکان و پاشکۆکان	٣٩٩
خشتەکان ـ خشتەی ژمارە (١)	٤٠٠
(حوکمڕانیی ئەتابەگەکانی هەولێر (نەوەی هەولێر)	٤٠٠
خشتەی ژمارە (٢)	٤٠٢
خەلیفە عەبباسییەکانی هاوزەمەنی ئەمارەتی ئەتابەگایەتیی هەولێر	٤٠٢
خشتەی ژمارە (٣).. ئەتابەگەکانی موسڵ (٥٢١ ـ ٦٣١ك)	٤٠٣
پاشکۆ ـ ژمارە (١).. دەقی بەیاننامە	٤٠٤
پاشکۆ ـ ژمارە (٢).. بەیاننامەی هەولێر	٤٠٥
پاشکۆ ـ ژمارە (٣)... نامەی یەکەم	٤٠٧
پاشکۆ ـ ژمارە (٤)... نامەی دووەم	٤٠٩
پاشکۆ ـ ژمارە (٥)... نامەی سێیەم	٤١٤
سەرچاوە و ژێدەرەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە	٤٤١